٣٠٢
٥٠

# کوردۆلۆجی

## گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ژمارە 1 ساڵی 2008

# کوردۆلۆجی

**گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی**


**خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

**سەرنووسەر: د. رەفیق سابیر**

**هاوکارانی ئەم ژمارەیە:**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**د. دلێر ئەحمەد**

**کاوە جەلال**

**سەرپەرشتیاری زمانەوانی**

**عەبدولکەریم شێخانی**

ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٨

کۆمپیوتەر: سروە عوسمان ئەحمەد
هەڵەبڕی و وردبینی: مینە ، مژدە ئەحمەد حوسێن
دیزاین:شاروخ ئەرژەنگی
نەخشەی بەرگ: کۆمپانیای مەحوی

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

حکومەتی هەرێمی کوردستان
مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان
سلێمانی ، هەرێمی کوردستان- عێراق
گردی ئەندازیاران - گەڕەک: ١٠٥ کۆڵان: ٢٥ ژ. خانوو: ٤
بەرامبەر ئوتێل بابل
ژمارەی تەلەفون
٣١٩٣١٧٥ - ٣١٩٣٠٩٣
ئیمەیل
Kurdology2006@yahoo.com

| | | |
|---|---|---|
| • ئەم گۆڤارە | کوردۆلۆجی | ٤ |
| • لە نۆژەنەوە لە مەڕ کێشەی نیگاری هەندێ دەنگ | د. ئەورەحمانی حاجی مارف | ٦ |
| • زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و ئەلفوبێی کوردی | د. رەفیق سابیر | ٣٤ |
| • فەرهەنگەکەی ئۆگۆست ژابا | د. موحسین ئەحمەد عومەر | ٧٨ |
| • لەبارەی ریبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا | د. جەعفەر عەلی | ٩٢ |
| • لە دایکبوونی جیهان لە لای کوردانی ئەهلی حەق | د. موحەمەد موکری | ١١٦ |
| وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە د. موحسین ئەحمەد عومەر | | |
| • دەروازەی تێگەیشتنێکی فراوانتر لە بارەی ئاینی ئێزدییەوە | د. خلیل جوندی | ١٣٢ |
| وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد سالح سەعید | | |
| • خەباتی رزگاریخوازی و دیپلۆماسیی کورد | | ١٤٢ |
| لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی | ئارام عەلی | |
| • بنەماکانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا | م.هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم | ١٦٠ |
| • ئاسایشی کۆمەڵگایی، بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی | | ١٩٨ |
| لە پرۆسەی دارشتنی ناسنامەی کوردیدا | سکۆت واتسن | |
| وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد جەلال | | |
| • کێشەی پەروەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان، رخنە و ئەلتەرناتیڤ | م.کاوە جەلال | ٢٣٤ |
| • بنەماڵەی وەزیرەکانی سنە | د. عبداللە مەردۆخ | ٢٥٦ |
| • راگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | م. جاسم محەمەد عەلی | ٢٩٠ |
| • پڕو پاگەندەو سیاسەتی بریتانیا لە هەمبەر شاری سلێمانیدا | د. ئاکۆ شوانی | ٣١٢ |
| • کوردستان لەسەدەکانی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا | | ٣٢٦ |
| وەك لە سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی دا دەردەکەوێت | مارتین ڤان بروینسن | |
| وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدولکەریم عوزێری | | |
| • کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد | وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە د. نەجات عەبدوڵڵا | ٣٤٢ |
| • کتێبخانەی کوردۆلۆجی: | | ٣٥٨ |

○ فەرهەنگی زەویزانی - فەرهەنگی رێزمانی کوردی - یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا - سلێمانی (ناوچەیەك لە کوردستان)- کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم- جەنگی عێراق- حركات الخوارج في بلاد ألكورد وما جاورها

○ کورد لە ئەرشیفی روسیاو سۆڤێتدا — هاونەتەوەیی قەومی مادو کورد - مینۆرسکی دیارترین رۆژهەلاٚتناسو کوردناس — ئیتنۆ نەتەوایەتیی کوردی - داستانی مێ ئالان

# ئەم گۆڤارە

ئەم گۆڤارە، کە تایبەتە بە باس و توێژینەوەی ئەکادێمی، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجییە.

مەڵبەندی کوردۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی ئەکادێمی، زانستی و کولتوورییە، خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی کارگێری و دارایی خۆیەتی و راستەوخۆ بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەستراوەتەوە.

پێشتر، لە ساڵی ١٩٩٧دا سەنتەرێکی تر بە هەمان ناو، کە سەر بە زانکۆی سلێمانی بوو، دامەزرێندرا. بەڵام لەگەڵ هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی دامەزرێنەرانی نەیتوانی، لە ماوەی نزیکەی دە ساڵدا، هێچ کام لە ئامانجەکانی بەدی بێنیت و سەرەنجام هەڵوەشێندرایەوە.

ئەم دەزگایەی ئێستا بە بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران (ژمارە ١٣٦ی رۆژی ٨-٣-٢٠٠٦) دامەزرێندراوە، بەو ئامانجەی کە باس و توێژینەوەی ئەکادێمی و زانستی لە بواری جۆراوجۆری زمان، ئەدەب، مێژوو، جیۆگرافیا، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیستمی خوێندن و هەر لایەنێکی تری ژیانی کوردەواری هان بدات، پلانیان بۆ دابنێت و پشتگیرییان بکات. بۆ ئەم مەبەستەیش مەڵبەندی کوردۆلۆجی بە گرنگی دەزانێت کۆمەڵێک توێژەر، لێکۆڵەر و وەرگێر، کە دەیانەوێت کاتی خۆیان (یان بەشێکی کاتەکەیان) بۆ توێژینەوە و وەرگێڕان تەرخان بکەن، لەم مەڵبەندەدا کار بکەن، یان بەو شێوەیەی بۆیان دەگونجێت بەشداری پرۆژە و کارەکانی مەڵبەند بکەن. مەڵبەند دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت، بە بێ ئەوەی جیاوازی لە لایەنی رەگەز، جێندەر، بۆچوونی سیاسی و تەمەندا بکات. پێوەری بنەڕەتی مەڵبەند ئەوەیە کە بایەخ بە چەشنی (کوالیتی) واتا بەرزیی ئاستی ئەکادێمی و زانستی و هزری بەرهەمەکان دەدات، بەرهەمی نوێ و بواری تازە و نووسینەوەی مێژووی کورد بە شێوەیەکی زانستی، بەگرنگ دەگرێت. هەروا بایەخی تایبەتی بە زمانی کوردی

دەدات، بەو ئامانجەی زمانی کوردی لە رووی وشەگەل و زاراوە و دارشتنی سیمانتیکی و رێزمانییەوە بە دروستی بەکار بهێندرێت و زمانی لێکۆڵینەوەی زانستی و رەخنەی فیکری لە وشە و زاراوەی نەشیاو و نامۆ و ناسازی بێگانە پاک بکرێتەوە.

مەڵبەندی کوردۆلۆجی، وەک سەنتەرێکی توێژینەوەی ئەکادێمی، ساڵانە، لە پاڵ ئەم گۆڤارەدا، کۆمەڵێک توێژینەوە و و بەرهەمی وەرگێڕدراوی کوردناسانی بیانی و کتێب و نامیلکە، کە پەیوەندییان بە کار و ئامانجەکانییەوە هەیە ، بڵاو دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات سیمینار و کۆنفرانسی تایبەتی لە بارەی هەر مەسەلەیەکی کولتووری، میژوویی و زمانەوانی، کە بە گرنگ بزاندرێت رێک بخات. لەم رووەشەوە ئامادەیە لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان و ئەکادێمیای کوردی و هەر سەنتەریکی هاوشێوە و لەگەڵ توێژەراندا هاوکاری بکات.

تا ئێستا زۆرترین کات و کاری ئێمە بۆ دامەزراندنی مەڵبەندەکە تەرخان بووە، لەوانە دابینکردنی شوینی کارکردن و ستاڤی کارمەندان و بودجە و کەلوپەلی پێویست و پێکهێنانی بەشەکانی مەڵبەند و ئامادەکردنی پرۆژەی تەلاری کوردۆلۆجی و دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ دروستکردنی. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا مەڵبەندەکەمان، لە ساڵی رابردوودا، توانی کۆمەڵێک سیمینار، بۆ کۆمەڵێک توێژەر رێک بخات و حەوت کتێبیش بڵاو بکاتەوە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کتێبی تر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە کراون، کە بەم زووانە بڵاو دەکرێنەوە. ئەم گۆڤارەیش بەرهەمێکی تری مەڵبەندەکەمانە و هیوادارین توێژەران و نووسەران و رووناکبیران بە بەرهەم سەرنج و رەخنەکانیان بە پێزتری بکەن.

لە کۆتاییدا داوا لە توێژەران و ئەو رووناکبیرانە دەکەین کە بە لیکۆڵینەوە و وەرگێرانەوە خەریکن، هاوکارییمان بکەن. ئێمە بە بایەخێکی زۆرەوە بۆ بەرهەم و پرۆژەکانیان دەروانین. هەوڵ دەدەین دەرفەتی لەبار و گونجاویان بۆ برەخسێنین تا بتوانن کار و پرۆژەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن و ئێمەیش بەرهەمەکانیان لە شێوەی کتیب و نامیلکەدا، یان لە گۆڤاری (کوردۆلۆجی)دا بڵاو بکەینەوە.

سەرنووسەر

# لە نۆژەنەوە لە مەڕ کێشەی نیگاری هەندێ دەنگ

د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف

دەنگەکانی ئاخاوتن سروشتێکی ئالۆزیان هەیە و توێژینەوە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی بووەتە هۆی دیاری کردنی چالاکی و کەرەستەی هەمەچەشنی فۆنەتیکی و شێوازی لێکۆڵینەوەیان — ئەزموونگەریی فۆنەتیکی " بەراوردی مێژوویی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی ، بە تایبەت لێکۆڵینەوە لە بارەی فۆنێمەوە بە گرانی و پڕ دەمەتەقێ گەشەی سەند و چەند قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆژی هاتنە کایەوە.

لە سەرەتادا دەنگەکانی ئاخاوتن وەك پێکهاتنی دەنگی دیاری کرابوون و بەرانبەر پیت راگیرابوون . تەنانەت ماوەییێکی دوور و درێژیش بۆ راگەیاندنی دەنگ، زاراوەی (پیت) بەکاردەهێنرا. پێشکەوتنی زمانناسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی بە روونی دەنگەکانی زمانی سەردەم و دەنگەکانی زمانانی خزم بەرانبەر دەنگ و پیت رابگرێ. بۆ نیشاندانی دەنگ وەك ماکی سیستەمی دەنگیی زمان ، زاراوەی تایبەتمەندی (فۆنێم) جیاکرایەوە . ئەم زاراوەیە سالّی ١٨٧٤ بۆ یەکەم جار (ل.ئاڤێ)ی زمانناسی فەرەنسایی بەکاری هێنا . بەلاّم ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا وەك هاوتای پێکهاتنی ناوی (دەنگی ئاخاوتن) لە کاردا بوو، بە تایبەتیش(ڤ . دێ . سۆسیور) زۆر بەکاری دەهێنا .(ئی.ئا. بۆدوئێن دێ کورتەنی) دامەزرێنەری لێکۆڵینەوەی فۆنێمە ، کە بە دوو جۆر تێی دەگەیشت.لە سەرەتادا لە رووی پێوەندیی ئەرکییەوە لە مۆرفێمدا تەماشای فۆنێمی دەکرد. شێوەی زمانی سەردەمی ناونا (شێوەی فۆنێم – Divergent) : (د)-(ت) . شێوەی مێژوویی یش -پێکەوە بەستراو، زنجیرەیی- corelative) : (ك) — (چ) . دواتر دێتە سەر رای دەروونناسی (واتاناسی)و بۆچوونی گشتی دەربارەی وتن و وەرگرتنی دەنگی ئاخاوتن دەڕوانێتە فۆنێم.

زاراوەی ((فۆنێم)) واتـای دانـەی دەنگیـی سـەرەکی زمـان دەگەیـەنێت — جـۆری دەنـگ " چەشنی دەنگی ئاخاوتن : فۆنێم — بچووکترین دانەی دەنگیی سیستەمی زمانە، کە بریتـی یـە لە ماکی دەنگی پێکهاتنی وشە و مۆرفێم و دەوری جیاکردنەوەیان دەبینیٚ.

هەموو دەنگێکی ئاخـاوتن فـۆنێم نییـە . تـەنیا ئـەو دەنگانـە فـۆنێمن ، کـە تایبـەتن بـە زمانێکی دیاری کراوەوە و توانستی گۆڕینی جغزی دەنگیی مۆرفێم و وشەیان هەیە.

فۆنێم خاوەنی ئەرکی وەرگـرتن و جیاکردنەوەیـە . دەنگـەکانی ئاخـاوتن، کـە بـە یاریـدەی ئەندامانی بیستنەوە هەستیان پیٚ دەکرێـت ، دەبنـە راسـتیی دەرك کـردن. لـە دەرکـی زمـانی ئـاخێوەردا نموونـەی تایبـەتی گـەلیٚ خاسـیەتی دەنگـەکانی ئاخـاوتن ئاشـکرا دەکـات، بـەلاٚم هەموویان لە نەزەر نـاگیرێن و تـەنیا ئەوانـەیان رەچـاو دەکـرێن، کـە لەگـەلٚ نموونـەی فۆنێمـدا هاوجووت دێن و خاوەنی ئەرکی وەرگرتن — واتە ئەو دەورەی دەیگەیەنێتە ئەنجامی هەست پیٚ کردن . (٢)

فۆنێم تەنیا بە خاسیەتی بیستن و وتن لە یەکدی جیانابنەوە، بـەڵکو بـە توانـستی گـۆڕینی مۆرفێم و وشە و بەشداری کردن لە واتا گەیاندنیشدا — واتە بوونی خاسیەتی جیاکردنـەوە. بـە وێنە، وشەی (ناز) و (باز) یەکەم کۆنسۆنانت لە یەکیان جیادەکاتەوە. هەرچی وشـەکانی (نـاز) و (بەز)ە — بزوێن دەیـانگۆڕیٚ . بـەلاٚم خـاوەنێتی ئـەرکی جیاکردنـەوە (جیاکردنـەوەی واتـا)ی فۆنێم تەنیا جغزی دەنگیـی وشـە دەگـۆڕیٚ و هـەر بـەم واتایـە بەشـداری لـە دەربڕینـی مانـادا دەبینـیٚ، وشـە کـە لـە یـەك جیادەبنـەوە، هێنـدە لەبەرئـەوە نییـە، کـە لـە دەنگـی جیـاواز پێکهاتوون،وەك هێندەی لەبەرئەوەیە، کە مەفهوومی جیاواز دەگەیەنن.

خاسیەتی بیستن و وتنی فـۆنێم گرنگـی و چەسـپاوی یـان لـە شـەپۆلی ئاخـاوتن و بایـەخی جیاکردنەوەی خودی فۆنێم لە یەکدی لە ڕادەیێکی یەکسانیدا نییـە. بـە وێنـە، بزوێنـی (ۆ) و (یٚ)ی کوردی — ڕەوانن (بیڤلۆکی نین)، بەلاٚم ئـەم خاسـیەتە لـە فـۆنێمی دییـان جیاناکاتـەوە، چونکە گشت بزوێنەکانی زمـانی کـوردی بیڤلـۆکی نـین، بـەو پێیـە، ئەمـە خاسـیەتی گـشتیی بزوێنە. ئەم جۆرە خاسیەتە گشتی یانەی بزوێن ، کە ناتوانن بۆ سـنوور جیاکردنـەوەی فـۆنێمی زمان بەکاربهێنرێن ، بە دەست لیٚ نەدراو ناودەبرێن .

خاســیەتی دەســت لیٚ نــەدراو بەرانبــەر خاســیەتی جیاکــەرەوە دەوەســتیٚ ، خاســیەتی جیاکـەرەوەی فـۆنێم، تایبـەتێتیی بیـستن و وتنیـان دەگەیـەنن ، کـە لـە لایـەن قـسەکەرەوە وەردەگیریٚ و فۆنێم لە یەکدی جیادەکەنەوە و هەروەها توانستی دەرك کردن و ناسینەوەی وشـە و مۆرفێم دەڕەخسێنن . بە وێنە فۆنێمی (٤)ی فەرەنسی ژاوەژاوی بیڤلۆکی نییە و بریتیـیە لـە

خاسیەتی جیاکەرەوە ، لەبەرئەوەی لە زمانی فەرەنسیدا بزوێنی بیڤلۆکیی (٤') هەیە. بۆ (ڕ ، ڵ)ی کوردی، قەڵەوی بریتی یە لە خاسیەتی جیاکەرەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا (ر ، ل)ی لاواز هەیە: (کەڕ-کەر) " (کەڵ-کەل) . بەم چەشنە فۆنێم وەك دانەی دەنگیی ئالۆز خۆی دەنوێنی سەرجەمی تایبەتێتیی جیاوازی بیستن و وتن بەشێوەی جیاواز لەزنجیرەی دەنگی دا بەدەردەکەوێ ،بە چەشنی جیاواز ئەرکی وەرگرتن بەجێ دێنن.

فۆنێم لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە ئاوێنەی سیستەمی فۆنەتیکیی زمان ، کەوا نەك تەنیا پێکهاتنی فونێم دەگرێتە خۆ ، بەڵکو لە یەکگرتنیشیاندا باڵ بەسەر توانستی شێوە گۆڕی یاندا دەکێشێ.

(فۆنێم) لە (دەنگ) گرنگترە ، چونکە جیاوازیی دەخاتە نێوان وشەوە . هەموو فۆنێمێك ، دەنگە ، بەلام هەموو دەنگێك ، فۆنێم نییە .

(قیژە ، هاوار ، قۆڕەی سك ، قرقێنە ، نزگەرە ، پرخە پرخ ، کۆکە......) هەموو دەنگن،بەلام فۆنێم نین . یاخود کاتێ (گ ، ك) لە پێش (ی، ێ، وی، وێ)دا دەگوترێن، شێوەی تەلەفوزیان وەك (چ) یان (ج)ی لێ دێت — واتە (گ) و (ك) لە حاڵەتی ئاسایدا لە بنی ئەوکەوە تەلەفوز دەکرێن ، بەلام لە حاڵەتی دووەمدا زمان نزیك مەلاشوو دەخاتەوە . بەو پێ یە دەبنە دەنگی جیاواز، بەلام نابنە فۆنێمی جیاواز.... هەروەها لە زمانی کوردیدا (ك) ، کە بە تایبەتی لە سەرەتای وشەوە بۆ یاریدەی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکان دێت ، دەنگە و فۆنێم نییە.

هەندێ لە زمانەوانانی کورد لەو ڕایەدان ، کە نەبوونی نیگاری هەمزە لە نووسینی لاتینی دا ، ناتەواوییەکی بەرچاو و هەڵەیەکی گەورەیە ..بەر لەوەی بڕیاری وا بدرێ پێویست بە لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکە ، بە تایبەتی لە دیاری کردنی تێکرای فۆنێمەکاندا و ئینجا دانانی نیگار بۆ هەر یەکێك لەو فۆنێمانە . دوایش پێویستە ئەو پیتانە لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن ، تاکو بزانرێ بوون و نەبوونیان چ دەورێك دەبینێ .

بێتو ساغ بکرێتەوە کە (ئ) فۆنێم نییە ، ئەوە هیچ پێویست بەوە ناکات پیتی بۆ دابنرێت . خۆ ئەگەر چەسپێنراش ، کە فۆنێمە ، دەبێ لە ئەلف و بێ دا وێنەی بۆ بکێشرێ..... بە رای ئێمە لە زمانی کوردیدا (ئ) فۆنێم نییە ، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرە و لە سەرەتای ئەو وشانەوە ، یاخود ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ ، کە بە بزوێن دەست پێ دەکەن . سەرەڕای ئەوەی تێ چوونی هەمزە لە وشەی لێکدراوی کوردی وەك : ((گوڵ +ئاو = گولاو " ماست +ئاو = ماستاو " زەرد + ئاو= زەرداو " سەر+ئێش+ە= سەریەشە ....)) و وتن یان نەوتنی لە سەرەتای دەیان وشەی وەك: ((ئەبرۆ/ برۆ " ئەمن/ من " ئەتۆ/ تۆ " ئەوان/ وان " ئێمە/ مە "

ئەژمار/ ژمـار " ئـەژنۆ/ ژنـۆ " ئەژنـەفتن/ ژنـەفتن " ئەسـپاردن/ سـپاردن " ئەسـپۆن/ سـپۆن " ئەسـتاندن/ سـتاندن " ئەسـتۆ/ سـتۆ" ئەسـتوون/ سـتوون " ئەسـتێرە/ سـتێر " ئەمووسـتیلە/ مووستیلە " ئاتوون/ توون " ئەسکڵ/ سکڵ.....)و بوونی هەمزە بە بزوێن لـەو وشـانەدا ، کـە لە زمانی عـەرەبی یەوە وەرگیراون ، وەك : دائم = دایم " دائرە = دایەرە " مسألە = مەسەلە " بئر/ بیر " طائفة / تایەفە " فائق/ فایەق " ضائع /زایە " لائـق/ لایـەق ....) و بـەکارهێنانی لـە ناوەڕاست و کۆتایی (لە زمانی کوردیدا هەمزە لە کۆتایی وشـەدا تـەنیا لـە وشـەی ((نـەو))دا دەبینرێت، کە ئەویش بە زۆری دەکرێ بە ((نا)) وشـەدا ... ئـەوە دەسـەلمێنن ، هـەمزە فـۆنێم نەبێ و دەنگێکی یاریدەدەربێ .

جا بە لای منەوە نووسینی لاتینـی ، کـە بایـەخی بـە دەنگـی هـەمزە نەداوە،مەسـەلەکە ناتەواوی و دەرك پێ نەکردن نییە، بەڵکو ئەوەیە، کە هەمزە (دەنگ)ە و (فـۆنێم) نییـە . وەك لە سەرەوەش رووغان کردەوە، هـەموو دەنگێـك فـۆنێم نییـە و راسـتیش وایـە نیـشانە بـۆ ئـەو دەنگانە دابنرێن، کە فۆنێم بن... وشەکانی وەك (دەئـاخێوێ، دەئـەنجێ، بئـاخێوە، بئـەنگێوە، دەتئەزمووم) ، کە دەنگی هەمزەیان تێدایە، بە ئاشـکرا تێیانـدا دەردەکـەوێ، کـە پێویـستیی فۆنـەتیکی ئـەو هەمزەیـەی هێناوەتـە کایـەوە، کـە ئـەوەش پێکهـاتنی وشـەکان سـازیان کردووە،چـونکە ئـەو نیـشانانەی لـە پـێش وشـەکانەوە هـاتوون، بـە بـزوێن دەسـت پـێ دەکەن.سەرەڕای ئەوە، جگە لە دوا وشە — (دەتئەزمووم) ، هەموو ئەوانی دی — (دەئـاخێوێ، دەئەنجێ، بئاخێوە، بئەنگێوە) بڕگەی یەکەمی ئەو رێژانە بە بزوێن کۆتاییان هـاتووە، بۆیـە بـۆ ئاسـانکردنی دەربڕینیـان (ئ) هاتووەتـە پێـشەوە . بـە وێنـە لـە وشـەکانی ((دەئـاخێوێ، دەئەنجێ))دا بڕگەی یەکەم — واتە (دە) کە نیشانەی کرداری رانەبوردووە — بـە بـزوێن کۆتـایی دێت و سەرەتای رەگی وشەکانیش بە بـزوێن .... لـە وشـەکانی (بئـاخێوە، بئـەنگێوە) دیـسان بڕگەی یەکەم — واتە (ب — bi) کە نیشانەی فەرمانە — بە بـزوێن کۆتـایی دێـت و سـەرەتای رەگی وشەکانیش بە بزوێن .. دوا نموونەش (دەتئەزمووم) وەك دوو وشە خۆی دەنوێنێ ،چـونکە جێنـاوی (ت) ، کـە چـووەتە سـەر نیـشانەی (دە) بووەتـە وشـەیەك و ئـەوەی دەمێنێتـەوە (ئەنگێوم)ە .

بەو پێ یە ، دەرکەوت کە هـۆی بـوونی هـەمزە لـەو نموونانـەدا ، ئـەوە نییـە، کـە هەنـدێ زمانەوان بۆی چوون — واتە دەنگێکی واتاداری رەسەن — نییە ، بەڵکو دەنگێکـی یاریـدەدەرە لە سەرەتای ئەو وشانەوە، یاخود ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ، کە بە بزوێن دەست پێ دەکەن .

ئەگەر بۆ بەڵگەی پێویستیی بوونی پیتی هەمزە لە ئەلفوبێی لاتینی دا بوترێ : (لە کوردیدا دەنگی لامی قەڵەویش لە بەرایی وشەوە نایەت و کەسیش ناڵێ با نیشانەی بۆ دانەنرێت....) ، ئەوە لە وەڵامدا دەڵێین ، ئەم بەڵگەیەش لەبار نییە و جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو دەنگەدا — واتە (ئ) و (ڵ) زۆرە ، ئەویش چونکە وەك وتمان (ئ) لە کوردیدا فۆنێم نییە،بەڵام (ڵ) فۆنێمە . بۆ نموونە ، ئەگەر فۆنێمی (ل) لە وشەی (پەلە ، کەل....)دا بگۆڕێت بە (ڵ) ، ئەوە دەبن بە (پەڵە ، کەڵ...) ، کە جیاوازییەکی تەواو لە مانایاندا هەیە — واتە لێرەدا گومان نییە ، کە (ڵ) و (ل) دوو فۆنێمن — هەروەها ئەو بەڵگانەی پێشتر بۆ گومان کردن لەوەی هەمزە دەنگێکی واتاگۆڕبێ هێناومانەتەوە ، وەك : بەڵگەی تەنیا هاتنی لە پێش بزوێنەوە و تێ چوونی لە وشەی لێکدراو و وتن ، یان نەوتنی لە سەرەتای دەیان وشەدا و بوونی بە بزوێن لەو وشانەدا ، کە لە زمانی عەرەبی یەوە وەرگیراون ......، بە نیسبەت دەنگی (ڵ)ەوە بە پێچەوانەوەیە — واتە بە شێوەی جۆربەجۆر لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بەکاردێت و لە وشەی لێکدراو ناچێ و تەنانەت دەنگی (ل)ی وشەی عەرەبی وەرگیراویش لە کوردیدا بووە بە (ڵ) .جا کە ئەو هەموو جیاوازییە لە نێوان ئەو دوو دەنگە — واتە (ئ) و (ڵ)دا هەبێ بەراوردکردنیان لەبار نییە. یاخود کە گومان لەوە نەبێ، لە زمانی کوردیدا (ڵ) فۆنێم بێ، ئیتر بۆ بیر لەوە بکەینەوە نیشانەی بۆ دانەنرێت .

ئەگەر هۆی پەیدابوونی پیت بۆ دەنگی هەمزە لە ئەلفوبێی عەرەبیی دەستکاری کراودا، ئەوە بێ کە هەندێ لە وێنەی دەنگە بزوێنەکان ، بە تایبەتی لە سەرەتای وشەوە نووسینیان نالەبار بێ، یاخود لەبەر ئەوە بێ، کە دانەرانی بە فۆنێمی تێ گەیشتبن، ئەمە نابێ زمانەوانان بەو هەڵەیەدا بەرێ ، کە وەك دەنگە کۆنسۆنانتەکانی دی تەماشای بکەن .

هەر هەمان هۆ — واتە تێ گەیشتنی هەمزە بە فۆنێمێکی کۆنسۆنانتی رەسەن، تێکڕای زمانەوانانی کوردی خستووەتە ئەو هەڵەیەوە ، کە دەربارەی نیشانەی (دە - )ی رانەبردوو لە شێوەی سلێمانیدا دەدوێن ، وا نیشان بدەن ، کە بووە بە (ئە - ) — واتە (د) بووە بە (ئ) . لە راستیدا (د) نەبووە بە (ئ) ، بەڵکو (د) تێ چووە — واتە هەر ئەو کارەی بەسەردا هاتووە،وەك بەسەر وشەکانی ( مندالّ/منالّ “ مەحمود/مەحموو “ کڕاندی/کڕانی “ خاوەند/خاوەن..... پەلامار بدات/پەلامار‌بات .... یازدە/یانزە “ شازدە/شانزە ...)یشدا هاتووە . جا کاتێ (د)ی کاتی رانەبوردوو دەقرتێنرێ (٥) بە ئاسانی ناتوانرێ تەلەفوز بکرێ . بۆ نەهێشتنی قۆرتی دەربڕینی ، هەمزە بۆ یاریدەدان پەیدا دەبێ . هەرچی لە وشەکانی وەك (منالّ، مەحموو....)دایە ، لەبەرئەوەی بەرهەڵستی بە دەمدا هاتن نییە ، هەمزە نایەتە ناوانەوە.

بەو پێیە پێویستە بزانین ، کە (دە - )ی نیشانەی رانەبوردوو نەبووە بە (ئە) ، بەڵکو (د) تێ چووە . لە حاڵەتی (لەو ، لەوان)یشدا (٥) نەماوە ، نەك (ئە) . نیشانەی (ان)ی کۆ و (ەکە)ی

ناسیاوی و .... کە بە تەنیا بـە دەمـدا دێـن، لەبـەر ڕەوینـەوەی کۆسـپی دەربـڕین ، هەمیـشە لـە پێشیانەوە (ئ) دێت و دەوترێ (ئان، ئەکە....) تەنانەت بەشێك لە زمانەوانانی کوردیش، کە باسی ئەو نیشانانە دەکەن لەسەر بناغـەی تەلـەفوزکردنیان دەنووسـن : (ئـان، ئەکـە...)... لەبەرئـەوەی گومان ناکرێ ، کە ئـەو نیـشانانە (ان، ەکـە...)ن ، بۆیـە کـە دەچـنە سـەر وشـە هـەرگیز دەنگـی هەمزەیان لەگەڵدا نایەت .

بە وێنە : (کوڕ، کوڕان، کوڕەکە) " (کچ، کچان، کچەکە) " (پیـاو، پیـاوان، پیاوەکـە) " (بـرا، برایان، براکە/برایەکە) " (پێ، پێیان، پێیەکە)...

ئەگەر لە ڕستەی ((تۆڕەوانێك لەسەر بەحرێ بوو ، ئەحمەد چوو کنەوی بە نۆکـەری )) (**تحفـەی مظفریە** ، ب ١، ل٢٠٠)دا تەماشای (کنەوی) بکەین، دەزانین ئەسڵەکەی (کن ئەوی)یـە ... بـەڵێ لە (ئەوی)دا بەبێ هەمزە دەربڕین مەحاڵە، بەڵام کاتێ لەگەڵ (کن)دا یەکیان گرتووە هـەمزە تـۆوی نەماوە .

پێویستە ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکەین، کاتێ فۆنۆلۆجیستە ڕۆژئاواییەکان لە بارەی فۆنەتیکی زمانەکەیانەوە دەدوێن، ئەلفوبێ ناکەنە بنکە، تەنانەت ئەو نیگارانەی بۆ هەندێ فۆنێم دایاننـاوە ، لەو پیتانە ناچن، کە لە ئەلفوبێدا هەن ، بەڵام بەشێك لە زمانەوانانی کورد بـە ئـەلفوبێوە لکـاون و هەندێکیش تەنانەت جیاوازی لە نێوان دەنگ و پیت دا ناکەن....

هەرچەندە نووسینی سەرەکی و باوی ئەمڕۆی ئینگلیزی و رووسی نووسینی فۆنەتیکی یە ، کە لەسەر بناغـەی وێنەی دەنگەکان سازکراون، بەڵام لەبەرئەوەی بە دەوری مێژوویی درێژدا تێپەڕیون ، هەندێ شێوازی دییان تێکەڵ بووە و پاشماوەی کۆنیان تێدا ماوە .... بەڵێ ئەگـەر ئـەلفوبێ لەسـەر بناغەی یەکسانی لە نێوان ژمارەی پیـت و فۆنێمـدا دابمەزرایـە، ئەوسـا کێـشەی ڕێنووسـی نیـوەی نەدەما . لەبەرئەوەی ئەلفوبێی کامـڵ نییـە و تێپـەڕینی بـە دەوری مێـژوویی درێـژدا کێـشەی بـۆ سـازکردووە . هەرچـەندە ڕێنووسـی هـەر زمانێـك بگـری بنـەمای جۆربـەجۆری تێدایـە و چـەند بنەمایەکیشی بوونەتە سەرەکی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سازبوونی ڕێنووسدا بنەمای گشتی هـەن و پێویستە پێڕەوی بکرێن .... بەو پێیە بۆ تـێ گەیـشتنی دەسـتوورە سـەرەکییەکانی دەنگـەکانی کـوردی و نووسـینیان ، پێویـست بـە ئاوڕدانـەوە و لێکدانـەوە و شـی کردنـەوەی هەنـدێ کێـشەی فۆنۆلۆژی هەیە.

********

لە ڕۆژنامـەی ((پێشکەوتن)) ١٩٢٠-١٩٢٢ ،(٣ژمـارە) دا و زۆربـەی ڕۆژنامـەکانی دیـی ئەو سەردەمـەدا نیگاری (ئ) نابینرێ ، بەڵام لە هەندێ چاپەمـەنیی هەمـان دەم و پچێك زووتـر و کەمێ دواتردا پەیدا بووە . بە وێنە لە ژمارە (١٨)ی گۆڤاری ((ژین))ی ئەسـتەموڵدا، کـە

(٨) ی مایسی (١٣٣٥) ی لەسەر نووسراوە ، کە دەکاتە (٨) ی مایسی ١٩١٩، وتارێکی (دادوەر ئەردەڵانی) بە ناوی ((چۆن بکۆشین؟))ەوە هەیە (ل ١٦)و لە نووسینی هەندێ وشەدا نیگاری (ئ)ی بەکارهێناوە : (د ٨ — ((ئەمرد))) " (د ١١ — ((ئەم)) ) " (د ١٣- ((ئەمانە)) ) " (د ١٤- ((ئەکۆشین)) ) " (د٢٠- ((ئەمندە)))... (٤)

شایانی باسە ، کە ئەم هەنگاوەی داوەر ئەردەڵانی کاری کردە سەر هەندێ نووسەری گۆڤاری ((ژین)). بۆ نموونە ، یەکسەر لە ژمارەی داهاتوودا — واتە لە ژمارە (١٩) دا ، ٢٢/ مایسی/١٩١٩ (١٣٣٥ ك) ، ع . رەحمی ، کە نووسەرێکی چالاکی ئەو گۆڤارە بووە و لە زۆربەی ژمارەکانیدا بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە و لە هیچ یەکێك لە نووسینەکانی دی بەر لە ژمارەی (١٩)دا پیتی (ئ)ی بەکارنەهێناوە، لەو شیعرەیدا ، کە بە ناوی ((لوما بلبل))ەوە لە لاپەرە (١٦)ی ژمارەی ناوبراودا چاپی کردووە بۆ نووسینی چەند وشەیێك پیتی (ئ)ی بەکارهێناوە . هەروەها کەمێ دواتریش لە کتێبی ((هینکر زیمان کوردی))دا (٥) نیگاری (ئ) زۆر بەرچاو دەکەوێ. بە وێنە، بڕوانە: ( ل٦ ، د٣- ((ئەو ، ئەمە)) ) " (ل ١٧، د ٤- ((ئەوان)) ) " (ل١٩، د٣- ((ئەموست)) ) .... لە کتێبی ((کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی)) (١٩٢٥)دا (٦) ، (ئ) تا رادەیێك بەکارهاتووە، بۆ نموونە بڕوانە: (ل٣ ، د١١ — ((ئەمەش)) )" (ل٣، د١٠- ((ئەوی)) ) " (ل٣ ، د١١ — ((ئەخواست ، ئەم)) ) .... لە کتێبی ((رەوشت و خوو)) ١٩٢٧دا (٧) ، (ئ) پتر رەچاو کراوە .

بۆ نموونە، بڕوانە: (ل١، د٤ — ((ئەوی، ئەگەر)) ) " (ل١، د٧ — ((ئەکەیت)) ) " (ل٤، د٧ — ((دائەمێنیّ)) ) ... لەگەڵ ئەوەشدا ، هەندێ کتێبی ئەوتۆ هەن، کە دوای ئەوانەی باسمان کردن، چاپکراون و کەچی (ئ)یان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلەی سەرەتای پەیدابوونی ئەو نیگارە ناگۆڕێ.

بەر لە پەیدابوونی وێنەی هەمزە، وشەکانی، وەك: ( ئەشکێنیّ، هەڵئەکوتێتە، ئەکا، ئەکەن، ئەوانیان، ئەوەی، ئەدەین، ئەهێنین، ئەیاندا...) ، (ئە)یان تێدا بە (١) دەنووسرا، وەك: ( اشکێنیّ، هەڵ اکوتێتە، اکا، اکەن، اوانیان، اوەی، ادەین، اهێنین، ایاندا...) بەڵام سەرنج راکێش ئەوەیە، لە ژمارە (١٦) (٨) و (١٧) (٩) ی رۆژنامەی ((تێگەیشتنی راستی))دا، بە ناوی ((نطق عالیکی اجتماعی کورە ی کوردان بو رؤسای عالی قدر کردان))ەوە وتارێك هەیە، کە ئەو وشانەی ناومان بردن، بەم چەشنەی خوارەوە نووسراون تێیدا: (ژ١٦، ل١،س١،د٩ — ((أەشکینی) " (ژ١٦، ل١، س١، د٨ — ((هل أئکوتیتة)) " (ژ١٧، ل١، س١، د٤ — ((أەوانیان)) " (ژ١٧، ل١، س١، د١٢- ((أەدەین)) ) " (ژ١٧، ل١، س١، د١٠- ((أەهێنین)) ) " (ژ١٧، ل ١، س٢، د ١ — ((أەیاندا))... هتد.

ئەم جۆرە نووسینە بۆ یەکەم جار لە وتاری ناوبراودا دەبینرێ. هەرچەندە ئەمە زۆر بڵاونەبووەوە و پەرەی نەسەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ بە هەنگاوێك دابنرێ بەرەو پەیدابوونی (ئە)، بەتایبەتی چونکە بەر لەو وتارە لە هیچ چاپەمەنییەکی کوردیدا ئەوە نابینرێ، کە بە دوا هەمزەدا کورتە بزوێنی (ە) نووسرا بێ.

نیگای (ێ)، کە نزیکەی (٨٥) ساڵ بێ لە نووسینی کوردیدا بەکار بێ و شێوەشی دڵگیر بێ، هەر لەبەر ئەوەی (دەنگ)ە و (فۆنێم) نییە، بیسڕینەوە- واتە بڵێین (( وا ڕاسترە لە نووسیندا نەنووسرێ))(١٠) ، بە ڕایەکی باشی نازانم، چونکە کارێکی نادروست و نا بەجێ دەکاتە سەر نووسینی ماوەیەکی دوور و درێژمان و" شێوەی جوانی نووسینی سەدان وشە دەشێوێنێ و...

وێڕای ئەوەی د. عەبدوڵڵا خۆی وتەنی : ((ڕەنگە ڕاهاتن لەسەر نووسینی ئاسان نەبێ، چونکە بە نووسینی ڕاهاتووین))(١١) ، هەروەها چەندین گیروگرفت و تەگەرەمان بۆ پەیدا دەکا. بەم پێیە دەبێ:

١- دەیان وشەی وەك: (ورشە، وشە، وڵات، وریا، وڵاخ، ورە، ورگ، ورتە، ون، ورد، وڕ، وڕێنە، وتار، ورووژان، وتن، وزە...)، کە بە دەنگی کۆنسۆنانتی (و — w) دەست پێ دەکەن، لە گەڵ ئەو وشانە بزوێنی (و — u) لە سەرەتایانەوە دێن و (ئ) یان لە پێشەوە دەنووسین، وەك : (ئومێد، ئوتو، ئونیشك، ئونە، ئولە، ئوسکوف، ئوسترە، ئوسترلاب، ئورزان...)، گەر ئەو نیگارەیان لێ بکەینەوە بە (ومێد، وتو، ونیشك، ونە، ولە، وسکوف، وسترە، وسترلاب، ورزان...) بە یەك چەشن بیان نووسین. بەمەش بۆ خوێنەرو خوێندکار کۆسپ و تەگەرە دروست دەکەین، چونکە نازانن کامیان کۆنسۆنانتی (w)ە و کامیان بزوێنی (u)ە .

٢- بە هەمان شێوەی (و — w)ی کۆنسۆنانت و (و — u)ی بزوێن، ی(ی — y)ی کۆنسۆنانت و (ی - Î)ی بزوێنیش تێکەڵ بەیەك دەبن... ئەو دەمە، دەبێ وشەکانی: ((ئیتر، ئینجا، ئیج، ئیدی، ئیستا، ئیست، ئیسك، ئیش، ئیشت، ئیشکانی، ئیشکەر، ئیکلام، ئیکە، ئینحا، ئینە...) بکەینە: (یتر، یجا، یج، یدی، یستا، یست، یسك، یش، یشت، یشکانی، یشکەر، یکلام، یکە، ینجا، ینە...) و لەگەڵ وشەکانی : (یابوو، یاد، یادگار، یادداشت، یار، یارا، یاری، یاریدە، یازدە، یخ، یەخ، یەخسیر، یەدەك، یەك، یەکاڵ، یەکانە، یەکبوون، یەکتر، یەکسانی، یەکسەر، یەك لا، یەکێتی...)دا وەك یەك بنووسین... ئێدی دەستەی یەکەم، کە سەرەتایان بزوێنی (ی - Î) بێ و دەستەی دووەمیش بە (ی - y) کۆنسۆنانت دەست پێ

بکەن، چۆن ڕەوایە وەك یەکدی خۆیان بنوێنن؟ و چۆن لە منداڵی کوردی بگەیەنین، کە ئەوانە دوو پیتی جیاوازن؟

٣- ئەو وشانەی سەرەتایان بزوێنی (٥)یە، وەك: (ئەوك، ئەم، ئەو، ئەمان، ئەوان، ئەنجا، ئەنجام، ئەنجومەن، ئەنجنین، ئەندام، ئەندێشە، ئەردەلان...)یش، بەم شێوەیە (ەوك، ەم، ەمان، ەوان، ەنجا، ەنجام، ەنجومەن، ەنجنین، ەندام، ەندێشە، ەردەلان...) بنووسین، کە ئاوەز و ئارەزووی نووسەر تێکدەدەن.

٤- هەرچی وشەکانی (ئاسمان، ئازاد، ئارام، ئارەزوو...)ە ، کە کران بە (اسمان، ازاد، ارام، ارەزوو...) — واتە (ئ)ەکە لابرا، سەرلەنوێ دەگەڕێنرێنەوە بۆ ڕێنووسە عەرەبییە کۆنەکە.

... و هەندێکی دی.

سەرباری ئەوە د. عەبدوڵلا دەڵێ: ((ژمارەی ئەو وشانەی(و) یان ( )ی بزوێنیان لە سەرەتادا هاتبێ زۆر دەگمەنن))(١٢) و بۆ بەڵگەی ئەو وتانەشی لە خشتەی خوارەوەدا، کە بۆ ئەو مەبەستەی ڕێکخستووە، بۆ (و) تەنیا سێ وشەی (ئوتی، ئوتێل، ئومید) و بۆ (ی)ش دوو وشەی (ئیش، ئینجا)ی کردووەتە نموونە. بە ڕای بەندە، بەر لەوەی دوکتۆر ئەو بڕیارەی بدایە، گەر تەماشای چەند فەرهەنگێکی بکردایە، ئەوسا بە چاوی خۆی دەیان نموونەی بۆ ئەو وشانەی (و)، یان (ی)ی بزوێنیان لە سەرەتاوە هاتبێ دەبینییەوە و وا بە سانایی و ئاسانی نەیدەوت ((زۆر بە دەگمەن))... من لەوە باش تێ دەگەم، کە (ئ) دەنگە و فۆنێم نییە و لە سازدانی ئەلفوبێش بۆ هەر زمانێك چاك وایە لەسەر بناغەی یەکسانی لە نێوان ژمارەی پیت و ژمارەی فۆنێمدا دابمەزرێنرێ... بەڵێ باشترین ئەلفوبێ، کە لەسەر بناغەی فۆنەتیك دانرابێ، ئەوەیە کە ژمارەی پیتەکانی هێندەی ژمارەی فۆنێمەکانی ئەو زمانە بێت. لەبەر ئەوەی نووسین بە دەورێکی مێژوویی درێژدا تێپەڕیوە و گەلێك پاشماوەی کۆنی تێدا ماوە، ئەلفوبێی کامڵ نییە. ئەلفوبێی هەرە ناسراو و پتر بەکارهێنراو و لەبەر ئەلفوبێی لاتینییە. هەرچەندە ئەم ئەلفوبێیە لە گەڵ فۆنەتیکی زمانی لاتینیدا باش دەگونجا، بەڵام پڕ بە پڕی زمانە ئەوروپاییەکانی دی نەبوو، چونکە ئەو (٢٦) پیتەی بۆ زمانی لاتینی دانرابوون بەشی ئەو زمانە ئەوروپاییە نوێیانەی نەدەکرد کە پێویستیان بە (٣٦ — ٤٠) پیت بوو. بە پێنج پیتی بزوێنی (i، u، o، e، a) و دواتریش (Y) نەدەکرا ئەو هەموو بزوێنانەی لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و زمانە ئەوروپاییەکانی دیدا هەن، دەربڕێن. یاخود ژمارەیەك دەنگی کۆنسۆنانتی ئەوتۆ لە هەندێ زمانی ئەوروپاییدا هەن، کە لە لاتینیدا نەبوون و پێویستیان بە نیشانە و نیگار بوو... جا بۆ پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییانە واتە لە دانانی پیت بۆ ئەو دەنگانەی لە لاتینیدا نەبوون —

هەوڵی هەمەجۆر درا، وەك: دانانی چوكڵە لەسەر یان لەژێر " گەیاندنەوەیەكی هەردوو سەری پیتێك " لێكدانی دوو پیت... هتد.

هەرچی نووسینی كوردیشە بە ئەلفوبێی عەرەبی ، ئەویش گۆڕانكاریی زۆری تێداكراوە و زانایانی كورد لە مێژە هەستیان بەو پێویستی یە كردووە و هەر یەك بەپێی توانستی خۆی كاری تێداكردووە... هەرچی پەیدابوونی نیگاری (ێ)ە، گەرچی یاسا و فۆنەتیكی كوردیی تێدا ڕەچاونەكراوە، بەڵام ماوەیەكی درێژی بەسەردا چووە و نووسینی ئەو وشانەی سەرەتایان بزوێنە، ڕازاندووەتەوە... لەبەر ئەمە و ، ئەو چوار خاڵەی لە سەرەوە لێیان دواوم ، كە نەنووسینی ئەلفوبێكە ناشیرین دەكا، بۆیە چاك وایە لێی گەڕێین و دەستكاری نەكەین... جا چۆن ئینگلیز لە هەندی باردا (PH) بۆ (F)... دەنووسن و بەڵام لە لێكولێنەوەی زمانەوانیدا ڕوودەكەنە ئەو ئەلفوبێ جیهانییەی لە لێكۆڵینەوەی فۆنەتیكدا بەكاردەهێنری ، ئێمەش دەتوانین ئەلفوبێی توێژینەوەی فۆنەتیكی سازبكەین و لەوێدا ئەو ڕایەی (د. عەبدوڵلا) ڕەچاوبكەین...

نكۆڵی لەوە ناكەم، كە ئەو ڕێنووسەی ئەمڕۆ پێی دەنووسین، هێشتا پێویستی وەلاوەنانی چەندین گیروگرفتە و دەبێ كاری بۆ بكەین... بەڵام هەرچی ئەو پێشنیازەی (د. عەبدوڵلا)یە، گیروگرفتەكان زیاد دەكا و بەتایبەتی، كە دەڵێ ((وا راستترە لە نووسیندا نەنووسرێ... نەنووسینی گرفتێكی ڕێنووسمان چارەسەردەكا. ئەوەی كە پتر پێی ڕاهاتبین (ە)ی سەرەتایە، ئەویش ئەگەر وەكو خۆیشی نەنووسن، دەشێ فۆرمێكی (و)ی سەرەوژێری بۆ هەڵبژێرین، وەك (ل ە). لە ڕاستیدا تەنانەت ئەو نیشانەیەش- ( ) ، بۆ (ە)ی سەرەتای پێشنیاز كردووە، لە گەڵ پیتەكانی ئەلفوبێی عەرەبیدا ڕێك ناكەوێ و پەسەند نییە.

* * * * *

تەوەرەی سێیەمی باسەكەی (د. عەبدوڵلا) بە نێوی ((دەنگی (وو/ و) )) ەوەیە و خوێنەر وا تێدەگا، كە مەبەستی لە (وو — û)ی درێژ و (و — u)ی كورت بێ. لە بەندی یەكەمی لێدوانەكەیدا نووسیویە، دەڵێ: ((تا ئێستا زۆر لە نووسەران گرفتی نووسینی یەك (و) و دو (و) یان هەیە. تەنانەت هەندێ جار لە هەمان نووسیندا چەندین وشە بە هەردوو شێوە دەبینرێن، وەك (وڵات/ ووڵات، وشە/ ووشە، نوسین/ نووسین، جوتیار/ جووت، چوون/ دەچووین، بووك/ بوكێنی، سووك/ سوكایەتی، پەڕتووك/ پەڕتوكخانە....)) (ل ٦).

لەم وتانەیدا کەوتووەتە چەند هەڵەیەکەوە:

١- وشەکانی (ولآت/ وولآت، وشە/ ووشە....)ی لەگەڵ (نوسین/ نووسین....) ڕیزکردووە. لەبەر ئەوەی (و/ وو)ی سەرەتای دەستەی یەکەم — (ولآت/ وولآت...) پیتی کۆنسۆنانتی (W)وە، نەدەبوو لە گەڵ (و/ وو)ی دەستەی دووەم-(نوسین/نووسین...) لە تەك یەکیان دابنێ، چونکە ئەمان بزوێنی (û)ن

٢- کاتێ (بووك، سووك)ی بە دوو واو نووسیوە و (بوکێنی، سوکایەتی، پەڕتوکخانە)ش بە یەك واو تۆمارکردووە، دەبوو ئاگاداری ئەوە بێ، کە لە هەردوو دەستەکەدا فۆنێمەکە (وو-û)ە، بەڵآم کە لە دەستەی یەکەمدا بە دوو واو دەینوسن، لەبەر ئەوەیە، هێز(النبرە — Stress)ی لەسەرە، هەرچی لە دەستەی دووەمدایە، هێز لەسەر (وو) نەماوە و گوێزراوەتەوە سەر بزوێنەکانی دواوەی

بەدوا ئەمەدا لەو خشتەیەی لە لاپەڕە (٧)دا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی سازی کردووە، دیسان ناتەواوی بەرچاو دەکەوێ، وەك:

١- لە خانەی یەکەمدا وا ڕادەگەیەنێ کە (و)ی سەرەتا (کورتە)... لەبەر ئەوەی (و)ی سەرەتا کۆنسۆنانتە، بێ گومان دەبێ کورت بێ و ئەمە لێکدانەوەی ناوێ.

٢- لە خانەی دووەمدا، دەڵێ: گەر (و) لە ناوەڕاستی بڕگەبێ: کورت: جوان، چەوت، حەوت، دوان، ڕوان، ژوان، شوان، گوان، لوان... ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە سەرجەمی (و)ی ئەو وشانە کۆنسۆنانتن، لەبەر ئەوە هەر دەبێ کورت بن...

٣- لە خانەی سێیەمدا وا ڕادەگەیەنێ، ئەگەر(و) ((بزوێنێکی لە پێشدا هاتبێ کورتە: ئاو، ئەو، چاو، جاو، خەو، خاو، خێو، دێو، ڕاو، زیو، سیۆ، شیۆ، شیو، لاو، لێو، مێو، ناو)). ئەوەتە تا ئێرە بە زۆری باسی کورتیی (و)ی کۆنسۆنانت دەکا ، نەك کورت و درێژیی (و)ی بزوێن، کە خوێنەر چاوەڕوانێتی. بە دوا ئەمەدا، کە چەند دێرێك لەمەر (و)ی کورت و درێژ دەنووسێ و دەڵێ: ((دەنگی (و)... پتر لە ئەلەفۆنێکی هەیە، هەرچەندە کورت و درێژیەکەشی دەسکاری و ئاڵوگۆڕ بکرێ، واتای وشەکە ناگۆڕێ، جگە لە وشەی (کوڕ) کە لە درێژکردنەوەی (وو)دا واتای دەگۆڕێ و دەبێتە (کووڕ) واتە ئەم وشەیە لە گریمانەکە ناوێزە دەردەچێ ودەشێ ئەم تاکە وشەیە بە دو (و) بنوسرێ، واتە: وشەی کوڕ سێ فۆنێمە: (ك + و + ڕ) بەڵآم وشەی (کووڕ) چوار فۆنێمە: (ك + و + و +ڕ) ((ل٧)).

لەم بەندەدا ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە (د. عەبدوڵڵا) دوو مەفهوومی وتن و نووسینی لە یەك جیانەکردووتەوە و باسی ئەو دەنگە کوردییانەی لە ڕوانگەی ئەلفوبێی عەرەبییەوە کردووە... گەر وا نەبا، هەڵبەت نەیدەوت: ((دەنگی (و)... پتر لە ئەلەفۆنێکی هەیە...)).

گومان لەوە ناكرێ، كە لـە زمـانی كوردیـدا (W)ی كۆنـسۆنانت و (U)ی كورتـەبزوێن و (û)ی بزوێنی درێژ هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەلفوبێی عەرەبی بەباشی بۆ نووسینی كـوردی نـاگونجێ، تەنانەت زانایـەكی وەك (د. عەبـدوڵلا) ی بـەو هەڵەیـەدا بـردووە، كـە هـەر لەبـەر ئـەوەی لـە ئەلفوبێی عەرەبیدا (W) و (U) و (û) وەك یەك دەنووسرێن، بە ئەلەفۆنی یەكدی دابنێ... جـا دانانی ئەو سێ فۆنێمە جیاوازە بە ئەلـەفۆنی یـەكتری هەڵەیـەكی زمانەوانییـە و پێویـستی بـە ڕاستكردنەوەیە.

بڕوا ناكـەم هـیچ زمانـەوانێك نكـۆڵی لـە جیـاوازیی (و — W)ی كۆنـسۆنانت و (و — U)ی بزوێن بكا... ئەوەی دەمێنیتـەوە جیـاوازیی دوو فـۆنێمی بزوێنـی (و — U)ی كـورت و (وو — û)ی درێـژە، كـە (د. عەبـدوڵلا) بەیـەك فۆنێمیـان دادەنـێ و دەڵـێ: (( هەرچـەندە كـورت و درێژیەكەشی دەسكاری و ئاڵوگۆڕ بكرێ، واتای وشەكە نـاگۆڕێ، جگـە لـە وشـەی (كـوڕ)، لـە درێژكردنـەوەی (و)دا واتـای دەگـۆڕێ و دەبێتـە (كـووڕ)، واتـە ئـەم وشـەیە لـە گریمانـە نـاوێزە دەردەچێ...)).

بۆ یەكەم جار بەنـدە لـە لاپـەڕە (٩٣ — ٩٤)ی كتێبـی ((نووسـینی كـوردی بـە ئـەلفوبێی عەرەبی)) (١٩٨٦)دا ئەوەی یادداشت كردووە: (( گومان لەوە ناكرێ كە لە زمانی كوردیـدا (و — U) و (وو — û) دوو فۆنێمن چونكە گۆڕینی (و — U) بە (وو — û) جیاوازی دەخاتە نێـوان وشەوە و وشەی نوێ پەیدا دەكا. بەوێنە ئەگەر لە وشەی (كوڕ)دا فۆنێمی (و — U) بكرێتە (وو — û) ئەوە وشەكە دەبێتە (كووڕ) واتە جیاوازی كەوتە ناوانەوە و لەبەر ئەوە دوو فـۆنێمن. بـێ گومان كە فۆنێمی جیاواز بوون، ئەوە بۆ تێكەڵ نـەكردنیان لـە ڕێنووسـدا پێویـستییان بـە دوو نیگاری جیـاوازە)). وەك ئاشـكرایە بـۆ هـەر دەنگێـك لـە دەنگـەكانی زمـانی كـوردی پیتێـك كراوەتە وێنـە، بـەڵام بـۆ نیـشاندانی دەنگـی (و)ی درێـژ دوو پیـت دانـراوە. بـێ گومـان هـیچ لێكدانەوەیەك ڕێگە بەوە نادات كە دوو پیت بكرێتە نیگاری یەك دەنـگ. ئـەوەی لایـەنگیرانی دوو واو نووسینی بە هەڵە بردووە، ئەوەیە كە لە كوردیدا بەرانبەر دەنگی (و)ی درێـژ، دەنگـی (و)ی كورت هەیە. جا ئەگەر بەپێی ئەو بۆچوونە هەڵەیە نیگار بۆ دەنگـەكانی زمـانی كـوردی دابنێین، ئەوە دەبێ لە بریتی (ا)یش دوو (ە) بەكاربهێنین و لـە جیـاتی ئـەوەی بنووسـین (ڕان)، بنووسـین (ڕەەن). یـاخود كـە لـە كوردیـدا دەنگـی (ڕ) و (ڵ)... هەیـە، ئـەوە بـەو پێیـە بـۆ جیاكردنەوەیان لـە (ر) و (ل)... دەبـێ دوو (ر) و دوو (ل)... بنووسـین، واتـە لـە بریتـی (ڕان، داڵ) بنووسین (ررەەن، دەلل)... نووسینی دوو واو لە سەرێكی تریشەوە تووشی ئەندێشەیەكمان دەكات ئەویش ئەوەیە، ئێمە لە كوردیدا بـۆ نووسـینی دەنگـێ كـە هێـز (النـبرە - Stress)ی

لەسەر بیّ دوو جار پیتەکە دەنووسین، وەك (میللەت، کەللە...). جا ئێمە کە دەستوورمان بۆ دەربڕینی هێز ئەوە بوو پیتەکە دووبارە بکەینەوە ، لە نووسینی دوو (و)دا دەستوورەکەمان لیّ هەڵدەوەشێتەوە، چونکە مەبەستمان هێز نییە.(١٣) ئەوانەی ئەوە بە کارێکی ناشیینە دادەنێن، کە کۆڕ (و- کەشیدەیەکی لەسەر) لە جیاتی (وو) دەنووسی، ئەوە لەو سەرەتا ئاشکرایەی زمانەوانی بیّ ئاگان، کە دانانی دوو پیت بۆ نیشاندانی یەك فۆنێم باش نییە، سەرەڕای ئەوە دانانی چوکڵە ئاسانتر و خێراترە لە نووسینی پیتێکی سەرلەبەر. جا کۆڕ هەستی بەوە کردبوو و بۆیە پیتێکی هێشتبووەوە و وەك وێنەی درێژیش کەشیدەیەکی لەسەر دانابوو. لە ڕووی زانستی زمانەوە ئەمەی کۆڕ پەسەندە، بەڵام نووسینی دوو واو لەبەر نییە، کەچی بە داخەوە لە ڕووی ڕوخسارەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەشیدەیە لەسەر (فتحە)ی عەرەبی دەچیّ، هێندیّ گیرگرفتی پەیداکردووە. ئەگەر لە بریتیی ئەو کەشیدەیە نیشانەیەکی دی لەسەر یان خوار پیتی (و)ەوە دابنرایە، ئەوە چاکتر بوو... بەڵیّ ئەو کەشیدەیە شێوەی جوان نییە، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕاستە، کەچی هەندیّ کەس ئەو ڕاستییەیان کردبووە ژێر لێوەوە و هەر لەبەر ئەوەی کاری کۆڕە، بەلایەنی خراپ بوو(١٤) هەرچی دوو وشەی (کوڕ) و (کووڕ)یشن ، کە بەندە کردوونی بە بەڵگەی ئەوەی (و — u) و (وو — û) دوو فونێم بن، نەك هەر (د. عەبدوڵڵا) ی هێناوەتە سەر ئەو ڕایەی تەنیا بۆ بابەتە هەر ئەو دوو وشەیە هەبن، بەڵکو زمانەوانانی دیشی بە هەمان ڕێگەدا بردووە:

ئەوەتە (د. ئەبوبەکر عومەر عەلی) دەڵیّ:

أ- ((یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی (فۆنێم) ئەوەیە کە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە. لە زمانی کوردیدا کە دێیتە سەر بەراوردی (و)واوی کورت و (وو) واوی درێژ، تەنیا لە یەك وشەدا نەبیّ ئیتر بە هیچ جۆرێك (وو)ی درێژ واتای وشەمان بۆ ناگۆڕیّ و وشەی نوێمان بۆ دروست ناکات. کوڕ _____ کووڕ

ب- بە سەرنجدانی هەموو ئەو وشانەی کە ئێستا بە (وو)ی درێژ ئەنوسرێن و ئەگەر هەمان ئەو وشانە بە (و)ی کورت بنوسرێن هیچ لە واتاکانیان ناگۆڕیّ و وشەی نوێمان بۆ دروست نابیّ

دوور - دور

سوور - سور

نووسین - نوسین

نووستن (١٥) — نوستن (١٦)

وا پیّ دەچیّ ئەو دوو برایە برایەتی دیی هاوبیریان، کەمێك بیریان نەکردبێتەوە پەچێك خۆیان ماندوو نەکردبیّ، بۆ ئەوەی بزانن لە زمانی کوردیدا وشەی دی هەیە، گەر (و — u)ی

کورته بزوێنی بکرێ به (وو — û)ی بزوێنی درێژ، ئەوە مانای نوێ پەیدا دەبێ، یان نا... ئاخر چۆن چۆن دەشێ ئەو تاکە نموونەیەی بەندەی بیست ساڵێك لەمەوبەری کردبێتە بەڵگەی نیشاندانی دیاردەیەك، ئەمرۆ ئەوان بیکەنە تیۆرییەکی ڕەتکردنەوەی بوونی فۆنێمی (وو)...

ئاخر، که له زمانەکەماندا چەندین وشەی دی هەبن و نیشانی ئەوە بدەن، کە (و — u) و (وو — û) دوو فۆنێمی جیاوازبن، ئیتر چۆن دەشێ بەیەك فۆنێم دابنرێن.

فەرموون! ...... ئەوە لیستێکی کورت و سەرەتایی بۆ پێسەلماندنی ئەو ڕایە:

شوله : پێمەڕەقوڕ ...... شله، ئاشتی تراو

شووله : جەواڵ تێر ...... گیای دەڵا و به گەورەیی و هەراشی

قون : زۆب ، قنج

قووت : ١- پاروو له گەروو چوونه خوار

٢- ڕووت ، بێ پۆشاك

٣- بژێو ، زەواد

کوت : ١- پارچه

٢- لێدان

٣- مۆرفێمی کۆتایی (شەل و کوت)... واته: کەسێك که لەبەر ماندوویی یان لێدان له کارکەوتبێ (هێندەی لێداوه شەل و کوتی کردووه).

کووت : ١- بەینی زەرعات.

٢- وشەی بانگکردنی سەگ.

کوچ : ١- خڕکە بەرد

٢- شەپڵە لێدراو

کووچ : ١- کەسێ ئەنگوستی له پێنج کەمتر بێ

٢- کۆڵە ، بێ شاخ

کوز : ١- زێ ، قوز

٢- گۆزە

کووز : ١- قاش له میوه

٢- تەختەی باریك له شۆکردنی زەمین

٣- زۆپی نێوان تیخی خەنجەر و شمشێر، دووخ

٤- حەشارگەی کەو

٥- چووز (چووزانەوەی پێست)
٦- قەمبوور، پشت چەماوە

کوژە : ١- قەستەسەر (ئەم دەرمانە کوژەی سنە)
٢- دەڵەك
کووژە : ١- لوساوکی گەنم لە ئاسیاودا
٢- ئامرازێکی خوێن گرانە لە هەمانە
کوك : ١- قەڵاۆش
٢- بەنرخ، بەبەها، بایی دار
کووك : کەڵەشێر، کەڵەباب
کوکە : ئاژاوە و پشێوی
کووکە : ١- قوو قووی کەڵەشێر
٢- وشەی چووك شاندن (ئەوەند کووکە)
کول : ١- تیغێ کە نابرێ
٢- چاوی بە ژان یان کر
٣- خەم، خەفەت
٤- بریندار، ئێش و ئازار
٥- شەکەت
٦- بە تالآیی لای سەرووی ڕان
کوول : ١- تەشتی نانکەران
٢- پێڵە
٣- فیلی شەترەنج
٤- تەویلە
٥- ئەشکەوت
کولا : ١- برین وەژان کەوتن
٢- جۆشیا، قوڵتی دا
کوولا : هەیوانی لە شوولێ و قامیش
کون : ١- هەر شتێ لە ناوەڕاستی بروانرێ ڕووناکی ئەودیوی لێ دیاربێ
٢- خانووی جانەوەرانی وردیلە و خڕۆڵ و کێوی (کونە مێروو، کونەمار)

کوون : ١- قنگ، قوون
٢- چۆنن، چلۆنن
گورپ : ١- له‌ بەرزبییەوە بازدان
٢- جێگەی پەنامو لە دارکاریدا
گووپ : بۆ شایی لاشەویلاکە
گوچ : ١- ژەك، فرچك، یەکەم شیر
٢- پەنەمان لە زەبر
گووچ : قوژبن، سووچ، گۆشە
گوز : لەپڕ، گوز و گومبەت
گووز : ١- گوێز، گرتەکان، گردەکان
٢- قۆز
گوسك : گۆزك" گۆزەی بچووك، کووپەڵە
گوسك : ١- سەعات" کاتژمێر" دەمژمێر
٢- قیبلە نوما
گوڤ : گڤڤە" گیزە
گووڤ : کونی جانەوەری کێوی
گون : ١- باتو
٢- دێ(گوند)
گوون : ڕەنگی چڕوچاو
گور : ١- گورگ
٢- قەراغی کەوش
٣- کۆبوونەوە
٤- لە پێست دەرهێنان
٥- سەربڕین
گوور : بێچووی چێڵ (مانگا)
گوران : لە پێست دەرهاتن" سەربڕان،گورین،گورروون
گووران : ١- رسکان" رەگ داکوتان و ڕوان

٢- ڕۆح هاتنەبەر و دروست بوونی پێزە(ریشەکە گووراوە و شین بووە" زارۆڵە لە زگیا گووراوە

گورە : کار، گوروە

گوورە : ١- گۆروا، جۆراو

لوت : ڕووت" بێ جل و بەرگ

لووت : کەپوو" بیڤل، دفن، تفنك

لوتك : سەما لە خۆشیدا" بازبردن

لووتك : ئاوبارە" قەمتەرە

لور : لەوێ، لەوێندەرێ

لوور : ١- حەپەی درێژی سەگ و گورگ و چەقەڵ

٢- دەنگی بلوێر

٣- ڕاست و تەخت

٤- پێچ دراو: (چاوان مەڕێژە بسکان مەکە لوور)

٥- بە تەوژم سەرەوژێژ هاتنی باڵدار

هول : گوڵێکی زەردە

هوول : ١- واش، بەش

٢- سەرلێ شێواو

٣- گای زۆر قەڵەوی زل

٤- بزنی گوێ سوور

هولە : جۆبرە" جۆبرکە، مڵە

هوولە : ١- هوول (بە هەموو ماناکانی)

هوولە ماسی/ ماسی گەورە

٢- قیڕاندن بۆ گورگ ڕەواندن

تالوگە : ١- ماندوو، هیلاك

٢- جێگەی مەترسی

تاڵووکە : پەلە، لەز

تو : تۆ — جێناوی کەسی دووەمی تاك

توو : توو" تفێ" بەری دارتوو

تور : لاڵەپەتە، کەسێك بە ڕەوانی قسەی بۆ نەکرێت

توور : توورەكە“ خورجی بچووك، توورەكەی نان و تێشوو، توور: رووەكێكی زستانەیە و دەخورێت . بەلەكی دەڵێ توورە

توژی : دابەش“ بڵاوكردنەوە بە ناودا

تووژی: ١-برندەیی تیغ

٢- چێژی توند و تیژ

تون : ١- قایم (توند)

٢- تام، چێژ

توون : ئاگردانی گەرماو ،دۆزەخ

تونە : هەر نییە“ هیچ نییە“نییە

توونە: ١- تیژە، كەسكوونە

٢- ئاگردانی گەرماوە، دۆزەخە

پوڕ : پڕ، زۆر

پووڕ : ١- ئاڵان

٢- ئاخنین

چوز : ١- پەیوەند

٢- متوربە

چووز : ١- خەتی كێژاوی ڕێك

٢- جغز

٣- ریز

٤- لكی تازە

چوزە : چەكەرە

چووزە: ١- نووكی تیژ بۆ پێوەدان لە دووپشك و زەردەواڵە

٢- بەڕوولەی خەیار و ترۆزی

خوز : ١- كووڕ“ چرچ و لۆچ

٢- تف، لیكاو

خووز : ١- هێز، توانا، وزە

٢- ناپەسەند

خوس : وس، بیدەنگ بە

خووس: خووساو

خود : خۆ، خۆی

خوود : کلاوی ئاسن

خوری :١- هری، کوڵکەی پەز

٢- خروو، خرووکە

خووری: گەلی خووری

خول : سوور، گەڕان

خوول : پشت چەماوە

دومان : تەم، مژ، تومان

دوومان : دوان لە ئێمە

دو : کورتکراوەی دوکەڵ. لە هەندی ناوچە (کارو)شی پێ دەڵێن

دوو : ژمارە ٢

دوژ : ١- دژ

٢- گوریس، تەناف

٣- سیس

دووژ : خوێن بەردان

سور : سروە، شنەبا

سوور : رەنگی سوور

سورم : زەویی ڕووتەن

سوورم : من سوورم

سون : ١- سن، بەلای گەنم

٢- باڵق(بالغ)، بلووق بوونی سەگ

سوون : ساوین

.......و دەیانی دی.

بۆم هەیە بپرسم:

کە ئەو جووتە وشانەی سەرەوە و چەندینی دی لە زمانی کوردیدا هەبن و جیاوازیی (و — u) و (وو — û) بگەیەنن، ئیتر چۆن:

١- (کوڕ — کووڕ) ناوێزەیە؟

٢- (و — u) و (وو — û) یەك فۆنێمن؟

د. عەبدوڵڵا پتر لە راستە شەقام لادەدا و دەڵێ:

١- ((دەنگی (و) پتر لە ئەلەفۆنێکی هەیە)) (ل٧).

وشـەکانی ئـەو لیـستە سـەلماندییان، کـە (و) و (وو) دوو فـۆنێمن و لـە گـەڵ ئـەوەدا، کـە ئەلەفۆنی یەك دەنگ بن، مەسەلەکە ئاسمـان و رێسمانە.... ئێمـە دەزانـین، هـەر لـە کـورت و درێژی بە دەمدا هاتنی (وو — û)دا چەندین نموونـەی ئاشـکرا هـەن. بـە وێنـە ئـەو بزوێنـە لـە (نووسین، پێنووس....)دا درێژتر تەلەفوز دەکرێ وەك لە (نووسرا...)دا، کەچی تێکـڕا بـە دوو واو دەینووسین. ئەمەش کارێکی ڕاستە و لەگەڵ زانستی زماندا دەگونجێ....

هۆی ئەمەش، ئەوەیە کە لە وشەکانی (نووسین، پێنووس...)دا هێز لەسـەر دەنگـی (وو — û)ە، بەڵام لە وشەی (نووسـرا...)دا، هێـز دەخرێتـە سـەر دەنگـی (ا)... لـە زمـانی کوردیـدا دیاردەی گوێزانەوەی دەنـگ لـە بڕگەیەکـەوە بـۆ بڕگەیـەکی تـر زۆر بـاوە، بـەڵام بەداخـەوە لـە مەسەلەی رێنووسدا رەچاونەکراوە. بە رای ئێمە، نووسینمان وەك نووسـینی هەنـدێ لـە زمانـە ئەوروپاییەکان، بە تایبەتی بۆ هەڵـە نـەکردن لـە نووسـین و خوێندنـەوەی هەنـدێ وشـەدا و بـۆ تومارکردنیان لە فەرهەنگدا پێویستی بە بوونی نیشانەی (هێز — Stress)ە.

جا کورتیی دەربڕینی(وو — û) لە وشەی (نووسرا....)دا و درێژیی دەربڕینی هەمان فـۆنێم لە وشـەکانی (نووسـین، پێنـووس...)دا دەبنـە ئەلـەفۆنی جیـاوازی (وو —û)، نـەك ئـەوەی د. عەبدوڵڵا هێمای بۆ کردووە.

وینەی ئەم جۆرە دۆخانەش لە زمانی کوردیدا زۆرن. وەك:

روو : دەموچاو

روخسار: شێوە

شووش : باریك و ڕێك و جوان

شووشە : فلانەکەس (باریك و ڕێك و جوان)ە

٢- ((وشەی (کوڕ) سێ فۆنێمە: (ك + و + ڕ)، بەڵام وشەی (کووڕ) چوار فۆنێمـە: (ك + و + و + ڕ).

چ (کـوڕ) و ، چ(کـووڕ) لـە سـێ فـۆنێم پێکهـاتوون و نـەك (د. عەبـدوڵڵا) وتەنی،ئـەوی یەکـەمیان — (کـوڕ) لـە سـێ فـۆنێم و هەرچـی دووەمەکەیانـە —(کـووڕ) کـە سـێ فـۆنێم سازبوونێ...

وەك ئاشکرایە، بۆ هەر دەنگێك لە دەنگەکانی زمانی کوردی پیتێك کراوەتە نیگار، بـەڵام بۆ نیشاندانی(و)ی درێژ دوو پیت دانراوە. بێ گومان هیچ لێکدانەوەیەك ڕێگە بەوە نادات، کـە

دوو پیت بکرێته وێنەی یەك دەنگ... جا ئـەو دوو پیـت دانانـە (د. عەبـدوڵڵا) ی بـە هەڵـەدا بردووە و، ئێمەش پێشتر بـە درێـژی لـە هەڵـەی نیگـاری ئـەو پیتـە دوایـن و ئێـستا دووپـاتی ناکەینەوە.

... و هەندێکی دی.

* * * * * *

سەبارەت بە باسی دەنگی (خ) و دەنگی (غ) دوو تیبێنی دەخەمە ڕوو:

١- نووسەر کە وتوویە: ((ئەگەر سەیری دیوانە کۆنـەکانی شـاعیرە کلاسـیکیەکان بکـەین، دەبینین زۆریەی ئەم جۆرە وشانە بە پیتی (غ) نووسراون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەرە بەرە تا بەرەو سەردەمی نویٚ بێیت رێژەی بە کارهێنانی پیتی (خ) زۆرتر دەبـیٚ بەرامبـەر پیتـی (غ))) (ل١١). نووسەر بۆ بەڵگەی ئەم بۆچوونە، نەك هەر دەبوو چەندین بەیت لە دیوانی شاعیرەکانی زووەوە بهێنێتەوە و بیانکاتە بەڵگەی وتەکانی، تا خوێنـەر گومـان لـەوە نـەکات، کـە دەیڵـیٚ، بەڵکو باش وا بوو پەنجە بۆ ئەوەش رابکێشیٚ کە بە پێچەوانەوە هەندیٚ وشەمان هەیە لـە زوودا لە شێوەی (خ)دا بەکارهاتوون و دواتر بوون بە (غ).

بە وێنە، وشەی (بناغـە) پێکهاتووە لە:

(بن) — لای خوارەوەی شت" دیووی ناوەوە (بنی کووپە).

(ئاخ)= (خاك)- (خـاك و خـۆڵ). وشـەی (ئـاخ) لـە شـێوەی ناوەنـدی زمـانی کوردیـدا لـە بیرچووتەوە و تەنیا لە هەندیٚ مەڵبەند، زیاتر لە هەولێر و دەوروپشتی لە وشـەی (ئاخـەلێوە)دا ماوەتەوە کە ئەمـەشیان لە موکریان و هێندیٚ ناوچەی دی هەر بووەتە(خاکەلێوە).

جا وێرای (هێز)، چەندین دۆخی دی هەن، کە ببنـە نموونـەی ئـەوەی (و — u) و (وو — û) دوو فۆنێم بن. وەك:

١- خستنە سەری ئامرازی (ش) بۆ سەر وشەیەك، کە بە (وو) کۆتایی هاتبیٚ:

گوش : پارچەی تەلیس

گووش : (گوو) = تلتەی خۆراك + (ش) = ئامراز

........ هتد

٢- هێنانی جێناوی لکاو بەدوا وشەیەکدا، کە کۆتاییەکەی(وو) بی:

خوت : خوت و خۆڕایی، بیٚ هوودە

خوت: (خوو) = نەریت، ئاکار + (ت) = جێناوی لکاوی کەسی دووەم

.........

٣- هاتنی (و)ی پێوەندی بەدوا وشەیەکدا و بە دوایدا وشەیەکی دی، کە بە (وو) تەواوبووبێ:

مارو : (مار)= جانەوەرێکی خزۆکی درێژۆکەی بە دریشۆکەیە ژاری هەیە و پێوەدەدا + (و) = ئامرازی پێوەندی.

مێروو = مرۆچە

...... چەندینی دی

ئەم نموونانە و گەلێکی تری لەو چەشنە، ئەوە دەردەخەن، کە (و — u) و (وو — û) دوو فۆنێمن.

بە ئاشکرا دەبینین لێرەدا (خ) بووە بە (غ)... دەنا دەبوو بوترێ (بناخە).

.......و هەندێکی دی.

٢- (د. عەبدوڵڵا) کە نووسیویە: ((دەنگی (خ) دەتوانێ لە هەموو وشەیەك لە شوێنی دەنگی (غ) بەکاربێ)) (ل١٢)...

باشتر وا بوو بڵێ لە (زۆربە)، نەك(هەموو)...چونکە ئەوەتە چەندین وشەمان هەیە ناشێ دەنگی (غ)ی بکرێ بە (خ)، وەك:

غار = درِك ، چقڵ

غز = سەرڕێژکردنی هەویر و ماستی ترشاو.

غوۆەکەو = کەو لەبەریەك راگرتن، کە بۆ یەکتر بخوێنن.

غوول = مێرد ئەزمە، دێوەزمە.

غەریب = ئاوارە لە وڵات.

غەوارە = بێگانە.

غێدان = گوندێکی کوردستانە

غیژ = لوور

جغز = خەتی بە دەورە. بازنە

..........و جەندینی دی.

* * * * * *

هەرچی بۆ ئەو باسەشێتی، کە لەمەڕ ((دەنگی(ح) و دەنگی (ع) ))ەوەیە (ل١٠ — ١١)، سەرنجمان لەسەر چەند بەندێکی، دەخەینە ڕوو، کە تیایاندا دەڵێ:

١- (( لەوە دەچێ دەنگی (ح) و (ع) دوو دەنگی ڕەسەنی کوردی نەبن و بە کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی هاتبنە زمانی کوردیەوە)) (ل ١٠). بۆ ئەم بیرۆکەیە، وا پێویست بوو ڕوو لە ئێتیمۆلۆژی بکا، تا ڕەسەن بوون، یان ڕەسەن نەبوونی ئەو دوو دەنگە یەکلایی بکاتەوە... دەنا (( لەوە دەچێ)) تەنیا وتەیەکی سەرپێیە و ناچێتە نێو قالبی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە.

٢- ((ئەو وشە کوردیانەی یەکێ لەم دوو دەنگەیان تیادابێ زۆر دەگمەنن و ئەوانەش کە لە ئارادان گومانی خۆماڵییان لێ دەکرێ)) (ل١٠).

* بەر لەوەی نووسەر بڕیاری((دەگمەنی))ی ئەو وشانە بدا، کە دەنگی (ح) و (ع)یان تێدا بێ، باشتر وا بوو کەمێ بگەڕێ، تا بزانێ ئەو هەموو وشانەی خوارەوە و چەندینی دی، کە تەنیا لەسەرەتادا (جگە لە ناوەڕاست و کۆتاییدا)، (ح)یان تێدایە، لە کوێوە هاتوون؟...وەك:

حا، حای = ئامرازی سەرسوڕمان.
حاپول = هەنگاوی گەورە لە بریدا.
حاپۆل، حەپۆل = زەلامی تێنەگەیشتوو.
حاتۆر = داری ئەستووری گێچ کوتان
حاش = بێ بەهرە.
حرچ = ورچ، هرچ.
چرچڕ = حیلەی ئەسپ.
حود = دەفری لچ ولێو شکاو
حوشتر = وشتر
حەپە = وەڕە
حەپاندن = وەڕینی سەگ
حەچە = بۆ لێخوڕینی گوێدرێژ
حەز = ئارەزوو
حەسانەوە = لە ماندوویێتی ڕزگاربوون
حەش = ورچ
حەفت

حەڤدە

حەفتە، حەوتە

حەفت جۆش - حەوجۆش

حەفك = ئەوك

حەلە لە = دنەدانی سەگ بۆ تێبەر بوون.

حەم = خواردن لە زمانی منداڵاندا.

حەوا = ئاسمان

حەی، حەی حەی = ئامرازی سەرسوڕمان.

حەیتە = زەلامی زلحۆرت.

حیت = ناوی جۆرە بزنێکە

حیز = ترسنۆك

حیلە = دەنگی ئەسپ

... و گەلێکی دی.

* بۆ ئەو ڕایەشی، گوایا ئەو وشانەی، کە(ح)و (ع)یان تێدایە، گومانی خۆماڵییان لێ دەکا، خراپ نەبوو هەندێ دوای ئەوە بکەوتایە، کە بۆچی کورد لە چەندین وشەی کوردیی ڕەسەن و بیانیدا (ئ) دەکەنە (ع) و (ه)ش دەکەنە (ح).

وەك:

ئ ---------- ع :

ئاسمان ---------- عاسمان

ئاسن ---------- عاسن

ئاستەم ---------- عاستەم

ئەرز ---------- عەرز

سوئال _____ سوعال

... هتد

ه ---------- ح

مرهم ------------ مەڵحەم

گوناه ------------ گوناح

... هتد

خۆ کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان بە زۆری (ا) دەکەنە (ع)

مار ------- ماعر:

((عەلی مەمەد... د دۆر خۆە نهێری و ژ دوورڤا دیت کو ماعرەکی سپی......)) (ل ٣٤)

((پاشێن..... بمرم. تو من چاعل بکە...)) (ل ١٥٨).

...هتد (١٧) ، (١٨)

لەبەر بوونی ئەو دیاردانەی سەرەوە و هەندێکی دی، نەدەبوو د. عەبدوڵڵا وا بە ئاسانی بڵێ، ئەو وشانەی دەنگی (ح) و (ع) یان تێدایە ((گومانی خۆماڵییان لێ دەکرێ))... نووسەر سەرباری قوول نەبوونەوە لەو کێشەیە و نەهێنانەوەی بەڵگە، کەچی لە ئەنجامدا نووسیویە: ((لە بنەڕەتدا هەردوو دەنگی (ح ، ع) کوردی ڕەسەن نین و لە زمانی عەرەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی...))(ل١١).

* * *

سەرنجڕاکێش ئەوەیە، پاش ئەو هەموو ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و ساغ کردنەوەیەی چەندین ساڵ لەمەوبەر، کەچی ئەورۆ (د. عەبدوڵڵا حسین) لەمەڕ (i)ەوە دەڵێ: ((دانان و دانەنانی، واتە" نووسین و نەنووسینی نابێتە هۆی تێکدان یان گۆڕینی واتای وشەکە)).

گەر ئێمە (i)ی نێوان (م) و (ن)ی وشەی (من) بکەین بە (ە)، ئەوە وشەکە دەبێتە (مەن)" یان (i)ی نێوان (ژ) و (ن)ی وشەی (ژن) بگۆڕین بە (ا)، ئەوە دەبێتە(ژان)...

بەدوا ئەمەشدا وا دادەنێ، کە دەشێ چەند کۆنسۆنانتێك بە دوا یەکدا بێن و نووسیویە بەمەش دەڵێن هێشوە کۆنسۆنانت... بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە نە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو وشانەی سەرەوە هێشووە کۆنسۆنانت بن و، نە ئەو وشانەی لە زمانی ئینگلیزیشەوە هێناونیەوە، کە تێیاندا چەند کۆنسۆنانتێك بەتەك یەکدییەوە نووسراون، هێشووە کۆنسۆنانت بن... وەك ئاشکرایە نووسینی ئینگلیزی لە نووسینی گەلێ وشەدا لە ڕێبازی فۆنەتیکی دەردەچێ — واتە نووسینیان و پێکهاتنیان یەك ناگرنەوە و ئەمەش هۆی ئەوەیە، کە نووسینی ئینگلیزی ڕێبازی چاولێکەری ڕەچاوکردووە و بۆیە دەیان وشە بە شێوەیەکی دوور لە پێکهاتنی دەنووسرێ... جا (د. عەبدوڵڵا) دەبوو ئەو بارە نا ئاسایی نووسینی چەند وشەیەکی ئینگلیزی نەکاتە نموونە و لەبەر ڕووناکیی ئەلفوبێی فۆنەتیکیی جیهان بیروانیایەتە ئەو چەشنە وشانەی کردوونیە بەڵگە هەر لەبارەی کورتە بزوێنی (i)ەوە (د. ڕەفیق شوانی)یش (ل ١٩) کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە، کە لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئەلفوبێی عەرەبییەوە، ئەو (i)ە لەبیر بکات. ئەوەتە دەڵێ:

((وشەی (گوڵ) لـە فـۆنێمی: (گ + و + ڵ) پێکـدێت (مـن) = (م + ن) )) (ل ٦) ئەوەتـە لێرەدا بە ئاشکرا دەبینین، کە هیچ حسابێکی بۆ (i) نەکردووە، کەچـی لـە لاپـەڕەی پێـشوودا، کە فۆنێمە بزوێنەکانی ڕیزکردووە بە جوانی (i)ی لە تەکیان داناوە:

((زمانی کوردی لە (٢٦) دەنگ پێکهاتووە، ئەم دەنگانە لە ڕووی ئەرکەوە دەبنە فـۆنێم و لە ڕووی چۆنیەتی دەربڕینەوە دوو جۆرن وەك:

١- دەنگی بزوێن vowel (ە، ا، ی، ێ، و، وو، ۆ، (i)

٢- دەنگی نەبزوێن consonants (و ، ب ، پ، ت، چ...هتد)(٢٠). ئەو کە (i)ی بـە بزوێن دابنێ، ئیتر لە وشەی (من)دا لە بیری کردووە؟

## پەراوێزەكان:

١- ڤ . ی كۆدۆخۆڤ ، سەرەتایەكی زمانناسی، مۆسكو، ١٩٧٩، ل ٢٧٤.

٢- ئا. ئا. ڕیفۆرماتسكی، سەرەتایەكی زمانناسی، چاپی چوارەم، مۆسكۆ، ١٩٦٧ ، ل ٣٤١.

٣- ڕۆژنامەی ((پێشكەوتن))، سلێمانی، ١٩٢٠ – ١٩٢٢.

٤- ئەو (داوەر ئـەردەڵانی)یـەی لـە ژمـارە(١٨)ی گۆڤـاری ((ژیـن))دا، كـە ڕێكـەوتی (٨)ی مایـسی (١٣٣٥) دەكات، لە ژمـارە(٧)ی گۆڤـاری ((كوردسـتان))یـشدا، كـە دیـسان لـە (٨)ی مایـسی (١٣٣٥) دا دەرچـووە، وتـارێكی بـە نـاوی ((هێـشتا نوسـتووین))ەوە بڵاوكردووەتـەوە و لێرەشـدا، هـەروەها پیتـی (ێ)ی بەكارهێناوە.

٥- نشریات هیوی جوانا گلبە كوردان، هینكر زیمان كوردی، چاپخانەی نجم استقبال، بـاب عـالی، ابـو السعود، ١٩٢١.

٦- عەبدولڕەحمان سەعید، كۆمەلە شیعری حاجی قادری كۆیی، بەغدا، ١٩٢٥.

٧- لاوانی كورد، ڕەوشت و خوو، بەغدا، ١٩٢٧.

٨- ڕۆژنامەی((تێگەیشتنی ڕاستی))، ژ١٦، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨، ل ١-٢.

٩- ڕۆژنامەی ((تێگەیشتنی ڕاستی))، ژ١٧، ٢٦ی شوباتی ١٩١٨، ل ١-٢.

١٠- د. عەبدوڵڵا حوسـێن ڕەسـوڵ، چـەند پیتێكـی كێـشەدار لـە نوسـینی كوردیـدا (لێكۆڵینەوەیـەكی دەنگسازییە)، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٥

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٤

١٣- شایانی باسە، مامۆستا (مەسعوود محەمەد) بە شێوەیەكی زانستی و بەڵگەی زۆر و ڕاست و لـەبار نووسینی (و)ی درێژی بە دوو واو ڕەت كردووەتەوە (بڕوانە: مەسعوود محەمەد، ڕێنووسی كۆڕ ((گۆڤاری كـۆڕی زانیاری كورد))، ب ٤، بەغدا، ١٩٧٦، ل ٣٥٧- ٣٥٨)

١٤- بە وێنە، بڕوانە: د. جەمال نەبەز، سەرنجێك لە چەند زاراوەیەكی تازە بەكارهاتوو و كۆڕی زانیاریی كورد،((گۆڤاری كۆلێجی ئەدەبیات))، بەغدا، ١٩٧٨، ژ٢٢ ، ل ٩٤.

١٥- (و)ی وشەی (نوستن) لەبەر ئەوەی كورتـە، دەبـێ بـە یـەك (واو) بنووسـرێ بـە واتایـەكی دی، ئـەم وشەیە لە ڕەسەندا بزۆێنەكەی كورتە، واتە(و –u)ە، نەك(وو – û).

١٦- د. بەکر عومەر عەلی، فۆنێمی (و)ی درێژ لـە زمـانی کوردیـدا، ((گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی))، بەشی B، سلێمانی، ٢٠٠٥، ژ١٥، ل ١١ — ١٢.

١٧- پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ(کوردۆییڤ)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی هێنانـە سـەر ڕێنووسـی کوردی و ساغ کردنەوە و وشەی لێکدانەوە: شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد، بەغدا، ١٩٧٦

١٨- لە هەندێ باردا وەنەبێ(ا)ببێ بە (ع)، بەڵکو (ع) دێتە ناوانەوە.

١٩- د. ڕەفیق شوانی،پەیوەندی پێکهاتەیی زمانی بە زانستی بیرکارییەوە، ((گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ٢٠٠٣، ژ ١٠، ل ٥ — ١٦

٢٠- لەسەر ژمارەی دەنگەکان و فۆنێمەکانی زمانی کوردی هەتا ئێستا لە نێوان زمانەوانانی کورددا ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە... بەڵام (د. ڕەفیق) ، کـە دەڵـێ، ((زمـانی کـوردی لـە(٢٦) دەنـگ پێکهـاتووە)) ، دەبوو.

١- ئەو (٢٦) دەنگە دیاری بکا، تا بزانین کامانەن و ڕامان بەرانبەریان هەیە یان نا.

٢- نیشانی بدا، کە ئەو (٢٦) دەنگە، گشتیان(فۆنێم)ن، یان هەندێکیان تەنیا دەنگن.

تێبینی:

مانگێك بەر لەکۆچی دوایی دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، ئەم وتارەمان لـە بەڕێزیـەوە پێگەیشت، تا لە گۆڤارەکەماندا بڵاوی بکەینەوە. پرسە و سەرەخۆشیمان بۆ کەسوکار و هاوڕێ و دۆستانی دووبارە دەکەینەوە.

ستافی کوردۆلۆجی

# زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و ئەلفوبێی کوردی

د. ڕەفیق سابیر

*بوون (وجود) هۆنراوەی خوایە. خوا شاعیرەو لە ڕێی زمانەوە گەردوونی خوڵقاندووە. خوا بە گەردوونی وت: ببە! گەردوونیش بوو.

یۆهان هامان ١٧٣٠-١٧٨٥

*مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەک وڵات.

(ئێمیل سیۆران)

## پێشباس

مرۆڤ تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی زمانییشە. کەسایەتیی مرۆڤ، شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی لە جیهانی دەوروبەری و ڕادەی ڕووناکبیری، پێش هەر شتیک، لە زمانەکەیدا دەردەکەون.

زمان بۆ گرووپ و نەتەوەیش دەتوانێت بە هەمان شێوە بێت، ئاستی فیکر و ئاوەز و شارستانەتی و تایبەتمەندییە کولتووری، ئێتنیکی و نەتەوەییەکانیان پێشان بدات.

کورد نەتەوەیەکی زمانییە. پێناسە (ئایدێنتیتی)ی ئێتنیکی و نەتەوەیی کورد لە زمانەکەیدا چڕ بوونەتەوە. کوردبوون، دیارە بە مانا کولتووری و ئێتنیکییەکەی، پێش هەر شتێک، لە زماندا و لە ڕێگەی زمانەوە خۆی دەردەبڕێت. کوردبوون، بە بێ زمانی کوردی، لەمەیش گرنگتر بەبێ زمانێکی هۆشدار و بە ئاگا لە بارەی خۆیەوە، تایبەتمەندیی کولتووری و ناوەرۆکی ئێتنیکی- نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدات.

زمانی کوردی، لە خاک زیاتر، بوونی بەجیاهەڵکەوتووی کوردی، وەک دیاردەیەکی جیاوازی کولتووری و ئێتنیکی، پاراستووە. ئەگەر کورد زمانەکەی لەدەست بدایە و تەنانەت وەک ئێستا لە سەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە، ئەوا لەمێژ بوو لە نێو نەتەوە سەردەستەکانی تورک، فارس و عەرەبدا توابۆوە. چونکە کورد

جگە لە زمان هیچ فاکتەرێکی دیکەی کولتووری (ئاین) یان بایۆلۆجی (رەنگی پێست و فۆرمی روخسار) لەو نەتەوانە جیای ناکاتەوە. کەچی زمان دەشێت، بۆ هەندێک گەل و نەتەوەی تر، تەنیا توخمێکی کولتووریی بێت، لە جیاتییان فاکتەرێکی دیکەی کولتووری (ئاین، مەزهەب) یان رابردووی مێژوویی، ئەو رۆڵە بنەڕەتییەی، لە پێکهێنانی پێناسە و چارەنووسی نەتەوەکەدا هەبێت.

ئەو نەتەوانەی دوای پەلاماری عەرەب، بۆ سەر ناوچەکانیان، لەناوچوون و بە عەرەب کران، لەبەر ئەوە نەبوو کە خاکی خۆیان لەدەست دا، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کولتوور و زمانەکەیان نەیانتوانی بەرگەی پەلاماری کولتوور و زمانی عەرەبی بگرن. شەری عەرەب لە دژی کولتوور و زمانەکانی دی، ئەگەر یەکەمین شەڕی کولتوور و زمانەکان نەبووبێت لە جیهاندا، ئەوا بە دڵنیاییەوە سامناکترین و کاریگەرترین شەر بووە. چونکە عەرەب بە نێوی ئاینەوە "پیرۆزی" بە زمان و کولتووری عەرەبی، کە لە بنەڕەتدا زمان و کولتوورێکی بەدەوییانە بوون، بەخشی. لە رێی سەپاندنی زمان و کولتووری عەرەبییشەوە چەندان کولتوور و زمانی گەلانی تری (ئێرانی، ئیگیپتی _قیبتی_ ئەمازیغی، فینیقی..تاد) لەنێو برد. کورد لەم شەڕەدا، بە هۆی زمانەکەیەوە، توانی پارێزگاریی لە بوون و مانەوەی خۆی بکات.

لەبەر ئەوەی زمان گرنگترین فاکتەری مانەوەی کورد بووە، شەڕی کورد لە پێناوی مانەوەدا، پێش هەر شتێک، شەڕی زمان بووە. داگیرکەرانی کوردستان، بەردەوام هەوڵی کوشتنی زمانی کوردییان داوە. ئەوان نوێنەری کولتوورێکی فاناتیکانە و ئایدیۆلۆجیایەکی شۆڤێنیستی بوون و باوەڕیان بە ئازادی (ئەویدی) نەبووە، رێزێکیان بۆ ئاین و مەزهەب و زمان و کولتووری خەڵکی تر دانەناوە. لە بەرامبەر ئەو شەڕ و پەلامارانەدا، زمانی کوردی بەردەوام لە حاڵەتی خۆپاراستن و داکۆکی لەخۆکردندا بووە و سەدان ساڵ، پێش ئەوەی ببێتە زمانی نووسین، یان زمانی ئەدەبی، وەک کۆمەڵێک دیالێکت (لەهجە) لە ئاخاوتندا ماوەتەوە و گەشەی کردووە.

کورد نزیکەی سەدەیەکە بەسەر چوار کۆمەڵ (کۆمەڵگا) و وڵاتی خاوەن سێ زمان و کولتووری جیاوازدا دابەشکراوە. داگیرکردن و دابەشکردنی نەتەوەیی و جیۆگرافیی، بە درێژایی دەیان ساڵ، جیاوازیی قووڵی کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سایکۆلۆجی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا پێک هێناوە. لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی زمانییە، سەیر نییە کە جیاوازییەکان، پێش هەر شتێک، لە

زمانەکەیدا دەربکەون، یان زمانی کوردی خۆی بووبێتە فاکتەرێکی تری دابەشبوون و لێکدابڕانی کولتووری و سیاسیی کورد.

زمانی کوردی، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، لە رووی رستەبەندی و وشەسازی و واتاسازییەوە لە ژێر کارتێکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست دایە. لەبەر ئەوەی ئەم کارتێکردنە لە سێ زمانی جیاوازەوە (عەرەبی، فارسی و تورکی)یەوە هاتووە،ئەنجامەکەی زۆر سەختتر بووە. چونکە بە هۆیەوە شێوەزمانی پەیڤین و نۆرمی نووسینی کوردی، لە باکوور و باشووری کوردستاندا، جیاوازییان زۆرتر بووە و لێک دوورتر کەوتوونەتەوە.

ئەم باسە لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەمی تایبەتە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی. مەبەست لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی ئەو زمانەیە کە دوو سەدەیە، لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستاندا، زمانی نووسین و ئەدەبیاتە. ئەم زمانە، لە رەوشی مێژوویی و سیاسی و کولتووریی کورددا، بە جۆرێکی سروشتی دەرکەوتووە، گەشەی کردووە و خۆی چەسپاندووە. نزیکەی سەدەیەکیشە زمانی خوێندن و نووسین و رۆژنامەوانی و زانست و زانین و زمانی هەر حوکمڕانی و حکومەتێک بووە، کە گەلی کورد لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستاندا، دای مەزراندوون. بە کردەوەیش رۆڵی تەواوی زمانی ستانداردی گێڕاوە و دەگێڕێت.

لە پاڵ ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەدا، لە ئەدەبیات و نووسینی کوردیدا شێوەزمان و دیالێکتی تریش، کوردیی سەروو (کرمانجی) بادینانی و زازا، بەکار دەهێندرێن. ئەم دیاردەیە، کە لە دنیادا نمونەی نییە، تا چەند کار لە یەکبوونی زمانی کوردی و یەکبوونی کولتووری و نەتەوەیی کورد دەکات؟

ئایا زمانی کوردی، بە راستی یەک زمانە، یان بەرەو چەند زمانێک دەڕوات؟ ئەگەر یەک زمانە بە چەندان دیالێکتەوە، جیاوازیی نێوان دیالێکت و زمان چییە؟ ئایا دیالێکت دەتوانێت پرەستیژی زمانی هەبێت و داوای بە ستانداربوون بکات؟

لەم باسەدا هەوڵ دراوە باسی ئەم مەسەلانە بکریت و هۆکارە سیاسی و کولتوورییەکانی ئەم دیاردەیە و ئەنجامەکانی روون بکرێنەوە. لە هەمان کاتدا ئاماژە بە ئەزموونی چەندان نەتەوە، لە بواری پێکهاتنی زمانی ئەدەبی و بەستانداردکردنی زمان و کێشەی نێوان زمانی ستاندارد و دیالێکتەکان، دەکرێت.

بەشێکی تری ئەم باسە بۆ ئەلفوبێی کوردی تەرخان کراوە، کە چوار سەدە زیاترە لەگەڵ پەیدابوونی نووسینی کوردیدا دەرکەوتووە. بەڵام لە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی

ناسیۆنالی تورک، لە ساڵی ١٩٢٤ دا ئەلفوبێی لاتینی-تورکی بە سەر گەلانی نێو تورکیا (لەوانە بە سەر کورد) داسەپێندراوە. بە هۆی سەپاندنی ئەم ئەلفوبێ نوێیەوە، کوردی باکووری کوردستان نەک هەر لە ڕیشەی مێژوویی و رابردوویان دابڕاون، بەڵکو تا ئیمرۆیش، لە هەر پەیوەندی و کارتێکردنێکی ئەدەبی، کولتووری، فیکری و سیاسیی بەشەکانی تری کوردستان بە دوور ماونەتەوە.

دواجار، لەم باسەدا گرنگی بوون و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی زمانی، لە باشووری کوردستاندا، پێشنیار کراوە. بەو ئامانجەی زمانی کوردی، لە ئاژاوە و پاشاگەردانی دەرباز بکرێت، لە ڕێی یاسا و دەزگای تایبەتی زمانییەوە بپارێزرێت. دیاردەی فرە دیالێکتی، لە جیاتی ئەوەی بەرەو جیاوازی و لێکدابڕانی کولتووری و نەتەوەییمان بەرێت، بکرێتە مایەی دەوڵەمەندیی کولتووری و یەکبوونی نەتەوەییمان بەهێز بکات.

## *بەشی یەکەم: زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی

### ١- زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو

هەر زمانێک لە کۆمەڵێک دیالێکت پێک هاتووە. زمان و دیالێکت، لە رووی زانستی زمانەوە جیاوازییەکی گەورەیان لە نێواندا نییە. هەر دیالێکتێک لە ڕێی پێنووسین و نووسینەوەی ڕێزمانەکەی و دانانی فەرهەنگەوە دەشێت لە ئەنجامدا پرەستیژی زمان پەیدا بکات و ببێتە زمان، یان رۆڵی زمان ببینێت. بەڵام گۆڕینی دیالێکتێک بۆ زمانێکی سەربەخۆ لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسییە. بڕیاری سیاسی دەتوانێت دیالێکتی زمانێک، کە هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ زمانەکەدا نییە، بگۆڕیت بە زمانێکی سەربەخۆ، وەک دواتر بە نموونەوە باس دەکرێت.

زمانی ئەدەبی، وەک دیاردەیەکی نوێی کولتووری-زمانی، لە بنەڕەتدا لە دیالێکتێک، یان چەند دیالێکتێکی زمان پێک دێت. ئەم دیاردەیە، کە لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووی گەلێکدا دەردەکەوێت، بە سەرەتای سەردەمێکی نوێی سیاسی و کولتووری دادەندرێت. لەو سەردەمەدا زمانی نەتەوە لە زمانی ئاخاوتن و پەیڤینەوە دەگۆڕدرێت بۆ زمانی نووسینیش. لێرەوە زمان (دواتر نەتەوە) هۆشیاری لە بارەی خۆیەوە پەیدا دەکات و لە زمانێک (نەتەوەیەک) لە خۆیدا، دەگۆڕدرێت بە زمانێک (نەتەوەیەک) بۆ خۆی. زمان لە حاڵەتی پاسیڤیی خۆی دەردەچێت و دەبێتە فاکتەرێکی چالاک، کە بە هۆیەوە کولتووری هاوبەشی نەتەوە خەسڵەت و

تایبەتمەندییەکانی خۆی پێشان دەدات و پەیوەندیی نوێ لە نێوان بەش و ناوچەکانی وڵاتدا دەردەکەوێت. سەرەنجام زەمینەی لێک تێگەیشتن و هەستی هاوزمانی، هاوکولتووری، هاوخاکی و هاوچارەنووسی لە نێو ئەندامانی نەتەوەکەدا، کە سەر بە دیالێکتی جیاوازن، پێک دێت. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی زەمینەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و هاوئاهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی ئامادە دەکات.

زمانی ئەدەبی (هەروا هۆشیاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم) لە هەر وڵاتێکدا، سەرەتا لە ناوچەیەکی وڵاتەکەدا پەیدا دەبێت، دواتر لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە. بۆیە ئەو زمانە ئەدەبییە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیالێکتێک، یان چەند دیالێکتێکی ئەو ناوچەیەی کە تیایدا دەرکەوتووە، بەخۆ دەگرێت. بەڵام دواتر، لەگەڵ گەشەکردن و پەلهاویشتنیدا، لە لایەکەوە جێگای خۆی لە نێو دیالێکتەکانی دیکەی زمانەکەدا دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە بەو دیالێکتانە متۆربە دەبێت. بە جۆرێکی سروشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئەو دیالێکتانە، بە تایبەتی لە رووی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) و واتاسازی (لێکسیکۆلۆجی) و وشەسازی (مۆرفۆلۆجی) ئاوێتەی خۆی دەکات. کەواتا زمانی ئەدەبی، لە هەر ناوچەیەکی وڵاتدا و لە سەر بنەمای هەر دیالێکتێکی زمانەکە پەیدا ببێت، لە پرۆسەی بوونی بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوودا، رەنگ و مۆرکی تێکڕای زمانی نەتەوە و زۆربەی دیالێکتەکانی دەگرێت.

ئەزموونی مێژوویی گەلان پێشانی دەدات کە پەیوەندیی راستەوخۆ لە نێوان پێکهاتنی زمانی ئەدەبی و دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمدا هەیە. (بێنێدیکت ئەندێرسۆن) پێیوایە کە زمانی ئەدەبیی، لە هەندێک وڵاتی ئەوروپادا، رێگەی بۆ دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆش کرد. بە بۆچوونی ئەو، زمانی ئەدەبیی ئۆکرانی سەرەتا ساڵی ١٨٠٤ لە رێگای شیعرەوە دەرکەوت. چل ساڵ دواتر یەکەمین رێکخراوی ناسیۆنالیستیی ئۆکرانی دامەزرێندرا، کە کەوتە خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هەروا خەباتی گەلی هەنگاری (مەجەری) بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بە گەڕانەوە بۆ زمانی خەڵک و پشتکردنە زمانی لاتینی، کە تا چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم زمانی ستانداردی دەوڵەتی بروسی (نەمسا-هەنگاری) بوو، دەستی پێ کرد"١".

ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیادا، پێش هەر شتێک، وەک دیاردەیەکی کولتووری-زمانی دەرکەوت. هەندێک فەیلەسوف و بیرمەندی ئەڵمانی، لەوانە (هێردێر، فیختێ، شێلینگ) مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەییان بە مەسەلەی ئێتنیکی و کولتوورییەوە گرێ دا.

بە رای ئەوان هەر گرووپێکی خەڵک، کە خاوەنی کەسایەتی و زمانی خۆی بێت،پێویستە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیشی هەبێت. بە لای (هێردێر)ەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان تایبەتمەندیی زمان و تایبەتمەندیی نەتەوەدا هەیە. هەر نەتەوەیەک بەو جۆرەی دەدوێت بیر دەکاتەوە، بەو جۆرەیش بیر دەکاتەوە کە دەدوێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە سنووری دەوڵەت تا ئەو ناوچانە بێت کە نەتەوەکە تێیدا دەژی"٢". هەروەها (فیختێ) رای وا بوو کە سنووری سروشتیی دەوڵەت دەبێت لە سەر بنەمای زمان بێت"٣".

لە سەدەی حەڤدەیەمەوە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو (زمانی نەتەوەیی) لە نێو گەلانی رۆژئاوای ئەوروپادا، لە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ زمانی لاتینیدا دەرکەوت. ئەم دیاردەیە لە لایەکەوە سەرەتایەکی بۆ دامەزراندن، یا چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە هەر وڵاتێکی رۆژئاوای ئەوروپادا، پێک هێنا. لە لایەکی دیکەشەوە پاشەکشەی تەواوی بە زمانی لاتینی کرد، کە زمانی کڵێسا و دەسەڵات وزانست و زانین و زمانی هاوبەشی خوێندەوار و رووناکبیران بوو.

زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو سەرەتا، لە بەرامبەر لاتینیدا، بە زمانی خەڵک، یان زمانی گەل ناو دەبرا. بەڵام راستییەکەی دەسەڵاتداران، نەک خەڵک، برەویان بەم زمانە دا و وەک زمانی نووسین و زمانی سیستمی خوێندن بڵاویان کردەوە. ئەم زمانە نوێیە، لە هەر وڵاتێکدا، لە نێو خەڵکدا لە زمانی لاتینی ناسراوتر بوو، چونکە پشتی بەو زمانە بەستبوو کە خەڵک بە گشتی پێی دەدوان. بەڵام فۆرمی ستانداردی زمانی فرەنسایی،ئینگلیزی یان سوێدی لە کۆی هاوبەشی زمانی خەڵکەوە نەهاتبوو، بەڵکو ئەو زمانە بوو کە لە دەرباری پاشاکاندا و لای چینی سەرەوە بەکار دەهات."٤". بۆیە ئەو زمانە سەرەتا لەلای زۆرینەی خەڵک، کە بە دیالێکتی ناوچەیی خۆیان دەدوان، زانراو نەبووە. بەڵام دواتر لەگەڵ سەقامگیربوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و بڵاوبوونەوەی سیستمی خوێندن و قوتابخانە و دەرکەوتنی چاپەمەنیدا، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، وەک زمانی ستاندارد و دەوڵەت، بە فراوانی لە ناو خەڵک و تەواوی ناوچەکانی وڵاتدا بڵاو کرایەوە و چەسپێندرا.

پرۆسێسی پێکهاتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و بەستانداردکردنی، لە زۆربەی وڵاتاندا، شانبەشانی دروستکردنی نەتەوە و چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگاکانی رۆیشتووە. ئەم پرۆسێسە، لە هەندێک وڵاتدا، دەیان ساڵی خایاندووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٧٩٠ دا تەنیا لەسەدا دەی خەڵکی فرەنسا زمانی ستانداردی فرەنسیی زانیوە.

دواتر لە ساڵی ١٨٧٣ دا هێشتا زیاتر لە چواریەکی هاووڵاتییانی فەرنسا لە زمانی ستانداردی فەرنسیی نەگەیشتوون"٥".

بۆیە پێکهاتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و بە ستانداردکردنی، پەیوەندیی بە زۆری و کەمی ژمارەی ئەو کەسانەوە نییە کە بەو زمانە دەدوێن، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بەو رۆڵە مێژووییەوە هەیە کە ئەو زمانە لە ژیانی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەدا بینیویەتی و دەیبینێت.

## ٢-لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووەوە بەرەو زمانی ستاندارد

زمانی ستاندارد لە ناوەرۆکدا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە لە فۆرمیکی سیاسی-یاساییدا. زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، کە لە سەردەمێکی مێژوویی ژیانی نەتەوەدا پێک دێت، لە پرۆسێسی بەرەوپێشچوون و بڵاوبوونەوەیدا، بنچینەی هاوبەشی پێکەوەهەڵکردن و هاوئاهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی دادەڕێژێت و رەوایی ستانداردبوونی خۆی دەسەلمێنێت. سەرەنجام بەرەو ئاسۆی بەستانداردبوون دەچێت. ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، لە هەندێک وڵاتدا، بە بڕیاری دەوڵەت کراوە بە زمانی ستاندارد و چەسپێندراوە. لە هەندێک وڵاتی تردا زمانەکە خۆی، پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە هۆی ئەو رۆڵە گرنگە ئەدەبی و فیکری و سیاسییەی لە ژیانی نەتەوەدا بوویەتی، ستاتووسی زمانی ستانداردی پەیدا کردووە. دواتریش، واتا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە بڕیاری سیاسی سروشتی فەرمی (رەسمی)ی زمانی ستانداردی پێدراوە، قانوون و دەزگای تایبەت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی دامەزرێندراون. بۆ نموونە زمانی نوێی فارسی، سەرەتا لە سەدەی دەیەمدا، دەرکەوت و بە جۆرێک بڵاو بۆوە، کە لە سەدەی دوازدەیەم و سێزدەیەمدا لە ئاسیای بچووکەوە تا هیندستان زمانی ئەدەبیات بوو"٦" کاتێک سەفەوییەکان، کە تورکزمان بوون، لە ساڵی ١٥٠١ دا، دەوڵەتی ئێرانیان دامەزراند، سەرەتا زمانی ئازەری و دواتر زمانی ئەدەبیی فارسییان کردە زمانی ستانداردی دەوڵەتەکەیان. کەچی تورکەکان و زۆرینەی خەڵکی نەخوێندەواری فارس بەو زمانە ئەدەبییە ئاشنا نەبوون.

زمانی عیبریی نوێ نموونەیەکی دیکەی بەستانداردکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێشان دەدات. زمانی عیبریی نوێ، وەک زمانی ئەدەبی، لەسەر بنەمای زمانی کۆنی عیبری، بە کۆششی ناسیۆنالیستانی جوو لە ئێکسیل، پێک هات. کاتێک لە ساڵی ١٩٤٨ دادەوڵەتی

ئیسرائیل دامەزرێندرا، هەر لە سەرەتاوە زمانی ئەدەبیی عیبریی کرا بە زمانی ستانداردی وڵات. زۆرینەی ئەو جوولەکانەی دواتر، لە دەیان وڵاتانی دنیاوە، بە کوردستانیشەوە، روویان لە ئیسرائیل کرد، بەو زمانە ئاشنا نەبوون. بەڵام لە رێگای دەزگاکانی خوێندن و دەزگاکانی تری دەوڵەت و میدیاوە، فێری زمانەکە بوون. ئاشکرایە ئاین، نەک زمان، ناوەرۆکی پێناسەی نەتەوەی جوو پێک دێنێت. ئەگەر دەوڵەتی ئیسرائیل، لە جیاتی زمانی عیبری، هەر زمانێکی دی (بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی) بکردایە بە زمانی ستاندارد،گەلی جوو و دەوڵەتی ئیسرائیل، بە هۆی ئاینەکەیانەوە، پێناسە (ئایدینتیت)ی نەتەوەیی خۆیان دەپاراست. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا مەسەلەی زمان و زمانی ستاندارد، لای ئەوان، بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی هێندە گرنگ و چارەنووسساز داندرا.

ستانداردکردنی زمانی تورکی، لەگەڵ هەموو خەوشەکانیدا، نموویەکی ترە، کە خراپ نییە لێرەدا زۆر بە کورتی باسی بکەین.

ناسیۆنالیزمی تورک، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک هێزێکی نوێی سیاسی لە ئەستەمبووڵ و هەندێک ناوچەی تری تورکیادا دەرکەوت. ناسیۆنالیزمی تورک دەیویست، لە پاڵ ریفۆرمی سیاسی و دەستوورییدا، ئایدیۆلۆجیای ئاینیی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕێت بە ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی تورک. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریای عوسمانی تیک شکێندرا و لەسەر کەلاوە و لە پاشماوەکەی، دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک دامەزرێندرا. لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەدا، ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی تورک لە ئاینییەوە گۆڕدرا بە ناسیۆنالیزم و پانتورکیزم، یان تورکیزم کرا بە ئاینی نوێی دەوڵەتی تورکیا. بۆیە تورکبوون، لە جیاتی مسوڵمانبوون، لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا، کرایە بنچینەی هاووڵاتیبوون. زمانی نوێی تورکی، کە لە بنچینەدا دیالێکتی ئەستەمبووڵ بوو، کرایە زمانی ستانداردی دەوڵەتی تورکی و جێگای زمانی تورکیی عوسمانیی گرتەوە. سەپاندنی زمانی نوێی تورکی، شانبەشانی پرۆسێسی دروستکردنی نەتەوەی تورک دەستی پێکرد. دەوڵەت لەپرۆسێسی ستانداردکرنی دیالێکتی ئەستەمبوڵیدا، ئەلفوبێی لاتینی لە جێی ئەلفوبێی تورکیی عوسمانیدا (عەرەبی-فارسی-کوردی) سەپاند و زمانی هەموو گەلانی تری تورکیای یاساخ کرد. بە پێی مادەی دووەمی دەستووری ساڵی ١٩٢٤زمانی تورکی و نەتەوەی تورک کران بە تاکە زمان و تاکە نەتەوەی دانپێدانراوی تورکیا."٧" بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە زمانییە- نەتەوەییە دەبوو، لە پاڵ تۆقاندن و کوشتنی بە

کۆمەڵدا، گەلانی تورکیا لە ریشەی کولتووریی خۆیان دابڕدرێن و نەتەوەیەکی نوێی تورکی، بەو جۆرەی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم دەی خواست، دروستبکرێت. سەپاندنی زمانی نوێی تورکی و ئەلفوبێی لاتینی، بەشیکی گرنگی ئەم سیاسەتە زمانییە-نەتەوەییە و ئامرازێکی سەرکەوتنیشی بوو.

دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک، لە رێی زمانی نویی تورکییەوە، کەوتە بەتورککردنی خەڵکانێک کە بە تەواوی لە رابردووی کولتووری و رووناکبیری و تەنانەت لە زمانی خۆیان دابڕابوون. لەم دۆخە سەختەدا ئەلفوبێی لاتینی-تورکی، لە پرۆسێسی کوشتنی زمانی کوردیدا، بەسەر کوردی باکووری کوردستانیشدا سەپێندرا و پیرۆز کرا.

زمانی ستاندارد، لە پرۆسێسی بڵاوبوونەوەیدا، دەبێتە زمانی هاوبەشی نەتەوە و دەوڵەت. بەڵام دیالێکتەکان، بە هۆی ئەم پرۆسێسە و ئەنجامەکانییەوە، لەناو ناچن. زۆربەی دیالێکتەکان، لە پاڵ زمانی ستانداردا، بە شێوازی زیندووی جۆراوجۆر، لە پەیڤین و ئەدەب و هونەر و دیاردەی دیکەی کولتووریدا، بەردەوام دەبن و گەشە دەکەن. پێش هەزار و چوارسەد ساڵێک زمانی قورئان، کە لە بنەڕەتدا دیالێکتی قورەیش بوو، وەک زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەب دەرکەوت و دواتریش کرا بە زمانی ستانداردی هەموو وڵاتانی ناونراو بە عەرەبی. کەچی دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی هێشتا لەو وڵاتانەدا درێژە بە خۆیان دەدەن. ساڵانە بە سەدان فیلم، گۆرانی، کۆمەڵەشیعر و شانۆنامە بەو دیالێکتانەی زمانی عەرەبی (بە تایبەتی لەهجەی میسری، لوبنانی، عێراقی، سودانی..تاد) دەهێندرێنە بەرهەم. راستییەکەی ئەو دیالێکتانە، کە زۆر لە زمانی ستانداردی عەرەب جیاوازن، شانبەشانی زمانی ستانداردی عەرەبی لە پێشبڕکێ دان. لە پەیڤین و نووسینی ئەدەبی و هونەریدا بەردەوامن، بەو بەرهەمانەیش ژیانی ئەدەبی و هونەریی ئەو وڵاتانە دەوڵەمەند دەکەن. هەندێک لەو دیالێکتانە (بە تایبەتی دیالێکتی میسری و تا رادەیەک دیالێکتی لوبنانی) بە هۆی گرنگی ئەو بابەتە هونەری و ئەدەبییانەی پێیان دەهێندرێنە بەرهەم، هێندە لە نێو گەلانی عەرەبدا زانراون، کە وەک زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەبی خەڵک تێیان دەگات. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم دوو دیالێکتە نەیان توانیوە، تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆیشیاندا، جێگای زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەبی بگرنەوە و ببن بە زمانی ستاندارد، واتا زمانی دەوڵەت و دەزگاکانی. هەروا بە بیری هیچ کام لە گەلی میسر و لوبنان یان گەلانی تری وڵاتانی عەرەبیدا نەهاتووە کە داوا بکەن دیالێکتەکانیان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکانیاندا زانراون، جێگای زمانی ئەدەبیی

یەکگرتوو و زمانی ستاندارد بگرنەوە. یان بکرێن بە زمانی خوێندن لە و وڵاتانەدا، بەو بیانووەی کە منداڵان لە زمانی ستاندارد ناگەن و لە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکیاندا بە دیالێکتی وڵاتەکەیان دەدوێن. چونکە کاریکی لەم جۆرە دەتوانێت زمانی عەرەبی بکاتە چەندان زمان.

هەر زمانێک، وەک وتمان، لە چەندان دیالێکت پێک هاتووە. جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت لەو رۆڵەدا دەر دەکەوێت کە زمان، لەچاو دیالێکتدا، لە ژیانی نەتەوەدا دەیبینێت. بۆیە زمان پرەستیژ و بایەخی لە دیالێکت زیاترە. بەڵام هەر دیالێکتێک کە دەبێت زمان مەرج نییە زمانێکی پڕبەرهەم بێت، بەڵکو دەشێت زمانێکی نەزۆک بێت. لە رووی زانستی زمانەوە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان زمان و دیالێکتدا نییە. فاکتەری سیاسی، ئاینی و مەزهەبی، لە هەر وڵاتێکدا، دەتوانێت بە ئاسانی نەک هەر دیالێکتی زمانێک بگۆڕێت بە زمانێکی سەربەخۆ، بەڵکو دەشێت تەنانەت نەتەوەیەکیش بکاتە دوو نەتەوە، یان دوو گەلی جیاوازی خاوەن دوو قەوارەی سیاسیی سەربەخۆ. هەر کام لە زمانانی گرووپی سکاندیناڤی، سلاڤی و جێرمانی ...تاد لە بنەڕەتدا یەک زمان بوون. زمانی سیبۆکەرواتی، تا هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا، زمانی هاوبەش و ستانداردی گەلانی سێرب، کەروات، بۆسنی و مۆنتینیگرییەکان بوو. بەڵام کاتێک سێرب و کەروات، کە یەکەمیان سەر بە مەزهەبی ئەرسەدۆکسە و دووەمیان سەر بە مەزهەبی کاتۆلیکە، بەشەڕ هاتن و کەرواتیا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، زمانە هاوبەشەکەیشیان (سێربۆکەرواتی) بوو بە دوو زمانی سەربەخۆ. کاتێکیش بۆسنییەکان (کە گرووپێکی ئێتنیکیی سلاڤی-مسولمانن) لە دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیا جیابوونەوە، ناوی زمانی بۆسنییان لە دیالێکتەکەی خۆیان نا و رایان گەیاند کە زمانی بۆسنی زمانێکی سەربەخۆیە و زمانی سلاڤە باشوورییە مسوڵمانەکانی تەواوی یۆگۆسلاڤیایە"٨".

زمانی مەکەدۆنی، تا چەند ساڵێک پێش ئێستا، بە دیالێکتێکی رۆژئاوای زمانیی بولگاری دادەندرا. کەچی ئیمڕۆ دەوڵەتێک و زمانێک بە نێوی مەکەدۆنیا هەن. راستییەکەی جیاوازیی نێوان ئەم زمانە نوێیە لەگەڵ زمانی بولگاریدا هێندە کەمە، کە بولگارێک و مەکەدۆنییەک، بەبێ هیچ گرفتێک، لەیەکتری دەگەن. زمانانی سکاندیناڤی نموونەیەکی تری دابەشبوونی زمانە. نووسەری سوێدی (ئینگمار شۆهرمان) دەڵێت کە زۆرینەی خەڵکی سوێد زۆر ئاسانتر لە زمانانی دراوسێ (واتا زمانانی دانمارکی، نەرویجی و ئایسلاندی) دەگەن تا لە هەندێک دیالێکتی سوێدی،

بۆ نموونە دیالێکتی ئێلف دالسمۆل، گۆتلەندی، یان یِمتی"٩". کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیالێکتانە بە زمان دانانرێن. نووسەرێکی تری سوێدی (تۆرێ یانسۆن) دەنووسێت: "سوێدییەکان و نەرویجییەکان دەتوانن زۆر بە باشی لە یەکتر بگەن، کەچی سوێدی و نەرویجی بە دوو زمانی جیاواز دادەنرێن. لە لایەکی دیکەشەوە زۆرینەی سوێدییەکان یەک وشە لەو زمانە تێ ناگەن کە بە (ئێلف دالسمۆل) ناو دەبرێت و لە باکووری ناوچەی (دالەرنە) قسەی پێ دەکرێت، کەچی بە دیالێکتێکی زمانی سوێدی دادەنرێت"١٠".

مۆڵداڤیا و رۆمانیا نەتەوەیەک بوون و زمانەکەیشیان یەکە. دوای داگیرکردنی مۆلداڤیا لە لایەن رووسیاوە،رەوشی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی مۆڵداڤیا و رۆمانیا بە دوو ئاقاری جیاوازدا رۆیشتن. دوای ئازادبوونی مۆلداڤیا لە ژێردەستیی رووس، گەلی مۆلداڤیا لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ رۆمانیا یەک بگرێتەوە، سەربەخۆیی هەڵبژارد.

ئەڵمانیا لە رووی مێژوویی و کولتوورییەوە نەتەوەیەکی زمانییە و دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەڵمان، لە سەر بنچینەی زمانی ئەڵمانی پێک هات. کەچی ئەڵمانیا و نەمسا، کە دەکرا وەک نەتەوەیەک بژین، ئێستا دوو گەل و دوو وڵاتی خاوەن یەکزمانن.

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت درێژە بە باسەکە بدات دەتوانێت چەندان نموونەی دی بهێنێتەوە کە چۆن فاکتەری سیاسی توانیویەتی و دەتوانێت زمانێک بگۆڕێت بە کۆمەڵە زمانێکی سەربەخۆ، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو زمانانەدا هەبێت. فاکتەری سیاسی دەتوانێت، بە پێچەوانەیشەوە، کۆمەڵێک خەڵکی سەر بە دیالێکتی جیاوازی زمانێک، یان تەنانەت سەر بە چەند زمانێکی جیاواز، لە سایەی ئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافی هاووڵاتیبووندا، پێکەوە بهێڵێتەوە، بێ ئەوەی دیالێکتەکان شەڕی زمانی ستاندارد بکەن، یان زمانەکان خەریکی شەڕی یەکتر بن. ئەڵمانیزمانان و فرەنسیزمانانی سویسرا نایانەوێت سنووری وڵاتەکەیان بگۆڕن و تێکەڵاوی ئەڵمانیا و فرەنسا ببنەوە. چونکە ئەوان، لە وڵاتەکەیاندا تەواوی مافی سیاسی، مەدەنی ، شەخسی، کولتووری و زمانییان پارێزراوە، بۆیە خۆیان بە هاووڵاتیی سویسرا دەزانن و لەو وڵاتەیشدا نە بە کەمینە دادەنرێن و نە جیاوازیشیان لەگەڵدا دەکرێت.

## ٣-زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و بەستانداردکردنی

زمانی کوردی، وەک زمانی هەر گەلیکی دی، سەدان ساڵ تەنیا زمانی ئاخاوتن بووە. خەڵکی کورد لە زێد و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیاندا بە دیالێکتی جیاواز قسەیان کردووە. لەبەر ئەوەی کوردستان بە درێژایی سەدان ساڵ داگیر کراوە، زمانی زاڵ هەمیشە زمانی نەتەوەی داگیرکەر، عەرەب و تورک و فارس بووە. خوێندن و خوێندەواری بە زمانی ئەو نەتەوانە بوون. چەندان سەدە دەستەی خوێندەوار و رووناکبیری کورد، لە رێی ئەو زمانانەوە پێگەیشتوون و بە جیهانی زانین و زانست و رووناکبیری ئاشنا بوون. ئاشکرایە ئەو زمانانە نوێنەری کولتووری ئەو نەتەوانە و دەربڕی بیر و دنیابینی و بۆچوونی ئەو دەسەڵاتە بیانییانەیش بوون. ئەو زانین و زانیاری و پەیامە کولتوورییەیان هێناوە کە لەگەڵ باوەڕ و بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدا گونجاون. بۆیە ئەو زمانانە لە لایەکەوە پەنجەرەیەک بوون بە رووی زانین و زانستدا، یان دروستتر بڵێم بە رووی جۆرێکی تایبەت و رێگەپێدراوی زانین و زانستدا، لە لایەکی دیکەشەوە ئامرازێک بوون بۆ پێکهێنانی هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتیی ساختە و چەسپاندنی کولتوور و پەیام و جیهانبینیی نەتەوەی داگیرکەر.

لە هیچ کات و سەردەمێکدا داگیرکردنی عەسکەری، بەبێ داگیرکردنی کولتووریی نەیتوانیوە کاریگەر و بەردەوام بێت. سەپاندنی ئەو زمان و کولتوورانە، بە سەر کۆمەڵی کوردستاندا، پرۆسێسی داگیرکردنی عەسکەریی گۆڕیوە بە داگیرکردنی کولتووری و زەوتکردنی بیر و هۆشیاریی خەڵکی کورد. لەم رێگەیە شەوە کولتووری کورد ئاوێتەی کولتووری ئەو نەتەوانە بووە. دەسەڵات خۆی وەک پارێزەری کولتوورەکە وێنا کراوە و دیاردەی داگیرکردن و زاڵبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری بیانی، رواڵەتێکی سروشتیی پێدراوە. سەرەنجام سەدان ساڵ هەستی بێ بنەمای هاوبەرژەوەندیی ئاینی و هاوچارەنووسیی ئاینی، جێگای هاوبەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوچارەنووسیی نەتەوەییان گرتۆتەوە.

لە سەدەی شانزەیەم بە دواوە زمانی کوردی، لە سایەی میرنشینە کوردییەکاندا، لە زمانی ئاخاوتنەوە بەرەو زمانی نووسین چوو و زمانی ئەدەبیی کوردی پەیدا بوو. ئەم دیاردەیە، کە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرنگی ژیانی کوردە، یەکەمین جار لە باکووری کوردستان و لە سایەی میرنشینی بۆتاندا دەرکەوت. شاعیران (مەلای جزیری، فەقێ تەیران، خانی..تاد) شیعرەکانیان بەم شێوە زمانە دەنووسن و بناغەی شیعری کلاسیکی کوردییان دامەزراند. شێوەزمانی ئەدەبیی کوردیی باکوور

(كرمانجى) لەگەڵ روخاندنى ئەم میرنشینە و میرنشینەکانى ترى باکوورى کوردستان دوایى هات. بەڵام زمانى کوردى، لە سەدەى هەژدەیەمدا، لە سایەى میرنشینى ئەردەلاندا، بە شێوەزمانى گۆران (هەورامانى) دەبێتەوە بە زمانى نووسین. شاعیرانى وەک (خاناى قوبادى، بێسارانى، مەولەوى..تاد) پێشەنگى داهێنانى ئەم زمانە ئەدەبییە بوون. لە سەدەى نۆزدەیەمەوە ئەم شێوە زمانە ئەدەبییەیش دوایى دێت و شێوەزمانێکى نوێى ئەدەبى، لە سایەى میرنشینى باباندا، دەردەکەوێت، کە تا ئیمڕۆ بەردەوامە. هۆنراوەکانى (نالى، کوردى، سالم و مەولانا خالیدى نەقشبەندى) بناغەى پێکهاتنى ئەم زمانە ئەدەبییە پێک دەهێنن"١١".

ئەم زمانە ئەدەبییە نوێیە، کە هەندێک بە کوردیى خواروو، یان کوردیى ناوەڕاست و هەندێکى دیکەیش بە هەڵە، یان بە مەبەست و بۆ سووکایەتى پێکردن، بە (سۆرانى) ناوى دەبەن"١٢" بە جۆرێکى سروشتى، بۆتە زمانى ئەدەبیى یەکگرتووى کورد. لە سەرەتاى سەدەى بیستەم بە دواوە، لە ڕێى نووسین و چاپەمەنى و خوێندنەوە بە فراوانى لە باشوور و ڕۆژهەڵاتى کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و چەسپیوە. سیستمى نووسین و ڕێنووسەکەى گەشەى کردووە. لە لایەکەوە بە جۆرێکى سەرنجڕاکێش لە وشەى عەرەبى پاک کراوەتەوە، لە لایەکى دیکەشەوە بە هەزاران وشەى دیالێکتەکانى دیکەى زمانى کوردى دەوڵەمەند کراوە. د. ئەورەحمانى حاجى مارف دەنووسێت "زمانى ئەدەبیى یەکگرتووى کوردى لە سەدەى نۆزدەیەمەوە دەستى کردووە بە دروست بوون و ڕێگەى خۆى گرتووەتە بەر و لە گەشەسەندندایە. چۆن زمانى ئەدەبیى یەکگرتوو شتێک نییە ویست و ئارەزووى ئەم پادشا یان ئەو زانا ساز و تەیارى بدا، بە هەمان چەشن شتێکیش نییە، چەند زانایەک بە پێى نەخشە و پلانێک ئامادە و گەڵاڵەى بکەن، بەڵکو مێژووى نەتەوە خۆى زمانى ئەدەبیى یەکگرتوو دێنێتە ئاراوە و هەر نەتەوەیەکیش ڕێگە و ڕێبازى تایبەتیى خۆى هەیە لە دروست کردنى زمانى ئەدەبیى یەکگرتوودا"."١٣"

زمانى ئەدەبیى یەکگرتووى کوردى، لەگەڵ دەرکەوتنى خوێندنى مۆدێرن و بڵاوبوونەوەى خوێندەوارى لە باشوورى کوردستاندا، زۆرتر بڵاو بۆوە. ئیمڕۆ لە هەر بوارێکى ئەدەبى، فیکرى، فەلسەفى، ئابوورى، سیاسى، زانین و زانستدا سەدان بابەتى جۆراوجۆرى پێ نووسراوە و وەرگێڕدراوە. نزیکەى سەدەیەکیشە زمانى ڕۆژنامەگەرى و زمانى بزاڤى ناسیۆنالیستیى کورد و هەر حیزبێکى سیاسیى کوردى و هەر حوکمڕانى و دەسەڵاتێکى کوردى بووە کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتى کوردستاندا دامەزرێندرا بن

(حوکمڕانی شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان لە مەهاباد، حیزبی هیوا، کۆمەڵەی ژ. ک. پارتی دیموکراتی کورستان، شۆرشی ئەیلوول و دەسەڵاتەکەی، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەرەی کوردستانی، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان...تاد). ئەو رۆڵە مێژوویی و سروشتییەی ئەم زمانە ئەدەبییە بینیویەتی، بە بڕیاری سیاسیی هیچ حکومەت و پەرلەمان و سەرکردایەتییەکی سیاسیی کورد نەبووە، بەڵکو رەوشی گەشەکردنی ژیانی فیکری و کولتووری و سیاسیی کورد، کە لە زمانەکەیدا خۆی دەرخستووە، بە جۆرێکی سروشتی ئەم رۆڵە مێژووییەی بە زمانەکە داوە. بە واتایەکی دی ئەم زمانە، بەبێ بڕیاری سیاسی، بەرەو ستانداردبوون چووە و ستاتوسی زمانی ستانداردی پەیدا کردووە. بە کردەوەیش، لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا رۆڵی زمانی ستانداردی بینیوە و دەبینێت. بۆیە مرۆڤ بە دڵنیاییەوە دەتوانێت بڵێت کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بەرهەمی خەباتی سیاسی و رووناکبیریی دووسەد ساڵەی کوردە و پوختەی ئەزموونی نەتەوەیی و مێژوویی کورد، لەو زمانەدا قاڵ بوونەتەوە. ئیمڕۆ ئاستی ئەدەبی، فیکری، زانستی، سیاسی و کولتووریی کورد، پێش هەر شتێک لە زمانە ئەدەبییەکەیدا و لە ئاستی زمانە ئەدەبییەکەیدا خۆیان دەردەخەن.

زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، لەبەر ئەو رۆڵە گرنگەی بوویەتی، سنووری هەرێم و دیالێکتەکانی بڕیوە و بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە. لە رەوشی بڵاوبوونەوەیدا تەنیا دیالێکتەکانی ئەو ناوچانەی نەهێناوەتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵکو خۆی، سروشتی دیالێکتی لەدەست داوە و لە رووی دەنگ و واتا و وشەسازییەوە، سروشتی گشتیی زمانی کوردی وەرگرتووە و بە هەزاران وشە و زاراوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەند بووە. هەموو نیشانە و تایبەتمەندییەکانی زمانی ستانداردی بە خۆی گرتووە و کاریگەریی خۆی لە کۆمەڵی کوردستاندا سەلماندووە. ئیمڕۆ ئەم زمانە ئەدەبییە زمانی گشتیی پێنج ناوچەی فراوانی ناوەڕاست و باشووری کوردستان،بە چەندان دیالێکتەوە، پێک دێنێت. دەیان ساڵیشە لەو ناوچانەدا، کە چوار دەسەڵاتی میرنشینی و سێ حوکمڕانی کوردیی تێدا دروستبوون، رۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت: ناوچەی میرنشینی بابان و حوکمڕانی شێخ مەحمود، کە ناوەندەکەی سلێمانییە، ناوچەی میرنشینی موکریان و حکومەتی کۆماری کوردستان، کە ناوەندەکەی مهابادە، ناوچەی میرنشینی سۆران، کە ئیمڕۆ ناوەندەکەی هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ناوچەی میرنشینی ئەردەلان، کە ناوەندەکەی سنەیە، لەگەڵ ناوچەی گەرمیان کە ناوەندەکەی کەرکووکە. لە پاڵ ئەمانەدا زمانی

ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لەو ناوچانەی باشووری کوردستاندا، کە بە دیالێکتی هەورامی و لوڕ دەپەیڤن، بۆتە زمانی خوێندن و نووسین و بە تەواوی جێگای خۆی کردۆتەوە. لە ناوچەی بادینانیش نزیکەی هەموو رووناکبیران و سیاسەتمەداران و زۆرینەی خوێندەواران بەو زمانە ئەدەبییە ئاشنان و دەتوانن لە ئاخاوتن و خوێندنەوە و نووسیندا بەکاری بهێنن. بۆیە ئەم زمانە ئەدەبییە بە تەواوی پرەستیژ و لێهاتوویی خۆی، وەک زمانی ستاندارد سەلماندووە.

ستانداردکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، لە باشووری کوردستاندا،دەتوانێت بنەمای یەکبوونی نەتەوەیی و هەستی هاوزمانی و هاوکولتووری و هاوچارەنووسیی لە کۆمەڵی کوردستاندا بەهێزتر بکات و سنوورێک بۆ هەستی دیالێکتپەروەری و شۆڤێنیزمی لەهجەیی دابنێت، کە ئیمڕۆ لە باشووری کوردستاندا بە زەقی دەرکەوتووە.

نزیکەی هەشتا ساڵێکە منداڵانی کورد، لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا، بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دەخوێنن. گۆڕینی خویندن لەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەوە بۆ دیالێکت و شێوەزمانی تر، کارێکی ترسناکە، چونکە و لە لایەکەوە رێگە لە هاوئاهەنگی نەتەوەیی و پرۆسێسی درووستبوونی نەتەوەی کورد دەگرێت، لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت زمانی کوردی و گەلی کورد، لە باشووری کوردستاندا، بکات بە دوو زمان و رەنگە دوو گەلی خاوەن دوو کولتووری جیاواز، یان زیاتر. لە هەمان کاتدا ئەم کارە هەستی ناوچەگەری و دیالێکتپەروەری، لە نێو کەسانی سەر بە دیالێکتی تردا دروست دەکات. با لێرەدا نموونەیەک بهێنمەوە بۆ ئەوەی راشکاوانەتر ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە بکەم.

لە کۆتایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا دەستی پێکرد. لە ناوچەی هەورامانی سەر بە پارێزگای سلێمانی خوێندن بەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە بوو. ئەم کارە بە جۆرێکی سروشتی و ئاسایی و بە بێ گرفت سەری گرت، کەچی ئەم دیالێکتە لەناو نەچوو، بەڵکو تا ئێستا وەک جاران لە قسەکردن و گۆرانی و هونەردا هەر درێژە بە خۆی دەدات. هەروا ئیمڕۆ بە دەیان نووسەری گرنگی ناوچەی هەورامان بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەنووسن، هزر و کولتووری کورد بە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیان دەوڵەمەند و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد، بە سەدان وشە و زاراوەی دیالێکتی گۆران (هەورامانی) بە پێزتر دەکەن. کەچی ئیمڕۆ، پاش هەشتا ساڵ، شۆڤێنیزمی

لەهجەیی لە نێو هەندێک سیاسەتمەدار و خوێندەواری هەورامانیدا بە جۆرێک پەیدا بووە، کە تەنیا داوای خوێندن بەو دیالێکتە ناکات، بەڵکو دیالێکتی هەورامانی بە کوردی و خەڵکی هەورامان بە کورد نازانێت. ئەم بیر و بۆچوونە سیاسییە، شایەنی تێڕامان و لێدوانە، بە تایبەتی کە سالآنێکە رای لەم جۆرە لە نێو ئێزدییەکانی باشووری کوردستان و زازاکانی باکووری کوردستاندا، کە سەر بە مەزهەبی عەلەوین، دەرکەوتووە.

ئایا بە راستی ئەوانەی بە دیالێکتی گۆران (هەورامانی) دەدوێن، گرووپێکی ئێتنیکیی تایبەتی جیاوازن و لەبەر ئەوە دەیانەوێت خۆیان لە کورد جیا بکەنەوە؟ یان هەندێک کەس بۆ ئامانجی سیاسی و تایبەتی خۆیان ئەم جۆرە بۆچوونانە بلآو دەکەنە. ئێزدییەکان ئاینی جیاوازیان هەیە. زازاکانیش سەر بە مەزهەبی عەلەوین، کەچی دەستەیەکیان نەبێت، هەموویان خۆیان بە کورد دەزانن. بەلآم هەورامانییەکان جگە لە شێوەی ئاخاوتنیان، کە دیالێکتێکی زمانی کوردییە، توخمێکی تری کولتووری لە کورد جیایان ناکاتەوە. لە رووی زانستی زمانناسی و ئەنترۆپۆلۆجییەوە، دیالێکتی زمان بە تەنیا ناتوانێت بنچینەیەک بۆ ئێتنیستی و خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیی پێک بهێنێت. ئەگەر دیالێکت بە تەنیا بنەمای خۆجیاکردنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەیی و زمانی بووایە، ئەوا ئیمڕۆ نەتەوەیەکی دنیا نەمابوو کە چەندان نەتەوە و گرووپی ئێتنیکی جۆراوجۆری لێ نەکەوێتەوە، چونکە زمان نییە کە چەندان دیالێکتی نەبێت. هیچ نەتەوەیەکیش، لە هیچ ولآتێکی دنیادا، رێگەی نەداوە دیالێکتێکی زمان بکرێتە ئەلتەرناتیڤ (بەدیل)ی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و ستاندارد. بۆیە ئەم بۆچوونە، لە ناوەرۆکدا بۆچوونێکی سیاسییە و هۆکاری تری هەیە، کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە. بەلآم بە پەیوەندی لەگەڵ باسەکەدا، دەڵێم کە ئەم دیاردەیە یەکێکە لە ئەنجامەکانی سیاسەتی ژیاندنەوەی کولتووری خێلآیەتی و ناوچەگەریی، کە ئیمڕۆ هەموو سنوورێکی ماقووڵ و ناماقووڵی تێپەڕاندووە. بەهێزبوونی دیاردەی خێڵپەروەری و ناوچەپەروەی و هاندانی سوڵحی عەشایەری، لەسەر حیسابی مافی گشتی، لە ناوەرۆکدا شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد لە باشووری کوردستان و قەیرانی حکومەتی هەرێم دەردەخات، کە نەیتوانیوە لە رێی دەستوورێکی مۆدێرن و دیموکراتەوە، بنچینەی دەستووریی هاوولآتیبوون دابمەزرێنێت و ئینتیمای نەتەوەیی هاوبەش و بیر و هەستی هاوچارەنووسی، هاوکولتووری و هاوئامانجی لە نێو کۆمەڵ (کۆمەڵگا)ی کوردستاندا بەهێز بکات. لە هەر شوێنێک کۆمەڵ نەتوانێت ماف و کەرامەتی

هاووڵاتیان بە جۆرێکی یەکسان بپارێزێت، هاووڵاتییان بە دوای سایەیەکی دیکەدا دەگەڕێن (خێزان، خێڵ...تاد) تا پارێزگارییان بکات. خێڵپەروەری و ناوچەپەروەری، دیاردەی کۆمەڵایەتیی پێش بە مۆدێرنبوون و بە کۆمەڵبوون و بە نەتەوەبوونن، ڕەنگدانەوەیان لە زمان و کولتووردا بە شێوەی دیالێکتپەرستی و سەنگەربەندیی کولتووریی دەبێت.

دەشێت لە بەر ڕووناکیی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە و هەندێک هۆکاری مێژوویی بۆ بانگەوازی هەندێک ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری ناوچەی بادینان (بە تایبەتی دهۆک) بڕوانین کە هەر داوای خوێندن بە دیالێکتی بادینانی ناکات، بەڵکو دەیەوێت ئەو دیالێکتە لە ناوچەی بادیناندا، لە خوێندن و کاری ئیداری و حکومەتدا، جێگای زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، کە ستاتوسی زمانی ستانداردی هەیە، بگرێتەوە.

بەڵام بۆچی ئەوان دەیانەوێت ناوچەکەیان، لە ڕووی زمانی و کولتوورییەوە، لەگەڵ بەشەکانی تری باشووری کوردستان تێکەڵ و هەماهەنگ نەبێت؟ ئایا ئەم کارە ئەگەر سەربگرێت یەکبوونی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستاندا، کە هێشتا سەربەخۆیی خۆی بەدەست نەهێناوە، بەهێز دەکات یان لاواز؟

باشووری کوردستان وڵاتێکی فرەئێتنیک، فرەزمان و دیالێکتە، فرەئاین و مەزهەبە. ئەگەر بەشێکی کورد خۆی زمانی حکومەت و پەرلەمان و خوێندن ڕەت بکاتەوە، چۆن دەتواندرێت قەناعەت بە خەڵکی تری کوردستان بهێندرێت، کە سەر بە گرووپی ئێتنیکی و نەتەوەیی ترن، کە لە پاڵ زمانی خۆیاندا، زمانی ڕەسمیی حکومەت و دەزگاکانی فێر ببن و بەکاری بهێنن؟

بە ڕای من کاتی ئەوە هاتووە لێدوانی هێمنانە و بەرپرسانەی دوور لە دیالێکتپەروەری و ناوچەگەری، لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بکرێت، بەو ئامانجەی سیاسەتێکی زمانی دابڕێژرێت کە تێکەڵبوون و یەکبوون و هاوئاهەنگی نەتەوەیی گەلی باشووری کوردستان بەهێز بکات. چونکە ئەم داخوازییەی برایانی بادینان تەنیا مەیل و حەزی چەند کەسانێک نییە، کە پشت بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەستن و بەداخەوە دەیانەوێت خراپ بەکاری بهێنن، بەڵکو پێشینەی مێژوویی و کولتووریی خۆیشی هەیە، کە بە کورتی باسی دەکەم.

## ٤-دیالێکتی بادینانی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو

دیالێکتی بادینانی یەکێکە لە دیالێکتەکانی گرووپی کوردیی باکوور (کرمانجی) کە لە دیالێکتی (بۆتان، هەکاری، بایەزیدی.. تاد) پێک هاتووە. ئەم گرووپە دیالێکتە لە رووی رێزمان و تەسریف و جیاکردنەوەی وشە و حاڵەتی نێر و مێ، لەگەڵ گرووپی دیالێکتەکانی کوردیی ناوەڕاست و خوارووودا، جیاوازییان هەیە. سروشتی شاخاویی کوردستان و دابڕانی سیاسی و جیۆگرافیی لە نێوان ناوچەکانی کوردستاندا،جیاوازیی نێوان ئەو دوو گرووپەی زمانی کوردیی زیاتر کردووە.

کرمانجی (کوردی باکوور، لە قسەکردنی رۆژانەیاندا، زیاتر شێوەزمانەکەیان بە کرمانجی و خۆیشیان بە کرمانج ناو دەبەن) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە باکووری کوردستاندا لە خوێندن و نووسین و گەیاندن و راگەیاندندا یاساخ کراوە. ئەم یاساخکردنە تا ئێستا، لە باکووری کوردستاندا، رێگەی لە دروستبوون و گەشەکردنی شێوەزمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو گرتووە، بۆیە دیالێکتەکانی کوردیی سەروو (کرمانجی) بە درێژایی دەیان ساڵ، لە ناوچەکانی خۆیاندا، تەنیا لە قسەکردندا بەکار هاتوون و گەشەیان کردووە. هەست و هزر و گیانی کوردی باکوور زیاتر لە گۆرانی و مۆسیقا و فۆلکلۆردا خۆیان دەرخستووە. رەنگە لەبەر ئەمەیش بێت کە گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە باکووری کوردستاندا، لە زۆربەی هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، زیاتر گەشەی کردبێت و رەسەنتر مابێتەوە.

کرمانجی لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا سەرەتای ئەم سەدەیە، تەنیا لە دەرەوەی تورکیادا و بە پچڕ پچڕی، پێی نووسراوە. هێژا کامەران بەدرخان ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٤٣ لە ئێکسیل (سوریا) بەم شێوەزمانە گۆڤاری (هاوار)ی بڵاو کردەوە. بەڵام ئەو هەوڵە لە لایەن دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەبیی سوریاوە لەبار برا.

دوای ئەوە کرمانجی، وەک زمانی ئەدەبی، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، جارێکی دی، لە ئێکسیل (سوێد) دەرکەوتەوە. هەندێک نووسەر و رووناکبیری باکووری کوردستان، دەستیان بە نووسینی کوردی کرد. لەبەر ئەوەی ئەوان تەنیا بە تورکی خوێندبوویان و لە نووسین و ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردی دابڕابوون، زۆربەیان تەنیا ئەو دیالێکتەیان دەزانی کە لە ناوچەکەیان و لە ماڵەوە قسەیان پێ دەکرێت. بۆیە کرمانجیی نوێ لەو زمانە ئەدەبییە جیاوازە کە (مەلای جزیری و فەقێ تەیران و خانی و عەبدولرەزاق بەدرخان) و رووناکبیرانی سەردەمی رۆشنگەری (١٨٩٨-١٩١٣) پێیان نووسیوە. ساڵانێکە هەندێک رووناکبیری باکووری کوردستان

کار بۆ پێکهێنان و چەسپاندنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیی باکوور و دانانی تێرم و زاراوەی نویێ دەکەن. بەڵام چارەنووسی شێوەزمانی کوردیی باکوور، لە بنەڕەتدا بە چارەنووسی سیاسیی گەلی باکووری کوردستانەوە بەستراوەتەوە. بەبێ ئازادبوونی زمانی کوردیی لە تورکیا و ناساندنی وەک زمانی رەسمی و بەکارهێنانی لە خوێندندا، زۆر سەختە ئەم زمانە لە بەرامبەر پەلاماری زمانی تورکیدا خۆی بگرێت، یان خۆی بسەپێنێت. یاساخکردنی زمانی کوردی لە تورکیا لە لایەکەوە زمانی کوردی، لە باکووری کوردستاندا، وەک کۆمەڵە دیالێکتێکی لێک دابڕاو هێشتۆتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەم زمانەی لە بیر زۆرینەی کوردی باکوور بردۆتەوە. ئیمڕۆ زمانی تورکی، نەک کوردی، لە کاری سیاسی و هزری و نووسین و خوێندندا بۆتە زمانی هاوبەشی کوردی باکوور. کەچی زمانی کوردی، لە لایەن پرۆپاگندەی دەوڵەتی تورکەوە، بەردەوام بە زمانی خەڵکی لادێی و دواکەوتوو و وەحشی وێنا کراوە و بە جۆرێک لەلای بەشێکی خەڵکی کورد سووک کراوە کە پێیان شەرمە قسەی پێ بکەن، وەک لە بەشێکی تردا باسی دەکەم.

دیالێکتی بادینانی، لە نووسیندا، چارەنووسێکی باشتری نەبوو. نووسین بەو دیالێکتە،بە شیوەیەکی بەرچاو، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لە ئەدەبدا دەرکەوت. تا ئەو کاتە نووسەرانی بادینان، کە خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بوو، هەر بە عەرەبی دەیان نووسی.

دوای داگیرکردن و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، دەوڵەتی عیراق، بە پێی رێکەوتنێک لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوەکان، ناچارکرا هەندێک مافی کولتووری و ئیداری بۆ کورد، لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستاندا، بسەلمێنێت. بەڵام دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە رێگەی نەدا خوێندن، لە ناوچەی کەرکووک و بادیناندا، بە کوردی بێت. چونکە دەیەویست کەرکووک بەعەرەب بکات و دەڤەری بادینانیش، کە بە دیالێتێکی جیاواز قسە دەکەن، وەک دورگەیەکی دابڕاو لە ناوچەکانی تری باشووری کوردستان بهێڵێتەوە. ئامانجی ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە تێکەڵی و هاوئاهەنگی کولتووری و زمانی و نەتەوەیی لە نێوان خەڵکی ناوچەی بادینان و خەڵکی ناوچەکانی تری باشووری کوردستاندا دروست نەبێت.

بە پێی رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ دەبوو خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستاندا، لەوانە پارێزگای دهۆک، بە کوردی بێت. ئەو کاتە

دەوڵەتی عیراق و دەستەیەکی دیالێکتپەروەری بادینان ویستیان خوێندن لەو دەڤەرە بە دیالێکتی بادینانی، نەک بەزمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بێت، تاکوو بادینان لە رووی کولتوورییەوە، بە دابڕاوی لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بهێڵنەوە. بەڵام بارزانی، وەک سەرکردەیەکی دووربین ئەو داواکارییەی رەت کردەوە"١٤". زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی تا ساڵی ١٩٧٥ لە قوتابخانەکانی ناوچەی بادیناندا، بەبێ گرفت، زمانی خوێندن بوو. بەڵام دوای تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول، دەستەیەک پیاوی بەعس و لەهجەپەرستی دەڤەری بادینان، بە هاندانی بەعس بە هەزاران ئیمزایان کۆ کردەوە و داوایان کرد کە زمانی عەرەبی، لە جیاتی کوردی، بکرێتەوە بە زمانی خوێندن. چونکە دابڕینی بادینان، لە ناوچەکانی تری باشووری کوردستان، هەمیشە بەشێکی گرنگی ستراتیجیای دەوڵەتی عێراق بووە.

ئەم دەڤەرە بە درێژایی دەیان ساڵ لە کۆمەڵ و کولتووری ناوچەکانی تری باشووری کوردستان دابڕاوە و بەر پەلاماری کولتووریی عەرەب کەوتووە. لە بەرامبەر ئەمەدا هیچ دەرفەتێکی بۆ نە رەخساوە تا بە جۆرێکی سروشتی پەیوەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ کوردی باکووری کوردستاندا ببەستێت. تا ئیمرۆیش نە خەڵکی باکووری کوردستان و نە نووسەرانیان دەتوانن تاکە لاپەڕەیەکی ئەو نووسینانە بخوێننەوە کە رووناکبیران و نووسەرانی بادینان بە دیالێکتی بادینانی دەینووسن. چونکە و، لە پاڵ جیاوازیی ئەم دیالێکتە لەگەڵ دیالێکتەکانی تری کرمانجی، کوردی باکوور ناتوانن بە ئەلفوبێی کوردی بخوێننەوە. لەمەیش زیاتر رووناکبیرانی باکووری کوردستان، کە لە تاراوگە (ئێکسیل) دەستیان بە کوردینووسین کردووە، بە داخەوە دەڵێم، لە تورک زیاتر ئەلفوبێی تورکییان لەلا پیرۆز کراوە، بۆیە ئامادەنین (رەنگە بە نەنگیی بزانن) کە تاکە هەفتەیەکی کاتی خۆیان بۆ فێربوونی ئەلفوبیی کوردی (یان خۆیان وتەنی هەرفی ئارەبی) تەرخان بکەن، هەر نەبێت بۆ ئەوەی ئەو ئەدەبیاتە بخوێننەوە کە لە بادینان بە دیالێکتێکی نزیکی شێوەزمانەکەیان دەنووسرێت. لە جیاتییان داوا دەکەن کوردی باکووری کوردستان ئەو ئەدەبیاتەیان بۆ ترانسکریپت بکەن (بیگۆڕنە سەر ئەلفوبێی لاتینی) و جارێکی دی بۆیان چاپ بکەنەوە! کەچی عەرەبەکانی تورکیا (لە ناوچەی ئەسکەندەروونەی بندەستی تورکیا) کە ژمارەیان دەیەکی کورد نابێت و بە دیالێکتێکی عەرەبی دەدوێن، خۆیان فێری ئەلفوبێی عەرەبی کردووە و لەم رێگەیەوە پەیوەندییەکی بە هێزی کولتووری و

نەتەوەییان لەگەڵ کولتووری عەرەبی و گەلانی عەرەبدا دروست کردووە و زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە.

خەڵکی بادینان نزیکەی سەدەیەکە، لە ڕێی دیوارێکی بەرزی سیاسی و کولتوورییەوە، لە گەلی باکووری کوردستان جیا کراونەتەوە. لەو کاتەوە چارەنووسی سیاسی و نەتەوەییان بە چارەنووسی خەڵکی ناوچەکانی تری باشووری کوردستانەوە بەستراوەتەوە. ئایا بۆ ئەوان باشترە کە وەک دوورگەیەکی دابڕاو، لە ناو قەڵای کولتوور و دیالێکتەکەیاندا، بمێننەوە یان زۆرتر تێکەڵاوی ژیانی کولتووریی گەلی باشووری کوردستان ببن؟

ئایا گەلی باشووری کوردستان، کە هێشتا سەربەخۆ نییە، بەرگەی ئەوە دەگرێت کە لە پرۆگرامی خوێندن و دەزگاکانی حکومەتدا و لە بەرامبەری دەوڵەت و گەلی عەرەبی عێراقدا دوو زمان، یان دوو شێوە زمان بەکار بهێنێت، وەک هەندێک رووناکبیر و سیاسەتمەداری ناوچەی بادینان دەخوازن؟

خوێندکارانی بادینان مافی خۆیانە، لە هەر ئاستێکی خوێندندا کە پسپۆرانی پەروەردە بە باشی بزانن، دیالێکتی بادینانی لە پاڵ زمانی ئەدەبیی کوردیدا بخوێنن. نووسەران و هونەرمەندانی بادینان دەتوانن جوانترین شاکاری ئەدەبی و هونەری بەم شێوەزمانە بەرهەم بهێنن و گەشەی پێ بدەن. پەیڕەوکردنی ئەم مافە بەو مانایە نییە کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، لە بادینان، یان لە هەر ناوچەیەکی تری باشووری کوردستاندا، وەک زمانێکی بێگانە تەماشا بکرێت و لە خوێندن و دەزگاکانی حکومەتدا بەکار نەهێندرێت. چونکە کارێکی لەو جۆرە ئەو ناوچەیە، لە رووی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی و هاوئاهەنگی نەتەوەییەوە، لە ناوچەکانی تری باشووری کوردستان زیاتر دادەبڕێت، زمانی کوردیش بە تەواوی دەگۆڕێت بە دوو زمان.

ئەگەر زۆرینەی خەڵکی بادینان دیالێکتەکەیان بە زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانی کوردی دەزانن، دەتوانن ئازادانە ئەو رایە بۆ لێدوان و باسکردن رابگەیەنن و بەڵگەی زانستیی خۆیان (ئەگەر هەبێت) بخەنە روو. دوای ئەوە ئەگەر لە سەر باوەڕی خۆیان مانەوە، خەڵکی تر، کورد و غەیرەکورد، دەبێت ڕێزی رای ئەوان بگرن و قبوولیشی بکەن. زانستی زمان و نزیکی و دووریی بادینانی لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، لەم مەسەلەیەدا، کە مەسەلەیەکی سیاسییە، دادی کەس نادات. مرۆڤ و گرووپەکان خۆیان پێناسە (ئایدێنتیت) ی خۆیان و زمانەکەیان دیاری دەکەن و دەبێت خەڵکی تریش پێناسەکەیان قبووڵ بکەن و تەنانەت ڕێزیشیان بگرن.

بەڵام (هێندەی من ئاگادار بم) رایەکی لەم جۆرە لە نێو زۆرینەی خەڵکی بادینانـدا زاڵ نییە. بۆیە بادینانی بە دیالێکتێکی زمانی کوردی دادەنرێت. کەواتا ئەم دیالێکتە، لـە باشووری کوردسـتاندا، ستاتوسـی دیـالێکتی دەبێـت. هـیچ دیـالێکتێکیش، ناتوانێـت ئەلتەرناتیڤ (بەدیل)ی زمانێک بێت، کە زمانی حکومەت و دەزگاکانییەتی.

دیالێکتی بادینانی، وەک دیالێکتێکی زمانی کوردی، دەکرێت تـەنانـەت لـە پلـەی ناوەندی، یان ئامادەیی قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا بیخوێندرێت، تا خوێندکاران پێی ئاشنا ببن، سوود لـەو سامانە ئـەدەبی و رووناکبیرییـە وەربگـرن کـە بـەو دیالێکتـە نووسراوە و دەنووسرێت. لەمەیش زیاتر لە رێی فێربوونی ئەو دیالێکتەوە بتوانن ئـەدەبیاتی شێوەزمـانی کرمـانجییش بخوێننـەوە. بـەڵام لـە دیـدی بـەرژەوەندیی نـەتـەوەییـەوە ناکرێت دیـالێکتی بادینـانی و هـیچ دیـالێکتیکی دیکـەی کـوردی، لـە بادینـان یـان لـە هـەر ناوچەیەکی باشووری کوردستاندا، ببێتـە ئـەلتـەرناتیڤی زمـانی ئـەدەبیی یـەکگرتـووی کـوردی. هـیچ نـەتـەوە و دەوڵـەتێکـیش، رێگـەی نـەداوە و رێگـەیـش نـادات دیـالێکتێکی زمانەکەی، لە ناوچەیەکی وڵاتدا، لە رووی زمانی حکومەت و دەزگاکانیدا بوەستێتەوە و جێگای ئەو بگرێتەوە. لە هەر وڵاتێکدا هـەوڵی لـەو جۆرە درابێت، ئـەوا بـەو ئامانجـە سیاسییە بووە (یان بەو ئەنجامە سیاسییە گەیشتووە) کە خـەڵکی سـەر بـە دیالێکتـەکـە خۆیان لە نەتەوەکە جیا بکەنەوە و پێناسە (ئایدینتیتی)ی جیاوازی کولتووری-نەتەوەیی بۆ خۆیان پێک بهێنن.

هەندێک لەوانەی داوا دەکەن کـە دیـالێکتی بادینـانی، لـە بادینـان، جێگـای زمـانی ئەدەبیی یەکگرتوو (زمانی حکومەت و پەرلەمان) بگرێتەوە، بـە تایبـەتی رووناکبیرانی باکووری کوردستان، ئەزموونی وڵاتـی نـەرویج بـە نموونـە دەهێننـەوە، کـە نموونـەیـەکی تاقانـەیـە و لـە هـیچ وڵاتێکـی تـردا دووبـارە نـەبۆتـەوە. لـەبـەر ئـەوەی ئـەم نموونـەیـە بـە ناتـەواوی و زۆر جاریش بـە مـەبـەسـتی چەواشـەکردن بـاس دەکرێت، لێرەدا بـە کـورتی ئاماژەی بۆ دەکەم.

زمانی نەوریجی، وەک دیالێکتێکی زمانی سکاندیناڤیا، لە سەدەی سێزدەیەمەوە لـە دەرباری شایانی نەوریجدا، وەک زمانی نووسین پەیدا بوو"١٥". کاتێک شایانی نەرویج دەسەڵاتیان لاواز بوو، نەرویج بە ناچاری لەگەڵ دانمارکدا یەکی گرت (راستییەکـەی کەوتە ژێر دەستی دانمارک). دوای ئەوە زمانی ئەدەبیی نـەرویجی، لـە بـەردەم زمـانی کۆنی دانمارکیدا پاشەکشەی کرد و لەناوچوو. زمـانی کـۆنی دانمـارکی، لـە نـەرویج، بوو بە زمانی خوێندن و نووسین. لە دەزگاکانی دەوڵەت و کلێسادا، کە ناوەندی خوێندن

و خوێندەواری بوون، تەنیا زمانی کۆنی دانمارکی بەکار دەهات. نووسەران، زانایان و رووناکبیران هەر ئەو زمانەیان لە نووسیندا بەکار دەهێنا. بەڵام لە شارۆچکە دوورەکان و گوندەکانی نەرویجدا، کە زمانی دانمارکی زاڵ نەبوو، دیالێکتەکانی زمانی نەرویجی لە پەیڤین و ئاخاوتندا، نەک لە نووسیندا، بەکار دەهاتن و دوور لە کارتێکردنی زمانی دانمارکی، گەشەیان دەکرد.

زمانی دانمارکی، لە پرۆسێسی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەیدا، شێوە و تایبەتمەندیی زمانی نەرویجیی وەرگرت. لە شارەکانی نەرویجدا زمانیکی قسەکردن پێک هات کە پڕ بوو لە وشەی دانمارکی. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا یەکێتیی نێوان نەرویج و دانمارک هەڵوەشایەوە و نەرویج لە دانمارک ئازاد بوو. لە ساڵی ١٨١٤ دا نەرویج لەگەڵ سوێد یەکی گرت (راستییەکەی کەوتە ژێردەستی سوێد) بەڵام هێشتا زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، یان ستانداردی نەرویجی پیک نەهاتبوو. دوای ئەم یەکگرتنە خولیای پێکهێنانی زمانی ستانداردی نەرویجی لای کۆمەڵێک رووناکبیر و سیاسەتمەداری نەرویجی پەیدا بوو. ئەو زمانە ئەدەبییە دانمارکییەی لە نەرویجدا بەکار دەهات، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتبوو و لەگەڵ زمانی نەرویجیدا متوربە و مشتوماڵ کرابوو، یان دروستتر بڵێم بە نەرویجی کرابوو. لە هەمان کاتدا زانا و ئایدیۆلۆجیستی زمان (کنود کنودسێن) و لایەنگرانی، توانییان هەنگاو بە هەنگاو ئەم زمانە دانمارکییە بە نەرویجیکراوە بگۆڕن، ریفۆرمی تێدا بکەن و بیکەن بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەرویجی.

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا، هەندێک رووناکبیر هەوڵیکی رادیکالانەیان دەدا بۆ ئەوەی زمانێکی ئەدەبیی نوێی نەرویجی لە دیالێکتی گوندەکانی نەرویج پێک بهێنن. نووسەر (ئیڤار ئاسێن) نەخشەسازی ئەو شێوەزمانە نەرویجییە بوو. ئەو هەوڵە بەشێک بوو لە خەباتی ناسیۆنالیستانی نەوریج کە دەیانەویست، لە رێی زمانەکەیانەوە، تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیان، لە بەرامبەری سوێددا، هەڵببرن. بە کورتی، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە، دوو بۆچوون لە بارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی نەوریجییەوە دەرکەوت. یەکەمیان پێی وابوو زمانی ئەدەبیی باو بکرێتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و زمانی ستانداردی نەرویج. دووەمیان لەو باوەڕەدا بوو کە لە دیالێکتەکانی زمانی نەرویجی، زمانێکی نوێی ئەدەبی و ستاندارد پێک بهێندرێت.

هەردوو بۆچوون لایەنگرانی زۆریان هەبوو. بۆچوونی یەکەمیان لە شارەکان و لە نێو خوێندەواری شار و رووناکبیرانی کۆنسێرڤاتیف (موحافەزەکار)دا پشتگیری دەکرا.

بۆچوونی دووەمیان لە گوند و شارۆچکەکان و لە نێو سیاسەتمەداره رادیکالەکاندا داکۆکی لیٚ دەکرا. سالآنێکی زۆر لێدوان و ئاخاوتن لە بارەی ئەم مەسەلەیە بەردەوام بوو. سەرەنجام لە سالّی ١٨٨٥ دا دوو شێوه زمانی نەرویجی لە نووسیندا دەرکەوتن و هەردووکیان خۆیان سەپاند. ئیمڕۆ یەکەمیان به زمانی کتیب (مۆلبوک) و دووەمیان بە نەرویجیی نویٚ (نینۆرشکە) ناسراون. زیاتر لە ٨٠%ی قوتابیانی نەرویج بە مۆلبوک دەخوێنن. کەچی کەمتر لە سەدا بیست (٢٠%)ی خوێندکاران، بە نەرویجیی نویٚ دەخوێنن، بەبیٚ ئەوەی شێوەزمانی مۆلبوک، لەو ناوچانەدا، رەت بکرێتەوە. کەچی تا پەنجاکانی سەدەی رابردوو نزیکەی لە ٢٥%ی منداڵان بە نەرویجیی نویٚ دەیان خوێند. ئەم دوو شێوه زمانە لە بنەڕەتدا زۆر لێک نزیکن و بە درێژایی دەیان ساڵیش هەوڵ دراوه و دەدرێت لێک نزیکتر بکرێنەوە. ئیمڕۆ جیاوازیی نێوان ئەم دوو زمانی نووسینە هێندە کەم بۆتەوه کە بە دوو شێوە (فۆرم)ی یەک زمان دادەنرێن، نەک دوو زمان. بە رای نووسەری سویدی (توریٚ یانسۆن) هەر سوێدییەک،کە بە ئاسانی لە زمانی نەوریجی دەگات، لە خوێندنەوه و بیستندا هەست بە جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێوه زمانە ناکات"١٦".

لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئاماژە بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی نەرویج بکەم:

یەکەم- نموونەی نەرویج تەنیا بەرهەمی سەردەم و شوێنێکی جیاواز نییە، بەڵکو نموونەیەکی تایبەت و تاقانەیە و لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دنیادا دووباره نەبۆتەوە، بۆیە کۆپیکردنەوەی ئەم ئەزموونە (تەنانەت بە شێوه ئەسڵەکەی، نەک بەو جۆره شێوێندراوەی باس دەکرێت) لە باشووری کوردستاندا ، کە هێشتا سەربەخۆ نییە کارێکی شیاو و عەقلانی نییە، بەڵکو سەرەڕۆیانە و ترسناکە.

دووەم- شێوەزمانی نەرویجیی نویٚ لە خەباتی رزگاریخوایی نەتەوەییدا و لە بەرامبەری زمانی داگیرکەری بێگانەدا دەرکەوت، بەو ئامانجەی ئەم زمانە نوێیە پێناسەی نەتەوەیی گەلی نەرویج، لە بەرامبەری دانمارک و سوێددا، کە حوکمڕانی نەرویجیان دەکرد، بەهێزتر بکات. لەبەر ئەوەی گەلانی سکاندیناڤیا سەر بە مەزهەبی پرۆتستانتن، زمان گرنگترین توخمی کولتووری و گەورەترین فاکتەری خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیی و تایبەتمەندیی کولتووریی هەر وڵاتێکیانە. نەرویجیی نویٚ دەشێت وەڵامدانەوەیەکی ئەو تومەتانە بوو بێت، کە پێی وابوو گەلی نەرویج زمانی تایبەتی خۆی نییە و زمانەکەی تەنیا شێوەیەکی بە نەرویجیکراوی زمانی دانمارکییە،

بۆیە ناسیۆنالیزمی نەرویجی پێکهێنانی ئەو زمانەی وەک بەشێک لە پرۆسێسی دروستکردنی نەتەوەی نەرویج دانا.

سێیەم: نەرویج سەد ساڵ زیاترە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. پێشتریش سەدان ساڵ، وەک هەرێمێکی جیاواز و تایبەتی یەکگرتوو لەگەڵ دانمارک، یان سوێددا هەبووە و تایبەتمەندییەکانی بە گرنگ وەرگیراون. زۆربەی کاتیش خاوەن پاشای تایبەتیی خۆی بووە. هەروا وڵاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووە و کۆمەڵەکەی، بە کۆمەڵی رەفاە ناو دەبرێت. ئایا دەشێت گەلێکی بێ دەوڵەتی چارەنووس تەماوی، بە تەنیا لە نێو هەموو گەلانی دنیادا، کوێرانە لاسایی نەرویج بکاتەوە؟

چوارەم- خوێندنی شێوەزمانی نەرویجیی نوێ لە قوتابخانەکاندا، بۆ بڕیاری کۆمۆنەکانی نەرویج بەجێهێڵراوە و بە هیچ شێوەیەک بۆ تەحەداکردن و لاوازکردنی زمانی ئەدەبیی نەرویجی نییە و لە هیچ دەڤەرێکی وڵاتی نەرویجدا نەکراوەتە ئەلتەرناتیڤی ئەو زمانە ئەدەبییە.

پێنجەم- بەکارهێنانی دوو زمان لە نووسین و خوێندندا، کە ئەزموونێکی تاقانەی نەتەوەی نەرویجە و لە دنیادا نموونەی نییە، دەکرا نەتەوەی نەرویج بکاتە دوو نەتەوەی جیاواز. بەڵام نەرویج دەیان ساڵە وڵاتێکی سەربەخۆی دیموکراتە و مافی هاووڵاتیبوون و ئازادیی مرۆڤ و یەکسانبوونیان لەبەردەم یاسادا بە جۆرێک چەسپێندراوە، کە ئینتیما بۆ نەرویج و نەرویجیبوون لە سەرووی هەر ئینتیمایەکی ترەوەیە. ئەو نەرویجییانەی بە هەرکام لەو دوو شێوەزمانە دەدوێن و دەنووسن، خۆیان بە نەرویجی و شێوەزمانەکەیان بە نەرویجی دادەنێن و شانازی بە هەردوو شێوەزمانەکەوە دەکەن. دەوڵەتی نەرویجیش بە پێی سیاسەتێکی ژیرانە و مەسئولانەی زمانی و کولتووری، تا ئیمڕۆ هەوڵی لێک نزیکردنەوەی ئەم دوو شێوەزمانە دەدات. ئەم دوو شێوەزمانە هێندە لێک نزیک کراونەتەوە، کە هەر نەرویجییەک بە بێ هیچ گرفتێک لە هەردووکیان دەگات. خەڵکی وڵاتانی تری سکاندیناڤیایش، لە کاتی خوێندنەوە و بیستنی هەر شێوەزمانێکیاندا، هەست بە جیاوازیی نێوانیان ناکەن و وەک یەک زمان دەیبینن.

شەشەم-شێوەزمانی نەرویجیی نوێ، لە بنەڕەتدا دیالێکتیکی گۆشەگیر و دابڕاوی ناوچەیەکی دیاریکراوی نەرویج نییە، بەڵکو شێوەزمانیکە، کە (ئیڤار ئارسێن) و کۆمەڵیک نووسەر، لە چەند دیالێکتێکی زمانی نەرویجی و بۆ سەلماندنی هەبوونی زمانی نەرویجی، پێکیان هێناوە. بۆیە ئەم شێوە زمانە لە ناوچەیەکی تایبەت و دابڕاودا نییە، بەڵکو لە رەوشی سیاسی-مێژوویی نەتەوەی نەرویج و خەباتی ناسیۆنالیستیدا، لە

کۆمەڵە ناوچەیەکی جیاوازدا خۆی سەپاندووە. ئەوانەی بەم شێوە زمانە دەدوێن ناتوانن، هەر نەبێت لە رووی جیۆگرافیاییەوە، خۆیان لە نەرویج دابڕن.

حەوتەم- شێوەزمانی نەرویجیی نویێ، کەمتر لە ٢٠%ی خوێندکارانی نەرویج پێی دەخوێنن. زۆر لەمەیش کەمتر نووسەرانی نەرویجی پێی دەنووسن.

هەشتەم-لە دوای سەربەخۆبوونی نەرویج، لە ساڵی ١٩٠٥ دا، بە دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیهاندا دامەزرێندران و بە دەیان زمانی فرەدیالێکت، لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، کرانە زمانی ستاندارد، بەڵام بۆچی تاکە وڵات و نەتەوەیەکی دنیا ئەزموونی نەرویجی کۆپی، یان دووبارە نەکردۆتەوە؟

کەواتا دەکرێت بپرسین، ئایا راستە ئێمە، کە هێشتا سەربەخۆ نین، کوێرانە، بەبێ لێدوانی کراوە و ئازادانە و بەبێ دیراسەکردنی زانستییانە، لاسایی وڵاتی نەرویج بکەینەوە؟ لەمەیش گرنگتر، ئایا دەشێت دیالێکتی ناوچەیەک و بگرە شارێک، کە تەنیا سی ساڵیکە پێی دەنووسرێت و هێشتا زمانی شیعر و ئەدەبە و نەبۆتە شێوەزمانی زانست و زانین و سیاسەت و هزر و یاسا و فەلسەفە، خۆی وەک ئەلتەرناتیڤی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو قوت بکاتەوە؟

لە بەرامبەر ئەم ئەزموونە تاقانەیەی نەرویجدا، کە بەرهەمی دۆخێکی مێژوویی زۆر تایبەتە، وڵاتانی تری دنیا تەنیا یەک فۆرمی زمانی نەتەوەییان (مەبەست لە زمانی نەتەوەیە، نەک زمانی جیاوازی گەل و نەتەوەی تری نێو وڵات) بە زمانی ستاندارد ناسیوە. دیالێکتەکانی تری زمانی نەتەوە، چەند لە زمانی دەوڵەت جیاواز بن، لە سنووری دیالێکتدا ماونەتەوە و لە سیستمی خوێندن و کاری دەوڵەتدا جێگایان نەکراوەتەوە. ئێمە پێشتر، لەم بارەیەوە، هەندێک نموونەمان هێنایەوە، بەڵام رەنگە نموونەی (کۆسۆڤۆ و ئەلبانیا) هەروا (چین و تایوان) بۆ کورد گرنگ و مایەی سەرنج و تێرامان بن.

کۆسۆڤۆکانی یۆگۆسلاڤیای هەڵوەشاوە ئەلبانی زمانن. بەڵام دیالێکتەکەیان و نۆرمی قسەکردنیان زۆر لە زمانی ستانداردی وڵاتی ئەلبانیا جیاوازە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان، بۆ بەهێزکردن و پاراستنی یەکبوونی نەتەوەییان لەگەڵ ئەلبانیادا، ژیرانە زمانی ستانداردی ئەلبانیان، وەک زمانی ستانداردی خۆیان هەڵبژاردووە و کردوویانەتە زمانی خوێندن و حکومەتی کۆسۆڤۆ و دەزگاکانی. نموونەیەکی تر زمانی ستانداردی چینییە. لە چیندا دەیان دیالێکت هەیە و لە زمانی ستانداردی چینی جیاوازن. زۆربەی خەڵکی سەر بەو دیالێکتانە بە دەگمەن لە قسەکردندا لە یەکتری دەگەن. کەچی

هەموو چینییەکان، بەوانەیشەوە لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی چینن، یەک زمانی ستانداردیان هەیە، کە بە (ماندەرین) ناسراوە. وڵاتی تایوان کە نیوسەدە زیاترە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە (چین) جیا بۆتەوە، کەچی دەوڵەتی تایوان هەمان زمانی ستانداردی چینی (ماندەرین) وەک زمانی دەوڵەت و سیستمی خوێندن بەکار دێنێت،هەرچەندە نۆرمی زمانی قسەکردن لە تایوان، زۆر لە زمانی ستانداردی چینی جیاوازە."١٧".

کام نەتەوەی دنیا هەیە زمانەکەی لە چەندان دیالێکت پێک نەهاتبێت؟ بەڵام هیچ نەتەوە و حکومەتێک، لە هیچ وڵاتێکی دنیادا، کە بەتەنگ یەکبوون و داهاتووی خۆیانەوە بوون، رێگەیان نەداوە و رێگەیش نادەن، بە ناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤەوە،دیالێکتێکی زمانەکەیان، خۆی بکاتە ئەلتەرناتیڤ (بەدیل)ی زمانی دەوڵەت و حکومەت و دەزگاکانی. ئەگەر نەتەوە مۆدێرن و خاوەن دەوڵەتەکان، بە دەوڵەتە دیموکراتەکانیشەوە، بەرگەی ئەوە نەگرن کە زمانەکەیان بکرێتە چەند زمانێک، ئایا نەتەوەیەکی خێڵەکیی ژێردەستی وەک کورد، کە هێشتا دوژمنانی نکوڵی لە زمانەکەی دەکەن، چۆن بەرگەی لەتکردنی زمانەکەی دەگرێت؟

گەلی باشووری کوردستان هێشتا لە نێو کەشتییەک دایە کە نە خۆی و نە سەرکردایەتییە سیاسییەکەی دەزانێت بەرەو کوێ (نقومبوون یان کەناری ئازادی) دەچێت. بۆچی و لەبەرچی لەو دۆخە ناسک و تەماوییەدا شەڕی دیالێکتەکان بەرەو رووی ئەو گەلە و حکومەتەکەی دەکرێتەوە؟

دیاردەی فرەدیالێکتی لەجیاتی ئەوەی شۆڤێنیزمی لەهجەیی و گیانی ناوچەپەروەری بەرهەم بهێنێت و فاکتەری لێکدابڕانی نەتەوەیی بێت، دەتوانێت لە رێی سیاسەتێکی ژیرانەی زمانی و کولتوورییەوە، بکرێتە سامانێکی کولتووریی گرنگ و مایەی دەوڵەمەندیی کولتووری و رووناکبیریی بێت.

سیاسەتی زمانی بەشیکی گرنگی سیاسەتی نێوخۆی هەر حکومەت و دەوڵەتێک پێک دێنێت. زۆر نەتەوە، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەیان ساڵ هێز و تواناکانی دەوڵەت و لێهاتوویی زانایانی زمانیان بۆ پیکهێنانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و بەستانداردکردنی تەرخان کردووە. ئیمە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی چەسپاومان هەیە، کە بەلای کەمەوە لە دوای شەری یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی حکومەتی (شێخ مەحموود)ەوە، لێهاتووانە رۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت. ئەم زمانە لە رەوشی مێژوویی خۆیدا بەردەوام گەشەی کردووە. بە هۆی ئەو رۆڵە گرنگەی لە ژیانی

نەتەوەدا بینیویەتی ستاتوسی زمانی ستانداردی پەیدا کردووە و تەنیا پێویستی بە بڕیارێکی سەرکردایەتیی سیاسی، یان پەرلەمانی کوردستان هەیە تا، لە باشووری کوردستاندا، بە رەسمی بە زمانی ستانداردی کوردی بناسرێت. ناشێت لەوە زیاتر ئەم مەسەلەیە، بە ناوی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد، دوا بخرێت.

دروستکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد (بە تێکەڵکردنی کوردیی خوارووـ ناوەڕاست لەگەڵ کوردیی سەروو-بادینی) کارێکی سەخت و تەنانەت مەحاڵیشە، چونکە ئەم دوو شێوە زمانە، لە رووی رستەبەندی و رێزمانەوە جیاوازیی زۆریان هەیە، بۆیە ناکرێت لە هەردووکیان زمانێکی نوێ"*" پێک بهێندرێت. ئەو هەوڵانەی کە تا ئێستا لەو بارەیەوە دراون و لە سەر مندالآنی بەدبەختی کوردستان تاقی کراونەتەوە،تێکەڵکردنێکی میکانیکییانە و کاریکاتێرییانەن. ئەوانەی تۆزێک ئاگاداری زانستی زمان و تایبەتمەندیی زمانی کوردی و مێژووی پێکهاتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و زمانی ستانداردی گەلان بن، دەزانن ئەمە کارێکی نەزانانەیە و هیچ بنەمایەکی زانستیی زمانیی نییە، بۆیە بێ ئەنجامە. چونکە زمانی ستاندارد بە مەیل و ئارەزووی چەند کەسێک و بە بڕیاری سیاسی دروست ناکرێت. بڕیاری سیاسی دەتوانێت زمانێکی ئەدەبی، کە بە جۆرێکی سروشتی لە رەوشی پێشکەوتنی مێژوویی نەتەوەدا پێک هاتووە، بکات بە زمانی ستاندارد و بیسەپێنێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی گەل و هەرێمی کوردستان دەکات. سیاسەتی خۆیشی بە پێی ئەو بنەمایە داڕشتووە. ئایا دەتوانێت لە ئاستی سیاسەتی زمانیدا، کە بەشێکە لە سیاسەتی نێوخۆ، لەجیاتی هەموو کورد، زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی نوێ بۆ تێکڕای نەتەوە دابهێنێت؟ بەرای من حکومەتی هەرێم نە دەتوانێت و نە مافی هەیە کە لە تاقیگە و کارخانەدا، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و ستاندارد بۆ هەموو کورد دروست بکات. خۆ ئەگەر لە توانایدا بێت ئەمەیش بکات، کە وا نییە،هێشتا ناتوانێت بە سەر هەموو کورددا بیسەپێنێت. چونکە سەپاندنی زمانێکی ستاندارد، لە هەموو کوردستاندا، پێویستی بە دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە کە هەموو کوردستان بگرێتەوە. هەر کاتێک گەلی باکووری کوردستان و زمانەکەی ئازاد بوون، تەنیا ئەوان خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن کە ئاخۆ ئەو شێوەزمانە ئەدەبییەی لە ئێکسیل بەرەو خەملاندن دەچێت، دەکەنە زمانی ستاندارد، یان (دیالێکتی جزیرە، بۆتان..تاد). یاخود زۆرینە زمانی تورکی وەک زمانی هاوبەش هەڵدەبژێرن. ئەی چی لە دیالێکتی زازا دەکرێت؟ کە زیاتر لە چوار ملیۆن کوردی باکوور پێی دەدوێن و لە ئەوروپا و

باکووری کوردستان پێی دەنووسرێت. جیاوازیی ئەم دیالێکتە لەگەڵ دیالێکتەکانی کرمانجیی سەروودا زۆر لە جیاوازیی نێوان بادینانی و کوردیی ناوەڕاست و خواروو زیاترە.

لە بەر ئەم هۆکارانە و زۆری تر، ناکرێت مەسەلەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد، سیاسەتی زمانیی حکومەتی هەرێم پەک بخات. بە رای من کاتی ئەوە هاتووە کە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بە بڕیارێکی سیاسی، وەک زمانی ستانداردی کوردی، لە باشووری کوردستاندا، بناسرێت. یاسا و دەزگایەکی تایبەتی زمان بۆ پاراستن و پێشخستنی دابندرێت. چونکە ئەم زمانە، وەک پێشتر وتمان، بە کردەوە و بە جۆرێکی سروشتی، لە نووسین و خوێندن و سیاسەت و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا رۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتیش هەر بەو زمانە ئەدەبییە وتاری رەسمی دەدەن. لە هەمان کاتدا دەزگای زمانی کوردی (ئەگەر دروست بکرێت) و ئەکادیمیای کوردی،دەتوانن بە هاوکاریی شارەزایان و زانایانی زمانی کوردی، پلانی درێژخایەن و ستراتیجی بۆ زمانی کوردی و رەوشی گەشەکردنی دابنێن، کۆنفرانس و سیمیناری تایبەت رێک بخەن، توێژینەوەی زانستییانە بۆ نزیککردنەوەی هەردوو شێوەزمانی کوردیی باشوور و ناوەڕاست و کوردیی باکوور ئامادە بکەن، تاکوو خەڵکی کورد، بە هەر شێوەزمان و دیالێکتێک بدوێن، ئاسانتر لە یەکتر بگەن و پەیوەندیی کولتووری و زمانییان بەهێز ببێت. هەروا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت یارمەتی گەلی باکووری کوردستان بدات، تا زمان و کولتوورەکەیان لە کوژران و نەمان بپارێزن و گەشەیان پێ بدەن.

دواجار گرنگە دووپاتی بکەینەوە کە زمانی ستاندارد دیالێکتەکان لەناو نابات. بە پێچەوانەوە دیالێکتەکان، لە سایەی بوون و گەشەکردنی زمانی ستانداردا و لە رێگای سیاسەتێکی ژیرانەی زمانییەوە دەتوانن پارێزراو بن و زەمینەی مانەوە و گەشەکردنیان بۆ دەستەبەر بکرێت. هەر دیالێکتێکیش، لە رێی ئەو تێکست و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەی پێی بەرهەم دەهێندرێت، دەتوانێت گەشە بە خۆی بدات و ئازادانە توانای خۆی پێشان بدات، جێگای خۆی لە کۆمەڵدا بکاتەوە، بێ ئەوەی شەڕی زمانی ستاندارد بکات، یان بەهێزبوونی خۆی لە لاوازکردنی زمانی ستانداردا ببینێت.

## بەشی دووەم: یەک زمان و یەک ئەلفوبێ

### ١-ئەلفوبێی کوردی

*ئەلفوبێی لاتینی-تورکی بۆ کورد سیمبوول و هاوواتای (سینۆنیم)ی کوشتنی زمان و کولتووری کوردییە.

*کوردی باکوور، ئەگەر بە تورکیش بنووسێت، دەتوانێت لە ڕێی ئەلفوبێی کوردییەوە خۆی لە تورک جیا بکاتەوە.

هەر زمانێک کە لە زمانی ئاخاوتنەوە دەگۆڕدرێت بۆ زمانی نووسین، سیستمی نووسینی خۆی و ئەلفوبێی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، یان دادەهێنێت. کاتێک زمانانی گەلانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بوونە زمانی نووسین، ئەلفوبێی لاتینی بەکار هێنرا. چونکە ئەو سەردەمە و پێشتریش زمانی لاتینی، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و زمانی ستانداردی ئەو وڵاتانە بوو. ئەم زمانە و ئەلفوبێیەکەی لە کڵێسا و خوێندنگاکانی سەر بە کڵێسادا، کە ناوەندی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی بوون، دەخوێندران. زمان و ئەلفوبێیەکی دیکە نەبوون، کە لە سیستمی خوێندندا مونافەسەی لاتینی بکەن. کاتێک زمانی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە، وەک زمانی نووسین و خوێندن و دەوڵەت دەرکەوتن و گەشەیان کرد، جێگای زمانی لاتینییان گرتەوە. ئەوەی لە زمانی لاتینی بۆ ئەو نەتەوانە مایەوە، ئەلفوبێیەکەی و بە هەزاران وشە و زاراوەی گرنگی فیکری، فەلسەفی، ئەدەبی و زانستی بوون. بەڵام ئەلفوبێی لاتینی، لە هەر وڵاتێکدا،تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت و بە پێی سیستمی دەنگ (فۆنێتیک) و سیستمی نووسین بە زمانی ئەو نەتەوانە هەموار کرا. لە ئەلفوبێی هەموارکراوی لاتینییەوە، ئەلفوبێی (ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، سوێدی، دانمارکی...تاد) پەیدا بوون. زۆربەی گەلانی سلاڤی ئەلفوبێی کیریلی (سیریلی)یان بەکار هێنا، کەچی ژاپۆنییەکان، کە زمانەکەیان گۆڕدرا بە زمانی نووسین، بە کارتێکردنی زمان و کولتووری چینی، هەیرۆگلیفی چینییان هەڵبژارد.

زمانی کوردی، لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا، لە زمانی ئاخاوتنەوە گۆڕدرا بە زمانی نووسین. ئەم گۆڕانکارییە سەرەتای دەرکەوتنی هەستی خۆناسینی کولتووری و ئێتنیکی لای ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد پێشان دەدات. ئەوان ویستیان لە ڕێی نووسین بە زمانی کوردی و تایبەتمەندیی زمانەکەیانەوە، خۆیان لە عەرەب و فارس و تورک جیا بکەنەوە. (ئەحمەدی خانی) لە مەم و زیندا، باس دەکات کە بۆچی

شاکارەکەی خۆی بە کوردی، نەک عەرەبی، یان فارسی ،کە زمانی باوی ئەو سەردەمە بوون، نووسیوە:

دا خەلق نەبێژن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن ، بێ ئەسڵ و بونیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کرمانج تەنێ دبێ حسێبن
هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کرمانج
عیشقێ نەکرن ژ بۆ خۆ ئامانج"١٨".

هەڵبژاردنی ئەلفوبێی عەرەبی-فارسی (کە بە ئەسل ئارامییە) بە جۆرێکی سروشتی لەگەڵ پەیدابوونی نووسینی کوردی و زمانی ئەدەبیی کوردیدا پەیدا بوو، چونکە ئەو کاتە خوێندن و خوێندەواری، لە کوردستاندا، بە زمانی عەرەبی و فارسی بوون. ئەم ئەلفوبێیە، دواتر لە نووسینی کوردیدا (بە هەمان شێوەی ئەلفوبێی لاتینی لای گەلانی رۆژئاوای ئەوروپا) هەموار کرا. کۆمەڵە تیپێکی نوێی بۆ زیاد کرا و بە تەواوی لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا گونجێندرا. لە نێو ئەو گەلانەی کە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بەکار دەهێنن، کورد لە رێنووسەکەیدا، توانیویەتی لە هەموویان باشتر ئەلفوبێیەکە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی زمانەکەیدا بگونجێنێت و هەمواری بکات. دەنگە تایبەتەکانی زمانی کوردی (ئە،پ، چ،ڕ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ۆ، ێ) تیپی سەربەخۆیان بۆ داندراون. کەچی هەندێک لەم دەنگانە، کە لە هەندێک وشە و ناوی بیانیدا دووبارە دەبنەوە، هێشتا لە نووسینی عەرەبی و فارسی و دەریدا جێگایان نەکراوەتەوە.

لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردی، لە جیاتی سەر و بۆر و ژێر (فەتحەو زەممەو کەسرە)ی عەرەبی، وێنەی تایبەتیان بۆ داندراون. ئەمەیش تایبەتمەندیی زمان و رێنووسی کوردی و دینامیکییەتی پێشکەوتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەر دەخات. وشەی کوردی چۆن دەگوترێت ئاوەهایش دەنووسرێت. کەچی هێشتا زۆربەی ئەو زمانانەی تر، کە بە هەمان ئەلفوبێ دەنووسرێن، لە خوێندنەوەدا گرفتی جیدی بۆ خوێنەر، بە تایبەتی بۆ خوێندکاری سەرەتایی و کەسانی بیانی، کە ئەو زمانانە فێردەبن، دروست دەکەن. چونکە لە نووسینی ئەو زمانانەدا زۆربەی دەنگە بزوێنەکان (ڤاوڵەکان) بە تیپی تایبەت نانووسرێن. ئەمەیش جیاوازییەکی گەورەی لە نێوان شێوەی نووسینی وشە و وتنیدا

دروست کردووه. ئەگەر مرۆڤ مانای وشەکە نەزانێت، زۆر زەحمەتە بە دروستی وشەکە، وەک خۆی، بخوێنێتەوە، چ جای ئەوەی لێی تێ بگات. کەچی لە نووسینی کوردیدا ئەم جۆرە گرفتانە نین، ئەمەیش لە لایەکەوە گونجان و هارمۆنیای نێوان زمانی کوردی و ئەلفوبێیەکەی پێشان دەدات، بەو پێیەی ئەلفوبێی کوردی لایەنێکی گرنگی زمان و پێناسە (ئایدێنتیتی)ی کولتوورییمان پێک دێنێت. لە لایەکی دیکەوە توانای گۆڕان و پێشکەوتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەر دەخات، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت، بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک، باسی ئەلفوبێی کوردی بکات و ئەم ئەلفوبێیەی لە نووسینی کوردیدا بەکار دێت بە ئەلفوبێی کوردی ناو ببات، هەر بەو جۆرەی ئەڵمانێک و سوێدییەک و فرەنساییەک ..تاد باسی ئەلفوبێی زمانەکەیان دەکەن. "ئەلفوبێی کوردی هەر ئەوە نییە کە جوانە، یان بۆ نووسینی دەنگەکان لەبار ترە، بەڵکە ئەوەیشە کە دوای سەدان ساڵ بەکارهێنانی بۆتە گەنجینەی پاراستنی ئاوەز و بیر و هۆش و فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد. هەر وەک ئەو داوە زێڕینەیشە کە فەرهەنگی کورد و فەرهەنگی بەشی هەرە زۆری گەلانی رۆژهەڵات پێکەوە گرێ دەدات و لە مەودایەکی مێژوویی و فیکری و شارستانەتیدا دەیانکاتە یەکەیەکی مەعنەوی و سیاسی. هەر بڕیار و هەر گۆڕانێک کە بیەوەی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنێ دوژمنایەتیکردنی ئاشکرای یەکێتیی کورد و فەرهەنگ و زمانەکەیەتی"."١٩"

کەواتا بۆچی هەندێک رووناکبیری کوردی باکوور، کە دەوڵەتی تورک زمان و ئەلفوبێی کوردی لێ یاساخ کردوون، هێندە ئەلفوبێی لاتینی-تورکییان لەلا پیرۆزە کە داوا دەکەن ئەلفوبێی کوردی، بە ئەلفوبێی لاتینی-تورکی بگۆڕدرێت؟ ئەوان کە ناتوانن تاکە رستەیەک بە ئەلفوبێ کوردی بخوێننەوە و لەو سامانە کولتوورییە بێ ئاگان، کە چوارسەد ساڵە بەو ئەلفۆبێیە نووسراوە، چۆن و بە چ مافێک دەتوانن داوا بکەن کە کوردی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان هێندە بە ئاسانی، دەستبەرداری ئەلفوبێکەی خۆیان و سامانە کولتووری و رووناکبیرییەکەیان ببن و بە چاولێکەری لە دەوڵەتی رەگەزپەرستی تورک، ئەلفوبێی خۆیان بگۆڕن؟ ئەوان بە زەبری تیرۆری دەوڵەت دەستبەرداری ئەلفوبێی کوردی کراون و تا ئیمڕۆ ناتوانن لە دەسەڵات و کاریگەریی کولتووری کەمالیزم و عاقیبەتەکانی رزگار ببن، کەچی دەیانەوێت کوردی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ئارەزوومەندانە، ویستی کەمالیستەکان جێبەجێ بکەن و واز لە ئەلفوبێی خۆیان بهێنین، کە بۆتە بەشێکی بنەڕەتیی ژیانی

کولتووری و رووناکبیری و خوێندەواریی کورد. سەیرە کەسێک ماڵی سووتێندرا بێت و سامانە کولتووری و رۆحییەکەی وێران کرابێت، لە جیاتی ئەوەی بێت داوای کۆمەک بکات تا ماڵ و سامانەکەی بنیات بنێتەوە، کەچی داوا لە خەڵکی تر دەکات بە دەستی خۆیان، ئاگر بەربدەنە ماڵەکەیان و سامانی کولتووری و رۆحیی خۆیان وێران بکەن،تا ئەمانیش وەک ئەویان لێ بێت!! ئەگەر ئەمە نەفامی نەبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە بیرکردنەوەیەکی کەمالیستانەیە، چونکە کەمالیزم توانیویەتی ئەلفوبێی تورکی-لاتینی لای تورک و کوردی باکوور، وەک یەک، پیرۆز بکات.

## ٢- ئەلفوبێی لاتینی- تورکی

ئەلفوبێی لاتینی-تورکی، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پرۆژەی ناسیۆنالیزمی تورک بوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤دا دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک دامەزرێندرا، ئەم ئەلفوبێیە بە سەر گەلانی تۆرکیادا سەپیندرا. ئەم ئەلفوبێیە لە نووسینی کرمانجیدا، یەکەمین جار، لە ڕێی گۆڤاری هاوارەوە ( ١٩٣٢-١٩٤٣) دەرکەوت، کە کامەران بەدرخان لە ئێکسیل (سوریا) دەری دەکرد.٢٠

بە ستانداردکردنی ئەم ئەلفوبێیە لە تورکیادا بەرهەمێکی تری ئایدیۆلۆجیای کەمالیزمە. دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا، بە هۆی خۆبەکەمگری لە بەرامبەری ئەوروپا و ئیدیعای ئەوروپاییبوونی تورک و بە مەبەستی بەتورککردنی گەلانی نێو تورکیا و کوشتنی زمانەکانیان، ئەم ئەلفوبێیەی لە تورکیادا سەپاند. لەگەڵ ئەم ئەلفوبێیەدا دیالێکتی تورکیی ئەستەمبوولی کرایە زمانی ستانداردی تورکی و سەرەڕۆیانە و بە زۆر بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێندرا. بەم جۆرە دەوڵەتی تورکیا هەموو نەتەوەکانی نێو تورکیای لە ریشەی کولتووری و ئەدەبی و رابردووی مێژوویی خۆیان دابڕی و بەو کولتوور و رابردووە مێژووییە نامۆی کردن. ئەمەیش بەشێک بوو لە ئامانجەکانی کەمالیزم، کە دەیویست گەلانی کورد، عەرەب، لاز، چەرکەس و گورجی..تاد، بە تورک بکات و لە نێو سنووری تورکیادا نەتەوەیەکی نوێی تورک دروست بکات. دوای سەپاندنی ئەم ئەلفوبێیە و زمانی تورکی، وەک تاکە زمانی رەسمیی دەوڵەت، پرۆسێسی بە تورککردنی ئەو گەلانە و کوشتنی زمان و کولتوورەکەیان دەستی پێکرد. ئەم کارەیش بە هێزی دەستوور و قانوون و لە ڕێی زەبروزەنگ و تیرۆری دەوڵەتەوە جێ بەجێ کرا.

لە نیسانی ساڵی ١٩٢٤دا ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانیی تورک، یەکەمین دەستووری تورکیای پەسند کرد. لە مادەی هەشتاوهەشتەمی دەستوورەکەدا هاتووە "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازیی ئاینی و نەژاد، گشتیان تورکن"٢١. بە پێی مادەی دووەمی ئەم دەستوورە، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زمانی تورکی بە تاکە زمانی رەسمی و دانپێدانراوی تورکیا داندرا. هەروا کاتێک کورد لە رووی سیاسەتی کوشتنی زمانەکەی و تواندنەوەی نەتەوەییدا رابوو، دەوڵەتی تورک، لە ریی کوشتاری بە کۆمەڵی کوردەوە، کوشتنی زمان و کولتووری کورد (کولتوورسساید)ی گۆڕی بە جینۆسایدی کورد. ئەم سیاسەت و ڕێبازەی دەوڵەتی تورک، بەرهەمی ئایدیۆلۆجیایەکی رەگەزپەرستانە بوو، بەڵام بە مۆدێلی تورکی، چونکە تورک رەگەزپەرستیی لە دیاردەیەکی بایۆلۆجییەوە گۆڕی بە دیاردەیەکی زمانی و کولتووری.

رەگەزپەرستی لە ئەوروپادا، لە ئەنجامی پەیدابوونی کۆلۆنیالیزم، وەک دیاردەیەکی بایۆلۆجی دەرکەوت. ئایدیۆلۆجیای رەگەزپەرستی (راسیزم) رەگەزی سپی-ئەوروپایی بە بەرز و زیرەک و داهێنەر وێناکرد و رەگەزەکانی تریشی بە دواکەوتوو، پریمیتیڤ و گەمژە دانان. پرۆسێسی کۆلۆنیالکردنی وڵاتان و ژێردەستکردنی ئەو گەلانەیش، ناوی بە شارستانیکردن و پێشخستنی ئەو خەڵکە "پریمیتیڤ و وەحشییانە"ی لێ نرا.

دەوڵەتی تورک ئەم فۆرمەی رەگەزپەرستی بایۆلۆجی گۆڕی بە رەگەزپەرستیی زمانی (لینگڤیسیزم) . ئەوەی تورک نەبوو و زمانەکەی تورکی نەبوو بە دواکەوتوو، گوندی، تورکی شاخی، پریمیتیڤ و وەحشی وینا کرا. بۆ ئەوەی ئەو "وەحشی و دواکەوتووانە" بە شارستانی بکرێن و پێش بخرێن، دەبوو فێری زمانی تورکی بکرێن و شەرمیان بە زمانەکەی خۆیان بێت و فەرامۆشی بکەن. هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بۆ گەیاندن و سەرخستنی ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستییەی دەوڵەتی تورک، بەگەڕ خران. ئاشکرایە سیستمی پەروەردە و قوتابخانەکان باشترین جێگابوون بۆ پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە و شوشتنەوەی مێشکی منداڵانی کورد. بەڵام لە زۆر ناوچەی باکووری کوردستاندا لە جیاتی ئەوەی مامۆستاکان بچنە گوند و شارۆچکە دواکەوتووەکانی کوردستان، دەوڵەت قوتابییانی لە کەس و کاریان دوور دەخستەوە و دەیانبردن بۆلای مامۆستا تورکەکان و لە خوێندنگەی تایبەتدا، کە بە چەندان مانگ چاویان بە دایک و باوکیان نەدەکەوت، وەک دەستبەسەر دەژیان و بە تورک دەکران. نووسەری کۆچکردووی کورد، مەحموود باکسی، لە کتێبێکدا کە ساڵی ١٩٧٩ بە زمانی

سوێدی بڵاو کراوەتەوە، بەم جۆرە باسی ژیانی خۆی لە قوتابخانەیەکی تورکیادا دەکات:

"ساڵی ١٩٦٢ من تەمەنم حەوت ساڵان بوو کاتێک لەگەڵ خوشکم، کە ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، دەستمان بە خوێندن کرد. ئەو کاتە ئێمە یەک وشەی تورکیمان نەدەزانی. بۆیە لە ساڵانی سەرەتادا هەستمان دەکرد کە بەتەواوی لاڵین. هەروا بۆمان نەبوو لە کاتی پشوودا بە کوردی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، دەبوو بێدەنگانە پێکەوە یاری بە بەرد و شتی لەو جۆرە بکەین. مامۆستاکان بە درێژایی کات لە حەوشەی قوتابخانە چاودێرییان دەکردین. هەر کەسێکمان بە کوردی دەپەیڤی سزا دەدرا: مامۆستاکان بە راستە لە سەرەپەنجە و سەرمانیان دەدا. ئەم لێدانە ئازارێکی یەکجار زۆری هەبوو. لەبەر ئەوە ئێمە بەردەوام لە قوتابخانە دەترساین و نەمان دەویست بچینە قوتابخانە". "٢٢"

ئەو خوێندکارانە بە درێژایی ساڵ و ساڵان،لە خوێندنگا تایبەتەکاندا لە کەسوکاریان دادەبڕان و بەتورک دەکران. دواتر ئەوان کەسوکاری خۆیان نە دەناسییەوە. "منداڵەکان بۆیان نەبوو لە قوتابخانەدا بە کوردی قسە بکەن. ئەوان فێر دەکران کە کوردەکان چەپەڵ و پریمیتیڤن. کاتێکیش منداڵەکان بە سەردان، بۆ گوندەکانیان دەچوونەوە، بە دایک و باوکیان دەوت کە ئەوان تورکن و دایک و باوکێکی پریمیتیڤی کوردیان ناوێت، بەڵکو دەیانەوێت کە دایک و باوکیان بە تورکی قسان بکەن و خۆیان بە شارستانی بکەن". "٢٣"

بەم جۆرە مێتۆدانە و لە سەخترین دۆخی سیاسی و کولتووریدا، زمانی تورکی و ئەلفوبێی لاتینی بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا سەپێندران. زمانی کوردی کە لە تورکیا یاساخ کرابوو، تەنیا لە تاراوگە (ئێکسیل) و بە دوور لە گەلی باکووری کوردستان دەرفەتی ژیانی بۆ مابۆوە. بەدرخانییەکان لە سوریا خەباتی رووناکبیری و سیاسیی خۆیان لە دژی دەوڵەتی توکیا درێژە پێ دا. ئەوان، بەلای زۆرەوە، ناچار بوون کە بڵاوکراوەکانیان بە ئەلفوبێی لاتینی-تورکی بنووسن، چونکە لەو ماوەیەدا نەوەیەکی نوێی خوێندەواران لە باکووری کوردستاندا دەرکەوتبوون، کە تەنیا بەم ئەلفوبێیە دەیان توانی بخوێننەوە. بە رای من لەبەر ئەم هۆکارە پراگماتییە بوو، نەک هۆکاری زمانی، کە هێژا (کامەران بەدرخان) و هاوڕێکانی لە مەنفادا کەوتنە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە نوێیە. چونکە پێشتر لە سەدەی شازەیەمەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی کەمالیستیی تورکیا، لە ئەدەبییات و نووسینی کوردی و بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی

باکوور و باشووری کوردستان (لەوانە رۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هێڤی کورد، پەیام، رۆژی کورد..تاد) تەنیا ئەو ئەلفوبێیە کوردییەبەکار هێندراوە. پێشتریش (مەلای جزیری، خانی، فەقێ تەیران، عەبدولرەزاق بەدرخان) لە باکووری کوردستان، (مەولەوی، نالی، وەفایی، حاجی قادری کۆیی، شێخ رەزای تاڵەبانی و مەحوی..تاد) لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بەو ئەلفوبێ کوردییە نووسیویانە.

ئەلفوبێی لاتینی-تورکی بە جۆرێکی سروشتی نەهاتە ناو نووسینی کوردییەوە، لە رەوشێکی ئاسایی مێژووییدا تێکەڵاوی کولتوور و بیر و هۆشی کورد نەبوو، بەڵکو لە گەرمەی کۆلۆنیالکردنی باکووری کوردستان و هەوڵی کوشتنی زمانی کوردی و بە ئامانجی بەنامۆکردنی کورد لە رابردووی مێژوویی و کولتووری و ئەدەبیی خۆی، بە سەر کوردی باکووری کوردستاندا سەپێندرا. واتا ئەم ئەلفوبێیە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی کوردەوە هات. بۆیە وەک هەر دیاردەیەکی تری کولتووری، کە لە دەرەوەرا و بە پاڵپشتی دەسەڵاتێکەوە بێتە وڵاتێکی ترەوە، هیچ بایەخێک بە تایبەتمەندیی کولتووریی وڵاتەکە نادات. لە جیاتیان دەیەوێت خۆی و بایەخ و تایبەتمەندییەکانی خۆی بسەپێنێت.

ئەلفوبێی لاتینی، لە بنەڕەتدا لەگەڵ دەنگەکانی زمانی تورکیدا هەموار کراون و وێنەی تایبەتی دەنگەکانی زمانی تورکییان بۆ داندراوە و سەرەنجام بوونەتە ئەلفوبێی تورکی، یان لاتینی هەموارکراوی تورکی. زمانی کوردی و گەرووی مرۆڤی کوردی باکوور ناچار کراون لەگەڵ ئەم ئەلفوبێیە تورکییەدا بگونجێندرێن. بۆیە ئەلفوبێی لاتینی تورکی بۆ کورد سیمبوول و هاوواتای (سینۆنیم)ی کوشتنی زمان و کولتووری کوردییە.

بەکارهینانی ئەلفوبێ لە نووسیندا، بە هەر زمانێک و بە هەر ئەلفوبێیەک بوو بێت، بە جۆرێکی سروشتی، لەگەڵ گۆڕانی زمان، لە پەیڤینەوە بۆ نووسین، دەردەکەوێت. بۆیە ئەلفوبێیەکە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی دەنگەکانی زمانەکەدا دەگونجێندرێت. کەچی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی- تورکی، لە باکووری کوردستاندا، پێچەوانەی ئەم حاڵەتە سروشتییەیە، چونکە زمانی کوردی و گەرووی مرۆڤی کوردی باکووری کوردستان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەلفوبێیەکەدا بگونجێندرێن، بە تەواوی گۆڕێندراون و شێوێندراون.

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵە دەنگێک هەن کە ئیمڕۆ لە کوردیی سەروو (کرمانجی)دا، بە هۆی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی-تورکییەوە، کوژراون، یان

شێوێندراون، بەو بیانووەی کە گوایە ئەو دەنگانە عەرەبین! وەکوو (ح، ع، غ، ق، ڵ، ڕ).
کاتێک مرۆڤ، لە زاری کوردی باکوورەوە، گوێی لەو وشە کوردیانە دەبێت کە ئەو دەنگانەیان تێدایە (کە بە هەزارانن) پێکەنینی دێت، چونکە بە جۆرێک دەگوترێن وەک ئەوەی لە زاری کەسێکی بیانییەوە، کە تازە فێری کوردی بووبێت، بێنە دەر.
راستە هەندێک لەو دەنگانە لە بنەڕەتدا کوردی نەبوون، بەڵام بە درێژایی سەدان ساڵ و بە هۆی تێکەڵیی کولتووریی کورد لەگەڵ عەرەب و فارسدا ئەم دەنگانە لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێندراون و بوونەتە کوردی. بەمەیش زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بووە، نەک بە پێچەوانەوە. گەرووی مرۆڤی کورد بە جۆرێکی سروشتی لە ڕێگای هەزاران وشەوە، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا چەسپاون و لە زمانی رۆژانەدا بەکار دەهێندرێن، لەگەڵ ئەم دەنگانەدا راهاتوون. وێنەکانیان بە جۆریکی سروشتی بوونەتە بەشێک لە ئەلفوبێی کوردی. لەبەر ئەوە دەبینین کوردی باکوور، تەنانەت بە ئەلفوبێی لاتینییش، ناتوانن بە دروستی (خانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران) و نووسەرانی سەردەمی رۆشنگەریی باکووری کورستان (لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەرەتای سەدەی بیستەم) بخوێننەوە، ئەگەر بشتوانن بە زەحمەتێکی زۆرەوە، بیان خوێننەوە ئەوا تێیان ناگەن. چونکە بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەر و رووناکبیرانە پڕن لەو وشانەی ئەو دەنگانەیان تێدایە کە لە نووسینی کوردیی باکووردا (بە چاولێکەری لە تورک) دەرهێندراون. بە هەمان شێوە لەو ئەدەبیاتە فراوان و هەمە لایەنە بێ ئاگان کە دووسەد ساڵە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هێنراوەتە بەرهەم. تەنانەت ناتوانن سوود لە ئەدەبیاتی ناوچەی بادینانیش وەربگرن کە خۆیان وتەنی بە سۆرانی نەنووسراوە.

کوردی باکووری کوردستان بە زمان و کولتوور و مێژووی خۆیان نامۆ کراون. سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا، بەکارترین ئامرازی ئەم بەخۆنامۆکردنە بووە. ئەلفوبێی لاتینی-تورکی دیوارێکی بەرزی لە بەردەم هەردوو گەلی باکوور و گەلی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵچنیوە. هەر هەوڵ و کۆششێک بۆ نزیکردنەوەی کولتووری و زمانی و هاوئاهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی لە نێوان ئەو دوو بەشەی نەتەوەکەماندا، بە بێ یەکخستنی ئەلفوبێ، واتا خۆئازادکردنی کوردی باکوور لە کۆیلایەتیی ئەلفوبێی تورکی و گەڕانەوەیان بۆ ئەلفوبێی کوردی، ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. ئەلفوبێی لاتینی-تورکیی لە نێو کورددا کەمالیزم سەپاندوویەتی، کەچی ئەلفوبێی کوردی، یەکەمین جار، مەلای جزیری و

خانی و فەقی تەیران لە نووسینی کوردیدا دایان هیناوە، چوار سەدە زیاترە لە نووسینی کوردیدا بەکار دێت و بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە زمان و کولتوور و هزری کورد. هەر مرۆڤێکی کورد، مەگەر وەک پێویست زانیاریی لە بارەی زمانی کوردییەوە نەبێت، یان کەمالیستێکی توندڕەو بێت تا بتوانێت ئەلفوبێی کوردی بە ئەلفوبێی تورکی بگۆڕێتەوە و پشت لە میراتی ئەدەبی و کولتووریی چوارسەد ساڵەی نەتەوەکەی بکات. .

دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە ئەزموونی هەندێک گەلانی یەکێتیی سۆڤییەتی هەڵوەشاوە بکەین. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتی سۆڤییەت ئەلفوبێی (کیریلی)ی بە سەر هەندێک گەلانی سۆڤیەتدا، لەوانە گەلانی تورکزمان و تاجیکدا، سەپاند. لە ماوەی حەفتا ساڵی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا، ئەو گەلانە بە دەیان هەزار کتێبییان لە بواری جۆراوجۆری زانین و زانست و ئەدەبدا بەو ئەلفوبێیە بڵاو کردەوە. کەچی دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت، دەستبەرداری ئەلفوبێی (کیریلی) بوون و گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی خۆیان.

دیارە کوردی باکووری کوردستان، ئازادن کام ئەلفوبی هەڵدەبژێرن. بەڵام ئەگەر ئەوان (وەک ئەو گەلانەی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە) دەستبەرداری ئەلفوبێی داگیرکەری وڵاتەکەیان و بکوژی زمانەکەیان ببن، چ زیانێک دەکەن؟ ئایا ئەوان جگە لە کۆیلایەتیی کولتووری چی دی لەدەست دەدەن؟

شێوەزمانی کوردیی باکوور و ئەلفوبێی لاتینی، لە دوای شکستی ئەزموونی گۆڤاری (هاوار)، تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لە نووسیندا بەکار نەهاتۆتەوە. تەنیا بیستوپێنج ساڵێکە، هەندێک روناکبیری باکووری کوردستان، لە سوێد و هەندێک وڵاتی تری ئەورووپادا بەو شێوەزمانە، یان بە هەندێک دیالێکتی ئەو شێوەزمانە و دیالێکتی زازا دەنووسن. تێکڕای ئەو بەرهەمە ئەدەبی و کولتوورییەی کە بە ئەلفوبێی لاتینی و بەو شێوەزمانە و زازا نووسراون، لە چەند سەد کتێبێک زیاتر نین، کە ئەوانیش زۆربەیان شیعر و چیرۆک و تیکستی فۆلکلۆرین. کەچی لە بەرامبەر ئەمەدا، لە باشووری کوردستاندا، مانگانە، چەند قاتی ئەو بەرهەمانە بە ئەلفوبێی کوردی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. ئەم دیاردەیە نابێت وەک کەمایەسییەک بۆ کوردی باکوور دابندرێت، بەڵکو دەبێت وەک دەرئەنجامێکی رەگەزپەرستیی دەوڵەتی تورک تەماشا بکرێت.

زمانی کوردی لە باکووری کوردستاندا، کە شەڕی مان و نەمان دەکات، بە تەواوی لە بەردەم زمانی تورکیدا پاشەکشەی کردووە. زۆرینەی خەڵکی باکووری

کوردستان ئەم زمانەیان بیر چۆتەوە و زمانی تورکی، بۆ ئەوان، بەتەواوی جێگای زمانی دایکی گرتۆتەوە. پرۆپاگەندەی دەوڵەتی تورک، زمانی کوردی لای خەڵکی کورد وەک زمانی خەڵکی دواکەوتووی بی کولتوور و گوندی و نەخوێندەوار و وەحشی وێنا کردووە. زۆر لەو کوردانەی زمانی خۆیان دەزانن، بەڵام هۆشیاریی نەتەوەییان لاوازە، پێیان شەرمە قسەی پێ بکەن، چونکە پرۆپاگەندەی دەوڵەتی تورک ئەو زمانەی بە جۆرێک لەلا سووک و بێ بایەخ کردوون، کە ئەوان خۆیان ئارەزوومەندانە دەستبەرداری بوون. زۆرینەی کوردی ئەورووپانشینی باکوور، بە نووسەر و رووناکبیرانیشیانەوە، لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی تورکی لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەدوێن. هەرچەندە منداڵەکانیان مافیان هەیە بە کوردی بخوێنن، کەچی دایک و باوکیان دەیاننێرنە بەر خوێندنی تورکی، چونکە بڕوایان بەوە نەماوە کە زمانی کوردی بۆ داهاتووی منداڵەکانیان بایەخ و مانایەکی هەبێت.

ئەلفوبێ خۆی لە خۆیدا توخمێکی کولتوورییە، وەک هەر توخمێکی تری کولتووری،تایبەتمەندیی کولتوورێک و نەتەوەیەک، لە بەرامبەری کولتوورێک و نەتەوەیەکی دیکەدا، پێشان دەدات. ئەلفوبێی کوردی لە باکووری کوردستاندا دەتوانێت قورساییەکی زیاتر بە زمانی کوردی بدات و وەک فاکتەرێکی تری کولتووری، لە خەباتی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی بەتورککردندا، بەکار بهێندرێت. کوردی باکوور، ئەگەر بە تورکیش بنووسێت، دەتوانێت لە رێی ئەلفوبێی کوردییەوە خۆی لە تورک جیا بکاتەوە. هەر توخمیکی کولتووری ی جیاواز دەتوانیت لە بەرامبەری داگیرکەری بیانیدا ببێتە فاکتەری خۆجیاکردنەوە لە داگیرکەر. بۆچی ئەلفوبێی کوردی، وەک توخمێکی کولتووری و بەشیک لە زمانی کوردی، نەتوانێت کوردی باکوور لە تورک جیا بکاتەوە؟ رەتکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینی-تورکی، کە بەشێکە لە ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و ئامرازێکیشە بۆ کوشتنی زمانی کوردی،تەحەدایەکی گەورەی کەمالیزم و سیاسەتی کوشتنی زمانی کوردییە لە تورکیادا. بەڵام ئایا کوردی باکوور دەتوانن دەستبەرداری ئەلفوبێی لاتینی-تورکی ببن،یان ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و دیماگۆگیای دەوڵەتی تورک ئەم ئەلفوبێیەیان لای ئەوانیش پیرۆز کردووە و ئەوانیش وەک تورک پێیان وایە کە لە رێی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی-تورکییەوە بوونەتە گەلێکی ئەورووپایی؟!

## ئەنجام

زمانی کوردی بوون و پێناسەی نەتەوەیی کورد بەرجەستە دەکات. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، لە پێش هەموویانەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، هێندە لە ئاست زمانەکەیاندا کەمتەرخەم و بێخەمن کە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا نموونەی نییە.

زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، لە مێژووی دووسەد ساڵەی پێشکەوتنیدا، بە جۆرێکی سروشتی بە ناوچەی جۆراوجۆری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، بە هەزاران وشەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی تێکەڵاو بووە. سەدەیەکە لە زمانی شیعر و ئەدەبەوە گۆڕدراوە بە زمانی فیکر و رۆژنامەنووسی و زانست و زانین و سیاسەت و حکومەت و پەرلەمان. ئێمرۆ ئاستی فیکر و شارستانەتی کورد و تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانی کورد، بەر لە هەر شتیک، لە زمانە ئەدەبییەکەیدا دەردەکەون. ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، هەموو مەرج و نیشانەکانی زمانی ستانداردی لە خۆیدا بەرجەستە کردووە. دەیان ساڵیشە لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا رۆڵی زمانی ستاندارد دەبینێت. بەڵام هێشتا زمانێکی بی خاوەنە، هیچ پلان و دەزگایەکی تایبەت نییە کە چاودێری و سەرپەرشتی بکات. بە پێی پلانی زانستی و ستراتیژی، نۆرمی نووسین و رەوشی پێشکەوتنەکەی رێک بخات.

لەپاڵ ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەدا، شێوەزمان و دیالێکتی تری زمانی کوردی (کرمانجی، بادینانی و زازا) لە نووسیندا بەکار دەهێندرێن و بە جیا رەوشی خۆیان دەبڕن. لە هەمان کاتدا لە گەڵ ئەلفوبێی کوردیدا، ئەلفوبێی لاتینی-تورکی، لە دامەزراندنی دەوڵەتی کەمالیستی تورکیاوە، بەسەر گەلی باکووری کوردستانداسەپێندراوە، ئەمەیش گرفتێکی گەورەتری بۆ کورد و زمانی کوردی دروست کردووە، چونکە گەلی باکووری کوردستانی لە رابردووی مێژوویی و کولتووریی خۆی و لە تەواوی ژیانی رووناکبیریی بەشەکانی تری کورد دابڕیوە. بەمەیش جیاوازی و لێکدابڕانی زمانی و کولتووریی نێوان کورد زیاتر بووە.

ئیمڕۆ، لە باشووری کوردستاندا، هەندێک لە دیالێکتەکان بەرامبەری زمانی ئەدەبیی کوردی وەستاون و شەڕی زمانی حکومەت و پەرلەمان دەکەن و دەیانەوێت ستاتوسی ئەویان هەبێت؟

ئاشکرایە ئەم گرفتانە بەرهەمی ئەو دۆخە سەختەن کە نەتەوەی کورد، بە هۆی دابەشکردن و داگیرکردنی وڵاتەکەیەوە، تووشیان هاتووە. بەڵام ئایا کورد تاکەی

دەتوانێت بە دەست برینەکانی رابردووەوە بناڵێنێت؟ تاکەی گرفتەکانی خۆی، لە پێش هەموویانەوە گرفتی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و چەسپاندنی نۆرمی زمانی نووسین، بەبێ چارەسەر دەهێڵێتەوە؟

بە رای من کاتی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زمانی،وەک بەشێکی گرنگی سیاسەتیی کولتووری، دابرێژێت. زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، لە باشووری کوردستاندا، بە زمانی ستاندارد بناسێیت و دەزگای تایبەتی بۆ دابمەزرێنێت. ئەم دەزگایە دەتوانێت باس و لێدوانی جیدی و بەرپرسانە لە بارەی گرفتەکانی زمانی کوردییەوە، دەست پێ بکات. بە هاوکاریی پسپۆرانی زمان و زانکۆکانی کوردستان، پلانی درێژخایەن بۆ زمانی کوردی و نزیککردنەوەی شیوەکانی زمانی کوردی و پاراستنی دیالێکتەکانی، دابرێژێت. هەروا سوود لە ئەزموونی سیاسەتی زمانیی نەتەوەکانی تر وەربگیرێت.

کورد، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، بە هەر دیالێکتێک و شێوەزمانێک بدوێن و بنووسن، خۆیان بە کورد و زمانەکەیان بە کوردی دادەنێن. خەڵکی تریش هەر بە کوردیان دەزانن. ئەم مەسەلەیە، لە رووی سیاسی و نەتەوەییەوە بایەخی زۆری هەیە. بەڵام ئایا ئەم فاکتەرە بە تەنیا دەتوانێت پێش لە دروستبوونی دوو زمانی کوردی بگرێت؟

راستییەکەی بەکارهێنانی دوو شێوەزمان و دوو ئەلفوبێی جیاواز لە نووسیندا، زمانی کوردی بەرەو دوو زمانی جیاواز دەبات. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی تەنیا رێگای هاوئاهەنگی نەتەوەیی و کولتووری ناگرێت، بەڵکو دەتوانێت کورد بکاتە دوو گەلی خاوەن دوو زمان و دوو کولتووری جیاواز و تەنانەت لێکدابڕاو. سەرەتای ئەم دابەشبوونە لە نێوان زمان و گەلی باکووری کوردستان و زمان و گەلی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستی پێ کردووە. ساڵانێکە کوردی باکوور، وەک گەلێکی جیاوازی خاوەن تایبەتمەندیی زمانی و کولتووری، بە جیا و دابڕاو لە بەشەکانی تری کورد و لە ژێر شاڵاو و کارتێکردنی زمان و کولتووری تورکیدا، درێژە بە ژیانی سیاسی و کولتووریی خۆیان دەدەن. بە پێی ئاگاداریی نووسەری ئەم باسە، هێندەی کوردی باکوور لە زمانی تورکی و کولتوور و شێوەژیانی تورکەوە نزیکن، سەدیەکی ئەوە لە کولتوور و زمان و شێوەژیانی کوردی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نزیک نین. ئەمە راستییەکی زۆر سەختە، بەڵام واقیعێکە و روو بەرووی بووینەتەوە. بێدەنگبوون لەم راستییە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

دیاردەی فرەدیالێکتی، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندیی کولتووری دادەندرێت. دیالێکتەکان سنوور و پرەستیژی خۆیان بۆ دیاری کراوە و ناتوانن، شەڕی زمانی ستاندارد بکەن. ئایا ئەم دیاردەیە، لە باشووری کوردستاندا، کولتوور و زمانی کوردی بە پێزتر دەکات، یان جیاوازیی کولتووری و زمانی و تەنانەت نەتەوەیی کورد، لەم هەرێمەدا، زیاتر دەکات؟

سیاسەتی کولتووری، بە تایبەتی سیاسەتی زمانیی حکومەتی هەرێم، دەتوانێت لە داهاتوودا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1+Benedict Anderson, Den föreställda gemenskapen, Översättning: Sven-Erik Torhell, Daidelos, Göteborg 1993, s.78

2- Karl Popper, Det Öppna samhället och dess fiender, , Del 2, Översättning av Bo Ekström, Akademilitteratur, Stockholm 1981, s.58

3-Öyvind Österud, vad är nationalism, Stockholm 1997, s.30

4-- Tore Jonson, Språket och historian, Norstedts, Falun 1997, s.152

5- Öyvind Österud, s.34

6-Michael Norberg, Asiens historia från forntiden till 1914, Natur och kultur, Stockholm 1971, s.108-109

٧-م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە رووسییەوە د. دلێر ئەحمەد، بڵاوکراوەی مەلبەندی کوردۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان ٢٠٠٧ لا. ٢١

8-Jasenka Trakt, Språk och statbildning, multietniska, Nr 24-25, aug.1999,s.3

9- Ingmar Söhrman, Språk, nationer och andra farligheter, ARENA, 1997, s.27

10-- Tore Jonson, Språket och historian, s.20

١١-نووسەری ئەم باسە پێشتر لە کتێبی (ئیمپراتۆریای لم) و (کولتوور و ناسیۆنالیزم)دا فراوانتر باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە. هەروا بۆ زیاتر بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا رەسوول، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بەغدا (١٩٧٠)

١٢- ناونانی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بە سۆرانی پەیوەندیی بە میرنشینی سۆرانەوە نییە، چونکە ئەم زمانە ئەدەبییە (وەک زمانی نووسین) سەرەتا لە ناوچەی سلێمانی و لە سایەی میرنشینی باباندا دەرکەوت. دواتر بە ناوچەو هەرێمەکانی (گەرمیان، سۆران، هەورامان، موکریان و سنە)دا بڵاو بۆوە. بە پێی ئاگاداری نووسەری ئەم باسە، وشە، یان زاراوەی سۆرانی، کە بە سەر زمانی کوردیی خواروو و خەڵکەکەیدا بڕاوە، سەرەتا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا و لە کاتی شەڕی نێوخۆدا کەوتە سەر زمانی خەڵک. ناوچەی سۆران، کە خەڵکەکەی بە شێوەزمانی کوردی خواروو دەدوێن، سنووری لەگەڵ ناوچەی بادینانە. لەبەر ئەوە وشەی سۆرانی، لای هەندێک خوێندەوار و نەخوێندەواری بادینان وەک پێناسەیەک بۆ هەموو ئەو کوردانە بەکار هاتووە کە بە دیالێکتی بادینانی نادوێن. بە کورتی وشەی (سۆرانی) وەک پێناسەی کۆمەڵە خەڵکێک لە بەرامبەری پێناسەی بادینانیدا دروست کراوە. چونکە ئەوانەی بە زمانی ئەدەبیی کوردی (کوردیی خواروو) دەدوێن، بە خەڵکی ناوچەی سۆرانیشەوە، نە خۆیان بە سۆرانی دادەنێن و نە شێوە زمانەکەیان بە سۆرانی ناو دەبەن. ئەوان تەنیا خۆیان بە کورد و زمانەکەیان بە کوردی دەزانن. خەڵکی بیانیش (عەرەب ئەوروپایی و ئەمریکایی) ئەوان بە کورد دەزانن. بەڵام کوردی باکووری کوردستان، بە گشتی خۆیان بە کرمانج و زمانەکەیان بە کرمانجی ناو دەبەن. کەچی کوردی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوان بە کورد و زمانەکەشیان بە شێوەیەکی زمانی کوردی دەزانن. وشەی (سۆرانی)

دواتر، له گەڵ بەردەوامبوونی شەڕی نێوخۆدا، مانایەکی نێگەتیڤی وەرگرت. بۆیە ناوبردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و ئەو خەڵکەی پێی دەدوێن و دەنووسن بە سۆرانی، بە مەبەست یان بێ مەبەست بێت، تەنیا هەڵە نییە، بەڵکو تەوهین و سوکایەتیکردنیشە.

١٣-د.ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی ئەدەبی، بەشی سێیەم، ئاسۆ، ژمارە ٤٥١،رۆژی٦-٦-٢٠٠٧

١٤-ئەم قسەیەم لە بەڕێز د. مەحموود عوسمان بیستووە، کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و کەسی نزیکی بارزانی بوو.

١٥- لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

-Johanna Barodal & Nils Jörgensen, Nordiska Våra Språk förr och nu, Lund, 1997

- Ingmar Söhrman, Språk, nationer och andra farligheter, ARENA, 1997, s.27

- Tore Jonson, Språket och historian, Norstedts, Falun 1997

16_ Hug Ryden, Dick Widing, Språk orientering, Sverige, s. 56

17- Ingmar Söhrman, Språk, nationer och andra farligheter,s.28

*هەندێک بۆ گاڵتە، ئەم شیوەزمانە! بە سورمانجی "سۆرانی-کرمانجی" ناو دەبەن.

١٨-ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئینستیتوتی کوردی، پاریس ١٩٨٩، ل ٢٤

١٩-فەرهاد شاکەلی، زمان و ئەلفوبێی ستانداردی کوردی، لە روانگەیەکی مێژوویی و زانستییەوە، رۆژنامەی ئاسۆ، ژ. ٤٣٨، رۆژی ٢٢-٥-٢٠٠٧

٢٠- دەوترێت کە گوایا هێژا جەلادەت بەدرخان، پێش ئەو کاتە (واتا پێش تورک) ویستوویەتی ئەلفوبێی لاتینی، لە نووسینی کوردیدا بەکار بهێنێت. بەڵام ئەدەبیاتی نووسراو بە کوردیی باکوور لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوە (١٨٩٨) تا شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) کە هەموو گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردی، لە باکووری کوردستاندا، داخران بە ئەلفوبێی کوردی بوون. هێندەی من ئاگادار بم تاکە رووپەرێکی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی نەنووسرا بوو. ئەگەر هێژا جەلادەت رایەکی لەو جۆرەیشی هەبووبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ژێر کارتێکردنی ناسیۆنالیستانی تورکدا بووە، کە زۆر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی تورک بیریان لەم مەسەلەیە کردبۆوە. ئەو کاتە ناسیۆنالیستانی تورک، عەرەب و کورد پێکەوە، لە دژی دەسەڵاتی ئیستیبدادیی سوڵتانەکانی عوسمانی، کار و خەباتیان دەکرد و داوای ریفۆرم و گۆڕانکارییان دەکرد.

٢١- م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٢

22- Tove Skutnabb -Kangas, Minoritet, språk och rasism, s197

٢٣-هەمان سەرچاوە، ل. ١٩٨

# فەرهەنگەكەی ئۆگوست ژابا

د . موحسین ئەحمەد عومەر

ئەم فەرهەنگە كە بە یەكێك لە كارە نایابەكانی (ژابا) لە قەڵەم دەدرێ :
(M.August Jaba, Dictionnair Kurde_Français,publié par ordre de L'Académie Impériale de Sciences, par Ferdinand Justi, St.pétersbourg ,1879.463 pp.)
لەساڵی ١٨٧٩ دا لە (سان __ پیتەرسبۆرگ) لە لایەن (ئەكادیمیای شاهانە بۆ زانستەكان) چاپ و بڵاوكراوەتەوە . سەرپەرشتكاری چاپ و بڵاوكردنەوە و پێشەكی لە لایەن (فێردیناند ژوستی) گیراوەتە ئەستۆ . ئێمە لێرە پێشەكییەكەی (ژوستی)یان كردۆتە كوردی، بۆ ئەوەی خوێنەر و رۆشنبیرانی كوردی تێڕوانینێكیان لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە هەبێ، چونكە دەمێكە كۆمەڵێك لە نووسەر و پسپۆرانی بواری كوردناسی لەسەر ئەم فەرهەنگە دەنووسن و بڵاودەكەنەوە، بێ ئەوەی یەكێكیان سەرنجێكی ناوەوەی ئەم فەرهەنگەی دابێ، لێرەشەوە كۆمەڵێك پرسیار خۆی رەپێش دەنێ، ئایا زمانی كوردی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، سەردەمی نووسین و ئامادەكردنی ئەم فەرهەنگە لە لایەن (ژابا) بە هاوكاری (مەلا مەحمودی بایەزیدی) چۆن بووە ؟ ئایا (ژابا) كوردیی ئەو سەردەمەی باش زانیوە، ئایا هاوكارەكەی كوردییەكی چۆنی نووسیووە ؟ ئایا كوردناس و رۆژهەڵاتناسەكان تا چەند چوونەتە ناو كۆمەڵی كوردیی ئەوسا و روخساری زمان و رۆشنبیری لە ناو كورددا چۆن بووە ؟ بێجگە لە دەیان پرسیاری دیكە، هەڵبەت لەرێگای سەرنجدانی زمانی ئەم فەرهەنگەوە، ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاری دیكەش وەڵامیان دەدرێتەوە. لە هەمان كاتدا وەڵامی ئەو پرسیارەش دەدرێتەوە كە كەس لە هیچ سەردەمێك هێندەی كورد خۆی شارەزای زمانەكەی خۆی نییە، ئەمەش لەو روانگەیەوە دێ كە (ئێگوسەنتریزمی رۆژئاوایی) كە رۆژهەڵاتناسی و كوردناسی بە كەرەستە و روانینی خۆی دادەنێ، لەو گۆشە نیگایەوە دێ كە مرۆڤی كورد لەبەر ئەوەی لە ناو ئاووهەواو پێكهاتوویەكی

کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیری و شارسـتانی و مـاددیی ئـەو سـەردەمەدا ژیـاوە، خـاوەن نوخبەیـەکی هوشـیار و خوێنـدەوار نـەبووە، بتـوانێ ئـەویش (ئێگۆسـەنتریزمێکی کـوردی) بنیـات بنـێ، خوێندنەوەیـەك بـۆ نـاوەوە بکـا کـە لـە نـاوەوە سەرچـاوەی گرتبـێ، هـەموو ئەمـەش بێگومـان مێژوویێکی کولتووریی تایبەتی لە پشتە، کە دەشێ هـۆی سـەرەکی بگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمێکی کۆن، هەروەها لە رووی پێکهاتەشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شێوە تۆڕێکی کولتووریی تایبـەت کـە وەك خـەوێکی شارسـتانی ئـاڵۆز دێتـە بەرچـاو . دەشـێ لـە روانگـەی ئـەنترۆپۆلۆژیی کولتـووری و لێکۆڵینەوە مێژووییەکانەوە، روانگەیەکی دروستمان دەست بکـەوێ کـە تـەواوی رۆژهـەڵات بـە کوردیشەوە بە درێژایی مێژووی ئەم پێنچ سەد ساڵەی دوایی تێیـدا ژیـاون. مەسـەلەکە هـەمووی پەیوەنـدیی بـە هۆشـیاربوونەوەی (مـن _ego)ی رۆژئـاواوە هەیـە، لـەو سەریـشەوە مەسـەلەکە هـەمووی پەیوەنـدی بـە خـەوتنی یـان لاوازی (مـن _ego) ی کـورد و رۆژهەڵاتـەوە هەیـە. رۆژئاواییـەکان، هـەر لـە زووێکـەوە، لـە رێگـای زوو بـە ئەنـستیتۆ بـوون (سـەرهەڵدانی دەزگـاو بنکەکانی لێکۆڵینەوە لە گشت بوارێکەوە) وێرای بە دەسـتەڵاتبوون و دۆزینـەوەی بـواری دیکـەی دامەزراندنی دەسەڵات تێیدا لە دەرەوەی رۆژئاوا (ئەوروپای سـەدەی نـۆزدەم) نێـردراوی ئـایینی و بازرگانی و سیاسی و جێوگرافی و پیشەیی و سروشتی_ یـان بـۆ دەرەوە دەنـارد بـۆ لێکۆڵینـەوە، هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە وەك زەخیرەیەکی شارستانی لە خزمەتی بە هێزکردن و دەوڵەمەنـدکردنی ئەو (من _ego) یەی رۆژئاو بووە، لـە هـەمان کاتیـشدا بـۆ کـونترۆڵکردن و پـاوانکردنی ئـەویتر بـووە، ئـەویتری خـەوتوو، ئـەویتری بـێ (مـن _ego) ئـەویتری کـورد و رۆژهـەڵاتی. دەشـێ ئەنترۆپۆلۆژیی کولتووری جوانتر باس لەو (من _ego)ە خـەوتووە بکـا. بـەو مانایـەی جیـاوازیی کولتووری پێش هاتنی گۆڕانە گەورەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم، کە هەر ئەمەشیان بـۆ خـۆی بەشـێکە لـە کـۆنترۆلی ئـەویتر لـە لایـەن ئێگۆسـەنتریزمی ئـەوروپایی یـان روژئـاوایی، ئـەم ناهاوسەنگییەی دروست کردووە، بەو مانایـەی لەگـەڵ هـاتنی کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەم مـۆدێلی شارستانیی رۆژئاوایی لە شێوەی خوێندنی نوێ و عەلمانیەت و ناسیۆنالیزم و شۆڕشـی پیـشەسازی و هێرشی بزووتنەوە فیکری و ئیدیۆلۆژییەکان لە ئـەوروپاوە بـۆ رۆژهـەڵات، خـۆی لـە خۆیـدا بـە کاری ئەنستیتۆی رۆژئاواییەکان دادەنرێ، سەرەنجام لێرەوە پەیوەندییەکی دیکە دروست دەبـێ کـە هەتا ئـەمڕۆش ناهاوسـەنگییە کۆنەکـە درێـژەی هەیـە . مـن _ego_ی رۆژهـەڵات و کـورد تـا رادەیەك لـە نـاو هـەمان پەیوەنـدیی شارسـتانیی کـۆن دەژیـێ، (ئـەم روانگەیـە رۆژهـەڵاتی دوور ناگرێتـەوە ) ئەگـەرنا پەیوەنـدی و هەڵکـەوتێکی لـەم جـۆرە چـۆن لێکدەدرێتـەوە، ئەنـستیتوە ئەوروپاییەکان، هەروەك چۆن نێردراویان بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆشەوکەنارە بۆ کوردستان هەر لـە سـەرەتای

سەدەی شانزەم و حەڤدەم ناردووە ، لە هەمان کاتدا نێردراویان بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤی کورد و زمانەکە و ولاتەکەشی ناردووە .

لە خەورابوون و بێداربوونەوەی رۆژئاوا ( کە دەکا ئەوروپای کۆن بەتەنیا) دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی رێنێسانس، سەردەمی بووژانەوە، یەکەمین هەوڵی دەرچوون بۆ کۆنترۆڵی ئەویتر، هەروەها یەکەمین هەوڵی بیناکردنی (مـن _ego) شارستانیی رۆژئاوا لەگەڵ دۆزینەوەکانی (کریستۆڤەر کۆلۆمبس) لە ساڵی ١٤٩٢ دا دەست پێ دەکەن، لە ناوەوەش ، واتە لەناوەوەی ئەوروپاش، زەمینەی ئەم هەوڵ ودەرچوون وبیناکردنە تەواو لە بار بوو، ئەگەر (دۆن کیخۆت) ەی (سێرڤانتێس) بە نموونە بهێنینەوە، کە هەر لەو سەردەمەدا بلاوبووەتەوە، روانینێکمان لەم بارەیەوە دەداتێ، دۆن کیخۆتە دژی ئەفسوون و خورافیات و ئێگۆی نێگەتیڤ و خەوتووی میللەتانی ئەوروپایە، بەو مانایەی لەو سەردەمە، سەردەمی دەسەلاتی ئایین و موحاکەماتی کلێسا و حوکمی دیسسپۆتیزمی کلێسا بوو، (سێرڤانتێس) وەك رۆشنبیرێك، بێگومان ئێگۆیەکی پۆزەتیڤە و موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە، بەلام بە هیچ شێوەیەك بەشێك نییە لە ئێگۆسەنتریزمی رۆژئاوایی، ئەو رووی ناوەوەمان پیشان دەدا، بەڵگەیەکیشە بۆ زیندووبوونەوە ، لێرەوە مەبەستی ئێمە ئەوەیە، ئەنستیتوەکان کە سەرهەڵدانیان دەگەرێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، بۆ ئەم بێداربوونەوەیە، دەستەلاتێك دامەزرا تەواو پێچەوانەی زیندووبوونەوەی بەو شێوەیەی (سێرڤانتێس) دروستی دەکا، ئەم زیندووبوونەوەیە زیندووبوونەوەی دەستەلاتە، دەستەلاتی رۆژئاوا، کە بنکەکەی لەسەر جیاوازیی کولتووری بە هەموو پێکهاتەیەکی ناوەوەی خۆی دامەزراوە، وەك ئایین، سیاسەت، بەرژەوەندی ماددی، جیۆگرافی ...هتد، دواتر بە درێژایی سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەم و نۆزدەم، ئەم دەستەلاتە پێکهاتووی ناوەوەی کۆلۆنیزاسیۆنی پێکدەهێنا، یان بەشێوەیەکی دیکە روخسارە سەرەکییەکانی کۆلۆنیالیزم بوو، کە بنکەی ئەمەش ئەوروپای ئەو سەردەمەبوو. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ساڵی ١٩٠٠ دا تەواو دەبێ، هەر لەوساڵانەشدا رۆژهەڵاتناسی وەك ئیدیۆلۆژی ئێگۆسەنتریزمی ئەوروپایی بەشێوە کۆنەکەی تەواو دەبێ و پەیوەندی نوێ شوێنی دەگرێتەوە، دەبینین هەر لەو سەردەمەشدا رۆژهەلات، بەتایبەتی رۆژهەلاتی ناڤین و کورد کەوتوونەتە ناو شارستانی و مۆدێلی ژیانی رۆژئاوایی، هەرلێرەشەوە وەك بڵێی بێداربوونەوەیەك بەم هۆیە روویدابێ لە ناو مرۆڤی کورد و رۆژهەلاتی، دەبینین، یەکەم رۆژنامەی کوردی سەرهەڵدەدا لەلایەن یەکەم نوخبەی رێکخراوی کوردی لەرووی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتییەوە. ئەم هەڵکەوتە چۆن گەشەی کرد و چۆن رووی دا، بێگومان ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ئێگۆسەنتریزمی ئەوروپایی کە دەکا ئێگۆسەنتریزمی رۆژهەڵاتناسی وەك سەرتاپا هەڵکەوتێکی نێگەتیڤە، بەقەد ئەوەی مەبەستمانە بڵێین لە بەرچی مرۆڤی کورد و

ڕۆژهەڵاتی کەرستەی کۆنترۆڵ و کەرستەی دەرچوون و فراوان بـوونی ئـەم ئێگوسـەنتریزمەیە، ئایـا ئەمەیان ناگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان بگرە لاوازی و نەبوونی خوێندنـەوە و ڕوانگەیـەکی سـەرتاپاگیر بۆ خۆی و بۆ بوون و هەموو گەردوون، ئایا ئەمەش وەك خـەوێکی کۆمەڵایـەتی نایەتـە بەرچـاو؟ هەڵبەت من مەبەستم خەوی ئینسانی نییە، چونکە ڕۆژهەڵاتییەکان سەرەڕای بوونی کـوێرەوەریی ماددی و ڕۆشنبیری لە سەردەمە کۆنەکان، بەتایبەتی لە سەردەمی بووژانەوەی ڕۆژئـاوا تـا سـاڵی ١٩٠٠ سەرەڕای ئەم هەڵکەوتەیان دیسان هەر بیریان کردۆتەوە و وەك شارسـتانی سـەیری خۆیـان کردووە، لە بەر ئەوە، لەوبڕوایەدام، نووسینی فەرهەنگێك لە سەر کورد یان هەر کارێـك لـە سـەر ڕۆژهەڵات، بەری یەکەمین هەنگاوی (کریستۆفەر کۆلۆمبس) بوو ، کە یەکـەمین هـەنگاویش بـوو بۆ دەرچوون و کۆنترۆڵ کردنی ئەویتر، ئەویتری جیاواز لە خۆی، ئەمەش سروشـت و هەڵکـەوتێکی تازەی دا بە ڕۆژئاوا کە پڕە لە خوێندنەوە و ڕوانینـی پـۆزەتیڤ و نێگـەتیڤ. سـەرەنجام هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە دەبـێ ئـەم فەرهەنگـەش هەڵبـسەنگێندرێ . ئـەم فەرهەنگـە لەلایـەن (ژابـا) و بـە هاوکـاریی (مەلامـەحمودی بایەزیـدی) نووسـراوە. (ژابـا) وەك ڕۆژهەڵاتناسـێك و کوردناسـێکی ڕووس، هەروەها وەك دیپلۆماتێك، شتێکی ئەوتۆ لـە سـەر ژیـانی نـازانرێ. (ئۆگوسـت ژابـا) بـە ڕەچەڵەك وەك شۆدزکۆ پۆلۆنیە، بەلام بـە کەسـایەتی و ناسـنامەی ڕووسـی ناسـراون . (ژابـا) لـە ساڵی ١٨٠٣ دا لە (پۆلۆنیا) لە خێزانێکی ئەریستۆکراتی لە دایکبووە . ئەو هـەر لـە زووێکـەوە بە هۆی کـارکردنی لـە نـاو ئەنـستیتووەکانی دیپۆلماسـی و سیاسـی و دەوڵـەتی، وەك پـسپۆڕ لـە زمانـەکانی تـورکی و عـەرەبی و فارسـی و دواتـریش کـوردی ناسـراوە، دەتـوانین بڵـێین تـەواوی کارەکانی (ژابـا) لـە سـەر کـوردە. بێجگـە لـەم فەرهەنگـە خـاوەنی کتێبـی (تێبینـی و چیرۆکە کوردییـەکان )یـشە، کـە لەگـەڵ (مەلامـەحمودی بایەزیـدی) نزیکـەی (٥٦) تێکـستی کوردییـان تۆمـارکردووە و وەریـان گێڕدراونەتـە سـەر زمـانی فرەنـسی. ئـەم کتێبـە بـە (Recueil de Notices et Récits Kourdes) ناسراوە کە لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە (سـان پێترسـبۆرگ) چـاپ کراوە و بلاوکراوەتەوە وێڕای هەندێ تێکستی تر و پێشەکی. ئەم فەرهەنگـە، کـاری (ژابـا) یـە و لەوسەردەمە ئامـادەکراوە کـە لـە (ئـەرزەڕوم) کۆنـسۆڵی ڕووسـیا بـووە، هـەر لـەم شـوێنەش بـە هاوکـاری لەگـەڵ (بایەزیـدی) لەسـەر داوای ئەکادیمیـستی ئـەلمانی دۆرن زۆرکـاری کـردووە، ئـەم کتێبەی سەرەوە لەگەڵ هەندێکی دیکە بە داواکاری ئەو بـووە. ئێمـە پێـشەکی ئـەم فەرهەنگـەی ژابا- مان کردۆتە کوردی بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بکەوێتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگـەڵ ئـەم کتێبە، هەر تەنیا بـە ناوهێنـانی نەوەستین وەك زۆر لـە سەرچـاوە کوردییـەکان بـە ڕاگـوزاری بـە تەنیشتیدا تێدەپەڕن، بێگومان خوێنەر ئینتیباعێکی گشتی لـە بـارەی فەرهەنگەکـە وەردەگرێ،

هەروەها لە هەر شوێنێك پێویست بووبێ تێبینیی خۆمان بە نـاوی (وەرگێـڕ) نووسـیوە. دوا شـت دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە زمانی کوردی ئـەم فەرهەنگـە بریتییـە لـە زمـان و زاراوەکـانی ناوچەی وان و بایەزید و بتلیس و مـوش و ئـەرزەروم و ئـەرزنجان و قـارس کـە دەکەونـە بـاکووری کوردستان. ناشێ بڵێین زمانی کوردی ئەم فەرهەنگە بریتییـە لـە زمـانی سـەرتاپای کـوردی ئـەو سەردەمە، تەواوی کوردییەکەی لەگەڵ زمانی ئەمڕۆی کـوردی کێـشەیەکی ئـەوتۆی تێنەگەیـشتن دروست ناکا، دەشێ ئەم ڕوانینە زیاتر بەسەر سۆرانی پەیڕەو ببێ، بەو مانایەی ئەمەی دوایی زۆر گەشەی کردووە، ئەوەی دەمێنێتەوە هەندێ تایبەتمەندیی ناوچەکانی باکوورە، وێـڕای ئـەم هـەموو وشـە عـەرەبی و فارسـییانەی کـە تیایـدان، ئـەمڕۆ زۆر کـەم لـە نـاو کـوردی (بـە سـۆرانی و کرمانجیەکەی) بەکاردێ، ئەمەش شتێکی ئاسـاییە، چـونکە نیـوانی ئـەم کتێبـە لـە گـەڵ ئـەمڕۆ نزیکـەی سـەدوپەنجا سـاڵێك دەبـێ، لـەم سـەدوپەنجا سـاڵە، بەتایبـەتی، راسـتەوخۆ دوای ئـەم فەرهەنگـە، نوێبوونەوەیـەك لـە نـاو کـورد سـەرهەڵدەدا، سـەرەتاکانی ئەمـەش لـە بـەرایی لـە (ئەستەنبوڵ) بوو کە کار بە زمانی ئەم فەرهەنگە دەکرا، پێی دەنووسراو بڵاودەکـراوە، بـەڵام ئـەم بەکارهێنانە لەگەڵ ساڵی ١٩١٨ دا کۆتایی پێ دێ، هۆیەکەشی هەمووومان دەزانین چییە و چـۆن بووە، بە پلەی یەکەم گۆڕانە سیاسییەکان لە پشت ئەم پـچڕانە بـوون، دواتـر، کوردسـتانی عێـراق یان (باشووری کوردستان) وەك لە بڵاوکراوەی بیستەکانی کوردسـتانی عێـراق هـاتووە، ئـەو ڕۆڵـە تازەیە دەگێڕن، لێرەش زمانی بەکارهێنراوی تازە هەمان ئەو زمانەیە کـە (نـالی) و ئـەوانی دوای ئەم درێژەیان پێداوە، لێرەشەوە زمانی کـوردی بـەکارهێنراو تـا رادەیـەك جیـاوازی هـەبوو لەگـەڵ زمانی ئەم فەرهەنگـە، لەگـەڵ ئەمەشـدا دەبیـنین، زمـانی ئـەم فەرهەنگـە سـەرەڕای نـاوێزەیی و دەگمـەنی، سـەرەڕای زۆر لێکدانـەوەی پێـچەوانە و وشـە و دەسـتەواژەی بـە هەڵـە هـاتوو، فەرهەنگێکە ئەمڕۆش هەمان نرخی تایبـەتی خـۆی هەیـە، بـەلای کـەمی دەبـێ ئـەو لایەنـە لـە بەرچاو بگـرین کـە ئەمـە لەلایـەن دووکـەس نووسـراوە یـەکێکیان بێگانەیـە و کوردییەکـەی زۆر دروسـت نـەبووە، ئـەویتریان کوردێکـە وەك ڕۆشـنبیرێکی ئـەو سـەردەمە، بـێ بـوونی سەرچـاوە ونموونەی فەرهەنگی لەم جۆرە، وەك زەوییەکی بەیار، کاریان لەناو ئەم زمانەدا کـردووە. لـە ڕووی ڕێنووسیش بەهەمان ئەو ڕێنووسە فارسییە نووسراوە کە ئەمڕۆش بـۆ زمـانی فارسـی بـەکار دێ، بەڵام هەندێ تایبەتمەندی زمانی کوردی لە بەرچاو گیراوە، وەك لە بەکارهێنانی ئەم پیتانە بەرچاو دەکـەوێ:(ڤ ، ژ ، ( ڭ ) ، ژ، پ ، وو ، چ ، ...هتـد)، سـەرەنجام، ئـەم فەرهەنگـە وەکـو سەرچاوەیەکی نایاب و دەگمەن بۆ زمانی کوردی دەمێنێتەوە، دواجـار ئـەم فەرهەنگـە کـوردی - فەرەنسییە، سەرەڕای ئەوەی دەشێ خوێنەری فەرەنسی بەپلەی یەکەم سوودی لێ وەربگـرێ، کـوردی ئەمڕۆش بەهەمان ئاست دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ.

## پێشەکی فەرهەنگەکەی (ژابا)
## (فەرهەنگی کوردی _فرەنسی)

ئەم فەرهەنگە کوردییە کە چاپکراوی (ئەکادیمیای شاهانەیە)، کاری جەنابی کۆنسولی جارانی رووسیا، بەرێز (ئۆگوست ژابا) یە لە (ئەرزەرۆم) ، کە زیاتر لە ناو جیهانی زانا و ئەدیبان بە دانەری کتێبی "تێبینی وچیرۆکە کوردییەکان"ناسراوە. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زانین و زانیارییە لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی خێڵەکانی کوردستان کە لە لایەن دانەرەوە کۆکراوەتەوە و وەرگێردراوە، لە شاری (سان پیتەرسبۆرگ) لە ساڵی ١٨٦٠ دا چاپکراوە. دەستنووسەکە لە ساڵی ١٨٦٧ پێشکەش بە ئەکادیمیای شاهانە کراوە، دواتر بەرێز (ژابا) خۆی فەرهەنگێکی (فرەنسی_رووسی_کوردی) دەوڵەمەندتری خستە سەر وشەکان. منیش ڕستە و وشە تازەکانی ئەم فەرهەنگەی دواییم خستە ناو ئەم فەرهەنگە (کوردی_فرەنسییەوە). بەرێز (ژابا) هەڵبژاردەیەکی دەوڵەمەندی لە ئاخاوتنی کوردی خستە بەردەستم کە شایانی ئەوەن بڵاوبکرێنەوە. رێگام بە خۆمدا وشە نوێیەکان کە لەم دەستنووسەدا هەبوون بخەمە ناو ئەم فەرهەنگە. (ئەکادیمیای شاهانە) پارادیگمی (ڕێساکانی گەردان کردن) ی رێزمانی دەستنووسەکەی وێڕای لیستی ئاوەڵناوەکانی بۆ ناردم تا لەم کارەمدا لەبەرچاوی بگرم. کۆکراوەی وشە کوردییەکان هەروەکو لێرە بەرچاو دەکەون تا ڕادەیەك تەواوە، دەشێ هێشتا دەوڵەمەندتر بکرێ بە زیادکردنی هەندێ وشە و دەستەواژەی تایبەت بە مێژووی سروشت. وشەی تورکی وعەرەبی بە رادەیەکی زۆر بەرچاو دەکەون، دەتوانین هێشتا زیادیان بکەین، بەڵام لە بەر ئەوەی لە ناو کاغەزو نووسراوەکانی سۆسا_M.Socin زۆرم بینین، پێم باشتر بوو لەم رووەوە سنوورێکیان لەم چاپەدا هەبێ. چونکە واهەست دەکەم کوردەکان ئازادانە وشە و دەستەواژەی تورکی و عەرەبی وەردەگرن بێ ئەوەی بیگۆڕن، کۆکردنەوەیان لێرە و جێکردنەوەیان کارێکی بێسوودە. لەوکاتەی بەرێز (ژابا) لە پاڵ وشەکان و ڕستەکان تێبینیی خۆی داناوە، لە ناوفرمانەکانیشدا فۆرمە سەرەکییەکانی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی داناوە، ئەمەش راستەوخۆ دەبینرێ. (پێرگارزۆنی) یش هەندێ فۆرمی فرمانە کوردییەکانی خستۆتە سەری وەك: ڕاناوەکانی کەسی تاك کە لەلای ئەو وەك ڕاناوەکانی کەسی کۆنن، پاشان فۆرمی رابردووی (تەواو) یشی خستۆتە سەری کە بۆ هەموو کەسەکان تاك و کۆ وەکو یەکن، ئەمەش تەنیا بەو ڕاناوانە لێك جیادەکرێنەوە کە بە دوایاندا دێن لە کاتی نووسین و ئامادەکردندا بە نموونەوە ئەم زەمەن و حاڵەتانە باس کراون وەك: ڕانەبردوو، داهاتوو، رابردووی بەردەوام، رابردووی تەواو، ئیسمی مەفعول، فۆڕمی ڕۆنانی کار، ئیزافە ، ئیسمی فاعل، رابردووی سادە،

ئیسمی فاعل (( كه لەگەڵ: وێڕای...، له گـەڵ...، بـەدەم...، کـە...،) لـە کـوردی فۆرمولـە
دەکرێن_وەرگێڕ ))، چاووگ. (ژابا) بۆ ڕێنووسی پیته کوردی و عەرەبیەکان ڕێنووسی فرەنـسی
بەکارهێناوه (وەك: chبه Ş بۆ sch ی ئەڵمانی، له ئەڵمانی دەبێت ch ، UO بەرامبەر بـه u
یان û ) بۆ نموونه: پیش بەpych, ηρeдЪ devant نوسراوه. هیچ شـتێکی لێ نـەگۆڕدراوه،
چونکه من بۆ خۆم ئیملای بنچینەیی کۆکراوەکانی پێشووم بەکارهێناوه که لـه فەرهەنگەکـەدا
بەکارهاتوون. شێوازه جیاوازەکانی ئیملا و ڕێنووسی ئەم کۆکراوانه به شێوەیەکی گشتی لەگەڵ
ئیملا و ڕێنووسی زمانی دایکی دانەرەکان گونجێنراون، ئـەو ڕێنووسـەی (پێرگـارزۆنی) بـەکاری
هێناوه له لایەن (لێرخ) دانراوه که له بەشی دووەمی کتێبەکەی له سەر کورد بڵاوبۆتـەوه. زۆر
به دەگمەن گومان له ڕێنووس کردنـی دەنگـەکان دەکـرێ. بـۆ نموونـه (پێرگـارزۆنی) دەنووسـی
telingia ،دەتوانرێ به تلنگیا یان تلنجا بخوێندرێتەوه. باشـترین ڕێنووسـی زانـستی لـه وشـه
لێکدراوەکان له لایەن (لێرخ و سوسین) ەوه نووسـراون. بـه پێـچەوانەوه زۆرجـار خـۆم ڕێنووسـه
ڕۆژهەڵاتییـەکانم ڕاسـت کردۆتـەوه ئەمـەش شـتێکی زۆر پێویـسته بـۆ ناسـینی ئیتیمۆلـۆژی
وشەکان. له هەموو ئەو شوێنانەی پێم کراوه ئەم کارەم کـردووه، (ژابـا) زۆر بـه دەگمـەن وشـه
تورکی و ئەرمەنییەکانی ناسیوەتەوه بێ ئەوەی ئاماژه به ڕەگ و ڕیشەیان بکا. لـەم حاڵەتـەدا
ئاسانه ئەوەی لایەن (ژابا) یان له لایـەن مـن گـوتراوه بناسـرێتەوه، چـونکه ئـەوەی پەیوەنـدی
بەمەوه هەبێ خراوەته پێشەوه، بۆ نموونه (ژابا) نوسیوویەتی: ((طغا_tyga ‹aMλъкИчБ ،
НNъН я аρm ) مێردمندالّ به ئەرمەنی )) منـیش بـەم جـۆره نووسـیومه: ((تغـا_tyga،
مێردمنــداڵ بــه ئەرمــەنی، (وشــەکه لــه بنــچینەدا ئارامییــه، بڕوانــه: Fr. Muller,
Sitzungsberichte der Wiener Akad. XLI, 13) ) وشـەی ((پـوخین_pokhin،
هەویر، جۆرێك له هەویر، له ئەرمەنی دەنووسرێ pokhint))له بەرامبەری من ئەمەم ئیزافـه
کـردووه ((پـوغین بـەراورد بکـه بـه (پـوخین) ی ئەرمـەنی )) چـونکه ڕێنووسـی ئەرمـەنی بـه
ڕێنووسی فرەنسی تۆمـارکردن پڕلـه تەمومژییـه، دەبـێ بـزانین ئـەو پیتانـه چین لـه ئـەلفوبێی
ئەرمەنی و له گەڵ ئەم نموونانەش بەراوردیان بکەین وەك: اخپین، امان، انقاربه، حمدله، پونـك،
صوفی، بەم جـۆره ئیتیمۆلـۆژی وشـەکه دەناسـرێتەوه ئەگـەر لـه جێگـای ئـەو تیرەیـەك ( _ )
دابنێین که لێی نوقسانه، وەك بـۆ نموونـه وشـەی sawirسـەختە ماناکـەی بگـرین، بـەڵام کـه
تیرەیەك له نێوان w_a دادەنـێین (sa_wir) مانـای وشـەکه خـۆی بەدەسـتەوه دەدا، چـونکه
دەبینین له فەرهەنگەکه بـەم شـێوه لێـك جیاکراونەتـەوه. (ژابـا) لـه نـاو کۆکراوەکـانی وشـەی
(wir)ی بەکارنەهێناوه، دەشێ ئەمه پەیوەندی بەوەوه هەبێ که ئەم وشەیه تـەنیا لـه حاڵـەتی
لێکدراو یان داڕێژراو هەبێ، وەك sa_wir، ci_wir. وشەی کله (کەدەکاتە ئەندامی نێرینـه)

لە ناو فەرهەنگەکی ژابا نەهاتووە، کە چی دەبینین لە وشەی لێکدراوی sa_kuleهاتووە کە (ژابا) بە هەڵە نووسیویە (ساقولە) رێگا بە خۆم دەدەم هەندێ لەو نموونە زۆرانە بهێنمەوە کە ناسینەوەیان لە رووی ئیتیمۆلۆژییەوە دەوستێتە سەر چۆنیەتی نووسینی هەر وەکو چۆن کۆمەڵێك دەنگی زمانی عەرەبی لە تورکی و لە کوردی لە گۆکردن یەکن، سەرەنجام دەبێ دەست نیشانی دەنگە بنچینەییە عەرەبییەکە بکەین. ئەمەش ناسینەوەیان لە ناو وشە بەکارهاتووەکاندا ئاسان بوو، بەڵام لێکدانەوەیان بەهۆی ئیملای خراپ زۆر سەخت بوو کە سیفەتێك و شێوەیەکی نامۆ دەدەنە وێنەی وشەکان کە بەهۆی خوێندنەوەوە لە یادداشتمان جێگیربووە. لە دەستنووسەکەی (ژابا) فۆرمی پیتە فارسی و کوردییەکان لە لایەن مەلایەکی کورد نووسراون (ئاماژەیە بە مەلا مەحمودی بایەزیدی کە لە گەڵ (ژابا) کاریان کردووە. وەرگێڕ) کە هەندێ جار ئەم پیتانەی خوارەوەی لێ تێکەڵ بووە. وەك نووسینی (ا) بە (ع) بۆ نموونە نووسیویەتی: عرد، عسمان، عور، ابره، اسر، الف، الاو، الیل، اویز، اویکین، ماجون، اویکین، قوره، متعاهد، ماجون، مانەکی، نال بەرامبەر بە ارچ، اسمان، اوز، گعن، عبره، عصر، علف، علو، علیل،عوز، عوقین،قرعه، متاحد، معجون، معنفی، نعل، لە لایەکی دیکە (ت) و (گ) تێکەڵی یەکترکردووە، وەك: گرس، سومت، تارش، تورەفی، تاوان، توری، کگ بەرامبەر بە: ترس، سماگ، گرش، گریفی، گوان، گوری قت. بەڵام بە دروستی نووسیویەتی تیدا (کە کورتکراوەکەی تی_یە) بەڵام بە هەڵە نووسیویەتی گرا بەرامبەر بە تیرا (کە پەیوەندی بەهەمان وشەی پێشووەوە هەیە)و زۆر جاریش ئەم دوا فۆرمە بەشێوەی گیر نووسراوە (کە دەبێ بنووسرێ تیر_fleche) ئەم وشەیەی جارێك لە شێوەی بیتك جارێکی دیکە بیتیك، جاری سێیەمش بە بگیك نووسیویەتی. لە فەرهەنگۆکی فرەنسی_رووسی_کوردی نووسیویەتی:(چاندینا توڤی) لە تەنیشت ئەمە نووسیویە ( گوڤ چاندین) لە لایەکی دیکە، دیسان ق و ك تێکەڵ کردووە، وەك: بلق، اوکین، فریکین، کورگان، کدك، کاراول، کاشا،کولە، کیرو، قیل بەرامبەر بە: بلك، عوقین، فریقین، قرگان، قرق، قشا، قولە، قریڤ، کل، لە فەرهەنگی فرەنسی_کوردی نووسیومانە (کوربان برین) بەرامبەر بە (immoler) بەڵام قربان کرین بەرامبەر بە (قربانی کردن sacrifier) وشەی (قالافسك) کە بە مانای دانیشتن دێ وەك رۆژهەڵاتیەکان، راستیەکەی بریتییە لە (کالافیسك رونشتین) واتە لەسەر چینچکان دانیشتن. بۆ وشەی کون (trou)نووسراوە کن ،کون ، قون .پیتی ز، ژ، چ، ڤ بە تێکەڵی نووسراون، وەك: ارز، امزا، ازین، زخم، زرباب، زڤی، زیز، زیق، زراڤ، موبزیر، میزر، نبز، لە جیاتی وشەی ارز، امضا، ایزن، ضخم، ضرباب، چوی، چیق، ظراظ، مبذر، میطر، نبچ نووسراون. لە

شوێنێکی دیکە س وص تێکەڵ کراون وەك: صاق، صاتل یان صتیل صمر، صوتال، صور، صوند، ساپ، سارك، سای، سوبە، سحان، مقصر لە جیاتی ساق، ستل، سمر، سوتال، سور، سوند، صاث، صارق، صای، سبح، صحن، مقسر. لە لایەکی دیکەوە دەنگی د وگ و چ تێکەڵ کراون، وەك: دمان، مصدر لە جیاتی چمان، مسطر. (بەرامبەر بەگ_ی ئەمڕۆیە_وەرگێڕ)لە غ تێکەڵ کراوە، وەك: کوبار، کبرە، کیژ، کالقاندین، کنکی (ئەمەی ژابا تەواوترە نەك قنغی) لە جیاتی: غبار، غبرا، غژ، غلقاندین، قنغی نووسراون. ح و ه_ش بە هەمان شێوە تێکەڵ کراون،وەك: ارزهال، موساتە، فتە،حاسین، حزار، حزم، حفت، حفتە بەرامبەر بە عرضحال، مسطح، مفتح، هاسن، هزار، هضم، هفت، هفتة. لە تەنیشت گیری حژیران نووسراوە هژیر. کە ئیتیمۆلۆژی وشەیەك بە تاریکی بمێنێتەوە، دەبێ گومان لە ڕێنووس بکەین. ژابا نووسیویە(طاسة)من ڕەگی ئەم وشەیە نازانم لەبەرئەوە نووسیومە (تاسە) هەڵبەت بە (ت)ی ئاسایی.زۆر درەنگ بنچینەی هەندێ وشەم بۆ دەرکەوت وەك: وشەی صولوغ (زنجیر، پەتك، کندڕ، وەرگێڕ) کە لەو بڕوایە دام لە وشەی عەرەبی (سلوك) هاتووە کە دەبێ بەم شێوەیە (سلوك) بنووسرێ. ( ڕاستییەکەی دەنووسرێ:سلك_واتە حبل ... وەرگێر) وشە بێگانەکان بە گشتی لە زمانی کوردی دەگەڕێنەوە بۆ فارسی و تورکی عەرەبی، لە لایەکی دیکە دەبینین زۆر وشە هەن لە فارسی و کوردی وەکو یەکن، لە فۆڕمیش بە یەك دەچن، لەبەر ئەوە سەختە بزانین ئەم وشەیە کوردی وەریگرتووە یان هەر لە بنچینەدا کوردین. کە وشەیەکم هاتۆتە پێش بەڵگەم پێ بووە کە لە فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی بەکارهێنراوی کوردی، لە فەرهەنگەکە نووسیومە (لە فارسییەوە) بەڵام کە وشەیەکم هاتۆتە پێش گومانم لێ هەبووە تەنیا لە بەرامبەر نووسیومە (.p ) (persan_فارسی) لە هەموو حاڵەتەکان، وشە فارسییەکان لە ڕێگای تورکییەوە جێگایان لەناو زمانی کوردیدا بۆتەوە، ئەمەش مانای وایە کە ئەم وشەیە لە پەیوەندیدا نەماوە لە گەڵ فارسی، لە زۆر حاڵەتدا دەشێ پەنجەنومای ئەوە بکەین کە وشەکانی فارسیی نوێ لە شێوەی تورکی گۆ دەکرێن. هەمان دیاردە بەرامبەر بە گەڵێك وشەی عەرەبی هەستی پێدەکرێ، دەشێ بۆ زۆربەیان راست بن، بەڵام وشە عەرەبی وسریانیەکان (زمانی سریانی کە هەندێ جار بە ئاشوری ناوی دێ_وەرگێڕ) راستەوخۆ بێ زمانی نێوان هاتوونەتە ناو زمانی کوردی. گفتوگۆم لە بارەی هەندێ وشەی وەرگیراو کردووە کە لەڕێگای تێبینی فۆنەتیکییەوە گرینگییم بە شێوازی هاتنیان داوە، ئەمەش لە بەرگی شەشەمی (گۆڤاری زمانەوانی) لاپەڕە (٨٩) ولاپەڕەکانی دوایی بڵاوبۆتەوە. لێرەوە هەوڵدەدەم نموونەیەك لە فۆڕمێك بهێنمەوە کە زۆر کوردییە، وێڕای ئەمەش وێنەیەك لە فۆڕمێکی دیکە کە لە فارسییەوە لە ڕێگای تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی. وەك: باژێڕ کە بە مانای شار

دێ، فۆڕمی بازار فۆڕمێکی فارسییە و بە مانای بازار دێ کە بەم شێوە چۆتە ناو زمانی تورکی، ئینجا لە ویشەوە بۆ کوردی. هەر لەبەر ئەمە لە کۆتایی لێکدانەوەکەی باژێر نووسراوە (بازار .p) بەڵام لە کۆتایی لێکدانەوەی بازار (bazar) نووسراوە (بازار .du pers) لێرە و لەوێش ڕێنووسەکەم راست کردۆتەوە، بۆ نموونە وشەی (beiv) کە دەکا باوی یان بادام، ژابا بە (بعو)نووسیویەتی کە هەڵەیە و دەبێ بنووسرێ (باو) چونکە پیتی (d) کە لە وشە فارسییەکە گۆدەکرێ و دەمێنێتەوە (بادام) بۆ (ع) ناگۆڕێ کە پیتێکی نامۆیە لە فارسی، بەڵکو لاواز دەبێتەوە و بە (h) گۆ دەکرێ پاشان بزر دەبێ. (ئەم دیاردەیە ڕاستە لە وشەی باهیڤ_ی کرمانجی بە دەردەکەوێ. لەزارەکانی دیکە دەبێتە باوی، بادام، وەکوخۆی دەمێنێتەوە. وەرگێڕ) من لە جیاتی شیما (مۆم) نووسیم شمع، لە جیاتی مورەکب نووسیم مرکب، لە جیاتی رایس (سەر) نووسیم ریس، وشەی (انی) (نیوًچەوان، هەنیە، ئەنیە_front) بەم شێوە گۆدەکرێ (ani,eni) کەچی ژابا بەرامبەر بە (ani)نووسیویە (عنی) بۆ (eni) یش نووسیویە (انی). وشەی فارسی کمان (arc) هەندێ جار بە کڤان نووسراوە هەندێ جاریش بە کیوان (کە دیارە ئەم دوو وشەیە مانایان جیاوازە_وەرگێڕ) بەرامبەر بە وشەی کوردی (mearis) کە بە مانای (زوج مخدوع) دێ نووسراوە ماربز و معارز لە جیاتی معرص. هەندێ جار لە ناو فەرهەنگەکە لە ئەنجامی ڕێنووسی جیاجیا بە دوو جۆر هاتووە، وەك هژار و هیژار. ژابا نووسیویە (ڤەجنوکە)کە مانای کەسێکی جنۆکە لێدراو دێ، لە تەنیشتی نووسراوە: ڤەجنقین، کە بە مانای زەندەق چوون وترسان یان تۆقین دێ، لە راستیشدا هەر دوو وشەکە یەك ڕەگ و ڕیشەیان هەیە. بەپێچەوانەوە (ژابا) هەندێجار دەنگدارێکی کورتی بە درێژ نووسیووە، وەك قر (کیر: واتە جارێك) بە قیر. بەردەوام شێوازی نووسینی (ژابا) م لەم رووەوە راست کردۆتەوە لەمەش ئەو پەیڕەوەم بە کارهێناوە کە لە زمانی تورکیدا هەیە لە لەیەك جیاکردنەوەی سیلابەکان، وەك (ژابا) نووسیویە (موجیویر) من نووسیومە (مجور) لە گەڵ ئەمەش لە زۆر شوێن بە هوشیارییەوە تاوتوێی ئەم کێشەیەم کردووە،چونکە لە هەندێ حاڵەتدا لە زمانی کوردی دەنگدارێکی درێژ دەکەوێتە بەرامبەر دەنگدارێکی کورتی فارسی، وەك لە (کیم) ی کوردی و (کیم) ی فارسی بەرچاو دەکەوێ ( ژوستی مەبەستی (کێم) ی بەم شێوەیە لە کرمانجی هەیە_وەرگێڕ ) وشەی garecik (جومگە لە لای Rhea) لە فارسی بە مانای کرمچە دێ دەنگداری دوای پیتی(g) لە زمانی پالیوٚئێرانی بوونی نیە. پێشگری چاوگی (in) هەردەم کورتە، بەڵام لە هەندێ حاڵەت درێژە، ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێ کە خۆی دەگەیەنێتە بابەتێك یان فۆڕمێك بە دەنگدار کوتایی دێ. لێرەوە شێوازی یان ڕێنووسی (ژابا)

م پاراستووه، ئەوەش دەخەمە بەرچاوی خوێنەر کە ئەم ڕێنووسەی (ژابـا) وەك پلانێـك بـەکاری هێناوە، ئەوە پیشان نادا کە هەردەم دەنگداری درێژ بوونی هەیە. پیتە کوردییەکان زۆرجار لـە دەستنووسەکە (هی ئەم فەرهەنگـە) دەنگـداری (e) هـەردەم لـە ناوەڕاسـتی وشـە نووسـراون ، ئەمەش ڕێنووسێکی هەڵەیە کەهەندێ جار لە لای خەڵکی کوردیش بەم جۆرە دەنووسـرێ وەك: دستە خوان_destekhan، لە فارسی: دست خوان دەنووسرێ . دەنگداری (e)خراوەتە نێوانەوە بـۆ سـوك کردنـی گروپـی sty ، دسـتەدار_destedar، بەرامبـەر بـە dest _dar ، دسـتە شور_deste-šur (چەکی سپی) بەرامبەر بە dest-sur ( کە دەکا دەست بەشیر ) دستەگرتی _destegirti (کە بە مانای دەسگیران دێ ) لە تەنیـشت فـۆرمی تـەواوی خـۆی destgirti دانراوە (بڕوانە: دست). شیرەسوار_Šīresuvār مانای جیایە لـە شیرسـوار Šīrsuvār، دەبـێ لێك جیابکرێنەوە .Šīremir _شیرەمر ( کە بە مانای ئازا دێ ) لە فارسی شیرمرد _ە کە بە مانای پیـاوی شـێر دێ. کورەمـار (کـە بـە مانـای جـۆرە مـارێکی تایبـەتی دێ لـە بەرامبـەر kor_mar دانراوە کە بە مانای مارێکی دیکەی بێـوەی دێ. هەنـدێ جـار مـن وشـەیەك یـان فۆڕمێکم لە فەرهەنگەکە دابەشـی دوو فـۆڕم کـردووە، بـە تایبـەتی لـەو حاڵەتـەی کـە (ژابـا) کۆمەڵێك مانای بۆ وشەیەك داناوە کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی جیاجیا بە هۆی یاسـای فۆنەتیکی جیاجیاوە بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە. بۆ نموونـە (ژابـا) دوو مانـای داوەتە وشەی (رو) بە مانای روخسار و ڕوومەت هاتووە، لە مانای یەکەم وەك فارسی (رو) بـە کارهاتووە، لە هی دووەم بەرامبەر بە (رخ)ی فارسی دانـراوە، وشـەی رو دیـتین _rū_dītin ( کە بە مانای بوونی روخسارێکی چرووك دێ ) بە پێچەوانەوە لەلایەن (ژابا) (رو) بەرامبـەر بـە روخسار دانراوە، لە کاتێکدا (رو) راستەوخۆ بـە مانـای روخسـار یـان دەم وچـاو دێ . هـەمان شتی بەرامبەر بە وشەی (روبون) کردووە کە هەردوو مانا دەدا لە فارسی و لە کـوردی. (ذابـا) لە بەرامبەر وشەی (درون) هەردوو مانای دروێنە و (دوورین) ی داناوە بۆ وشەی (mōlé) دوو مانای داناوە، وەك بێل و ئارجیل یان گەچ. لە یەکەم بەرامبەر بە (مالـە)ی فارسـی دەوەسـتێ (کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ mard) لە هی دووەم بە هەمان وشەی لیتوانی (mólis )دەچـێ کە بە مانای ئارجیل یان گەچ دێ . گەلێ جار زمـانی کـوردی ئاوەڵنـاوی عـەرەبی وەردەگـرێ وەك ناو بەکاری دەهێنێ، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، بۆ ئەمـەش بڕوانـە ئـەم سەرچـاوەیە، ڕێزمانی زمانی فارسی، نووسراوی M.Vullers لاپەڕە٧٧، ئەم تێکەڵاوکردنەم نـەك هـەر لـە لای (پێرگـارزۆنی) هەسـت پێکـردووە، بـەڵکو (ژابـا) ش هـەمان شـتی کـردووە، بـەڵام مـن دەسـتکاریم نـەکردووە ئەگەرچـی هەسـتم کـردووە دیاردەیـەکی هەڵەیـە .دەبیـنین (تحمـل کرین_tehamul kirin )بە مانای خۆڕاگرتن دێ، کە ڕەگەکەی لە عەرەبییەوە (تحمل)ە، بـەڵام

دەبینین ژابا بۆمانای (content) هەمان شتی داناوە، ئەمە ڕاست نیە، چونکە ئەمەیان پەیوەندی بە (متحمل) ەوە هەیە کە دەشێ پێشگری رابردووی بزربووبێ، پاشان ئەم فۆڕمە لەگەڵ (تحمل) زیاتر دەگونجێ. پێر گارزۆنی مانای سروودی کلێسای داوەتە وشەی (تمجید) بەڵام (ذابا) بە مانای شکۆمەندی بە کاری هێناوە، بەڵام بە ڕای من دەبێ وشەی (مجید) بۆ ئەم دوو حاڵەتە بە کاربێ. (... لەو باوەڕەدام بۆچوونەکانی (ژابا) و پێرگارزۆنی گونجاوترن لە هی ژوستی _وەرگێر) وشەی (بە حاصلات) بە مانای ( زۆری بەرووبووم بە کارهاتووە) دەبێ بە مانای(ayant abondance de produit _ هەبوونی بەرووبوومی زۆر) بێ، پێدەچێ ئیملاکەشی هەڵەبێ، دەبێ بنووسرێ (بە حصیلت) (لەمەش پێدەچێ فێردیناند ژوستی لەسەر هەڵەبێ_وەرگێڕ) وشەی (حسود_hasud)بە (housoud) نووسراوە کە بەلای (ژابا) بە مانای (ئێرەیی_envie) بە کار هاتووە، لە لای (پێرگارزۆنی) یش هەمان وشە بە (ahhsud)هاتووە کە مانای (یەکێك ئیرەیی هەبێ) دێ، (لێرخ) دەنووسێ (hasid) کە لە عەرەبیەکەی نووسراوە (حسد) کە دەکا (ئێرەیی_envie) حسود یان حاسد (بە مانای یەکێکی حسود دێ) بە کارهاتووە. دەشێ (hasud) گۆکردنی تورکی بێ کە بە عەرەبی پێی دەگوترێ (حسد) هەروەکوچۆن دەگوترێ (vaquf) بەرامبەر (وقف) (لێرەش لە و بڕوایەدام (ژابا و گارزۆنی) راستی بۆچوونە، ژوستی زۆری لەسەر رۆیشتووە_وەرگێر) بۆ وشەی (حوجە) کە بە مانای پێویستی دێ و عەرەبییەکەی (حوجە)یە، بەڵام (گارزۆنی) بەو مانایەی لێکیداوەتەوە کە (من پێویستم هەیە یان پێیە ...)چونکە ئەم مانایەی دوایی زیاتر وشەی (محتاج)ی لەگەڵ دەگونجێ. (پێرگارزۆنی) وشەی (sahhr)ی بە دوو مانا لێکداوەتەوە، وەك: (سحر) و (ساحر) بەڵام (ژابا) بۆ یەکەم دەنووسێ (sihir) بۆدووەمیش دەنووسێ (sahir) ئەمەیان تەواوترە. گەلێ جار فرمانی (کرن_kirin) (fair ) بە زەمەنی رانەبردوو بەکارهاتووە، وەك: (ahhkem) کە دەبێ بە (hekem) بگوترێ وەك: hekem kem ، واتە حوکم دەکەم، لە کاتێکدا (ahhkem) بە مانای هێز و تونـدوتۆلی دێ. بەڵام لە لای (ذابا)(hakim) بە مانای حاکمی ویلایەتێك هاتووە و (ahhkem kem زیاتر بە مانای حوکمکردن دێ)، (...) بەم جۆرە دەگوترێ: qāšmer kem ، واتە گاڵتە دەکەم، xāin kem واتە خیانەت دەکەم، وشەی(مکر )بە مانای فێڵ وتەڵەکە لە لای (ژابا) هاتووە، کە دیارە عەرەبییەکەی (مکر)ە کە هەمان مانای هەیە، کەسەکە دەبێتە (ماکر) وشەی (مولود_mevloud) واتە لەدایکبوون کە لە عەرەبییەکەی بە مانای (لەدایکبوو_né) دێ، شوێنی لەدایکبوونیش بەرامبەرەکەی (مولد)ە، لە لای پێرگارزۆنی(مولود) بە مانای یادی

لەدایکبوونیش هاتووە (...) بە پێچەوانەوە ئاوەڵناوی (rehim)لە لای (Rhea) بە مانای (هاوسۆز) بە کارهاتووە، لە لای (ژابا) بە مانای(هاوسۆزی) هاتووە ئەمە ناشێ هەڵەی زانایەکی لەم ئاستەبێ، چونکە دەگوترێ (be rehīm) و (rehīm kirim) لە عەرەبی هاوسۆز بەرامبەرەکەی (رحیم)ە، بەڵام (هاوسۆزی) بەرامبەرەکەی (رحمە)یە کە لە کوردیش هەیە. ئەگەر هەر وشەیەك بنچینەکەی کوردی بێ، بۆ من شتەکانی نامۆ دەکەونەوە، بۆ نموونە وشەی (دیار_Diyăr) دەبێ ئاوەڵناوێك بێ، لە فارسی وشەی (دیدار) هەندێ جار بە مانای (ڕواڵەت و بینراو) بە کاردێ، لەم حاڵەتە دەبێ کورتکراوەیەکی (پدیدار) بێ (وشەی دیار بە هەمان ئەو مانایە دێ کە ژوستی لە فرەنسی: apparent و visible _ی بۆ داناوە وەرگێڕ) وشەی (du_del)لە لای پێرگارزۆنی بە مانای (دڵپیس و دڵپیسی) هاتووە، بەڵام دەشێ ماناکەی لە (dudeli) نزیکتربێ. وشەی(čāpykdesti) لە لای ژابا بە مانای (سووکی ولێوشاوە) هاتووە، بە ڕای من فۆڕمی راستی ئەمە: (čāpykdesti)یە، چونکە:(-čāpyk dest) بە مانای چالاك و وریا دێ. هەندێ جار وەرگێڕانی هەندێ ڕستە بە هەڵە هاتووە وەك: (فرصت ژ دست چوین_laisser échapper l'occasion) باشترە بنووسرێ (فرصت ژ دست دچە_furset ži dest di_če کە بە فرەنسییەکەی دەکا ( L`occasion s'échappe de la main) هستك ژ جە درکتین_hestik ži jih der_ketin) بەم جۆرە وەرگێڕدراوە: (déboiter , disloquer un os) کە دەکاتە (شەلین، لە باریەك چوونی ئێسکێك) پێم ڕاسترە بنووسرێ هستك ژ جە درکت_un os s'est disloqué) ( وەرگێرانەکەی ژوستی راسترە_وەرگێڕ) بەرێز ژابا لە وشەی هلاتین کە دەکا (selever, paraitre ) مانای (هەڵاتنی هەوێرێك)ی داناوە، بۆ ئەم حاڵەتە ڕاسترە بگوترێ (Lever) کە باس لە هەویر دەکرێ دەگوترێ:(La pâte Lève) (ئەم لێکدانەوەیەش ڕاسترە لەوەی ژابا) زۆر وشە هەن لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە لێك نەدراونەتەوە، هەندێکیان بە ڕواڵەت دیارن ئێرانین، ئاڵۆزیی دۆزینەوەی ڕەگی ئێرانی یان هیند و ئۆروپی بۆ ئەم وشانە نەدەبووە کارێکی سەخت، بەڵکو ڕەنجێکی بە خۆڕایی، چونکە ڕەگی تەواو تا ئەو کاتەی پشت بە ڕاوبۆچوونی تاکەکەسی ببەستێ و فۆڕمی دیکەی هاوشێوە یان پەیوەندیی دروست نەدۆزرێتەوە جێی گومانە. زمانی کوردی هەندێ جار هەندێ فۆڕمی وەرگرتووە کە لەم فەرهەنگەدا بوونی نییە، وەك بۆ نموونە:وشەی(شورەتان_Šuretān)کە بە مانای ( rigole, goutiere _ جۆگەوجۆبار، ناودان...) دێ، لە دوو وشەی ئەرمەنی پێکهاتووە، بەڵام ئەم پێکهاتنە لە ناو ئەوکتێبانە دەرناکەوێ کە لەبەر دەستی منیان داناوە . پاشان، گەلێك وشەم وەکو خۆی هێشتۆتەوە، لەو بڕوایەم بنچینەکەیان عەرەبییە، بەڵام من ڕەگە سەرەتاییەکانیان نازانم. هەڵبەت شارەزایەك لە

عەرەبی (قسەکردن) دەتوانێ ئەم کارە بکا، بێگومـان ڕێنمـایی لـەم جـۆرە دەشـێ لـە لایـەن خوێنەری شارەزای ئەم فەرهەنگە هەستی پێ بکرێ و بخرێتە سـەری. لـەم بارەیـەوە کـاری مـن لەسەر ئەم فەرهەنگە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێ کە بـۆ دۆزینـەوەی ڕەگی وشەیەك لە ناو زمانە ئێرانیـەکان و زمـانی تـورکی و عـەرەبی گـەڕاوم، هـەروەها پـەنام بردۆتە بەر زمانی سریانی(ئاشوری) ئەرمەنی، زمانی گـورجی و زارەکـانی داغـستان ...هتـد، تـەنیا لـە یـەك حاڵەتـدا وشـەیەکی زمـانی بـۆهیمی _م دۆزییـەوە وەك وشـەی (قـڕپین) ( لـە فەرهەنگەکـە ئـەم وشـەیە بـەم چەشـنە نووسـراوە، بـە ڕێنووسـی ئـەمڕۆ دەبێتـە: قـەراپێن، بەرامبەرەکەشی بە فرەنسی نووسراوە révolte واتە شۆڕش، یاخی بوون، ڕاپەرین_وەرگێڕ) بۆ دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگەکـەی (ژابـا) پـشتم بـە لێکۆڵینـەوە نایابـەکانی (لێـرخ_lerch) بەستووە، هەموو ئەوانەش کە لەدوای ئەم لێکۆڵینەوانەی لێرخ بڵاوبوونەتەوە لـەم فەرهەنگـەدا ناویان هاتووە، تەواو.

(فێردیناند ژوستی_Ferdinand Justi)

**سەرچاوە:**

_M.August Jaba, Dictionnair kurde_Francais,Publie Par Ordre De L`Academie Imperial De Sciences, Par Ferdinand Justi, St.Petersbourg, 1879_pp.463.

# له بارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم له کوردستاندا*

د. جەعفەر عەلی

وەك چۆن لـەبارەی زاراوەی سـۆفی و پێناسـەکردنی سـۆفیزم، بیروبۆچـوونی سـۆفیگەران و زانایان و نووسەرانی کۆن و نوێ بە ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکانیشەوە لە یەکتری جیاواز بـوون. بەهـەمان شـێوە ئـەو جیاوازییانـە لـەبارەی سـەرەتاکانی دەرکـەوتن، ڕەچـەڵەك و پێـشەنگانی سەرەتای ڕێبازەکـانی تەریقەتـەکانی سـۆفیزم، بڵاوبوونـەوەو ناکۆکییـەکانیان، بەشـدارییان لـە جوڵانـــەوە سیاســـییەکان و کاریگـــەرییان بەســـەر شـــێوازی بیرکردنـــەوەو جـــۆری ڕەفتـــار و سایکۆلۆجیای پەیڕەوکار و لایەنگرو مریدەکانیاندا دەبینین.

سۆفیزم لە کوردستاندا یەکێکە لەو دیاردە ڕۆحییانەی جگە لەوەی پانتاییەکی فراوانـی لـە کۆهەستی کۆمەڵایەتی (الشعور الجماعي الإجتماعي)ی خەڵکی کورد داگیرکردووە، کاریگـەری زۆریـشی بـە هـەردوو دیـوی پـۆزەتیڤ و نێگەتیڤـدا بەسـەر کۆکردنـەوەو ئامـادەکردنی هێـزی جەماوەرییەوە لە نێو جوڵانەوە سیاسییەکانی کورددا هەبووە، زۆر جاریش ڕێبـەرانی ڕۆحـانیو شێخەکانی ڕێبازەکانی تەریقەت بوون بە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی گەلی کـورد، هەنـدێك جـاریش بوونەتـە بەشـێك لـە سیاسـەت و هێـزی سـەربازی دەوڵـەتانی داگیرکـەری کوردستان.

سەرەتا ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بە هەمان شـێوەی زوهـد و سـۆفیزمی ئیـسلامی تەنها بە مانای هەنگاونان بەرەو جیهانێکی ڕۆحانی بوو، واتە دونیابینیی سەرەتای سـۆفیزمی

(*) ئەم باسە بەشێکە لە کتێبێك بەناوی ( سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی گـەلی کـورددا ١٨٨٠-١٩٢٥)، کـە بـەم نزیکانـە لـە لایـەن (مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی لـە هـەرێمی کوردسـتان) ەوە بڵاودەکرێتەوە

کوردی دونیابینییـەکی تـەواو ڕۆحـانی بـوو، دواتـرو لـە سـەدەی سـیازدەی زاییـنیـدا زاراوەکـە (سۆفیزم) چووە نێو قاڵب و چوارچێوەی قوتابخانەیەکی فیکریو ئاوێتەو پەیوەندیدار بە شێوازی عیرفانییەوە. سەرەتا پەیڕەوانی تەریقەکانی سۆفیزم لە کوردستان جگە لە ئـەزموونی عیرفـانی (واتە ئەزموونی توانەوە لە بیری خودا، یان پەیبردن و گەیـشتن بـە راسـتی) هـیچ ئارەزوویـەکی تریان نەبووەو لەوە زیاتر بیریان لە مەسەلەیەکی تر نەدەکردەوە[1].

ستراکتوری کۆمەڵایەتیی کوردستان وەك چۆن دەگونجێت بـەپێی ناسـنامەی کۆمەڵایـەتی، ئابووری پێناسە بکرێت، هەر بەم جۆرەش دەکرێت لەسەر بنچینەی ناسنامەی ئاینی نەتـەوەیی لێکبدرێتـەوە. ڕێبازەکـانی تەریقەتـەکانی سـۆفیزم لـە کوردسـتان چـەند یارمـەتیی یـەکبوون، هێنـدەش یارمـەتیی دابەشـبوون و لـەتکردنی کۆمەڵایـەتی، ڕۆحـی کۆمـەڵی کوردیـان داوە. لەلایەك کوردانی سەر بەیەك ڕێبازی تەریقەت بەبێ لەبەرچاو گرتنـی بنـەمای بـیری خێڵایـەتی هەسـت بـە پەیوەنـدی و ئینتیمایـەکی ڕۆحـی هاوبـەش دەکـەن، لەلایـەکی تریـشەوە لەگـەڵ دەرکەوتنی ڕێبازەکانی تەریقەتی سـۆفیزمدا ململانـێ و نـاکۆکی قـووڵ لـە کوردسـتان لەسـەر بنەمای جیاوازیی تەریقەت دەردەکەوێت. زۆر جاریش شێخەکانی تەریقـەت، ئەوانەیـشیان کـە سـەر بەیـەك ڕێبـازی تەریقـەت بـوون لەسـەر مەسـەلەی فراوانترکردنـی پێگـەی جـەماوەری و کۆکردنەوەی مریدو لایەنگر، کە بنچینەی دەسەڵاتیانە، لەگەڵ یەکتریدا کەوتوونەتە ململانێ و دووبەرەکی[2].

هەرچـەندە سەرچـاوە ڕەسـەنەکانی ئیـسلام (قورئـان وسـوننەت) بنـەمای سـەرەکیی بـیری سۆفیزمن، یان بـە مانایـەکی تـر ئـەو سەرچاوە ڕەسـەنانە هـەنگاوی یەکـەمن بـەرەو دونیـای سۆفیزم، بەڵام وەك چۆن هەر دیاردەیەك لە ئەنجامی کاردانـەوەی دیـاردەی تـردا دەردەکـەوێت، سۆفیزمیش تەنها بـەوەوە نەوەسـتاوە کـە بریتـی بێـت لـە بانگەشـەو پـەیڕەوکردنێکی تـەواوی شەریعەت، بەڵکو دوورتر لە سوننەت و شەریعەت هەنگاوی نا، کاتێك پەیڕەوانی خۆی هـان دا بۆ خۆ تەرخانکردنێکی تەواو بۆ ڕوو لـە خـوداکردن و خوداپەرسـتی بـە مەبەسـتی گەیـشتن بـە

---

(١) مارتین ڤان برونەسن، ئاغاو و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ عەلی، ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١٥-١١٦.

(٢) دیوید مك داول، تاریخ معاصر کرد، ت: إبراهیم یونسي، ضـاث أول، انتـشارات ثانیـذ، تهـران، ١٣٨٠، ل٥٥-٥٦، ٦٤.

حەقیقەت و دڵنیایی و یەکبوون لەگەڵ خودادا، یان توانەوە لەبوونی خودادا (الفناو فی الله)[1].
بۆیە دەشێت بگوترێت دەرکەوتنی سۆفیزم نیشانەی دەرکەوتنی فیکر و قۆناغێکی نوێ بوو کە نە تەنها مۆرکی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەڵکو مۆرکی گۆڕانی ئاینەکەیشی پێوە دیار بوو، چونکە ئاینیش وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕانەی لە رەوشی ئابووری، کەلتووری، فیکری کۆمەڵگەدا روودەدەن و سەرەنجام دەبێ یان شێوە دۆگماییەکەی خۆی بپارێزێ و لە سنوورێکی بەرتەسکدا بمێنێتەوە، یان لەگەڵ بارودۆخی گۆڕدراوی نوێدا خۆی بگونجێنێو بەرگێکی نوێتر لە هی پێشترلەخۆی بپۆشێت[2].

دیاردەی خۆتەرخانکردن بۆ گۆشەگیری و خوداپەرستی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری محەمەد پێغەمبەر(د.خ)، لەو رۆژگارەدا ئەو کەسە بە زاهید دەناسرا کە تەواوی کارو کردەوەی بریتی بووایە لە خوداپەرستی. ئەم هەڵوێستە بەمانای ئەوە نەبوو کە کەسی زاهید بەتەنها هەوڵ دەدات قەناعەت و باوەڕی ئاینی لە دەروونی خۆیدا پتەوتر بکات، بەڵکو ئەمە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەشێوازی ژیان و رووداوەکانی ناوەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە هەبوو، چونکە زوهد ئەو رۆژگارە پتەوتر بوو کە شەڕ و پشێوی کەوتە نێو ریزی موسڵمانەکانەوە، تایبەت دوای کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان و لەشکرکێشی ئومەوییەکان، ئیتر زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبەر روویان کردە گۆشەگیری و دەستبەرداری کاروباری سیاسی بوون. وێڕای چەندین هۆکاری تر کە پەیوەندییان بە روو بەروو بوونەوەی دەسەڵاتی ئەریستۆکرات و هەروەها ترس و تۆقین لە سزای رۆژی دواییو...هتد هەبوو[3].

زوهد لە بنەڕەتدا بریتی بوو لە جۆرە نارەزایەتییەکی دەربڕین لە فۆرمی گۆشەگیری و خۆخواردنەوەدا، پەنا بردن بوو بۆ هێزێکی میتافیزیکی نادیار و چاوەڕوانیکردن بوو لەو هێزە تا چارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ بکات، بەو مانایە زوهد لە جیاتی هەوڵدان بۆ گۆڕان و نواندنی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ لە بەرانبەر سیستەمی باو، مرۆڤ دەکاتە

(١) ول دیورانت، قصة الحضارة، ت: محمد بدران، ج١٣، ط٢، مطبعة لجنة التألیف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٦٤، ص٢١٦" رەشاد میران، رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٧.

(٢) رەشاد میران، هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

(٣) کامل مصطفی الشیبي، مصدر سابق، ص٢٤٧-٢٤٩" ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

بوونەوەرێکی خەیاڵاوی و چەند لە واقیع دووری دەخاتەوە، هێندەش چاوی پێ دەبڕێتە ئاسمان و هیوای خۆشگوزەرانی و دونیایەکی تری باشتر لە دونیای خۆی پێ دەبەخشێت[١].

هەرچەندە زوهد لە سەرەتادا لە شێوەی خۆخواردنەوەو گۆشەگیریدا دەرکەوتووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بنەمایەکی فیکری هەبووەو کاردانەوەیەك بووە دژ بە واقیعێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی. زوهد بزووتنەوەیەك بوو بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ژیان و بوون و پێگەی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاتە بوون. دواتر ئەم تێڕوانینە چووە چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە و گوڕوتینێکی گەورەی بە لایەنی فیکری داو، سۆفیزمیش وەك دەرەنجامی ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانە هاتە بوون و رۆڵێکی دیاریشی لەو ململانێ کۆمەڵایەتییەدا بینی[٢].

سۆفیزم وەك بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و بێزاری خەڵك دژ بە دۆخێکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی داسەپاو بە تەنها دەرەنجامی دەرکەوتنی چەند پێشەواو رێبەرێکی رۆحانی نەبوو، بەڵکو شانبەشانی دەرکەوتنی ئەمانە فاکتەری کۆمەڵایەتی هۆکارێکی بنەرەتی گەشەکردنی سۆفیزم بوو. بارودۆخی ئابووری — کۆمەڵایەتی هاوشانی هێز و توانای رۆحی و مەعنەوی رێبەرانی رێبازەکانی سۆفیزم زەمینەی بۆ هاتنە بوونی بزووتنەوەکە خۆشکردو دواتریش لە پرۆسەی کار لەیەکترکردندا گەشەی کردو بوو بە دیاردەیەکی کاریگەر لە ژیانی هەمەلایەنەی خەڵکیدا[٣]، واتە سۆفیزم دیاردەیەك نەبوو تەنها لە پێناوی دونیاو کاروبارەکانی دونیادا دەرکەوتبێ، بەڵکو بێزاری و ناڕازیبوونێك بوو لە رێگای زوهدو خودا پەرستییەوە لە بەرانبەر ئەو شەڕو چاوچنۆکییەی، کە بەشی هەرە زۆری خەڵك روویان تێکردبوو، وەك چۆن راهیبە قیبتییەکانی میسر وەك ناڕازیبوونێك لە بەرانبەر ستەم و زۆرداریی رۆمە بێزەنتییەکان روویان کردە بیابان. ئەمە چەند راکردن بوو بەرەو خود، هێندەش راگەیاندنی ناڕەزایی و بێزاری بوو بەرانبەر بە واقیعی داسەپاوو دەسەڵات و لە هەمان کاتیشدا خۆ دوورخستنەوە بوو لە تاوان و خراپەکاری[٤]. ئەم جۆرە ناڕەزایی و بێزاری دەربرینە بەرانبەر بە دەسەڵات و واقیعی

(١) عباس عبد الكريم، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ب.ج، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢٠٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩" ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-٤٦"
http://www.rim.org/muslim.htm

(٣) عباس عبدالكريم،هەمان سەرچاوە،ل٢٠٧.

(٤) موسوعة السياسة، مجموعة الباحثين، ج٣،ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٣، ص٦٦٨.

کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەگەرچی دەربرین و ڕەتکردنەوەیەکی نێگەتیڤانەیە، بەڵام دەشێت ببێتە هۆی بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵات و خەڵکیش لە بەرانبەر واقیعێکی داسەپاوی خراپ.

ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری مەیدانخوازی و بەدەنگەوە چوون (التحدي والاستجابة)ی تۆینبی (Toynbee)یەوە ئەم جۆرە هەڵویست دەربڕینەی سۆفیزم لە بەرانبەر ژیان و دەسەڵاتدا لێکبدەینەوە[1]، ئەوا دەبێ بڵێین: ئەمجۆرە وەڵامدانەوەیە، هەڵبژاردنی گۆشەگیری و خۆخواردنەوە، یان دوورکەوتنەوەو دابڕان لە خەڵك و ڕووکردنە بیابان ئەشکەوتەکان، ناتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات، چونکە وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤ نییە، لە پێناوی دروستکردنی گۆڕانکاری لە دەسەڵات و ستراکتوری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، بەڵکو ڕاکردنە لە ژیان و هەڵبژاردنی دوورەپەرێزی و دابڕانە لە بری هەڵبژاردنی بەشداری چالاکانە بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەو سیستەمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ سیاسیدا. هەڵوێست و وەڵامدانەوەیەکی لەم جۆرەش بە پێی تۆینبی دەستەوەستانە لەبەردەم دروستکردنی گۆڕان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵ و بەرهەمهێنانی شارستانێتیدا.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سۆفیزم بە هەمان شێوەی زوهدی ئیسلامی تەنها بریتی بێت لە هەڵبژاردنی ژیانی گۆشەگیری و دابڕان لە خەڵك، ئەوا دەبێتە بزووتنەوەیەك، کە هەرگیز ناتوانێت گۆڕانکاری لە زەمینەی واقیعدا دروست بکات، ئەگەر بیرۆکەی گۆڕانکاری هەبووبێت، چونکە ئەرکی گۆڕان لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی سەر زەوی دەستێنێتەوە و دەیدات بە هێزی ئاسمان، گومانیشی تێدا نییە ئەو هێزانەی، کە توانای ئەنجامدانی گۆڕانکاریی

(١) مەیدانخوازی و وەڵامدانەوە Chellenge and Response: بیرۆکەیەکی نوێ و لە داهێنانی مێژوونووسی ئینگلیز ئارنۆڵد تۆینبی ١٨٨٩-١٩٧٥ نییە، بەر لە تۆینبی، وند وود رید لە کتێبی (استشهاد الإنسان)و زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی تۆماس لە لێکدانەوەی بۆ چەمکی قەیران (الأزمة)و، هەروەها گۆتە لە کتێبی "فاوست" ئاماژەیان بە بیرۆکەیەکی لەم جۆرە داوە. هەرچی ڕۆڵی( تۆینبی )یە لە لەم بوارەدا بریتییە لەوەی، کە توانی ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە توێژینەوەی دروستبوون و ڕووخانی شارستانییەتەکاندا جێبەجێ بکات. بڕوانە: هاشم يحيى الملاح، المفصل في فلسفة التاريخ. دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية والنقدية، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ٢٠٠٥، ص٤٥٧. تۆینبی هەوڵی دا لە ڕێی ئەم تیۆرییەوە مەسەلەی دروستبوون و گەشەکردنی شارستانییەتەکان لە لایەك و ، لە لایەکی تریشەوە هەڵوەشاندنەوەو ڕووخانیان لێکبداتەوە. تۆینبی بڕوای وابوو باشترین وەڵامدانەوە بۆ مەیدانخوازی بریتییە لەو وەڵامدانەوەیەی لە پلەی (مامناوەندی)دا بێت لە نێوان زۆر بە هێزو بێهێزدا، یان لەم جۆرە وەڵامدانەوەیەدا مرۆڤ دەتوانێت شارستانییەت بەرهەم بهێنێت. ارنولد توينبى، مختصر دراسة التاريخ، ت: فؤاد محمد شبل، ج١، القاهرة، ١٩٦٦، ص٤٦٥-٤٦٧، ٤٧٠-٤٧١.

سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتییان هەیە، بریتین لەو هێزو کەرتە کۆمەڵایەتییانەی، کە روویان ئاراستەی جوگرافیای زەوی کردووە، نەك جوگرافیای ئاسمان.

هەلومەرجی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی دەرکەوتنی سۆفیزم و قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی، سەرەنجام بوون بە هۆی دەرکەوتنی چەندین رێگەو شێوازی جیاوازی سۆفیزم، کە پێیان دەگوترێت (تەریقەت). تەریقەت بریتییە لە شێوازێکی پراکتیکی رێنیشاندان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێبازێك، کە بە چەندین پلەو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، لە رێگەی بیرو هەست و کردارەوە بۆ چۆنیەتیی دەرککردن و پەیبردن بە ئەزموونی یەزدانیی راستەقینە[1]. پەیرەوانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بریتیبوون لەو گرووپانەی رێبازیان بریتی بوو لە خۆڕاهێنان و مەشقی دەروونی و خوداپەرستی و تێپەربوون بە قۆناغی پاکبوونەوە یان خۆپاککردنەوە( Purification) و بەدەستهێنانی زانین. ئەمانە بڕوایان وابوو، کە بەم جۆرە راهێنان و مەشقە دەروونییە دەتوانن بەهەق و راستی بگەن[2].

سەرەتا تەریقەت بەمانای هەنگاونان بەرەو رێچکەو رێبازە رۆحانییەکان و پەرەپێدان و کۆنترۆڵکردنی دەروون و ئارەزووە خودییەکان و پاککردنەوەی ناوەوەو ژیانێکی زاهیدانە بوو[3]، دواتر زاراوەکە گۆڕانی بەسەردا هات و چووە چوارچێوەی قوتابخانەیەکی فیکرییەوە.

تەریقەت دوای مردنی رێبەری رۆحی تەریقەتیش لەلایەن خەلیفەو مریدو پەیڕەوانییەوە درێژە بە رێچکەو رێبازەکەی دەدرا، هەر تەریقەتێکیش زنجیرەیەکی نەسەبی رۆحانیی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە ئەندامانی تەریقەتی بە دامەزرێنەرەکەیەوە دەبەستەوە. ئەم زنجیرەی نەسەبە شوناس و ناسنامەی ناسینی پلەو پایەی تەریقەتەکەو دامەزرێنەرانی بوو، بۆیە هەمیشەو بە مەبەستی پێدانی هێزێکی گەورەی رۆحی و مەعنەوی بەتەریقەت، هەوڵ دراوە زنجیرەکانی نەسەب بە کەسایەتییە موسڵمانە رۆحانییە ناودارو پێشەنگەکانی سەرەتای ئیسلام بگەیەندرێن. بەم جۆرە زۆر زنجیرەی نەسەبی مێژوویی –رۆحی ناڕاست بۆ تەریقەتەکانی سۆفیزم

---

(1) J. Spencer Trimingham, The Sufi Orders in Islam, Oxford University Press, London, 1971, PP. 3-4.

(٢) حسن عمید، فرهنط فارسی عمید، ض٢٨، ضاثخانة سثهر، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٢، ل٨٣٠.

(٣) جواد فقي علي الضوم حيدري، الشيخ خالد النقشبندي ومنهجه في التصوف، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية العلوم الإسلامية، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص١٩٣.

دروستکراون، بەجۆرێك هەندێك جار تا گەیشتن بە شەخسی پێغەمبەری ئیسلام محەممەد درێژکراونەتەوە[1].

ئەوەی جێگەباسی ئێمەیەو لە کوردستانیشدا لە هەر تەریقەتێکی تر زیاتر بڵاوەو کاریگەریی رۆحی و کۆمەڵایەتیی گەورەشی بەسەر جۆری بیرکردنەوەو هۆشیاری و پێکهاتی سایکۆلۆجی خەڵکی کوردەوە داناوە، بریتین لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی. بە مانایەکی تر هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئاینی و رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمن لە کوردستان ئەو راستییە دەزانن، کە بەشی هەرە گەورەی خەڵکی کورد لە رووی رۆحیو مەعنەوییەوە بە رێبازەکانی تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی پابەندن ، بۆیە وەك زەمینەسازییەك بۆ تێگەیشتن لە بەشەکانی دواتر و رۆڵی شێخ و خەلیفەو مرید و پەیڕەوانی تەریقەت لە ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ رۆحی خەڵکی کورد پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە سەرەتاکانی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەم تەریقەتانە لە کوردستان و دواتریش ململانێ و ناکۆکی نێوانیان بکرێت.

مێژووی بڵاوبوونەوەی رێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستان بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگارێك، کە رێبازەکانی تەریقەتی شازلی[2]، نور بەخشی[3]،عەلەوی[4] کە لقێکی تەریقەتی خەڵوەتییەیە[1] لە کوردستاندا بوونیان هەبوو[2].

---

(١) لەبارەی زنجیرەی نەسەبی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی بروانە: یونس الشیخ إبراهیم السامرائی، الشیخ عبد القادر الکیلاني. حیاته وآثاره، مکتبة الشرق الجدید، بغداد، ١٩٨٨، ص٦-٩" سعید بن مسفر بن مفرح القحطاني، الشیخ عبد القادر الجیلاني وآراؤه الإعتقادیة والصوفیة، ب.م، الریاض، ١٩٩٧، ص٢٧" عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، تەریقەتی نەقشبەندی (بنەماو ئامانجەکان)، ب١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٦٤-١٦٦.

(٢) شازلی: تەریقەتێکی سۆفیگەرییە، لەلایەن أبي الحسن علی کوڕی عبد الله کوڕی عبد الجباری شازلی دامەزرێندراوە. بۆ زیاتر بڕوانە: دائرة المعارف الإسلامیة، المجلد ١٣، طهران، ب. ت، ص٥٧-٦٣" عبد المنعم الحفني، الموسوعة الصوفیة، مکتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٨٠٥.

(٣) نور بەخشی: تەریقەتێکی سۆفیگەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ محەممەد نوربەخش (١٣٩٣-١٤٦٥ز) کوڕی باباعەلی هەمەدانی. بۆ زیاتر بڕوانە: عبد المنعم الحفني، المصدر نفسه، ص٩٨٦.

(٤)عەلەوییە: دوو تەریقەتی سۆفیگەری بەم ناوەوە هەیە: یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ عەلی کوڕی أبی گالب، ئەوی تریان بۆ محمدی کوڕی عەلی ناسراو بە باباعلوی الجعفري. جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي (مەلای گەورە) و جهوده العلمیة، مطبعة وزارة التربیة، منشورات مکتب التفسیر، أربیل، ٢٠٠٦، ص٥٣.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی سۆفیزم لە کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە رۆڵی عارفانی کورد لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ژمارەیەك تەریقەت دیارو بەرچاوە. تەریقەتی ریفاعی دامەزرێنەرەکەی کوردێك بووە بە ناوی ئەبو وەفا تاجولعارفین (١٠٢٦-١١٠٧ز) کە بە(کاك)یش ناوبراوە. ریشەی تەریقەتی خەلۆەتییش دەگاتەوە بە عارفانی کورد و فارس و تورك. سۆفییەکی خەلۆەتیی دیمەشقیی کورد بە ناوی ئەحمەد کوڕی عەلی حەریری (١٦٣٨ز مردووە) هێلێکی گرنگی خەلۆەتیی سوریای لێوە پەیدابووە. مەحمود کوردی ١٧١٥-١٧٨٠. زاناو سۆفییەکی خەلۆەتیی بووە. عەبدوڵڵا شەرقاوی کە ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٩٣-١٨١٢ دا شێخی ئەزهەر بووە قوتابی ئەو بووە. هەروەها ئەحمەد تیجانی خەڵکی جەزائیر و دامەزرێنەری تەریقەتی تیجانییە، مۆڵەتی تەریقەتی خەلۆەتی لە مەحمود کوردی وەرگرتووە[٣]. ئەبو یەعقوب یوسف هەمەدانی ١٠٤٩- ١١٤٠، کوردێکی لوڕو پێشەوای تەریقەتی خواجەگان بووە، کە دواتر بە هۆی شاهی نەقشبەندەوە ناوەکەی گۆڕدراو بووە تەریقەتی نەقشبەندی[٤].

هەموو ئەوانەی خرانە روو دەرخەری ئەو راستییەن، کە پەیوەندیی کورد و سۆفیزم لە پەیوەندیی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی لە کوردستاندا کۆنترە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە عارفانی کورد کاریگەریی گەورەیان بەسەر بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکانی سۆفیزمەوە، نە تەنها لە نێو کوردستان، بەڵکو لەدەرەوەی کوردستانیشدا هەبووە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لە بەر ئەوەی رێبازەکانی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە کوردستاندا لە رووی رۆحی و مەعنەوییەوە کۆنترۆڵی بەشی هەرەگەورەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیان کردووە، بۆیە باسەکە لەسەر ئەم دوو تەریقەتەو بڵاوبوونەوەیان و ململانێو ناکۆکیی نێوانیان چڕ دەکەینەوە.

---

(١) خەلۆەتییە: لقێکی تەریقەتی سەهرەوەردییە لە خوراسان، دامەزرێنەرەکەی ڤهیر الدینە (١٣٩٧ز مردووە). لقی زۆری لە ئەنادۆڵ و حیجازو سۆماڵدا هەبوو. دائرة المعارف الإسلامیة، المجلد ١٥، طهران، ب. ت، ص١٨١.

(٢) جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي، ص٥٣" عیزەددین مستەفا رەسول، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، "رۆشنبیری نوێ" گۆڤار، بەغدا، ژمارە ١٠٧، ئەیلوولی ١٩٨٥، ل٥٢" عز الدین مصطفی رسول، شيء عن التصوف في الأدب الكردي. "کاروان" مجلة، العدد ٥٣، أربیل، ١٩٨٧، ص١٤٠.

(٣) فەرهاد شاکەلی، کورد و مێژووی بیر. تەسەوف وەك سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد، "سەنتەری برایەتی" گۆڤار، هەولێر، ژمارە ١٧، ساڵی چوارەم، پاییزی ٢٠٠٠، ل٢٤٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٨-٢٤٩.

یەکێك لە کۆنترین تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستان، کە تا ئێستاش لە نێو کورددا قورسایی و کاریگەری مەعنەوی خۆی هەیە، تەریقەتی قادرییە، کە بەناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە ناسراوە.

مێژووی تەریقەتی قادری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی زایینی و لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ١٠٧٨-١١٦٦ دەرکەوتووەو[١]، لەسەدەی نۆزدەوە گەیشتۆتە سنووری دەسەڵاتی میرنیشینی بابان و شێخ مارفی نۆدێیی[٢] ڕێبەر و مورشیدی بووە. مێژووی تەریقەتی نەقشبەندییش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەی زایینی و لەسەر دەستی شێخ محەممەدی بوخاریی[٣] پەرەیسەندووە[٤].

گەلی کورد دوای پرۆسەی فەتحی ئیسلامیو لەپاش ئیسلامبوون و بە ئیسلامکردنی، هەمیشەو تا ئێستاش لە گەڕان بە دوای بنەما ئایدیۆلۆجیەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتایەکی خودایی‌و ئاینیش وەکو گرنگترین بەشەکانی ئایدیۆلۆجیا خۆی نواندووە. سیمای داپۆشینی هۆشیاریی مرۆڤی کورد بە بەرگی ئاینی، زەمینەی هەمیشەیی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی‌و

---

(١) شیخ عەبدولقادری گەیلانی دامەزرێنەری راستەقینەی تەریقەتێکی سۆفیزم نییە، بەڵکو بانگەشەکەری چاکەو چاکسازی و خاوەنی میتۆدێکی تایبەتی پەروەردەی پراکتیکی و دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی زانستیی ناسراوە. تەریقەتەکە لە ڕۆژگاری کورو نەوەکانیداو لە دوای خۆی ڕواڵەتەکانی پێگەیشتن. عبد القادر موسى حمادي المحمدي، مدرسة بغداد الصوفية، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص١٧٨.

(٢) شێخ مارفی نۆدێیی: ناوی تەواوی محەممەد مەعروف کوڕی ئەحمەد کوڕی محەممەد نۆدێیی بەرزنجییە، زنجیرەی نەسەبی بەشێخ عیسای بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی کۆتایی دێت، ساڵی ١٧٥٢ز لە گوندی (نۆدێ) سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی لەلای باوکی و زانا ناودارەکانی سەردەمەکەی دەست پێکردووە، دوای تەمەنی بیست ساڵی دەستی کردووە بەوانە گوتنەوە، مامۆستاو گوتار بێژو مورشیدی تەریقەتی قادری بووە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ساڵی ١٨٣٨ز کۆچی دوایی کردووەو چەندین نووسراوی گرنگی دوای خۆی جێهێشتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: محمد أمين زكي بط، تاريخ السليمانية وأنحائها، ت: محمد جميل بندي الروزبياني، ط٢، مطبعة وزارة الثقافة، السليمانية، ٢٠٠٢، ص٢٣٩-٢٤٥" محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٦٩-١٩٨.

(٣) شێخ محەممەدی بوخاریی: ناوی تەواوی محەممەد کوڕی بهاء الدين الشاه نقشبند الأويسي البخاريیە، ساڵی ١٣١٥ز لە دایکبووەو لە ساڵی ١٣٨٩ز دا کۆچی دواییکردووە. دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندییە، محمد أمين زكي بط، المصدر نفسه، ص٢٣٤-٢٣٥" پێ ڕەش، بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، ب.م، ١٩٨٠، ص١٠.

(٤) جواد فقي علي، الشيخ خالد النقشبندي، ص٢٠٩" عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی، تەریقەتی نەقشبەندی (بنەما و ئامانجەکان)، ب٢،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٧٨.

سیاسیو ئایدیۆلۆجی بووه. ئاشکراشه، جێگەی یەکەم له نێو سیستەمی باوەڕە ئاینییەکان لـه نێو کورددا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئایدیۆلۆجیای ئیسلام بووه[1].

دوالیزمـی (ملکەچـبوون/پاداشـتی رۆژی دوایـی) کـه یـەکێك لـه بنـەما ئایدۆلۆجییـه پـڕ بایەخەکانی ئـاینی ئیـسلامه، لـه بزووتنـەوەی سـۆفیزمدا زۆر بـه هێزتـر دەرکـەوت و رەنگـی دایەوه. سۆفیزم چەندی پێیکرا هـەوڵی دا توانـاو هۆشـیاریی جـەماوەر بـه ئاراسـتەی ئـەم دوو چەمکه (ملکەچبوون/ پاداشتی رۆژی دوایی) بۆ خۆی و بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنـەوەی فیکـری سۆفیگەری پاوان بکات[2]، تایبەت ئەگەر ئەو راستییه ئاگـادار بـین، کـه تـەواوی رێبازەکـانی تەریقەتـەکانی سـۆفیزم بـریتین لـه رێگـای ملکەچـبوون بـۆ خـودا لـه وزە بەخـشین و هـەوڵ و کۆششێکی تەواو دڵسۆزانەدا، بۆیه مودەریس گوتەنی: خەریکبوون به تەریقەتەوە لـه راسـتیدا دەبێته خەریکبوون به راستی به ئادابی شەریعەتەوە[3].

بـەهێزتر بـوونی کاریگـەری فیکـری سـۆفیزم سـەبارەت بـه پـیرۆز سـەیرکردن (پیرۆززانـدن) (تقـدیس)ی دەسـەڵاتی سیاسـیو فاکتـەری پاداشـتی رۆژی دوایـی، وای کـرد سـۆفیزم ببێتـه ئینستیتیوتێکی سیاسی ـ ئایدیۆلۆجی. له کوردستانداو له هەلومەرجی پـەرتوبڵاوی سیاسـیو نەبوونی ناوەندێکی بەهێز، که توانای ئاراسـتەکردنی پرۆسـه سیاسـییەکانی بـەرەو ئامـانجێکی هاوبەش هەبێت، سۆفیزمی ئیسلامی زەمینەیەکی له بـاری بـۆ رەخـساو بـەخێرایی بڵاوبـۆوه. بۆیـه سـەیر نییـه ئەگـەر ببیـنین هـەردوو تەریقـەتی سـۆفیزمی قـادری و نەقـشبەندی بـەبێ لەبەرچاوگرتنی سنووره سیاسییه کۆمەڵایەتییه خێڵایەتییەکان به کوردستان و به نێو پێکهاته کۆمەڵایەتییه جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوببنەوه[4]. ئەم دوو تەریقەته لەکوردسـتاندا به جۆرێك هۆشیاریی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاوان کـردو بـوون بـه

(١) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا، کوردسـتانی خـوارووی رۆژهـەڵات لـه سـەدەی حەڤـدەوە تـا سـەرەتای سـەدەی نـۆزده. کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان، و: رەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی رۆشـنبیری، هـەولێر، ١٩٩٧،ل ٢٤٧.

(٢) هەمان سەرچاوه، ل٢٤٨.

(٣) مەلا عبدالکریمی مدرس، یادی مەردان. مەولانا خالیـدی نەقـشبەندی، ب١، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کورد، بەغداد، ١٩٧٩، ل١٣٥.

(٤) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

خاوەن هێزی کۆمەڵایەتیی گەورە کە ئیدمۆندز (C.J. Edmonds)ی گەیاندۆتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێت: "سیستەمی سۆفیزم بوو بە ئاینی جەماوەر"[(1)].

بیروباوەری سۆفیزم لە نێو کورددا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر باش جێی خۆی کردۆتەوەو فیکرو هۆشیاریی ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی داگیر کردووە. سۆفیزم لە نێو کورددا لەسەر ئاکارو رەوتی عەشیرەتی پێکهاتووە. شێخ، کە کەسی یەکەم و مورشیدی تەریقەتە رێوشوێنی تەریقەت لە بارەگاکەی خۆیدا، کە ناوی (خانەقا-تەکیە)یە فێری مریدو لایەنگرانی دەکات، دواتر مریدە باشەکان بە پێی یاساکانی تەریقەت دەبن بە نوێنەر، یان خەلیفەو بۆ راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆفیانە دەچنە نێو کەرتە کۆمەڵایەتییە عەشیرەتییەکانەوە، بەم جۆرە تۆڕێکی فراوانی پێکەوە بەستراو بە پرانسیپەکانی سۆفیزم تەواوی کوردستان دادەپۆشێت، کە لەگەڵ جوگرافیای عەشیرەتی بە باشی یەك دەگرێتەوە[(٢)].

پلەو پایەی شێخ و دەسەڵاتەکەی بە هۆی (کەشف و کەراماتەوە) لە نێو خەڵکیدا بەهێزتر دەبوو. کاریگەری ئەم دوو دیاردەیە لەهێزو تواناو کەسایەتیی شێخ و تێگەیشتنی بۆ سروشتی مرۆییو رەفتارو هەڵسوکەوتی شەخسی خۆیدا دەردەکەوێت، واتە لە روانینی خەڵکیدا شێخ توانای زانینی ئەو شتە پەنهان و شاراوانەی هەبوو، کە مرۆڤی ئاسایی هەستی پێ نەدەکرد. بێگومان زێدەگۆییو پێوەنانی (مبالغة) خەڵکیش بۆ کارەکانی کەشف و کەرامات، پێگەی رۆحیو کۆمەڵایەتییو کەسایەتیی مەعنەویی خودی شێخی بەهێزتر دەکرد[(٣)]. دڵسۆزیی بێ سنووری کوێرانەی مریدان و پەیڕەوانیان بۆ مورشیدەکانیان یارمەتییەکی ماددی گەورەبوو بۆ دەسەڵاتی رۆحانیی شێخ و بنچینەی ئەوەیشی بۆ دەرەخساند، کە نەك هەر ببێت بە رێبەرێکی ئایدیۆلۆجی، بەڵکو ببێتە سەرکردەیەکی سیاسیش. ئەو پەیوەندییەی نێوان شێخ و مریدانی لەبەر ئەوەی بە رەنگی ئاینی لەفۆرمە سۆفیگەرییەکەیدا رەنگڕێژ کرابوو زۆر بەهێزتر بوو لەو

---

(1) C.J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs. Politics Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919-1925, London, Oxford University Press, 1957, P.63;
سیسیل جی. ادموندز، کردها ترك ها عرب ها، ت: ابراهیم یونسی، چاپ دوم، چاپخانه نوبهار، تهران، ١٣٨٢، ل ٧٦.

(٢) واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، و: خالیدی حسامی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧، ل٦١٤-٦١٥" رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨" عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٥.

(3) Edmonds, OP. Cit., PP. 74-75;
أدموندز، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦-٧٧" جرجیس فتح الله، مبحثان علی هامش ثورة الشیخ عبید الله النهري، ط٢، مطبعة التربیة، دار ئاراس، أربیل، ٢٠٠١، ص١٤٤" جەعفەر عەلی رەسول، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی،چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٢.

پەیوەندییانەی، کە ئەو بۆیە ئاینییەی بەسەرەوە نەبوو، ملکەچبوون شێوەی گوێڕایەڵییەکی تەواوی مورشیدە رۆحییەکەی وەرگرتبوو، خزمەتکردنی باشی مورشید وەك رێسایەکی رەفتاری دەروێشانە تەماشا دەکرا[(١)]. رۆڵی شێخ وەك کەسێك، کە زۆر جار تا ئاستی بە پیرۆز کردنی سەیر دەکرا تواناو هێزی پەیداکردنی دەسەڵاتی پێدەبەخشی. زۆر مریدی توندڕەو و نەخوێندەوار شێخی تەریقەتیان وەك مەهدی چاوەڕوانکراو و رزگارکەر (المنقذ) دەبینی و ئومێدی ئەوەیان لێدەخواست دادپەروەریو ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی بە دیاری بهێنێ. ئەم ملکەچبوون و دڵسۆزییە بۆ شێخ لە کاتی قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرتر دەبوو. شێخ تا لە ژیاندا بوو نەك هەر ئەرکی شێخایەتیی تەریقەت، بەڵکو ئەرکی پزیشك و یاساناس و مەلاو پزیشکی دەروونیشی دەبینی، دوای مردنیشی ئەم پیرۆزییەی بە پیرۆز کردنی مەزارەکەی تا ئاستی بە ئەفسانە کردنی بەردەوام دەبوو[(٢)].

شێخ لەبیری سۆفیزمدا بەمانای مرۆڤێکی تەواو (الکامل) و بێ کەموکورتی دەهات لە زانستی شەریعەت و تەریقەت و راستییو ئەو زانیارییانەی دەربارەی دەروون و نەخۆشییەکانیو رێگاکانی چارەسەرکردنیاندا هەیەتی، وێڕای توانای چاککردنەوەی نەخۆشان و رێگا نیشاندانیان، ئەگەر بڕوایان بە پەیام و پێگەی شێخ هەبێت[(٣)]. لە روانگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە شێخ ئەو کەسەیە، کە بەهۆیەوە مرید بە ناسین و خۆشەویستی خودا دەگات، بۆیە پێویستە هەموو مریدێك خاوەنی شێخ بێت[(٤)]. واتە شێخی گەیلانی سۆفیزم وەك پەیوەندیی نێوان شێخ و مرید دەبینێ، شێخ لە پەروەردەی سۆفیزمدا دەبێتە بەردی بناغەو بەبێ بوونی شێخێکی مورشید، مرید نە گەورەیی خودا دەناسێت و نە بە خۆشەویستی خوداش دەگات. هەروەها گەیلانی مریدی بە کۆمەڵێك ئادابەوە پابەند کردووە، کە دەبێت لەبەرانبەر شێخدا نیشانیان بدات، تا لە رێی رەفتارەکانیەوە ببێتە مریدێکی نموونەیی، هەروەك چۆن لەسەر شێخی پێویست کردووە کە دەبێ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ مریدەکانیدا کۆمەڵێك ئاداب

---

(١) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١، ٢٣٣.

(٢) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١١٩-١٢٠" روبەرت ئۆلسن، راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبو بەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨-١٩.

(٣) عبد المنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ص١٤٣" عبد الرزاق الکاشاني، معجم إصطلاحات الصوفية، دار المنار، القاهرة، ١٤١٣هـ، ص١٧٢.

(٤) عبد القادر بن موسى بن عبد الله الجيلاني، الغنية لطالبي طريق الحق، ج٢، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ب.ت، ص٤٤٩.

رەچاو بکات، تا ببێتە پێشەنگێکی رەفتار باش و خاوەنی سیفاتی چاك و دواجاریش نموونەیەکی بەرز لە کۆمەڵگەدا[1].

ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا جگە لەوەی بە خێرایی لە نێو خەڵکی کورددا بڵاوبوونەوە، کارێکی زۆریشیان کردە سەر پێکهاتی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیو رۆحیی خەڵکی کوردستان. بەبڕوای عەزاوی هۆکاری ئەم زوو بڵابوونەوەیەی تەریقەت لە کوردستاندا لەبەر ئەوە بووە کە: بۆ کوردەکان کارێکی ئاسان نەبوو پەیوەندی بە زانست و قوتابخانە ئیسلامییەکانەوە بکەن، کە بە زمانی عەرەبی بوون، جگە لەوە زانای گەورە دەرکەوتن، تەریقەتەکانی سۆفیزمیش جگە لە زوهد و عیبادەت هیچی تریان گەرەك نەبوو، بۆیە پەیوەندیکردن پێیانەوە کارێکی ئاسان بوو، لەبەر ئەوە مەیل و ئارەزووی خەڵکی کورد بەرەو سۆفیزم زۆر گەورە بوو، بەهەمان شێوە ملکەچییان بۆ شێخان و بۆ ڕێبەرانی تەریقەتیش هەر گەورە بوو[2].

سۆفیزم، کە لە بنەرەتدا دیاردەیەکی دەروونیی تاکە کەسییە (ڤاهرە نفسیە فردیە)، لە کوردستاندا گۆڕدراو بووە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. کەسی سۆفی وەك ئەوە نەمایەوە، کە پێشتر لە ناو ئیسلامدا هەبوو بەجۆرێك دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ سیاسی بە تەنها خەریکی عیبادەت و خواپەرستی بێت، بەڵکو گۆڕدرا بۆ مرۆڤێك بە توندی پابەندی ئەوە بوو، کە دەبێ لەگەڵ مریدو پەیڕەوانیدا کۆببێتەوەو پەیوەندی بە خەڵکی تریشەوە بکات بەبێ گوێدانە ئاستی دەوڵەمەندیو هەژاری، یان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، گرنگ ئەوەبوو کارلێککرن (تفاعل) لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا کە تێیدا دەژیت بکات. تەریقەتەکانی سۆفیزم بە گوێرەی ئەوەی لە نێو کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کوردستاندا لایەنگرو پەیڕەوانی زۆریان کۆکردبۆوە، ببوون بە فۆرمێکی دیاریکراو لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، شێخانی تەریقەت لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی فراوانی خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە چیتر نەیاندەتوانی بەگۆشەگیریو دوور لە خەڵك و کۆمەڵگە بژین، لێرەوە پێویستیان بە ناسینی دەروونی تاکەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری هەبوو، هەروەها پێویستیان بە توانایەکی زۆریش هەبوو بۆ بەردەوامیو ڕێکردن لەگەڵ

(١) لقبارتی ئادابی مرید لةطقلَ شێخ و ئادابی شێخ بقرانبقر مرید بروانة: المصدر نفسه، ص٤٤٥-٤٥٣.

(٢) عباس العزاوي المحامي، خلفاء مولانا خالد، "مجلة المجمع العلمي الكردي"، بغداد، العدد الثاني، المجلد الثاني، ١٩٧٤، ص١٩٨.

سیستەم و ژیانی کۆمەڵایەتیی، بەو مانایە وەك م. لینگس دەڵێت: "سۆفیزم چەند هەوڵدان بوو بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، هێندەش کاریگەری دەخستە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی "[1].

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا مێژووی تەریقەتی قادری دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی سەدەکانی هەژدەیەمو نۆزدەیەم. محەمەد ئەمین زەکی لە بارەی هاتنی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی بۆ مەڵبەندی بابان دەڵێت: نازانرێت ئەم دوو تەریقەتە کەی هاتوونەتە ئەم مەڵبەندەو کێ بڵاوی کردوونەتەوە، بەڵام دەڵێت: وەك گوێ بیستی بووم لە رۆژگاری بابانەکاندا لە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە. یەکەم کەس، کە تەریقەتی قادری لە سلێمانیو دەوروبەریدا بڵاوکردەوە شێخ مارفی نۆدێیی بوو، بەڵام بڵاوکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی مەولانا خالید بوو[2]. واتە شێخەکانی کوردستان لە دوو تەریقەتی سۆفیگەری قادری و نەقشبەندی پێکهاتبوون، مریدانی تەریقەتی قادری (دەروێش) و (سۆفیش) مریدی تەریقەتی نەقشبەندی بوون[3]. ناوەندی ئیرشادی تەریقەتی قادری (تەکیە) و ناوەندی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندیش (خانەقا) بوو.

سەرەتای سەدەی نۆزدە تەریقەتی باڵادەست لە کوردستان تەریقەتی قادری بوو. تەنها دوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری شێخان لە کوردستاندا هەبوون، ئەوانیش هەردووکیان سەر بەتەریقەتی قادری بوون: بەرزنجەییەکان[4] لە بەرزنجەو[5]، ساداتی نەهری لە هەکاری.

ئەم دوو بنەماڵەیە لە رێی پاوانکردنی پلەی شێخایەتی بۆ ئەندامانی بنەماڵەکانیان دەسەڵات و نفووزی خۆیان بەسەر مریدو پەیڕەوانیاندا سەپاند بوو. تۆڕێکی فراوانی سەر بەم دوو بنەماڵەیەو مرید و لایەنگرانیان بە تەواوی کوردستاندا بڵاو ببوونەوە[6]، گەورەبوون و درێژخایەنیی دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵەیە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار، لەوانە:

---

(1) Martin Lings,What is Sufisim?, London: George Allen and Unwin Ltd, 1975, P.15.

(٢) محمد أمین زکی بگ، مصدر سابق، ص٢٣٧-٢٣٨.

(3) C.J. Edmonds, OP. Cit., P.63.

(٤) بەرزنجیەکان: بنەماڵەیەکی مێژوویی بەناوبانگ و کۆنن، نەوەی باباعەلی هەمەدانین، ژمارەیەك زانای ئاینی و ئەدیبی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە. محمد الخال، مصدر سابق، ص٦٩.

(٥) بەرزنجە: ناوچەیەکە بەدووری ٦٠کم لە رۆژهەلاتی سلێمانی، ناوەندی ناحیەی (سروچك)ە لە قەزای شارباژێڕی سەر بە پارێزگای سلێمانی.جمال بابان، أصول أسماء المدن والمواقع العراقیة القدیمة، مطبعة الأجیال، بغداد، ١٩٨٩، ص٥٣-٥٤.

(٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

یەکەم: هەر یەك لەم دوو بنەماڵەیە زنجیرەی نەسەبی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ پێغەمبەرو رێچکەی تەریقەتیش بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی. پێگەی رۆحی و مەعنەویی گەیلانی لە فراوانبوونی بنکەی جەماوەری و هەژموونی (هیمنە) کۆمەڵایەتییاندا سەرمایەیەکی رەمزی و رۆحیی پیرۆزی پێداون.

دووەم: بڵاوبوونەوەی فراوانی ئەندامانی شێخانی بەرزنجە و بە رادەیەکی کەمتریش بنەماڵەی نەهرییەکان وەك زاناو شێخ بە زۆر ناوچەی کوردستاندا، وایکردبوو لەسەر ئاستی ناوچەکەو دەوروبەریدا ناوو ناوبانگ پەیدابکەن.

سێیەم: شێخەکان بە گشتی و بەرزنجەییەکان بە تایبەتی، خاوەنی ژێرخانی ئابووریی بەهێز بوون، ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجەییەکان لە رێگەی پلەو پایەی ئاینی و دواتریش پێگەی سیاسییان، ببوون بە خاوەنی سامانێکی زۆر لە موڵك و زەویو سامانی ئاژەڵی[(١)].

چوارەم: تەریقەتی قادری بەپێی هەندێك بۆچوون زیاتر لە هەموو تەریقەتەکانی تر پابەندی شەریعەت و سوننەتەو زۆربەی شێخ و رێبەرە رۆحانییەکانیشی کورد بوون[(٢)].

پێنجەم: نەبوونی ناوەندێکی سیاسی ـــ کۆمەڵایەتیی بەهێز بۆشاییەکی گەورەی لە کوردستاندا دروستکردبوو، ئەمەش رێگا خۆشکەر بوو، تا رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم ببنە پێکهاتەیەکی سیاسیی ـ ئایدیۆلۆجی و کۆنترۆڵی بیرو هۆشیاری خەڵك لە کوردستاندا بکەن.

شەشەم: وێرای ئەمانە هێزی مەعنەوی و کەسایەتیی شێخ و توانای بۆ خوێندنەوەو دەرکپێکردنی ئەو دیاردەو رووداوانەی، کە کەسانی ئاسایی تر نەیاندەتوانی دەرکیان پێبکەن، هەروەها کەشف و کەرامات هۆکارێکی تری یاریدەدەر بوون بۆ گەورەکردنی دەسەڵات و نفوزی کۆمەڵایەتیو چەسپاندنی زیاتری پێگەی تەریقەت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەریقەتی نەقشبەندی خێراتر لە تەریقەتی قادری پەرەی سەند. نوێکەرەوەو بڵاوکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان مەولانا خالیدی ١٧٧٩- ١٨٢٦ سەر بەتیرەی میکاییلی جاف بوو[(٣)].

---

(١) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١٣٣-١٣٤.

(٢) پی رەش، مصدر سابق، ص١٠.

(٣) لە بارەی بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە مەولانا خالید بڕوانە: جواد فقي علي، الشيخ خالد النقشبندي، ص٢٢، هامش (٢)، ص٩٥، هامش (٢)" سەید تاهیری هاشمی، مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، و: دلێر میرزا، چاپخانەی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣، ٤٤. بەر لە پەیدابوونی ◄◄

مەولانا خالید دوای چوونی بۆ هیندستان لە ساڵی ١٨١١دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و هەرزوو خەڵکێکی زۆر رووی تێکرد[١]. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەزاران کەس لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پەیوەندییان بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە کردووە، تەنانەت ژمارەیەك لە فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی بابان بوونە مریدی مەولانا. ریچ C.G.Rich لە یاداشتی رۆژی بیست و چواری حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٠ دا بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن تەواوی وتەکانی مەولانا خالید بە فەرمووده دادەنرێت و کوردەکان بە وەلیی دەزانن و دەیبەنە ریزی پێغەمبەرەوە. لە زمانی عوسمان بەگی برای مەحمود پاشای بابانیشەوە پێمان دەڵێت: چ خۆی و چ مەحمود پاشاو زۆربەی سەرانی کورد مریدی مەولانان، "چونکە بە لایکەمەوە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری بەناوبانگ لەیەك پلەدان"[٢]. لە یاداشتی رۆژی بیستی تشرینی یەکەمیشدا نووسیویەتی: "...پێش چەند رۆژێك کوردەکان لە عەبدولقادریان[٣] گەورەتر دادەنا، میریش[٤] وا خووی پێوە گرتبوو لە بەرانبەریدا بە پێوە بوەستێ و قەنەی بۆ تێبکات..."[٥].

ماوەی نێوان ساڵانی ١٨١١-١٨٢٠ بە پربەرهەمترین ساڵانی رێبازی نەقشبەندی دەژمێردرێت لە کوردستاندا. ژمارەیەکی زۆری خەڵك بە گەڕانەوەی مەولانا بۆ سلێمانی،

---

مەولانا خالید تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان لایەنگرو هەواداری هەبووە، بەلام گەورەبوون و گەشەکردنی هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندستانەوە بۆ سلێمانی، سەید تاهیری هاشمی، هەمان سەرچاوە، ل٦١" نادر کریمیان سردشتی، تژکرە عرفای کردستان، انتشارات نگاە سبز، تهران، ١٣٨٠، ل٩١" دیدەنی لەگەڵ محەممەدی مەلا کەریم، بەغداد، ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٦.

(١) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦،رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو،ل٦١.

مەولانا خالید ساڵی ١٨٠٥ چۆتە حەج و زیارەتی مەککەو مەدینەی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شام ـ عیراق ـ سلێمانی و دەستی کردۆتەوە بە دەرسوتنەوەو خودا پەرستی، ساڵی ١٨٠٩یش رووی کردۆتە هیندستان و لەوێ لەسەر دەستی شا عەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەت و مۆڵەت (اجازە)ی خەلافەت و ئیرشادی وەرگرتووە، ساڵی ١٨١١ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. بڕوانە: محمد الخال، مصدر سابق،ص٣٨-٤٢"جواد فقی علی، الشیخ خالد النقشبندی، ص٥٩-٧٣" محمد رەئوف توکلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤-٢٢٥" مهیندخت معتمدی، نقشی از مولانا خالد نقشبندی و ئیروان طریقت او، انتشارات ثاذنط، تهران، ١٣٦٨، ل٣٠-٣٥، ٣٧.

(٢) کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و:محەمەد حەمە باقی، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٤٢.

(٣) مەبەستی ریچ بە گەورەتر دانانی مەولانا خالیدە لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

(٤) ئەو رۆژگارە مەحمود پاشا میری میرنشینی بابان بووە.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

وێـڕای دوژمنایـەتی بـەردەوامی قادرییـەکان و نـاو بـە نـاویش میرانـی بابـان، هاتنـە سـەر ڕێبازەکەی، تایبەت ئەو توێژەی بازاڕ، کە هەلومەرجی پڕ لە شەڕ و شۆڕی میرنـشین زیـانی بـە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیاند، ئەوانە دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئەو دەرەبەگانە ڕاگەیانـد بـوو، کـە لە دەوری هەردوو هێزی سیاسـی و ئـاینی ـــ کۆمەڵایـەتی لـە سـلێمانی کۆببوونـەوە. لێرەوە نەقشبەندی چوارچێوەیەکی تازەی بۆ پێکهێنابوون، کە گوزارشـتی لـە بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان دەکرد، لەبەرئەوە لە سەرەتاوە بە گەرمی پشتگیریان لێکرد(١).

بە بڕوای نەجاتی عەبدوڵڵا ئەم لێکدانەوەیـە خوێندنەوەیـەکی ئایدیۆلۆجیانـەی سـەر بـەرەو ژێرە، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر ئەو بازاڕییانەی دژایەتی دەرەبەگەکانیان دەکرد وەکو چینێك، یـان هـیچ نەبوایـە، وەکـو توێـژێکی کۆمەڵایـەتییش هەبوونایـە، دەبـوو لایـەنی کـەم تەریقـەتی نەقشبەندی بیتوانیایـە لـەناو شـاردا دوای ئـاوارەبوونی مـەولانا خالیـد جـێ پێیـەك بـۆ خـۆی بکاتـەوە، بـەڵام تەریقـەتی نەقـشبەندی لـە کوردسـتاندا نـەیتوانی لەگـەڵ کولتـووری شـاردا هەڵبکات، کەچی هەر زوو بەنێو ناوچە چیاییەکاندا بڵاوبۆوە. لێرەوە نەجاتی عـەبدوڵڵا دەگاتـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە تەریقـەتی نەقـشبەندی لـە کوردسـتاندا زیـاتر سـیمایەکی (ناوچـیایی) بەخۆیـەوە گـرت و تەریقـەتی قـادریش وەکـو تەریقـەتێکی کۆنـسێرڤاتۆر هـەر لـەناو شـاردا مایەوە(٢).

بە بڕوای ئێمە هەر یەکێك لـەم لێکدانەوانـە هەنـدێك لـە ڕاسـتییان تێدایـە، نـەك تـەواوی ڕاستییەکان. چونکە ڕاستییەك، کە ناشێت فەرامۆش بکرێـت ئەوەیـە، کـە دەرفـەتی مانـەوەو گەشەکردن لە شاری سـلێمانی بـۆ تەریقـەتی نەقـشبەندی لـە ڕۆژگـاری دەسـەڵاتی بابانەکانـدا کەمترو بەر تەسکتر بوو لە دەرفەتی گەشەکردنی تەریقەتی قادری، ئەویش نـەك لەبـەر ئـەوەی تەریقەتی قادری لەگەڵ فەزاو کولتووری شاردا تەریقەتی نەقشبەندی گونجاوتر بوو بێت، بـەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بوو، کە لە لایەکەوە دەسەڵاتی سیاسیی بابانەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو لەگـەڵ ڕێبەری ڕێبازی قـادری نـەرمیی زیـاتری نوانـدووەو بـە کەسـی ئـاینی یەکـەمی سـنوورەکەیان زانیوە، لە لایەکی ترەوە مەولانا خالید بە هۆی دژایەتی کردنی زۆری لە لایـەن قادرییەکانـەوە بە ناچاری سـلێمانی جێهێـشتووە. بۆیـە لەوانەیـە ئەگـەر مـەولانا ئـاوارەی دەرەوەی سـلێمانی

(١) هەڵکەوت مەلا حەکیم خانـەقینی، ریـشەو پێـشینەی ڕێبـازی نەقـشبەندی لـە کوردسـتاندا. "سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی" گۆڤار، سلێمانی، ساڵی شەشەم، ژمارە ٢١، شوباتی ١٩٩٨، ل١٤.

(٢) "شۆرشـی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری لـە بەڵگەنامـەکانی فەرەنـسیدا ١٨٧٩-١٨٨٢". و: نـەجاتی عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢١.

نەکرابایەو لە شاردا بمابایەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نفوزە کۆمەڵایەتییەی لەو چەند ساڵە کەمەی سەرەتای گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی پەیدایکردبوو، ڕەنگە نفوزو پێگەی ڕۆحی و جەماوەریی نەقشبەندی لە سلێمانی زۆر لەوە گەورەتر بووایە، کە هەیە. ئەوە تەنگ پێهەڵچنینی مەولانایە لە سلێمانی ناچاری دەکات، کەنارەکان و ناوچە چیاییەکان بکاتە بنکەی بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکەی لە کوردستان نە جۆری پێکهاتەو سروشتی ڕێبازەکەی، یان ئەوە بەو مانایە نییە، وەك نەجاتی عەبدوڵڵا دەڵێت: کەلتوری شارەکە لە کەلتوری چیا پێشکەوتووترو نوێخوازتر بووبێت، کە دەشێت پێچەوانەکەی پتر ڕاستی تێدا بێت[1]. ئاماری مریدانی مەولانا بە تەنها لە تورکیاو وڵاتانی عەرەبیدا بە گوتەی ریچ گەیشتۆتە دوازدە هەزار مریدو سی و چوار خەلیفەی کوردو سی و سێ خەلیفەی سەربە نەتەوەکانی تر[2].

ئەم زوو گەورەبوونەی تەریقەتی نەقشبەندی لە سنووری دەسەڵاتی میرنشینی بابانـدا بـووە هۆی توڕەبوونی شێخەکانی بەرزنجەو تەواوی شێخانی تەریقەتی قادرییشی وروژانـد. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کولتووری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ـــ ئابووریی ئەو ڕۆژگارەو شەیدایی بۆ پاوانکردنی دەسەڵات و قبوڵنەکردنی ئەویتری جیاواز، شتێك نەبوو کە چاوەڕوان کراو نەبێ ئەگەر ململانێ و ناکۆکی بکەوێتە نێوان ڕێبازەکانی سۆفیگەریی قادری و نەقشبەندی لە کوردستان، تایبەت لە ئاستی ڕێبەرایەتییاندا. بۆیە لەگەڵ هاتنەوەی مەولانا بۆ سلێمانیو فراوانبوونی بنکەی جەماوەری تەریقەتەکەی ناکۆکیی نێوان هەردوو تەریقەت لەسەر ئاستی زانایان و میرو خەڵکیدا گەیشتە ئاستێك بیرۆکەی کوشتنی مەولانا لە ئەندێشەی

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢١-٢٢.

(٢) ریچ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦، ١٤٢. بۆ ناوی سەرجەم خەلیفەکانی مەولانا خالید بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٨٣-٨٦" الشیخ محمدالخال، مصدر سابق، ص٤٩-٥١.

حوسینی خەلیقی بە بێ پشتبەستن بە هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی بە بوونی چوارسەد خەلیفەی مەولانا کردووە، کە پێدەچێت ئەم ژمارەیە دوور بێت لە ڕاستییەوە. حوسینی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، ب٢، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، ١٩٩٢، ل٢٦٩. عەباس عەزاویش مریدانی نەقشبەندی لە هەموو وڵاتاندا بە بیست هەزار داناوە. عباس العزاوی، مولانا خالد النقشبندی. "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەغدا، العدد١، ١٩٧٣، ص٧١٩. جیاوازیی نێوان هەردوو ژمارەکەی ریچ و ئەلعەزاوی بریتییە لە هەشت هەزار کەس. ئەگەر ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە ڕاستە ریچ لە ڕۆژگاری مەولانادا ژیاوە، بەڵام لە ئامارەکەیدا بە تەنها باسی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی کردووە. بەڵام مەولانا مریدی زۆری لە هیندستان، پاکستان، ئەفغانستان، وڵاتی فارس، داغستان و کوردستاندا هەبووە، بۆیە هەرچەندە ئەلعەزاوی هاوسەردەمی ژیانی مەولاناش نەبووەو لەسەدەی بیستدا ژیاوە، بەڵام ڕەنگە ژمارەکەی ئەو ڕاستی زیاتری تێدا بێت.

نەیارانیدا دەگەرا[١]. تەنانەت شێخ مارفی نۆدێیی تۆمەتی کفرو ئیلحادی داوەتە پاڵ مەولاناو داوای لە پیاوانی ئاینیش کردووە فەتوای لەسەر بدەن[٢].

شێخە فیوداڵەکانی قادری توێژێکی کۆمەڵایەتیی دوورەپەرێزییان پێکهێنابوو، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخان ئەرکی سەرکردایەتیی ئایدیۆلۆجییان بۆ خۆیان پاوان کردبوو. خەلیفەی شێخە قادرییەکان نەدەبوونە شێخ، شێخایەتی تەنها لە نێو خانەدانانی بنەماڵەی بەرزنجییەکان و ساداتی نەهری خۆیاندا دەمایەوە. نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستراکتورە دۆگمایەیان تواندەوە. لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە خەلیفەکانی مەولانا خالید بوونە شێخ، بۆیە دوای کۆچی دوایی مەولانا سەرکردەی ئایدیۆلۆجیی تر دەرکەوتن[٣]. هەروەها تەریقەتی قادری ببووە بەشێك لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی بابانەکان و پشتگیری میرەکان و ئیدارەی بابانی دەکرد. ئەو رۆژگارەش خەڵکێك دەرکەوتبوون لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتداریێتی بابانەکاندا ناکۆك بوون، تەریقەتی نەقشبەندی بە گوتەی رەشاد میران وەك رێبازێکی بەرهەڵستکار رووبەرووی سیستەمی سیاسیی ئاینی ــ کۆمەڵایەتیی بابانەکان وەستایەوە، هەر بۆیە ئاسایی بوو، ئەگەر خەڵکەکە رووی تێبکات[٤]. وێرای ئەمانە مەولانا پێچەوانەی دوورە پەرێزی شێخانی قادری، مەلاو رۆڵەیەکی سادەی عەشیرەتی بووەو پتر لە خەڵکەوە نزیك بووە، جگە لەوەی مەولانا مرۆڤێکی کراوەو رۆشنبیرێکی جیهاندیدە بووە، لە ئێران و ئەفغانستانەوە چووەتە هیندستان و وەك گوتمان ساڵێك لەوێدا ماوەتەوە، ئەو رۆژگارەش هیندستان بە گوێرەی ئەوەی داگیرگەیەکی ئینگلیز بووە گەلێك لە کوردستان زۆرتر پەیوەندی بە دونیای نوێوە هەبووە. هەموو ئەمانەو تێگەیشتن و حاڵیبوونی پتری خەڵك لە زمان و نیازی مەولانا رێگایان

---

(١) محمد امین زکی بگ، مصدر سابق، ص٢٤٨-٢٤٩ " محمد رەئوف توکلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣" عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٨.

(٢) محمد الخال، مصدر سابق، ص٥١" عباس العزاوي، مولانا خالد النقشبندي، ص٧١٠ " رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٣) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١" برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١٤٥. بە بڕوای برونەسن باپیرە گەورەی بنەماڵەی تاڵەبانی تاکە کەسێکی قادرییە، کە شێخایەتی بە میرات بۆ نەماوەتەوە. برونەسن، هەمان سەرچاوە، ب٢، ل١٤٥.

(٤) رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

بۆ هەزاران کەس خۆش کرد، کە لە ناویاندا چەندین مەلای گەورەی ئەو رۆژگارە هەبوون تا لە دەوری مەولانا و تەریقەتی نەقشبەندیدا کۆببنەوە[1].

ناکۆکی نێوان هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە کوردستاندا پرۆسەی یەکڕیزی و یەکخستنی خەڵکی کوردی لە چوارچێوەی بیری سۆفیزمدا پەکخست. هەر کام لە تەریقەتەکان بە تەنها یان لە پرۆسەیەکی رۆحیی هاوبەشدا، سۆفیزمی کوردی لەوە لاوازترو کەمتواناتر خۆی نواند، کە بتوانێت لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە خەڵکی کورد یەك بخات.

لەبارەی ناکۆکی نێوان هەردوو تەریقەتە سەرەکییەی کوردستان نووسراوو لێکدانەوەی جیاجیا هەیە. دوای گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ سلێمانیو بوونی بەشێخ و رێبەری تەریقەتی نەقشبەندیو گەورەبوونی دەسەڵاتی رۆحانیو بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، دوژمن و نەیاری زۆری لە سنووری دەسەڵاتی میرنشینی بابان، تایبەت لە پایتەختی بابانەکان (سلێمانی) بۆ پەیدا بوو، شێخ مارفی نۆدێیی لەنێو ئەو نەیارانەدا، کە سەرسەختانە کەوتنە رکابەریکردنی لە هەموویان ناسراوتر بوو، ئەو بڕوای وابوو نابێت مەولانا لە کوردستان دابنیشێت، بۆ ئەمەش ئەوەی کردبووە بیانوو، کە گوایە خەڵکی کورد ساویلکەو خۆشباوەڕن و لە رێی پێشکەشکردنی دیاری بە خانەقای نەقشبەندی، شێخانی ئەو رێبازە دەوڵەمەند دەبن و گرفتی گەورە بۆ ئاین و ژیانی خەڵك دروست دەکەن، دواتر نەوەکانیشیان زیاتر لە ئاین بایەخ بە کاروباری دونیاییو دەسەڵات دەدەن و لە رووە خراپەکەیەوە سوود لە پلەو پایەی شێخایەتی وەردەگرن و ئاڵۆزی و پشێویو نائارامی دەخەنە نێو وڵاتەوە[2].

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بڕوای وایە، یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکانی پشێویو ئاژاوە ئیرەیی پێبردنە. لەمبارەیەوە مودەریس دەڵێت: زۆر لە مەلایانی سلێمانی لە پایەو کەسایەتی مەولانا خالید لە لای میرانی بابان و خەڵکی شارو دەوروبەری ناڕەحەت بوون، دیارترین زانای بواری زانست و تەریقەتیش لەو رۆژگارە لە ناوچەکەدا شێخ مارفی نۆدێیی بووە، بۆیە چوونەتە لایو وایان تێگەیاندووە، کە مەولانا بۆ تێکدانی ئاین و نانەوەی پشێویو ئاڵۆزی هاتووە،

(١) دیدەنی لەگەڵ محەممەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٢٧ی شوباتی٢٠٠٦. هەرچی شێخ مارفی نۆدێییە بە گوتەی پیٚ رەش نموونەی رەوتێکی ئاینی پارێزگارانە (Conservative) و پابەندی وشە بە وشەی تێکستەکان بوو، هیچ شتێکی نوێشی دانەهێنا. پیٚ رەش، مصدر سابق، ص١١-١٢. ئەم بۆچوونەی پیٚ رەش تەنها لە ئاستی بەراوردی نێوان تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی نزیکە لە راستییەوە، ئەگینا لە ئاستی گشتیدا، جگە لەوەی شێخ مارفی نۆدێیی زانایەکی ئاینی گەوری خاوەن نووسراوی بەنرخی رۆژگارەکەی خۆی بووە، مەولانا خالید و نەقشبەندییەکانیش کەمتر پابەندی نەریت و بیری پارێزگارانە نەبوون.

(٢) عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٨.

ئەویش بە هـۆی دڵـسافی خـۆی و سـوێندخواردنی ناڕاسـتی ئەوکەسـانەو، وەك جێبـەجێکردنی ئەرکێکی ئاینی دژی مەولانا خالید کەوتۆتـە جوولـەو سـەرەنجامیش پەشـیمان بۆتـەوە[1].ئـەو کەسانەش، کە چاویان بڕیبووە پلەو پایەی شێخایەتیو ئیرشاد لە بەرانبەر پایەی بەرزی ئاینیی مەولانادا کەمتوانا بوون، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی دیکەشـەوە ژمارەیـەکی زۆر لـە مـەلاو زانـای بە نـاوبانـگی ئـەو رۆژگـارە چوونـەتە نێـو تەریقـەتەکـەی مـەولانـاوە[2]،

بەمەش ئەو کەسـانە چارەیەکیان لە بەردەمدا نەماوە جگە لە پـەنابردن بـۆ شـێخ مـارفی نۆدێییو هەڵبەستنی قسەی ناڕاست لە دژی[3].

دواجار مودەریس بڕوای، وایە کە هۆکاری هەرە گـەورەی کۆچـی مـەولانا لـە سـلێمانی بـۆ بەغدا بریتیبووە لە ترسی مەحمود پاشای بابـان. بـراو ئامۆزاکـانی مـەحمود پاشـاو زۆرێـك لـە پیاوماقووڵانی بابـان پەیوەنـدییان لەگـەڵ مـەولانا باشـبووەو خۆشـیان ویـستووە، هـەرکاتێکی مەولانا مەبەستی بووبێ ئەوانە گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی بـوون، بۆیـە مـەحمود پاشـا لەوە ترساوە، کە هێزی رۆحی و کەسایەتیی مەولانا ببێتە فاکتەرێك بۆ دوورخستنەوەی خـەڵك لە دەسەڵاتەکەی، لەبەر ئەوە حەزی بە مانەوەی مەولانا لە سلێمانی نەکردووەو هەوڵی داوە لە شارەکە دووری بخاتەوە[4].

تەریقەتی قادری بەتونـدی بەناوەنـدی بڕیـار و گەوهـەری فیکـری ئیـسلامەوە پابەنـد بـوو، هەرچی لە دەرەوەی پەیڕەوو شەریعەتی ئاینی ئیسلامدا بوو بەکاری لادان و دژ بـە بنـەماکانی ئەو ئاینەی دەزانی. لەم روانگەیەوە بوو، کە شێخ مارفی نۆدێیی رێبەری تەریقەتی قـادری لـە سنووری میرایەتیی باباندا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کە بە بـڕوای نـۆدێیی لـە شـەریعەت لایداوە، بەلادەر لە پەیامی ئیـسلامی داوەتـە قەڵـەم[5]، هـەر بۆیـە بەنووسـین هێرشـی تونـدی

---

(١) مەلا عبد الکریمی مدرس،سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤٥-٤٦"محمد الخال،مصدر سابق، ص ٥٢ - ٥٣.

(٢) لەوانە:شێخ قەسیمی گەورەی تەختەیی، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، مەلا مستەفای کوری مـەلا جـەلی خورماڵی، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولرەحمانی جەلی کۆیی، ملا یـەحیای مـزوری، شـێخ ئیـسماعیلی هەنارانی بەرزنجەیی و شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵوویی بەرزنجی. مدرس، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦-٤٧.

(٥) عەتا قەرەداخی، کاریگەری کولتووری ئەوان لەسـەر کـورد، چـاپخانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، سـلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥١.

کردۆتە سەر و ویستوویەتی لای سەعید پاشای والی بەغدا نەك تەنها لە پلەو پایەی ئاینییوکۆمەڵایەتیی مەولانا کەم بکاتەوە، بەڵکو هەوڵی داوە ناوو ناوبانگیشی بزرێنێت[1].

هەرچی ڕێبازی نەقشبەندییە شێوازی ڕێکخستنی لە هی قادری بەهێزتر بوو. تەریقەتی نەقشبەندی بە پلەی یەکەم ئاراستەکردنی ژیانی مرۆڤی ڕووەو خودا بە پێویست دەزانی، پێی وابوو مرۆڤ دەبێ تەنها لەگەڵ خوداو خۆشەویستیی خودادا بێت، بە پلەی دووەمیش پابەندی بنچینەکانی سوننەت و شەریعەتی ئیسلامی بوو. لەم بارەیەوە م. مۆلیە (M. Mole)ی فەرەنسی دەڵێت: "ئامانجی سۆفیزمی نەقشبەندی بریتییە لەوەی، کە هەمیشە لە ڕێی رامان، یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە پێغەمبەرو وەلییەکان لەگەڵ خودادا بژیت. ئەگەر کەسی سۆفی، یان مرید ڕاستەوخۆ خودای ناسی ئەو کاتە پێویستی بە مامۆستا یان مورشیدێك نابێت،تەنانەت ئەگەر ئەو مامۆستایە لە ژیاندا مابێت، یان کۆچی دوایی کردبێت تا بە نورو خۆشەویستیی خودای بگەیەنێت " [2].

دەشێت ناکۆکی نێوان ئەو دوو تەریقەتە لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت کە:

یەکەم: هەر یەکێك لەو لایەنە ناکۆکانە بەوردی ئاگاداری حەقیقەتی لایەنەکەی تر نەبووە، ئەمەش بۆشاییو دابڕانێکی گەورەی خستۆتە نێوان شێخ مارفی نۆدێیی و مەولانا خالیدەوە. نۆدێیی لەبارەی حەقیقەتی مەولاناو نیەت و مەبەست و ئیرشادیەوە زانیاریی پێویستی نەبووە، بۆیە بە چاوی ترس و گومانەوە سەیری جموجۆڵ و چالاکییەکانی کردووە.

دووەم: پەیوەندی بە گواستنەوەی پلەی شێخایەتییەوە بووە بۆ کەسانێك، کە شایستەی ئیرشادو ڕێنوێنیکردنی خەڵك نەبوون، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر بووە لەدەوری خۆیان تا بەناوی ئاین و تەریقەتەوە لەڕووی ماددیەوە سوودیان لێببینن، بۆیە ژمارەیەکیان ڕکابەری ئەوانیتریان دەکرد[3].

---

(١) شێخ مارفی نۆدێیی نامەیەکی بەناونیشانی "تحریر الخطاب في الرد علی خالد الکذاب" لەسەر مەولانا خالید نووسیوەو ساڵی ١٨١٣ بەمەبەستی ناوزڕاندنی مەولانا بۆ سەعید پاشای کوری سلێمان پاشای والی بەغدای ناردووە، بەلاّم شێخ مارف لەم هەوڵەیدا نەك سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو نووسەر و زانایانی ئاینی ئەو ڕۆژگارە بە چەندین نووسراوو شیعری جیاجیا وەڵامیانداوەتەوە. بڕوانە: عباس العزاوي، مەولانا خالد النقشبندي، ص٧١٠-٧١٥" محمد الخال، مصدر سابق، ص٥١-٥٣" جواد فقي علي، الشیخ خالد النقشبندي، ص٣٦٥-٤٠٥.

(٢) لە: جرجیس فتح الله، مصدر سابق، ص١٢٧.

(٣) جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي، ص٥٨-٥٩.

سێیەم: ڕەنگە خاڵێکی تری ئەم ناکۆکییە پەیوەندی بە وەرگرتنی تەریقەتەوە هەبێت کاتێك شێخ مارفی نۆدێیی لە سلێمانی ڕێبەرێکی دیاری تەریقەت بووە، مەولانا روو دەکاتە هیندستان و لەوێ تەریقەت و مۆڵەتی ئیرشادو شێخایەتی وەردەگرێت دا. پێدەچێت ئەم حاڵەتە لە رووی دەروونییەوە جۆرە پەرچەکردارێکی لای شێخ مارف بەرانبەر بە مەولانا دروستکردبێ‌و وای لێکدابێتەوە، کە مەولانا سەنگ و قورسایی رۆحانی ئەوی لە بەرچاو نەگرتووە، یان دانی بە ڕێبەرایەتیی رۆحانیی نۆدێییدا نەناوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەو رۆژگارەی هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە کوردستان لە ململانێ و ناکۆکیدا بوون، کۆمەڵی کوردەواری لە رووی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووریو فەرهەنگی لە ئاستێکی تەواو نزم و دواکەوتوودا بوو، نەخوێندەواریو بێ قوتابخانەیی باڵی بەسەر ژیانی روناکبیریو پەروەردەیی کۆمەڵگەی کوردیدا کێشابوو. گومانیشی تێدا نییە، کە هۆشیاریی کۆمەلایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا گەشە ناکات، یان زۆر بە سستی گەشە دەکات، کە نەزانیو نەخوێندەواریی بەسەردا زاڵبێت. وێڕای ئەمەش دەسەلاتی دەرەبەگ و شێخەکانی کورد بریتیبوو لە دەسەلاتێکی کلاسیکی، ئەم جۆرە دەسەلاتەش لە بەشی هەرەگەورەی کۆمەڵگە ناشارستانییەکاندا لەسەر بنەماو پێوانەی نەریتە کۆمەلایەتییەکان دامەزراوەو لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە. بە بڕوای م. ویبەر M. Weber [(١)] دەسەلاتی کلاسیکیی لەمجۆرە، باوەری تەواوی بە پیرۆزیی داب و نەریت و ڕەوایەتیی ئەو پێگەیە هەیە، کە بەدەست هەڵسوڕێنەرانی کاروباری کۆمەلایەتییەوەن[(٢)].

لە کۆمەڵگەیەکدا، کە هۆشیاریی کۆمەلایەتی لە ئاستێکی تەواو نزم و دەسەلاتی نەریتیو ڕێبەرانی رۆحانی پانتاییو جوگرافیای بیری مرۆڤی کوردی داگیرکردبێت، ئەوکاتە ڕەنگە ئاسایی بێت، ئەندامانی کۆمەڵ بن بە لەشکرێك لە مرۆڤی بێ بیرکردنەوەو بە تەنها شێخێکی ڕێبەری تەریقەت یان میرێکی نێو بنەماڵەی دەسەلاتدار بتوانێت لە جیاتی تەواوی مرید و پەیڕەوکارانی، یان تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە نەك هەر بیربکاتەوە، بەڵکو بریاریش بدات،

(١) ماکس وێبەر Max Weber: لە ٢٨ نیسانی ١٨٦٤ لە ئێرفۆرت هاتۆتە دونیاوە. یاساو فەلسەفەو مێژوو و ئابووری نەتەوەیی لە هایدلبێرگ و بەرلین و گۆتینگن دا خوێندووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی ئەڵمانی (DDP). ساڵی ١٩١٩ لە زانکۆی میونشن بۆتە پرۆفیسۆر. بە دامەزرێنەری سۆسیۆلۆجیای ئاینی لە ئەڵمانیا دادەنرێت.
http://de.wikipedia. org/wiki/max-weber

(٢) لە:نیقۆلا تیماشیف، نظرية علم الإجتماع، ت: د.محمود عودة وآخرون، ب.م، ب.ت، ص٢٧٠.

بەمەش هۆشیاریی ڕێبەری ڕۆحیو شێخی تەریقەت دەبێتە بەهۆی هۆشیاریی تەواوی ئەندامانی سەر بەو تەریقەتە.

لە کۆمەڵگەیەکی بەم جۆرەدا نەك هەر شتێکی سەیر نییە، بەڵکو چاوەڕوانکراویشە، کە ئیرەییو حەزی زۆر بۆ دەسەڵات و پاوانخوازی لە نێوان جەمسەرە باڵاکانی دەسەڵاتی ڕۆحانی، نەك هەر نەتوانن جیاوازییەکانی یەکتری قبوڵ بکەن و بەجیاوازییەوە لە هەوڵی یەکخستن و کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بن، بەڵکو ناکۆك بن و ناکۆکیشیان تا ئاستی بە کافرکردنی یەکتری و فەتوای کوشتن بڕوات. لێرەوە دەکرێت بڵێین: ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو تەریقەتە هێندەی ناکۆکیی قووڵە بۆ هێشتنەوەو ڕەواییدان بە دەسەڵاتی تاکڕەهەندیی ڕۆحانیی ڕێبەرانی تەریقەت، هێندە بریتی نییە لە هەوڵ لە پێناوی یەکخستنی کۆمەڵگەو چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئەندامەکانیدا.

وێڕای ئەو ململانێو ناکۆکییەش، کە بێگومان کاریگەری زۆری بۆ سەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری و بە هەدەر دانی وزەو توانا ماددی و مرۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، بەڵام هێشتا هێزی ڕۆحانیی شێخان لەنێو لایەنگرو پەیڕەوکەرانیان بەتایبەتی و کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی، ڕیشەو قووڵاییەکی ڕۆحی ـــ کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبوو، هێشتاو بۆ ماوەیەکی درێژتریش لەو ڕۆژگارە، شێخەکانی سەر بە ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەیان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی نێوان خێڵ و هۆزەکانی کورددا بووە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش ڕوویان دەکردە تەکیەو خانەقاکان بە مەبەستی خۆپاراستنیان لە نادادپەروەریی دەسەڵاتی سیاسیو گەیاندنی کێشەکانیان بەکاربەدەستان. بەو مانایە شێخان نەك تەنها ڕێبەری ڕۆحانی، بەڵکو هێزی ناوبژیکاری خودی هۆزەکان، هۆزو دەسەڵاتیش بوون. ئەمەش چەند سەنگ و قورسایی ڕێبەرانی تەریقەتی سۆفیزمی بەهێز دەکرد، هێندەش بنەمای جەماوەریی ئەو تەریقەتانەی لە نێو خەڵکی کورددا بەرینترو فراوانتر دەکرد، هەر بۆیە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، ئەگەر شێخانی تەریقەت سەرباری ڕێبەرایەتیی ڕۆحی ببنە ڕێبەری جوڵانەوە سیاسییەکانیش و سەرکردایەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییو نیشتمانیی گەلی کورد لە ئەستۆ بگرن، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەردووك لایەنی چاك و خراپی لە خۆدا کۆدەکردەوە.

# له دايكبوونى جيهان له‌لاى كوردانى ئه‌هلى هه‌ق

**نووسينى : د. موحه‌مه‌د موكرى**
**وه‌رگێرانى له فه‌ره‌نسييه‌وه**
**د. موحسين ئه‌حمه‌د عومه‌ر**

### ●له دايكبوونى جيهان له‌لاى كوردانى ئه‌هلى هه‌ق (١)

ئه‌هلى هه‌قه‌كان ( په‌يره‌وكه‌رانى راستى ) كـه مه‌سـه‌له‌ى كۆسمۆگـۆنى – cosmogonie (زانستى په‌يدابوون و دروست بوونى جيهـان يـان گـه‌ردوون – وه‌رگێـڕ ) بابـه‌تى سـه‌ره‌كى ئـه‌م توێژينه‌وه‌يه ، هه‌ر هه‌موويان كوردن و له رۆژئاواى ئێران نيشته‌جێن . ئه‌مانه له په‌يڕه‌وكه‌رانى ئايينێكن كه (مه‌يلێكى سه‌نكرێتيزم _ يان هه‌يه (Syncrétisme) واته بوونى مه‌زهـه‌بێكى ته‌وفيقى كه له كۆمه‌ڵێك مه‌زهه‌بى ديكـه‌ى دژ بـه يـه‌ك پێكهـاتبێ _ وه‌رگێـڕ ) ، خۆراكيـان بريتييه له كۆمه‌ڵێك سه‌رچاوه‌ى ئايينى به‌سه‌رچوو ، به‌ڵام هه‌ميشه به دڵسۆزى ماونه‌تـه‌وه بـۆ رێڕه‌وه‌كانى فكرى ئێرانى . (٢)

گه‌ڵێك پاشماوه‌ى ئايينه كۆنه‌كانى ئێرانيان له‌ناو خۆيان پاراسـتووه و ئاينه‌كه‌شيان گـه‌لێك خاسيه‌تى هاوبه‌شى هه‌يه له‌گه‌ڵ شيعه‌يه‌تى . باوه‌ڕى ئايينى ئه‌هلى هه‌قه‌كان بـه گـشتى پـشت به ناوه‌رۆكى شێوه‌و شێوازى دروستبوونى جيهان ( خلق العالم )

يـان ( خلـق الكـون ) واتـه كۆسمۆگـۆنى خۆيـان ده‌به‌ستێ،پـشت به‌مـه ده‌به‌سـتن و تێيـدا نغرۆبوونه . هه‌ڵبه‌ت ، پێكهاته گه‌ردوونييه‌كان نه‌ك هه‌ر كه‌ره‌سته‌ى بـاوه‌ڕى ئـايينين ، بـه‌ڵكو نموونه‌ى بالاَو بێ وێنه‌ن كه له واقيعى ژيانى سه‌رزه‌مينى ره‌نگيان داوه‌ته‌وه .

ئه‌و روانين و چه‌مكه‌ى يان ئه‌و وێناكردنه‌ى ئه‌هلى هه‌قه‌كان بۆ جيهانيان هه‌يه، بريتييه لـه جۆرێك لـه خاسـيه‌تى گنۆسـتيكى كه‌لـه شـێوه‌ى(ئوسـتووريى - ئه‌فـسانه‌يى_ mythique) ته‌عبير له خۆى ده‌كات .

( گنۆستیسیزم= gnosticisme واتـە تەندانـسێکی فەلـسەفی ئـایینی بـۆ تێگەیـشتن لـە سروشتی خودا .وەرگێڕ .)

گرینگی ئەم "لەدایکبوونەی جیهان _ cosmogonie " هەر لەوەدا خۆی نابینێتەوە کـە مانالێکدانەوەیەکی دروستبوونە ، بەڵکو لەوەشدا گرینگی خۆی هەیە کە رووداوە مێژوویییەکان بەپێی سەردەم و هەنگاوەکان هەندێ رووداوی گەردوونی بەرهەم دەهێننەوە ، بەتایبەتی پایە و هەرەمی فریشتەکان و پەیمانیان لەگەڵ خودا .

هەتا کۆمـەڵگەی ئـەهلی هـەق خۆیـان مۆدێلێکیـان لەسـەر ئـەم هەڵکـەوتنی دابەشـبوونە وەرگرتووە بە پێی روانین و چەمکیان بۆ جیهـان خۆیـان رێکخـستووە . بێجگـە لەمـە ، لـەژێر فـۆرمێکی مەراسـیمی پەرسـتنی ( طقـوس العبـادة )ی تایبـەتی ئـەهلی هەقـەکان لـە کـاتی کۆبوونەوەی نهێنییان هەندێك لەو رووداوە ئەفسانەییانە پیـشان دەدەن (کـەنرخێکی رەمزییـان هەیە ) .

ئەو نموونە و دەستاوێژانەی لێرە بەدواوە باسیان دەکەین و دەکەونە بەر چاو ، لە سەرچاوەی جۆراوجۆری نووسراو و زارەکـی (شـەفەیی) و زانیـاری کـۆکراوە بـەهۆی پەیوەنـدیی خۆمانـەوە بەدەست هاتوون . دروستبوونی جیهانی روحی و دروستبوونی جیهانی ماتەریالی .

لەسـەرەتادا ، پـێش دروسـتکردنی ئـەم هـەردوو جیهانـە ، خـودا خـۆی بـە تـەنیا هێـشتا دەرنەکـەوتبوو یـان هێـشتاخۆی پیـشان نـەدابوو . پاشـان، دوڕێکـی (مرواریيـەکی) لـەناو ئۆقیانووس (محیط= océan ) دروست کردو بەتەنیا تێیدا جێگیربوو .

لە شانامەی هەقیقەت (دەستنووسی خۆم ژمارە :٣٥)دا هاتووە : (....لەو دەمەدا نە ئەرز هەبوو ،نە ئاسمان ،نە جیهان ، نەهیچ شتێکی تر ، نە عورش یان عەرش ،نە لەوحە ، نە قەڵەم ، نە فەلەك، نە بەهەشت ، نە جەهەننەم (دۆزەخ) ، نە حۆری (یان پەری )، نە فریشتەکان ، نە ئەستێرەکان ، نە خۆر ، نە مانگ . تەنیا جەوهەری پەرستراو ( واتـە خـودا ) تـەنیا وەك (یـا) هەبووە (یا.... لەلای ئەهلی هـەق ئـەو ناوەیـە کـە وەك نـەریتێك دەیدەنـە خـودای ( مـەزن و گەورە ) پێش هەر خۆپیشاندان و دەرکەوتنێکی. لەم سـەردەمە ، هـیچ بوونـەوەرێك جگـە لـە هەقیقەتی مەزن و باڵا بوونی نەبووە ، ئەمەش تاقە هەقیقەتی زیندوو پەرستراو بووە . جێگای ئەو لـە نـاو دوڕێـك بـووە و جەوهـەری ئـەو شـاردراوە بـووە . دوڕەکـە (مرواریيەکـە) لـە نـاو سـەدەفێك بـووە ، سـەدەفیش لـە نـاو دەریـا بـووە و شـەپۆلەکانی دەریـاش هـەموو شـتێکیان داپۆشیووە .

له كۆمه‌ڵه قه‌سیده‌ی شێخ ئه‌میر ( ده‌ستنووسی خـۆم ژمـاره ‎:٤٢) ئـه‌م وه‌سـفه‌ی خـواره‌وه هه‌یه : ( كاتێ كه‌شای من (خودا ) ته‌نیا وه‌ك (یا) هـه‌بوو ، نـه ئـه‌رز هـه‌بوو نـه ئاسمـان ،نـه ڤینۆس ، نه ده‌نگی هیچ كه‌سێك . خودا له رواڵـه‌تی باڵنده‌یـه‌كی بـاڵ زێـڕین ، هـات و خـۆی خسته ناو( تۆ)وێكی پاك . (مه‌به‌ست له تۆ هه‌مان دوڕه‌كه‌یه ) ،.... كاتێ كه شای من خۆی له ناو دوڕه‌كه (مرواریییه‌كه) دۆزییه‌وه دوڕه‌كه له ناو زه‌ریای نادیار و شاراوه بوو. نه‌یویست به ته‌نیا بمێنێته‌وه، هونه‌ری خۆی پیشان دا و ده‌ست و پێوه‌نده دڵسۆزه‌كانی ده‌ركه‌وتن. په‌یمانێكی له گه‌ڵیان به‌ست ، پاشان به جولاندنی پێی چه‌پی هه‌نگاوی هـه‌ڵگرت و لـه نـاو دوڕه‌كـه هاتـه ده‌ره‌وه .)

له نووسراوی ته‌ركیزه‌ی ئه‌علا ( یان له عـه‌قیده نامه‌ی ته‌ركیزه‌ی ئـه‌علا — وه‌رگێـر ) كـه له‌گـه‌ڵ ئـه‌و تێكـستانه‌ی ئـه‌هلی هـه‌ق له‌لایـه‌ن ئیڤـانۆڤ ( w.Ivanow) ه‌وه بـه‌ژێر نـاوی (theTruth Worshippers of Kurdistan) ، چـاپكراون و لـه (Leiden) لـه سـاڵی (١٩٥٣) دا بلاوبووه‌ته‌وه ، له‌لاپه‌ڕه پێنج ئه‌مه ده‌خوێنینه‌وه : ( لـه سـه‌ره‌تادا تـه‌نیا ( ئـه‌و ) هه‌بوو ، ته‌نیا ئه‌و خۆی ده‌بینی ، ته‌نیا له‌گه‌ڵ خۆی قسه‌ی ده‌كرد ، ته‌نیا گوێی لـه‌خۆی ده‌بـوو ، نه ئاسمان هه‌بوو ،نه ئه‌رز ،نه فریشته ، نه په‌ری ، نه مرۆڤ هه‌بوو . به درێژایی هه‌زاران ساڵ ، قسه‌ی له‌گه‌ڵ خۆی ده‌كردو ته‌نیا خۆی ده‌جولانده‌وه .ویستی خۆی پیشانی هه‌موو بوونه‌وه‌رێك بدا.....كاتێ كه دروستكه‌ری جیهان له سه‌ره‌تای دروستكردن به‌هۆی هێزو توانای كامڵی خۆی دوڕی دروست كرد ، له ناو ئه‌م دوڕه وای كرد پێنج وێنه (image) ده‌ركه‌ون .

له ناو هه‌مان هه‌ڵبـژارده‌ی تێكـسته‌كانی ئـه‌هلی هـه‌ق (ئه‌مـه‌ی سـه‌ره‌وه __ وه‌رگێـر ) لـه عه‌قیده نامه‌یه‌كی فارسی كه هی ده‌روێش گولـشیر سـه‌بزه‌واری یـه ، لـه بـاره‌ی دروسـتكردنی جیهان ئه‌م روانینه هه‌یه : ( له‌و رۆژه‌ی كه نه زه‌وی هه‌بوو ،نه ئاسمان ، نه شای جیهان دوڕێـك بوو له ناو سه‌ده‌ف ، پاشان به‌هۆی هێزو توانـای خـۆی دلۆپێـك لـه (تـۆ)وی خـۆی خـسته نـاو دوڕه‌كه و دلۆپه‌كه له ناو دوڕه‌كه جێگـای خـۆی كـرده‌وه . ئینجـا خـودا بروسـكه‌یه‌كی لێـدا ، سه‌ره‌نجام بووه ئاو . له هه‌ڵمی ئه‌م ئاوه ئاسمان دروست بوو ، له كه‌فه‌كه‌شی زه‌وی ) .

له عـه‌قیده‌نامـه‌ی ئه‌علامی حه‌قیقه‌ت ( ده‌ستنووسی خۆم ) هاتووه : ( پێش دروسـتكردنی جیهان ، جه‌وهه‌ری هه‌قیقه‌تی بالا (=خـودا) لـه حاڵـه‌تی وه‌حده‌تـدا بـووه ، شـوێنی مانـه‌وه و جێگاو ماوه‌ی په‌یدابوون و ده‌ركه‌وتنی نه‌ناسراوبووه . به پێی كتێبی (ده‌فته‌ر ) : (( ته‌نیاخودا خۆی ده‌زانێ چه‌ندان ساڵی پێچووه ، سه‌د هه‌زار یان هیچ )) ..... خودا ده‌چێته ناو زه‌ریا و له ناو زه‌ریاش بۆ ناو دوڕ . بۆ ماوه‌ی حه‌فتاهه‌زار ساڵ لـه‌وێ ده‌مێنێتـه‌وه . دوڕه‌كـه لـه قـولایی

زەریابووە ، بە نهێنی بەخێو کراوە . پاشان ئیرادەو ویستی خودایی بڕیاریدا جیهان دروست بکا هەروەکو کتێبی (دەفتەر ) دەڵێ : ((خودا دوڕەکەی کردەوە و هاتە دەرەوە )) .

سەرەنجام دەبینین کۆسمۆگۆنی ( زانستی پەیدابوون و دروستکردنی جیهان ) ئەهلی هەقەکان ئاماژە بە سێ چەمك ، سێ دیاردەی پێش دروستبوونی جیهانی روحی دەدەن ، ئەمانەش بریتیین لە :بێدەنگی ، ئاو ، دوڕ .

—بێدەنگی : هەندێ تێکست باس لە حاڵەتێکی جەوهەری بەرایی دەکەن کە نە دەنگە دەنگ ، نە هاوار ، نە شتێکی لەم جۆرەی تێدا نەبووە .( بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە بابەتێکی خۆم بە ناوی : پەنجاو دوو ئایەتی شێخ ئەمیر ، کە لە گۆڤاری ( ژورنـاڵ ئازیـەتیك ) ی ساڵی ١٩٥٦ بڵاوبۆتەوە ، لە لاپەڕە (٣٩١- ٤٢٢) ی گرتـووە ئـەم بێدەنگییـە بـە رەمـزی کردنی حاڵـەتێکی بێلایـەن و نادیـارە ، پـشوودانی پـێش هـەموو هـەوڵێکی دەرکـەوتن و خـۆ پیشاندانە .

—ئاو ( ئاوەکان ) : چەمکی ئاوی بەرایی لە گەلێك کۆسمۆگۆنی کۆن هـاتووە و بـە هـەمان شێوە لـە ئـاییینی جوولەکـەیی ( بڕوانـە تـەورات :( ١، ٢ ، ٦ هـەروەها بەشـی دوو — ٦) لـە قورئان ـ یش ( سورەتی ٩ ، ئایەتی ٩ ) دەڵـێ : ((خـودا لـە شـەش رۆژدا ئاسمانـەکان و زەوی دروستکرد و عەرشەکەشی لەسەر رووی ئاوەکان بوو ))

لە لای ئەهلی هەقەکان ، لەسەر ئەم ئاوانەیە کە دوڕەکە وەستاوە کە بریتییە لە هێلکـەی گـەردوونی ، تـۆوی هـەموو خۆپیـشاندانەکان . ئـاو لێـرە رەمـزی ژیانـە بـە ئـەو مانایانـەی هەڵیگرتووە . لە هەمان کاتیـشدا رەمـزی بـێ پایـانی خودایيـە و ئارامگـای روحی خودایيـە .هەموو هەقیقەتێك لە ئاو لەدایك دەبێ . لە هـەمان کاتـدا رەمزێکـی جیهـانی پاکبوونـەوەی ئاوی (مگهر ) ە -Purification Lustrale-. شەپۆلەکانی ئـەم زەریـای بەراییـە ( زەریـای یەکەم ) رەمزە بۆ جووڵە و خرۆشان ، مانای بوونی ئارەزووە بۆ دەرکەوتن .

لێرەوە دەبێ ئەوە بـە بـیر خۆمـان بهێنینـەوە کـە پێـدانی خاسـیەتێکی پـیرۆز بـە ئاوەکـان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە فکری ئێرانی. پێنجەمین یەشت لە ئاڤێستا کە بە (ئابان — یەشـت) ناسـراوە (٣)، تایبەتـە بـە (بلیمـەتی — Génie) (٤) ئاوەکـان، بەتایبـەتیش بـۆ گـەورە خوداوەندی ئاوەکان کە ناسراوە بە (ئەردیڤیسور ئەناهیتا) . ئـەم (یەشـت) ە بێجگـە لـە شـتی دیکە یاداشـت و بیرهێنانەوەیـەکی پـێش پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی ((زەرتوشـتی)) لـە بـارەی پەرسـتنی ئـەناهیتا-ی تێدایـە کـە گیـانی ئاوەکانـە .( ٨٣ — ١٦ § ) لـە نـاو سـروودەکانی ((زەرتوشتی)) ، ئابان- نیایشن بە رۆژ گۆرانی لە نزیك رووبار و بیرەکان دەڵێ، بە تایبەتی کە

سەرچاوەیەکی ئاو بەدی دەکەن . لەم (نیایشن) ە دا هـاتووە دەڵـێ کـە ئەردیڤیـسور ئـەناهیتا تۆوی هەموو نێرەکان پـاك دەکاتـەوە ، پاکیـان دەکاتـەوە بەمەبەسـتی منـداڵ بـوون ، دایکـی هـەموو مێیـەکان و وا دەکـا شـیری پێویـست بـەو شـێوەیەی کـە دەبـێ بـۆ هـەموو مێیـەکان دێنێ.(٥)

لە (( بونداهیشن )) کتێبی گەورەی مەزدایی باس لە دروستکردنی جیهان کراوە، ژمـارەی ئاوەکان حەڤدە ئاون . دەتوانین

کتێبی (پەهلەوی) یش بە نموونە بهێنینەوە کە بە ناوی (( شایاست — نـی- شایاسـت )) ە و لەلایەن ( جیهانگیر . س، لە

Tavadia، Hamburg - سـاڵی ١٩٣٠ ، ١٩ ، لا :١٣٣ ) چاپکراوە ، کـە تێیـدا هاتووە و دەڵێ هەر کەسێ ئاو پیس بکاو تێیدا راو بکا و دژی ئەم خاسییەتە پیرۆزە رەفتاربکا تۆبـە و سـزای بەردەکـەوێ . هـەروەکو دواتـر دەبینـین ،(مرۆڤـی بـەرایی —Anthropos)، گەردوونی بەم ئاوانە هەڵگیراوە و راگیراوە

—دوڕ : وشەی دوڕ (مرواری) ( la perle ) لە لای ئەهلی هەقەکان زۆربەی جار بە مانا ( سەدەفی ) یەکەی بەکارهاتووە .

( بەو مانایەی دوڕ لە ناو سەدەفە ، ئەمەش وەك گشت هەمان مانا دەبەخشێ .)

بە پێـی ئەفسانەیەك کـە لـە شـیعرێکی (سـەعدی شـیرازی) دا هـاتووە ، دوڕ (مـرواری) بریتییە لە دڵۆپێك باران لە ئاسمان بەربۆتەوە و کەوتۆتە ناو سەدەفێك کە سـەر ئـاو کـەوتووە ، سەدەف خۆی بۆ کردۆتەوە تا بکەوێتە ناوی . ئەم دڵۆپە ئاوەیە کە تۆوی ئاسمانی و( خـودایی ) ە ، بۆتە دوڕ (مرواری) .

سەدەف رەمزییەتی کۆنی خۆی لەو پێکچوونە وەردەگرێ کە بە ئەندامی زاووزێی ژن دەچێ . ئەو دوڕەی (مروارییەی) کـە لـە نـاو سـەدەفەکە هەیـە لـە کۆرپـەی نـاو سـك دەچـێ . ئـەم رەمزییەتە لە ناو گشت نەریتەکاندا هەیە وەك : ئێرانی،چـینی،ژاپۆنی،یۆنانی=یۆنانییـەکان بـە تایبەت خاوەنی ئەفسانەی — mythe لەدایکبوونی ئەفرۆدیتن.

دوڕ (مـرواری) لـە هـەمان کاتـدا وەك رەمزێکـە بـۆ لـەدایکبوونی روحی،لـەدایکبوونی مەعریفەو زانین. بۆ ئەمەش بە تایبەتی بڕوانە سروودی بە ناوبانگی دوڕی کردەکانی تۆماس:
(The Apocyphal New Testament. éd. James. Oxford,1953,p.411 et sq.)

لـە لای ئـەهلی هەقـەکان ،هـەروەها لـە زمـانی فارسـیش دوڕی سـاغ و سـەلیم رەمـزی کـچێنییە. (کیـژ). لەسەرئاسـتی دونیـایی(دەشـێ بگـوترێ ئاسـتی- تـدنیس محرمـات —

profane ) دەســتەواژەی ((کــونکردنی دوڕی کــچێنی)) بــەکاردەهێنرێت بــۆ بــە ئــەنجام گەیشتنی مارەیی. لەسەر ئاستی پیرۆزی، ئەهلی هەقەکان پشت بە هەمان ئەم نموونە بەراییـە دەبەسـتن وەك: دایکـانی بەرجەسـتەکانی خـودا هـەر هـەموویان کـچن(کیـژ) نـاوی سـەرەکی (رامزبار) ە ، کە دەکا نهێنیی زەریا. لە لایەکی ترەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە .

لــە خۆرهــەلات، بــە لای زۆری لــە فــارس، دوڕ بــە شــێوەیەکی گــشتی خاســیەتێکی بالآی(noble) هەیە و لە ڕێڕەوی پیرۆزی خۆی ئـاوەژووبووە.هـەر لەبـەر ئەمـە دەبیـنین تـاجی شاکانی پێ دەڕازێننەوە. دوڕ تەنیا لە دیمەنی رووشاو و بێ کەلکی خۆی دەبێتە کەرەسـتەیەکی رازاندنەوەی بێ ماناو چرووك. مهرەو مەرجان، وردە سەدەف لە فۆرمی لوولەیی و بادراو،دوڕی شووشەیی و....هتد، کە ژنان هەلێدەگرن بـە هیـوای منـدالبونێکی ئاسـان و هـەروەها لەسـەر لەشی مندال هەلێدەگرن بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بە دووربن هەمان هەلکەوتیان هەیە. دەتوانین ئەم مانا و چەمکەی دوڕە لە بڕوایەکی میللی نزیك بکەینەوە کـە لـە لای کـوردە کۆچـەرەکان بلاوە و بە (بەردی مار) ناسراوە و گوایە فەزیلەتێکی جادوویی (سحری) هەیە، ئەم بەردە خـڕە وەك دوڕ. گوایە هەر کەسێ ئەم بەردەی هەبێ هەموو هیواکانی دێتەدی .

لە لای ئەهلی هەقەکان هەردوو جیهان هەندێ جاری دیکە بەهێلکەیەك بـەراوردکراون کـە لە ناو دەستی خودایە.(٦)

لە لای ئیزدییەکان هەمان رەمزییەت هەیە. بەم جۆرە لە کتێبـی (مـسحەفا ڕەش) ئەمـە دەخوێنینەوە: ((بە گشتی خودا دوڕی سپی لە جەوهەری نایابی خۆیدروستکرد،بالندەیەکی بە ناوی (ئەنفار) دروسـتکرد. دوڕەکـەی لەسـەر پـشتی ئـەنفار دانـا و چـل هـەزار سـال لەسـەری مایەوە)) (٧)

لە عەقیدە نامەی فارسی تەرکیزەی ئەعلا (لا:٦،٨) ئەم پەرەگرافە سەیرەی خوارەوە هەیـە کە بەم جۆرەیە: ((دروستکەری جیهان لە سەرەتای دروسـتکردن بـە هـۆی توانـای پـڕ و نایـابی خۆی دوڕێکی دروستکرد، پاشان لە ناو ئەم دوڕە پێنج وێنەی تێـدا بـە دیـار خـست (دروسـتی کرد) وێنەکان بریتی بوون لە وێنەی (Image) خـۆی وێنـەکان قوربانییـەکیان پێـشکەش کـرد (واتە بە خودا) .. پاشان بەهۆی دەسەلاتی بالآو مەزنی خۆی هەر پێنج وێنەکە لە یەك وێنـەدا توانەوە، ئەمەش وێنەی خودا خۆی بوو. بەم جۆرە دوڕەکە بـزر بوو،خـودا نـەمر و تـەنیا و بـێ هاوتا مایەوە)) .

حەفتا هەزارسال تێپەڕی خودا سەر لە نوێ دوڕێکی تری دروستکرد کە تێیداحەفت وێنەی خۆی لێ بینی، پاشان دوانزە وێنەی تر دەرکەوتن، ئینجا چواردە وێنەی تریش. دیسان دوڕەکـە

بزر بووەوە، خودا خۆی بێ هاوتاو یەکانە لە ناوجیهان بینییەوە، شاراوە لە ناوجیهانی نهێنی(باگن) (یان جیهانی شاراوە خۆی-وەرگێڕ).

جارێکی دیکەش حەفتا هەزار ساڵی تر تێپەڕی،خودا دوڕێکی دروست کرد تێیدا حەڤدە وێنەی خۆی بینی، پاشان سی وحەفت وێنە ،چل و حەفت وێنە،حەفتاو دوو وێنە. پاش ئەمە دوڕەکە بزر بووەوە، خودا بە تەنیا و بێ هاوتا مایەوە.

حەفتا هەزار ساڵی تریش تێپەڕی خودا دوڕێکی تری دروست کرد کە تێیدا حەفتاهەزار وێنەی خۆی بینی دواتر دوڕەکە بزر بوو. حەفتا هەزارساڵی تر تێپەڕی خودا دوڕێکی تری دروست کرد تێیدا نۆسەد و نۆهەد و نۆ وێنەی خۆی لێ بینی ، پاشان سەد وبیست و چوار هەزار وێنەی خۆی تێدا بینی. دوڕ بزربوو خودا خۆی بە تەنیا و بێ هاوتا بینییەوە.

ماوەی هەزاران ساڵ خودا قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد و بە تەنیا دەگەڕا. سەرەنجام بڕیاری دا خۆی بە هەموو بونەوەرێکی دەستی خۆی پیشان بدات، لە رووناکیی پاك و بێگەردی خۆی دوڕێکی لە شێوەی چرا (قندیل) دروست کرد.

شەست هەزار ساڵ لە شێوەی جەوهەری پاك و بێگەردی خۆی پیاسەی کرد بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ)).

## ●دروست کردنی جیهانی روحی:

پێش هەموو دروست کردنێك،خودا ویستی لە جەوهەری خۆی جیهانی روحی دروست بکا.

یەکەم فریشتە کە دروستی کرد جبرائیل بوو، پاشان سێیەکەی تری دروست کرد کە لەگەڵ هی یەکەم دەبنە چوار فریشتەی هەرە نزیك لەخودا کە هەردەم لە لای ئەهلی هەقەکان باسیان دەکرێ.

((بۆ ئەوەی یەکەم بوونەوەری خۆی لە جیهانی روحی بە دیار بخا، خودا ڕوانین و نیگای خستە سەر دوڕ (مرواری)، لە نیگای بروسکەیەکی سوتێنەر دەرچوو، شەوقی دایەوە،پاشان سووڕایەوە و تەقییەوە. لە ماهیەتی خۆی رۆشنایی جەوهەری خودایانە هەڵقوڵا)) دەبینین بەم جۆرە لە شانامەی هەقیقەت (بەیتی:٦٠٠-٦٩٦) دروست کردنی جبرائیل هاتووە: (( کاتێ کە راستی(هەق) (واتە خودا-وەرگێڕ) لەناو دوڕ شاردرابووەوە و لە قوڵایی نهێنی (سر) دەژیا، جیهان لەم سەر بۆ ئەو سەری بە دەریا داپۆشرابوو. تەنیا بوونەوەری زیندوو جەوهەری خودایی بوو (ذات حق). سەرەنجام خودای مەزن و پەروەردگار ویستی جبرائیل دروست بکات. خودای حاکم لە ناو بەرگی نهێنی (جامەای سر) نیگای خۆی گەیاندە قووڵایی دوڕ، لە ناو ئەم دوڕە

تۆوێکی هەڵبژارد کە ببێتە مرۆڤێکی شەرافەتمەند و گوێڕایەڵ، خودا نیگایەکی بەخشندەیی تێ بڕی بە رواڵەتێك (جامە) لە شێوەی خۆری پڕ رۆشنایی داپۆشی، بەم جۆرە (پیر بنیامین) دروست کرا، پاشان ناوی گۆڕی و کردییە (جبرائیل). جبرائیل ئوستاد (پیر) و (ئیمام) ی هەردوو جیهان بوو،(یان کرا بە هی هەردوو جیهان-وەرگێر)، پاشان خستییە ناو دەریا، (جبرائیل) لە ناو دەریا باڵەکانی کردەوە کە بە پەڕ داپۆشرا بوو، لە ناو دەریای بێ پایان باڵەکانی لێکدەدا، بەڵام (جبرائیل) هێشتا خوای نەدەناسی و گوێڕایەڵی نەبوو. لە هەموو شوێنێك سەرسوڕماو و نیگەران بوو ولە خۆی زیاتر کەسی دیکەی لە هیچ شوێنێك نەدەدی)).

کاتێ کە(روح الأمین) (واتە جبرائیل) لە ناو دوڕەکە و لە دوڕەکە دروست کرا، هیچ زانیارییەکی نەبوو، لەناو دەریاکاندا دەسووڕایەوە و نهێنیی راستی(سرحق) ی شاراوەی ناوجیهانی نەدەناسی. (جبرائیل) ماوەیەك بەم چەشنە مایەوە بێ ئەوەی نە پەیامێك نە سڵاوێکی لە خوداوە پێ بگا. هەردەم دەخولایەوە و خودای نەدەپەرست و هیچ زانیارییەکی لە بارەی خوداوە نەبوو لە ناو ئەوکۆشکەی کە سەیری دەکرد. لە ناکاو دەنگێك لە جەوهەری بێ هاوتا(ژات فرد) بڵند دەبێ: (( من کێم و کێ بە نهێنی قسەت لەگەڵ دەکا؟ راستی بڵێ من شکۆمەندت دەکەم )) کە (جبرائیل) ئەمەی گوێ لێ بوو دەمی کردەوە وگوتی: (( من نازانم تۆ کێی، تۆ کە بە نهێنی و شاراوەیی قسەم لەگەڵ دەکەی، من بوونەوەرێکی ئازادم لەم جیهانە و هیچی تر نازانم. هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەر مندا نییە لە خۆم زیاتر هیچ کەسێك ناناسم )) (جبرائیل) کە بەم جۆرە بێ مانایە قسەی لەگەڵ شای ئیمان(ژات دین)کرد، خودا لە کۆشکی دوریی نیشینگەی خۆی، خۆی بەدیارخست، بروسکەیەك لە (جبرائیل) ی دا پەڕوباڵی سووتاند. (جبرائیل) کەوتە قووڵایی دەریا و بە رووتی ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە تاکو خودا بەخشندەیی خۆی پیشان داو پەڕو باڵی بە(أخی) (برا=جبرائیل) دایەوە. بەڵام هێشتا نەیدەزانی ئەو کەسە کێیە.

بۆ جاری دووەم دەنگەکە بەرز بووەوە و داوای لە (جبرائیل) کرد: (( من کێم،من کە بە شاراوەیی قسەت لەگەڵ دەکەم و تۆ کێی؟ راستی بڵێ و لە توڕەیی خودا بترسە)) (أخی) وەك وەڵام دەمی کردەوە و گوتی: ((ئۆ تۆ تۆ کە بە نهێنی قسەم لەگەڵ دەکەی، خۆتم پێ نیشان بدە یانیش وازبێنە بەم جۆرە قسە مەکە. من زانیاریم لەم بارەیەوە نییە، قەت تۆم بە بیرنایەتەوە، من هیچ سەردارێکم نییە لە خۆم زیاتر)) سەرەنجام ئاگرێکی دیکەی توڕەیی بەرزبووە و پەڕو باڵی (جبرائیل) ی سووتاند. سەر لە نوێ کەوتەوە قووڵایی دەریا و بە بەدبەختی لەوێ مایەوە.

ماوەیەکی دیکە تێپەڕی،خودا نیگایەکی بەخشندەیی لە (جبرائیل) گرت، پەڕو باڵی لێ هاتەوە. بەڵام هێشتا زانیاریی لەسەر خودای نەمر نەبوو . (جبرائیل) زۆر دڵخۆش بوو بە هاتنەوەی پەڕ و باڵی، بەڵام هەردەم لە ناو دەریا باڵەکانی لێکدەدا و نەیدەتوانی بفڕێ.هێشتا نە (حاکم) ی دەناسی نە هیچ کردەیەکی پەرستنی هەبوو، نە ئایینی هەبوو، لە خۆی زیاتر کەسی دیکەی نەدەبینی. سەرەنجام حاکمی جیهان وێڕای بەخشندەیی و دڵفراوانیی خۆی، سەیرێکی (جبرائیل) ی کرد و ویستی پڕ (زانین) ی خۆی بکاو چاکی بکاتەوە، وێڕای دڵ نەرمیی خۆی، جەوهەری زۆر مەزن دەستی ئەم (پیر)ە هەژارەی گرت. خودا لە شێوەی مێرد منداڵێك لە ناو ئەم دەریا بێ سنوورە دەرکەوت، بووە رابەری (رەهبەر) فێرکردنی(روح الأمین) (جبرائیل). پیر لە حاڵەتی بێ ئاگایی بوو کە سەردار(ئوستاد) (خودا-وەرگێڕ) لە شێوەی منداڵێکی جوان وەك خۆر خۆی پێ نیشان دا.

(جبرائیل) سەرسوڕماو و سەر لێ شێواو بوو بە ترس و هیواوە گوتی: (( تۆ کێی کە لەناو ئەم دەریایە قسەم لەگەڵ دەکەی ، قسە لەگەڵ منی بێ توانا دەکەی؟ )) لە وەڵامدا منداڵەکە گوتی: (( من رابەرم (رەهبەر)و نێردراوی ژیری (رسول خرد مند) حاکمی (دادوەری) گەورەم. بۆ ئەوەی ببمە رابەرت من هەر ئێستا نێردراوم. وەرە، گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرە. ئەگەر خودای بە تواناو مەزن داوای لێ کردی و گوتی تۆ کێی و من کێم لە سەرەوە، بڵێ: (( من نۆکەرێکی زۆر زۆر بچوکم، من لە بەرامبەر بوونی جەوهەری ئێوە خرۆشاوم. تۆ دروستکەری من دروستکراوم. تۆ هاوسۆز و میهرەبانی(مشفیق) من خۆشەویستی ئێوەم )) پاشان منداڵەکە پەرداخێك (ئاوی ژیانی خودای) بە پیردا و پێ ی گوت: (( بخۆوە بۆ ئەوەی هەموو شتێك بە روونی ببینی و باوەڕت بە رێگای باوەڕی من دەبێ(ئیرشاد)، تۆ ستایشی خودا (دادوەر) دەکەی هەردەم جەوهەری ئەو دەناسی (قیوم). پیر پەرداخە شەرابە بەتامەکەی لە دەستی شای سوارچاك (دولدول) (8) وەرگرت و خواردییەوە، سەرەنجام مەست بوو گیانی و لەشی وەك خۆر درەوشایەوە. دواجار خودای ناسی و ئەم حاکمە رابەرایەتی دەکرد. دوای ئەم گفتوگۆ یە، منداڵە پەرجوو ئامێزە کە (معجزە) بزر دەبێ، لە ناو نهێنیدا دەشاردرێتەوە (کانی سر) و (جبرائیل) یش گیانی پردەبێ لە رۆشنایی. (جبرائیل) دەدرەوشایەوە و مەستی دڵگەرمی بوو بۆ (یار)، لەسەر دەریاکان وەك پەپوولە دەهات و دەچوو.

دوای وەرگرتنی ئەم دەرسە لەم (منداڵە خودا) یە، هۆشیاربووەوە، ئامۆژگارییەکانی وەرگرت و گیانی هێمن بووەوە . لەو دەمەدا پەیامێك لە جەوهەری زیندوو هات و بە (جبرائیل) ی گوت: (( تۆ، تۆ کە بنچینەیەکی باشت هەیە، پێم بڵێ ئێستا تۆ کێی، تۆ کە

وەك باڵندە لەسەر ئەم دەریایە دەفڕی، من کێم کـە بـە دڵنیاییـەوە قـسە دەکـەم، هەنـدێ جـار شاراوەم ، هەندێ جار دیارم لە ناو ئەم (لا مکان) ە )) کە جبرائیل گوێی لەم دەنگە پاکە بوو، کڕنووشی برد و زەوی ماچ کرد و ویڕای ناڵە ناڵ گوتی: (( ئـەی!،خـودای ئـەرز و ئاسمـان، چـی بڵێم منێکی شەرمن، من نۆکەری تۆم ، تۆ بەخشندەی، بەسۆزی، لایـق و شایـستە و مـەزنی، سەرچاوەی ترس و هیوای منی. ئەی حاکمی دونیـا، هیـوادارم لـەم بـێ شـەرمییەم ببەخـشی، چونکە من نەزان بووم و تاکو ئەو نێردراوە نەهات کە خودای حاکمی پێ ناساندم( یـار)ی خـۆم نەدەناسی. ئەی حاکمی دونیا، لەمڕۆوە من نۆکەری تۆم. )) سـەرەنجام خـودای گـەورە وەڵامـی دایەوە و گوتی: (( ئەی پیری دڵ ڕۆشن (رەوشەن چمیر) تۆ دڵنیایی ( أمین ) و باوەری نهێنـی( محرم )ی خودای حاکمی، قسەکەر(وکیل)ی خودا و سەرداری. دەتـوانی بـە ئـارەزووی خـۆت لـە هەردوو جیهان رەفتار بنوێنی و لە سەرەوەی هەموو بوونەوەرێکی لـە نـاو جەوهـەر و سـیفاتی خۆیاندا. تۆ رابەری(مقتدی) هەموو بوونەوەرێکی، وەزیر و جێگای باوەڕی شا-ی (محرم پادشا) هیچ کەسێك دەسەڵاتی لە سەرەوەی تۆوە نییە، پاش من تۆ خودای هەموو بوونـەوەرێکی )) .
کە جبرائیل گوێی لەم قسانەی خودا(حق) بوو، کە وشەی راستی و بەخشندەیی بوون، کڕنووشی برد بـۆ سـوپاس کردنـی خـوداو گـوتی: (( ئێـستا مـن لـە حاڵـەتی بەختـەوەریم )). سـەرەنجام (جبرائیل) لە دەرباری خودا کڕنووشی برد، هەنـدێ جـار دڵخـۆش بـوو، هەنـدێ جـار خـەمبار، هەندێ جار لە ئاسمان، هەندێ جار لە ژێرەوە، لـە دونیـا دەگـەڕا، لـە هەرێمێکـەوە دەچـوو بـۆ هەرێمێکی تر، نهێنی حاکمی نەدەناسی، لە ناو دەریا دەهات و دەچوو، شوێنێکی نـەبوو لێـی بگیرسێتەوە. نەیدەتوانی نە بخوا، نە بخـەوێ، نـە هـاوڕێ( یـار) ێکـی هـەبوو، نـە هاوسـەرێکی (همسر )، نە یەکێك جێگای باوەڕ، نە هیچ کەسێك، تەنیا خودای هەبوو قسەی لەگەڵ بکا))

لـە عـەقیدەنامـەی تـەزکیرەی ئـەعلا کـە لـە لایـەن (ئیڤـانۆڤ)ەوە چـاپکراوە، لـە نـاو تێکستەکانی ئەهلی هەق ( لا: ١١ لە تێکستە فارسییەکە ) کە لە سەرەوە پیشانمان داوە، ئەم بەشەیان بەم چەشنەی خوارەوە گێردراوەتەوە : (( لە سەرەتادا کە خودا جیهانی دروست کـرد، هەموو شتێك لە بەر چـاوی تـەواو و پـڕی ئـەو ئامـادە بـوو : زەمـەنی دروسـت کـرد، وەختـی دروست کرد، هەرچوار وەرزی بەچەشنێك دروست کرد مـرۆڤ تێیـدا شـێت و شـەیدابێ و ئینجـا بەهەشتی دروست کرد.... تەنیا دوای سـی هـەزار سـاڵ ئینجـا راسـپاردەی بـە (جبرائیـل) دا. پاشان بە (جبرائیل) ی گوت: تۆ کێی ئەی من کێم؟ (جبرائیل) چونکە نەژادی خۆی نەدەناسـی بە چاو قایمی وەڵامی دایەوە: تۆ تۆیت و منیش منم .خودا نەفرەتی بۆ جارێکی تر لێکـرد کـە سی هەزار ساڵ درێژەی کێشا. پاشان جارێکی دیکـە داوای لێ کـردەوە: تـۆ کێـی و مـن کـێم؟

(جبرائیل) هەمان وەڵامی جاری یەکەمی دایەوە. پاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ خـودا داوای لـە (جبرائیل) کرد بچێ لە (لا مکان) رابمێنێ: بە پێی ئەم بڕیارە (جبرائیل) چووە ناو جیهانی ( لا مکان )، دوای سی هەزار ساڵ رۆیشتن گەیشتە شوێنێك بە ناوی زەریـا ( محـیگ ) .(٩) چـاوی کەوتــە ســەر کەسـێك کــە بــەرماڵ (دوگــورد) ی نوێــژی لەســەر دەریــا راخــستبوو و وێــڕای گفتوگـۆکردن لەگـەڵ بوونـەوەرانی دەریـایی (بحریـان) دەرۆیـشت. (جبرائیـل) بـەهێزو رکێفـەوە هەنگاوی هەڵهێنا و ئازایانە پرسی: (( تۆ کێی؟ ماوەی سی هەزار ساڵە من لـە دەریـا و زەوی (١٠) رادەمێنم و تا ئێستا کەسم نـەبینیوە )) ئـەوەی پرسـیارەکەی ئاراسـتەکرابوو بـە تیلـەی چاوێك سەیرێکی (جبرائیل)ی کرد، سەیرکردنەکەی ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بوو لە ناکاو پەڕو بـاڵی (جبرائیـل) ی هــەموو ســووتاند. ئەمــەش ئــەو مانایــەی دەگەیانـد: ئەمەیـە پاداشـتی پێدرێژییەك بەرامبەر بە خودا. جارێکی تر بۆماوەی سی هەزار سـاڵ (جبرائیـل) بـێ پـەڕو بـاڵ لەسەر دەریاکان مایەوە .سەرەنجام بە پاڕانەوە و داوای لێ بووردن و بەخشینی لـە خـودا کـرد، وێڕای هەست کردن بەسەر شۆڕی و دڵشکان رووی خۆی بەرەو خودای بەخـشندە وەرگێـڕا داوای بەخشینی کرد و گوتی: هۆ ئاینم، باوەڕم، تۆ سەرداری بەخشندەی، تـۆ سـۆزی پـڕو جەوهـەری خۆشەویستی و چاکە و دڵنەوایی. زمانم سەرەڕای بێ توانـایی و خاکـەرایی (تـەوازوع) شـایانی ئەوەی نییە داوای بەخشین لە ئێوە بکا.

سەرداری سۆزو بەخشندەیی سەیرێکی پڕ دڵنەرمی (جبرائیل) ی کرد و لە نـاو زەریـای بـێ سـنوور و پـڕ لـە دڵنـەوایی و خـەون لـە گوناهەکـەی خۆشـبوو. خـودا پێـی گـوت: گـوێبگرە (جبرائیل)، ئەگەر خودای مەزن داوای لێ کردی من کێم و تۆ کێی،بڵـێ: ئـەی بـێ هاوتـا، تـۆ دروستکەر و سەرداری، منیش (جبرائیل) م کە بـچووکترین خزمـەتکاری دەرگـاتم. تـۆ خـودای هەژدە هەزار جیهانی و منیش هەرە بچووکترین نۆکەر و خزمەتکارم. ئەگەر هێـشتا پرسـیاری لێ کردی : (( بۆچی تۆم دروستکردووە؟)) بڵێ: (( ئەی ئاینم، ئەی باوەڕم، بۆ پەرستن و گـەڕان و سەرنجدان، تاکو من ببمە خزمەتکار، بەڵام تۆ گوناهەکانم لەبـەر چـاو نـەگری. )) کـاتێ کـە (جبرائیل) بەم شێوەیە شەرەفی لێ نراو لە دڵبلندی ئەو بەرزکرایەوە و خـۆی و سـەرداری خـۆی ناسی و سەرلە نوێ وێڕای تـرس و لـەرزە ئیعتبـاری بـۆ دانـراوە گـوتی : ئـەی رابـەری رێگـای ئاواران، ئەی سەرداری بەخشندەی بەختەوەران ! سوێند بە جەوهەری نەمرت فێـرم بکـە و پـێم بڵێ تۆ کێی؟ )) خودای بەخشندە وەڵامی دایەوە : بێجگە لـە خـودا هـیچ کەسـێك جەوهـەری خۆی ناناسێ. )) بەم جۆرە (جبرائیل) کڕنووشی بردو رێگـای پێـدرا بـڕوا....(( خـودا گـوتی : ستایش بۆ سەرداری (ئوستاد) خۆت بکە کە تۆی بـەم شـێوە زۆر جوانـە فێرکـردووە . لـە بـەر

ئەوەی وێڕای بچووکی و کڕنووش و تاعەتەوە هاتوویتە بەرامبەرم، جەوهەری باڵای خۆمت پێ دەبەخشم و وێڕای جوانی و دڵگیریی پاڵەوانان بەهرەی رامان و بیرکردنەوەی روحی و جەستەییت دەدەمێ، من دەتکەمە پەیامنێری راستگۆ و وەفاداری خۆم (موخبیری ئەمین) . لێرەوە دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێ کە (جبرائیل) نوێنەرایەتی مرۆڤی یەکەم و بەرایی دەکا، ئادەم-ی روحی-یە ( ئادەمی روحانی) لە هەمان کاتدا یەکەمین فریشتەشە، تەنیا لە رێگای دەرکەوتنێکی خودایی کە رۆڵی رابەر و پەیامبەر دەگێڕێ دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ خودا. دەستنووسی شانامەی حەقیقەت کە لەم بارەیەوە گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی تێدایە، ئەو پەیامبەرەمان وەك منداڵێکی جوانی وەك خۆر پیشان دەدا . هەمان تێم ( بابەت ) لە مەزداییزم دا هەیە کە هورمۆز لە شێوەی( مەرتی – ئەهراڤ – martî- ahrav ) دەردەکەوێ، واتە وەك مرۆڤێکی ( پیاوێکی-وەرگێڕ) کامڵ و پڕو تەواو یان مرۆڤێکی راستگۆ و دروست خاوەن ناووبانگی باش، بەڵام لە شێوەی مێردمنداڵێکی پانزە ساڵانەی روخسار گەشی وەك خۆر بدرەوشێتەوە دەردەکەوێ. هەمان ئەم بابەتە بەڵام لە حاڵەتێکی تێکچوو و رووشاو وێڕای جوانکاری لە فۆلکلۆری ئێرانی بە تایبەتی ئەوەی بە زمانی فارسییە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ناواخنی ئەم چیرۆك و ئەفسانانە زیاتر رۆمانسییە وەك لە روحانی- mystique . لەم ناواخنەدا، مێردمنداڵە روخسار گەشەکە بەرجەستە و نوێنەرایەتی جوانییەکی تەواو فیزیکی(جەستەیی) دەکا.

پاش دروستکردنی (جبرائیل)، نۆرەی دروستکردنی فریشتەکانی تر دێ. سەرەتا سێ فریشتەی یەکەم پیرموسی(رافائیل)، داود(میکاییل-میکایل) ، موستەفا( عزرائیل-عزرائیل) ، ئەمانە لەگەڵ بنیامین(جبرائیل) بریتیین لە چوار فریشتەی نزیك خودا، لەگەڵ رامزبار کە فریشتەی مێینەیە و لە جەستەی موستەفا دەرهێنراوە، دەبنە پێنج کەسی نزیك لە خودا. لەلای شیعەکان ئەم کۆمەڵەیە پێی دەوترێ( پنج-تن) واتە پێنج کەس، ئەمانەش بریتیین لە: (موحەمەد، عەلی، فاتیمە، حەسەن و حوسەین) . لەلای ئەهلی هەقەکان، عەلی بەرجەستەیە لە خودا (الله). بە گوێرەی روانینی ئەهلی هەقەکان ئەم چوارە فریشتەی یەکەمین لە جەوهەر و ماهیەتی خودا دەرهێنراون و دروستکراون، بریتیین لەو رۆشنایی و رووناکییەی کە لە ناو دوڕەکەدا هەیە. لە دەستنووسی بڵاونەکراوەی ئەهلی هەق کە نووسەرەکەی دەروێش بەشار بوزهوی یە ( لا:٣) ئەمە دەگێڕێتەوە : (( خودا چوار فریشتەی لە ناو دڵی نهێنی دروست کرد و خۆی چووە ناوەوەی دەریای ناو دوڕەکە. حەفتا هەزار ساڵ لە ناو دوڕەکە مایەوە و دوڕەکەش لە قووڵایی هەرە ژێرەوەی دەریا بە نهێنی دەژیا. لەم ماوەیەدا لە رۆشنایی خۆی دووکەسی

دروستکرد ناوی لێنان رامزو رەزا. دوای ماوەیەك کە هەر چوار فریشتەکە لە دەرەوە دەگەڕان، (بنیامین) شا(خودا) ی لە ناو دوڕەکە دۆزییەوە و داوای ئیزنی کرد بچێتە ژوورەوە . لەوێ بە بینینی خودا شکۆمەند بوو و ڕێزی لێنرا، لە ناو دوڕەکە لەگەڵ خودا ئەوان ژمارەیان هەمووی حەفت بوون، وەك حەفت کەس ئاماژەیان پێدەکرێ. (هفت-تن) . هەر وەکو دەبینین ، (جبرائیل) یەکەمین بوونەوەر بوو لە لایەن خوداوە دروستکرا، پاش ماوەیەکی زۆر دوای ئەو چوار فریشتەکەی تر دروستکران. لەم رووەوە شانامەی هەقیقەت ئەم گێڕانەوەیەی هەیە: ((..... ئینجا (جبرائیل) بە خودای سەرداری گوت: تۆ وەك کەسێکی تەنیا منت دروستکردووە ، لە ناو ئەم دەریا بێ سنوورە، نە ئارامیم هەیە، نە شوێنێك لێی پشووبدەم، لە کوێ دەتوانم ستایشی جەوهەری تۆ بکەم و لێت بپاڕێمەوە؟ چۆن دەتوانم بە تەنیا بژیم؟ چۆن خزمەتی تۆ بکەم؟ توانای ئەوەم نییە سوپاست بکەم، زمانی لەو ئاستەدا نییە ستایشت بکاو لێت بپاڕێتەوە، تۆ، تۆی بە تواناو مەزن لەسەر هەموو بوونەوەرێك، تاقەیەك خزمەتکار ناتوانێ و بەشی ئەو هەموو خوداییە ( Divinité ) ناکا. هیوادارم بۆ من هەندێ هاوڕێ و هاوەڵ (یار) دروست بکەی، هەندێ برادەری نزیك کە بتوانم قسەیان لەگەڵ بکەم بە یەکەوە لە خزمەتت دا بین و لە خزمەتی هەموو راسپاردەیەکی نهێنیی تۆ و نهێنیی ڕێگا و ئایینی تۆ بین، ئەی دروستکەری جیهان، وێڕای بەخشندەییت داوای زۆر بچووکی خۆت بهێنە دی)) کە (جبرائیل) (أخی) پاڕانەوەکەی تەواو کرد، دەنگی خودای مەزن بڵند بووەوە: ئەی پیری دڵ رووناك (روشن — چمیر) تۆ راسپێردراوی شاراوەی نهێنی جەوهەری باڵای، تۆ راستگۆ و دەستپاکی (ئەمین) ،تۆ (پیر) و رابەری. ئەوەی داوات کردووە پێت بەخشراوە. سەرەنجام سەرداری — داهێنەر، بە گوێرەی پاڕانەوەکانی (أخی) نیگایەکی لە ناوەوەی دوڕەکە گرت و چەند بوونەوەرێکی رووناکی دروست کرد. یەکێکیان ژن بوو بە ناوی (مەرموز ) لە شێوەی پەری (حوری) . پێنجەکەی تر پیاو بوون و لە ماهیەت و جەوهەری ئەو دروستکرابوون . ژنەکە ناوی رەمز بوو، پەریی بەهەشت بوو، خزمەتکاری جەوهەری زیندوو و بەخشندە بوو. خودا (رەمز) ی لە ئارەقە دروست کردبوو بۆنی مسکی هەبوو.(رەمز) لە هەناوی خۆی تۆوێکی هەڵگرتبوو. خودا (رەمز) ی کردە خزمەتکاری جەوهەری زیندوو ، دەسەڵاتی لەسەر هەموو شتێك هەبوو. خودا میکایلیشی (میکایێل) دروست کرد. (ئیسرافیل (رافییێل) و عیزرایل و یار رۆچیار) ی لە فۆڕمی مرۆڤ دروست کرد . (میکایل) سەرەتا خودای گەورە و خاوەن توانای مەزن، لە هەناسەی خۆی دروستی کرد، (ئیسرافیل) ی لە کۆشکی دەمی خۆی دروست کرد. سێیەم عیزرایل (ئەزراییێل) ی لە توڕەیی خۆی دروست کرد، ئەو بە (ملك الموت)

(سەرداری مەرگ) ناسراوە، ئەو جەللادی دەربارەی خودایە. چوارەم ناوی( لعلی عقیق) ە ، ئەو لە رۆشنایی چاوێکی خودا دروست کراوە، بە (رۆچیار) یش ناسراوە. پێنجەم ناوی(یاقیق)ە ، بە دڵخۆش ناسراوە، ئەو لە رۆشنایی چاوەکەی تری خودا دروست کراوە، (یاقیق) یاری (زەرین-بام) ە، بە ناوی (ئیسماعیل و عیوەت) یش ناسراوە. (عقیق و یاقیق) بریتین لە (حەسەن و حوسەین) ، دوو میری رواڵەت روناکن ( رخشندە-جام) (حوسەین) لە لای ئەهلی هەق بەرامبەر یادگار دەوەستێ ، (حەسەن) یش بەرامبەر شابارام، هەردووکیان هەردەم سەردارن. لە هەردوو چاوی شا(خودا) دروست کراون، خۆر و مانگ بە رۆشنای ئەوان روناکن یان دەدرەوشێنەوە . (عەقیق) لە چاوی راستی خودای بەخشندە دروست کراوە، ئەم چاوەش شەرابی روحانیە (عنگهور)، (یاقیق) یش کە لە چاوەکەی تری خودا دروست کراوە، سەرچاوەی (کوپر) ە .

پاش دروست کردنیان، ئەم شەش کەسە سەر بۆ (پیر) ی دڵرۆشن دادەنەوێنن . لە لایەن (جبرائیل) ەوە فێری نهێنییەکانی راستی دەبن. وێڕای کڕنووش بردن هەر حەفتیان بە گوتنی ئەم وشانە ستایشی خودا دەکەن: (( هەزاران سڵاو، هەزاران ستایش بۆ جەوهەری بێ هاوتای شا، داهێنەرێکی تر جگە لەو زیاتر نییە، ئەو داهێنەر و ئێمە هەموومان خزمەتکار)) .

هەر حەفتیان لە دەرباری خودا دانیشتوون، شەو و رۆژ خەریکی گەڕانن بە دوای داڵدەی خودا. (أخی) (جبرائیل-وەرگێر) رابەری شەشەکەی ترە. ئەمانەش دوای ئەو دەکەون. ((هەر حەوت پیر بەردەوام خەریکی ستایش و خزمەت کردنی جەوهەری مەزن و باڵان. )) ژمارەی (حەوت) وەك رەمزێك رۆڵێکی گەورە دەگێرێ لە لای ئەهلی هەقەکان. دەشێ رەمزێکی دوولایەنە پیشان بدا: واتە بەم شێوەیە حەفت چاکە هەیە لەگەڵ حەفت خراپە. ئەمەش بێگومان پاشماوەی مەزداییزمە، کە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە رێگامان پێنادا لێرەوە زیاتر برۆین. پاشان خودا پەیمانێك لەگەڵ فریشتەکان دەبەستێ. پاش جێ بەجێ بوون قوربانییەك پێشکەش دەکرێ.

ئەمە بوو دروستکردنی جیهانی نەبینراو. لە ناو ئەم جیهانە نەبینراوەدا هەندێ کۆڵەگەی نموونەیی هەن کە بە پێی ئەمانە وەك مۆدێلێك هەموو چەمکەکان دەستکاری دەکرێن و شێوەی خۆیان وەردەگرن، وەك نەریت و بنەماو پێوەرە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق، جیهانی دنیایی( فیزیکی یان بینراو- وەرگێر) و جیهانی پیرۆز لێکدەدرێنەوە و لەسەر هەمان بنەما رووداوە مێژووییەکان هەڵکەوتی خۆیان وەردەگرن — بە لای کەمی بەو شێوەیەی بە ئێمە گەیشتوون — لە رووی رووداوە مێتا- مێژووییەکان. جیهانی بینراو پاشان دروست دەکرێ و

شێوەی ئەم دروست کردنەش لە لایەکی تر لە لایەن ئێمەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام پەیوەندی راستەوخۆی بە جیهانی نەبینراوەوە هەیە. ئەمەش هەردەم هەمان روانینە بۆ شتەکان، کۆسمۆگۆنی بە هەموو روویەکییەوە بە پێی وەزیفە و کاری بیر و روانینێکەوە نەخشەی بۆ دانراوە کە خاسیەتی تایبەتی دەداتە ئەم ئاینزایە کە ئێمە هەندێك لەم چەمکانەمان لێرە پیشان داون.

## پەراوێز:

١- دەشێ ئەم ناونیشانە بـە زۆر شـێوە وەربگێـردرێ وەك: داهێنـانی جیهـان، دروسـتکردنی جیهـان، بـە عەرەبییەکەی دەکاتە (خلق العالم عند الكرد.......) بەڵام ئێمە ئەم ناونیشانە بەگونجاو و پڕاو پڕی دەزانین: (La Naissance Du Monde Chez Les Kurdes…) ( لە دایکبوونی جیهان ......) (وەرگێر)

٢- دەستەواژەی فکری ئێرانـی لـە روانگـەی ئێمـە زۆر روون نییـە، دەشـێ نووسـەر مەبەسـتی زیـاتر لـە کولتوور و مێژووی ئێران بێ.چونکە ئێران چەمکێکی سیاسی و جوگرافییە پێش ئەوەی مانای نرخێکی فکـری بگەیەنێ .( وەرگێڕ )

3-JamesDarmester,LeZend-Avesta . Paris. Vol. I, P. 393 .

génie-4: مانای یەکەمی بریتییـە لـە بلیمـەتی (عەبقەرییـەت)، زۆر مانـای تـریش دەبەخـشێ وەك: زیرەکی، جن و ئەجندە،

فریشتە، تەڕدەسی و چاپووکی و لێوەشاوەیی . بە مانای گیان-یش دێت ، وەك گیـانی ئاوەکـان، گیـانی کورد....هتد.(وەرگێر)

5- Ibid , vol. II,p. 702.

6-Sáhnãma–ye haqiqat , distique . 25-26

7- Giuseppe Furlani, Testi religiosi dei Yezidi, Bologna. 1930 .

٨- لەمەش مەبەست لە عەلی-یە ،وەك دەرکەوتنێکی خودا و ئەسپەکەی دوڵدوڵ . منداڵەکـەش هـەر دەرکەوتنێکی عەلی یە، واتە خودا.

٩- مەبەست لە محیگ ، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ دەریای ناوەراست، مێدیترانێ لەلای فارسەکان . دەگوترێ (دریایە محیگ)، لە فارسی و بحر محیگ لە عەرەبی . دەشێ ئەم دوانە یەك مەبەست بن.

١٠- بەو مانایەی کە ئەم پارچە گێرانەوەیە تا ئێستا تەنیا لە ناو جیهانی نادیاردا روودەدا، دەستەواژەی یان وشەی (ئەرزو ئاسمان ) ئیشارەت نیە بۆ ئەرز و ئاسمانی فیزیکی. پێدەچێ ئەوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە وشەی گونجاو نەبووبێ، لەبەر ئەوە ئەم نەگونجانە هاتۆتە پێش .

11- M. Mokri, Recherches de kurdologie, Contribution Scientifique Aux Etudes Iraniennes , Etudes d ethnographie , de dialectologie, d histore et de religion .( parues dans les annees 1956-1964)libraire Klin Ksieck.1970.pp. 181- 195.

تێبینـی : وشـەی – Noble ، یەکـەم مانـای واتـە بـەگزادە (خانـەدان)، بـەڵام لێـرەدا وەك سـیفەت بەکارهاتووە، دەشێ بڵێین : بە گشتی خاسیەتێکی بەگزادانە (خانەدانانە) یان باڵای هەیە، بـە مانـای مـەزن و نایاب دێ .

# دەروازەی تێگەیشتنێکی فراوانتر لە بارەی ئاینی ئێزدییەوە

نووسینی :د. خەلیل جوندی
وەرگێڕانی : محەممەد سالح سەعید

**یەکەم –**

ئـاینی ئێـزدی بـۆ نووسـەر و توێـژەران وەك ئـەو تەلیـسمەی جـاران نـەماوە، کـە نـەتوانن تێیبگەن. کۆمەڵگەی ئێزدی کە پێش دەیان ساڵ بەرووی نەناساندا داخـراو بـوو، ئـەمڕۆ وەهـا نەماوەتەوە . لە پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە، هەندێك لە ئێزدییەکان چوونە بەر خوێنـدن و لـە شەسـتەکان و هەفتاکانیـشدا ژمارەیـان پـتر بـوو. ئـەوە بـوو سـەرەتای هـەفتاکان، سـێ چـوار خوێندکاری ئێزدی لە زانکۆی بەغداد – ڕچەی بێبەریکردن [1] و ترسیان شکاند، لە ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبیدا لەسەر ئـاینی ئێزدییـان نووسـی و هەنـدێك لـە نهێنییـەکانیان لـە بەغـداد بڵاوکردەوە [2].

دەرچوونی کتێبی (ئێزدیاتیی لبەر رۆشنایا هندەك تێکستێت ئـاینی ئێزدیـان) [3] یەکـەم هەوڵی ئەم چالاکییە رۆشنبیرییە بوو. لەو کاتەدا دەرچوونی کتێبی (ئێزدییـاتی.....) بـوو بـە بەرپەرچـێکی سیاسـی، کـە دژی دەسـەڵاتی ڕژێمـی بـەعس بـوو لـە عێراقـدا، چـونکە ئـەو ئێزدییەکانی بە عەرەب دادەنا.

دەرچوونی ئەو کتێبـە کـە دەقـە ئاینییـەکانی بـە زمـانی کـوردی بـوون، بەرهەڵـستییەکی ئاشکرا بوو بەرامبەر ڕێبازی ڕژێم.

بـەڵام بەرپەرچـی ئـاینی دژی ئـەو پیـاوە ئاینییـە ئێزدییانـەبوو، کـە نەیاندەهێـشت دەقـە ئاینییەکان تۆمار و بڵاوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی جگە لە خۆیـان ،کەسـی تـر نهێنییـەکانی ئێـزدی نەزانێت.

لە ساڵانی هەشتاکاندا، دەرچوونی کتێبی (ئێزدیاتیی....) ژمارەیەکی تری لاوانی ئێـزدی هان دا، کە دەقە ئاینییەکان کۆبکەنەوە، لەسەر نەریت و خووی ئاینی بنووسن و لە ڕۆژنامە و

گۆڤاری وەك (ڕۆژنامەی هاوكاری، گۆڤاری كاروان، ڕۆژی كوردستان، بەیان و ڕۆژی نوێ) دا بڵاویانبكەنەوە. دواییش هەندێك كتێب لەلایەن نووسەری نوێی ئێزدییەوە بڵاوكرانەوە [٤].

ئاداری/١٩٩١، ڕاپەڕینی جەماوەری كوردستان دژی ڕژێمی بەعسی لە عێراقدا، دیاریكردنی ناوچەی پارێزراو لەلایەن نەتەوەیەكگرتووەكانەوە، لەساڵی/١٩٩٢ش دروستبوونی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان، لاپەڕەیەكی بۆ مافی كەمینەی ئاینیی و نەتەوەیی كردەوە، ئەوە بوو حكومەتی كوردستان لە ١٩٩٣/٥/١٢ ڕێگەیدا ناوەندی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتیی(لالش) لە دهۆك بكرێتەوە. ئەمەیش بۆ ئێزدییان دەستكەوتێكی ڕۆشنبیری و زانستیی گەورە بوو، ئەم ناوەندەش هەر لە دروستبوونییەوە هەتا ئێستە توانیویەتی بیست و چوار ژمارەی گۆڤاری (لالش) دەربكات. ژمارەیەكی زۆر دەقی ئاینیی ئێزدییان تیادا بڵاوكراوەتەوە. هەروەها گوتار و توێژینەوەی بەنرخ لەسەر مێژوو، پەرستن، نەریتی ئاینیی ئێزدییان، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم مەڵبەندە ئەرشیفێكی دەوڵەمەندی (سەرچاوە و بەڵگەنامەی وێنەداری لەسەر ژیانی ئێزدییان ) هەیە.

ئەوەشمان لەبیرناچێت كە دوای ڕزگاركردنی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٩/نیسانی/٢٠٠٣دا، ڕووناكبیرانی ئێزدی ناوچە ڕزگاركراوەكانیان هان دا، ئەوە بوو لە (شێخان، بەعشیقە، بەحزانی، شەنگال و ختارەی سەر بە ناوچەی تەلكێف) ناوەندی ڕووناكبیرییان دامەزراندووەو لەبارەی سەرجەم ژیانی ئێزدییەوە بڵاوكراوەیان دەركردووە.

ئەوەی لەسەر چالاكی ئێزدیی عێراق گوتراوە، (ئێزدییەكانی دوورە وڵاتیش، بەتایبەتی ئەڵمانیا) هەر لەسەرەتای نەوەدەكانەوە ناوەندو كۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە. هەندێك لەو ناوەندانە لەگەڵ گوتار ولێكۆڵینەوەی تایبەت بە مێژوو و فەلسەفەی ئەم ئاینە، گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە كاروبارەكانی ئێزدییایەتییان دەركردووە.

هاوشان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە ئەو ئەرك و كارانەی ئێزدییەكانی یەكێتیی سۆڤیەتی جاران لەبیرنەكەین كە چۆن لە كۆتایی سەدەی بیستەمەوە لەلایەن عەرەبی (شەمۆ، قەناتی كورد، حاجی جوندی، ئۆردیخان، جەلیلی جەلیل) و گەلێكی تریشەوە هەوڵی پاراستن و تۆماركردنی كۆمەڵە دەقێكی زۆریان داوە لەسەر ئاینی ئێزدی.

ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ ،كاتێك پرۆفیسۆر (فیلیپ كراینبرۆك) بۆ مەبەستی لێكۆڵینەوە لە ئاینی ئێزدی، لەسەردانە زانستییەكەیدا بۆ كوردستان، هەستی بە بایەخی كتێبی (ئێزدییاتی) خدر سلێمان و خەلیل جوندی كرد، چونكە دەقی ئاینی و بابەتی تری تێدا بوو. دوای ئەوە خۆیشی لەساڵی ١٩٩٥دا، هەژدە دەقی ئاینی لە كتێبی (ئێزدییاتی) بۆ زمانی ئینگلیزی بە



٤

ناونیشانی: (Yezidism - Background, Observance and Textual Tradition 1st) وەرگێرا بوو [٥] ،خۆیشی تێبینی لەسەر نووسیبوون.

بەدوای ئەم لایەنە زانستییە و لە ئاکار و بواری ئێزدییایەتیدا، ئەو کارە گەورە هاوبەشەی کاتی ١٩٩٩-٢٠٠٥ لەگەڵ پرۆفیسۆر کراینبرۆك- سەرۆکی بەشی ئێرانی لە زانکۆی کۆتنکن-دا ئەنجامدرا و بەهۆی دەرچوونی ئەو دوو کتێبەوە، کە یەکێکیان کتێبێکی خۆم بوو بە زمانی کوردی و لە دوو بەرگدا، بە ناونیشانی: (پەرێن ژ ئەدەبی دینیی ئێزدیان(صفحات من الأدب الديني الإيزدي) [٦] (چەند لاپەڕەیەك لە ئەدەبی ئاینیی ئێزدی)کە سەرباریی بوونی کۆمەڵێك چیرۆك و داستان (١٥٧) سەد و پەنجا و حەوت دەقی ئاینیی (بێژ، دێر، هۆنراوە، خزیمۆك، ڕۆبارین-نزا)ی تێدا بوو. دوای ئەمەش کتێبێکی هاوبەشی هەردووکمان (پرۆفیسۆر کراینبرۆك و خۆم) بەزمانی ئینگلیزی، بەناونیشانی (Got and Sheikh Adiare Perfect Sacred Poems and- Religious Narratives from the Yezidi Tradition ) [٧] بڵاوکرایەوە کە ئەمەشیان (٥٤)پەنجا و چوار دەقی پیرۆزی ئاینیی لەخۆ گرتبوو. پێویستە ئەوەش بڵێین، کە هەر لەم ماوەیەدا دوو کتێبی تر لەلایەن دوو نووسەری ئێزدییەوە[٨] دەرکران.

کەواتە بەم ڕوونکردنەوە خێرایە دەتوانین بڵێین: خۆرهەڵاتناس و ئەو لێکۆڵەرانەی جاران هەزاران کیلۆمەتریان دەبڕی بۆ ئەوەی بێنە ناو ئێزدییەکانەوە بۆ دەستکەوتنی دەقێکی ئاینی، نزایەك یان لە نزیکەوە پەرستنێکی ئاینیی، زانیارییەکی کەمیان دەست بکەوێت، هەتا لێکۆڵینەوەکانیانی لەسەر ئامادە بکەن، ئێستە دەرگاکانیان بە ڕوودا دانەخراوە. نهێنییەکانی ئاینەکەش هەڵنەگیراون و تەنها لە سینەی پیاوانی ئەدەبی ئاینی ئێزدیدا نەماون و خراونەتە بەردەست. بێگومان ئەمانە بە کرانەوەی دەروازەیەکی بایەخدار و فراوان دادەنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی کوردۆلۆجی و کاری لێکۆڵەرانی بوارەکانی ئێزدییایەتی.

ئەم ئەدەبە ئاینییە چەندین (هێما، ئاماژە، زاراوەو بیرۆکە ) لەخۆدەگرێت، کە دەتواندرێت لە ڕێی شیکردنەوەیانەوە لایەنی بایەخداری مێژوو، فەلسەفە، ناخ و ناوەرۆکی ئەم ئاینە دێرینە کوردییەمان بۆ دەربکەویت.

دیارە ئێمە ئەوە دەزانین، مێژووی ئاینەکان و گەلان هەر ئەوانە نین، کە لە ناوەرۆکی کتێبانەدا تۆمارکراون، بەڵکو دەتواندرێت بەهۆی ئەو بۆماوە، خوو، نەریت، پەرستن و فۆلکلۆرانەوە، کە ئاینەکە، یان ئەو گەلانە هەیانە و هێشتا شینەکراونەتەوە، یان توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە مێژووی ئاینەکان و گەلان بزانرێت.

-دووەم-

## ئێزدیی ئاینێکی دێرینە و ئاینزای ئاینێکی تر نییە

مێژوو بەزۆری بۆ بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتدار دەنووسرێتەوە، ئیتر ئەم لایەنە ئاین بێت، نەتەوەبێت، یان چینێکی چەوسێنەر. بەم هۆیەوە ئاینی ئێزدی کەوتە بەر شاڵاو و شێواندنی گەورەی زۆرینەی نووسەری عەرەب، هەندێ کوردە موسوڵمان و ژمارەیەك خۆرهەڵاتناس کەگوایە ئاینزای ئاینی ئیسلامە.

ئەوان ئێزدییەکانیان بە کۆمەڵە ئیسلامێکی سەرلێشێواو [٩] دادەنا، کەسانێکی تریش دەیانگوت (مەسیحێتی، جوولەکە، یان زەردەشتایەتی [١٠] )کاری تێکردوون.

ناتوانین لەوە لاری بین، کە لە نێوان ئیسلام و ئێزدی و ئاینەکانی تری پێشوو و باوەڕە کۆنترەکاندا، کاریگەری و لەیەکچوون هەیە. ئەمەش شتێکی سروشتییە کە لە ڕێگەی هاوسێیەتیی، هاتوچۆ، کۆچکردن، ڕەوی گەلان و هێرشی داگیرکاریدا دروست ببێت. ئەم کارتێکردن و لێك نزیکییەی نێوان ئاینەکان پێش ئەوەی حوکمی پێشوەختی لە بارەوە بدرێ، یان وەك پاشکۆ بوونی ئاینێك بۆ ئاینێکی دی دابنرێت، پێویستە لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەوە بکرێت. بۆ سەلماندنی دێرینیی ئاینی ئێزدیدی، لێرەدا ئاماژە بە سێ بەڵگە، یان دەستەواژە دەکەم، کە لایەنگرانی ئاینەکانی تر، جاران و تا ئێستایش، ئێزدییەکانیان پێ ناوزەد دەکرد: (داسنی- چلکۆ- شمسی- یان شەمسانی) . تا ئێستا مەسیحییەکانی عێراق، بە زمانی کلدانی و سریانی بە ئێزدییەکان دەڵێن: (دسنایا- دسنایی Disnaya) بەڵام مەسیحییەکانی تورکیا بە (چەلکۆ- Chalko) ناویان دەبەن. تەنانەت کوردە موسوڵمانەکانی عێراقیش ئێزدییەکان بە (داسنی) ناودەبەن. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەم ناو و دەستەواژانە لە کوێوە هاتوون و بۆچی بەسەر ئێزدییەکاندا براون؟

لێرەدا پێویستە زۆر بە کورتی ئاماژە بە رای هەندێ زانا و رۆژهەڵاتناس بکەین. سەرەتا ئاماژە بە رای پرۆفیسۆر (مار) لە بارەی وشەی (چەلب، چەلبی، چەلکۆ) دەکەین، کە خۆی دەیکاتە بنەمایەك بۆ تیۆرییە نوێیەکەی و لە هەمان کاتیشدا جەخت لەسەر کۆنی ئاینی ئێزدی دەکات، کە بەشێکن لە گەلی کورد. (مار) دەڵێ: "بەکارهێنانی وشەی (چەلبی) لەسەرەتای سەدەی چواردەیەمدا لەلایەن تورکە سەلجووقییەکانەوە بووە، ئەوانیش لە کوردەکانەوە وەریانگرتبوو. کوردیش لە زمانی ئارامییەوە(تەسلیم-تەسەللوم)پێدان و وەرگرتن کە بەواتای (نیگار یان پەیکەر" دێت.

چەلب-چەلبی-چەلکۆ=خودا .بنەچە و ڕەگی ئەم وشەیە لەزمانی (جاڤێتی) (یاڤتی) باشوورەوەیە. هەندێك لە واتاو تێگەییوی وشەی (جەلبی) بە واتای: (یەزدان- خودا - ساماندار- بەخشندە- خێزاندار- گەورە پیاو- گۆینده - هۆنەر (شاعیر)- ڕووناکبیر- پەروەردەیی- بەڕەووشت- ڕێکپۆش- گچکەی ڕێزدار) دێتەوە.

(مار) دەڵێ: بەبێ ئەوەی بۆ هیچ بەڵگەیەك بگەڕێین، لەرێگەی وشەی جەلبییەوە نیشانەو بەشێکی دژواری مێژووی میللەتێکمان بۆ دەردەکەوێت، کە نموونەی ئەم جۆرە پەیڤەی بەرهەم هێناوە. هەروەها دەڵێت: جاڤێتی لە (خالْتی، مانیی، عیلامیی، ئەرمەن و گۆرجی) پێکدێن. هەموو ئەم خێڵانەش پەیوەندییان بە ئاسیای گچکەوە هەیە و ناشتوانین بڵێین، کە ئەمانە لە هندۆئەورووپین یان سامین.

دوای لێکۆلینەوەکەی (مار) و بەدواداچوونی لەسەر بنەچەی (چەلبی) وەك میللەتی کورد، دەڵێتەوە: "بۆ ماوەی ئاینی کورد لەبواری مێژووییدا لە ئیسلام دێرینترە". هەربەوەشەوە ناوەستێت و دەڵێت: " دوای ئەو سەرکەوتنانەی ئاینی مەسیح و ئیسلام و لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنێکی ڕەها و تەواونەبوون بەسەر باوەڕە دێرینەکان لە ئاسیای بچووکدا، بەڵام ئاینی تایبەت بە گەلی کورد دەستبەردار نەبوو، سەریشی دانەنەواند، هەرگیزخۆی بە بەزیو دانەناوە، بەڵکو لەناوخۆداو لەرێگەی بەرپاکردنی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و دژداریی وەك (جووڵانەوەی خۆرپەرستان) و جووڵانەوەی سۆفیگەرییەوە کە پابەندنین بە سوننەتەوە، وەك: (حسین حەللاج، شێخ عەبدولقادری گەیلانی، شەمسەدینی تەورێزی و ..." ، ئاینی کورد بەرپەرچی ئاینە باڵادەستە نوێیەکانی وەك (مەسیحی و ئیسلامی) داوەتەوە. بەپێی لێکۆلینەوەکانی (مار) ئێزدی لە پێش ئاینی ئیسلامدا ئاینی تایبەتیی کورد بووە، چونکە باوەڕی وایە کە : "ئەوەی گومانی تیادا نییە ئێزدیی ئەمڕۆ بڕوای میللی کەسانێکە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. ئەوانە لە سەرێکەوە لە(مانەویی، سابیئیی و مەندانییەکان)ەوە نزیکن و لەلایەکی تریشەوە لەو باوەڕە جۆر بەجۆرانەشەوە نزیکدەبنەوە کەلە (ئەرمینیا و جۆرجیا) وە سەریان هەڵداوە". (١١)

(مار) ئەم تیۆرییەی خۆی لەچەند دێڕێکدا پوختەدەکاتەوە و دەڵێت: ((وشەی چەلبی- واتە ئێزدی- مێژووی گەلی کورد لەخۆ دەگرێت. بەڵام لەبەر نەبوونی سەرچاوەی نووسراوە، بۆ لێکدانەوەی ئەم مێژووە، ناچارین دووبارە بەدوای بەردە نەخشێنراوەکاندا بگەڕێین، یان ئەو شتانە بدۆزینەوە، کە پاشماوەی چەرخە ژێرکەوتووەکانیان پێوە دیارە و ئەو دەرکەوتە میللییانە

دەردەخەن، کە پەیوەندییان بە زمان و ئاینی دێرینەوە هەیە. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو دەرکەوتانەیە، کە ئێمە ئەمرۆ بە نەمریان دادەنێین.(١٢)

## داسن ـ داسنی

باشترینی ئەوەی لەسەر ئەم وشەو زاراوەیە خوێندوومەتەوە ئەوەیە، کە زانا (تۆفیق وەهبی) بە زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٤١-١٩٤٢دا لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەناونیشانی (دینی کۆنی کورد) (١٣) بڵاوی کردۆتەوە،

جارێکی تریش ئەو گوتارەی بە زمانی ئینگلیزی) لەسەر ئێزدی بەناونیشانی (Yazidees are the remnants of Mithism, London 1965) بڵاوکردۆتەوە، بەچاکمزانی چەردەیەکی هەڵبژێرم:

"زەردەشت لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستایدا (دئیڤە-Deva) ی بەو شەیتانە داناوە کە پەرستنی، نەمرۆیان، قەدەغە کردوە." لە پەهلەویشدا (دئیڤە) شێوەی (دیڤ-Dev)ی وەرگرتووە، کە ئەمرۆ بە (دێو) ناودەبرێت و مەبەستی جنۆکەیە.

با ئەوەش بزانیین، کە (دی یۆسی ئاسمان ) پێشەنگی دێوەکانی پەرستنی هیندۆ ئەوروپییەکان بووە. ئەم یەزدان ئاسمانە خێرخودا بووە. هەروەها ئەم پەیڤی (دییۆس)ەش لەسەرچاوەی داڕشتەی (دیڤ)ەوە دروست بووە. بەم جۆرە (دییاوس پیتەر- Diyvah Piter)ی پەرستراوی ئێستەی هند، (زوئووس پایتر Zeus Piter)ی یۆنانی، زووپیتەر- Jupiter) ڕۆمانی و (تاوس)ی ئێزدی، هەموویان (بابەدیوس)ن، واتە (باوکە ئاسمان) خۆی.

یەزدان لە ئاینی هیندۆئێرانییە دێرینەکاندا بەم جۆرە دابەش دەبن:

١. گەورەترین یەزدانی خێرخودان، کە (دیاووسپیتەر- باوکە ئاسمان= یەزدان ئاسمان) خۆیەتی.

٢. دێوەکان، واتە (هێزی سروشتیی بینراو لە وێنەی جەستەی مادیی هەستپێکراو)دان. ئەمانیش دوو جۆرن، هێزی خێر خواز و هێزی شەرخواز.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەو دیاردە سروشتییانەی دەدرێنە پاڵ ئەوان، پێوەرن بۆ ناسینی ئەم دوو هێزە و جیاکردنەوەیان لەیەکتری.

(ئاهوورا-ئاسوورا) ناوێکی تری یەزدان بوو لای هیندۆ ئێرانییەکان، کە بەواتای (بوونەوەری بزورگ، دییاوس، میترا، خۆر- یەزدان) دێت. یەزدانئاوریش یەکێك بوو لە ئاهووراکان، واتە یەزدانە مەزنەکان.

ئەو نەتەوەیە رەوانی [١٤] باوباپیران و رەوانی مردووەکانیان پیرۆز دەکرد.بەڵام بەهاتنی (زەردەشت) و بڵاوکردنەوەی فەلسەفەکەی وخۆبەستنەوەی بە (یەزدانئاهورامەزدا) وە،یەزدانەکانی تری وەك (دێوەکان) و پەرستنی ڕەوانی مردووانی ڕەتکردەوە.(دێیڤە)ش کە لەوەپێش یەزدان بوو،لای لایەنگرانی ئاینی زەردەشتی بوو بە (شەیتان).بێجگە لەوانە ،وێنە و نیگاری پەیکەرەکانی ڕەوانی خێر و شەڕیش لە ئاینی زەردەشتیدا قەدەغەکران.هەروەها سەربڕینی گیانەوەر بۆ قوربانی و مەیخواردنەوە و ڕۆژووی قەدەغەکرد. ئەوانەی لەسەر ڕێنمایی ئاینەکەی نەڕۆیشتن،بە (دێڤەییسنە) [١٥] واتە جنۆکەپەرست ناوی بردن.ئەم ناتۆرەیە لای (دیۆ)پەرستەکانی خۆیان،بە ناشرین لێك نەدەدرایەوە.کۆمەڵانێکی زۆریان باوەڕی خۆیان بەرامبەر بە پیرۆزکردنی دیاردە سروشتییەکان پاراست و هێشتەوە. بەوانەی پێشەوەدا و گوتنەکانی زانا (تۆفیق وەهبی) و زانا (مەسعوود محەممەدی) دوای ئەو، وشەی (داسنی) کە ئێزدییەکانی پێ ناوزەدکراوە، هیچ نییە وشەیەکی گۆڕراوی (دێئڤەییسنە) نەبێت (زەردەشت) ئەوانەی پێ ناوزەد کرد کە دوای ئاینەکەی نەکەوتن.

جا ئەگەر ئەم تیۆرییە بەڕاست دەرچوو، ئەوا بەئاسانی ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئاینی ئێزدی تیپێکی ئیسلامی لادەرنین، بەڵکو ئاینێکی هیندۆئێرانی یان هیندۆ ئەوروپی دێرینە و لەپێش زەردەشتیشەوەیە.

-سێیەم-

## پاشماوەی شوێنەواری پەرستنەکانی ئاینە هیندۆئێرانییە دێرینەکان لە ئاینی ئێزدیدا

لەگەڵ ئەوەی ئێزدییەکان ئەو تەنها یەزدانە دەپەرستن، کە لە زاری کوردیی خۆیاندا پێی دەڵێن: (خود-خودێ-یان ئیزی و یەزدانی پاك). ئەوان مەلائیکە و سەرۆکەکەیان و (تاووسمەلەك=تەحویردیاووس، یەزدان ئاسمانی یان باوکە ئاسمان، لەوانەشە تەمووز) وخۆر ومانگ (جووت یەزدان خۆر و مانگ) و گەلێك دیاردەی سروشتی تری وەك باران، با، ئاگرو...، پیرۆز دەکەن. لەگەڵ ئەوانەشدا بەچاوی رێز و پەرستنەوە دەڕواننە ڕەوانی باپیران و پێشینەکان (دەرکەوتەی خودان و وەجاخ).

بەڵام جەژنەکانی ئێزدییان و ئەو پەرستنانەی بەندن بە سووری ژیان، خولی چوار وەرزی ساڵ، خۆر، مانگ، گۆڕانکاریی ئاوو هەوا و کاریگەرییەکانیان لەسەرکاری کشتوکاڵ [١٦]،

هەروەها کاتی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر ئەم ئاینە، پێویستە دیاردەی بوونی پلەبەندی و ئەرکی ئاینی لە ئێزدییاتیدا لەبەر چاو بگیرێت و بایەخیان پێ بدرێت.

## -چوارەم-

## بەپێی ئەو شوێنەی کە تیایدابوون

ئایا ئەوە بەڕێکەوت دادەنرێت کە ئێزدی، گۆران Goran، شەبەك، شارلیی، (زازاکییەکان ،دوملی) لەسەر یەك سنوور یان نزیکەی یەك هێڵی پێکەوە بەستراو بژین؟!

ئەوەتە ئەم هێڵە ناوچەی (شێخان، ئاکرێ) بە ناوچەی باشیقەدا دەڕوات بۆ بەحزانی و گوندەکانی سارلییە، پێش ئەسکیکەڵەك ولەوێوە هەتا دەگاتە کاکەییەکانی (هەولێر و کەرکوك) لەوێشەوە بۆ ناوچەی کرماشان، کە زۆرینەیان عەلیئیلاهین، دەپەڕێتەوە.

دەبێت ئەوە بزانین، کە کۆمەڵێك لە گوندەکانی (گۆران) بڕوایان بە ئاینزای (ئەهلی حەق — حەقە) هەیە لە خۆرهەڵاتی ناوچەکانی ئێزدی لە ژووورووی چیای مەقلووب، ناوچەی (شێخان) و ناحیەی (بەردەڕەش)ی سەر بە ناوچەی (ئاکرێ) دەژین. هەروەها لەخوارووی ناوچەی (مەقلووب)دا و لە ژووورووی (مووسڵ) ئێزدییەکان، شەبەك و سارلی هاوسێی یەکترن و کۆمەڵێك سرووت و نەریتی هاوبەشیان هەیە لە کوردستانی تورکیاشدا ئێزدی و زازاییەکان لەزۆر ناوچەدا دەژین، بەتایبەتی لە ویلایەتی (دیاربەکر) ناوچەکانی (دێرسیم،مەرعش) و هەتا دەگاتە ناوچەکانی (ورمێ، شکاك) ئەوانەی کە بە پێی دەستنووسێکی کۆن [(١٧)] هەر لەسەردەمی (شێخ ئادی) و دواتریشەوە لەسەر ئاینی ئێزدی مابوونەوە.

بوون و مانەوەی هەمیشەیی نێوان ئاین، ئاینزا و باوەڕە کوردییە ناموسوڵمانەکان لە کوردستاندا، ئەرکێکی گەورە و گرنگ دەخاتە ئەستۆی کوردۆلۆجستەکانەوە، کە لە بەردەم ئەم دیاردەیەدا بوەستن، بۆئەوەی هەمیشە لە هۆکاری بەیەکگەیشتنی ئەم ئاین و ئاینزایانە بکۆڵنەوە، هەروەها ئەو یەکەم ئاینە بدۆزنەوە، کە سەرچاوەی بیروباوەڕەکانیان بووە، ئەوەش بزانن کەی لەم یەکەم ناوەندە سەرەکییە دوورکەوتوونەتەوە [(١٨)].

## پەراوێزەكان:

١. حرمان: تحريم:بێ بەريكردن و بێ بەريبوون.

٢. پێشەنگی ئەو خوێندكارە زانكۆييانەی لەبەغداد لەسەر دەقی ئاينی ئێزدييان نووسی ئەمانەبوون:خوداليێخۆشبوو (حەيدەر نيزام، خدر سلێمان،خەليل جوندی و مەمۆ فرمان).

٣. ئێزدياتيی لبەر رۆشنايا هندەك تيكستێت ئاينی ئێزدييان-خدری سلێمان و خەليل جوندی –چاپخانا كۆری زانياری كورد-بەغداد (١٩٧٩) .

٤. لەوانە= (عيدۆ باباشێخ ،عيزەدين سەليم،بەدەل فەقير حاجی) ،ئەمە لەگەڵ دەرچوونی (گوندياتی) لەلايەن كاك خدر سلێمان-لەساڵی (١٩٨٥) دا.

5. Prof. Dr. Philip G.Kreyenbroek. Yezdism-1st.Background.Observances and Textual Tradition, the Edwin Melles press Lewistion /Queen Ston /lampeter.1995.

٦. د.خەليل جوندی،بەرن ژ ئەدەبی دينی ئێزدييان،بەرگی يەك و دوو،چاپخانا سپيريز/دهۆك ٢٠٠٤.

7. Philip G Kreyenbroek- Khalil Jundy Rashow, God and Sheikh Adi are Perfect Scared Poems and Religious Narratives from the Yezidi Tradition, Harraussowits Verlag 2005.

٨. بەدەل فەقير حاجی –كتێبی (باوڕی ميتۆلۆجيای ئێزدييان=(إعتقاد و ميتولوجيا الأيزدية) –چاپخانەی هاوار-دهۆك،٢٠٠٢،و عيزەدين سەليم-كتێبی (مەركە) بە زمانی عەرەبی،چاپخانەی خەبات – كوردستان ٢٠٠٣.

٩. هەر بۆ نموونە سەيری هەريەك لە (عبدالرزاق الحسني،صديق الدملوجي،سعيد الديوضي،هاشم البنا،محمد عبدالحميد حمد،عباس العزاوي) و لەكوردەكانيش (ئازاد سعيدسمۆ،حمدی عبدالمجيد السلفی و تحسين ابراهيم الدوسكی) ولە خۆرهەڵاتناسەكانيش (رۆجەر لێسكوت) ( Roger lescot) بكە.

10. R.H Empson. The cult of Peacock Angle, London 1928, p.30.

١١. بازيل نيكيتين،كورد:لێكۆڵينەوەيەكی سۆسيۆلۆژی مێژوويی:بە پێشەكی (لويس ماسينۆن).وەرگێڕی (د.نووری تاڵەبانی) –دار ئەلساقی-ی ٢، ٢٠٠١. و ٣٦٢-٣٦٣.

١٢. هەر ئەو سەرچاوەيە .

١٣. سەيری ناميلكەی:دوو پاشاوەی مێژوويی لەسەر كورد (محەمەد جەميل رۆژبەيانی)،يەكەميانی نووسيوەو دووەميشيانی وەرگێڕاوە. چاپخانەی (كۆڕی زانياری)- بەغداد (١٩٩٥) لاپەرە (٦٥) ودواوەی.هەروەها كتێبی (بەرهەمە تەواوەكانی تۆفيق وەهبی بەگ)-ئامادەكردنی (رەفيق صالح) –چاپخانەی شڤان-سلێمانی -٢٠٠٦،لاپەرە (٣٩) و دوايەوە.

١٤. رەوان: گيان : رۆح

١٥. سەيری هەموو بەرهەمەكان-هەر ئەو سەرچاوەيە بكە لاپەرە (٤٠-٤٣).

١٦. بۆ پتر ئاگاداربوونی ئەم بابەتە دەتوانرێت سەیری ئەو کتێبەم بکرێت(بۆ زانینێکی ڕاستی ئاینی ئێزدی- بڵاوکراوەی ڕابوون-سوید (١٩٩٨)،لاپەڕە (٧٩-١١٥).

١٧. سەیری کتێبی (شێخان و شێخابەگی)ی (خدری سلێمان و سەعدوڵڵا پەرۆش)-چاپخانەی فنون-بەغداد- (١٩٨٨)،بڵاوکراوەکانی خەتیب بی.

١٨. هیواخوازین گشت مامۆستا،زانستخواز و ڕاستیپەروەران و ئامادەبووانی هێژا سەرکەوتوو بن و هەروەها پێشکەوتن بۆ بواری لێکۆڵینەوە کوردییەکان (کوردۆلۆجی) دەخوازم، لەرێی راژەی دۆزی ڕەوای میللەتی کوردماندا.

کۆتنکن /ئەڵمانیا

لە ٢٢/ئاب/٢٠٠٦

-وەرگێڕ-

# خەباتی رزگاریخوازی و دیپلۆماسیی کورد لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی

ئارام عەلی

لە کات و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتانی رۆژئاوا هەوڵیان دەدا کاریگەرییان لەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانی بەهیزتر بکەن، تا زۆرتر دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو بە تەنیا کار لەسەر دەسەڵاتدارانی تورکی لە ئەستەمبوڵی پایتەخت نەکەن، بەڵکو بکەونە کارکردن لە ناو گەلانی تری ناو ئەو ئیمپراتۆریایەی کە بەرەو هەرەسهاتن و لەناوچوون دەچوو. گەلی کوردیش، یەکێک بوو لەو گەلانەی کە زۆر جێگەی بایەخی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانە بوو. ئەڵمانەکان، هەر زۆر پێش جەنگ، کەوتنە بایەخدان بە کورد، ئەمەش بەشێک بوو لەو سیاسەتە گشتییەیان بەرامبەر ئیمپراتۆریای عوسمانی. ئەڵمانیا، کە لەو کاتەدا لە وڵاتانی تری رۆژئاوا زۆرتر دەستی بەسەر ئەستەمبوڵدا دەڕۆیشت، بە توندی لە رووی نیاز و خواستی وڵاتانی تر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە تەواوی ئیمپراتۆریاکە، بە ناوچە کوردییەکانیشەوە، دەوەستا[1]. ئینگلیزەکانیش، بە هەمان شێوە، هەوڵیان دەدا کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دانیشتووی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان لە وڵاتەکەدا، بەکاربێنن. بۆ ئەم مەبەستەش، لە ساڵانی پێش جەنگدا، بۆ راکێشانی ئاشوورییەکان بۆ لای خۆیان وزەیەکی زۆریان خستەگەڕ و یارمەتییان بۆ دروستکردنی قوتابخانەی (مژدەدەری کریستیان) لە بەشی رۆژهەڵاتی وڵاتەکە دەدا، کە لەژێر دەسەڵاتی کۆنسوڵی ئینگلیزیدا بوو لە شاری وان[2].

تورکەکانیش، لە لایەن خۆیانەوە کەوتنە چالاکترکردنی کارەکانیان، بە تایبەتیش هەڵمەتی پڕوپاگەندەی دژ بە رووسیا لەناو کورددا. هاندانی سیستێماتیکی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە دژ بە رووسیا، کۆمەڵێک مەبەستی دیاریکراوی سیاسی-سەربازی لە پشتەوە بوو، لەوانە: یەکەمیان، حکومەتی تورکی، وەکو بنکەیەکیی دەرەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەنی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، تەماشای قەفقازی دەکرد و بە هەموو شێوەیەکیش دژی ئەمە دەوەستا؛ دووەم، تورکیا دەیویست هەڕەشەیەکی بەردەوام

لەبەردەم ڕێگاکانی هاتوچۆ و گەیاندنی ستراتیژیی رووسیا لە ناوچەی قەفقازدا دروست بکات؛ سێیەم، حکومەتی سوڵتان بە ئاواتی دەخواست ئەو سەدان هەزار کوردەی دانیشتوانی پارێزگاکانی پشت قەفقاز بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوخۆی ناوچەکە و بەدیهێنانی ئەو بیرۆکە دێرینەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، لە یەکخستنی هەموو کورد لە ژێر چەتری ئیمپراتۆریاکەیدا بەکاربهێنێت، کە نەک تەنیا بۆ ئێران، بەڵکو بۆ رووسیاش دەبوو بە مایەی نارەحەتی و سەرئێشە. بۆ بەدیهێنانی ئەو نیازە گڵاوانەیان، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەڵێنی جۆراوجۆری، تا وەکو چەکدارکردنیشیان بە کوردەکان دەداو بڕوبیانوی ئاینیشیان بەکاردەهێنا و باوەڕێکی وایان لای کوردەکانی " خۆیان" دروستدەکرد، کە گوایە دەتوانن لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا یەکبگرن و کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لەژێر سایەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دابمەزرێنن، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات کوردستانی ئێران " داگیر بکەن" [٣].

بەڵام لە کاتی وادا تورکەکان، بە بێ ئەملاولا، دەبوو رووبەڕووی لەشکری رووسیا ببنەوە، کە ئەو دەمە لە ئێراندا بوو. هەرچەندە، لەوانە بوو، بەم کارەیان بیان توانیایە نەک تەنیا تەنگ بە رووسەکان لە کوردستانی ئێران و تورکیا، بەڵکو تەنانەت دانیشتوانی کریستیانی ناوچەکەش هەڵبچنن. هەر هیچ نەبوایە، لە ئاکامی جموجۆڵی کورددا، هێزی هەردوولا، واتە رووسیا و ئێران لاواز دەبوو. ئەمەش بۆ خۆی تەواو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەگونجا. دووەم مەبەستی تورکەکان ئەوە بوو، کە هەوڵیان دەدا دووبەرەکی و ناکۆکی بخەنە نێوان کورد و میللەتە کریستیانەکانی ناوچەکە.

بەڵام سەرباری ئەو بەڵێنانەش کە بە کوردیان دەدا، کاتێک لە ئەنجامی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لەشکری رووس، کوردەکان ژێرکەوتن، تورکەکان هیچ یارمەتییەکی کوردیان نەدا و پشتیوانییان لێ نەکردن. سیاسەتی فڕوفێڵاوی تورکەکان بوو بەهۆی لەدەستدانی بڕوای کورد پێیان، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان، کە دواتر کەوتنە گەڕان بە دوای پشتیوانی لە لایەن رووسیاوەو تەنانەت ئامادەییشیان دەربڕی کە دژی تورک رابوەستن. ئەم وەرچەرخانەش تویژێکی بەرفراوانی گەلی کوردی گرتبووەوە، تەنانەت فیوٚداڵی گەورە لەناو ئەوانەدا دەرکەوتن، کە لایەنگری دۆستایەتیی رووسیایان دەکرد، نموونەی وەکو شێخ مەمەد "محەمەد" سدیق، کە لە لای جێگری شاری ورمێ گلەیی لە سیاسەتی ئێران و عوسمانی، بە تایبەتیش ئەمەی دواییان ، واتە حکومەتی تورکی، کردبوو. هەروەها رایگەیاندبوو، کە هەموو کوردستان، هەر لە بایەزیدەوە تا کرماشان بەدەست چەوساندنەوە و تەنگ پێهەڵچنینەوە دەناڵێنێت. لە کۆتاییشدا، بەناوی دانیشتوانی کوردەوە، خواستی هاتنە بن ڕکێفی رووسیا، یاخود هەر هیچ نەبێت وڵاتە مەزنەکانی تری، دەربڕیبوو [٤].

کوردەکان بە شێوەیەکی وا رقیان لە برایانی ئاینیی خۆیان- تورکەکان دەبووەوە، کە تەنانەت بانگەوازە ئاینییەکانی دەسەڵاتدارانی عوسمانیش هیچ کاریگەریی بۆ سەریان نەبوو. لەوەش زیاتر، هەندێک لە نوێنەرانی ئاینیی کورد ئامادەبوون، لە پێناوی خەباتکردن بۆ رزگاریی کوردستان پشت بە رووسیا ببەستن. هەر بەو شیوەیە، بۆ نموونە، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٠دا کەسانی ناوداری وەکو کۆر- حسێن پاشا، سەرداری ناوچە سنوورییەکان و هی تر بۆ شاری ماکۆ (کە لەژێردەستی رووسیادا بوو) هەڵهاتن. کوردەکان لە لای بەرپرسی خاڵی سنووری رووسی- تورکی نارەزاییان لەسەر تەنگ پێهەڵچنین و دەستخستنە ناو کاروباری تایبەتییان لە لایەن تورکەکانەوە دەربڕیبوو. هەر لەو ماوەیەدا کۆر- حسێن پاشا نامەی بۆ شازادە ڤۆرۆنتسۆڤ- داشکۆڤ ناردبوو، کە تیایدا بەناوی خۆی و شێخ عەبدولقادرەوە(دیارە مەبەست لە سەید عەبدولقادرە، کە ماوەیەك سەرۆكی ئەنجومەنی پیرانی عوسمانی بوو- ئا) پێشنیاری کردبوو هەموو کوردستان بخرێتە ژێردەسەڵاتی رووسیاوە. دەنگۆی ئەوەش هەبوو، کە زۆر لە بەگ و شێخە کوردەکانی تورکیا و ئێران سوێندی ئەمەکدارییان بۆ شێخ عەبدولقادر خواردبوو. سەرداره کوردەکان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو، بەو مەرجەی رووسیا پشتگیرییان بکات، لە هەموو کوردستاندا راپەڕین بەرپابکەن، لە کاتێکیشدا، ئەگەر رووسیا پێشنیارەکەیان لێوەرنەگرێت، ئەوارێگەیان پێبدرێت بۆ ناو سنووری رووسیا کۆچ بکەن، یاخود هەر لەجێی خۆیان بمێننەوەو بە (رەعیەت)ی دەوڵەتی رووسی دابنرێن [٥].ئەو بەڵێنانەی سەردارە کوردەکان حکومەتی رووسیایان خستبووە بارێکی سەخت و ئاڵۆزەوە، چونکە داگیرکردنی راستەوخۆی کوردستان، نە لە نەخشە و پلانی نزیك و نە لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی رووسیادا بوو، هەروا ئەمە راستەوخۆ رووسیای دووچاری شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دەکرد، کە ئەمەش بۆ خۆی مەترسی بوو، بێجگە لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زلهێزەکانی رۆژئاوا. بەدەر لەوەش، لە پیتربورگی پایتەخت لەوە دەترسان، کە بەهێزبوونی دۆستایەتی سەردارەکان بەرامبەر رووسیا، نەخشە و پلانی ئەمان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاڵۆز بکات.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی، بەرەچاوکردنی هەڵە و سەرنەکەوتنەکانی پێشوویان، چالاکی نوێیان ئامادەکردو بێپەروا هەوڵیان دەدا کۆمەکی سیاسی و سەربازی لە رووسیا بەدەستبهێنن، بەتایبەتیش دوای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی، زۆر لە پێش بەشداریکردنی تورکیا لە ئەیلول- ئابی ساڵی ١٩١٤دا. لە هەندێك ناوچەی ئەنادۆڵی رۆژهەڵاتدا کۆمیتەی پروپاگەندەی بیری نەتەوایەتی لە ناو کورددا و ئامادەکاریی بۆ راپەڕینی سەرتاسەری بەکاربوو [٦].بە هەمان شێوە لە کوردستانی ئێرانیشدا، کوردەکان کەوتنە چالاکترکردنی خەباتیان، ئەمەش نەک تەنیا ئەو کوردانەی کە لایەنگریی رووسیایان دەکرد، بەڵکو تەنانەت ئەو رابەرە کوردانەش کە هیچ هەستێکی دۆستانەیان بەرامبەر بە رووسیا نەبوو. بەڵام رووسیا بە تەنیا لە سۆنگەی بەرژەوەندی خۆی لە ناوچەکەدا دەیڕوانی. رووسیا نەك تەنیا ئاوڕی لە پێشنیاری دۆستایەتی و هاوئاهەنگیی کوردەکان نەدایەوە، بەڵکو تەنانەت

نەیتوانی، یاخود نەیویست بۆ بەرژەوەندی خۆیشی سوودیان لێ وەربگرێت و زۆر بەوریایی و ترسەوە تەماشای پرسی هاتنی کوردیان بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان دەکرد. بێگومان هەڵوێستێکی لەو شێوەیەی دەسەڵاتدارانی رووس ئاستەنگی زۆری لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا دروستدەکرد[٧].

لە قۆناغی داگیرکردنی هەندێك ناوچەی کوردنشیندا لە لایەن لەشکری تورکەوە، بەهۆی دەستێخستنی راستەوخۆی تورکەکانەوە و هەوڵدان بۆ بەگژیەکترداکردنی کورد و رووس، پەیوەندیی رووس- کورد لە کوردستانی ئێراندا ئاڵۆزییەکی زۆری بەخۆوە بینی. هاتنی هێزی نوێی لەشکری رووس بۆ سەرووی رۆژئاوای ئێران لە کۆتایی ١٩١١ و سەرەتای ١٩١٢دا بە بێ روودانی بەیەکدادان و پەلامار لەلایەن کوردەکانەوە نەبوو، کە تورکەکان بە هەموو شێوەیەك هانیان دەدان و چەك و تەقەمەنییان پێدەدان. لەشکری رووسیش، لەلایەن خۆیەوە هێندە دۆستانە رەفتاری لەگەڵ کوردەکاندا نەدەکرد و بگرە بە پێچەوانەیشەوە [٨].

پرسی کورد لەو قۆناغەدا، بەشێوەیەکی گشتی ببووە ئامێرێك لە کێبەرکێی نێوان رووسیا و تورکیا لەسەر کوردستانی ئێران.

ئابەم شێوەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩١٢، رووسیا لە کوردستانی ئێراندا زۆر بە وریایی و ترسەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و بەردەوام چاوی لەسەر تورك بوو، نەبادا پەیوەندیی رووسی- تورکی ئاڵۆزبیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووسیا دەستبەرداری " پارێزەری خاوەن مافی رەوای کریستیانەکان لە رۆژهەڵاتی مسوڵماندا" نەدەبوو، نەبادا بەدەستی کورد لەناوببرێن [٩]. لێرەدا نابێت ئەوە لەبیربچێتەوە، کە کورد بۆ خۆی هۆی ورووژێنەری سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نەبوو، بەڵکو ترس لە جەنگ لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، بێجگە لەوەی رەچاوی هەڵوێست و بەرژەوەندی زلهێزانی رۆژئاوایان لە ناوچەکەدا دەکرد. بۆ رووسیا گرنگ بوو هاوسەنگی و تەواویی خاکی ئێران بپارێزرێت، هەربۆ ئەو مەبەستەش ئەم هەنگاوانە نران:

١- سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی شاە(لەژێر کۆنترۆڵی رووسیادا) بەسەر کورددا.

٢- نەهێشتنی ناکۆکی و ململانێی ناو خێڵە کوردەکان — کە سەرچاوەی هەمیشەیی گرژیی و ئاڵۆزیی بوو، هەروەها ببووە مایەی لاوازکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی.

٣- رێگەگرتن لە یەکگرتنی خەڵکی کورد [١٠].

جەنگی یەکەمی جیهانی چارەنووسی داهاتووی کوردستانی دەستنیشانکرد. ئەگەر جاران کوردستان گۆڕەپانی بەیەکدادانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بوویێت، ئەوا لە دوای ئەو جەنگەوە، ئینگلستان و رووسیا چالاکیی خۆیان فراوانتر کرد و هەردوولا هەوڵیان دەدا بەوپەڕی تواناوە گەلی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن. بزووتنەوەی کوردی بۆ خۆی،

لەکاتی جەنگدا دووچاری نوشوستی و سستی ببوو بەهۆی ئەوەی لە توانایدا نەبوو رووبەڕووی نەهامەتیی جەنگ و قورسی و تەنگەتاویی دەستی داگیرکردن بێتەوە.

بەڵام لە ساڵی١٩١٧ەوە، لەژێر کاریگەری رووداوەکانی رووسیادا، بووژانەوە و رابوونێك لە بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتدا روویان دا. خەڵکانی بەرفراوانی کوردستان، کەوتنە چالاکترکردنی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی. کوردیش وەك کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانی، کەوتە کەڵک وەرگرتن لە شکستهێنانی مەکینەی جەنگیی- فیۆداڵیی تورکەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی. لەمڕووەوە جەنگی یەکەمی جیهانی و رووخان و نوشوستی ئیمپراتۆریاکە هیوایان بە گەلی کورد بەخشی [11].

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە رووسیا لە ئۆکتۆبەر/ ١٩١٧دا، بەرەی قەفقازی جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵوەشێنرایەوە و دەیان هەزار سەربازی رووس سەنگەرەکانی خۆیان چۆڵکرد. هەلێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریای عوسمانی پەیدابوو، بەڵام ئەمان بەپێچەوانەوە، سەرشێتییەکی سەربازیی تر- داگیرکردنی قەفقازیان — لاباشتر بوو. سەرکردەکانی تورکە لاوەکان، کاتێك هەوڵیان دەدا ئەم نەخشە بێمێشکانەیە جێبەجێبکەن کە ئیمپراتۆریای عوسمانی (٦٠٠ )هەزار سەربازی لە بەرەکانی جەنگدا لەدەستدابوو، بەشێکی زۆر گەورەی لە ناوچەکانی ژێردەستی، وەک حیجاز، خوارووی فەلەستین و بەشێکی زۆری عێراقی لەدەستدابوو. رێککەوتننامەی برێست- لیتۆڤسك لە ٣ / مارت/ ١٩١٨دا ئاشتیی لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و رووسیای سۆڤێتیدا بەرقەرارکرد، بەڵام حکومەتی تورکە لاوەکان بەداگیرکردنی قەفقاز، بێشەرمانە رێککەوتننامەکەیان پێشێل کرد. لە کۆتایی نیسانی١٩١٨دا تورکەکان قارس و باتومیان داگیرکرد. سیخوڕەکانی ئەنوەر پاشا، سەرکردەی تورکە لاوەکان چالاکانە لەناو چیاییەکانی ( بە کوردیشەوە) ئەلکساندرەپۆل (دواتر بوو بە لینینەکان و ئێستاش گیومری) دا دەهاتن و دەچوون. لە ١٥ / ئەیلول/ ١٩١٨دا لەشکری تورکەکان باکۆیان داگیرکرد و قەسابخانەیەکی خوێناوییان دروستکرد [12].

چوونەدەرەوەی رووسیا لە جەنگ و دواتر کشانەوەی هێزەکانی لە ئێران لە بنەڕەتەوە بارودۆخی لە سەرووی رۆژئاوای ئێران، واتە ناوچەکانی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕی. لە هەلومەرجێکی وادا ئاسان و بەسوود بوو " ماسی لە ئاوی لێڵدا بگیرێت" ، هەروەکو چۆن تورکەکان و ئینگلیزەکان و هەروەها دەسەڵاتی ناوچەیی، بێ سەنگ و پرستیژ لەناو خەڵکدا کردیان. ئەمانەی دوایی دەستکەوتێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنا، بەڵام لە یەک شتدا سەرکەوتن: توانییان (بێگومان بە بێ هاوکاری ئینگلیزەکان نەبوو) کورد بەگژ ئاسورییەکاندا بکەن، کە لە ناوچەی دەوری ورمێ هێزێکی سەربازی راستەقینە بوون.

دوای ئاگربەستی برێست- لیتۆڤسك هەلومەرجێك رەخسا کە بۆ پەرەسەندنی دواتری فراوانخوازیی تورک لە رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك و پشت قەفقازدا زۆر لەبار بوو: رووسیا لە جەنگ چووبووە دەرەوە، دەوڵەتی عوسمانی بە پێی بەندی چواری رێککەوتنی ئاشتی مافی بێ رێگەگرتنی گەڕانەوەی بۆ سنوورەکانی ساڵی ١٩١٤ بەدەستهێنا. بێجگە لەمە، رێککەوتنی برێست— لیتۆڤسك (هەروەها پاشکۆی رێکەوتنی رووسی- تورکی) رەچاوی بەشداری بێ چەندوچوونی تورکیای لە چارەنووسی ناوچەکانی قارس، ئەردەگان و باتوم کردبوو، کە لە ئاکامی جەنگی رووسی- تورکی ١٨٧٧- ١٨٧٨دا لە تورکیا سەندرابوون. بە واتایەکی تر، لە رێککەوتنی برێست- لیتۆڤسکدا هەموو ئەو بنەمایانە هەبوون، کە گۆڕانکاریی بنەڕەتییان لەو بنەمایانەدا دەکرد کە بە پێی رێککەوتنی نێونەتەوەیی ( بەرلین- ١٨٧٨ ) هەلومەرجی بوونی سیاسی- دەوڵەتی بۆ بەشێك لە کوردی سەرووی کوردستان و رۆژئاوای ئەرمینیا دابیندەکرد.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی توانییان دەستە (نانیزامیە) کوردەکان بۆ هەڵمەتی پشت قەفقازی لەشکری تورکی رابکێشن، کە کوشتارێکی زۆریان لەناو دانیشتوانی ئەرمەنی ناوچەکەدا کرد، هەر لەم کاتەشدا زۆربەی زۆری کوردەکانی پشت قەفقاز کەوتنە ژێردەستی تورکەکانەوە.

بارودۆخی کوردستانی تورکیا لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەهۆی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵەوە، تا رادەیەکی زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، بەڵکو خراپتریش بوو. لە ساڵی( ١٩١٨ )دا، فەرماندەی گشتی عوسمانی، بە بیانووی نەخشە و پلانێك، کە گوایە هەلومەرجی جەنگ هێناویەتە پێشەوە، دانیشتوانی ویلایەتەکانی دیاربەکر، موش و وانی راگواست. ئەم نەخشەیەش لە زستاندا جێبەجێکرا، هەربۆیە زۆربەی ئەو دانیشتوانەی کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان راگوێزرابوون، لە سەرمان و لە برساندا لە رێگە مردن [١٣].

دوای کۆتایی جەنگ، لە ساڵی ١٩١٨ و رێککەوتنی مودرۆس، کوردە نیشتمانپەروەرەکان لە ئەستەمبوڵ رێکخراوێکی سیاسییان بەناوی " جەمعیەی تەعالی کوردستان" بۆ درێژەپێدان بە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد دروست کرد. دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوەیە- بەدیع ئەلزەمان، سەعید بەگ، هەمزە بەگ و خەلیل خەیالی بەگ بە مەبەستی فراوانبوونی ریزەکانیان چالاکییان زیاترکرد. شایانی باسە رۆشنبیران، زانا و ناودارانی، بەتایبەتیش لە ئەستەمبوڵ پشتگیریی ئەم رێکخراوەیان دەکرد.رێکخراوی تری وەکو " تەشکیلاتی ئیجتیماعی جەمعیەتی" پارتی میللی کوردیش هەبوون، کە بەهەمان شێوە دەربڕی خواست و ئاواتی بزووتنەوەی کوردی بوون. " جەمعیەتی تەعالی کوردستان" ، کە

هەڵوێستێکی نێوانڕەوی هەبوو، لەگەڵ پارتی " حورییەت و ئیئتیلاف"ی تورکیدا ڕێککەوتنی لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان لە ناو سنووری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا مۆرکرد[١٤].

سەرکێشیی سەربازیی تورکەکان لە پشت قەفقاز ئەرکی ئینگلیزەکانی لە میزۆپۆتامیا ئاسانکرد. لەشکری ئینگلیز بێ کەند وکۆسپێکی زۆر و بەرەنگاریی ئەوتۆ لە لایەن تورکەکانەوە درێژەیان بە ئۆپیراسیۆنە سەربازییەکانیان دەدا. ڕێککەوتنی مودرۆس بەسەر حکومەتی عوسمانیداسەپاندی کە بەبێ چەندوچوون چەک داماڵێت و مل لەئاست لایەنی سەرکەوتوودا کەچ بکات و، هەروەها دەبوو لەشکر هەڵبوەشێنێتەوە و (ئستوڵ)ی دەریایی بخاتە ژێردەستی هاوپەیمانەکانەوە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی ملی بۆ ئەوەش دا کە هەموو ئەو ناوچانەی پشت قەفقاز بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان چۆڵ بکات، کە پێشتر داگیریکردبوون. بەم جۆرە هەموو دەربەندە ئاوییەکان لەبەردەم فلۆتی هاوپەیماناندا کرانەوە و فلۆتەکانی دەردەنێل و بۆسفۆر کەوتنە بندەستی هێزی سەرکەوتوانەوە. ئەمە بۆ خۆی هەرەسی تەواوی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو. شەوی ٣ / تشرینی دووەم/ ١٩١٨ ئەندامانی سیپانی تورکە لاوەکان و سەرانی تر بۆ ئەڵمانیا هەڵهاتن. پارتی تورکە لاوەکان (ئیتیحادییەکان) هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند. تورکیا کەوتە لێواری قۆناغێکی نوێی مێژووی خۆیەوە. لە تشرینی دووەم/١٩١٨ پایتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانی بە بێ تەقە خۆی خستە بەر دەست ڕەحمەتی سەرکەوتووەکانەوە. سوڵتان و حکومەت بوون بە بووکەشوشە بە دەست داگیرکەرانەوە. لە کۆتایی ( ١٩١٨) و سەرەتای ١٩١٩دا لەشکری ئینگلیز و فەرەنسا خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان داگیرکرد و یۆنانییەکانیش، کە لە ئەزمیر دابەزیبوون، لە ڕۆژئاواوە بەرەو ئەنادۆڵ کەوتنە ڕێ [١٥].

قۆناغی نێوان تشرینی یەکەم/١٩١٨ و حوزەیران/ ١٩١٩ بۆ کورد لەبارترین قۆناغ بوو بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، چونکە لەم کاتەدا بۆشاییەکی زۆری دەسەڵات لەناو سنووری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دروست ببوو. لەشکری فەرەنسی، ئینگلیزیی، ئیتالی و یۆنانی سێچارەکی خاکی تورکیایان داگیرکردبوو. ئیتیحادییەکان دەسەڵاتیان بەجێهێشتبوو. دەسەڵات و پرستیژ(ناوودەنگ)ی سوڵتان لە پایتەختی عوسمانی تێپەڕی نەدەکرد. لەشکری عوسمانی هەڵوەشابووەوە. حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی دەستبەرداری هەموو کۆڵۆنی و نیمچەکۆڵۆنییەکانی ببوو. ئەم قۆناغە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان زۆر لەباربوو، گەر بهاتایە و لە ڕیزی سەرکردەکانی کورددا کەسانی کارامە و چالاکی وا هەبوونایە، کە بیانتوانیایە ئینگلیستان و فەرەنسا بۆ لای چارەسەرێکی لەو جۆرە ڕابکێشن. بەڵام بەداخەوە، گەلی کورد ئەو شانسەی لەدەست دا [١٦].

دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا چالاکی خێڵە کوردەکان دەبینرا. خەباتگێڕی ناوداری سەربەخۆیی کورد سمکۆ، لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی بە هەل زانی و دیسانەوە لە ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئیراندا

دەستی بە خەباتکرد. لە سەرەتای بیستەکاندا، چالاکیی سمکۆ زیادی کرد و بەئاشکرا داوای سەربەخۆیی کوردستانی، یان هەرنەبیت ئۆتۆنۆمی دەکرد. لە ساڵی ١٩٢١ دا دەسەڵاتدرانی ئێران هەوڵیان دا پەلاماری هێزەکانی سمکۆ بدەن، بەڵام هیزەکانیان تێکشکان [١٧].دەسەڵاتدارانی ئێران، لەبەر ئەوەی توانای رووبەڕووبوونەوەی راپەڕینی کوردییان بەرابەری سمکۆ نەبوو، هەروەها بە مەبەستی بەدەستهێنانی کات، وتوویژیان لەگەڵ سمکۆدا دەستپێ کرد. تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە سەرهەنگ فیلیپۆڤ، فەرماندەی لەشکری قۆزاق(کازاک) ی رووسی لە ئێراندا سەردانی سمکۆی کرد، بەڵام سمکۆ هیچ ملی نەدا و هەر سووربوو لەسەر خەبات وتەنانەت هەڕەشەی گرتنی ورمێ و سەڵماس و خۆی دەکرد. هەموو نیوەی یەکەمی ١٩٢٢ سمکۆ دەسەڵاتی خۆی لە رۆژئاوا و خوارووی رۆژئاوای ئێراندا دەچەسپاند. لە ئایار/١٩٢٢ دا خۆی کردە پاشای "کوردستانی سەربەخۆ"، کە ناوچە رزگارنەکراوەکانیشی لەخۆدەگرت. ئەو مەملەکەتە کوردییە کۆرپەیە، تەنانەت نیشانەی خۆیشی هەبوو کە لە دوو تۆپی چیای لەیەکدراو لەگەڵ نوسینی "کوردستانی سەربەخۆ" ی لەسەر نەخشێنراوبوو. هاوینی ساڵی ١٩٢٢ هێزەکانی سمکۆ هێزەکانی ئێرانیان لە لای ساوجبلاخ (سابلاخ) تێك شکاند و و دواتر هەڕەشەی گرتنی تەورێز یان کرد. راپەڕیوان سابلاخیان کردە پایتەختی خۆیان و هەر لەوێ رۆژنامەیەکیان بەزمانی کوردی دەردەکرد. پرسی کوردی، بە بۆچوونی هاودەمەکانی ئەو کاتە، سنوورێکی هەڕەشەداری بەخۆیەوە گرتبوو. لە دەوروبەری تەورێز،مستەفا پاشای نەمرود، هاوپەیمانی سمکۆ کەوتە جموجۆڵ. حکومەتی ئێران،بەمەبەستی خاوکردنەوەی بارودۆخەکە، ناچاربوو لەگەڵ سمکۆدا رێککەوتنێک مۆربکات.بە پێی ئەو رێککەوتنە ئازادیی بازرگانی دەستەبەرکراو، دیل و گیراوەکانی هەردوولا گۆڕدرانەوە [١٨].

بەڵام هەر زۆر زوو دەسەڵاتدارانی ئێران ئەو رێککەوتنەیان پێشێلکرد و هێزیان بۆسەر سمکۆ نارد. ئەگەرچی هێزەکانی کورد ئەم پەلامارەیان تێکشکاند، بەڵام بەهاری ساڵی ١٩٢٢ رەزاخان هێزێکی پڕچەکی هەشت هەزار کەسی بەڕابەری جەنەراڵ جەهانیانی، کە لە رووسیای تەزاری خوێندنی سەربازی تەواوکردبوو، کردە سەریان. (٣)ی ئابی هەمان ساڵ لە شاکەبازی شەڕ دەستی پێکرد. زۆر لە هاوپەیمانانی سمکۆ هەڵهاتن و ئەم بە تەنیا لەگەڵ هێزێکی هەزارکەسیدا مایەوە و لە دواییدا ناچاربوو بۆ تورکیا بگوێزێتەوە [١٩].دوای ئەم رووداوانە شای ئێران بڕیاری رێکخستنەوە و نوێکردنەوەی لەشکری ئێران و پتەوکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی دا. سیاسەتی ناسیۆنالیزم و " بەفارسیکردن" ی کولتوور لە وڵاتەکەدا توندتربوو، هەموو ئەمانە بوونە هۆی بێزاربوونێکی زۆری میللەتە نافارسەکانی وەکو ئازەری و کورد [٢٠].

سمکۆ، کە لە یارمەتی و پشتیوانی ئینگلستان بێئومێد بوو، کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکاندا و کار گەیشتە ئەوەی کە چەک و تەقەمەنیشی لی وەرگرتن، بەڵام دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی ١٩٢٢ نێوان تورکیا و ئێران، یارمەتی دەسەڵاتدارانی تورک بڕدرا. لەساڵی ١٩٢٤دا، سمکۆ ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٦دا، سمکۆ دیسانەوە دەستی بە ڕاپەڕین کردەوە، بەڵام نەیتوانی لە ڕووی لەشکری ئێرانیدا بوەستێت و ناچار بوو جارێکی تر بۆ تورکیا هەڵبێت و لەوێش چەک کرا [٢١].

هەندێك هەواڵ لەسەر ئەوە هەن کە گوایە سمکۆ هەوڵیداوە یارمەتی لە سۆڤێت وەربگرێت و بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٩٢٦دا نوێنەری خۆی بۆ باکۆ ناردووە. بەڵام، لەکاتێکدا تەنانەت سەرچاوەی ئەم هەواڵانە ڕاستیش بن، سمکۆ کاتێکی نەگونجاوی بۆ ئەم پەیوەندییە هەڵبژاردووە، چونکە حکومەتی ئێران هەر لە ساڵی (١٩٢١)ەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیای سۆڤێتیدا ئاساییکردەوە و پەیمانی دۆستانەی لەگەڵیدا مۆرکرد. حکومەتی سۆڤێتیش هەرگیز ئامادە نەبووە، کارێک بکات ببێتەهۆی تێکدانی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا.

لە کۆتایی ساڵی١٩٢٦دا سمکۆ لە عێراق سەری هەڵدا و لەوێ مافی پەنابەری سیاسی وەرگرت، هەربۆیە حکومەتی عێراقیش بەرپەرچی داوای ئێرانی دایەوە، کاتێك حکومەتی تاران داوای بەدەستدانەوەی سمکۆی کرد، هەرچەندە بەڵێنی لێبوردنیشی بۆ دەرکردبوو. بەڵام دوای ئەوەی ڕەزاشا بەڵێنی دا کە سمکۆ بە پارێزگاری شنۆ دابمەزرێنێت، سەرکردەی کوردی بۆ ئێران گەڕایەوە. بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەی، لە ٢١ / حوزەیران/١٩٣٠دا لە شنۆ زۆر دڕندانە کوشتیان [٢٢].

کۆنفرانسی ئاشتی ١٩١٨، بۆ گەلی کورد بەهایەکی گەورەی هەبوو، چونکە هیوای سەربەخۆیی لەلا دروستکرد. "جەمعیەی تەعالی کوردستان" شەریف پاشای دیپلۆمات و کەسایەتیی سیاسی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی وەکو نوێنەری خۆی و سەرۆکی شاندی نافەرمی کوردی بۆ کۆنفرانسی ئاشتی لە شاری سیڤەر "Sevres" دەستنیشان کرد [٢٣]. مێژوونوسی کورد، ڕەفیق حیلمی، کە ماوەیەک سکرتێری تایبەتی شێخ مەحمود بووە، دەڵێت کە، شێخ مەحمود بۆ پشتیوانیکردنی کورد لە شەریف پاشا لە وتووێژدا، پەنجەمۆر و لایەنگریی لەناو خێڵە کوردەکاندا کۆکردۆتەوە[٢٤]. ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی تورکیا، بەناوی خۆیان و هەموو کوردەوە ڕێگەیان بە شەریف پاشا دا، کە لە کۆنفرانسی ئاشتیدا نوێنەرایەتیی کورد بکات.

شەریف پاشا لە کۆنفرانسەکەدا داواکاریی نەتەوەیی کوردی لە یاداشتێکدا "Memorandum sur les revandications du kurde" لە چوارده خاڵدا لەگەڵ پاشکۆی نەخشەی کوردستاندا خستە بەردەمی ئامادەبووان. ئەم بەڵگەنامە مێژووییە لە

(٢٢)ی مارتی(١٩١٩) دا له پاریس بڵاوکرایەوە و بوو بە بەڵگەیەك لە تێکۆشانی گەلی کورد بۆ چارەی خۆنوسین و بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کوردی و پێویستی گەرەنتیکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە تورکیادا و پاراستنی ژیان و سەروماڵ و ئازادی و یەکسانییان لەبەرامبەر یاسادا بەبێ جیاوازی رەسەن و نەتەوایەتی، زمان، رەگەز و ئایین [٢٥].

رووسیای سۆڤێت بەشداری مۆرکردنی پەیمانی سیڤەری نەکرد . بە پێچەوانەی بەرژەوەندی رووسیا، دەربەندە ئاوییەکان و ئازادیی هاتوچۆی دەریایی لە دەربەندەکان و دەریای رەش (بەندی ٣٧) بە کەشتیە جەنگییەکانیشەوە لە کاتی ئاشتی و هەروەها شەڕیشدا، نەدەبوو دەربەندەکان ئابڵۆقەبدرێن [٢٦].

ئا بەم شێوەیە، پەیمانی ئاشتی لە نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی لە لایەکەوە و، بەریتانیا، فەرنسا، ئەرمینیا، یۆنان، پورتوگال، رۆمانیا، سێربۆ- کەرواتیا، حیجاز و چیکۆسلۆڤاکیاوە لە لایەکی ترەوە، لە ١٠/ ئاب/ ١٩٢٠دا لە شاری سیڤەری قەراغ پاریس مۆرکرا. وشەی سیڤەر بۆ خۆی لەناو کورددا تا ئەمرۆش پیرۆزەو، ئازادییان بیردەخاتەوە. زۆر کورد بەناوی سیڤەرەوە ناوی منداڵی دەنێت. بەڵام پەیمانی سیڤەر بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی فەرمانی مردن بوو [٢٧].

دەوڵەتی عوسمانی، کە بە کردەوە نەمابوو، پەیمانی سیڤەری لە ئەستۆی خۆی گرتبوو. بەڵام لەولاوە بەرهەڵستییەکی زۆر دەکرا؛ یەکێك لە یەکەمین بڕیارەکانی، کە پەرلەمانی نوێی تورکیا " کۆمەڵەی مەزنی نەتەوەیی تورکیا"و ئەو حکومەتەش کە دەستنیشانی کرد، بە فەرمی هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیمان و رێککەوتنی حکومەتی ئەستەمبوڵ بوو. بەمەیش پەیمانی سیڤەر، پێش ئەوەی لەدایك بێت، لە لایەن حکومەتی نوێی تورکیاوە هەڵوەشێنرایەوە. ئەمەش بۆ ئەوان تا رادەیەک جێگەی تێگەیشتن بوو، چونکە ئەو پێشنیارە ئاشتییانەی کە لە پاریس بە نوێنەری تورکیا درابوو، دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی نەك تەنیا ئیمپراتۆرییەکە، بەڵکو تەنانەت خودی تورکیاش. لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوپەیمانەکان دانیان بە حکومەتی ئەنقەرەدا نەنابوو، بەڵام پەرلەمانی نوێی تورکیا لە کۆبونەوەی ١٨ / حوزەیران/ ١٩٢٠ دا، لە وەڵامی ئەو پێشنیارانەدا رایگەیاند، کە ئەمەکدارە بۆ "پەیمانی نیشتیمانی" و بە بەشکردنی خاکی تورکیا رازی نابێت [٢٨].

بەریتانیا و فەرنسا، وبەرادەیەکی کەمتر وڵاتانی تری مۆرکەری پەیمانی سیڤەر، زۆر زوو هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر کورد و بەڵێنەکانیانی خۆیان ،گۆڕی. چوار مانگ دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر، لە ٢٣ / کانونی یەکەم/ ١٩٢٠دا لە پاریس رێککەوتنێکی ئینگلیزی- فەرنسایی مۆرکرا. بە پێی ئەم رێککەوتنە سنووری کۆنترۆڵی هەردوولا لە عێراق و سوریادا دیاریکرا. هاوپەیمانەکان پەرەگرافەکانی پەیمانی سیڤەر و پرسی موسڵیان بۆ مەبەستی خۆیان بەکاردەهێنا. لەمرۆژەیشەوە کوردستانی سوریا (رۆژئاوای کوردستان) هاتە ناو نەخشەی سیاسییەوە، بەو پێیەیەی بەشێك لە خاکی کوردستان خرایە سەر سوریا، هەروەها

کوردستانی خوارووش دروستبوو. چەند ساڵێك دواتر، کۆمیسەری باڵای بەریتانیا دۆبس Dobbs لە وەڵامی پەیامنێری ڕۆژنامەی "مانچێستەر گاردیان" سەبارەت بەداهاتووی کورد، کە زۆر تورکیای سەغڵەتکردبوو، وتبووی: " هیچ پەیڤێك سەبارەت بە سەربەخۆیی کورد لەئارادا نییە و ناشبێت. تورکیا دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵەی میللەتان پێشنیاری کردووە ڕەچاوی تایبەتمەندیی زمان و لایەنی تری کوردی عێراق بکرێت، بەڵام هیچ کاتێك پرسی سەربەخۆیی کورد هەڵنادات." دۆبس دانی بەوەدا نابوو، کە پەیمانی سیڤەر بەڕاستی بنەمای ئەوەی لای تورکەکان دروستکردبوو کە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ وەکو یەکێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها ئەوەیشی خستبووە سەر کە " ئینگلیزەکان ئێستا بە تەواوەتی بۆچونی خۆیان گۆڕیوە.. "[٢٩]. بەم شێوەیە، پەیمانی سیڤەر لەدابەشکردنی کۆلۆنیالییانەی کوردستان بەولاوە هیچی تر نەبوو، هیچ گەرەنتیەکی بۆ دابینکردنی مافی گەلی کورد بەدەست نەهێنا.

دوای پتەوبوونی دەسەڵاتی کەمالیەکان لە تورکیا لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی و پشتیوانیی رووسیای سۆڤێتی و سەرکەوتنی هێزەکانی تورکیا لە جەنگی نەتەوەیی رزگاریخوازیی لە ١٩١٨-١٩٢٠ دا، کە بە بێ هاوکاریی بەهێزی کورد نەدەکرا، بەریتانیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر حکومەتی ئەنقەرەی مستەفا کەمال گۆڕی. وردە وردە کاتی مۆرکردنی پەیمانی نوێ، بەرەچاوکردنی هەلومەرجی نوێ و خواستی تورکیا، هاتەگۆڕێ. دانوستاندن دەستی پێکرد و بە کۆنفرانسی ئاشتی لۆزان بەڵام ئەمجارەیان بە بێ هاوبەشیی کورد و بە بێ ڕەچاوکردنی خواست و تێکۆشانیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و تەنانەت کەمترین ئاستی مافیان کۆتایی هات.کورد تێگەیشت، کە چارەنووسیان بە بێ ئامادەبوونی خۆیان دەستنیشان دەکرێت. پرسی کوردی بەردەوام لە ئۆرگانەکانی چاپەمەنی کوردیدا رۆشندەکرایەوە و دەخرایە بەر گفتوگۆ. بۆ نموونە، لە رۆژنامەی "رۆژی کوردستان" لە ١٩٢٢ دا، بەم شێوەیە نووسرابوو: "لەمڕۆژانەدا تورک و عەرەب لە لۆزان گفتوگۆ لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دەکەن، کە زۆربەی کوردە"؛ لە هەمان رۆژنامەشدا، لە ١٩٢٣ دا هاتبوو: " ئەگەر ئێمە هەموو جۆرە توانایەکمان بەکارنەهێنین ...، ئەوا زیانمان لێدەکەوێت و دەیان ساڵ نارەحەتی دەچێژین" [٣٠].

٢٣/کانونی دووەم/ ١٩٢٣ پەیمانی لۆزان مۆرکرا، کە بە گۆڕکەری پەیمانی سیڤەر دادەنرێت. هەروەکو کوردناسی رووسی ناسراو م. س. لازەرێف دەڵێت: " لۆزان هیچی بۆ کورد نەهێنا، بە پێچەوانەوە پرسی کوردی بۆ ئاستی پێش جەنگ گێڕایەوە، لە کاتێکدا بوونی کێشەی راستەقینەی هیچ لەگەڵ دان پیانانێکی فەرمی — یاسایی لە ئاسۆی یاسای نێونەتەوەییدا هاوشان نەبوو"[٣١].

حکومەتی سۆڤێت، وەکو هاوپەیمانی تورکیا (رێککەوتنی سۆڤێتی — تورکی ١٩٢١ و پەیمانی دۆستایەتی نێوانیان لە ١٩٢٣، لە بۆچوونی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە سوودی لە

گۆڕینی پەیمانی سیڤەر بە لۆزان دەبینی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگە بە ڕووسیای سۆڤێتی درا بەشداری لە کۆنفرانسی لۆزان ١٩٢٢- ١٩٢٣، تەنیا بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسی سیستمی دەربەندە دەریاییەکان بکات. ڕووسیای سۆڤێت پێشنیاری دەکرد، کە دەربەندە دەریاییەکان لە ڕووی کەشتییە جەنگییەکانی هەموو وڵاتاندا، بێجگە لە تورکیا، دابخرێن. لە بارودۆخی ئەودەمەدا، حکومەتی سۆڤێت لە دیدەنیگای بەرژەوەندی خۆی و تورکیا تەماشای ئەو پرسەی دەکرد، چونکە ئازادکردنی هاتوچۆ لە دەربەندە ئاوییەکان زۆر لە بەرژەوەندی بەریتانیا و وڵاتە زلهێزە دەریاییەکانی ئەورووپادا دەبوو. پێشنیاری حکومەتی ڕووس لە بەرژەوەندی تورک دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی تورکی ناچاربوو پێشنیاری ئینگلیز وەربگرێت [٣٢].

بەریتانیا، لە کاتی کۆنفرانسی لۆزاندا هەوڵی دەدا تورکیا بۆ لای خۆی رابکێشێت و ڕێژیمی کەمالی لە ڕووسیای سۆڤێتی دووربخاتەوە. لێرەدا نیاز و ڕووی ڕاستەقینەی پەیوەندیی ڕژێمی تورکی لەگەڵ ڕووسیای سۆڤێتیدا دەردەکەوێت، چونکە هەوڵدانی وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئەنقەرە بەکر سامی بەگ ئاشکرابوو کە دەیویست لە پشتپەردەوە، لە کاتی کارەکانی کۆنفرانسی لۆزاندا، لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیزدا ڕێکبکەوێت و پێشنیاری ئەوەی بۆ کردن کە بەرەیەکی هاوبەش دژ بە بەلشەڤیکەکان دروستبکەن [٣٣].هەرچەندە پەیمانی لۆزان، بەبەراورد لەگەڵ پەیمانی سیڤەر، هەلومەرجی باشتری بۆ وڵاتانی کەنار دەریای ڕەش و تورکیا تیادا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووسیای سۆڤێتی هەوڵی دەدا بەرژەوەندی خۆی و تورکیا، لە ڕێگەی سنووردارکردنی هاتوچۆی کەشتی جەنگییەوە بپارێزێت. بەڵام لۆزان، سەبارەت بە ئازادیی کەشتیەوانی لە دەربەندە ئاوییەکاندا بەگشتی و بەوپێیەی ڕەچاوی چەکداماڵینی ناوچەی دەوروبەری دەربەندە دەریاییەکان و بەڕێوەبردنیان لەلایەن کۆمیسیۆنێکی نێونەتەوەیی تایبەت و بڕیاری ئەنجامدانی دژەکاری هاوبەشی وڵاتان، لە کاتی لادانی هەرکامێك لە لایەنەکان لەو ڕێوشوێنە بڕیاردراوانەدا بەرژەوەندی بەریتانیای دەپاراست[٣٤]. لەبەر ئەم هۆیە و چەندانی تر، ڕووسیای سۆڤێتی بە لالوتییەوە بەڵگەنامەکانی ئەم پەیمانەی مۆرکرد بەبێ ئەوەی واژۆی بکات.

لە هەلومەرجی نارەزایی بەرفراوانی جەماوەری کوردستان لە چەوساندنەوەی تورکەکان و تێکۆشانی شێلگیرانە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی، داگیرکەری بەریتانی لە بەڵێنی دەستکراوەی سەبارەت بە " ڕێزگرتن و داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلان" ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کوردیشەوە، هیچ کەمتەرخەمییان نەکرد. بیروبۆچوونی کۆمیساری باڵای بەریتانیا لە عێراق، ئارنۆڵد ویلسن سەبارەت بەو هۆیانەی کە ئەمانی ناچارکرد دەمودەست بایەخ بە پرسی کوردی بدەن" جێگەی تێڕامانە. " هاوپەیمانان، - وەکو ئەم دەنووسێت، - دوای ئاگربەست، دەمودەست کەوتنە خەریکبوون بە کوردەوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەم سێ هەلومەرجە گرنگەی خوارەوە: پرسی داهاتووی ویلایەتی موسڵ، کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن؛ پرسی ناوچە

کوردییەکانی تر، کە دەکەونە سەرووی ویلایەتی موسڵەوە؛ هەروەها پرسی بزووتنەوەی کوردیی لەناو خاکی ئێراندا" [٣٥].

ئینگلیزەکان، کە باش تویژینەوەی بارودۆخی کوردستانی خواروو و تێکۆشانی کوردیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کردبوو، بڕیاریان دابوو پەلە لەمل پێکەچکردنیان نەکەن. بە مەبەستی راکێشانی کورد، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨دا ئەفسەرێکی خۆیان، مێجەر نوێڵیان بە هەندێك رێنوێنییەوە لەبارەی رێکخستنی رێوشوێنی ژیانەوە لەو ناوچانەدا و پەیداکردنی بڕواو بۆچون لە لای خەڵکی سەبارەت بە نیازپاکیی بەریتانیا بەرامبەر تێکۆشانی کورد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی، رەوانەی سلێمانی کرد. ئا بەم شێوەیە هەوڵیان دەدا زەمینەیەکی لەبار بۆ توندکردنی جێگەپێی بەریتانیا لەم ناوچە ئابوورییە سەربازییە- ستراتیژییە بڕەخسێنن.

دوای هاتنی کۆمیساری باڵای بەریتانی لە عێراق ئارنۆڵد ویلسن لە ١/ کانونی دووەم/١٩١٨ دا بۆ سلێمانی، یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسایەتیی گەورەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی خواروو شێخ مەحمود کرد. شێخ مەحمود لەو چاوپێکەوتنەدا بەڵگەنامەیەکی بە مۆری چل سەرداری ناوچەی جیاوازی کوردستانی عێراق و ئێرانی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر سایەی بەریتانیادا خستەڕوو [٣٦]. بەڵام ئینگلیزەکان هەڵوێستێکی پۆزەتیڤیان نەبوو، چونکە باش لەوە تێدەگەیشتن، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ وڵاتە دراوسێکان؛ واتە ئێران و تورکیا دەخاتە مەترسییەوە و ئارامیی ناوخۆییان تێك دەدات، هەرچەندە ئەو دوو وڵاتە ناکۆکیشیان لەگەڵ خودی بەریتانیادا هەبێت. ئینگلیزەکان، هەروەها تەماشای فاکتی دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤێت و خواستی وڵاتانی رۆژئاوایان لە دروستکردنی ناوچەیەکی "پشتێنی ئاسایش" لە دەوری وڵاتی سۆڤێت ، لەڕێگەی چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی هێز دژەسۆسیالیستی و ناسیونالیستیەکانی وەك حکومەتی رەزا شا لە ئێران و ئەتاتورك لە تورکیا دەکرد [٣٧].

لە ئاکامی سیاسەتی رەقی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە کوردستاندا، گرژییەکی زۆر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروستبوو، لە هەندێك ناوچەی باشووری کوردستاندا پشێویی دروستبوو، کە دواتر بوو بە راپەڕین. لە باکووری کوردستانی باشووردا راپەڕینێکی چەکداری بەڕابەری شێخ ئەحمەد بارزانی بەرپابوو. جێگەی سەرنجە کە دەسەڵاتی داگیرکەر بەتالیۆنە ئاشوورییەکانی دژ بە کوردە راپەڕیوەکان بەکاردەهێنا [٣٨]. فەرماندەیی ئینگلیز بۆ یارمەتی هێزە سەربازییەکانی ئاشوورییەکان، کە لە شەڕی دژ بە کورددا تەنگەتاوببوون، هێزی تری ئاشووری خۆبەخشی دەنارد و بە هەوڵێکی زۆر ئینجا توانییان لە ١٥ / ئەیلول/١٩٢٠، لە شەڕێکی سەختدا لە باکووری عێراق، هێزی کوردەکان تێکبشکێنن.

١٢/ مارت/١٩٢١ لە کۆنفرانسی قاهیرە، بە پێشنیاری وینستۆن چێرچڵ و راویژکارەکانی بڕیاردرا فەیسەڵ بکرێتە پاشای عێراق و هەروەها بەشی خوارووی کوردستان بە عێراقەوە

بلکێنرێت. ئەم بڕیارە بوو بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا. بۆ ئینگلیزەکان ئاسان نەبوو کۆنترۆڵی بارودۆخی عێراق بکەن، هەربۆیە چەند ناوچەیەکی دەوروبەری سلێمانییان لە یەکەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەییدا یەکخست و لە ١٤/ ئەیلول/١٩٢٢دا، بە نیازی رێکخستنی رێوشوێنی ژیان و رووبەڕووبوونەوەی هەوڵدانی تورکەکان بۆ دەستخستنە ناو کوردستانی باشوورەوە، شێخ مەحمودیان بە فەرمانڕەوا دانا. لە سلێمانی حکومەتێک دروستکرا. فەرمانڕەوای نوێ پلانی بەفەرمیکردنی زمان کوردی، دەرکردنی پولی پۆستە و پارەوپوڵ، دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی میللی و ... هتدی خستەڕوو. بۆ ماوەیەك رۆژنامەی "بانگی کوردستان" دەردەچوو، کە بوو بە ئۆرگانی فەرمی دەسەڵات و، دواتر رۆژنامەی "ئومێدی ئیستقلال" و رۆژی کوردستان" بڵاوکرانەوە. بەڵام خواستی گەورەی شێخ مەحمود و هەوڵدانی بۆ فراوانکردنی سنووری ژێر دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی کوردی و نەخواستنی بوون بە چەکێکی گوێلەمست بەدەست ئینگلیزەکانەوە، ئینگلیزەکانی ناچارکرد دەسەڵاتی شێخ مەحمود سنووردرابکەن و زۆر ناوچە لە ژێردەسەڵاتی بپچڕن.

گرژیی و ئاڵۆزی پەرەی سەند و لە ٣ / مارت/١٩٢٣ دا هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا بۆمبارانی سلێمانییان کرد و لە ئەنجامدا بەڕێوەبەرێتیی کوردی بەرابەری شێخ مەحمود شارەکەی بەجێهێشت، تا لە کۆتایی مارتی هەمانساڵدا هێزەکانی بەریتانیا زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشووریان کۆنترۆڵکرد، و پاش ماوەیەك سلێمانیشیان داگیرکرد. هێزەکانی کورد بە رابەری شێخ مەحمود، توانییان بۆ ماوەیەکی کورت شارەکە رزگار بکەنەوە و دواتر کەوتنە پیادەکردنی شێوەی خەباتی پارتیزانیی. شێخ مەحمود کەوتە گەڕان بەدوای هاوپەیمان لە دەرەوەی عێراقی تازە دروستبوو. ئەو باوەڕی نە بە تورکیا و نە بە ئێران هەبوو، بەڵام هیچ چارەیەکی نەمابوو، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بالیۆزی ئەمریکا لە تاران ئامادە نەبوو نوێنەری شێخ مەحمود، فکرەت ناوێك کە پێشتر ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو، پێشوازی بکات، کە بە نیازی روونکردنەوەی بارودۆخی ژیانی کورد چووبوو[٤٠]. سەرکردەی کورد لەم کاتەدا هیچ هێزێکی تری نەدەبینی، کە بتوانێت یارمەتی کورد لە خەباتیدا دژ بە چەوساوندنەوە ، بدات، بێجگە لە رووسیای سۆڤیێتی. بەڵام بەداخەوە چەندین یاداشتی شێخ مەحمود بۆ حکومەتی سۆڤیێتی بەبێ وەڵام مایەوە[٤١].

دوای داگیرکردنی سلێمانی و درێژەدان بە شەڕی پارتیزانی، شێخ مەحمود، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا سەرنجی راوبۆچوونی گشتیی جیهانی بۆ رووداوەکانی باشووری کوردستان رابکێشێت. لە ناوەڕاستی ساڵی١٩٢٣ دا، شێخ مەحمود لە کاتێکدا لەناو خاکی ئێراندا بوو، جارێکی تر رووی کردەوە حکومەتی سۆڤیێتی و لە ١٠/ حوزەیران/١٩٢٣ نامەیەکی بە مۆری سەرانی بزووتنەوەی کورد بۆ ناردن، کە تیایدا هاتبوو:" لە سەرەتای جەنگی جیهانییەوە، ئێمە

دانیشتوانی کوردستانی باشوور، چەندان جار داوامان لە ئینگلیزەکان کردووە کە دان بە داخوازییە نەتەوەییەکانماندا بنێین. بەڵام هێزەکانی بەریتانیا و فرۆکەکانیان لە وێرانکردنی وڵاتەکەمان و کوشتنی خەڵکی بەردەوامن و هیچ بوارێکمان نادەن، تەنانەت نارەزایی و دڵگەرمیمان دەربڕین. لە ساڵی ١٩٢٢ەوە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز، بە یارمەتی هێزە سەربازییەکان. هەموو توانایەکیان خستۆتەگەڕ، بۆ ئەوەی بە زۆر کوردستانی باشوور بە عەرەبستانەوە بلکێنن. دوای داگیرکردنی کوردستان، ئاور لە هیچ یاسایەك نادەنەوە. لە پێناوی مرۆڤایەتیدا داوای ناردنی شاندێکی دادپەروەر دەکەین، کە بتوانێت بە چاوی خۆی وێرانکاریی ئینگلیزەکان ببینێت [٤٢].

هەروەها لە سێیەمین نامەی شێخ مەحمود بەرزنجی، کە لە ٢٧/ حوزەیران/١٩٢٣دا بۆ حکومەتی سۆڤێتی نێردرا، نووسرابوو: " فشاری هێزە ئینگلیزییەکان رۆژبەرۆژ گەورەتر دەبێت، هەموو دانیشتوانی کوردستان دووچاری بۆمباران و پەلاماری لەشکر بۆتەوە. نزیکەی (٢٠٠)خانەوادە لەژێر فشاری هێزە دوژمنەکانەوە ناچاری کۆچکردن لە سلێمانی بوون. دەیان کەسی دیلکراو بۆ بەغدا رەوانەکراون. برێکی زۆر موڵک و ماڵی خەڵك زەوتکراوە. بەم شێوەیە، وڵاتەکە رووبەرووی تاڵانکردن بۆتەوە. داوای دادپەروەریی دژ بەو زوڵم و زۆرە دەکەین [٤٣]. بەڵام حکومەتی سۆڤێت هیچ ئاوڕی لەم نامە و داخوازییانەی شێخ مەحمود نەدایەوە، چونکە بە دەستکرد و چەکی دەستی ئینگلیزی دادەنا، ئەگەرچی شێخ مەحمود هەر درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا، بەڵام هاوسەنگیی هێزەکان لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوون، هەروەها لە ئاستی ناوخۆدا، هیچ پارتێکی سیاسیش نەبوو پشتگیری بکات و هیچ وڵاتێکی دۆستیش نەبوو یارمەتی بدات.

لە لایەکی ترەوە، لەسەر ئاستی ناوچەکە نەخشەیەکی سیاسی و هاوپەیمانییەکی کۆن و نوێ دژ بەکورد لە دروستبووندا بوو. مەلیک فەیسەڵ، بە مەبەستی دژایەتیکردنی خەباتی کورد و پاراستنی " ئاسایشی عێراق" پشتی بە یارمەتی نەک تەنیا بەریتانیا بەستبوو، بەڵکو سوودی لە یارمەتیی تورکیا و ئێرانیش، بەتایبەتی ئەمەی دواییان وەردەگرت. ئێران لە ساڵی ١٩٢٩ەوە بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی عێراقدا نا و پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵدا بەست. بەریتانیا دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنا بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری ئێران بۆ سوپای عێراق بەو مەبەستەی بزوتنەوەی شێخ مەحمود داپڵۆسێت. لە نیسانی ١٩٣١دا ئۆپیراسیۆنی هاوبەشیان بۆ ئەو مەبەستە کرد. ئەم هاوکارییەی سوپای ئێران و عێراق بوو بە سەرەتایەک بۆ کاری هاوبەشی داهاتوویان. دوای بەرگرییەکی زۆری سەرنەکەوتوو، شێخ مەحمود، کە لە شێوازی خەباتی چەکداری بێئومێد ببوو و بڕوای بە بێ کەڵکی بەرەنگاربوونەوە کرد، لە نیسانی ١٩٣١دا خۆی بەدەست دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دا، کە بۆ خوارووی عێراقیان رەوانەکرد.

لەمانەی سەرەوە دەتوانرێت ئەو دەرئەنجامە بکرێت، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتیش دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، پرسی کورد لە سنووری ناوچەیی تورکیا و ئێران

دەرچوو و چووە ناو ئەجیندای کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکان و لەو کاتە بەدواوە وڵاتانی گەورەی ڕۆژئاوا کەوتنە هەوڵی چارەسەری پرسی کورد؛ بەواتایەکی تر پرسەکە ڕوخسارێکی نێونەتەوەیی وەرگرت. بەڵام زلهێزان، بە تایبەتیش ئیمپریالیزمی بەریتانیا، کێشەی کوردییان لە بەرژەوەندی دابینکردنی هێشتنەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنا و بەرژەوەندی گەلی کوردیان کردە قوربانیی بەدیهێنانی نەخشەکانی خۆیان بۆ دەستگرتن بەسەر کانزا بەنرخ و مەڵبەندە گرنگەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- کەمال مەزهەر ئەحمەد. کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. بەغدا- ١٩٨٩. ل ٣٢، بە عەرەبی.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٩؛ هەروەها : سدیق ئەلدملوجی. میرنشینی بادینان یان ئیمارەتی ئامێدی. موسڵ- ١٩٥٢. ل ١٢٠. بە عەرەبی.

٣- کەمال مەزهەر ئەحمەد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٢؛ هەروەها: م. س. لازەرێڤ. کوردستان و کێشەی کوردی (نەوەدەکانی سەدەی نۆزدە - ١٩١٧) . مۆسکۆ- ١٩٦٤. ل ٢٦٧. بە رووسی

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١١٩.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٥٢.

٦- بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی نوێ و نوێتردا. چەند نوسەرێک. مۆسکۆ — ١٩٨٧. ل ٦٨. بە رووسی.

٧- م. س. لازەرێڤ. سەرچاوەی پێشوو. ل١٧٨.

٨- ئارنۆڵد ۆیڵسۆن / میزۆپۆتامیا (١٩١٧-١٠٢٠). لەندەن- ١٩٢٥. ل٣٢. بە زمانی ئینگلیزی

٩- م. س. لازەرێڤ. سەرچاوەی پێشوو. ل٢٦٨.

١٠- ئەرشیڤی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا- فۆندی سیاسی- ١٩١٢. ل٨٦، ٢٧١.

١١- شاکرۆی محۆ. پرسی نەتەوەیی کوردیی لە عێراق لە سەردەمی هەرەنوێدا. مۆسکۆ- ١٩٩١. ل ١٠. بە رووسی.

١٢- یو. ئا. پیترۆسیان. ئیمپراتۆریای عوسمانی. مۆسکۆ-٢٠٠٣. ل ٣٩٥. بە رووسی.

١٣- کامەران بەدرخان. وتاری " کوردستان"، گۆڤاری (دروژبا)("دۆستایەتی") ژ ٠٥-٣-٢٠٠٣.

ل٤١-٤٥. بە رووسی.

١٤- م. ئا. هەسرەتیان. کوردی تورکیا لە سەردەمی نوێ و هەرەنوێدا. یەریڤان- ١٩٩٠ ل٦-٧؛ هەروەها: قەدری جەمیل پاشا. پرسی کوردستان- ٦٩ ساڵ خەباتی چەکداریی گەلی کورد دژ بە کۆیلەیی. بێروت- ١٩٩٩. ل ٥٤. بە عەرەبی.

١٥- یو. ئا. پیترۆسیان. سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٩٧.

١٦- سادقی شەرەفکەندی. کورتەیەکی مێژووی بزووتنە نەتەوەییەکانی کورد. ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥.ل ٦٤. بە کوردی.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٨٩.

١٨ م. س. لازەرێڤ. ئیمپریالیزم و پرسی کوردی (١٩١٧-١٩٢٣) مۆسکۆ- ١٩٨٩. ل ٢٢١. بە رووسی.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو و جێگە.

٢٠- م. رەزا گودس. ئێران لە سەدەی بیستدا. مێژووی سیاسی. مۆسکۆ-١٩٩٤. ل١٦-١٧. بە رووسی.

٢١- س. شەرەفکەندی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٩١-٩٢.

٢٢- هەمان سەرچاوە. ل٩٣

٢٣- کامەران بەدرخان. هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ هەروەها: م.س. لازەرێڤ. ئیمپریالیزم و پرسی کوردی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٣٧.

٢٤- رەفیق حیلمی. بیرەوەرییەکان- کوردستانی عێراق و راپەڕینی شێخ مەحمود. بەرگی ١و٢. بەغدا-١٩٨٨. ل٦٥-٦٦؛ هەروەها کامەران بەدرخان. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی نوێ و هەرەنوێدا. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٨٩؛ هەروەها: پەیوەندیی کوردیی- سویدی لە ماوەی هەزارساڵدا- رۆهات ئەلەکۆم. ستۆکهۆڵم-٢٠٠٠. بە سویدی؛ هەروەها: قەدری جەمیل پاشا. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٦٦.

٢٦- پەیوەندی رووسی- تورکی. کۆمەڵێك نووسەر. مۆسکۆ- ٢٠٠٣. ل٥١. بە رووسی.

٢٧- ولیام ئیگلتۆن. کۆماری مەهاباد. بێروت- ١٩٧٢. ل٣١. بە عەرەبی؛ هەروەها: م. س. لازەرێڤ. ئیمپریالیزم و... . هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٨٢.

٢٨- م. ئا. هەسرەتیان، س. ن. ئۆریشکۆڤا. کورتەیەکی مێژووی تورکیا. مۆسکۆ-١٩٨٣. ل ١٦٨. بە رووسی.

٢٩- رۆژنامەی" زاریا ڤەستۆکا" ژ. ١١٤٦ لە ١٩٢٦/٩/٤ دا. بە رووسی.

٣٠- رۆژنامەی " رۆژا کورد" ژ. ٦- ساڵی ١٩٢٢.

٣١- م. س. لازەرێڤ. ئیمپریالیزم.. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٧٨.

٣٢- پەیوەندی رووسی- تورکی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٩- ٨٠.

٣٣- هەمان سەرچاوە. ل١٢٣.

٣٤- هەمان سەرچاوە. ل ١٣٢.

٣٥- رەفیق حیلمی. بیرەوەری.. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٠-٥١.

٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو و جێگە؛ هەروەها: ئارنۆڵد ۆیلسن. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٢؛ هەروەها: بزووتنەوەی کوردی لە سەردەمی نوێ و هەرەنوێدا. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٣٠-١٣١

٣٧- کەمال مەزهەر. چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. بەرگی ١. بەغدا- ١٩٨٥. ل١٠٨-١٠٩. بە عەرەبی.

٣٨- ک. ب. ماتڤێیڤ (بارِ- مەتتی)، تی . ئی. مار- یوحەننا. پرسی ئاشووری لە سەردەم و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. مۆسکۆ- ١٩٦٨. ل ٨٤. بە رووسی.

٣٩- کەمال مەزهەر. بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق لە ١٩١٨- ١٩٥٨. مۆسکۆ- ١٩٦٩. ل١٠٤. بە رووسی.

٤٠- کەمال مەزهەر. کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی. بەغدا-١٩٨٩. ل ٣٢٢-٣٢٣.

٤١- کەمال مەزهەر. بزووتنەوەی رزگاریخوازی... . هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١١٨.

٤٢- رۆژنامەی "پراڤدا". ژمارەی ١٩٢٣/٦/٢٨. بە رووسی.

٤٣- شاکرۆی محۆ. پرسی نەتەوەیی کوردی... هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤١-٤٢.

# بنەماكانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی كوردستانو توركیا * ١٩٩١-١٩٩٨

هێرش عەبدوڵلا حەمەكەریم

سروشتی پەیوەندییەكانی نێوان دوو لایەن لەسەر كۆمەڵێك بنەما بەندە، لاوازیو بەهێزی یان رێژەی بەتینیو سستی، جۆرو شێوەی پەیوەندییەكان دیاری دەكات. لەم بابەتەدا لێكۆڵینەوەو بوراودكاری لەسەر بنەماكانی پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستانو توركیا دەكرێت. لەڕوی جوگرافیای سیاسییەوە باس لەپێگەی هەردوولا دەكەین، پاشان پێكهاتەی سیاسیو دانیشتوانو لایەنی سەربازیو ئابووریو كێشە مێژوویەكان تاوتوێ دەكرێت، لەمیانەیدا خاڵی لاوازو بەهێزو نەگۆڕە سیاسییەكان ئاماژەی بۆ دەكەین. بەم شێوەیەی خوارەوە:

## بنەمای یەكەم-جوگرافیای سیاسی

هەرێمی *كوردستان، چەمكێكی جوگرافیو سیاسییە، بە باشووری كوردستان دەوترێت كە ڕووبەرەكەی (٧٣,٦١٨ كم$^{٢}$)[١]، لە ساڵی ١٩٢٦ [٢] بە فەرمی بە دەوڵەتی عێراقەوە لكێنراوە، بەڵام هەرێمی كوردستان وەك چەمكێكی سیاسی كە لە ساڵی ١٩٩١دا دوای

---

*ئەم باسە بەشێكە لە كتێبێكی نووسەر، كە بەم نزیكانە لە لایەن (مەڵبەندی كوردۆلۆجی لە هەرێمی كوردستان) ەوە بلاۆدەكرێتەوە.

* هەرێم: ڕووپێوێكی زەمینە، ڕوخسارو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیەو ئەو ڕوخسارو خاسیەتە تایبەتانە یەكپارچەیی بەرجەستە دەكەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئازاد محمد أمین نەقشبەندیو ئەوانی تر: جوگرافیای هەرێمی كوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١٣.

١- جزا توفیق طالب : المقومات الجیوبولتیكیه للامن القومی فی أقلیم كردستان، مركز دراسات استراتیجیه كردستان، للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، ٢٠٠٥، ل٢٠ .بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

٢- بڕوانە دەقی ڕێككەوتننامەكە، پاشكۆی ژمارە (١).

کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەغداد نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەست هێنا، لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە بەڕێوەبراوەو ڕووبەرەکەی (٤١,٩٣٩ کم$^2$) بووە، واتە هەموو سنووری جوگرافی باشووری کوردستانی نەگرتۆتەوە[١]، ئەم هەرێمە لە ٩٪ی خاکی عێراقە[٢]، بەپێی نەخشەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی (unicef) کە لە ساڵی ١٩٩٧ کێشاویەتی، کەوتووەتە نێوان هێڵی پانی (٣٨ و٣٤)و هێڵی درێژی (٤٠و ٤٧)، ئەم هەرێمە پارێزگاکانی هەولێر (پایتەختی هەرێم)و سلێمانیو دهۆك، قەزای ئاکرێو شێخانو ناحیەی ئەتروشو بەردەڕەش لە پارێزگای موسڵ، قەزای کفریو ناوچەی سەرقەڵاو پشتقەڵا لە پارێزگای دیالەو هەندێ ناوچەی بچووك لە پارێزگای کەرکووکی دەگرتەوە، بەڵام هەندێ ناوچەی تری پارێزگای هەولێر وەك قەزای مەخمور و دیبەگە لەدەرەوەی ئەم هەرێمە بوون[٣].

هەرێمی کوردستان سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ هەریەك لە عێراق بەدرێژی (٦٥٠کم)، ئێران (٥١٣کم)، سوریا (١٠کم)، تورکیا (٣٧٧کم) هەیە[٤]، ئەوەی سنووری تورکیا لە سنووری دەوڵەتە دراوسێکان جیا دەکاتەوە، بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی ساڵی (١٩٢٦)، لە نێوان عێراقو تورکیا دیاری کراوە، لە ڕووی سروشتییەوە[٥] زنجیرە شاخێك بە ناوی چیای تۆرۆس دیاری دەکات، بەرزترین لووتکەی شاخی زۆزانە، کە (٢٤١١م) بەرزە[٦]، لای ڕۆژهەڵاتی ئەم چیایە بەرزو سەختەو هەتا بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات نزم دەبێتەوە، ئەم سنوورە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە خاڵی (حاجی بەگ) دەست پێدەکاتو بە چەندین شاخو دۆڵدا ڕووەو ڕۆژئاوا

---

١ - كوردستان نبذة تأريخية جغرافية اقتصادية، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ١٩٩٨، ل٦٣.

2Carole A. O'Leary:THE KURDS OF IRAQ: RECENT HISTORY, FUTURE PROSPECTS. *Middle East Review of International Affairs*. Volume 6, No. 4 - December 2002 ..www.meria.idc.icil

٣- ئەم نەخشەیە لەساڵی ١٩٩٧ کێشراوە، بەڵام پێش ئەم مێژووە، سنووری هەرێمەکە لەگەڵ عێراق، بەپێی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە لەگۆڕاندا بووەو بارێکی جێگیری نەبووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢): UNICEF. ARBIL. 10 APRAL **97**

٤- جزا توفيق گالب: المقومات الجيوبولوتيكيه، ل٢٤١" سنووری سوریاو عێراقو ئێران بەهاوکاریی بەشی جوگرافیا، کولێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، پێوانە کراوە.

٥- بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣).

٦- ئازاد محمد أمين نەقشبەندیو ئەوانی تر: جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٥١.

دەڕوات، دۆڵی ڕوەکوچكو ناوچەی دۆسکیو شاخی ژیریو زۆزان دەبڕێت تا دەگاتە ڕووباری خاپورو ئەم ڕووبارە دەبێتە هێڵی سنووری، تا دەگاتە ناوچەی فیشخاپور، لێرەوە سنووری نێوان هەرێمی کوردستانو سوریا دەست پێدەکات[1].

بایەخی جوگرافیای سیاسی لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان دوولایەنە بووە:

## ١- بایەخی جوگرافیای هەرێم بۆ تورکیا:

بایەخی جوگرافیای ئەم هەرێمە، لە ڕۆژی دروستبوونییەوە دەست پێدەکات، کاتێك لە ئەنجامی دووەمین جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دانیشتوانی باشووری کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدادا، نارەزایی خۆیان بە ڕاپەڕینو کۆڕەو دەربڕی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی گشتی کە دژ بە دەوڵەتی عێراقی لە شەڕدا بوو، بۆ دەست بەستنی عێراق لە ڕەشەکوژی کردنی خەڵکی هەرێم، بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی دەرکرد،[2] دواجار بەهۆی پێکهێنانی هێزێکی نێودەوڵەتی لە (بنکەی ئەنجەرلیك) ی ناو خاکی تورکیا، هەرێم مافی پاراستنی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا.[3]

ئەم هەرێمەی کوردستان بایەخی تایبەتی هەبوو بۆ تورکیا لەوانە:

- هەرێمی کوردستان دوور لە دەسەڵاتی عێراق، سنوورێکی (٣٧٧کم)ی لەگەڵ تورکیا بەدەستەوە بوو، هیچ جۆرە خاڵێکی سنووری هاوبەش لە نێوان تورکیاو عێراقدا نەما، لە بری عێراق بوو بە دەوڵەتی دراوسێی تورکیا.
- ئەم هەرێمە بەهۆی بڕیاری (٦٨٨) ی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەربەخۆیی بەدەست هێناو بە (کوردستانی سەربەخۆ) ناوزەد کرا[4]، بە واتایەکی تر هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ دەوڵەتێك بێت، وەك (کاری کردە-de facto) لە ژێر زەبری

١- نصیف جاسم المگلبی: موقع تورکیا الجیوستراتیجی وأهمیتە للعراق، رسالە دکتوراە غیر منشورە، قسم الجغرافیا، کلیە الاداب، جامعە بغداد، ١٩٨٦، ل٢٠٨.

٢- بڕوانە دەقی بڕیارەکە، پاشکۆی ژمارە(٢).

٣- درێژەی ئەم باسە لەبەشی سێیەم، تەوەرەی یەکەمدا باسکراوە.

4- Chris Kutschera: The Kurds' Secret Scenarios. Middle East Report ,www .MERIP. org/mer. Htm.

گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگ خۆی سەپاند، تورکیا نەیدەتوانی خۆی لەو ڕاستییە لابدات، پێویست بوو وەك هەرێمێکی جوگرافی هاوسنوور مامەڵەی لەگەڵدا بکات[١].

ئەمە لە کاتێکدا بوو خودی دەوڵەتی تورکیا بە سەرکردایەتیی (تورگۆت ئۆزاڵ) لە بواری فراوانبوونو گۆڕانو کرانەوەدا بوو، نەك تەنها بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو بە رووی رۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا بە گشتی.

ئەم بارە نوێیەی تورکیا کەوتبووە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکەوە:

أ. لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠دا ، هەڕەشەی (٤٥) ساڵەی جەنگی سارد ١٩٤٥-١٩٩٠ لە سەر تورکیا وەك دەوڵەتێکی سەر بە بلۆکی ڕۆژئاوا، نەما.

ب. بیری فراوانبوونی تورکیا لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە برەودا بوو، نەخشەیەکی نوێ تەشەنەی کرد تیایدا جگە لە هەرێمی کوردستان، کۆمارە تازەکانی ئاسیای ناوەڕاست، (تورکمانستان، ئوزبەکستان، تاجیکستان، قیرغیزستان، کازاخستان)ی لەخۆ گرتبوو، ئەم نەخشەیە بە ناوی "تورکیا لە سەدەی ٢١دا" لەژێر دروشمی "هێزێکی نوێ لە دایك دەبێت" بلاٌوبووە[٢]، (تۆرگۆت ئۆزال) لە کاتی کرانەوەی یەکەم پرۆژەی (گاب) لەساڵی ١٩٩٢ ڕایگەیاند کە سەدەی (٢١) سەدەی تورکیا دەبێت[٣]. لەم سۆنگەیەوە تورکیا لەو باوەڕەدا بوو (پیاوە نەخۆشەکە)* ی سەرەتای سەدەی بیستەم، لە سەدەی بیستویەکەمدا دەبێتە گەورەترین هێزی جیهانی.

ت. لە ئاکامی جەنگی کەنداودا، عێراق شکستی هێناو هێزە سەربازییەکەی لە ناوچەکەدا لاواز بوو، هەروەها تەواوی دەسەلاٌتی لە هەرێمی کوردستان لە دەست دا، ئەمە هەلێك بوو لە بەردەم تورکیادا بۆ فراوان کردنی هێزی سیاسی خۆی لە هەرێمی کوردستان.

١- ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٢، ل٢٠٥.

٢- أصغر جعفر ولدانی :جشم داشتهای ترکیة بةشمال عراق، بش دوم، مجلة (اطلاعات سیاسی اقتصادی) شماره ٩٨-٩٧، ل٥٠.

٣- محمد نور الدین: ترکیا فی زمن المتحول قلق الهویة وصراع الخیارات، ریاض الریس للکتب والنشر، لندن١٩٩٧، ل١٤٨.

*ئەم چەمکە یەکەم جار لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە لایەن قەیسەری ڕوسیا بەکارهات لەبەرامبەر سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی لاواز بوونی دەوڵەتەکەی، بەردەوامیش لەناوەندی نێو دەوڵەتی دا بەکار دەهات تاساڵی لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە (١٩٢٣) .

پ. له سایەی (سیستەمی نوێی جیهانی)* بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، تورکیا وەك هاوپەیمانێك تەریب بە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە، ستراتیجی کاری بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گۆڕی، بە واتایەکی تر هاوپەیمانیی نێوان ئەمریکا وەك بەهێزترین دەوڵەتی جیهانو تورکیای لاواز لە ئاستیدا، بەدوای خۆی ستراتیجی ئەنقەرەی بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕاپێچ کرد[١].

لەم نێوەندەدا تورکیا خۆی لە بەردەم ڕمانی یەکێتیی سۆڤیەتو بەزینی عێراقو ماندوو بوونی ئێران لە یەکەمین جەنگی کەنداودا ١٩٨٠-١٩٨٨ بینیەوە، هەموو ئەمانە ئەو باوەڕەیان لای تورکیا دروست کرد کە هەلومەرج لەبارە بۆ خۆدەرخستن وەك هێزێکی گەورە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

## ٢-بایەخی جوگرافیی تورکیا بۆ هەرێم:

هەرێم لە ڕووی پێگەی فەلەکییەوە، بە بەراورد لەگەڵ تورکیا لاوازە، بە شێوەیەك ڕووبەری تورکیا (٧٦٦٦٤٠کم٢)، کەوتووەتە نێوان هێڵی پانی (٣٦-٤٢)، هەروەها هێڵی درێژی (٢٦-٤٥)[٢]، لە (٦) بازنەی پانیدا پانتایی داگیر دەکات، ئەمە کاری کردووەتە سەر جۆراوجۆری ئاووهەوای تورکیاو ڕەنگدانەوەی لەسەر چالاکبوونی مرۆییو ئابووری، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان نەدەگەیشتە پڕکردنەوەی سێ بازنەی پانی، کە وایکرد بوو هەرێم پێویستی بە تورکیا بێت.

پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دوورونزیکی لە ئاوی دەریاوە لاوازە، هیچ دەروازەیەکی ئاوی نییە، بە جۆرێك لە ڕووی چالاکیو پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دابڕاوە، تەنها لە ڕێگەی دەوڵەتە دراوسێکانەوە دەتوانێ پەیوەندییەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. لەم لایەنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە تورکیا بەستووە، چونکە زۆرترین کەناری ئاوی هەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداو درێژیی کەناراوەکانی (٨٢٣٣کم)[٣] دەبێت، جگە لەوە نزیکترین کەناری ئاوی لە هەرێمەوە کەنارەکانی تورکیابوو بە ڕووی دەریای ناوەڕاستدا. جگە لەمە

---

*بۆ یەکەم جار ئەم چەمکە لە١١ سێپتەمبەری ١٩٩٠ دا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش بەکارهات.

١ جیهانگیر کرمی: گزارش از تحولات شمال عراق در هە١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجله (سیاست دفاعی)، شماره ٢١-٢٠، ١٣٧٦، ل٢١٣.

٢- إبراهيم خليل أحمد وأخرون: تركيا المعاصرة، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٨٥، ل٨.

٣- إبراهيم خليل أحمد وأخرون: تركيا المعاصرة، ل٧-٨.

تورکیا یەکەم دەوڵەتی ئاسیا بوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ڕووبەری (٢٣,٧٦٤کم$^2$) بەندبوو بە ئەوروپاوە[١]، کە ڕۆڵی پردی پەیوەندییەکانی دەگێڕا لە نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکا.

هەرێمی کوردستان لە باشوورەوە هەمیشە لە ژێر هەژموونی عێراقدا بوو، لە ڕۆژهەڵات ئێرانو لە ڕۆژئاوا سوریا، چونکە وەك تورکیا لە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە دژی عێراق بەشدار نەبوون، لە کاتێکدا تورکیا خاکەکەی لە لایەن هاوپەیمانانەوە بەکار دەهاتو سوپاکەی لە پاراستنی هەرێمەکە بەشدار بوو[٢].

هەموو ئەمانە وا دەکەن تورکیا جێگەی بایەخ بێت بۆ هەرێمی کوردستانو یەکەم سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (محەمەد فوئاد مەعصوم) لەم بارەیەوە ڕای گەیاند: "تورکیا کەناڵی ژیانی ئێمەیە، بەبێ تورکیا ئێمە دەسەوسان دەبین"[٣]. لێرەدا فراوان بوونی دەسەڵاتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان ستراتیجێك بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسێکی لەپشتەوە بوو، چونکە وەك سەرۆکی پارتی کرێکارانی تورکیا دەڵێت: "کارەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا ئەوەی بۆ تورکیا دەرخست، یان دەبێت بەرەو گەورەبوون گەشە بکات ، یان دەبێت بچوك ببێتەوە"[٤]. بە مانایەکی تر ئەگەر تورکیا مامەڵەیەکی واقیعی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەکات ئەوا دور نییە خودی تورکیا لە بەردەم نەخشەی دابەشبووندا بێت.

لەم سۆنگەیەوە تورکیا ئەوەی پەسەند کرد لەگەڵ هەرێم جۆرێك لە پەیوەندی ببەستێتو پرۆژەی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا پەسەند بکات، بەڵام بە ناوی "باکووری عێراق" نەك بە ناوی "کوردستان"، ئەم شێوە وتارەی تورکیا تا ساڵی ٢٠٠٥ هەر بەردەوام بوو، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وتی: "ناوێك نییە بە ناوی هەرێمی کوردستان"، هەمان ڕۆژ وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاند: "تورکیا دژی وڵاتێکی سەربەخۆیە بە ناوی کوردستان، وشەی کوردستان نە لە عێراق نە لە ئێران هیچ مانایەکی سیاسیی نییە "[٥].

---

١- نصيف جاسم مطلبي: موقع تورکيا الجيوستراتيجية، ل٢١.

٢- رواء محمد ملا: سياسة التدخل الامريکي، دراسة الحالة في شمال العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، کلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٨، ل١٢٣-١٢٤.

٣- مجلة (شؤون ترکية): الاستقلال التدريجي لاکراد العراق في التقرير الامريکي، مرکز الدراسات الاستراتيجية للبحوث و التوثيق، عدد(٤)، ١٩٩٢، ل١٩

4- Dogu perincek: the northern Iraq operation: turkey entered u.s –supervised territory .Turkish daily news. april.1995.www.hartford-hmp.com

5- Ankara first: we Don't know Kurdistan region. Then correction sabh Newspaper, 05 September. 2005.

## بنەمای دووەم-بنەما سیاسییەکان

## یەکەم-سیستەمی سیاسیی تورکیا

چوارچێوەی دەستووریو یاسایی دروستکەری بڕیار لە تورکیا، یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییە، یەکەمیان لەژێر ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا) بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ کار دەکات، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٥ پێنج سەدو پەنجا کورسی بووە، ماوەی ئەندام پەرلەمان پێنج ساڵ بوو، جگە لە کاری یاسادانان سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ حەوت ساڵو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێنج ساڵ دیاری کراوە[1]، پەرلەمانی تورکیا پابەندی دەستوورێکە گۆڕانی کەم تێدا دەکرێتو لە بەردەم پەرلەماندا بۆتە لەمپەرێك کە ڕێگرە لە بەردەم ژیانی ڕاستەقینەی دیموکراتیی پەرلەمانتاری[2].

دەسەڵاتی دووەم لە تورکیا، جێبەجێکردنە، کە لە سێ لایەن پێکهاتووە:

● سەرۆك کۆمار، سەرکردەی سوپای تورکیایە، مافی ئەوەی هەیە پەرلەمان بانگێشت بکات بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارێکی پەرلەمانو لەبەردەمیدا بەرپرس نییە.

●ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێتو لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێدەدرێت، دەستەلاتی بڕیار دەرکردنو ڕێکخستنی باری سیاسیو ئابووریو دارایی هەیە، هەروەها ئامادە باشکردنی سوپای تورکیا لە سنووری دەسەلاتی سەرەك وەزیرانە[3].

● ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی: لەسەرەك وەزیران، وەزیرانی بەرگری، ناوخۆ، دەرەوە، سەرەك ئەرکانی گشتی، سەرکردە سەربازییە بالاکان، سەرکردەی سوپای ئاسایشی گشتی پێکدێت ، بە سەرۆکایەتیی سەرۆك کۆمار کۆدەبێتەوە، ئەم ئەنجومەنە پێشنیار دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە ساڵی دامەزراندنیەوە ١٩٦١ زۆرینەی پێشنیارەکانی جێبەجێ کراونو ڕەت نەکراونەتەوە.

دەسەلاتی سێیەم دادوەرییە، ئەرکی یەکلایکردنەوەی کێشەکانی لە ئەستۆدایە، گرنگترینیان: دادگای دەستووری، دادگای ئیستئنافو دادگای سەربازییە[4].

---

١- جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی ترکیا والعلاقات العربیة الترکیة، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ١٩٩٨، ل١٦.

٢- أندرو فنکل وأخرون: ترکیا المجتمع والدولة، ترجمة: حمدی حمد وزمیله، بیت الحکمة، بغداد ٢٠٠٠، ل١٨٦-١٨٧.

٣-ابراهیم خلیل وأخرون، ترکیا المعاصره، ل١٠٢-١٠٣.

٤- جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی ترکیا، ل٢١-٢٢.

هەریەك لەم سێ دەسەڵاتە ڕۆڵی گرنگی لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی توركیادا هەیە، سەرەڕای دەسەڵاتە یاساییەكان، لایەنێكی گرنگی پێكهێنەری بڕیار پارتەكانن، گرنگترین ئەو پارتانەی لە نەوەدەكاندا ڕۆڵیان هەبووەو حكومەتیان بەڕێوە بردووە ئەمانە بوون:

١- (پارتی ڕێگای ڕاستDYP) لە ٢٠/نۆڤەمبەر/١٩٩١- ٢٠/سێپتەمبەر/١٩٩٥ بە دوو كابینەی جیاجیا حكومەتی بەڕێوە بردووە.

٢- (پارتی نیشتمانی دایكANAP) كە لە ٢٩ /یونیۆی/١٩٩٧—١٩٩٩.

٣- (پارتی ڕەفاRP) لە ٢٩/یونیۆ/١٩٩٦-١٨/یونیۆ/١٩٩٧.

هەریەك لەم پارتانە نەیانتوانیوە زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بهێنن، ناچار حكومەتی ئیئتلافییان پێكهێناوە، تا زۆرینەی كورسییەكانی پەرلەمان بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن[١]، ئەمە هۆكاری لاوازی حكومەتەكانی توركیا بوو، كە هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەو ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێزدا بووە.

هەریەك لەم پارتانە خاوەنی قوتابخانەیەكی سیاسیو پرۆژەی تایبەت بوون، سەركردەی پارتەكان لەم نێوانەدا نەخشی تایبەتیان هەبوو، دەتوانین بە شێوەیەكی گشتی لە بیرو بۆچوونی ئەم سەركردانەوە، هەڵوێستی جۆراوجۆری ناو توركیا بەرامبەر هەرێمی كوردستان بزانین:

تورگۆت ئۆزال١٩٢٧-١٩٩٣ [٢]: ماوەی دەسەڵاتی ١٩٨٣-١٩٩٣ لە مێژووی توركیادا، بە (قۆناغی ئۆزالی) ناودەبرێت، بە هۆی ئەو بیرو باوەڕانەی لە ڕووی نوێخوازیو كرانەوەوە لە بوارەكانی ئابووری، كێشە درێژخایەنەكانی وەك ئیسلامی سیاسی، كێشەی كورد، ڕۆڵی توركیا لە ناوەندی نێودەوڵەتیی دەربڕیوە. تورگۆت ئۆزال یەكەم سەرۆك بوو لە مێژووی توركیا، دەروازەی سیاسیی لە سەركردایەتیی كورد لە ساڵی ١٩٩١ كردەوە، دەربڕی پرۆژەی فیدراڵی بوو بۆ كوردی توركیا، هاوكات پشتگیری لە پێكهێنانی ناوچەیەكی ئارام لەلایەن هێزی هاوپەیمانەكانەوە كرد، كە پاشان بوو بە هەرێمی كوردستان[٣].

---

١- جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی تركیا، ل٣١٢-٣١٥.

٢- كەسایەتیكی ڕاسترەوی لیبرال بوو، (پارتی نیشتمانیی دایك)ی لەساڵی ١٩٨٣ دامەزراند، لەساڵی١٩٨٣-١٩٨٩ سەرەك وەزیران بوو، لەم مێژووە بەدواوە تاكۆچی دوایی لەساڵی ١٩٩٣ سەرەك كۆماری توركیا بوو.

٣-وقائع تطور العلاقات بین تركیا والأكراد العراقیین، اعداد: محمد نورالدین، مجلة (شؤن تركیة)، عدد (٢)، ١٩٩٢، ل١٢.

(سلیمان دیمیریل)[1]: کەسایەتیی سیاسی دیمیریل بە جۆرێك بوو پشتگیری پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵی ئەوروپی دەکرد، هەروەها باوەڕی بە پیشەسازیکردنی ئابووری تورکیا بوو، لەم ڕوانگەیەوە دواکەوتوویی ئابووری باشووری ڕۆژهەڵاتی (باکووری کوردستان)، بە یەکەم هۆکاری دروستبوونی کێشەی کورد لە تورکیا دادەنا[2]، تێڕوانینی بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی پشتگیریکردنی پرۆژەی ئەمەریکی بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام هەوڵی دەدا بۆچوونەکانی کار لەسەر لەنگ بوونی کەسێتی خۆیو پارتەکەی نەکات، چونکە لە لایەن سوپاوە دووجار لەکار خرابوو و خواستی نەبوو سێبارەی بکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵەکانی لە پێناوی ڕاگرتنی هاوسەنگی بوو لە نێوان بەرنامەی سوپای تورکیو پرۆژەی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا.

(نەجمەدین ئەربەکان)[3]: بنەمای پارتەکەی ئیسلامی بوو، دژی دورخستنەوەی ئیسلام بوو لە سیاسەت، ڕەخنەی لە بەڕۆژئاواکردنی تورکیا دەگرت[4]، هەروەها کێشەی کوردی لە بەرنامەی (برایەتی ئیسلامی) جێ دەکردەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هەمیشە دژی نوێکردنەوەی مۆڵەتی هێزی هاوپەیمانان بوو بۆ پاراستنی هەرێمەکە لە ناو خاکی تورکیاوە[5].

١-ساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە، کەسایەتییەکی ڕاستڕەوی پارێزکارە، لە ١٩٦١-١٩٨٠ شەش جار بۆتە سەرەك وەزیران، لەو ماوەیەدا دوو کودەتای سەربازی بەسەردا کراوە لە١٩٧١، ١٩٨٠، ساڵی ١٩٨٧ سەرکردایەتیی (پارتی ڕێگای ڕاستی) کردووە، لە١٩٩١-١٩٩٣ بووە بەسەرۆك وەزیران، لە١٩٩٣-٢٠٠٠ سەرەك کۆماری تورکیا بووە.

٢-جلال عبدالله معوض: صناعة القرار في تركيا، ل٣١–٣٧.

٣-ساڵی ١٩٢٦ لەدایکبووە، کەسایەتیەکی ئیسلامی کۆنەپارێزە، ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٨٠ پارتی (سیستەمی نیشتمانیی)، (سەلامەتی نیشتمانیی) پێکهێناوەو بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا کردووە، لەساڵی ١٩٨٧ بۆتە سکرتێری گشتی (پارتی ڕەفاه)، لەهەڵبژاردنی ساڵی١٩٩١، (٦١) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، بەردەوام بنکەی جەماوەری فراوانتربووە، لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥، (١٥٨) کورسی بەدەستهێناوە، لەماوەی ٢٩/ یۆنیۆ/١٩٩٦- ١٨/یۆنیۆ/١٩٩٧ سەرۆکایەتی حکومەتی تورکیای کردووە.

٤- محمد نورالدين : تركيا الجمهورية الحائرة، مركز الدراسات الاستراتيجية للبحوث و التوثيق،بيروت،٢٠٠١، ل٩٠-٩٥.

٥-بڕوانە بەشی دووەم، تەوەرەی چوارەم .

(بوڵنت ئەجەڤیت)[١]: لە نەوەتەکان بەردەوام لە ناو پەرلەمان گروپی فشار بووە، لە ساڵی (١٩٩٧) لە حکومەتی (مەسعود یەڵماز) جێگری سەرەك وەزیران بوو، لە بۆچوونیدا سەبارەت هەرێمی کوردستان، هاوڕای (نەجمەدین ئەربەکان) بوو[٢].

## دووەم-پێکهاتەی سیاسیی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە ڕووی سروشتی پێکهاتەی سیاسییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، ئەم هەرێمە کاتێك ساڵی١٩٩١ لە دەوڵەتی عێراقی دابڕا. بەغداد لای خۆیەوە ئەم دابڕانەی قووڵتر کردەوە، لە ٢٦/ئۆکتۆبەر/١٩٩١ دامودەزگا بەڕێوەبەرێتییەکانی کێشایەوە، (بەرەی کوردستانی) وەك خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی بڕیاڕی دا دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دوور لە عێراق پێکبهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ١٩/مایو/١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام درا، لە ٤/ یونیو/١٩٩٢ پەرلەمان بە ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق) یەکەم دانیشتنی خۆی ساز کرد، گرنگترین بڕیاری پەرلەمان دەرکردنی (یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان)و (ڕاگەیاندنی فیدراڵی) بوو لە ساڵی١٩٩٢ دا[٣].

هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە دۆخێکی تایبەتی هەبوو، بەڕای (عەبدولرەحمان سلیمان زێباری) هەرێم دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو، چونکە: دەقێکی ڕوونو ئاشکرا بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نەبوو، خاوەنی وەزارەتی بەرگری نەبوو، بەڵکو دابەشبوونی نیزامیی سوپاو هێزەکان بۆ سەرکردایەتیو هێزی پارتە سیاسییەکان گەڕاوەتەوە، خاوەنی وەزارەتی دەرەوە نەبووەو توانای ناردنەدەرەوەی نوێنەرو واژۆکردنی پەیماننامەو پێکهێنانی سەفارەتی نەبوو، دانیشتوانەکەی خاوەنی ڕەگەزنامەی تایبەتی هەرێم نەبوون بەڵکو هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بوون[٤].

---

١- ساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە، خاوەنی کەسایەتیەکی سۆسیالیستی کۆنەپارێز بوو. ساڵی ١٩٦٦ وەك سکرتێری گشتی (پارتی گەلی کۆماری) هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٩ سێجار پۆستی سەرەك وەزیرانی وەرگرتووە، پشتگیری سیاسەتی ڕۆژئاوابوو بەمەرجێك بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی تورکیا بپارێزێت. لەساڵی١٩٨٧ سەرکردایەتیی (پارتی چەپی دیموکرات)ی کردووە

٢ -جلال عبدالله معوض: صناعة القرار في تركيا، ل٩٥-٩٦ .

٣-کوردستان، نبذة تأريخية جغرافية إقتصادية، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ل ٦٤-٦٥.

٤-عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولى، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ٢٠٠٠، ٥٠٧-٥١٠ .

سـەرەڕای ئـەوەی ئـەم هەرێمـە خاسـیەتی دەوڵـەتی یاسـایی نـەبوو، هاوكـات بـە مانـا یاساییەكەی (هەرێمێكی فیدراڵی) نەبووە، چونكە عێراق خاوەنی دەسـتوورێكی ناوەنـدی بـوو، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانانو جیبەجێكردنو دادوەری لە نێـوان حكومـەتو هەرێمـدا دابـەش نـەكرابوو، دواجـار چـەمكی (هـەرێمی كوردسـتان) مانایـەكی سیاسـیی لـەخۆ گرتبـوو، نـەك ئەندامێك بێت لەدەوڵەتی فیدراڵیدا[١].

لەم سۆنگەیەوە، (عەبدولرەحمان سـلیمان زێبـاری) بـاری یاسـایی هـەرێمی كوردسـتانی لـە ئاستی (تایوان) بەراورد كردووە، كـە لـە ناوەنـدی نێودەوڵـەتی بـە (كیـانێكی جـۆری نـاوازە- Entity sui generics) ناوزەد كراوە، خاوەنی دەسەڵاتێكی سەربەخۆ بـووەو توانـای ئـەوەی هەبوو پەیوەندیی دەرەكی ببەستێت[٢]، لەم ڕووەوە (مارف عومەر گـوڵ) پێیوایـە (حكومـەتی هەرێمی كوردستان) بە شـێوەیەكی فـەرمی كەسـایەتیی یاسـایی نێودەوڵـەتیی لـە پەیوەنـدیی دەرەوە لە میانەی پەیوەندیی دیپلۆماسیو یاسـایی، لەگـەڵ ڕێكخـراوە نێودەوڵەتیـەكان پیـادە كردووە [٣]، سەبارەت بەهـەمان بابـەت كۆمـەڵێك زانـاو پـسپۆری بێگانـە بـەم شـێوەیە نـاوی دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان دەبەن:

(میشیل گوتنر)- پسپۆر لە بواری دەستووری دەوڵەتاندا لە نوسینەكانی تایبەت بـە كـورد وەك (دەوڵەتی واقیعی كوردستان-The de facto state of Kurdistan) ناوی هەرێمەكەی بردووە[٤].

(هنری باركی)و (گراهـام فۆلـەر) لـە توێژینەوەیەكیانـدا سـەبارەت بـە كـورد بـە (ناوچـەی واقیعـی ئۆتۆنـۆمی كوردسـتان-A de facto Kurdish autonomous zoon) ناویـان هێناوە[٥].

---

١-هەمان سەرچاوە، ل٥١٩-٥٢١.

٢- تایوان لەساڵی١٨٩٥، لەئەنجامی شەڕێكدا چین دەسبەرداری بووە بۆ یابان، لەساڵی١٩٥١ دەستی لەهەموو مافیك كێشایەوە، دواتر تایوان بەسەربەخۆیی مایەوە، بەبێ ئەوەی بچێتەوە سەر چین، جۆرە پەیوەندییەكی دیپلۆماسی تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتان هەیە، هاوكات لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ دانی پیادا نەنراوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٩-٥٢١.

٣- مارف عومەر گوڵ: كێشەی كەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی كورد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێماتی، ١٩٩٩، ل١١١

4 Michael M. Gunter: The Kurdish question in perspective FindArticles > World Affairs > Spring, 2004 > Article www.find articles. Com

5 −Henri J. Barkey and Graham E. Fuller. Turkeys Kurdish Question Rowman and Lihlefield Publishers . new York . 1998 . 23

هەروەها دکتۆرێکی یاساناسی تورکی بە (دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق) ناوزەدی کردووە[١].

لەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا چەمکی (هەرێمی کوردستان) بە بێ وشەی (عێراق)، بەکار دەهێنرێت وەك دەسەڵاتێکی سیاسیی سەربەخۆی کوردیی دابڕاو لەو دەوڵەتە.

دروستکەری بڕیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوەی باری یاسایی تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، پەرلەمان بە ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان) لە ساڵی ١٩٩٢دا پێکهات، ژمارەی کورسییەکانی (١٠٥) کورسی بوو بە شێوەی (٥٠) کورسی بۆ (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)و (٥٠) کورسی بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان)[*]و (٥) کورسی بۆ ئاشورییەکانی کوردستان تەرخان کرابوو[٢].

پەرلەمان متمانەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، بڕیار بوو چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردنی بۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ١٩٩٤-١٩٩٨ ڕێگر بوو لە بەردەم ئەم هەڵبژاردنە.

بەشێوەی دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان دەردەکەوێت، دروستکەری بڕیار لە هەرێمدا بە شێوەیەکی سەرەکی بە سەر (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) دابەش بووە، هەر ئەم دابەشبوونە حکومەتی هەرێمو دەزگا کارگێڕییەکانی دەگرتەوە، لە ناو ئەم دوو پارتە سکرتێری گشتی (جەلال تالەبانی)و (مەسعود بارزانی)، بە بێ ئەوەی پۆستێکی کارگێڕیی یاساییان هەبێت، بەهێزترین دروستکەری بڕیاربوون لە هەرێمدا[٣]، دەتوانین لە بۆچوونی ئەوانەوە جۆری ستراتیژی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا بزانین.

---

١- عبدالرحمن سليمان زيباري: الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق ، ل ٥٣٥

* لێرە بەدواوەوە، (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بە(ی.ن.ك)، (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە(پ.د.ك)، دەنووسرێت.

٢- فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلاو ئەوانی تر: کوردستانی دیموکراتی سیاسەت، چاپی سێیەم، چاپخانەی خەبات، ساڵی ٢٦٩٩، ل٥٦-٥٧.

٣- مەریوان وریا قانع : دەسەلاتو جیاوازی، چاپو ئۆفسێتی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٠، ل١١٤-١١٥.

(مەسعود مستەفا بارزانی)[١]: لە بارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بەم شێوەیە باس دەکات: "سیاسەتی ئێمە لەپێشانو ئێستاش، بەرەو دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەو هاوسێیەتی باشو ڕێزگرتنی یەکدیە لەگەڵ تورکیاو وڵاتانی دیکەی ئیقلیمی، ئەوە سیاسەتی ئێمەیەو بۆ ڕێزگرتنی سەروەری ئاسایشی تورکیاو وڵاتانی دیکەی ئیقلیمی ئامادەی هەر گرەنتیەکین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئێمە خاوەن دۆزێکینو چەندان ساڵە لە پێناو مافەکانی گەلەکەمان تێدەکۆشین، هەروەها لە خەڵکی دیکەش چاوەڕوان دەکەین ڕێز لە مافو گەلەکەمان بگرێت"[٢].

(جەلال حوسامەدین تالەبانی)[٣]: جیاوازی لەگەڵ (مەسعود بارزانی) لەوەدابوو سنووری چالاکی پارتەکەی لە تورکیاوە دوورتر بوو، بۆچوونی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا بەم شێوەیە بوو: "ئێمە باوەڕمان وایە تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیەو ناتوانین پشتگوێی بخەین، دەمانەوێت پەیوەندییەکی باش لەگەڵیدا ببەستین، بەڵام دووجۆر پەیوەندیی هەیە، پەیوەندییەکیان ئەوەیە لەگەڵ سوپای تورکیدا لە کوشتنی کوردی تورکیا بەشداری بکەین، ئەو پەیوەنییە ڕەتدەکەینەوە. ئەوی تریان ئەوەیە، مافی سروشتی خۆیانە سنوورەکانیان لەگەڵ ئێمەدا ئاسایشی تیادا پارێزراو بێت، ئەوە مافی تورکیاو ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، وەك حکومەتی هەرێم سنووری دەوڵەتە دراوسێکان زامن بکەین، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئێمە هەڵی دەبژێرین"[٤].

---

١- لەساڵی١٩٤٦ لەدایکبووە سوودێکی زۆری لەڕابردووی سەرکردایەتیی باوکی (مستەفا بارزانی) وەرگرتووە، کە لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٧٥ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردووە، لەساڵی ١٩٧٦ سەرکردایەتیی (پ.د.ك) کردووە، لەهەڵبژاردنی (ڕابەری بزوزتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) ڕێژەی (٤٧,٥١٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەرچەندە هەڵبژاردنی (ڕابەر) لەڕووی یاساییەوە کاری پێنەکرا، بەڵام ڕێژەی دەنگەکان کەبەزۆری لەنێوان ئەو لەگەڵ (جەلال تالەبانی) دابەشبوو، هەریەکەیان ئەو مافەی بەخۆی دابوو، بەناوی جەماوەری هەرێم چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەدا وتارو بڕیاربدات.

٢- سەرۆك بارزانی: شەهید ئەو کەسەیە مەرگی خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ژیان بەخەڵکێکی تر بدات، پارتی دیمکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن، زنجیرەی( ٥١)، ٢٠٠٣، ل ٢٥.

٣ - لەساڵی ١٩٣٢ لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٤٧ بۆتە ئەندامی (پ.د.ك) تاپلەی ئەندامی سەرکردایەتیی ڕۆیشتووە، ساڵی ١٩٧٥ پارتی (ی.ن.ك) دامەزراندووە، لەهەڵبژاردنی (ڕابەری بزوزتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد) ڕێژەی (٤٤,٩٣٪)ی بەدەستهێنا. ڕێژەی ئەم دەنگانە بەهەمان شێوەی (مەسعود بارزانی) مافی نوێنەرایەتی جەماوەری کوردستانی بەخۆ دابوو.

4فضائيتا mbc، ANNتحاوران مام جلال: الإتحاد الوطنى الكردستانى، مكتب الإعلام المركزى، سليمانية، ١٩٩٩، ل٥.

لەم دوو هەڵوێستەدا هەردوو سەرکردە، دان بە بایەخی پێگەی تورکیا لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا دەنێن ، هەمان کات هەردوولا خۆیان لە گۆشە نیگای تایبەتیی خۆیانەوە دەڕواننە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم. لەگەڵ ئەوەی دامودەزگای پەرلەمانی هەڵبژێردراوو حکومەت لە هەرێمی کوردستان بوونی تەواوەتیان هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی لەلایەن تورکیاوە تەنها وەك سیفەتێکی کارگێڕی پارێزگاکان، دامالڕاو لە هەموو چەمکێکی سیاسیی سەلمێنرا بوو، سەبارەت بە مامەڵەیان لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد لە ڕاگەیاندندا بە جۆرێك بوو، کە سەرەك ئەرکانی تورکیا لەساڵی٢٠٠٥ وتی: "ئێمە تائێستا وەك سەرەك خێڵ ڕوانیومانەتە سەرکردایەتیی کوردی"[1]، یان وەك بەرپرسێکی تر دەڵێت: "وەك سەرکردەی پارتێکی سیاسیی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین"[2]، نووسەرێکی تورك بۆچوونی بۆ سەرکردەو دەسەڵاتی کوردی بەم شێوەیە: "ئاستەنگەکان لە سەرکردە کوردەکانەوە دەست پێدەکەن، کە ئارەزوویەکی بەهێزیان هەیە بۆ بەگەڕخستنی تواناکان لە پێناوی بەرژەوەندی حکومەتە خۆجێییەکانی نێوان خۆیان، نەك لە پێناوی دەوڵەتی سەربەخۆ، سەرکردەکان شەرعیەتیان لە سیستەمێکی سیاسیی وەرنەگرتووە، بەڵکو لە پێکهاتەی خێڵەکیی کۆمەڵایەتیی باو لەناوچەکە وەرگرتووە، (جەلال تاڵەبانی)و (مەسعود بارزانی) سەرکردەی هاوپەیمانیەتی خێڵەکی بە هۆی دارایی‌و هێز کاردەکەن، دامەزراوەی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەم پێکهاتە کۆمەلایەتیە بەخێرایی دەگۆڕێت‌و پەیوەندییەکان پێکدەهێنێت، باسکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پێویستە دابەشبونی کۆمەلایەتی‌و سیاسیی کوردی عێراق لە بەرچاو بگرێت، کە کاریگەرییەکی زیندووی سەرەکی لەسەر ئەنجامی کۆتایی هەیە"[3].

لەڕاستیدا پێگەی ستراتیجیی هەرێمەکە لەڕووی ناوچەییەوە بە تایبەت بۆ ئێران، هەروەها بایەخی بۆ ئەمریکا، تورکیای خستبووە سەربار کە پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی سیاسیی، ئابووری‌و سەربازی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد ببەستێت.

---

1 MURAT Yetkin: OZKOK: we have to accept new different situation In Iraq Radikal News 31 October 2005.

2 Saadet orus: Act like apolitical party [in Iraq , Turkish Daily News 12 may 2001.

3 Nihat a0zcan:excerpt:the kurdis in iraq ,2003 , www.mepc.org\pubic_asp\journal\indx.asp

## بنەمای سێیەم-پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان

خاڵی هاوبەشی نێوان توركیاو هەرێمی كوردستان بریتیە لەوەی هەردوولا لە پێكهاتەی دانیشتواندا هاوبەشن، توركیا زۆرینەی تورك نەژادەو نەتەوەی دووەم كوردە، بەهەمان شێوە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم كوردنو كەمینەیەكی توركمان لەگەڵیان دەژی، بۆیە لێرەدا باس لە كاریگەریی ڕەگەزی دەكەین لە سەر دەسەڵاتو پەیوەندییەكان.

### یەكەم-كوردو دانیشتوانی توركیا:

بەپێی ئاماری ٢٠٠١ توركیا ژمارەی دانیشتوانەكەی (٦٦,٤٩٣,٩٧٠) كەس بوو[١]، ئاماری ئەم دەوڵەتە ڕەچاوی پێكهاتەی نەتەوەیی نەكردووە، بەڵام سەرچاوە كوردییەكان ئاماژە بەوە دەكەن، لەساڵی ٢٠٠٠دا، (١٩) ملیۆن كورد لە توركیا هەبووە، ڕێژەی (٥٤,٩١٪)ی دانیشتوانی كوردستانی گەورە پێكدەهێنن[٢]، بەم پێیە زۆرترین ژمارەی كورد لە ناو توركیا دەژی كە ڕێژەكەیان زیاتر لە(٣٠٪) دەبێت، لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی كورد لە توركیا، خاوەنی كەمترین مافی نەتەوەیی نین، لە دەستووری ساڵی ١٩٨٢ لە پێشەكیەكەیدا هاتووە "چەمكی سەروەری بۆ ئوممەی توركیە بە شێوەیەكی ڕەهاو بەبێ هیچ مەرجێك"، هەروەها نووسراوە: "هەموو ئەو كەسانەی پەیوەندییان بە ڕەگەزنامەی دەوڵەتەوە هەیە، توركن"، لە مادەی (٢٤) هاتووە: "نابێت خوێندن لە دەزگا فێرخوازییەكان بە هیچ زمانێكی تر بێت، تەنها توركی نەبێت، چونكە زمانی داییكە"[٣].

لەم دەستوورەدا برگەو مادەكانی زۆر ڕوونو ئاشكران، كە تەنها تورك خاوەنی مافی نەتەوەییە، لە لایەكی دیكەشەوە ئەم دەستوورە باس لەوە ئەكات، هەموو بۆچوونێك یاساغە گەر هەڕەشە بێت بۆ یەكپارچەیی توركیا. هەر ئەم دەقە لە یاسای تیۆری ١٩٩١ لە ماددەی (٨) دارێژراوەتەوە كە چەندین كەسی پێ دادگایی كراوە بە تۆمەتی بانگەشەكردن بۆ

1 www.middle Eats Directory- country statistics. Turkey .

٢- ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی: پرۆژەی (طاب)و كاریگەری لەسەر دەوڵەتی ناوچەكەو كوردستان، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٠٨.

٣- المسألة الكردية فى تركيا بعد أنقلاب ١٩٨٠،منطقة الاكراد "كردستان" موضوعات سياسية www. Almqatl.com

جوداخوازی، لەوانە گەورە نووسەری بە ڕەگەز کوردی تورکیا (یەشار کەمال)، هەروەها ڕۆژنامەنووسی بێگانەو تورك نەژادیشی گرتۆتەوە[١].

کورد لە ناو تورکیا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، چەندین ڕێگای جۆراوجۆری گرتووەتە بەر، لەوانە پێکهێنانی پارت بە شێوەی نهێنی کە گرنگترینیان لە ڕاستڕەوەوە تا دەگاتە چەپڕەو ئەمانەن :

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، ١٩٦٥ دامەزراوە.

پارتی رزگاری، ١٩٧٤.

کۆمەڵەی فەرهەنگیو دیموکراتی شۆڕشگێڕ (د.د. ك. د.)، ١٩٧٤.

ڕێکخراوی مائویستی کاوە، ١٩٧٦.

لایەنگرانی ئازادی نەتەوەیی کورد (کوك)، ١٩٧٧.

پارتی کرێکارانی کوردستان* (پ.ك.ك)، ١٩٧٨ [٢].

پارتی ئیسلامی کوردستان ١٩٩٢.

لە لایەکی تریشەوە لە ژێر چەند ناوێکی خوازراو، چەند پارتێکی کوردی بە ڕواڵەت نیشتمانی تورکیو لە ناواخندا کوردی، بە شێوەیەکی یاسایی پێکهاتبوونو بەشداری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد لەوانە:

پارتی کاری خەڵك (HED) ١٩٩٠ .

پارتی دیمکراتی (DP) ١٩٩٣ .

پارتی کاری دیموکراتی خەلك (HEDP) ١٩٩٤ [٣].

خەباتی نەتەوایەتی کوردی باکووری کوردستان، وەك نوێنەری پێشووی فەرەنسا لە تورکیا (ئەریك رۆلۆ) دەڵێت: کاتێك کۆتایی دێت بە یاسایی ناسنامەی کورد بناسرێت، مافە سیاسییو ڕۆشنبیرییەکانیان بێتەدیو بنەما دیموکراتییەکان بۆ دانیشتوانی تورکیا بە یەکسانی

---

١- میخایل م.جونتر: تقالید السلطة المطلقة فی ترکیا، مجلة (شؤون ترکیة)، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، ٢٠٠٤، ل ٢٥-٢٧.

*لێرە بەدواوە بە (پ.ك.ك) ناودەبرێت.

٢- کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی دووەم، وەرگێرانی لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپو پەخشی نما، ٢٠٠٢، ل١٢٨—١٥٠.

٣-سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩-١٨٢.

جێبەجێ بكرێت[١]، بەڵام توركیا چارەسەری بۆ كێشەی كورد یەكلایەنەو لـە ژێـر بیركردنـەوەی تەواو توركیدا بوو، كە لەم خالاَنەی خوارەوە بەرجەستەبوو بوو:

١. هەوڵدان بۆ تواندنەوەی كورد لە ناو كۆمەڵی توركی بە جۆرێك كە دەستبەرداری مافی نەتەوایەتی خۆی ببێتو هاووڵاتییەكی دڵسۆز بێت بۆ دەوڵەتی توركیا.

٢. وەلاَمدانەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردی، چەكدار بێت یان بێ چەك، بە توندترین شێوازی سەربازیو بەكارهێنانی چەمكی تیرۆر لە بەرامبەریدا.

٣. چارەسەركردنی كێشەكانی باكووری كوردستان لە ڕێگەی پرۆژەی ئابووریو بەستنەوەی كێشەی نەتەوەیی كورد بە دواكەوتوویی ئابووری ناوچەكەوە[٢].

(سلیمان دیمیریل) سەرۆك كۆماری توركیا لە ساڵی١٩٩٣ دەڵێت: "كـورد لـە مـافی كـەم نییە، ئەوەی ئەوان داوای دەكـەن ئیمتیـازە، ئێمـەش ئیمتیـاز بـە كـەس نـادەین، مـن توركیـا دابەش ناكەم"، "ئێمە كێشەی كوردمان نییە، بەڵكو كێشەی تیرۆرمان هەیە، فێربوونی زمانی كـوردی دەبێتـە هـۆی دابەشـكردن، تـا كێـشەی تـیرۆر چارەسـەر نەكـەین نـاتوانین كێـشە رۆشنبیرییەكان چارەسەر بكەین"[٣].

بـارودۆخی نـوێی هـەرێمی كوردسـتان لـە دوای سـاڵی ١٩٩١ بـە شـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ كاریگەری لە سەر باكووری كوردستان هەبوو، چونكە لە ساتەوەختی هەنگاونانی هـەرێم كـورد بەرەو سەربەخۆیو مـافی چـارەنوسو دەوڵەتـداری، هـاوڕێ لەگەڵیـدا خۆپیـشاندانی كـورد لـە توركیا فراوان بوو، بە تایبەتی لـە كـاتی نزیكبوونـەوەی سـالاَنەی جـەژنی نـەورۆز لـە مـانگی مارت زیاتر پەرەی سەند، لەلایەكی تریشەوە هەرێمی كوردستان بـوو بـە بنكەیـەكی لـەبار بـۆ ئۆقرەگرتنی پارتەكانی باكووری كوردستان، بۆ نموونە (پارتی دیمـوكراتی كوردسـتان، هـەڤگرتن لە ٢-٩/سێپتەمبەر/١٩٩٢و بـە بەشـداری (١٢٠) ئەنـدام كـۆنگرەی خۆیـان، لـە شارۆچـكەی سەرسەنگی سەر بە پارێزگای دهۆك بەست، هـەروەها پـارتی (د.د.ك.د) و (كـوك) ئەنـدامانی كاوەو بزووتنەوە سۆسیالیستییەكانو چەند كەسانێكی سەربەخۆ لە كۆنگرەیەكدا لـە ٢١-٢٧/ سـێپتەمبەر/١٩٩٦ پـارتی یـەكێتیی (سۆسیالـستی كوردسـتانPYSK)یـان پێكهێنـا[٤]، لـە

---

١-أریك رولو: التحدیات التی تواجه تركیا، مجلة (ڕوانگەی جیهان)، عدد(٤)، ١٩٩٥، ل١١٤.

٢-فلیب روبنس: تركیا والشرق الاوسط، ترجمة: میخائیل نجم خوري، مكتبة مدبولی، قاهرة، ١٩٩٣، ل٤٤.

٣-المسألة الكردیة فی تركیة الامل والخیبات، مجلة (شوون تركیة) مركز الدراسات الاستراتیجیة والبحوث والتوثیق، عدد٨، ل٣٠.

٤-كریس كوچیدا :بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد ، بەرگی دووەم، ل١٨٦.

هەمان کاتدا چالاکییە چەکداریو ڕێکخراوەکانی (پ.ك.ك) لە هەرێمدا بەهێزترین هۆکار بوو بۆ مانەوەو بەردەوامبوونیان لە دژی تورکیا.

چالاکبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان لە ژێر تینوتاوی هەرێم لای سەرکردە سیاسییەکانی تورك چاوەڕوان کراوو مەترسیدار بوو، وتەکانی ئەو سەرکردانەی تورك لە کاتی ڕاگەیاندنی فیدراڵیدا لە ساڵی١٩٩٢ ڕێژەی ئەو سڵەمینەوەیەو کاریگەری لەسەر کوردو دەوڵەتی تورکیا دەردەخات، (سلیمان دمیریل) (وەك سەرەك وەزیرانی ئەو کات) وتی: "ئەگەر دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی ڕاگەیەندرا، ئەوا نەك تەنها داوای خاکی تورکیا، بەڵکو داوا لە سوریاو ئێرانیش دەکەن". هەروەها (بولێنت ئەجەڤیت)، دەڵێت: "ئەوەی بە دوای ئەو فیدراڵیەدا دێت دابڕینی بەشێك لە زەوی تورکیایە"[١].

دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە هیچ جۆرێك سیاسەتی بەکارهێنانی کوردی باکووری کوردستانی وەك کارتێکی فشار لە دژی تورکیا نەبوو ، بۆ نموونە (جەلال تالەبانی) پێی وابوو، نابێت تورکیا پارچە پارچە بکرێت، کورد پێویستە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ناو تورکیا خەبات بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانو بنەما دیموکراسییەکان بکەن ، چونکە شەڕی نێوان بزووتنەوەی کوردو سوپای تورکیا، زیانێکی گەورە بە هەردوولا دەگەیەنێت[٢]، بەڵام تورکیا تورکمانی وەك یەکێك لە کارتەکانی فشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنا.

## دووەم-تورکمانو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان:

بەپێی ئاماری ساڵی١٩٩٩ ڕێکخراوی (مەڵبەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی (Habitat)، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (٣,٥١٥,٩٢١) کەس بوون. زۆرینەی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی کوردە، بە جۆرێك بەپێی ئاماری ١٩٨٧ی حکومەتی عێراقی، ڕێژەی کورد لە پارێزگای دهۆك (٨٣,٣ ٪)، هەولێر (٧٨,٨٪)و سلێمانی نزیکەی (١٠٠٪) پێك دەهێنێت[٣].

---

١- مجلة (شؤون تركية)، تركيا وإعلان الدولة الكردية فى شمال العراق، النفط مقابل الاعتراف، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق عدد ٢، ١٩٩٢، ل ٣-٤ .

٢- مام جلال: شەڕی پارتیو پەکەکە شەڕی پارتیە لەگەل کوردستانا باکوور، گوڤارە (سەرهەڵدان)، ژمارە١٩٩٥،١٥، ل١٧.

٣-خليل إسماعيل محمد: أقليم كوردستان العراق، دراسات فى التكوين القومى للسكان، مطبعة أوفسيت كريستالَ، أربيل ١٩٩٨، ل٥٨.

تورکمان لەم هەرێمەدا تەنها لە ناو شارەکاندا دەژین ، بەپێی ئاماری ۱۹۷۷ لە قەزای دهۆك ڕێژەی(۳,۰٪)، هەولێر (۳,۲٪)، زاخۆ (۲,۰٪)، ئامێدی (۱,۰٪)، شەقلاوە (۱,۰٪) ڕەواندوز ( ۲,۰٪)، کفری (۵,۲ ٪)[۱].

ئەگەرچی لە ئاماری عێراقیدا تورکمان سەرژمێری کراوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك لە ناو دەستوور خاوەن مافی نەتەوەیی نەبوونو بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دراوە کە لە ئامارەکاندا ڕێژەیان کەم بکرێتەوە[۲]. ڕۆڵیان وەك نەتەوەیەکی تایبەتمەند لە عێراقدا نەهێڵدرێت[۳] بۆ بەرگرتن لە دەست تێوەردانی تورکیا لە کاروباری عێراق.

تورکمان لە عێراقدا بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی چەند پارتێکی نهێنیان پێکهێناوە، بەڵام لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە زۆر بەتوندی بەرپەرچیان دراوەتەوە، بەتایبەتی لە ساڵانی ۱۹۵۸—۱۹۹۰ لە دوای ساڵی ۱۹۹۱و پەیدابوونی هەرێمی کوردستان، تورکمان لەم سنوورەدا سوودێکی زۆریان بینیو بە ئاشکرا چەندین پارتیان پێکهێنا کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

پارتی یەکێتییو برایەتیی تورکمان ۱۹۹٤

پارتی یەکبوونی تورکی (تورکمان بیرلیك پارتسی)

پارتی یەکێتیی تورکمان (تورکمان أیلی) ۱۹۹٤

بزووتنەوەی سەربەخۆیی تورکمان ۱۹۹٥

بەرەی تورکمان۱۹۹۷[٤].

پارتە تورکمانەکان بانگەشەی نەخشەیەکی نەتەوەییان دەکرد،کە لە نیوە زیاتری باشووری کوردستانی دەبردو ناوەندی شاری موسڵو هەولێرو کەرکووکی دەگرتەوە[٥]، هاوکات بە هیچ جۆرێك دانیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەدەناو هەرێمەکەیان بە ناوی (باکووری عێراق) ناو دەبرد[٦]، هەروەها هیچ کاتێك ئەو هەستە نەتەوەییەیان نەدەشاردەوە، کە

---

١-هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

٢-خليل إسماعيل محمد، ل٧٧.

٣-عزيز قادر الصامانجي: التأريخ السياسى لتركمان العراق، دار الساقي، ١٩٩٩، ل٢٠٣.

٤-عزيز قادر الصامانجي: التأريخ السياسى لتركمان العراق، ل٢٢٢-٢٢٩.

٥-سەرچاوەی پێشوو ، ل٣.

٦-سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢٥-٢٣٢.

تورکمانو باشووری کوردستانیان وەك بەشێك لە تورکیا دەزانی کە لە ساڵی١٩٢٦ بـەزۆر لێـی دابڕاوە[١].

بە واتایەکی تر تورکمان هەمیشە خۆیان بـە تـورکو شـوێنی نیـشتەجێبوونیان بـە تورکیـا دەزانی، لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی پێدابوون بە ئازادی کاری سیاسیی خۆیـان بکـەنو خـاوەنی ڕۆژنامـەو کـەناڵی تەلـەفزیۆنیو ئیزگـە بـن، هـەروەها قوتابخانەی تایبەتییان بە زمانی تورکیو بە پیتـی لاتینـی هـەبووە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو مـافو ئازادییە نەتەوەییە، تورکیا هەوڵی دەدا ڕۆڵێکـی گـرنگ بـۆ تورکمـان لـە هـەرێمی کوردسـتان مـسۆگەر بکـات، بـە مەبەسـتی لـە نزیکـەوە بەشـداریکردن لـە گۆڕانکارییـە سیاسـییەکانی عێراقدا.

بەڵام ڕێـژەی کـەمی دانیـشتوانی تورکمـانو نـەبوونی سـنووری نەتـەوەیی هاوبـەش لەگـەڵ تورکیا لە گرنگترین لەمپەرەکانی بەردەم ئەم هەوڵە بوون[٢].

## بنەمای چوارەم-بنەما سەربازییەکان

بۆ باسکردنی ئەم باسە پێویستە لەسەر دوو خاڵ هەڵوێستە بکەین، دامودەزگاکـانی سـوپا لە تورکیا، لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان.

## یەکەم-دامودەزگای سوپا لە تورکیا:

سوپا بەشێکی سەرەکی دروستکردنی بڕیاری سیاسییە لە تورکیـا، کودەتـا سـەربازییەکانی ساڵانی (١٩٦٠،١٩٧١،١٩٨٠) ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنن، ئـەم ڕۆڵـە بنەمایـەکی کـەلتووری هەیەو بە مێژووی تورکیادا ڕۆچووە، چونکە دەوڵەتی عوسمـانی لـە سـەرەتای دروسـتبوونی تـا ڕووخانی ١٩٢٣ لەسەر بنەمایەکی سەربازی بەنـد بـوو، هـەروەها کۆمـاری تورکیـای نـوێ لـە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر دەستی ئەفسەرەکان دامەزرا بوو، لەم ڕوانگەیەوە سوپاو ئەفسەرو سـەرباز لـە تورکیـا، جیـاواز لـە کۆمەڵگـەی جیهـانی، چـینێك بـوون وەك چـینی جوتیـارو کرێکـارو بۆرجواز[٣].

١-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

٢- فقريد أسسرد: رهان خاسر على التركمان، مجلة شؤون تركية، مركز أربيل لدراسات الاستراتيجية، سليمانية، عدد١، ١٩٩٨، ل٩.

٣-أندرو فنكل وأخرون: تركيا المجتمع والدولة، ترجمة: حمدى حميد الدوريء زميله، بيت الحكمة، بغداد ٢٠٠٠، توركيا، ل٦٨-٦٩.

سوپا بەپێی مادەی (٣٥) لە دەستووری١٩٨٢، پارێزگاریو پاراستنی دەوڵەتو ئاسایشی نیشتمانی تورکیای لە ئەستۆدا بوو، لە ناوخۆدا لـە پارێزگـاریکردنی عەلمانیـەتو دابەشـبوونی تورکیاشدا خۆی دەبینیەوە، لە دژی ڕەوتی ئیـسلامیو کیـشەی کـورد، هـەروەها لـە دەرەوەی تورکیاشدا یەکێك لە ئەرکەکانی سوپا چاودێریکردنی کێـشەی کـورد بـوو لـە عێـراقو ئێـرانو سوریا جگە لە کێشەکانی تری وەك قوبرسو یۆنانو بەلقان[١].

ئەمە وایکردبوو سوپا لە تورکیا ئەرکێکی زۆری لـە ئەسـتۆدا بێـت، بۆیـە خـاوەنی چەكو پێداویستیی ئەوتۆیە لە ڕیزی سوپای نـاتۆدا ڕیزبەنـدی چـوارەمە[٢]. بـەڵام گـەورەترین ئـەرکی دەوڵـەت بریتـی بـوو لـە بەرەنگاربونـەوەی (پ.ك.ك) لـە نـاوخۆدا کـە هەڕەشـەیە لـە سـەر یەکپارچـەیی خـاکی تورکیـا، هاوکـات ڕووبـەڕوو بوونـەوەی کێـشەی کـورد لـە نـاو هـەرێمی کوردستان.

## دووەم-پارتی کرێکارانی کوردستان

ئەم پارتە بە شـێوە زاری کرمـانجی بـە (Partiya Kareem Kurdistan) نـاو دەبرێـتو کورتکراوەکەی (پ.ك.ك، P K K)، لە (٢٧ی نۆڤەمبەری١٩٧٨)و لە دێـی (فـیس) سـەر بـە قەزای (لیجە) لە پارێزگای دیاربکر بە سەرکردایەتیی (عەبدوڵلا ئوج ئالان)[٣] دامەزرێنرا[٤].

ئامانجی ئەم پارتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو لە سنووری کوردسـتانی گەورەدا، بـۆ بـەدیهێنانی یەکسانیی کۆمەلاّیـەتیو ئـابووری لـە کۆمـەڵگای کـوردی خـەباتی دەکرد[٥]، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجـە خـەباتی چـەکداری تاکـاری توندوتیـژی لـە دژی دەوڵـەتی تورکیـا وەك گـەورەترین داگیرکـەری کوردسـتان پراکتیـزە کـردووە[٦]. ڕەنگدانـەوەی بـیری کۆمۆنیستی لە ناو بەرنامەی (پ.ك.ك) ڕەنگی دابـۆوەو دژایـەتی بـۆ ئیمپریـالیزمی ڕۆژئـاوا و

١- عبد الوهاب القصاب، دور المؤسسة العسكرية التركية في صياغة مدركات الامن القومي التركي، مجلة (دراسات سياسية)، عدد ١٩٩٩، ل٥٤-٥٥.

٢-بروانە خشتەی ژمارە (١).

٣ - (عەبـدوڵلا ئـوج ئـالان) لـەدایکبووی (١٩٤٩)یـەو بـە(ئـاپۆ) ناسـراوە، دەرچـووی کۆلێـژی زانـستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرەیە، بیروباوەڕەکانی مارکسی رادیکاڵی شۆڕشگێڕانەبوون.

٤- P K K عشرون عاماً، اعداد، محمد نورالدین، مجله (شؤن تركية)، عدد(٨)، ١٩٩٣، ل٣٦.

5Henri J. Barkey and his friend: Turkeys Kurdish Question.23-24.

٦- کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، بەرگی دووەم، ل١٥١.

کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کوردستان دەردەبڕی، بە شێوەیەك (عەبدوڵڵا ئوج ئالان) خواستی ئەوەی هەبوو (شۆڕشی ئۆکتۆبەر)* ی ڕوسیا لە کوردستان دووبارە بکاتەوە[1].

(عەبدوڵڵا ئوج ئالان)و هاوڕێکانی لە ساڵی ١٩٧٩ تورکیایان بەجێ هێشتو لە دەشتی (البقاع) لە نێوان لوبنانو سوریادا نیشتەجێ بوونو یەکەم شوێنو سەربازگەی ڕاهێنانیان لەو شوێنە دامەزراند، ساڵی ١٩٨٤ یەکەم چالاکی پارتیزانی (گەریلا) یان لە پارێزگای (سەعرەت) بەئەنجام گەیاندووە. لە ساڵی ١٩٨٦ (سوپای ڕزگاری گەلی کوردستانARGK)، وەك باڵی سەربازی ناو پارتەکە دامەزرێنرا[2].

گەورەترین خۆپیشاندانی (پ.ك.ك) لە ١٥/مارت/١٩٩٠ لە ئەنجامی بە خاکسپاردنی تەرمی گەریلایەك لە شاری (نەسیبەین)، ڕویدا، لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز ٢١/مارت، بەتینتر بوو. ئەم ڕووداوە لە ڕاگەیاندن بە ڕاپەرین (إنتفاضة)، وەك هاوشێوەی ڕاپەرینی فەلەستینییەکان دژی ئیسرائیل ناوبرا[3]. قەوارەو هێزی (پ.ك.ك)، لە ڕاپۆرتێکی بەردەست سەرەك کۆمار بەم جۆرە دیاری کرا بوو، بە (١٠) هەزار چەکداری شەڕکەر لە چیا، (٦٠) هەزار شەڕکەر لە دێهاتو (٣٧٥) هەزار کەسی ریکخراو لە ناو تورکیا[4]. هەروەها بە پێی وتەی وەزیری دەوڵەت (ساڵح یەلدرم)، ئەنجامی زیانەکانی شەڕی تورکیا لەگەڵ (پ.ك.ك) لە نێوان ساڵانی١٩٨٤-١٩٩٨ بەم جۆرە بوو، (٢٧)هەزار کوژراو کە (١٠)هەزاری لە ڕیزی سوپا بووە، (٣)هەزار دێی سووتاوە، (٨٤) ملیاردۆلار لەلایەن دەوڵەتەوە لەم شەڕە خەرج کراوە[5]. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، تێچونی شەڕکردنی لەگەڵ (پ.ك.ك) ساڵانە بڕی

---

*شۆڕشی ئۆکتۆبەری بریتیە لە شۆڕشێکی کۆمۆنیستی بەڕابەرایەتی لینین لە ڕوسیا ساڵی ١٩١٧دا ڕویداوە، بەرئەنجامەکەی پێکهێنانی دەوڵەتێك بوو لەسەر سیستەمی کۆمۆنیستی، دواتر بە یەکێتیی سۆڤیەت ناسرا، لەساڵی(١٩٩١) کۆتایی بەحوکمرانی ئەو شێوە سیستەمە هات.

١- المسألة الكردية فى تركية، مأزق حزب العمال الكردستانى، منطقة الاكراد "كردستان" موضوعات سياسية، www.Almqatl.com

٢- PKK عشرون عاماً، اعداد، محمد نورالدين، مجلة (شؤن تركية)، عدد(٨)، ١٩٩٣، ل٣٦-٣٧.

٣- کۆنتر بیرنر: بزاڤا نەتەوایەتیا باکووری ل تورکیا، وەرگێڕان لەئەڵمانیەوە: حازمی جاسم، گۆڤاری (هەڤیبون)، ژمارە٢-٣، ١٩٩٨، ل ١١٢-١١٣ .

٤- أريك رولو: التحديات التى تواجة تركيا، مجلة (ڕوانگەی جیهان)، عدد(٤)، ١٩٩٥، ل١١٢-١١٣.

5 Vmichel verrier :A trvmp card for s Turkey kurish guerrillas: .1997-2006 Le Monde diplomatique www.mondediplo.com.

(١٠) مليـار دۆلار بـووە، تـەنها لەسـالّى١٩٩٤ كـەرتى گەشـتوگوزار بـە هـۆى هێرشـەكانى (پ.ك.ك)، (٧٠٠)مليۆن دۆلار زيانى لێكەوتووە[1].

پێگەى هەرێمى كوردستان لەم شەڕەدا زۆر گرنگ بوو، چونكە ئەو جێگەيە بوو كە سـوپاى توركيا لەگـەڵ گـەريلاى (پ.ك.ك)، ڕووبـەڕووى يـەك دەبوونـەوە، سـوپاى توركيـا لـە سـالآنى ١٩٩٢-١٩٩٨، بـە شـێوەى جۆراوجـۆر، (٣١٣) جـار سـنوورى خـاكى هـەرێمى كوردسـتانى بەزانـد، (٥٠) چـالاكى زەمينـى، (٢٢٥) چـالاكى فڕۆكـەوانى، (٣٨)جـار بۆمبابـارانى هەرێمەكەى كردووە[2]. هەميشە لە ڕاگەياندندا ئامانجى چالاكييە سەربازييەكان بە پاراسـتنى ئاسايـشى نەتـەوەى لـە هەڕەشـە تيرۆريـستيەكانى (پ.ك.ك) لـە قەڵـەم دراوەو نكـوڵى لـە پێشێلكردنى سنوورى نێودەوڵەتيى نێوان توركياو هەرێمى كوردستان دەكـرا، بـەردەوام مـاوەى مانەوەيان بە كاتى وەسف دەكرد[3]. بەلآم بە دێـوێكى تـر لەپـشت هـەموو كـشانێكى سـوپاى توركيا بۆ هەرێم مەبەستى ترى لەپشتەوە بـوو، وەك (جـەلال تالـەبانى) لەسـالّى ١٩٩٧دا لـە نامەيـەك بـۆ سـەرەك وەزيرانـى فەرەنـساى نـاردووە: "بـۆ لـەناوبردنى ئـەزمونى ديمـوكراتى گەلەكەمانە كە پێش دەست تێـوەردانى تـوركى بەشـێوەيەكى سـەركەوتوو بونيـات نـراوە"[4]، هەروەها لە چاوپێكەوتنێكى ڕۆژنامەوانيدا، ئامانجى سوپاى توركى بەم شێوەيە ديارى كردووە:

- بەرگرتن لەنفوزى ئێران لە ناوچەكە .
- بەهێزكردنى نفوزى توركيا لە هەرێم.
- كاريگەريى توركيا لە گۆڕانكارييەكانى ناو عێراق .
- لە پێناوى بەرگرتن لە دروستبوونى دەوڵەتى كوردى[5].

مەبەستو ئامانجەكان هەرچـى بـووبن، گـرنگ ئـەوەبوو سـوپا بـەردەوام سـنوورى هـەرێمى پێشێل دەكرد، لە ڕاستيدا ئەوەى ئەم بيانوانەى دەست توركيا خستبوو، ئـەو هۆكـارە بـوو كـە (پ.ك.ك) پاراسـتنى هەرێمەكـەى لەلايـەن هاوپەيمانانـەوە بـە هـەولّى ئيمپريـاليزمى لـە

1 The Workers' Party of Kurdistan (PKK) .Ministry of Foreign Affairs - Turkey .C:\MFA - IV_ Targets and Activities.htm.

٢- يوسف إبراهيم الجهماني: أوج آلان، تركيا والأكراد، دار حوران، دمشق، ل٧٦.

٣- المسألة الكردية فى تركية بعد إنقلاب١٩٨٠، منطقة الاكراد "كردستان" موضوعات سياسية: www. Almqatl.com

٤- يەكيەتى نيشتمانيى كوردستان سكرتێرى گشتى ١٩٩٧/١١/٢٠.

٥- فضائيتا mbc, ANN تحاوران مام جلال، ل٢٠.

قەڵمدەدا[١]، دانیان بە حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)دا نەدەنا. لە ساڵی ١٩٩٥دا لە سنووری نێوان تورکیاو هەرێم، (فدراسیۆنی بادینانو بۆتان)یان و وەك حکومەتێکی شەرعی لەو ناوچانەی کە لە ژێردەستیان بوون، ڕاگەیاند [٢].

(عەبدوڵلا ئوج ئالان) لە ناو (پ.ك.ك)، خۆی بە سەرکردایەتییو مەکتەب سیاسییو سەرۆك دەزانی[٣]، (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)ی وەك دوو هێزی خێڵەکیو دەرەبەگیو زۆرجار خیانەتکار دادەنا، پێیوابوو "یەکێتییو پارتی لە سەر هێڵی ئەنقەرەو واشنتن پەروەردە کراونو ئامادە کراون"[٤]. هەر لەم سۆنگەیەوە (پ.ك.ك) هەردەم پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیای بە پلانێك لە دژی خۆی دادەنا.

هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن، (پ.ك.ك) لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە ململانێدا بووەو وەك ڕکابەری خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەتایبەت بارودۆخی تازە دامەزراوی حکومەتی هەرێم لە دۆخێکدا بوو کە لە یەك کاتدا توانای بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بەغداو (پ.ك.ك) نەبوو، تورکیا لاوازیی هەرێمی قۆستەوەوەو، هەوڵەکانی لە پێناوی پەیداکردنی هاوپەیمانێکی کوردی بوو لە دژی دوژمنێکی کوردی وەك (پ.ك.ك)، سەلماندنی ئەم بۆچوونە لە وتەی سەرەك ئەرکانی سوپای تورکیا (دۆغان گۆریش) دەردەکەوێت، لە میانەی یەکەم ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکی لە ساڵی ١٩٩٢: "ئاسایشی ئێمە بە پلەی یەکەم گرنگە، لەبەر ئەمە پێشمەرگە، بە تەنها دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ ئێمە لەپێشەوە وتوومانە با ئەو زۆنگاوە پاك بکەینەوە"[٥].

---

١-حزب الحرية الكردستاني: ضرورة موضوعية تأريخية، مجلة (دەنگی کوردستان)، عدد خاص، ١٩٩١، ل٥٢-٥٣.

٢-د.رزگار: pkk تواصل الحرب بحق كورد العراق، مجلة (متين)، ل٧٧.

٣- يوسف ابراهيم الجهماي: أوج الآن، ل٦٥.

٤- (عەبدوڵلا ئۆج ئالان): لەدەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، وەرگێڕانی: لوقمان عبداللە، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل٢٣٩.

٥-جيف سيموند: عراق المستقبل، السياسة الامريكية فى إعادة تشكيل الشرق الاوسط، دار الصافى، بيروت، ٢٠٠٤، ل١٨٤.

## خشتەی ژمارە (١) هێزی سەربازی تورکیا

| ڕگەزەکانی هێز | قەوارەی هێز |
|---|---|
| هێزی نیزامی | ٦٩٣,٠٠٠ سەرباز |
| هێزی یەدەك | ٣٧٨,٧٠٠ سەرباز |
| هێزی شێوە سەربازی | ١٨٢,٢٠٠ سەرباز |
| هێزی پەیمانی ناتۆ | ٣٢٣٠ سەرباز |
| هێزی وشکانی | ٥٢٥,٠٠٠ سەرباز |
| تانکە جەنگیە سەرەکیەکان | ٤٢٠٥ تانك |
| زرێ پۆش | ٢٥٢٩ دانە |
| تۆپ | ٤٢٧٤ پارچە |
| هێزی ئاسمانی | ٦٣,٠٠٠ سەرباز |
| فڕۆکەی جەنگی | ٤٤٠ فڕۆکە |
| هەلیکۆپتەری جەنگی | ٣٧ هەلیکۆپتەر |
| موشەکی دژە ئاسمانی | ٣ شێوە |
| هێزی دەریایی | ٥١,٠٠٠ سەرباز |
| ژێردەریایی | ١٦ ژێردەریایی |
| مدمرات | ٢ |
| فرقاگە | ١٩ |
| بەلەمی جەنگی | ٥٠ دانە |
| چەکدارکردنی هێزەکانی ناتۆ | چەکدارکردنێکی تایبەت |
| موشەکی ئەرز ئەرز | نییەتی |
| چەکی کاولکار | نییەتی |

## بنەمای پێنجەم- ئابووری

ئابووری هەردەوڵەتێك کۆمەڵێك خەسڵەتی خۆی هەیە، یەکێکە لە پێوەری تواناو بەهێزی، کار دەکاتە سەر شێوازی پەیوەندییەکانی لە دەرەوەدا[1]. تورکیاو هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو خەسڵەتە ئابوورییانەی خۆیانەوە، پەیوەندییەکی بەتین بەم شێوەیەی لای خوارەوە بەیەکەوەی گرێدابوون،:

## یەکەم-تورکیا:

یەکێکە لەو (٣٥) دەوڵەتەی جیهان کە خاوەنی داهاتێکی مامناوەندە، ئەندامی ڕێکخراوی ئابووریو گەشەپێدانی ئەوروپایە (OECD)، خاوەنی ئابوورییەکی کشتوکاڵیو پیشەسازییە[2]. ڕێژەی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی بەردەوام لە بەرزبونەوە دایە بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٨١ ڕێژەی (٥,٣٪) بووە، لە ساڵی ١٩٩٠دا زیادیکردووە بۆ (٩,٧٪)[3]، بە تایبەت لە سایەی سیاسەتی ئابووری (بازاڕی ئازاد) کە (تورگۆت ئۆزال) پیادەی دەکرد، لە ڕێگەی کەم کردنەوەی باجی گومرگی، دەستێوەردانی دەوڵەتی لە کاروباری ئابووری بۆ ئاستێکی نزم دابەزاند، لە ئەنجامدا بەرهەمهێنانو هاوردەی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد[4].

تورکیا چەند کێشەیەکی گەورەی ئابووری درێژخایەنی هەبوو، لەوانە کێشەی هەڵئاوسان، لە ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتبووە (٣٩٪)، هەروەها قەرزی دەرەکی، بۆ هەمان ساڵ گەیشتبووە (١٠٩) ملیار دۆلار[5]، بێکاری وەك کێشەیەکی تر لە ١٩٩٥ ڕێژەکەی گەیشتبووە (١٠٪)[6]و دابەزینی بەردەوامی نرخی لیرەی تورکی، بە جۆرێك لە ساڵی١٩٨٠ یەك دۆلاری ئەمەریکایی (٧٦,٠٣٦ ) لیرە بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتۆتە (٢٦٠,٧٢٤) لیرە[7].

---

١-سعد حقی توفیق: مبادیء العلاقات الدولیة، دار وائل، عمان ٢٠٠٠، ص١٥٩-١٦٠.

٢- إبراهیم خلیل احمد واخرون: ترکیا المعاصرة، ل١١٥.

٣- عبد الزهرة شلش العتابی: توجهات تورکیا نحو اقطار الخلیج العربی، دار الشؤن الثقافیة العامة، بغداد ٢٠٠٢، ل١١١.

٤- اندرو فنکل : ترکیا المجتمع والدولة، ل٢٧٠-٢٧١.

5www.middle Eats Directory- country statistics. Turkey .

٦- احمد خلیل الضبع: الأقتصاد الترکی مسیرة محفوفة بالمخاطر، مجلة (السیاسة الدولیة)، القاهرة، عدد١٣١، ١٩٩٨، ل٢٠٤.

٧- إبراهیم خلیل احمد واخرون: ترکیا المعاصرة، ل ١٢١"

www.middle Eats Directory- country statistics. Turkey.

ئابووریی توركیا له نەوەدەكان بەهۆی دووەمین جەنگی كەنداوەوە بەرەو ڕووی زیانێكی گەورە بووەوە، له ساڵی ١٩٩٠-١٩٩٨ بڕی (٩) ملیار دۆلار زەرەرمەند بووە[١]، چونكە زۆرترین شمەكی هاوردەی توركیا نەوت بووە، كه سەرچاوە سەرەكیەكەی عێراق بوو، ئەمە جگە لەو سوودەی لە كرێی گواستنەوەی نەوتی عێراق بۆ بازاڕەكانی جیهان دەستی كەوتووە، ساڵی (١٩٨٥) بڕی نەوتی عێراقی كه بەخاكی توركیا گەیشتوەتە بەندەرەكانی (جیهان)و (یومورتالیك) ڕۆژانە گەیشتووەتە (٦٠٠) هەزار بەرمیل كە بۆ هەر بەرمیلێك (٣٥) سەنتی ئەمریكایی وەك كرێی گواستنەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو مافەشی پێدرا بوو (٤٠٪)ی ئەو نەوتە بەپێی نرخی ڕۆژانە، بۆ پێداویستیە ناوخۆییەكان بەكار بهێنێت[٢].

پەیوەندیی ئابووری نێوان عێراقو توركیا بەهۆی بڕیارەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان كۆتایی هات، چونكە لە ئەنجامی لەشكركێشیی سوپای عێراق لە (٢ی ئۆگستۆسی١٩٩٠) بۆ سەر كوەیت، بڕیاری (٦٦١) لە (٦ی ئۆگستۆس) دەركرا، كە هەموو مامەڵەیەكی داراییو بازرگانی نێودەوڵەتیی لەگەڵ عێراق قەدەغە كرد، لە ڕێكەوتی (٢٥)ی هەمان مانگدا، بە پێی بڕیاری (٦٦٩) گەمارۆی ئابووری خرایەسەر عێراق.[٣] توركیا لای خۆیەوە له ٧/ ئۆگستۆس/١٩٩١، وەك پابەندبوون بە بڕیاری نەتەوە یەكگرتوەكان، هێڵی نەوتی (عێراق-توركیا)ی داخست[٤]. دواتریش پابەندیی خۆی بەبڕیاری (٦٦٩) دەربڕی. سەرەنجام ڕێژەی هاوردەی شمەكو كاڵای عێراق بۆ توركیا دابەزی بە جۆرێك لە ساڵی١٩٨٩دا (١٠,٤٪) بووە، ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی١٩٩٠-١٩٩٢ بۆ (٠٪) دابەزیوە[٥].

1Amikam Nachmani: Turkey in the wake of the Gulf war Recent History and its implication,1999.faind articles.com

٢- خليل أبراهيم الناصرى: التطورات المعاصرة فى العلاقات العربية التركية، دار الكتب والوثائق، بغداد،١٩٩٠، ل١٨٥.

٣-تيم نبلوك: العقوبات والمنبوذون فى الشرق الاوسط، العراق، ليبيا،السوودان، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت،٢٠٠١، ل٣٢-٣٣.

٤-محمد وهيب السيد: ازمة الاحتلال العراقى للكويت، دار النهضة العربية، ١٩٩٨، ل٩٨-٩٨.

٥- الواردات حسب البلدان، اعداد: محمد نورالدين، مجلة ( شؤون تركية)، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق،عدد(٣)، ل١٢١.

## دووەم-هەرێمی کوردستان:

دەوڵـەتی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٩٠ لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتوەکانـەوە گـەمارۆی ئـابووری بەسەردا سەپێنراو، گەورەترین کاریگەریی ئەو گەمارۆیە پەیدابوونی دیاردەی هەڵئاوسان بـوو، لەساڵی ١٩٩٣ ڕێژەکەی (٣٠٧,٦٪) بوو، لەساڵی ١٩٩٥دا بۆ (١٥٩٣,١٪) * بـەرز بـووەوە، هەروەها ناوەندی بەرهەم ڕووی لە کەمبوونەوە کرد، بۆ نموونە هەر تاکێك ناوەنـدی بەکاربـەری دانەوێڵەی لە ساڵی(١٩٨٠)، (٤٠١ کگم) بووە، لە ساڵی(١٩٩٥) بۆ (١٠٥,٢کگم) دابـەزی، لە ڕاپۆرتێکی تردا عێراق بە پێی ڕێبەری گەشەپێدانی مرۆیـی نێودەوڵـەتیی لـە کـۆی (١٧٤) دەوڵەت لە نەوەدەکانـدا ڕیزبەنـدی (١٠٧)ی هـەبوو لـە کاتێکـدا لـە هەشـتاکان (٦٩) یـەمین دەوڵەت بووە[١].

هەرێمی کوردستان وەك تەواوی عێراق لە ژێر کاریگەری ئابلۆوقـەی ئـابووری نێودەوڵـەتیی بـووە، کـەمی پێداویـستی بەتایبـەتی خـۆراك، گـەورەترین کێـشەی هـەرێمی کوردسـتان بـوو، سەرەڕای ئەمەش عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە وەك تۆڵەیەك لە پای جیابوونەوەی هەرێمی کوردسـتانو پێکهێنـانی پەرلـەمانو حکومـەت، ئابلۆقەیـەکی ئـابووری نـاوخۆیی بـە سـەردا سـەپاندبوو[٢]. ئامـانج لـەو کـارە، وەك سـەرەك کۆمـاری عێـراق (سـەدام حـسین)، ڕایگەیاند، پەیداکردنو بەهێزکردنی دەنگی نارەزایی جەماوەری کـورد بـوو لـە دژی سیاسـەتی حکومەتی هەرێم[٣]،حکومەتی عێراق گرفتێکی گـەورەی بـۆ سـەرمایەی هـەرێمی کوردسـتان دروست کرد ئەویش کێشانەوەی پارەی (٢٥) دیناری بوو کە بە نزیکی بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار زیانی لێکەوتەوە[٤]، لەلایەکی دیکەشەوە هەرێم هاوبەشی عێراق بوو لە کێشە ئابوریەکان، بۆ نموونە هەڵئاوسان لە پارێزگای سلێمانی ساڵی ١٩٩٤، (٣٤٪) بووە، لە ساڵی١٩٩٧ بۆ ڕێـژەی

---

* ئەم ڕێژەیە بەپێی پارەی عێراقی چاپکراوی ناوخۆ ئەژمار کراوە.

١-مجموعة الباحثین: الاقتصاد العراقی ومتغیرات البیئة العربیة والدولیة، بیت الحکمة، بغداد، ٢٠٠٢، ل٤١٨-٤٢٠.

٢- دیڤد مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٦٢٨.

٣- خطاب (صدام حسین ) بمناسبة بیان ازار، جریدة(الجمهوریة)، العدد(٨١٤٠)، ١٢\١٠\١٩٩٢، ل٢.

٤- جیهانگیر کرمی: گزارش از تحولات شمال عراق در هە١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجله (سیاست دفاعی)، شمارە ٢٠-٢١، ١٣٧٦، ل٢٠٥-٢٠٦.

(٦٥٪)* بەرز بۆتەوە، هەروەها بێکاری کێشەیەکی تر بوو، بۆ نموونە ڕێژەکەی لە پارێزگای سلێمانی ساڵی ١٩٩٠ ، (١٦,٣٪) بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتبووە (٣٥,٢٪)[١].

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان دوو ئابلۆوقەی لەسەر بوو، ژێرخانی ئابووری بە تەواوی پەککەوتوو بوو، کەرتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە دێهاتەکان بەستبوو کە ئەویش خاپور بوون، لە ساڵی (١٩٦٣-١٩٨٨) ژمارەی ئەو گوندانەی ڕاگوازراوو تێکدرا بوون لە پارێزگای سلێمانی (١٣٤٧)، هەولێر (٧٦٨)، دهۆك (٥٦٧) گوند بوون[٢]. واتە کۆی گشتی (٢٦٨٢) گوند، بە هەمان شێوە کەرتی پیشەسازی زۆر لاواز بوو تەواو لەکار کەوتبوو، بۆ نموونە بەرهەمی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە لە ساڵی ١٩٨٦دا ساڵانە (٢) ملیۆن تەن بووە، لە ساڵی ١٩٩٢ لەبەر نەبوونی کەرەسە سەرەتاییەکان بۆ (٣٨٤٢٥٥)تەن دابەزیوە[٣].

لە بەرامبەر لاوازیی کەرتی کشتوکاڵیو پیشەسازیدا هەرێمی کوردستان تەنها داهاتی باجو گومرگ بوو، وەك لە ڕاپۆرتێکی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمدا هاتووە بۆ ساڵی ١٩٩٣، باجەکان بریتی بوون لە باجی خانووبەرەو کرێی ئاوو کارەبا ڕەسمییەکان، بەپێی ئەو ڕاپۆرتە داهاتی بۆ حکومەتی هەرێم کەمبووە، بەڵام (گومرگ) داهاتی سەرەکی گەنجینەی هەرێمی کوردستان بوو[٤] بە جۆرێك ساڵی ١٩٩٤ ڕێژەی (٩٢٪)ی داهاتی حکومەتی هەرێمی پێك دەهێنا[٥].

گومرگ، ئەو کەلو پەلانەی دەگرتەوە کە لە ئێرانو تورکیاو عێراقەوە دەهاتنە ناو هەرێمەوە، بەڵام ئەم داهاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای (تورکیا—هەرێمی کوردستان) دەستدەکەوت. ئەم ڕێگەیە لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، سەرەکیترین ڕێگای پەیوەندیی زەمینی

---

* ئەم ڕێژەیە بەپێی پارەی چاپی سویسری دەرکراوە.

١-اسماعیل مصطفی عبدالرحمن: واقع البطالة فی اقلیم کوردستان، مع ترکیز خاص علی محافظة السلیمانیة (١٩٩٠-٢٠٠١)، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی کوردستان، ژمارە(٣)، ساڵی سیانزەهەم، ٢٠٠٥، ل٢٣٩-٢٤٠.

٢-خلیل إسماعیل محمد، اقلیم کردستان العراق، ل١١١.

٣-جزاتوفیق طالب: المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومی، ل٣٢٥.

٤- ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی شەشەم، ل٣٢٣.

٥- گوڵدران عبدالرحیم عزیز: واقع النشاط التجاری فی اقلیم کوردستان-العراق، (١٩٩٣-١٩٩٨)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك، ١٩٩٩، ل١٤١.

نێوان عێراق‌و تورکیا بوو، بەم شێوەیە (موسل-فایدە—جزیرە-زاخۆ-دیاربەکر)[1]، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ ئەم ڕێگایە کەوتە ژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردستانەوەو بەم شێوەی لێهات:

● ڕێگای (هەولێر — شەقلاوا — هەریر — باتاس — ئاکرێ - ئەتروش- زاویتە - دهۆك- زاخۆ- دیاربەکر )[2].

● (سلیمانی- ڕانیە — بالیسان- دیانە — هەریر- باتاس -ئاکرێ - ئەتروش -زاویتە- دهۆك -زاخۆ-دیاربەکر ).

بایەخی ئەم ڕێگەیە لەڕووی ئابوورییەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەوەدا بوو کە دەستی بەسەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکی زەمینی ڕاستەوخۆی نێوان عێراق‌و تورکیا گرتبوو، هەناردەو هاوردەی نێوان هەردوو دەوڵەت پێویست بوو لەم ڕێگایەوە بێت، هاوکات گرنگترین ڕێگای بازرگانیی دەرەوەی هەرێم بوو، هەموو شمەك‌و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی لەم ڕێگایەوە دابین دەبوو، دواجار بەهۆی ئەم ڕێگایەوە بازرگانییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان تورکیاو ئێران پەیدا بوو، بۆ کەلوپەلەکانی وەك جگەرەو خواردنەوەی سەرخۆشکەر. بەڵام خاڵی سەلبی ئەم ڕێگەیە ئەوەبوو تورکیا دەسەڵاتی تەواوی بە سەردا هەبوو، کە کردبوویە گرنگترین کارتی فشار بەسەر هەرێمی کوردستانەوەو لە کاتی پێویستدا بەکاری دەهێنا، بەتایبەت لە ناجێگیرکردنی نرخی دۆلار بەرامبەر دینار لە بازاڕی هەرێمی کوردستاندا.

پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان‌و تورکیا شێوەیەکی فەرمی وەرگرتبوو، بازرگانەکانی هەرێم دەیانتوانی هەموو جۆرە شمەك‌و کاڵایەك لە تورکیاوە بهێنن، بە مەرجێك پێشتر فۆرمی ڕێگەپێدانی بریکاری بازرگانی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دەربکرایە، لە کاتێکدا ئەم شێوەیە لە نێوان ئێران‌و هەرێمی کوردستاندا نەبوو[3]، چونکە ئێران بە وێنەی تورکیا هیچ جۆرە پابەندییەکی نەبوو بەرامبەر هەرێم، کە لە ئەنجامی بڕیاری (٦٨٨) بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانەکان پابەندی پاراستنی هەرێمی کوردستان کرابوو.

بازرگانیی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەکردندا بوو، بە جۆرێك ساڵی(١٩٩٣)، تەنها (٢٣١) بریکاری بازرگانی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە

---

١- نصیف جاسم المطلبی: موقع ترکیا الجیوستراتیجی، ل٣٥-٣٦.

٢-جزاتوفیق طالب: المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومی، ل٣٦٤.

٣- صباح صابر محمد خوشناو: دور الضرائب الطمرطیة فی تنشیط حرکة التجارة فی أقلیم کردستان، رسالة ماجستیر غیر منشورة، قسم الإقتصاد، کلیة علوم الأقتصاد، جامعة دهوك، ١٩٩٩، ل١١١.

ڕێگەپێدراو بوون، ئەم ژمارەیە ساڵی(١٩٩٨) بۆ (١٣٧٥) بریکاری بازرگانی بەرزبۆتەوە. تەواوی ئەم جووڵەیە لە خاڵی (گومرگی ئیبراهیم خەلیل) ئەنجام دەدرا، کە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بڕی داهاتی ڕۆژانەی ئەم خاڵە گومرگییەی بە (١-٢) ملیۆن دۆلار لە ساڵی(١٩٩٩)دا مەزەندە کردووە[١].

دەکرێت سروشتی هەناردەو هاوردەی بازرگانی نێوان هەرێمو تورکیا لە ١٩٩١-١٩٩٨ بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین:

## ١-قۆناغی یەکەم ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٥):

لەم قۆناغەدا تورکیا سەرەکیترین سەرچاوەی خۆراکی دانیشتوانی هەرێم بوو، هاوردە بە پلەی یەکەم (خۆراکی سەرەکی) بوو، بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٣ ڕێژەی (٢٦,٥٪) هەبوو، پاشان جگەرەو خواردنەوەی سەرخۆشکەر دەهات، کە هەریەکەیان بەڕێژەی(٢٤,٧٪) هاوردە دەکرانو بە زۆریی ڕووەو بازاڕی ئێران دەچوون دواجار شمەکی کەمالیاتو کەرەستەی خانوو دروستکردن...هتد، ئاستێکی نزمتریان هەبووە[٢].

لەهەمان قۆناغ هەناردەی هەرێم بۆ تورکیا سوتەمەنی بوو، لە ڕێگەی بارهەڵگری تورکی کە ڕۆژانە ژمارەیان لە (١٠٠٠) دانە تێپەڕی دەکرد[٣]، دوای ئەوەی کەلوپەلیان لە هەرێم دادەگرت، لە گەڕانەوەدا سوتەمەنییان لە ناو بازاڕی هەرێم دەکڕیو لە کۆگای دروستکراوی تایبەتی دەیانگواستەوە بۆ تورکیا، بۆ هەر (١٠) هەزار لیترێك بڕی (١٥٠) لیتر سوتەمەنی وەك باج وەردەگیراو پاشان یەك لیتر (٢٥٠) فلس گومرگ دەکرا کە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی بۆ دەسەڵاتی کوردی دابین کردبوو[٤]، هاوکات دیارییەکی هاوپەیمانان بوو کە چاوپۆشییان لە ناردنە دەرەوەی سوتەمەنی عێراق دەکرد بۆ تورکیا، لە بری ئەو زیانانەی کە لە دووەم جەنگی کەنداودا لێی کەوتبوو.

---

١- تیم نبلوك: العقوبات والمنبوذون، ل١١١.
٢- کوڵدان عبدالرحیم عزیز: واقع النشاط التجاری، ل١٢٤.
٣- جیف سیموند: عراق المستقبل، ل١٨٦-١٨٧.
٤- گوڵدان عبدالرحیم عزیز: واقع النشاط التجاری، ل١٣٤-١٣٥.

### ١-قۆناغی دووەم ١٩٩٦- ١٩٩٨ :

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤/ئەپریل/١٩٩٥ بڕیاری (٩٨٦)ی دەرکرد، بەو پێیە عێراق دەیتوانی هەر شەش مانگ جارێك هێندە نەوەت بفرۆشێت تا دەگاتە نرخی (٢) ملیار دۆلار، لە ٢٠/مایو/١٩٩٦ عێراقو نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەیەوە گەیشتنە ڕێککەوتنێك، بە جۆرێك ڕۆژانە لە بەندەری (ئەلبەکر) لە باشووری عێراق (١,١٩) ملیۆن بەرمیلو لە بەندەری (یومورتالیك)ی تورکیا بڕی (٩١٤,٧٦٨) بەرمیل نەوت هەناردە دەکرا[١].

ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتوەکان بایەخێکی زۆری هەبوو، بۆ بووژانەوەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەپێی ئەو بڕیارە پێویست بوو تا ٣١/ یەنایر/٢٠٠٠ بڕی (١٢,٤٪) لە پارەی نەوتی هەناردەی عیراق، بە سەرپەرشتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێ، لەم نێوانەدا حکومەتی عێراق، تەنها ئاگادار دەکرایەوەو ڕێگەی پێ نەدرابوو دەستبخاتە پارەی تەرخانکراوی هەرێم، لەبەر ئەمە ئابووریی هەرێم بە جۆرێك گەشەی کرد کە پێش بووژانەوەی ئابووری عێراق کەوتەوە، چونکە ئەو پارەیە تا ٣١/یەنایر/٢٠٠٠ بڕی (١,٥٦٢,٧٠٠) دۆلار، واتە ڕێژەی (٩,٤٪) بۆ شمەکی خواردەمەنیو دەرمانو پرۆژەی خزمەتگوزاری خەرجکرا، لە کاتێکدا عێراق بڕێکی باشی بۆ کڕینی چەكو دروستکردنی کۆشکی کۆماری تەرخان کردبوو[٢].

گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان کاریکردە سەر پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا، بە جۆرێك شمەكو کاڵای هەناردەو هاوردە گۆڕانیان بەسەردا هات. کاتێك هاوردەی سەرەکی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی قۆناغی یەکەم خۆراكو پاشان جگەرەو خواردنەوەی سەرخۆشکەر بوو، بەڵام لەم قۆناغەدا دەگۆڕێت، جگەرە دەبێتە پلەی یەکەمو لە ساڵی ١٩٩٨ بە ڕێژەی (٢٦,٩٪)ی هاوردەی هەرێم بوو، ڕیزبەندی دووەم کەرەستەی خانوو دروستکردن بوو بە ڕێژەی (١٥,١٪)، پاشان شمەکی خۆراکی بە ڕێژەی (١٣,٥٪)و دواتر پێڵاوو جلوبەرگو قوماش کە ساڵی ١٩٩٣ ڕێژەی (١,٣٪) هاوردە دەکران، لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ (١١,١٪) گۆڕان، دواتر شمەکی کارەبایی لە (١,٥٪) گۆڕا بۆ (٩,٢ ٪)، بەپێی ئەم ئامارە ئابورییانە، ئابووریی هەرێمی کوردستان بە هۆی بڕیاری (٩٨٦) گەلێك گۆڕانکاریی بەسەر هات، پێداویستییە سەرەکییەکان کە خۆراك بوون لە قۆناغی یەکەمدا بۆ کاڵای کەمالیات گۆڕاون.

---

١- تیم نبلوك: العقوبات والمنبوذون، ل٥١-٥٣.

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧٢، ١٠٥-١١١.

ئەم بڕیارە بە دیوێکی تردا کاری کردە سەر جۆری هەناردەی هەرێم بۆ تورکیا بە جۆرێك لە قۆناغی یەکەمدا هەناردە تەنها سووتەمەنی بوو، لەم قۆناغەدا سووتەمەنی بەپێی بڕیاری (٩٨٦) هەرنادە دەکرا، چەند شمەکێکی دیکەی وەك خۆراکی دانەوێڵەو خورماو پێستە بوونە کالآی سەرەکی بازرگانی[١] و بەردەوام لە زۆربووندا بوون، بە جۆرێك ساڵی ١٩٩٧ بە قورسایی (٧١٥٠) تەنو (٧٦٧١٧) پارچە چۆتە تورکیا، لە ساڵی١٩٩٨ ئەم ژمارەیە بۆ (١٠٣٨٠٢) تەنو (٢٨٤٠٧٩) پارچە زیادی کردووە[٢].

**بنەمای شەشەم- مێژوو:**

مێژووی پێکەوەژیانی نوێو هاوچەرخی نەتەوەی کوردو تورك، چەندین رایەڵی کومەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو ئایینی پەیدا کردووە، ئەم مێژووە رووداوو کێشەی جۆراوجۆری زۆری لەخۆ گرتوو، زۆرێکیان لە کاتو شوینی خۆی کاریگەرییان لەسەر دوارۆژ لەدەست داوە، بەڵام هەندێکیان وەك سروشتی مێژوو ڕەنگدانەوەیان لە سەر داهاتوو هەبووەو کاریان کردۆتە سەر پەیوەندییە سیاسییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**أ. دەسەڵات:**

● مەبەست لە دەسەڵات ئەو پەیوەندییەیە کە لە مێژوودا لە نێوان دەسەڵاتی تورکو کورد پەیدا بووە، تیایدا کورد لە ئاستی میرنشینەکانو تورك لە ئاستی دەسەڵاتی عوسمانی بەشداری کردووە. ساڵی (١٥١٤) لە سەروبەندی ململانێی نێوان عوسمانیو سەفەوی لە کوردستان، پەیماننامەیەك لە نێوان زۆرینەی میرانی کوردو عوسمانی واژۆکراو بوونە هاوپەیمانی یەکتر[٣].

١- گولدران عبدالرحيم عزيز: واقع النشاط التجاري، ل١٣١.
٢- صباح صابر محمد خۆشناو: دور الضرائب الطمرطية، ل١١٥.
٣- سەعدی عوسمان: کوردستانو چوونە ناو قەڵەمڕەی عوسمانییەکانەوە، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژمارە(١٢)، ١٩٩٩، ل١٥٠-١٥١.

دواتر سەرجەم میرنشینەکان تا ساڵی ١٨٥٠ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕوخێنران، لێرەوە کورد سەرجەم دەسەڵاتی سیاسیی لە دەستدا، بەم جۆرە پەیوەندیی دەسەڵات لە نێوان کوردو تورك پچڕا، کە بۆ دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزرانی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ درێژەی کێشا.

پاش ئەوەی پەیوەندی لەدوای (١٤٠) ساڵ لە نێوان دەسەڵاتی کوردو تورك پێکهاتەوە، هەردوولا کێشەی متمانەو ئەزمون لە نێوانیاندا بە ڕوونی دیار بوو، بۆ نموونە کاتێك (تورگۆت ئۆزال) لە میانەی هێرشی فڕۆکەوانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق نوێنەری خۆی ناردە لای سەرکردایەتیی کورد، لە بەرامبەردا کورد باوەڕی نەدەکرد تورك داوای پەیوەندیی سیاسیان لەگەڵدا ئەکات[١]، هەروەها سەرکردە تورکەکان لە ئەنجامی نا شارەزایی لە مێژووی کورد، باسیان لەوە دەکرد کە کورد نابێت دەوڵەتی هەبێت، چونکە لە مێژوودا دەوڵەتێکی بەو جۆرەی نەبووە[٢].

## ب. پەیماننامەی (سیڤەر)و (لۆزان):

پەیماننامەی (سیڤەر)و (لۆزان) دوو سیمبولی نەتەوەیی کوردو تورکە، بەڵام بە پێچەوانەی یەکترەوە، (سیڤەر) ١٠/ئوگستۆس/١٩٢٠، بۆ کورد ئەو پەیماننامەیە کە یەکەم جار لە لایەن کۆمەڵی نیودەوڵەتییەوە دانی بە مافی کوردا نا لە بەندەکانی (٦٢،٦٣،٦٤) بەڵام بزووتنەوەی تورکی هۆکاری سەرەکی جێبەجێ نەکردنی بوو. هاوتەریب بەرامبەری، (لۆزان) ٢٤/یۆلیۆ/١٩٢٣، بۆ تورك ئەو پەیماننامەیە بوو کە مافی نەتەوەی تورکی ناساندو لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی تورکیا دامەزرا، (مستەفا کمال ئەتاتورك) لە ساڵی ١٩٢٧ بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات: "بەڵگەنامەیەکە هێما لەشکستی گەورەی ئەو تاوانە دەکات کە چەندین سەدە بوو لە دژی ئوممەی تورکی داڕێژرا بوو، لەو باوەڕەدا بوون بە سیڤەر ئەم کارەیان تەواو کردووە، بەڵام لۆزان کۆتایی بەم پیلانە هێناو سەرکەوتنێکی سیاسیی بەدەستهێنا کە لە مێژووی سەردەمی عوسمانیدا وێنەی نییە". ساڵی ١٩٩٣ لە یادی (٧٠) ساڵەی واژۆکردنی لۆزاندا تورك بە گەرمی پێشوازیی لەم بۆنەیە کرد، (سلیمان دیمیریل) ڕایگەیاند: "لۆزان

---

١- جوناثان راندل: امة فی شقاق، ل ١٢٤-١٢٥.
٢- مجلة(کردستان المجاهدة)، عدد(٢)، ١٩٩٢،ل٣٧.

سیڤەری بۆ ٧٠ ساڵ دواخست، ئەوەی تێبینی دەکرا دوای ٦ مانگ لە واژۆکردنی سیڤەر دەوڵەتی کوردیو ئەرمەنی دروست دەبوو لە دواییدا ئەم بیرە جێبەجێ نەکرا، بەڵام تا ئێستاش لەمێشکدایە، ئەوەی ئێستا دەیانەوێت بەرچاومانی بخەن سیڤەرە"[١].

وتاری سەرەك کۆمارەکانی تورکیا بیرەوەری لەبیرنەچووی تورك بەرامبەر سیڤەرو لۆزان، هەروەها مەترسیان بەرامبەر نەتەوەی کورد پیشان دەدات، ئەمە لەسەر زمانی (بولەنت ئەجەڤید) دەردەکەوێت لە سەروبەندی دوای ڕاگەیاندنی فیدراڵی هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی تورکیا وتی: "دەوڵەتی کوردی لە دوای هەڵبژاردنەکان بەتەواوەتی دامەزراوە ئەوەی ماوەتەوە تەنها دانپیدانانی فەرمییەو تورکیاش لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیەوە ئەم کاری کردووە، ئەو دەوڵەتانەی کە ئێمە بەهاوپەیمانیان دەزانین بە ئاشکرا خەریکی تاوتێ کردنی پەیماننامەی سیڤەرن بە تایبەت لە پەرلەمانی ئەوروپادا"[٢].

لە ڕاستیدا کورد سیڤەری کردۆتە بەشێك لە بیری نەتەوەیی، عەزیز یامولکی وەك هاوسەردەمو ئەفسەرو مێژوونوسێك دەڵێت: "بەڵگەنامەیەکی سیاسیی گرنگە بۆ کوردو کوردستانو زۆر پێویستە هەموو کوردێك بزانێ پەیماننامەی ناوبراو لە ١٠/ئاب/١٩٢٠ مۆرکراوە"[٣]، هەروەها (محەمەد هەمەوەندی) پسپۆڕ لە بواری یاسا دەڵێت: "پەیماننامەکە هێزی یاسایی خۆی سەبارەت بە کێشەی کورد لەدەست نەداوە"[٤].

## ت. ویلایەتی مووسڵ:

ویلایەتی مووسڵ ناوێکی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانی بوو[٥] بەو هەرێمە دەوترا کە ئێستا بە کوردستانی باشوور ناودەبرێت، ویلایەتەکە لە دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لەلایەن بەریتانیا داگیر کرا، بە پێی ڕێککەوتننامەی ئاگربڕی (مۆدرۆس) لە

١- ترکیاالتسعینات- الصراع بين"سيفر"و"لوزان"، اعداد: محمد نورالدين، مجلة (شؤن تركية)، عدد(٩)، ١٩٩٣، ل٣٩-٤٠.

٢- قوة المطرقة بين التمديد والهواجس، اعداد: محمد نورالدين، مجلة (شؤن تركية)، عدد(٥)، ١٩٩٣، ل١٣-١٤.

٣- عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستانو ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی: شێرزاد کەریم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٦.

٤- محەمەد هەمەوەندی: ڕەوایی ڕاگەیاندنی فدرالیزم لەکوردستان، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (١٠)، ١٩٩٤، ل١٠٨.

٥- بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥).

٣٠/ئۆكتۆبەر/ ١٩١٨ بۆ بەریتانیا هەبوو هەر ناوچەیەك داگیر بكات كە بە خالێكی ستراتیجی دابنێت، لەم رێككەوتنەوە كێشەی ویلایەتی مووسڵ پەیدا بوو، چونكە بەریتانیا پێی وابوو بەپێی رێككەوتننامەكە ویلایەتەكەی داگیر كردووەو مافی دەوڵەتی عوسمانی پێوەنەماوە، هەرچی دەوڵەتی توركیای نوێش بوو وەك جێگرەوەی دەوڵەتی عوسمانی ویلایەتەكەی بە بەشێك لە دەوڵەتی توركیاو بە پارچەیەكی دانەبڕاوی دەوڵەتەكەی دادەنا. بەلاّم بەریتانیا بە سیفەتی هێزی ماندات لە عێراق، وەك بەشێكی دەوڵەتی عێراقی داكۆكی لە ویلایەتەكە دەكرد، ئەم دوو بۆچوونە جیاوازە چارەسەر نەكرانو خرانە بەردەستی كۆمەڵەی گەلان لیژنەیەكی تایبەت پێكهێنراو لە ساڵی ١٩٢٥ سەردانی ویلایەتەكەیان كرد[١]،بە پێی راپۆرتی كۆتایی لیژنەكە بۆ كۆمەڵەی گەلان، بڕیار درا ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عیراقو لە ساڵی ١٩٢٦ یەكەم رێككەوتننامەی نێوان توركیاو عیراق واژۆ كرا[٢].

توركیا بە لەدەستدانی ویلایەتەكە زۆر نیگەران بوو، یەكێك لە سەركردەكانی توركیا لەم بارەیەوە وتی: "مووسڵ وەك برینێكی قوڵ لە دڵی تورك دەمێنێتەوە"[٣]، هەروەها (كەمال ئەتاتورك) بەم شێوەیە رای خۆی دەربری: "لەوانەیە چاوەڕێی كات بكەین تا بەهێز دەبینو دەستی بەسەردا دەگرین"[٤]، ئەم وتارانە دەرگای كراوەیان خستەڕوو بە ڕووی داهاتووی سیاسەتیی توركیا بەرامبەر ویلایەتەكە، لە ساڵی ١٩٩١ لەمیانەی دووەمین جەنگی كەنداوو ئەگەری رووخانی دەوڵەتی عیراقی، چاوتێبڕینی توركیا جارێكی تر سەری هەڵدا، بەلاّم بە شێوازێكی نوێ، (توركوت ئۆزاڵ) دەربڕی ئەم سیاسەتە بوو كە وتی: "چەندین هۆكاری یاساییو مێژوویی (مەبەستی ویلایەتی مووسڵە) هەن بۆ ئەوەی پەیوەندیی لە نێوان ئەوان (واتە كورد) و توركیا لە ئایندەیەكی نزیكدا پێكبێت، ئەگەر بەغداد پێی وایە كوەیت بەشێك

---

١-عثمان علي: دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، مكتب التفسير، اربيل٢٠٠٣،ل٤٧-٥٦.

٢- فاضل حسين: كیشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاكەلی، چاپخانەی خاك، سلەیمانی، ١٩٩٩، ل٢٢٩-٢٣٩.

٣- بيار مصطفى سيف الدين: السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها في كوردستان (١٩٢٣-١٩٢٦)، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٤، ل٢٦٥.

٤- ميشال نوفل واخرون: عرب والاتراك في العالم المتغير،الجزء الاول، مركز الدراسات الأستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٣،، ل١٣١.


بووه له خۆی ئەوا تەواوی عیراق خاکی عوسمانی بوو"[١]، هەروەها (سلێمان دیمیریل) له سالّی ١٩٩٥ به ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند که ویلایەتی موسلّ تا ئێستاش بەشێکه له تورکیا[٢].

له بەرامبەردا کورد هیوای ئەوەی دەخواست که پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا باش بێت، لەم بارەیەوه (جەلال تالّەبانی) له سالّی ١٩٩٢ ئەوەی بۆ (سلێمان دیمیریل) خستەڕوو که پەیوەندییەکی مێژوویی له نێوان هەردوو نەتەوەی تورک‌و کورد هەیه‌و کار له پێناوی زیندووکردنەوەی ئەکەین[٣]، دەخوازین لەگەڵ تورکیا هاوپەیمان بین[٤]، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکی مێژوویی لای کورد هەبوو بۆ نموونه (محەمەد فوئاد مەعسوم) له میانەی لەشکر کێشی تورکیا له ١٩٩٧ بۆ کوردستان ئەوەی خستەڕوو که پلانی تورکیا بۆ دەست بەسەرا گرتنی ویلایەتیی مووسلّ‌و ئەم کارەی وەك داگیرکردنی ئیسرائیل بۆ شاری قودس له فەلەستین وێنا کرد[٥].


له کۆتایی ئەم بابەتەدا دەگەینه ئەو ئەنجامەی کەپەیوەندی دوولایەنەی هەرێمی کوردستان‌و تورکیا، پەیوەندییەکی ساناو یەك لایەنی‌و یەك شێوه نەبووه، بەلّکو بە کۆمەلێك ڕایەلّی گرنگ پێکەوه گرێ درا بوو، ئەگەر لەڕوویی یاساییەوه جیاوازی هەبووبێت لەگەلّ پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت، بەلاّم لەڕووی پراکتیکەوه سەرجەم بنەماکانی تیادا بەرجەستە بووه به تایبەت له ڕووی پەیوەندی سیاسی‌و سەربازی‌و ئابووری.

---

١-میشال نوفل واخرون: عرب والاتراك،ل١٣٠-١٣١ .
٢- بڕوانه بەشی سێیەم تەوەرەی سێیەم.
٣- أصغر جعفر ولدانی: چشمداشت های ترکیا بەشمال عراق، مجلة ( إطلاعات سیاسی إقتصادی)، شماره (٩٨-٩٧)، ل٥٢-٥٣.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژماره (١٥٥)، ١٩٩٢/٨/٢ .
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژماره (١٤٩٧) ،١٩٩٧/١٠/١٦ .



نەخشەی ژمارە یەك



نەخشەی ژمارە دوو

# ئاسایشی کۆمەڵگایی
# بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی لە پرۆسەی داڕشتنی ناسنامەی کوردیدا

نووسینی: سکۆت واتسن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد جلال

Societal Security: Applying the Concept to the Process of Kurdish Identity Construction

## تیشکێك

کۆتایهاتنی جەنگی سارد گەلێك گۆڕانی قـووڵ و گرنگـی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، جیهـان بەسەر رۆژگارێکی نوێدا هەڵهات و چیدی نەدەکرا بە وەڵامەکانی دوێنێ وەڵامی پرسـیارەکانی ئـەمڕۆ بدرێنـەوە. یـەکێك لـە کاریگـەرترین گـۆڕان بریتـی بـوو لـە تێکـشکاندنی سـنوورە تەقلیدییەکانی دەوڵەت و لێپرسینەوە لەو رووداوانەی لە دیوی نـاوەوەی ئـەم سـنوورانە روویـان دەدا. لێرەوە پەرتپەرتبوونێك لە مامەڵەکردن لەگـەڵ زۆر دیـاردەی جیهـانی سـەری هەڵـدا کـە پێشتر لە چوارچێوەی دەوڵەتدا قەتیسمابوون و تەنها لە رێگەی دەوڵەتەوە مامەڵـەیان لەتەکـدا دەکـرا، وەك دیـاردەی کولتـووری ، ئـەتنیی ، ئـاینیی، ئـابووریی، سیاسـیی، کۆمەڵایـەتیی، جێنـدەر، ژینگـەیی ...هتـد. یـەکێك لـەو بابەتانـەی کەوتـە نـاو لێکۆڵینـەوە و لـە ئەجێنـدا نێونەتەوەییەکاندا جێگەی بۆ تەرخان کرا، بریتی بوو لە پرسی ناسنامە.

لەلایەکی ترەوە تێبینی کرا زۆر لە ململانێ و ناکۆکییەکانی پاش جـەنگی سـارد، کـە تـا رادەیـەکی بەرچـاو توندوتیـژی و رووداوی خوێناوییـان بەخۆیانـەوە بینـی، لـەناو خـودی دەوڵەتەکاندا روویان دەدا نەك لە نێوان دەوڵەتاندا. ئامارەکان ئاماژەیـان کـرد بـۆ ئـەوەی ئـەم ململانێیانە زیاتر لە (٩٠٪) ی ململانێکانیان پێکدەهێنا، هەروەها قوربانییەکانیشیان زیـاتر لە (٩٠٪) ی خەڵکی مەدەنی بوون نەك سەرباز. توندوتیژییـەکانیش تـەنها چـەکداری نـەبوون بـەڵکو هـەروەها توندوتیـژی بونیـادی و سـتراکتۆری بـوون و لـە نێـوان گرووپـە جیاوازەکـانی

کۆمەڵگادا بەرپا دەبوون.ئەم رووداوانە سەرنجی لێکۆڵەرانیان بۆ لای تیۆروانین لە ناسنامەی کۆمەڵگا و گرووپەکانی کۆمەڵگا راکێشا.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی بەشێك لەو گۆڕان و لەو ململانێیانەی لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەن، هەروەها ئەوانەش کە لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی خودی یەك کۆمەڵگادا بەدی دەکرێن و بابەتی ململانێکانیش دیاریکردنی ناسنامەی کۆمەڵگایە. لێرەدا لایەنە تیۆرییەکان بەسەر دۆز و ناسنامەی کوردیدا تاقیکراونەتەوە بۆ سەلماندنی سوود و کەڵکی پراکتیکییان. هەرچەندە نووسەر کوردەکانی تورکیای بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردووە، بەڵام داتا و دراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تا رادەیەکی زۆر جێبەجێدەبن بەسەر دۆز و پرسی کورد بەشێوەیەکی گشتی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا ، یان بەلایەنی کەمەوە لە کوردستانی عێراق، کە واقیعی ژیانی ئێمەیە. هەر ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ وەرگێڕان... . (وەرگێڕ).

## پوختە

قوتابخانەی کۆپنهاگن Copenhagen School لە (ئاسایشی کۆمەڵگایی)دا societal security چەمکێکی داڕشتووە کە رووناکی دەخاتە سەر زۆرێك لەو ناکۆکییانەی لە نێوان دەوڵەتان و گروپە ناوەنجییەکان هەن. سەرەڕای ئەوەی، هەروەك رەخنەگرانیان ئاماژەی پێدەدەن،مەترسی بەجەستەییکردنی (بەمادییکردنی) Reifying شوناسی ئەم گرووپانە مەترسییەکی زۆر جدییە. بەبێ داننان بەو لاوازییەی لە بەجەستەییکردنی ناسنامەی کۆمەڵگادا هەیە، ئەستەمە بتوانرێت ئەم چەمکە بەکاربهێنرێت. ئەم باسە پرۆسەی داڕشتنەوەی ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە بە مەبەستی شەن و کەوکردنی سروشت و چۆنێتی پێناسەکردنی هەڕەشەکانی سەر ئەم ناسنامەیە لەلایەن ئەکتەر و نوێنەرە هەمەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەو پێناسە و دەستنیشانکردنەش لە میانەی هەوڵ و کۆششی ئەم ئەکتەرانە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی دەردەکەون. دەروازەیەکی لەم جۆرە پیشانی دەدات کە دەکرێت ئاسایشی کۆمەڵگایی بە یەکانگیریی لەگەڵ ئەو جیهانبینییەی پرۆسەی داڕشتنەوەی ناسنامەکە دەجولێنێت، بەکاربهێنرێت، کە لە لایەکەوە سەرزەنشتی بەجەستەییکردنی شوناسی کۆمەڵگایی لە کۆڵ دەکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە کۆمەك و زانیاریی زۆرمان پێدەبەخشێت بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێی نێوان ئەم کۆمەڵگایانە و وڵاتە خانەخوێکانیاندا و هەروەها لەناو خودی کۆمەڵگاکانیشدا.

## چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی

ئایا چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی باشتر لەو هەڕەشانەی دەوڵەتەکان بۆ سەر کۆمەڵگاکانی دروست دەکەن حاڵیمان دەکات ؟ مشتو مڕی ئەم نووسینە لە بارەی رادەی زاڵبوونی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگاییە بەسەر گەلێك لەو گرفتانەی کە لێکۆڵینەوە تەقلیدییەکانی ئاسایش لە تەقەلا و کۆششیاندا لە باسکردنی دۆزە ئاسایشییە نادەوڵەتییەکان non-state* دەهاتنە رێیان و هەروەها باسی سەلماندنی لە چوارچێوەگرتنێکی بەکەڵکی ئەو گۆڕان و گەشەسەندن و ئەکتەرانە دەکات کە دەکرێت وەك هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگاکان دەربکەون. هەر چۆنێك بێت چەمکەکە تا هەنووکەش لێشاوێك رەخنەی رووبەڕوو کراوەتەوە، کە ئەگەر بەبێ لێدوان و باس وخواس بەجێبهێڵرێن، ئەوا دەشێت خزمەت بە سنووردارکردنی کەڵك و بەرکاربوونی بکات. بە پشکنینی حاڵەتی کوردەکان، ئەم نووسینە دەریدەخات، ئاسایشی کۆمەڵگایی، هەروەك "باری بوزان" Barry Buzan و "ئۆلی وایڤەر" Ole Waever گەڵاڵەیان کرد، یارمەتیمان دەدات بۆ ناسینی ئەو ئەکتەر و رووداوانەی لە ئێستادا هەن و، ئەوانەی لە داهاتووشدا، مەترسی دەخەنە سەر ناسنامەی ئەم کۆمەڵگایانە.

لە بەرامبەردا، ئەم حاڵەتە،پێمان دەڵێت کەڵك و سوودی بەجەستەییکردنی(بە مادییکردنی) شوناسی کۆمەڵگایی چەند سنووردارە و تەنانەت دەکرێت بەشداربێت لە بەهەڵەتێگەیشتن لەو هەڕەشانەی لە لای ئەم کۆمەڵگایانە دروست دەبن. ئەوەی لە کرۆکدا گرەوی ئەم گفتوگۆیەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنێکی راست و رەوای سەرچاوەی ململانێ و توندو تیژییەکان. هەر کەم و کورتییەك لە تێگەیشتنی چەمکەکانی ئاسایش دەکرێت ببێتە هۆی نەگەیشتن بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی ململانێکان و ونکردنی ئاڕاستەی سیاسەتی چارەسەرەکان. لە کاتێکدا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە زۆر ناوچەی جیهان رووبەڕووی چەندین بارودۆخی ئەمنی نادیار و تا رادەیەکی زۆریش گیروگرفتاوی وەستاوە، ئەوە ئەرکێکی جەوهەرییە کە ئەو چەمکانەی ئاسایش بخرێنە گەڕ، کە سەرنج بۆ لای گوتارە ململانێکارەکانی ناو کۆمەڵگا و بۆ لای ئەو گوتارانەش کە لەسەر تێگەیشتنێکی مێژوویییانەی دوورودرێژ لەنگەریان گرتووە، رادەکێشن.

بایەخ و گرنگی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەمنی گەشەسەندنێکی نوێیە لەکایەکەدا. دوابەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، زیادبوونی دراماتیکیانەی ژمارەی

---

* لێرەدا مەبەست لەو پرسە ئاسایشییانەیە کە تەنها وابەستە نین بە ئاسایشی دەوڵەتەوە وەك تاکە یەکەی گرنگ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو بایەخدانیشە بە کۆمەڵێك قەوارە و یەکە کە جیاوازن لە دەوڵەت.

ململانێكـانی نێـوان دەوڵـەتان و هەنـدێك كـەرتی دانیـشتوانەكانیان لێكۆڵـەرانی بێـداركردەوە لەوەی بایەخێكی زیاتر بەو هەڕەشـە ئەمنییانـە بـدەن كـە ڕووبـەڕووی گرووپـەكانی كۆمـەڵگا یاخود كەمینەكان دەبنەوە و لەلایەن خودی وڵاتەكەی خۆیانی تێدا دەژیـن سەرچـاوە دەگـرن[١]. تەنانەت وڵاتە ئەوروپاییەكان، كە تا ڕادەیەك ململانێیـان تێـدا نییـە، پەرچـەكرداری ئەكتـەرە ناوەنجییەكانی كۆمەڵگاكانیان بەرامبەر بە دەوڵەتەكان بە خۆیانەوە بینی لە پێناوی دانپیانانیان و دەسـتەبەركردنی ئاسایـشی تایبـەت بـە خۆیـان. لایەنـە هـەرە ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەكان دژی سیاسەتەكانی دەوڵـەت لەمـەڕ كۆچـكردن وەسـتانەوە، لـە كاتێكـدا ئـەوانی دی بەربـەرەكانێی ئاوێزانبوونیان لە ناو یەكە سیاسـییە فراوانەكـەی (یـەكێتی ئـەوروپا) دا دەكـرد[٢]. لێكۆڵـەرانی ئاسایش ئەم گۆڕان و گەشەسەندنانەیان بـە فراوانـی پـشتگوێ خـستبوو و لـە ڕووی تیۆرییـەوە خەمسارد بوون لە مامەڵەكردن لەگەڵ قەوارە ناوەنجییەكاندا، بەڵام دواتر بەزوویی ئاوڕیـان لـەم قەوارانە دایەوە.

## پێگەی كۆمەڵگا یان قەوارە ناوەنجییەكان*

The Place of 'Society' or Sub-State Entities

بۆچـوونێكی گـشتی و هاوبـەش هەیـە كـە هۆكـاری بایـەخ نـەدان بـە باسـكردنی پرسـە ئەمنییەكانی تایبەت بە قەوارە ناوەنجییەكان، دەگێڕێتەوە بۆ هەژموون و زاڵبوونی قوتابخانـەی ریالیزمی لە لێكۆڵینەوە ئەمنییەكاندا *. لە كاتێكدا ئەگـەر گومانێـك لـە بـارەی ڕۆڵـی ئـەم

[1]. Buzan, Barry. 1991. *People, States and Fear*. Hemel Hempstead: Harvester Wheatsheaf, Gurr, Ted Robert. 2000. "Ethnic Conflict on the Wane." *Foreign Affairs* 79:52-64, Gurr, Ted Robert and Monty Marshall. 2003. *Peace and Conflict 2003: A Global Survey of Armed Conflicts, Self-Determination Movements and Democracy*, Edited by C. f. I. D. a. C. Management. College Park: University of Maryland.

[2]. Bigo, Didier. 2001. "Migration and Security." in *Controlling a New Migration World*, edited by V. a. J. Guiradon, C. London: Routledge, Waever, O.; Buzan, B; Kelstrup, M and Lemaitre, P. 1993. "Identity, Migration and the New Security Agenda in Europe." Copenhagen: Center for Peace and Conflict Research.

* مەبەست لە زاراوەی sub-state actor، ئەو قەوارانەیە كە نە گەیشتوونەتە ئاستی دەوڵەت و لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتدا جموجۆڵ و چالاكی دەكەن و بە شێوەیەك لە شێوەكان، بە بڕ و ڕادەی جیاواز، لە كات و شوێنی جیاوازدا، كاریگەرییان هەیە لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، بۆ وێنە گروپە ئەتنییەكان. ئێمە لێرەدا زاراوەی (قەوارە ناوەنجییەكان)مان بۆ وەرگێڕانە كوردییەكە بەكارهێناوە. (وەرگێڕ).

* جێی خۆیەتی زۆر بە كورتی چەند بیرۆكەیەكی قوتابخانەی ریالیستی لە كایەی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەكان و سیاسەتی نێونەتەوەیی پێشكەش بكەین. لە ڕوانگەی ریالیستەكاندا دەوڵەت تاكە یەكەی كارا و گرنگـە لـە سیـستەمی نێودەوڵەتیـدا. دەوڵەتـەكان سـەروەرن لـە كاروبارەكـانی نـاوخۆ و دەرەوەدا و بـە هـیچ شـێوەیەك ئامادەنین دەستبەرداری بن. ئەو ژینگەیەی دەوڵەتەكان تیایدا بەیەكدەگەن و مامەڵە لە تەك یەكتریدا دەكـەن، ژینگەیەكی پاشاگەردانییەAnarchy Environment، چونكە هەموو دەوڵەتەكان خۆیان بە ◀◀

هۆکارەوە هەبێت، ئەوا بچووکترین گومانە، بەڵام پێویستە سەرنج بدرێت کە ریالیستەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو لێکۆڵەرانەوە بوون کە هەولّی تێگەیشتنیان لە ململانێ ئەتنییەکان و دیاردەی دەوڵەتە لاوازەکان weak states داوە[1]. بەداخەوە لە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی ئەمنیدا سەرنجی سیستەماتیکی کز و لاواز لە بارەی چۆنێتیی هەستکردنی گرووپە ناوەنجییەکانی کۆمەڵگا بە مەترسی پێشکەشکراوە. ژمارەیەکی کەمی لێکۆڵەران چەمکە باوە ئاسایشییەکانیان بەکارهێناوە وەك :پاشاگەردانی Anarchy، تەنگژەی ئاسایشی Security Dilemma بۆ یارمەتی دانیان لە روونکردنەوەی حاڵەتی ململانێ ئەتنییەکانی پاش لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆرەکان و دەوڵەتە فرە نەژادەکان[2].

بێگومان، بە تێپەڕبوونی کات، توێژەرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەستیان دایە وردکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی دەوڵەت. پێشتر تا رادەیەك ئەدەبیاتی باش لەم بارەیەوە بەرهەم هێنرابوون و بۆ نەتەوەخوازیی ، ئەتنی خوازیی و ململانێکانی ناوخۆی دەوڵەت

---

سەروەر و سەردار دەزانن. لێرەدا پاشاگەردانی مانای ئەوە نیە هیچ نەریت و رێسا و یاسایەك نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسا و رێسا و رێکخستن بوونیان هەیە، بەڵام مەبەست لەپاشاگەردانی، نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵایە کە بتوانێت ئەو رێسا و یاسایانە بەسەر دەوڵەتەکاندا جێبەجێبکات. لە ژینگەیەکی پاشاگەرداندا ئامانجی هەرە باڵای دەوڵەتان دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکەیە، لە وەها ژینگەیەکیشدا دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پشت بە خۆی دەبەستێت Self-help و باشترین هۆکاریش خۆ پڕچەککردنە. لە ئەنجامی پێشبڕکێی بەردەوامی دەوڵەتان بۆ خۆچەکدارکردن گرفتی "تەنگژەی ئاسایشیSecurity Dilemma" دێتە کایەوە، چونکە بەهێزبوونی دەوڵەتێك واتای هەڕەشە لە دەوڵەتێکی تر دەگەیەنێت و ئارامی و ئاسایشی تێکدەدات و ئیدی ئەمیش هەولّی بەهێزکردنی خۆی دەدات و سەردەکێشێت بۆ هەڕەشەکردن لە ئاسایشی دەوڵەتەکەی تر یان دەوڵەتانی تر. بەم شێوەیە بازنەی ئەم بارگرژییە ئەمنییە و بەردەوام خۆ پڕچەککردنە درێژەی دەبێت. قوتابخانەی کۆپنهاگن ئەم تێزانەیان لە ئاسایشی کۆمەڵگاییدا بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی ململانێی نێوان گۆمەڵگاکان. لەم کارەشیاندا چەمکی (بارگرژی کۆمەڵگایی Societal Dilemma) یان داهێنا و بۆ راقەکردنی کردار و پەرچەکرداری نێوان کۆمەڵگاکان خستیانە گەڕ (وەرکێڕ).

[1] . Buzan, Barry. 1991. People, States and Fear. Hemel Hempstead: Harvester Wheatsheaf, Moynihan, Daniel. 1993. Ethnicity in International Politics. New York: Oxford University Press, Posen, Barry. 1993. "The Security Dilemma and Ethnic Conflict." Survival 35:28.

لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، زاراوەی (دەوڵەتە لاوازەکان) یان (دەوڵەتە شکستخواردووەکان failed states) بۆ وەسفکردنی ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی لە هەندێك وڵاتی فرە نەتەوەیی و ئەتنییدا سەریهەڵدا، دەرکەوت، کە گوزارشتکردن بوو لە دارِمانی یاسا و نیزام و پەککەوتنی خزمەتگوزارییە بنچیینەییەکان و داتەپینی ژێرخانی ئابووری و کارگێڕی تیایاندا. ئەم دیاردەیە (وڵاتە لاوازەکان) وابەستە بوو بە ململانێی تایەفی و نەتەوەیی ئەتنیی تاڵ و توند و سەربازی. ئەم دەوڵەتانە توانای کۆنترۆڵکردنی تەواوی بەشەکانی هەرێمەکەیان لە دەست دەدا و گرووپ و لایەنی چەکدار سەریان هەڵدا. (وەرگێڕ).

[2] . Kaufman, Stuart. 1996. "International Theory of Inter-Ethnic War ".Review of International Studies 22:151 ،Posen, Barry. 1993. "The Security Dilemma and Ethnic Conflict ".Survival 35:28.

تەرخانکرابوون. بۆ ماوەیەك لێکۆڵەرانی لێکۆڵینەوەی نەتەوەخوازیی و ناوچەگەرێتیی کاریان لە ڕێگاچارەی شیاو بۆ ململانێ و ناکۆکییە ئەتنییەکان دەکرد[1]. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم لێکۆڵەرانە ئەو تاقیکردنەوەیەیان ئەنجام دەدا، کە چۆن ڕێکخستن و ڕێوشوێنە دامەزراوەییەکان لە چوارچێوەی دیموکراسیدا دەتوانن کۆتایی بە ململانێی نێوان دەوڵەتەکە و گرووپە کەمینە ئەتنییەکان بهێنن، یان لانی کەم بەر بەتەشەنەسەندنی زیاتری بگرێت. بە بیروڕای ئەوان گرووپە کەمایەتییە ئەتنییەکان بە هەمان شێوەی دەوڵەت بەڕێوەدەچن و ڕەفتار دەکەن، بەو پێیەی، هەروەك دەوڵەتەکان، خاوەنی ناسنامەیەکی دیاریکراون و سەرکردەیەکیان هەیە کە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانیان دابڕێژێت و هێڵیان بەژێردا بهێنێت. بەم پێیە پلان و ڕێکخستنی دامەزراوەیی گونجاو دەتوانێت پاڵنەری پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشە جێگیرانە دەستەبەر بکات کە لە ئاسایشی گروپە ناوەنجییەکانی کۆمەڵگادا هەن. بەم شێوەیە کاتێك زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕووی کردە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت، هەر بەزوویی ڕێی لە هەیکەلی ئەدەبییاتێك کەوت کە بەئاشکرا لە ڕوانگەیەکی تیۆرییانە بەدوور بوو، ئەم ئەدەبییاتەش لە جەوهەردا ریالیست بوو. لە ئاکامدا زۆر لەو پرسیارە گیروگرفت ئامێزانەی لە لایەن لێکۆڵەرە لیبرالی و ڕاڤەخوازەکانەوە Constructivistخرابوونە ئەستۆی ریالیستەکان، بە میرات مانەوە، یەك لەوانە دەستەوەستانی لە ڕوونکردنەوەی جیاوازیی هەڵوێستی بەشداریکردن لە ململانێکاندا; بە دەستەواژەیەکی تر: بۆچی هەندێك گرووپ پەنا دەبەنە بەر ململانێی توندوتیژ، لە کاتێکدا گروپ گەلێکی تر هەن لە هەل و مەرجێکی ستروکتووری هاوشێوەدا پەنا بۆ توندوتیژی نابەن؟

## پێگەی ناسنامە لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکاندا

The Place of Identity in Security Studies

لە هەندێك کۆمەڵگادا، بەشێك لە گرووپەکانی کۆمەڵگا (ئەوانی دی-گروپەکانی دی-) بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دادەنێن، وەك لە یۆگسلافیای پێشوودا، ئەم هەڵوێستە بە زەقی پێچەوانەی حاڵەتێکی ترە کە تیایدا گرووپەکان (ئەوانی دی ) بە مەترسی نازانن، وەك چیکۆسلۆفاکیا یان تا ڕادەیەکی زۆر یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. جێکردنەوەی ناسنامە لەناو لێکۆڵینەوە ئەمنیەکاندا یارمەتیدەر بوو بۆ ڕووناکی خستنە سەر هەندێك لەم جیاوازییەی لە

[1] . Lijphart, Arend. 1969. "Consociational Democracy." World Politics 21:207-225, —. 1977. Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration. New Haven: Yale University Press, Lustick, Ian. 1979. "Stability in Deeply Divided Societies: Consociationalism versus Control." World Politics 31:325-344, Nordlinger, Eric. 1977. Conflict Regulation in Divided Societies. New Haven: Yale University Press.

هەڵوێستی گرووپەکاندا هەیە، بۆ بەدبەختی دەستەیەك گیروگرفتی تەواو نوێ خرایە روو: کە لێکۆڵەرە ئەمنییەکان لە پێشتردا بەباشی خەریکی نەبووبوون. ئەو دەمەی لێکۆڵینەوە ئاساییشییەکان لەلایەن ریالیستەکانەوە قۆرخ کرابوون، ناسنامە لەبەر دوو هۆ نەبووبووە بابەتێکی گیروگرفتاوی و پرسیارئامێز، ئەوانیش: دەوڵەتەکان تەنها یەکەی ژێدەر و مەرجەع بوون و دەوڵەتەکان وەك چەند یەکەیەکی هاوشێوە سەیر دەکران; لەوەدا کە هەموویان ناسنامە و بەرژەوەندی لێکچوویان هەیە و کاتێك گۆڕانکاری و گەشەسەندن دێتە رێیان، وا چاوەڕوان دەکرێت هەموویان بە شێوازێکی هاوشێوە پەرچەکردار بنوێنن[1]. هەر چۆنێك بێت، سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئاشتیی دیموکراسیی Democratic Peace School نیشانیدا کە دەوڵەتەکان هەمیشە بەیەك شێوە بەرپەرچی گۆڕانکاری و رووداوەکان نادەنەوە و ناسنامەی دەوڵەت دەتوانێت رۆڵی گرنگ بگێڕێت لە ئاسایشی نێودەوڵەتیدا[2]. راڤەکەرەکان Constructivists باری سەرنجیان خستە سەر بابەتی ناسنامە و بۆ شیکارکردنی چەند بابەتێکی گرنگی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەکاریان هێنا: وەك پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بەکارنەهێنانی هەندێك چەکی دیاریکراو یان رەچاوکردن و پیادەکردنی هەندێك پێوەری نێودەوڵەتیی[3]. هەر چۆنێك بێت خستنەکاری چەمکی ناسنامە تا

---

[1] . Bull, Hedley. 1977. *The Anarchical Society: A Study of Order in World Politics*. New York: Columbia University Pres.

[2] . Doyle, Michael. 2001. "Kant, Liberal Legacies and Foreign Affairs." in *Debating the Democratic Peace*, edited by M. Brown, S. Lynn-Jones, and S. Miller. Cambridge: MIT Press, Owen, John. 2001. "How Liberalism Produces Democratic Peace." in *Debating the Democratic Peace*, edited by M. Brown, S. Lynn-Jones, and S. Miller. Cambridge: MIT Press.

لە دیدی ریالیستەکاندا دەوڵەت مەرجەعی سەرەتا و کۆتاییە و وەك یەکە و قەوارەیەکی یەکگرتوو دەبینرێت و رەگەزە پێکهێنەرەکانی لە خەڵك و هەرێم و سیستەمێکی سیاسی خاوەن سەروەری بە توندی یەکانگیرن و قابیلی لێکجیاکردنەوە نین. ئیدی کۆمەڵگا یان گرووپەکانی کۆمەڵگا بەشێکی دانەبڕاون لە خەڵکی دەوڵەتەکە (نەتەوە) و هەموو پێکەوە هەڵگری پێناسی دەوڵەتن و ئاسایشیان بە دەوڵەتەوە بەندە، لێرەوە ئاسایش ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتە و هەرلەلایەن خودی دەوڵەتیشەوە دەستەبەر دەکرێت. ریالستەکان ئەم تێزە بۆ گشت دەوڵەتەکان بەکاردەهێنن و سیما و روخسارێکی هاوبەش بۆ هەموویان دەکێشن. هەر بە پێی تێڕوانینی ریالیزمیی، دەوڵەتەکان لە پەیوەندییەکانیاندا هەمیشە ئامانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن و میکانیزم و ئامرازی پێویست بۆ هێنانەدییان دەگرنەبەر، کە بە رای ئەمان هێزی سەربازی بەردەوام ئامرازێکی لەبەرچاوگیراوە بۆ ئەم مەبەستە. ئەمانە وا دەکەن دەوڵەتان لە کردار و رەفتاردا جۆرە لێکچوونێك لە نێوانیان هەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو وپێشهاتەکاندا (وەرگێڕ).

[3] .Finnemore, Martha and Kathryn Sikkink. 1998. "International Norm Dynamics and Political Change." *International Organization* 52:887-917, Jepperson, Ronald; Wendt, Alexander and Katzenstein, Peter. 1996. "Norms, Identity and Culture in National Security." in *Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics*, edited by P. Katzenstein. New York: Columbia University Press, Price, Richard M. 1997. *The Chemical Weapons Taboo*. Ithaca: Cornell University Press, Wendt, Alexander. 2000. *Social Theory of International Relations*. Cambridge: Cambridge University Press.

هەنووکەش بە دەوڵەتەوە پەیوەستە،چونکە ئەوە پێناسی دەوڵەتە کە کار لە سروشتی پەیوەندییەکانیان دەکات.

بەداخەوە ئەو مەترسییەی کە سروشتی دارشتنی ناسنامەی دەوڵەت و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەم ناسنامەیە بۆ سەر کۆمەڵگاکان و کەمایەتییەکانی ناو ئەو دەوڵەتە دەیخولقێنێت، زۆر بەکەمی تیۆریزە کراوە. بۆ دەرخستنی ئەو حاڵەتەی کە دەکرێت دەوڵەت وەك مەترسییەك بۆ سەر دانیشتوانە کەمینەکانی، یان بەپێچەوانەوە، سەیر بکرێت، پێویستە سەرنجی پرۆسەی چۆنێتیی راڤەکردنی ناسنامەی هەر یەکە لە دەوڵەت و جڤاتە ناوەنجییەکان بدرێت. کتێبە شاکارەکەی ئەندرسۆنAnderson "جڤاتە ئەندێشەییەکان imagined community" رێنیشاندەری شەپۆلێکی نوێی زانست و توێژینەوە بوون لەم بوارەدا، کە لەبری ئەوەی پێ لەسەر چۆنێتیی کاریگەری ئینتیمای ئەتنی و نەتەوایەتی لەسەر پێکهێنانی ناسنامە دابگرێت، زیاتر تەرکیزی دەخستە سەر سروشتی فۆرمەلەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەتنی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە[1]. لێرەدا کاری گرنگ ئەنجامدراوە لە بارەی ئەوەی چۆن سروشتی دارشتنی ناسنامەی گرووپ جیاکاری دەخولقێنێت لەگەڵ (ئەویدی) و چۆن ئەم پرۆسەی دارشتنی شوناسە ئەگەری گۆرانی هەیە بۆ ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ (ئەوانی) دەرەوەی گرووپەکە یان بۆ مناوەرەکردنی دەستەبژێرەکان بەو سیمبۆل و داستانانەی ئاوێزانی پرۆسەی دارشتنی شوناسی گروپ بوون[2]. یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم ئەم کارانە نەبوونی تیۆرییەکی گشتییە تا وەکو بتوانرێت بە بەڵگە و دەرئەنجامەکانی، گرووپەکان بە شێوەیەکی گشتی بناسێنرێن و بەو گرووپە ئەتنۆ-نەتەوەییانەشەوە کە توندوتیژی بەرامبەر بە دەوڵەت بەکاردەهێنن، ئاشنامان بکات.

ئەمە کت ومت ئەو شوێنەیە کە چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی لای هەر یەك لە "بوزان" و "وایڤەر" تێیدا دادەبەزێت بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی ببینێت و گرنگترین بەشداری خۆی بکات. ئەوان گفتوگۆی ئەوە دەکەن (کۆمەڵگاکان) کە گرووپی ئەتنۆ- نەتەوەیی و ئاینیی، هەروەها دەستە و گرووپی دامەزراو لەسەر جێندەر Gender و رەگەز، یان چینایەتی لە خۆدەگرن، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە راڤەی مەترسی و هەرەشەکان دەکەن. بۆ نموونە لە گوتاری ناسنامەی کۆمەڵگاکانی ترەوە یاخود لە گوتاری دەوڵەتەوە. بەم شێوەیە بە لای قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە،

---

[1] . Anderson, Benedict. 1991. *Imagined Communities*. New York: Verso, Hobsbawn, Eric and T. Ranger. 1983. *The Invention of Tradition*. New York: Cambridge University Press.

[2] . Kaufman, Stuart. 2001. *Modern Hatreds: the Symbolic Politics of Ethnic War*, Edited by R. Art, R. Jervis, and S. Walt. Ithaca: Cornell University Press, Rudolph, Susan and L. Rudolph. 1993. "Modern Hate." *The New Republic*.

هـەروەك (مـاك سـوینی) McSweeney ئاوازەکـەی بـوزان و وایڤـەر و هاوکارانیـان تۆمـار دەکاتەوە، کۆمەڵگاکان رووبەڕووی چوار جۆر ئەگەری جیاجیای هەڕەشە دەبنەوە کە بریتیین لە: کۆچکردن migration، ململانێی ئاسۆیی horizontal competition، ململانێی سـتونی vertical competition و راگواستن depopulation.

ململانێـی ئاسـۆییانە بـەر بـە گـۆڕینی ناسـنامەی کۆمەڵگایـەك دەگرێـت لـە ئـەنجامی پووچـەڵکردنەوەی کاریگـەریی کولتـووریی و زمانـەوانیی کولتـووری هاوسـێکەی[1]. بـۆ نموونـە ئەکتەرەکانی نێو هەر یەك لە دانیشتوانی کیوبکییەکان و دایك زمـانی کەنـەدی، لـە چـەندین کاتی جیاوازدا بەدرێژایی مێژوویان، بەشە ئینگلیزییە گەورەترەکەی کۆمەڵگای کەنـەدییان بـە مەترسی بۆ سەرخۆیان زانیوە. لەم دیدگایەوە ئـەم دوو کولتـووره مەترسـیی داخـورانی لایەنـە ئایینی و زمانەوانییەکانیان هەیە، چونکە بەشێك لە دانیشتوانەکەیان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجی ئابووری و ئەکادیمیدا، کولتـوور و رۆشـنبیریی بەشـە گـەورە و فراوانەکـەی کولتـووری کەنەدی (واتە کولتووری بەشە (ئینگلیزی) یەکەیان هەڵگرتووە. کیوبك لەکۆشـش و تەقەلایـدا بـۆ پاراسـتنی ئـەو ناسـنامەیەی هەسـتی کەوتنەبـەر هەڕەشـەی لێکـردووە، یاسـا و رێـسای پاراستنی زمانی هێناوەتە کایەوە .

ململانێی ستوونی بە یەکگرتن و چـونەناو پێناسـەی کولتـوورێکی پـان و بـەرینتر یـاخود پەرتەوازەبوون بۆ چەند یەکەیەکی کولتـووریی بـچووکتر روودەدات[2]. دەتوانرێـت ئـەم پرۆسـەیە لەسەر شانۆی فراوانبوونی ئێستای یەکێتیی ئەوروپا بەدی بکرێت، هەروەك چەند کۆمەڵگایەك مەترسیی خۆیان لە چوونە ناو شوناسێکی ئەوروپایی فراوانتر لەخۆیان پیشان داوە. لەبەر ئـەوە هەندێك لەم کۆمەڵگایانە بە نـەخێر وەڵامـی پـەیڕەوکردنی دراوی ئـەوروپایی و سـپاردنی هێـز بەدامەزراوە سیاسییە ئەوروپاییەکانیان دایەوە.

یـەکێك لـە سەرچـاوەکانی نائـارامیی کۆمـەڵگایی، کـە زۆرتـرین سـەرنجی بـەلای خۆیـدا راکێشا، بریتی بوو لـە کۆچـکردن. کـۆچ لـە رێگـەی گـۆڕینی شـانە و پێکهاتـەی کۆمـەڵگاوە هەڕەشە لە شوناسی کۆمەڵگا دەکات[3]. رەنگە لێشاوی بە کۆمەڵ و فراوانـی کۆچـبەرانێك کـە هـەڵگری پاشـخانی کولتـووری کۆمـەڵگای جیـاواز بـن، لـە کۆتاییـدا ببێتـە هـۆی زاڵبـوون و

[1] . Buzan, B, O Waever, and J de Wilde. 1998. "Security: A New Framework for Analysis." Boulder: Lynne Reinner.
[2] . Ibid, Waever, O.; Buzan, B; Kelstrup, M and Lemaitre, P. 1993. "Identity, Migration and the New Security Agenda in Europe." Copenhagen: Center for Peace and Conflict Research.
[3] . Buzan, B, O Waever, and J de Wilde. 1998. "Security: A New Framework for Analysis." Boulder: Lynne Reinner, Herd, Graeme and Joan Lofgren. 2001. "Societal Security, the Baltic States and EU Integration." *Cooperation and Conflict* 36:273-296.

هەژموونداربوونی ئەو کولتووره. بۆ وێنه ئەو ژمارە زۆر و زەوەندانەی کۆچبەرانی هیسپانی[*] بۆ ویلایەتەکانی باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە لایەن هەندێکەوە بە هەنگاونان بە ئاراستەی داخۆرانی کولتووری ئەمریکا و بەها سیاسییەکان وێنەی کێشرا[1].

دوا جار "بوزان" تێبینی کرد کە، دەکرێت راگواستن سەرچاوەیەکی تری نائاسایشی بێت بۆ کۆمەڵگاکان، ئەوجا راگواستنەکە چ لە ململانێ و ناکۆکییەوە سەرچاوەی گرتبێت یان پاکتاوی ئەتنیی بێت،بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بێت یاخود لەبەر نزمبوونەوەی ئاستی سروشتیی گەشەسەندنی دانیشتوان.

## شیکردنەوەی ئاسایشی کۆمەڵگایی

Unpacking Societal Security

وەك لەپێشەوە بینیمان، ئەو گۆڕانکارییانەی بە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردda روویان دا، پاڵنەر بوون بۆ سەر لەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ ئەمنییەکان بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبوون و قووڵبوونەوەی چەمکەکە[2]. پەیمانگەی کۆپنهاگن بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتیی Copenhagen Peace Research Institute بەهاوبەشی لەگەڵ "باری بوزان" و "ئۆلی وایڤەر" سەرنجیان دا کە "نەتەوە" و"دەوڵەت" لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هاووواتا نین

* هیسپانیەکان ئەو کۆچبەرانەن کە بە زمانی ئیسپانی دەدوێن و بەزۆری لە مەکسیك و وڵاتانی ئەمەریکای لاتینییەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچیان کردووە. (وەرگێڕ).

1 . Huntington, Samuel. 1997. The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order. New York: Touchstone.

2 . Booth, Ken. 1991. "Security and Emancipation." *Review of International Studies* 17:313-326, Matthews, Jessica Tuchman. 1989. "Redefining Security." *Foreign Affairs* 68:171-177, Walt, Stephen. 1991. "The Renaissance of Security Studies." *International Studies Quarterly* 35:211-239.

مەبەست لە فراوانبوونی چەمکی ئاسایش، کشانی چەمکەکەیە بە ئاراستەیەکی ئاسۆیی بۆ لە خۆگرتنی رەهەندە جۆربەجۆرەکانی هەڕەشەی ئەمنیی، وەك رەهەندی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ژینگەیی ...هتد لە پاڵ رەهەندی سەربازی، کە پێشتر و لەسەردەمی جەنگی سارددا، بەهۆی باڵکێشانی قوتابخانەی ریالیستی و لێکدانەوەکانیان بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەگشتی و لەگەڵیشیدا لێکۆڵینەوە ئەمنییەکاندا، تەنها لە گۆشەنیگایەکی تەنگەوە پێناسەی ئاسایش دەکرا و چەمکێکی سەربازی بۆ دادەتاشرا. هەرچی پەیوەندی بە قووڵبوونەوەی چەمکەکەوە هەیە، ئەوە کشانی چەمکی ئاسایش دەگرێتەوە بە ئاراستەیەکی شاقووڵی، جا چ دابەزین بێت بۆ ئاستی تاکەکان واتا ئاسایشی مرۆیی Human Security، یان هەڵکشان بێت بۆ ئاستە جیهانییەکەی و ئاسایشی جیهانی بێت، کە بێگومان لەم نێوانەشدا بە هەر یەکە لە ئاسایشی کۆمەڵگایی و نەتەوەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا گوزەر دەکات. ئەم گۆڕانەش چەمکە باوە کلاسیکییەکەی تێپەڕاند کە تەنها ئاسایشی نەتەوەیی دەگرتەوە (وەرگێڕ).

و چیدی چەمكی تەقلیدییانەی لێكۆڵینەوەكانی ئاسایشی نەتەوەیی بە كەڵكی لێكۆڵینەوە لە گۆڕانكارییەكانی دوای جەنگی سارد نایەن[١]. لەو بارانەدا كە دەوڵەت و نەتەوە یەكناگرنەوە، ئەوا ئاسایشی نەتەوە زۆر جار دەبێتە مایەی زیادبوونی نائارامی بۆ دەوڵەتەكە[٢]. لەم جۆرە نموونانەدا رەفتار و جموجۆڵەكانی دەوڵەت زۆر كات هەڕەشەی سەرەكی بۆ سەر كۆمەڵگاكان دەنوێنن، وەك پارچەپارچەبوونی یوگۆسلاڤیا و بەرگرتن لە فراوانبوونی یەكێتی ئەوروپا[٣].

بە بۆچوونی "وایڤەر" لێكۆڵەران بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە لە ئاسایشی كۆمەڵگایی تێبگەن، دەبێت ئەو پرۆسانە تاقیبكەنەوە كە بە هۆیانەوە گرووپێك وا هەست دەكات شوناسەكەی لە مەترسیدایە و ئیدی بە چەشن و شێوازی ئەمنییانە مامەڵە و رەفتار دەكات، چونكە دواجار ئەو كردەوە و رەفتارانە ئاماژەن بۆ پرۆسەی بەئاسایشكردن securitization لەلایەن گرووپەوە[٤]. بە گوێرەی بانگەشەی دەروازەی بەئەمنیكردن، گرووپەكان لەناو خۆیاندا گفتوگۆ لە سەر ئەو بابەتانە دەكەن كە مەترسیی لە سەر جڤاتەكەیان دروست دەكەن[٥]. هەر چۆنێك بێت، كۆمەڵگاكان، بە پێچەوانەی دەوڵەتانەوە، نێوبژیوانێكی بڕیاردەریان نییە بۆ یەكلایكردنەوەی بڕیارە ئەمنییەكان. دەستەبژێرەكانی كۆمەڵگا وەك ئەكتەری بەئاسایشكردنی بابەتەكان كاردەكەن. ئەمانە هەڕەشەكانی سەر گرووپەكە رەنگ دەكەن و پاشان هەوڵ دەدەن كۆمەڵگاكانیان بە رەوایەتیی بانگەشەگەیان ناچار و رازی بكەن. هەر زووبەزوو كە بانگەشەكە لە لایەن كۆمەڵگاوە قبووڵكرا، هۆكار و ئامرازی ناوازە بۆ سووككردنی هەڕەشەكان دەخەنە گەڕ. ئەو پڕۆسەیەی ئەكتەرەكانی ناو كۆمەڵگایەك یان دەوڵەتێك دەیگرنە بەر بۆ گفتوگۆ كردن و بڕیاردان لەوەی چ شتێك دەبێتە مایەی هەڕەشە، پڕۆسەیەكە پشت بە ڕێسا دامەزراوەكانی ناو ئەو كۆمەڵگایە دەبەستێت. لە كۆتاییدا "بوزان" دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە پەیبردن بە هەڕەشەكان و تێگەیشتن لێیان تەنها لە ڕێگەی زەبر و سەپاندنەوە نابێت، بەڵكو پێویستە كۆمەڵگاكان قەناعەت پێبكرێن و رازیبكرێن بەوەی چەند گرووپێكی دیاریكراو، یان كار و كردەوەیەكی دیاریكراو جێی مەترسی و هەڕەشەن[٦].

---

1 . Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." *International Studies Review* 5:203-222, Buzan, B, O Waever, and J de Wilde. 1998. "Security: A New Framework for Analysis." Boulder: Lynne Reinner.

2 . Waever, Ole. 1998. "Societal Security: The Concept." in *Security: A New Framework for Analysis*, edited by B. Buzan, O. Waever, and J. de Wilde. Boulder: Lynn Reinner.

3 . Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." *International Studies Review* 5:203-222.

4 . Waever, Ole. 1995. "Securitization and Desecuritization." in *On Security*, edited by R. Lipschutz. New York: Columbia University Press.

5 . Buzan, B. 1998. "Societal Security, State Security and Internationalisation." in *Security: A New Framework for Analysis*, edited by B. Buzan, O. Waever, and J. de Wilde. Boulder: Lynn Reinner.

6 . Buzan, B, O Waever, and J de Wilde. 1998. "Security: A New Framework for Analysis." Boulder: Lynne Reinner.

"وایڤەر" لەهەوڵێکیدا بۆ سەلماندنی ئەوەی دەکرێت کۆمەڵگا لەسەر پێی خۆی راوەستێت و خۆی بۆ خۆی ببێتە یەکەی ژێدەر و سەرچاوەی ئاسایش و لە دەوڵەت جیا ببێتەوە، ئەو دیمەنەی کۆمەڵگا پێشکەش دەکات کە جیای دەکاتەوە لە چەمکە تەقلیدییەکەی کۆمەڵگا وەك کۆمەڵگای (مەدەنیCivil ) یان وەك سەرچاوەی رەوایەتی (شەرعیەتی) ی دەوڵەت. ئەو، بۆ ئەم جیاکارییەش پێناسەیەکی کۆمەڵگا دەخاتە روو کە دایدەبڕێت لە هەموو جۆرە پەیوەستبوونێك بە دەوڵەتەوە، بەڵام لە ئەنجامدانی ئەم کارەیدا یەکەکانی شیکارکردن* units of analysis زۆر بەکەمی روون و ئاشکرا دەردەکەون. زیاد لەوەش "وایڤەر" مشتومڕی ئەوەیەتی کە نابێت ئێمە ئاسایشی کۆمەڵگایی وەك ئەنجامی کۆی ئاسایشی گرووپە بچووکەکانی ناو کۆمەڵگا سەیر بکەین. ئەو بەوە کۆتایی دێنێت کە تاکە رێگا بۆ ئاشنابوون بە ئاسایشی کۆمەڵگایی بریتییە لە تاقیکردنەوەی فەزایەکی فراوان: ناسنامەکانی ((ئێمە)) یاخود ئەو شانە دەستەجەمعییانەی کە لە رێگەی کارلێککردن و بەریەککەوتنیان لەناو سیستەمێکی نێودەوڵەتیدا، خۆیان وەك حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەناسێنن[١].

بەم مانایە چەمکی ئاسایش بە فۆرمی زۆر تایبەتی جڤاتی سیاسییەوە پەیوەستە، لە نموونەی وەك نەتەوەکان، گرووپە ئەتنییەکان یاخود جڤاتە ئاینییەکان[٢]. لە کاتێکدا قوتابخانەی کۆپنهاگن دان بەو راستییەدا دەنێت کە هەموو کۆمەڵگاکان ژمارەیەك گرووپ لە خۆدەگرن و هەریەکەشیان هەڵگری پێناسەی تایبەت بەخۆیانن، دەرئەنجام دەڵێت گرووپە ئەتنۆ-نەتەوایەتی و ئاینییەکان یەکە سەرەکییەکانی شیکارکردنی ئاسایشی کۆمەڵگایی پێکدەهێنن. "وایڤەر" بۆ زیاتر دیاریکردنی پێناسەی کۆمەڵگا سەرئەنجام دەگاتە ئەوەی: (کۆمەڵگا) لە شیکار و شرۆڤەی ئاسایشیدا بە زۆری بە مانای نەتەوەکان یان جڤاتە ئەتنۆ-سیاسییەکانی تر، کە لەسەر بیرۆکەی نەتەوە شێوەیان گرتووە، دێتە پێشچاو[٣]. بەم شێوەیە "وایڤەر" جاڕ دەدات: ئاسایشی کۆمەڵگایی بایەخ بە مانەوە و بەردەوامبوون و رەخساندنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ گەشەسەندنی چەشنی باوی ناسنامەی زمان، کولتوور، دەستەجەمعی، نەریت، ئایین و نەتەوە دەدات[٤].

---

* لێکۆڵەران بیر و بۆچونی جیاوازیان هەیە لە بارەی یەکەکانی شیکارکردن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاستەکانی شیکارکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەوەی پێداگیریی لەسەر سێ ئاستی سەرەکی دەکرێت، بە گشتی شەش ئاستی شیکاریی جیاواز پێشکەش دەکەن، کە بریتین لە ئاستی جیهانی، سیستەمی نێودەوڵەتی، سیستەمی هەرێمی، دەوڵەت، یەکە بیرۆکراتییەکان یان گرووپەکان و ئاستی تاك. (وەرگێڕ).

1 . Waever, Ole. 1998. "Societal Security: The Concept." in *Security: A New Framework for Analysis*, edited by B. Buzan, O. Waever, and J. de Wilde. Boulder: Lynn Reinner.
2 . Ibid.
3 . Ibid.
4 . Ibid.

## رەخنەکردنی ئاسایشی کۆمەڵگایی

Critique of the Societal Security

تیۆریستانی رەخنەگر لە ئاسایش ژمارەیەك رەخنەی بیرتیژانە لە ئاسایشی کۆمەڵگایی دەخەنە روو، هەندێك لەو رەخنانە تا ئێستاش لە لایەن پێشکەشکەرانی ئەم چەمکەوە گفتوگۆ نەکراون و وەڵام نەدراونەتەوە. بڵاوترین رەخنە کە لە گفتوگۆکاندا زۆرترین چەند و چوّنی لەسەرە ئەوەیە، کە چۆن ئاسایشی کۆمەڵگایی دەیەوێت ناسنامەی کۆمەڵگا بەرجەستە بکات و وەك شتێکی مادی تەماشای بکات[١]. لەبەر ئەوەی ئەم دەروازەیە -دەروازەی بەئاسایشکردن- ناسنامەی کۆمەڵگایی یەکسان دەکات بەناسنامەی نەتەوەیی، لەبەر ئەوە تۆمەتبارە بە بەمادیکردنی هەر یەك لە کۆمەڵگا و ناسنامە بە جۆرێکی زۆر لاواز و مەترسیدار[٢]. (ماك سوینی) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵگایی، کۆمەڵگا وەك پێکهاتەیەکی تاکشوناسی دەناسێنێت و ئەمەش مەترسیی سەرکێشانی بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لێنەبوردەیی intolerant ناسنامەکانی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەری ناکۆکی و ململانێ زیاتر نزیك دەکاتەوە[٣]. "ولیامز" Williams لە داکۆکیکردنیدا لە ئاسایشی کۆمەڵگایی، مشتومڕ لە بارەی ئەم رەخنەیە دەکات بەوەی هیچ بەشدارییەکی ئەوتۆ ناکات لە، یاخود هیچ بیرۆکەیەك ناخاتە سەر، ئاسایشی کۆمەڵگایی، چونکە ئەم رەخنەیە کتومت دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەل ومەرجی چەشنێك لە پرۆسەی بەئاسایشکردن، کە فۆرمێکی مۆنۆلیسیییانەی –تاکە فۆرمێکی چەقبەستوو- monolithic مادیی ناسنامە نیشان دەدات[٤]. قوتابخانەی کۆپنهاگن دان دەنێت بەوەی هەموو کۆمەڵگایەك فرە ناسنامەیە، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە ناسنامە تیایدا کراوەتە بابەتی ئاسایش، ئەوە ئەو حاڵەتەیە تیایدا نکۆڵی لەم حەقیقەتە دەکرێت و هەوڵدەدرێت بازی بەسەردا بدرێت[٥]. رەنگە ئەمە حەقیقەتی حاڵەتەکە بێت، بەڵام ئەوەی کە هێشتا روون نییە

---

1 . Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." *International Studies Review* 5:203-222. McSweeney, Bill. 1996. "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School." *Review of International Studies* 22:81-93. Theiler, Tobias. 2003. "Societal Security and Social Psychology." *Review of International Studies* 29:249-268.

2 . Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." *International Studies Review* 5:203-222. McSweeney, Bill. 1996. "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School." *Review of International Studies* 22:81-93. Lapid, Yosef and Friedrich Kratochwil. 1996. "Revisiting the National: Toward an Identity Agenda in NeoRealism?" in *The Return of Culture and Identity in IR Theory*, edited by Y. Lapid and F. Kratochwil. Boulder: Lynn Reinner.

3 . McSweeny, Bill. 1996. "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School." *Review of International Studies* 22:81-93.

4 . Williams, Michael. 2003. "Words, Images, Enemies: Securitisation and International Politics." *International Studies Quarterly* 47:511-531.

5 . Ibid.

ئەوەیە: بۆچی ناسنامەی عەلمانی نەتەوەیی لە بەرامبەر ناسنامەکانی تردا بە بالادەست دادەنرێت؟

"ماك سوینی" دوپاتی دەکاتەوە، هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئاسایشی کۆمەڵگایی بە ئاسانی کۆمەڵگاکانی خستە ناو لێکۆڵینەوەی ئەمنیی و لەجێگەی دەوڵەتدا داینان، لێرەوە ناسنامەی کۆمەڵگا بەرجەستەبوو، بە هەمان شێوەی بەرجەستەبوونی ناسنامەی دەوڵەت لە لایەن لێکۆڵینەوە تەقلیدییەکانەوە. رەخنەگرانی ئەم چەمکە تاووتوێی ئەوە دەکەن کە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگا وەك چەمکێکی بێ گیروگرفت و سادە و سانا،پشتگوێخستنی پڕۆسەکانی داڕشتن و نوێکردنەوەی ناسنامەی کۆمەڵگاکانە[1]. بە پێی مشتومڕی "ماك سوینی" دەکرێت بە دوو رێگا لە ناسنامە تێبگەین، چ لە گۆشەی راڤەخوازەکانەوە بێت، کەپێ لەسەر فرە خوێندنەوەی پڕۆسەکانی داڕشتنی ناسنامە دادەگرن، یان لە روانگەیەکی بابەتییانەوە بێت و لەوێوە شوناس وەك بابەتێکی نائیشکالی وێنەی دەگیرێت[2]. روانگەی بابەتییانە، کە "ماك سوینی"، "بوزان" و "وایڤەر" بەکارپێکردن بەم روانگەیە تۆمەتبار دەکات، زیاتر وەك مادەیەکی لێکۆڵینەوە مامەڵە لەگەڵ ناسنامە دەکات نە وەکو ئەوەی ناسنامە پڕۆسەیەك بێت یان ستروکتۆرێك[3]. "بوزان" و "وایڤەر" لە وەلامدا دەڵێن کە هەردوو کارەکە بەهای ئەکادیمییانەی خۆیان هەیە و ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنی ئەو پرۆسانەیە کە لە رێیانەوە شوناس دروست دەکرێت. بەڵام بەهەمان شێوە ئێمە دەتوانین هەروەك ((شتگەلێکی) بابەتی لە ناسنامەکان بکۆڵینەوە، چونکە ئەو ناسنامانە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سروشتێکی مادییان وەرگرتووە و بوونەتە دیاردەیەکی بەرجەستە socially sedimented. بەم شێوەیە ناسنامە تێهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ (هێزێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ کە کارای بکات لە درووژاندن و بزواندنی ئەو ناسنامەیە و فۆرمێکی وای پێ دەبەخشێت کە روئیایەکی روون و ئاشکرای سەبارەت بەو شتانەی مانای مانەوە و لەناوچوونی ئەو شوناسە دەگەیەنن، لە لادروست بکات))[4].

لەبەر ئەوە کاتێك "ماك سوینی" دەڵێت لێکۆڵینەوەی پڕۆسەکان تاکە شێوازی بەسوودە بۆ سەرقاڵبوون بە ناسنامەوە، ئەوا "بوزان" و "وایڤەر" لە جەوهەردا دابەشکردنی هەوڵەکانیان لە نێوان لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆسانە لەلایەك و تاقیکردنەوەی دەرهاویشتەکانی گرتنەبەری

---

[1] . Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." *International Studies Review* 5:203-222.
[2] . McSweeney, Bill. 1996. "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School." *Review of International Studies* 22:81-93.
[3] . McSweeney, Bill. 1998. "Durkheim and the Copenhagen School: A Response to Buzan and Waever." *Review of International Studies* 24:137-140.
[4] . . Buzan, Barry and Ole Waever. 1997. "Slippery? Contradictory? Sociologically Untenable? the Copenhagen School Replies." Ibid.23:241-250.

تاکشوناسی لەلایەکی ترەوە، بە پەسەندتر دەزانن. لە کاتێکدا مــن لەگــەڵ "بــوزان" و "وایڤــەر" لــەوەدا هــاوڕام کــە هــەردوو کارەکــە دەســتکەوتی ئەکادیمییانــەی خۆیــان هەیــە، بــەڵام دواجــار وەڵامەکەیان وەڵامێکی رازیکەرانە نییە، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا رەگەزی گرنگیــان لــە گوتــاری بەئاسایشکردندا پشتگوێ خستووە: کــە لــەدژی (ناوخۆییــەکانinsiders ) ئاراســتەکراوە. لــە گفتوگۆی "بوزان" و "وایڤــەر"دا شوناســی کۆمــەڵگایی ئــەو کاتــە بەرجەســتە دەبێــت و دەبێتــە شتێکی مادی، کە کۆمەڵگا لە لایەن (نامۆکانەوە outsiders ) دەکەوێتە بەر مەترسی. ئــەم داهێنانە چەمکییانە وای لە "بوزان" و "وایڤەر" کرد، بەبێ ســەرگەرمبوون بــەوەی چــۆن جڤــاتی کوردی بەدرێژایی و لەمیانەی چەندین پرۆسەی دەستنیشانکردنی هەڕەشەی (ناوخۆیی) خولڨــاوە، دەستیان دایە تاقیکردنەوەی ئەوەی چۆن کوردەکــان تــورك و عــەرەبــەکان بــە مەترســی و هەڕەشــە ببیــنن. لــە راســتیدا پرۆســەی بەئاسایــشکردن، دەستنیــشانکردنی هەریــەك لــە مەترســییە دەرەکییەکان و هاوپێچکردنی بــە هەڕەشــەی نــاوخۆیی، دەگرێتــەوە: هــەروەك کەیــسی کوردەکــان نیشانی دەدات، هەردووکیان دەست لەناو دەست پێکەوە رێدەبڕن. لە ئەنجامدا تۆمەتی بــە مــادی کردنەکەش تۆمەتێکی رەوا دەبێت. بەڵام ئەو خاڵەی کتومــت وا دەکــات وەڵامەکــەی "بــوزان" و "وایڤەر" رازیکەرانە نەبێت ئەوەیە، ئاسایشی کۆمەڵگایی پێویــستی بــە بــەمادیکردنی شوناســی کۆمەڵگایی نییە تاوەکو بتوانێت (پێشبینیی ئاکامەکانی خستنەڕووی ناســنامەکانی "خــود" و "ئــەوی دی" بکــات)[1]، کــە روونتریــن وەڵامــە بــۆ ئــەو پرسیارەی بۆچــی قوتابخانــەی کۆپنهــاگن سەرقاڵبوونی بەم تاقیکردنەوە و راهێنانەوە بەلاوە پەسەندترە لــە شــرۆڤە و شــیکارکردنی ئیــدیعا ناسنامەییەکان. ئەگەر شــرۆڤە ئاسایــشییەکانمان تــەنها لــەو راگەیاندراوانــەدا کــە دژ بــە گرووپــە (دەرەکیەکان) ئاڕاستە کراون قەتیس بکەین، ئــەوە گــرنگترین رەگــەزی بەئاسایــشکردن لەبەرچــاو نــەگیراوە*، بــەڵکو تــەنها ((هەڕەشــە دەرەکییــەکان)) دەستنیــشان کــراون و بــە فراوانبــوون یــان بەرتەسکبوونەوەی سنوورەکانی خودی جڤاتەکەوە پابەندکراون. هەروەها بایــەخ دان بــە تــەنها بــە راگەیاندنە ئەمنییەکانی گرووپە ناسیۆنالیستە عەلمانییــەکان، بــۆ پاســاودانی گوتارێکــە-گوتــاری ناسیۆنالیستی عــەلمانی- کە هەوڵی دووبارە خوێندنەوەی ئەو رەگەزەی تــری کۆمــەڵگا دەدات کــە لە دەرەوەی جڤاتەکەدایــە و لــە ڕووی جیهانبینییــە تایبەتەکــەی ئــەم گوتــارەدا لەمــەڕ کۆمــەڵگا

---

[1] . Ibid.

* واتا یــەکێك لــە توخمــە گرنگــەکانی گوتــاری بەئاسایــشکردن ئەوەیــە کــە هەنــدێك جــار ئەکتــەر و نوێنــەرە جیاوازەکانی نێو خودی یەك کۆمەڵگا یەکتری بە مەترســی و هەڕەشــە لەســەر کۆمــەڵگا هاوبەشــەکەیان وێنــا دەکەن. ئەمەش بە هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگایی ناودەبرێت (وەرگێڕ).

دەوەستێت و دوا جاریش دەبێتە هۆی وەلاخستن و ناولێنانی هەموو ئەوانی دی بە تێکدەر و گێرەشێوێن، تیرۆریست، یان فەندەمێنتالی ئایینی.

لەوەش زیاتر، قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایشی کۆمەڵگایی بۆ روونکردنەوەی کاردانەوەی کۆمەڵگا ئەوروپاییەکان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەت لەمەڕ کۆچکردن و هەروەها لە بەرامبەر فراوانکردن و قوولکردنی یەکێتی ئەوروپا، بەکارهێنا. کێشەکە لەوەدایە لە چەند بارێکدا ((کۆمەڵگاکان)) زۆر لە نزیکەوە ئاوێزانی ئەو دەوڵەتەن کە خۆیانی تێدا دەژین، ئەمەش هەر جیاکارییەك لە نێوان ئەکتەرە کۆمەڵگاییەکان و ئەکتەرەکانی دەوڵەتدا دەشێوێنێت. جێبەجێکردنی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی بێدەوڵەتن، نەك بەتەنها بەهاو کەڵکی چەمکەکە دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە، بەڵکو هەروەها یارمەتی شیکردنەوەی ئەو پرۆسەیەش دەدات کە((کۆمەڵگاکان)) پەیڕەوی دەکەن و کاری پێدەکەن. سەرەنجام ئەم پرۆسەیەش بە لێڵی و تەمومژاوی دەمێنێتەوە، چونکە کۆمەڵگا، بە پێچەوانەی دەوڵەت، ئەکتەر و نوێنەرێکی روون و ئاشکرایان نییە رەنگرێژی ئاسایشیان بۆ بکات.

## جێبەجێکردنی ئاسایشی کۆمەڵگایی بەسەر خەڵکێکی (کۆمەڵێکی) ناوەنجییدا

Applying Societal Security to a Sub-State People

باشە چۆن دەکرێت ئەم چەمکە بۆ روونکردنەوەی ململانێی نێوان کۆمەڵگاکان بەکار بهێنرێت؟ یەکێك لەوانەی بەباشی هەوڵی بەگەڕخستنی ئاسایشی کۆمەڵگایی بۆ کۆمەڵگاییە ناوەنجیەکان دابێت، بریتییە لە جێبەجێکردنەکەی ئەم چەمکە لەلایەن "پۆڵ رۆی" Paul Roe بەسەر توندوتیژی ئەتنی لە ترانسلڤانیا (رۆمانیا)[1]. "پۆل رۆی" ئاسایشی کۆمەڵگایی ، بۆ روونکردنەوەی توند و تیژی نێوان هەنگارییەکان و رۆمانییەکان لە ترانسلڤانیا دەخاتە کار و، بەتەنگژەی ئاسایشییەوە security dilemma گرێی دەدات. "رۆی" رایدەگەیەنێت کە ئەوەی سووتەمەنی بۆ بارگرژی ئاسایشی لە نێوان دوو گرووپەکەدا دابین دەکرد، دەستکەوتی چەك و سوپایی نەبوو، بەئەندازەی ئەوەی کە ترس بوو لەسەر زمانی پەروەردە و فێرکردن و ئەگەری پاشەکشەکردن و پەژموردەبوونی ئەو زمانە بارگرژییەکەی ئەورووژاند. ئەنجامگیرییەکانی "رۆی" بیرتیژانە و بەنرخ و سەرنجراکێشن و بەهای چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی نیشان دەدەن. هەر چۆنێك بێت شیکردنەوەکانی ئەمیش لە سەروو رەخنەی بەمادیکردنەکەی ناسنامەی کۆمەڵگاوە نین. بەلای (رۆی) یەوە ((کۆمەڵگا)) ی رۆمانی بە

[1] . Roe, Paul. 2002. "Misperception & Ethnic Conflict: Transylvania's Societal Security Dilemma." Ibid.28:57-74.

هەڵە لە نیاز و مەبەستی ((کۆمەڵگا)) ی هەنگاری تێگەیشتبوون، کە تەنیا زمانی پەروەردە و فێرکردنیان دەویست بۆ ئەوەی بوونی خۆیان وەك کۆمەڵگایەکی جیا لە رۆمانییەکان بپارێزن. ((کۆمەڵگا))ی رۆمانی بەهەڵەدا چوون و وایان دەزانی ئەم داواکارییە یەکەم هەنگاوە بە ئاڕاستەی جیابوونەوە لە ترانسلڤانیا، کە ئەمەش لەلای خۆیەوە وایکرد ترس ببێتە بەشێکی زاڵ لە قەوارەی هەنگاری. ئەم ترسەش تەنگژەی ئەمنی بەرهەم هێنا کە دواجار پێچیدا بۆ ناو بەرەنگار بوونەوە و پێکداهەڵپژانێکی توندوتیژ.

"رۆی" ناچارە ((بەهەڵەتێگەیشتن)) وەك توخمی جەوهەری لە شیکارەکەیدا بناسێنێت، چونکە ئەو، ناسنامەی کۆمەڵگایی دەخاتە قاڵبێکی مادییەوە. بەگوێرەی "رۆی" کۆمەڵگای هەنگاری جیابوونەوەیان نەدەویست، بەڵکو تەنها دەیانویست زمانەکەیان بپارێزن. "رۆی" تەنها ئەو دەمە دەتوانێت ئەم بانگەشەیە بکات کە ئەگەر بێتو دووپاتی بکاتەوە، ((کۆمەڵگا)) ی هەنگاری کۆمەڵگایەکی یەکگرتووە و یەك سەرکردایەتیی هەیە کە دەسەڵاتی دیاریکردن و راگەیاندنی بەرژوەندییەکانی خۆیانی هەیە. رێگا چارەی "رۆی" بریتی بوو لەوەی پێویستبوو ((کۆمەڵگا)) ی هەنگاری راز و نیازەکانی زیاتر بە روونی دەربڕیایە بۆ ئەوەی زەنگی ترس لەلای ((کۆمەڵگا)) ی رۆمانی لێ نەدرایە. مرۆڤ تەنها کاتێك دەتوانێت ئەم دەرئەنجامە وەربگرێت کە ئەگەر بێتوو قبوڵی بێت هیچ رەگەزێك لەناو دانیشتوانی هەنگاریدا نەبوویێت پاڵپشتی جیابوونەوە بکات. هەروەکو لە کەیسی کوردیدا، (لە بەشی داهاتوودا)، دەیبینین کۆمەڵگاکان یەکڕیز و رێکخراو نین، تەنانەت ئەوانەشیان کە تا رادەیەکی زۆر بەهێز کۆمەڵگایەکی ئەتنۆ-نەتەوەیین. کۆمەڵگاکان لە نێو خۆیاندا کێبەرکێ لەسەر گوتار و بانگەشەی ناسنامە دەکەن، کێبەرکێی ئامانج و بەرژەوەندییەکان، کە جیاوازی لە روئیا و تێگەیشتنی ئاسایشیدا دەخاتەوە.

وتووێژی من لەسەر ئەوەیە کە بەر لە دەستنیشانکردنی هەڕەشەکان، ناسنامەی کۆمەڵگا بوونی نییە، بە مانایەکی تر دیاریکردنی هەڕەشە زیاتر وەك توخمی جەوهەریی خولقێنەری شوناس کار دەکات. با بەو جۆرەش نیشان بدرێت کە شوناسێکی دامەزراو و چەسپاو ئەم لایەنە گرنگەی دەستنیشانکردنی هەڕەشە ئەمنییەکانی فەرامۆش کردووە. بینا لەسەر ئەدەبیاتی رەخنەی ئاسایشی، لەم نووسینەدا بە شێوازێك چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی بەگەڕخراوە، کە تەنها ناسنامەی عەلمانی نەتەوەیی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات و هەموو فۆرمەکانی تری ناسنامە فەرامۆش دەکات. بەڵام من پێم وایە کاتێك چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی دەخەینە کار، شتێکی جەوهەرییە ئەم کارە دوور لە بەمادیکردنی تەنها یەك راڤەی تایبەت بە ناسنامەی کۆمەڵگایی بکەین. لە کەیسی کوردیدا، نەتەوەخوازیی عەلمانیی

تەنها دانەیەکە لە چەند بانگەشـەیەکی کێبەرکێکـەر لەسـەر ناسـنامە. ئەگـەر تـەنها تـەرکیز بکرێتە سەر ئەو هەڕەشانەی لە لایەن دیدگای نەتەوەیی عەلمانییـەوە باسـیان لێـدەکرێت، ئـەوە وەلاخستنی ئەو هەڕەشانە دەگەیەنێت کە لـە لایـەن چـەند بەشـێکی تـری گرنگـی کۆمـەڵگای کوردییەوە بەیان دەکرێن. ئەوەش گرنگە کە ئاشکراکردنی مەترسـییەکان وەك بـەرگریکردن لـە یەك ناسنامەی دیاریکراو سەیر نـەکرێت، بـەڵکو وەك بەشـێك لـە گفتوگـۆی بـەردەوام لەسـەر شوناسی ئەو کۆمەڵگایە تەماشا بکرێت.

لە رووی مێژووییەوە پێناسی ئەتنۆ-نەتەوەیی کۆمەڵگایی تـەنها یەکێکـە لـە ژمارەیـەك بانگەشەی شوناسیی کێبەرکێکەر. ئەمڕۆ ئەمە راستییەکە لە زۆر پارچەی جیهاندا، بە جۆرێك چەمکی ((ئەوروپاییانە)) بۆ ئەتنۆ-نەتەوەیی بەناچـاری کەوتۆتـە ململانـێ لەگـەڵ بانگەشـەی ناسنامەی سەروو نەتەوەییەوە supra-national، بـۆ وێنـە شوناسـی بـەرینی ئـایینی pan-religious یان لەگەڵ ناسنامە بەرتەسکترەکان، کە زیاتر لەسـەر بەرژەوەنـدی لۆکـالی یـاخود سـنووردار و بەرتەسـك دامـەزراون. ئێمـە هەنـدێك دەربـڕین و گوزارشـتکردن لـە مەترسـی و هەڕەشەی سەر کۆمـەڵگا دەبیـنین، کـە بـەپێی پێویـست لەگـەڵ بۆچـوونی ئێمـە بـۆ ئاسایـشی کۆمەڵگایی یەکناگرنەوە، تەنانەت ئەوانەشـیان کـە پـشت بـە تێگەیـشتنێکی فـرە رەنـگ لـە ئاسـایش، وەك ئاسایـشی کۆمـەڵگایی، دەبەسـتن. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی چـەمکی ئاسایـشی کۆمەڵگایی، هەروەك لە لایەن "بوزان" و "وایڤەر" و کەسانی تریـشەوە فۆرمەلـەکرا، لەسـەر چەمکێکی ئەتنۆ-نەتەوەییانەی ناسنامەی کۆمەڵگایی راوەستاوە. ئەمە لە جەوهەردا بووەتـە خـاڵێکی ناپێویـستی نـاکۆکی لـە تیۆرییەکەیانـدا. چـەمکەکە بـەو شـێوەیەی گەڵاڵـەکراوە، ئـامرازێکی شـیکاری بـەهێز پێـشکەش دەکـات بـۆ پـشکنینی ئـەو گۆڕانکارییانـەی ئەگـەری ئەوەیان لێدەکرێت وەك مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگاکان بناسرێنرێن، بـەڵام بەنـدکردنی پێناسـەی کۆمەڵگا لەوەی تەنها گرووپی ئەتنۆ نەتەوەیی، و ئەگەری ئەتنۆ ئایینی، بگرێتـەوە، زیـاد لـە پێویست توانای پیادەکردنی ئەم تیۆرییە سنووردار دەکات.

بۆ رۆشنایی خستنە سەر ئەم خاڵانە، من چۆنێتی گەڵاڵەکردن و گەشەسـەندنی ناسـنامەی (ناسنامەکانی) کۆمەڵگای کوردی تاقی دەکەمـەوە. لـەم حاڵەتـەدا چـوار جـۆرە هەڕەشـەکەی "بوزان" و "وایڤەر" لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگایی بە روونی لە گفتوگـۆی ئاسایـشییانەی هـەر یەکە لە ئەکتەرەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەدا گوزارشت کراوە و دوپاتکراوەتەوە. بە هەرحاڵ، بـە پێچەوانەی گەڵاڵەنامەکەی "بـوزان" و "وایڤـەر"ەوە، ئـەم هەڕەشـە ئەمنییانـە بـۆ پاراسـتنی ناسنامەیەکی کۆمەڵگایی رانەگەیەنراون، بەڵکو زیـاتر وەك هـەوڵێك بـۆ ناسـاندنی ناسـنامەی کۆمەڵگا ئاشکرا کراون. بەم پێیە رووداوگەلێك کە یەکێك لە ئەکتـەرەکانی نێـو کۆمـەڵگا بـە

مەترسی لێكداونەتەوە، زۆر جار ئەكتەرەكانی دی وەك توخمێكی سەرەكی بۆ ئاسایشی كۆمەڵگا وێنایان كردوون.

لێرەدا هەوڵ دەدەم چەمكی ئاسایشی كۆمەڵگایی بە مەبەستی دەرخستنی سوود و كەڵكی ئەم چەمكە لە ناساندنی هەڕەشە و مەترسییە جۆربەجۆرەكان، كە لە ناو هەناوی كۆمەڵگاكان و لەنێو خودی خۆشیاندا بەیان كراوە، بەكار بهێنم. هەروەها هیوادارم ئەوەش نیشان بدەم كە دەكرێت مرۆڤ لە بەگەڕخستنێكی سەركەوتوانەی ئەم چەمكە بۆ گەیشتن بەو ئاكامانەی لە خۆناساندنی كەسێك یان یەكێكی دی (دیاریكرنی ناسنامەی خود بەرامبەر بە ((ئەویدی)) دەكەوێتەوە، پێویستی بە بەمادیكردنی ناسنامەی كۆمەڵگایی نییە.

## كوردەكانی توركیا

"بوزان" و "وایڤەر" بە راشكاوی كوردەكان وەك ((كۆمەڵگایەك)) دەناسێنن كە لە لایەن رەفتار و هەڵسوكەوتی دەوڵەتێكەوە (مەبەستیان دەوڵەتی توركیایە) هەڕەشەیان لێدەكرێت[1]، بەڵام ئەوان دەتوانن هەر یەك لە عێراق، ئێران و سوریاش بە هەمان شێوە بە مەترسیدار بناسێنن و بۆچوونەكەشیان راست دەردەچێت. لە زۆر رووەوە كوردەكانی توركیا نموونەیەكی باشی تیۆرییەكەیانە لە بواری پراكتیكدا. دەوڵەتی توركیا چاوی بڕیوەتە خزاندنی كوردەكان بۆ ناو شوناسێكی توركی بەرینتر (ململانێی ئاسۆییانە)، فشاری دەخستە سەر كوردەكان بۆ جێهێشتنی هەرێمی نیشتمانەكەیان (كۆچپێكردن)، هانی توركەكانی دەدا بۆ كۆچكردن بۆ ناوچە كوردییەكان (كۆچكردن)، بەكارهێنانی زمانی كوردی قەدەغەكرد (ململانێی ئاسۆییانە) ناوی ناوچەكانی دەگۆڕی (ململانێی ئاسۆییانە) و توندوتیژییەكی مەودافراوانی دژی دانیشتوانە كوردەكان بەرپا كرد كە لەسەر لێواری پاكتاوی نەژادی بوو (راگواستن -بێبەشكردنی دانیشتوانە رەسەنەكە لە نیشتیمانەكەی خۆیان-)[2].

بەم جۆرە كوردەكان حاڵەتێكی روون و ئاشكرا بەدیاردەخەن لەوەی چۆن رەفتارەكانی دەوڵەت دەبنە مایەی هەڕەشە لەسەر توانای ژیانی كۆمەڵگایەك بەو شێوازەی كە خۆیان هەیانە. ئەزموونی جووڵانەوە كوردییە نەتەوەییخوازەكان ئەوە نیشان دەدات كە ئەم

---

[1] . Buzan, Barry and Ole Waever. 1997. "Slippery? Contradictory? Sociologically Untenable? the Copenhagen School Replies." Ibid.23:241-250.

[2] . for a history of these transgressions, see McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.

سیاسەتە وەك هەرەشەیەك بۆ سەر كۆمەڵگای كوردی ئەژمار كراوە، بەڵام كوردە ناسیۆنالیستییەكان تاكە ئەكتەر نەبوون كە هەوڵی دیاریكردنی مەترسییە ئەمنییەكانیان داوە و تەقەلایان بۆ دارشتنەوەی ناسنامەی كۆمەڵگای كوردی كردووە.

زاراوەی (كوردەكان) وەك ئاماژەیەك بۆ خەڵكێكی جیا، هەرچەندە وەك پێویست ناسنامەیەكی نەتەوەیی لە خۆ نەگرتووە، سەرەتای بەكارهێنانی دەگەرێتەوە بۆ ١١٥٠ ی پاش زایین. زاراوەی (كورد) بەزۆری بۆ خەڵكانێكی سەرەتایی (كۆچەری) یان بۆ گرووپێكی زمانەوانیی تایبەت بەكارهێنراوە، بەڵام لەم كاتانەی دواییدا زاراوەكە وای لێهات پێناسێكی ئەتنی یان نەتەوایەتی هەڵگرتبێت [١]. زۆر لە مێژوونوسان هاودەنگن لەوەی تاوەكو ساڵەكانی سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم گرووپەی خەڵك و خێڵەكان هیچ هەستێكی جڤاكییان وەك نەتەوەی كورد نەبووە [٢]. سەرباری ئەوە بەگشتی هاورِاییەك هەیە كە ناسیۆنالیزمی كوردی بەردەوام جێگیر نەبووە و لەسەر پێناسی كوردی لەنگەری نەگرتووە، بەڵكو زیاتر لە دوو شەپۆلدا نەش ونمای كردووە، ئەو ماوەیەی لەسەروبەندی دارِووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوو دوای جەنگی یەكەمی جیهانی ، و لەدوای (١٩٦٠) ەكانەوە. هەروەها، هەروەك دواتر دەیبینین، ناسیۆنالیزمی كوردی لە لایەن بانگەوازە ناسنامەییەكانی ترەوە رووبەرِووی ململانێی جدیی بووەتەوە.

پاش رووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی خەونەكانی ناسیۆلیستی كوردی لەلایەن پەیماننامەی سیڤەرەوە تروسكاییەكی بەدی كرد، كە لە نێوان بەریتانیای گەورە و فرەنسا و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا مۆركرا، تیایدا بەڵێنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بە هۆزە كوردییەكان درا. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردی لە سەرەتادا بە لێبرِاوەیی داكۆكییان لە دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ دەكرد و لەلایەن خوێندەوارە رۆشنبیرە شارنشینەكانی رۆژئاواوە (رۆژئاوای توركیا) سەركردایەتی دەكرا. ئەم گرووپە یانەی ئەدەبیی كوردیی و كۆرِوكۆبوونەوەی رِۆشنبیریی دامەزراند و گۆڤار و رۆژنامەی بڵاوكردەوە و لایەنگری سەربەخۆبوون بوو لەسەر بناغەی ناسنامەیەكی ناسیۆنالیستیانەی كوردی. كەسایەتییە رۆشنبیرەكان چالاكییان لە شارە پێشكەوتووە گەورەكانی رۆژهەڵاتی ناوەرِاستدا وەك (ئەستانبول، دیاربەكر، موسڵ و بەغداد) دەكرد و لەوێوە، لە بری قەناعەتكردن بە ئەكتەرەكانی ناو كۆمەڵگای كوردی،

---

[1]. van Bruinessen, Martin. 1992. *Agha, Shaikh and State*. London: Zed Books Ltd.
[2]. McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.

هەوڵیان دەدا زیاتر قەناعەت بە زلهێزەکان بکەن بەوەی کوردەکان نەتەوەیەکی جیا پێکدەهێنن و پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت.

هەروەك هەموو ئیدیعا ناسنامەییەکانی تر، ئەمە کۆمەکی جیهانبینی ناسیۆنالیستییانەی ناسنامەی کوردی کرد لەوەی گوتاری خۆی لەسەر دەستنیشانکردنی مەترسییەکانی سەر قەوارەی نەتەوەی کورد دابڕێژێت. ناسیۆنالیستەکان تورکەکانیان بە هەڕەشەی هەرە گەورە لەسەر کوردەکان دەستنیشان کرد. کۆمەڵەی (تەعالی) کوردستان، یەکێکە لە پێشینەترین ڕێکخراوە نەتەوەییەکان و لەلایەن ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکانەوە بەڕێوە دەبرا، جاری دەدا کورد (هیچ بەهانەیەکی هاوبەشی نییە لەگەڵ جووڵانەوەی ئەنادۆڵیدا... کوردەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە هیچ پارێزەرێکی تریان نییە جگە لەبەریتانیا)[1]. بە هەمان شێوە بزووتنەوەی ئازادی، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٠٩ و ١٩٢٤) سەریهەڵدا و گەشەی کرد، ئەو ئامانجانەی بۆ خۆی دانابوو : ڕزگارکردنی کورد لە جەور و ستەمی تورك، بەدەستهێنانی ئازادیی کورد و هەڵی پێشخستنی وڵاتەکەیان و بەدەستهێنانی پشتیوانیی بەریتانیا، چونکە دەیانزانی کوردستان ناتوانێت بە تەنها لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت[2]. ناسیۆنالیستە کوردەکان مەترسی ئەوەیان لێنیشت کە کوردەکان تەنها کەمینەیەك لەو دەوڵەتە تازانەدا پێکدەهێنن کە بەریتانیا و فەرەنسا لە لەتکردنی ئیمپراتۆرییەتی پێشووی عوسمانی دروستیان کردن. ئەم ترسە لە زاڵبوون و سەرداربوونی گرووپێکی ئەتنۆ-ناسیۆنالیستی گەورەتر، گوڕی دایەبەر پێشخستنی شوناسی نەتەوەیی کورد، وەك دەرهاویشتەیەکی مەنتیقیش، بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ئەو ئەکتەرانەی بانگەشەیان بۆ پێناسێکی نەتەوەییانەی کورد دەکرد، ڕایان دەگەیاند، تورکەکان و بزووتنەوەی ئەنادۆڵی بە سەرپەرشتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) گەورەترین هەڕەشەن لەسەر شوناسی کوردی. لە بەرامبەردا پاشانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) و دواجاریش کوردستانێکی سەربەخۆ، باشترین ئامراز و هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاسایشن بۆ دوورخستنەوەی نەتەوەی کورد لەپەرتەوازە بوون. لە سۆنگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە، تایپۆلۆجییەکەی typology "بوزان" و "وایڤەر"، لە بارەی مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگایی، نموونەیەکی شایستەیە بۆ پراکتیککردن. کوردە ناسیۆنالیستەکان بە ڕوونی لە ململانێی ئاسۆییانە لەگەڵ ناسنامەی کولتووری تورکی، کە بەرینتر و پێشکەوتووتر بوو،

---

[1]. Ibid.
[2]. Entessar, Nader. 1992. *Kurdish Ethno-Nationalism*. Boulder: Lynn Reinner.

دەترسان. لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد بە ئاشتی لەگەڵ تورك و عەرەبەکاندا لە سایەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ژیابوون، کەچی ئەوان ئێستا ئەم گرووپانە بە هەڕەشە و مەترسی دادەنێن.

هەروەها ناسیۆنالیستە کوردەکان مەترسییان هەیە لە دەستەبەرییەکی ستونیانە vertical integration لەگەڵ ناسنامەی پان-ئیسلامیدا pan-Islamic کە هەوڵدەدات نەتەوایەتی لەژێر پێناسی ئایینیدا کۆبکاتەوە. ناسیۆنالیستە کوردەکان داکۆکیکەرانی ناسنامەی ئایینانەی کوردیان وەسف دەکرد بە(دەمارگیری ئایینی... کە پاڵنەرەکەیان ترسە لەو هۆشیارییە نەتەوەییەی خەڵکی بێدار دەکاتەوە و لێناگەڕێت کە تەنها وەك بەندەیەکی تاقانە بۆ خۆیان بڕوانن و گوایە ئەو ماڵ و سامانەی بەبێ کۆشش بە دەستیان هێناوە، با رایدەماڵێت.)[1].

بەریتانیەکان دەیانزانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم کاتەیدا لە قۆناغی ساواییدایە و کۆمەڵگای کوردی بەتوندی بەسەر خێڵەکاندا پەرتەوازە بووە، و ئەم دابەشبوونە بە هەمان شێوە دابەشبوونی ئایینی و زمانەوانیش دەگرێتەوە[2]. لەبەرئەوە کاتێك بەریتانییەکان میوانداری ژمارەیەك کەسایەتیی رۆشنبیری هەڵسووڕاویان کرد کە بانگەوازیان بۆ گوتارێك سەبارەت بە نەتەوەیەکی کوردی یەکگرتوو دەکرد، لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت ئەم نوێنەرانە لە پشتیوانی خەڵك و سەرکردەی ناوچەیی بێبەشن تاوەکو بتوانن بەکاریی بانگەوازەکەیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر بناغەی ناسنامەی نەتەوەیی بڵاوبکەنەوە[3]. لاوازیی رۆشنبیرە مەدەنییەکان بەهۆی قورسایی و بایەخی بانگەوازە ناوچەگەرێتییەکانی ناو بونیادی ناسنامەی نەتەوەیی بەردەوام زیاتر پەرەی دەسەند. ئەمەش خزمەتی بە بەهێزکردنی پلەوپایە و دەسەڵاتی سەرکردە تەقلیدییەکان کرد و دەستیان گرت بەسەر ئەو هەرێم و ناوچانەی ناسیۆنالیستەکان بەهەرێم و نیشتمانی کورد ناوزەدیان دەکردن[4].

---

1 . Bozarslan, Hamit. 2003. "Some Remarks on Kurdish Historiographical Discourse in Turkey (1919-1980)." in *Essays on the Origin of Kurdish Nationalism*, edited by A. Vali. Costa Meza: Mazda Publishers.
2 . McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.
3 . Ibid.
4 . Vali, Abbas. 2003. "Genealogies of the Kurds: Constructions of Nation and National Identity in Kurdish Historical Writing." in *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism*, edited by A. Vali. Costa Mesa: Mazda Publishing.

ئا لەم كاتەدا كۆمەڵگای كوردی لەسەر سیستەمێكی ئابووریی دەرەبەگایەتی راوەستابوو لەگەڵ سەرۆك خێلێكی ناوچەیی(ئاغا) كە هەرێمەكە و دانیشتوانی ئەو هەرێمەی كۆنترۆل كردبوو. هەروەها دەسەڵاتداری بەهێزی ئایینییش هەبوون (شێخەكان) كە كاریگەریی بەرچاویان لەسەر دانیشتوانی ناوچەكە و سەرۆك خێڵەكانیش هەبوو. بەم جۆرە سەركردە ئاینییە عەشایرییەكان، كە خاوەنی سەرەكی زەوی و زارەكان بوون، وەك دەركەوتووترین نوێنەر و ئەكتەری كۆمەڵگا كاریان دەكرد و لە گوزارشتكردن لە ناسنامە و ئاسایشی كورد باڵا دەست بوون و تێڕوانینەكانی خۆیان بەسەر كوردەكاندا دەسەپاند. لە كاتێكدا ژمارەیەكی زۆر كەم لە سەرۆكی تەقلیدی هۆزەكان و دەرەبەگەكان كوردستانێكی سەربەخۆیان بەلاوەپەسەند بوو، زۆربەیان بەرەوپێشچوونی جیهانبینی نەتەوەییانەی ناسنامەی كوردیان بە هەڕەشە بۆ سەر سوود و بەرژەوەندی خۆیان لێكدەدایەوە. ئەوان لە سروشتی دەرەبەگییانەی رێكخستنی كۆمەڵگاكانیان سوودمەندبوون و لە لایەن ئیمپراتۆریای عوسمانی و دواتریش لەلایەن دەوڵەتی توركی هاندەدران و پشتگیری دەكران. رابەرە ئایینییەكانیش بە مەبەستی درێژەدان بە شوناسی كوردی لەسەر رێبازی سۆفییانەی ئیسلامی سونی و رایەڵە توندەكانی لەگەڵ خەلافەت و ناسنامەی پان- ئیسلامی بەرینتردا، هەوڵیان دا كۆسپ بخەنە بەردەم سەرهەڵدانی ناسنامەیەكی نەتەوەییانەی كوردی.

لەبەر ئەم بەرژەوەندییە ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئایینیانە، رابەرە تەقلیدییەكان متمانەیان بە ناسیۆنالیستە كوردە رۆشنبیرەكان نەبوو. ئەوان بە ((هەڵگرانی بیر و بڕوای بێباوەڕی و شۆڕشگێڕی)) وەسف دەكران[1]. بەم پێیە ناسیۆنالیستەكان بە مەترسی بۆ سەر شوناسی ئاینیی كوردەكان و سیستەمە ئابووری –كۆمەڵایەتییە پەیرەوكراوەكەیان وێناكران. ناسیۆنالیستەكان بە مەبەستی دەربازبوون لە سیستەمی ئابووریی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی تایبەتی رابەرە تەقلیدییەكان، داوای گۆرانكاریی ئابووریی و كۆمەڵایەتیان دەكرد. بەم شێوەیە خوێندەوارە رۆشنبیرەكان و بانگەوازەكەیان بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی، مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر رابەرە ئایینی و دەرەبەگە گەورەكان.

لەگەڵ ئەوەی ناسیۆنالیستە كوردەكان عەودالی دوورخستنەوەی هێزی دەرەبەگەكان و رابەرە ئایینیەكان بوون، بەڵام ناسیۆنالیستی عەلمانی هەڕەشە گەورەكە نەبوو كە ئەم سەركردە تەقلیدییانە، لە هەوڵەكانیاندا بۆ درێژەدان بەتێڕوانینی خۆیان لەمەڕ ناسنامەی كوردی، ئاماژەیان پێدەدا. ئەم سەركردانە بەرپەرچی ئەو مەترسییە ئەمنییانەیان دایەوە كە

1 . Entessar, Nader. 1992. *Kurdish Ethno-Nationalism*. Boulder: Lynn Reinner.

له ئەگەری هاتنەکایەی دەوڵەتێکی ئەرمەنی مەسیحی لە هەرێمەکە رووبەرویان دەبوونەوە. "کالسرۆپ"ی ئەدمیرالی بەریتانی لە راپۆرتێکیدا بۆ بەرپرسە باڵاکانی لە کاروباری دەرەوەدا سەرنجی دا: ((فاکتەری هەرە گرنگ لەم هەل ومەرجەدا بریتییە لەوەی کە خەریکە بەشی رۆژهەڵاتی تورکیا بخرێتە ژێر حوکمی ئەرمەنییەوە. وەلێ کەڵکەڵەیەکی بەهێز لای کوردەکان و تورکەکان بە ئاراستەی لێکترازان هەیە، بەڵام ئەم ترسە بۆ یەکگرتن دەیان جوڵێنێت))[1]. ترسەکەش بەشێکی بەهۆی مەترسی تۆڵەسەندنەوە بوو لە خێڵە کوردییەکان لە تۆڵەی ئەو رۆڵەی لە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەساڵی (١٩١٥) دا بینیان، بەڵام بەشێکیشی بەهۆی ترسێکی گشتی بوو لە حوکمی مەسیحی. رەگەزە هەڵسوڕاوەکانی کۆمەڵگای کوردی بە ئامانجی سنووردارکردنی هێز و دەسەڵاتی مەسیحیە ئەرمەنییەکان لە ناوچەکەدا، هەوڵیان دا یەکڕیزی لەگەڵ تورکەکان بپارێزن. لەو کاتەدا وتاری رۆژنامەکان بانگەشەیان دەکرد کە پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی کورد یەکسان و هاوتەریبە بە کۆمەککردنی نەتەوەیی ئەرمەنی[2]. لە رەتدانەوەی ئەمەدا هەندێك ناسیۆنالیستی کورد زیندانی کران و کوژران.

ناوزەدکردنی ئەرمەنی مەسیحی بە هەڕەشەی سەرەکی لە هەرێمەکەدا، دەرفەتی بۆ رابەری تورکی "مستەفا کەمال ئەتاتورك" رەخساند سەرکەوتووانە کەسایەتییە دیار و ناسراوە تەقلیدییە کوردەکان دەستنیشان بکات و لە پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا کردنی بە هاوڕێ و پشتیوانی خۆی. بۆ ئەم کارە وای نیشانی رەگەزە ئایینییەکان دا کە تورکەکان و کوردەکان لەم پرۆژەیەدا شەریك و هاوبەشن. لە ساڵی (١٩١٩) دا کەمال رایگەیاند، ((تورکەکان و کوردەکان بەردەوام وەك برا لەناو دەمەزراوەی خەلافەتدا دەژین))[3]. لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا: کەمال رابەرە تەقلیدییە کوردەکانی دڵنیا کردەوە کە یەکڕیزی لەگەڵ تورکیادا مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی کوردی دروست ناکات. یەك توخمی هاوبەش لە نێوان شوناسی تورکی و کوردیدا هەبوو کە بریتی بوو لە پێناسی موسوڵمانبوونی سوونی کە لە دامەزراندنی خەلافەتدا پێکەوەی گرێ دەدان. رەگەزی ئایینی بایەخێکی زۆری هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی ئەرمەنیی مەسیحی و لە کۆکردنەوەی بنەڕەتیی تورکەکان و کوردەکان لە دەوڵەتی تورکیدا.

---

[1]. McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.
[2]. Ibid.
[3]. Ibid.

لـەم سـۆنگەیەوە، ئـەو مەترسـییە ئەمنییـە کۆمەڵگاییانـەی "بـوزان" و "وایڤـەر" ئاماژەیان پێدابوون، کەمتر قابیلی جێبەجێکردنن. رابەرە تەقلیدییە کوردەکان بۆ لەناوبردنی هەڕەشەی مەسیحی، جاری یەکڕیزیان لەگەڵ تورکەکان، کە لە خۆیان بە هێزتر بـوون، دەدا. ئەم ئاوێزانبوونەی کوردەکان لە ناو دەوڵەتی تورکیـدا نـەك هـەر وەك هەڕەشـەیەك بـۆ سـەر شوناسی کوردی پێشوازی لێنەکرا، بەڵکو زیاتر وەك کەرەستەیەك بۆ پاراسـتنی کۆمـەڵگای کوردی لە رامالڕانی لەلایەن ئەرمەنییـە مەسـیحییەکانەوە سـەیر دەکـرا. لێـرەدا ململانێـی ئاسۆییانە لەگەڵ ناسنامەی تورکی بە گـەورەیی فەرامۆشـکراوە، لـە کاتێکـدا ئـاوێزانبوونی ستوونیانە لەناو بزاوتێکی بەرینتری پان-ئیسلامیدا نەك تەنها هەڕەشە نەبوو لە ناسـنامەی کوردی، بەڵکو رەگەزێکی جەوهەری ناسنامەی کوردیش بوو.

بانگەشـەی "کـەمال ئـەتاتورك" بـۆ شوناسـی ئایینیانـەی کـورد لـە مـاوەی سـاڵە سەختەکانی سەرەتای دامەزراندنی تورکیادا سەرکەوتنی خۆی سەلماند، ئـەویش ئـەو کاتـەی زۆر لە رابەری خێڵە کوردییـەکان یارمـەتی سـوپای تورکییـان دەدا لـە دامرکاندنـەوەی ئـەو شۆڕشانەی لەلایەن گرووپە ناسیۆنالیستە کوردییەکانەوە بەرپادەکران. هەرچـۆنێك بێـت، لـە سـالی (١٩٢٣) دا روونبـوەوە "مـستەفا کـەمال"، کاتێـك هـەوڵی دا بـۆ پێکهێنـانی ناسنامەیەکی نوێی عەلمانی نەتەوەیی تورکی، ستراتیژی خـۆی بەرامبـەر بـە کوردەکـان لـە رۆژهەڵاتی تورکیا گۆڕی. ئا لەم کاتەدا "کەمال" خەلافەتی روخاند و لـە هـەمان رۆژیـشدا هـەموو خوێنـدنگا و کۆمەڵـە و بڵاوکـراوە کوردییـەکانی داخـست[1]. "کـەمال" بـە روونـی پلانەکەی بۆ میللەتێکی بەنەتەوە تورك ئاشکرا کرد و رازی نەبوو ئیـسلام ببێتـە لایـەنێکی سـەرەکی ناسـنامەی ناسیۆنالیـستی تـورکی. لـە ئاکامـدا ریزەکـانی ئـەو کەسـانەی جـاری سەربەخۆیی کوردیـان دەدا و پێـشتر پێکهـاتبوون لـە خوێنـدەوارە رۆشـنبیرە نەتەوەییـەکانی ناوچـەکانی شـارە رۆژئاواییـەکان، فـراوان بـوون و رابـەرە ئـایینی و دەرەبەگـە خـاوەن بـیرە ئایینیەکانی کوردستانیان لەخۆگرت[2].

لـە ئـەنجامی ئـەم بزاوتـەدا، ئـەو کوردانـەی، بـە مەبەسـتی سـوککردنی مەترسـیی مەسیحیی ئەرمەنی، داکۆکییان لە یـەکڕیزی لەگـەڵ تورکیـادا دەکـرد، ئێـستا تورکیـا بـە مەترسـی وێنـا دەکـەن. هـەر چـۆنێك بێـت هەڕەشـەکە بـە پلـەی یـەك بـە هەڕەشـە بۆسـەر ناسنامەی نەتەوەیی کوردی وێنا نە دەکرا، بەڵکو بۆ سەر رەهەندی ئـایینی ئـەم ناسـنامەیە

[1]. Houston, Christopher. 2001. *Islam, Kurds, and the Turkish Nation State*. Oxford: Berg.
[2]. McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.

دەبینـرا. یەکـەم راپـەرینی گـەورەی کوردەکـان، وەك پەرچـەکردارێك بـۆ گـۆڕانی سـتراتیژی (کەمال ئەتاتورك)، بریتی بوو لە شۆڕشی ساڵی (١٩٢٥) ی "شێخ سـەعید". ئـەم شۆڕشـە کە لە ڕلایەن ناسیۆنالیستی کوردی مۆدێرنی ئەمڕۆ وەك بەشێك لە داستانی رابردوویان بـاس دەکرێت، شۆڕشێك بوو لەبەرخاتری ناسنامەی ئایینییانەی کوردەکان بەرپاکرا، زیاتر لـەوەی بـۆ خـەون و ئـاواتی نەتەوایـەتی بـەرپا کرابێـت[1]. لەبەرئـەوە کاتێـك داوای کوردسـتانێکی سەربەخۆی دەکرد، ئـەوا بـەو ئومێـدە بـوو کـە ئـەم قـەوارە نۆێیـە گوێڕایـەڵی دامـەزراوەی خەلافەت بێت. وەك لە پێشتردا تێبینی کرا، دووبارە هێنانەوەکایەی خەلافەت پەنای دەبردە بەر رێبازی سۆفیگەریی باڵی سونیی ئیسلام، کە زۆرینەی کۆمەڵگای کـوردی پێدەناسـرێت. شێخ سەعید، لە تێکۆشانیدا بـۆ دووبـارە گێڕانـەوەی خەلافـەت، کـوردە عەلەوییـەکانی لـە دەستچوو، ئەوان چونکە پێناسێکی ناسونییان هەبوو و ئەو ئەگـەرە لـە ئـارادا بـوو لەلایـەن حوکمێکی ئیسلامییەوە بکەونە بەر مەترسی. هەروەها سیمای ئایینیانەی شۆڕشەکە، زیـاد لە سیمای نەتەوەیی، بە ئاشکرا لە هەڵبژاردنی مەلیك بـۆ کوردسـتانی سـەربەخۆ لـە لایـەن (شێخ سەعید) ەوە بەرجەستە بوو، ئەو نوێنەرێکی خەلیفەی بە مەلیك دەستنیـشانکرد کـە کورد نەبوو*. (شێخ سەعید) پێناسێکی ئەتنۆ-نەتەوەیی لاوازی هەبوو بۆ ناسنامەی کوردی و تێگەیـشتنی ئـەو لـەم ناسـنامەیە زیـاتر لـە تایبەتمەنـدی ئایینییـەوە هـەڵقوولابوو[2]. لـە کۆتاییدا شۆڕشەکە شکستی هێنـا و تۆڵەسـەندنەوەیەکی تونـدی تورکـەکان لـە کوردەکـانی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەم خاڵەوە ناسیۆنالیزمی کوردی تا ناوەڕاستی (١٩٦٠) ەکـان زۆر بەسـستی مایـەوە. لەو ماوەیەدا چەند رەگەزێکی هەمەجۆری ناو کۆمەڵگای کوردی بەردەوام خەباتیان لـە دژی دەستدرێژی تورك لە کوردستان دەکرد، بەڵام زۆربەی سەرکردە و جەنگاوەرەکان لەبری ئەوەی ئەجێندایەکی نەتەوەییان هەبێت، زیادتر بە هۆکاری ئایینیانە دەجولاَن و مەبەستیان دووبارە بە دەستهێنانەوەی خەلافەت بوو[3]. دەسەڵاتدارە تورکەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەلمانیی مۆدێرن و بە مەبەستی پێناسەکردنەوەی ناسنامەی کـوردی، ژمارەیەك دام و دەزگای پۆلیسییان دامەزراند. حکومەتە تورکییەکان تەنانەت داننانیان بـە

[1] . Ibid.

* (شێخ سەعید) یەکێك لە کوڕەکانی سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان " عەبدولحەمید"ی بـۆ مـەلیکی کوردسـتان دەستنیشان کردبوو. (وەرگێڕ).

[2] . Ibid.
[3] . Ibid.

بــوونی کــورد وەك دانیــشتوانی کەمینــەی تورکیــا ڕەتکــردەوە و وەك تورکــە شــاخاوییەکان ئاماژەیان بۆ دەکردن. دەوڵەتی تورکی هەوڵی دەدا کوردەکان قووت بــدات، بــۆ ئــەم کــارەش هەموو شتە کوردییەکانی ، بە بڵاوکردنەوەی کتێب و مۆسیقاشەوە قەدەغەکرد. ناوی شار و گوند و ناوچەکانی لە ناوی کوردییەوە بۆ ناوی تورکی گۆڕی. تەنانەت باوك و دایکان مــافی هەڵبژاردنی ناوی کوردییان بۆ منداڵەکانیان نەبوو. فێرکردن بە کوردی قەدەغەکرا. بەم جۆرە بە ئاڕاستەی چەند نەوەیەك لە کوردی نەخوێندەوار هەنگاو هەڵگیرا کــە بــە دەســتەبژێرێکی کوردی خوێندەوارەوە گرێدرابوون و بەزمانی تورکی دەدوان. هەروەها دەوڵەتی تورکی فشاری خستە سەر کوردەکان بۆ کۆچکردن بۆ ڕۆژئاوای تورکیا و زۆری لە تورکەکان کــرد بــۆ ناوچــە کوردییــەکان کــۆچ بکــەن ، ســەرکردە کوردەکــانی کوشــت و لــەناوبرد و بەمەبەســت ناوچــە کوردییەکانی لە هەوڵی بە مۆدێرنکردن و گەشەپێدانی ئابووری بێبەش کرد[١].

یاساغکردنی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە واتای بێبەشکردنی کورد دەگەیەنێت لە میدیا و بڵاوکراوەی ئەدەبیی کوردیی هاوبەش، کــە گــرنگترین ڕەگــەزە لــە خولقانــدن و داڕشــتنەوەی شوناس و کەرەستەیەکی بەیانکردنی هەڕەشەی ئەمنیــشە. ســەرباری تەگەرەخــستنە بــەردەم گەشــەکردنی ناســنامەی هاوبەشــی نەتــەوەیی کــوردی، یارمــەتی کەســایەتییە تەقلیدییــە دیارەکانی دەدا، وەك ئەکتەرێکی سەرەکی و خاوەن توانــا لــە دەربــڕین و گوزارشــتکردن لــە ئاسایش و ناسنامەی کوردی، پلە وپایەی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. هەڵوێستی زاڵــی رابەرە تەقلیدییەکان، بە هۆی بێبەشبوونی ناوچەکانی ڕۆژهــەڵاتی تورکیــا لــە پێــشکەوتن و بەرگرتن لە چاکسازی کشتوکاڵی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پتەو دەبوو.

یەکێك لە سیاسەتە کاریگەرەکانی تورکیا لە کوردستاندا ناچارکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد بوو بە کۆچکردن بۆ ئەوروپا یان بۆ ناوچە پێــشکەوتووەکانی ڕۆژئــاوای تورکیــا، چ بــە دەرکردنی زۆرە ملیّ بێت، وەك کۆچپێکردنی کرێکاران، یاخود کۆچکردن بێت بەدوای ئاستی بــاڵای خوێندنــدا. ئــەم گۆڕانــە دیموگرافییــە زیــادتر بــرەوی دا بــە پەســەندکردنی ســەرکردە ڕۆشنبیرەکانی باڵە چەپڕەوەکان و لەگەڵیشیدا خزمەتی بە داخورانی کاریگەریی کەسایەتییە تەقلیدیەکان کرد[٢]. لە جیاتی تواندنەوەی، ئەم باڵە ڕۆشنبیر و چەپڕەوانە نەشونمایان کرد و لە دیاریکردنی ناسنامەی کوردی درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا. لە ناو هەناوی ئــەم گرووپــەوە بوو کە ناسنامەی نوێی نەتەوەبینییانەی کــورد گەشــەی کــردووە. ئــەم نوسخەیەی شوناســی

---

[1]. Ibid.
[2]. Hyman, Anthony. 1988. "Elusive Kurdistan." *Conflict Studies* 214.

ناسیۆنالیستی کوردی تێکەڵ کرا بە هۆشیاربوونەوە لە ململانێی چینایەتی و دواکەوتوویی underdevelopment و زەوتکردن (استغلال) exploitation و ئیمپریالیزم[1]. بەم شێوەیە سەرباری چەوساندنەوەی تورکی، ئەوان دواکەوتوویی و هەژارییان بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ناسنامەی کورد دەستنیشان کرد. ئەم کۆچکەرە کوردییانە لە رۆژئاوای تورکیا دەستیان دایە بەیەکەوەگرێدانی باڵە چەپەکانی ئەو پارتە سیاسییانەی بانگەوازیان بۆ قسەکردن لەبارەی کۆمەڵگای کوردییەوە دەکرد و داوای گەشەپێدانی زیاتریان بە کوردستانی تورکیا دەکرد. هەروەها ئەم گرووپانە بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەك رۆژنامە و کتێب، گەرای نوێکردنەوەی کوردییان دانا. هەرچەندە بەهۆی جیاوازی زمانەوانی و زۆری رێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمە کوردییەکانی رۆژهەڵات، کەمتر هەست بە کاریگەریی ئەم کارە دەکرا، بەڵام شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر پێشخستنی خەڵکە کوردە رۆشنبیرەکان بەجێهێشت.

ئەو کوردانەی هێشتا لە ناوچە رۆژهەڵاتییە پەرەنەگرتووەکان بوون تا ئەو کاتەش پابەند کرابوون بە رابەرە تەقلیدییەکانەوە و شێوازی ئایینییانەی دیدگای شوناسی کوردییان لەلا پارێزرا بوو. لە ساڵی (١٩٦٩) کۆمەڵناس "نور یەلمان" سەرنجی دا "باڵە ئایینییەکان بە بایەخترن لە باڵە زمانەوانییەکان. ئەگەر باڵە ئایینییەکان لاواز بن... رووبەڕووبوونەوەی تورکی-کوردی زیاتر دەبێتە هۆی ناکۆکی و ئاشووب"[2]. سەرکردە تەقلیدییە کوردەکان تێکەڵکێشبوونیان بە دامەزراوە دیموکراسییەکانی تورکیا بە پەسەند زانی و بە گشتی پشتیوانیی ئەو پارتە سیاسییانەیان دەکرد کە هاوسۆز بوون لەگەڵ ژیانەوەی ئیسلام لە سیاسەتەکانی تورکیادا، وەك پارتی داد (justice ) یان پارتی رزگاریی نەتەوەیی. بەم جۆرە دیموکراسی لە تورکیا پشتگیری لە رایەڵەکانی فیوداڵی و دەسەڵاتی ئەو سەرکردە تەقلیدییانەی کوردستان دەکرد، کە دەتوانن قەناعەت بە جەماوەرەکەی خۆیان بکەن بەوەی لایەنگیریکردنی ئەم پارتانە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردیدایە. لە بەرامبەردا ئەو پارتە سیاسییانەی تورکیاش بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەم سەرکردە تەقلیدییە کوردانەیان دابین دەکرد، کە لە توانایاندا بوو ژمارەیەکی دەنگی گرنگیان بۆ بەدەستبهێنن[3].

[1]. Entessar, Nader. 1992. *Kurdish Ethno-Nationalism*. Boulder: Lynn Reinner.
[2]. McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.
[3]. Entessar, Nader. 1992. *Kurdish Ethno-Nationalism*. Boulder: Lynn Reinner.

هەروەها لە ساڵانی (١٩٦٠) ەکاندا پرسی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بە تەواوی باوەشی بۆ رەهەندی چینایەتی کردەوە. زیادبوونی ژمارەی هەر یەك لە کوردە خوێندەوارەکان و گەنجە کوردە بێکارەکان، پلە و پایەی پارت و رێکخراوە چەپڕەوەکانی بەرزکردەوە. ئەم پارتانە لە پاڵ پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیدا، داکۆکییان لە لەکارخستنی پاشماوەی فیوداڵی دەکرد و پشتگیریی چاکسازیی کشتوکاڵییان دەکرد. ئەم هەڵوێستەیان بەئاشکرا تووشی ناکۆکی کردن لەگەڵ کەسایەتییە تەقلیدییە دیارەکان، چونکە ئەمان بانگەشەی تاکە دەسەڵاتێکیان دەکرد کە بەخاوەنداریێتی زەوی و زارەکان (دەرەبەگەکان) وابەستەبێت. بەم چەشنە ململانێ لەسەر ناسنامەی کوردی تەنها بە لایەنی ناساندنی دژ بە دەستدرێژی تورکییەوە نەوەستا، بەڵکو ململانێکە رەگەزە چینایەتی، ئابووری، ئایینی و نەتەوایەتییەکانیشی گرتەوە.

دەتوانرێت کۆکردنەوەی ئەم هێزانە لە میانەی سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان (-پ ك ك-PKK ) لە کۆتایی ١٩٧٠ کاندا ببینرێت. پ ك ك، کە تا رادەیەك پارتێکی نەناسراو بوو، هەوڵی دا ببێتە تاکە ئەکتەرێك، دەسەڵاتی گەڵاڵەکردنی ناسنامەی کوردی و دەستنیشانکردنی هەرەشەکانی سەر ئەو ناسنامەیەی هەبێت. "عەبدوڵا ئۆجەلان" دامەزرێنەر و سەرۆکی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باڵی چەپڕەوی دەستەبژێری رۆشنبیرەوە هەڵقوڵابوو، ئەو یەکێك بوو لەوانەی بۆ رۆژئاوای تورکیا کۆچی کردبوو و داکۆکی لە دیدگایەکی ناسیۆنالیستی عەلمانییانەی ناسنامەی کوردی دەکرد. "ئۆجەلان" هەروەك دەستەبژێرە شارنشینە نوێکان، پلەیەکی بەرزی خوێندەواری هەبوو کە دەرچووی بەشی یاسا بوو لەزانکۆی ئەنقەرە و بە تورکی قسەی دەکرد نەك بە کوردی[1].

پ ك ك وەك رێکخراوێکی توندڕەوی داکۆکیکەر لە ریفۆرمی ئابووری-کۆمەڵایەتی و لە سەربەخۆیی، بەبێ پەردە مەترسییە ئەمنییەکانی تێڕوانینی خۆیانی بۆ ناسنامەی کوردی ناسیۆنالیستی عەلمانی راگەیاند. لیستەکەیان بریکار و نوێنەرەکانی دەوڵەتی تورکیا و هاوکارانیانی لە خۆ گرتبوو، لەگەڵ ئەو چەپڕەوە تورکانەی پرسی کوردیان دەکردە پاشکۆی شۆڕشە چەپخوازەکان و چینی دەرەبەگی کوردی زەوتکار[2]. لە لای پ ك ك، کوردەکان و تورکەکان بە مەترسی بۆ سەر ناسنامەی کوردی دیاری کران. لە ناو ئەو کوردانەی یارمەتی دەوڵەتی تورکیان دەدا، پ ك ك بەئاشکرا گاردە (پاسەوان) گوندییەکانی کردە ئامانج، ئەم

[1] . Hyman, Anthony. 1988. "Elusive Kurdistan." *Conflict Studies* 214, McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.
[2] . McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.

گاردانه کورد بوون و له بەرامبەر ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان، لە لایەن دەوڵەتی تورکییەوە پارەیان پێدەدرا. ئۆپەراسیۆنە سەرەتاییەکانی پ ك ك تەرخانکران بۆ دەرکردنی، ئەوەندەی لە تواناد بێت، گاردی گوندەکان.

پاش ئەوەی پ ك ك بە ڕاشکاوی ئەو لایەنانەی هەڕەشە لەسەر جیهانبینیەکەیان سەبارەت بە ناسنامەی ناسیۆنالیستی عەلمانی کوردی دەنوێنن، دەستنیشان کرد، بەردەوام سەرقاڵبوون بە هەوڵی دوورخستنەوەی ئەم هەڕەشانە. پ ك ك هەوڵی دا جیهانبینییەکەی خۆی سەبارەت بە ناسنامەی کوردی بەسەر کوردەکان و دەوڵەتی تورکیدا بسەپێنێت. لەم پێناوەدا توندوتیژییەکی مەودا فراوان و کوشتن و بڕین و ململانێی سەربازی کراوەی گرتە بەر. سەرەنجام مەرگی ژمارەیەکی زۆر کورد و تورکەکانی لێکەوتەوە و لە بەرامبەردا زۆرداریيەکی نوێی لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە، وەك پەرچەکردار، بەدوای خۆیدا هێنا. بە لای هەندێکەوە ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکی گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر کورد، بەلای هەندێکی ترەوە ئەمە ئاماژەیە بەوەی پ ك ك هەڕەشەی سەرەکییە لە رووی کوردەکاندا. لە کاتێکدا کارێکی قورسە بڕیار بدەین لەوەی ئایا زۆرینەی کورد پشتگیری پ ك ك دەکەن یان نا، بەڵام ئەوە روونە کە ناسیۆنالیزمی عەلمانی لەژێر سەرکردایەتی پ ك ك هەنگاوێکی گەورەی لە ناوچە گوندنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ پێشەوە هەڵگرت، کە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی پێشووتر بەم شێوەیە تیایدا سەرکەوتوو نەبوون .

پێشکەوتن و سەرکەوتنی جەماوەرییانەی دیدگای ناسیۆنالیزمی عەلمانی بۆ ناسنامەی کوردی مانای سەرهەڵدانی تاکڕوانینی شوناسی کوردی نییە. لەنێو ناسیۆنالیستە عەلمانییەکاندا دابەشبونێك لە نێوان میانەرەو و توندرەوەکاندا هەیە. پ ك ك ڕێکخراوێکی توندڕەوی سەرەکییە، بەڵام ژمارەیەك پارتی سیاسی سەرکەوتوو هەن کە دیمەنێکی میانەرەوتری کورد پێشکەش دەکەن. لە ساڵانی (١٩٦٠) ەکان و (١٩٧٠) کاندا (HEP ) —پارتی کاری گەل– بۆ ئۆتۆنۆمی کورد لەچوارچێوەی دامەزراوە سیاسییەکانی تورکیادا خەباتی دەکرد. پارتەکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە قەدەغەکرا، بەڵام شێوەی خۆی گۆڕی بۆ پارتی کاری دیموکراسی (DEP ) و دواتر بۆ پارتی دیموکراسی گەلی (HADEP ). ئەم پارتانە شێلگیرانە پشتگیری فراوانی جەماوەریانەیان لە دەنگی بەشداربووە کوردەکان بەدەست هێنا، کە ئاماژەیەك بوو بەوەی چارەسەرێکی میانەرەوانە لەچوارچێوەی دامەزراوە سیاسییەکان و سەروەریی تورکیادا پشتگیری و لایەنگیری گەورەی لێدەکرێت. لە کاتێکدا

هەردوو گرووپەکە (توندڕەو و میانەڕەو) ناسنامەی کوردییان بە عـەلمانی و نەتـەوەیی وێنـا دەکرد، کەچی لەسەر رادەی ئـەو هەڕەشـەیەی کـە تورکیـا رووبـەروی دەکردنـەوە هـاودەنگ نەبوون. بـە گوتـەی داکۆکیکـارانی سـەربەخۆیی، ئاسایـشی کـوردی تـەنها بـە دەوڵـەتێکی سەربەخۆ دەتوانرێت دابین بکرێت، لە کاتێکدا ئەوانەی ئۆتۆنۆمی یـاخود زیـادکردنی مـافی کەمایەتییان بەلاوە پەسەند بوو، جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە پەیوەندییەکی نوێ لە نـاو چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا دەتوانێت ئاسایش بۆ ناسنامەی کوردی دەستەبەر بکات.

لەلایەکی تریشەوە جیهانبینیی ناسیۆنالیستی عەلمانییانەی ناسنامەی کوردی بـەردەوام دەکەوێتە بەردەم تەحەدای ئەوانەی داکۆکی لە ناسنامەیەکی کوردی پان-ئیسلامی دەکـەن. جووڵانەوەی ئیسلامی بە بەردەوامی ناسیۆنالیزمی عەلمانی بەمەترسی سەرەکی داناوە. هەر لە سەرەتاوە رەهەندی عەلمانییانەی پڕۆژەکەی "کەمال ئەتاتورك" لە بنیاتنانی نەتەوەدا بـە ترسناك بـۆ سـەر هـەموو موسـڵمانانی تورکیـا وەسـفکرا و تـا رادەیـەکی زۆر ئـەو راسـتیە لەبەرچاو نەگیرا کە پڕۆژەکەی "کەمال" شکۆی نەتەوەیـەك، کـە تورکەکانـە، دەدات بەسـەر نەتەوەیەکی تردا، واتە کوردەکان[1]. بەم چەشنە ئەو پارتە سیاسییانەی کاریـان بـۆ ژیانـەوەی پلە و پایەی ئیسلام لە سیاسـەتەکانی تورکیـادا دەکـرد، بێـدەنگ بـوون لـە چارەسـەرکردنی پرسی کوردەکـان. لەبـەر ئـەم هۆیـە (پ ك ك) ئـەم پارتانـەی بـە یـەکێك لـەو سـێ گرووپـە دەستنیشان کرد کە هەڕەشەیان لەسەر ناسنامەی کوردی دروست دەکرد. لەوەش خراپتر چەند رێکخراوێکـی ئیـسلامی چـەکدار بـەخێرایی سـەریان هەڵـدا و جووڵانـەوە ناسیۆنالیـستیە عەلمانییە کوردییەکان و (پ ك ك) یان کردە ئامانج. لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٣) دا زیاتر لـە (٥٠٠) هەڵـسوڕاوی کـورد و هاوکـاری (پ ك ك)، لەلایـەن ئـەم گرووپانـەوە، کـە هێـشتا هەوڵیان دەدا ناسیۆنالیزمی کوردی بکەنـە پاشـکۆی دیـدگای پـان ئیـسلامیانەی سیاسـەتی تورکی و شوناسی کوردی، لەناوبران.

لەسـەرەتای (١٩٩٠) ەکانـدا وا دەرکـەوت "ئۆجـەلان" و (پ ك ك) گۆڕانیـان بەسـەر لیستی هەڕەشە لەبەرچاوگیراوەکانی سەر ناسنامەی کورد هێنابێت. لـە سـاڵی (١٩٩١) دا (ئۆجەلان) رایگەیاند پرسی جیاکردنەوەی کوردستان لە تورکیا لەئارادا نیـە، " گـەلی ئێمـە پێویستی بە تورکیایە، ئێمـە نـاتوانین بەلایـەنی کەمـەوە بـۆ مـاوەی (٤٠) سـاڵی داهـاتوو جیاببینەوە"[2]. لەم روونکردنەوەیەوە (ئۆجەلان) دانینا بـەوەی پێویـست ناکـات تورکیـا وەك

[1] . Houston, Christopher. 2001. *Islam, Kurds, and the Turkish Nation State*. Oxford: Berg.
[2] . McDowell, David. 1996. *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris.

مەترسی بۆسەر کوردەکان وێنا بکرێت، بەڵکو زیاتر رۆڵێکی سەرەکی هەیە کە لە مانەوە و پێشخستنی نەتەوەی کورد ببینێت. هەروەها (ئۆجەلان) هانی لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ سەرکردە ئایینیەکان دا، تاوەکو پیشانی بدات کە پێویست ناکات تێڕوانینە ناسیۆنالیستییە عەلمانییەکەی ناسنامەی کوردی وەك مەترسییەك لەسەر ئەو کەسانە دەربکەوێت کە مەبەستیانە دوبارە رۆڵی ئیسلام لە سیاسەتەکانی تورکیادا بینا بکەنەوە.

ئەو دەمەی هێزە ناسیۆنالیستەکان و پان ئیسلامییەکان بەردەوام بوون لە بەیەکدادان بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کوردی،جێی خۆیەتی هێما بکرێت بۆ ئەوەی ئەو هێزانە تەنها هێزگەلێك نەبوون سەبارەت بە ناسنامەی کوردی جارِیان دەدا. بەڵکو دەوڵەتی تورکیش لەلای خۆیەوە چالاکانە تەقەلای دەکرد ناسنامەی کوردی لەناو چوارچێوەی ناسنامەی تورکیدا وێنا بکاتەوە. (کەمال ئەتاتورك) ، لە دروستکردنی ناسنامەی نوێی تورکیدا، هەوڵی دا ئەو دامەزراوانەی سەرقاڵی شوناسی کۆمەڵگاکان بوون بسڕێتەوە. قەدەغەکردنەکەی بۆ بلاوکراوە و خوێندنگا کوردییەکان تا ناوەڕاستی (١٩٩٠) ەکان بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی جزئی پووچەڵ کرایەوە. لەو کاتەوەی دەوڵەتی تورکی دامەزراوە یاساغکردنێکی دێرین و بەردەوام هەیە تەنانەت دژی درکاندنی وشەی " کورد" لە سیاسەتەکانی تورکیادا، کورد دەبێت وەك " تورکی شاخاویی" ئاماژەیان پێبدرێت. دەوڵەتی تورکیا گیانی بەبەری ئەو تیۆرە زانستییانەدا دەکرد کە پروپاگەندەیان دەکرد گوایە کوردەکان لە بنەچەیەکی تورکین[1]. دەوڵەتی تورکی جارِی دەدا زمانی کوردی (یان زمانەکوردییەکان) لە تورکیەوە وەرگیراوە، چونکە زانستێکی پشتئەستوور بە بەڵگە هەیە رەگ و ریشەی هیند و ئەوروپییانەی زمانەکەیان دەسەلمێنێت. بەلای هەندێکی ترەوە کوردەکان ئەوانەن، کە بەهۆی باری لاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ناوچە رۆژهەلاتییە دواکەوتووەکانی دەوڵەتی تورکیا، پێناسی تورکی خۆیان لە دەستداوە[2].

ناسنامەی کوردی، وەك هەموو ناسنامە کۆمەڵگاییەکان، ڕاڤەدەکرێت و بەردەوام لە ڕاڤەکردنەوەوەدایە. هەر کزبوونێك لە هێزی کەسایەتییە تەقلیدییە ناسراوەکان بە ئاشکرا دەسەلاتی ئەو ئەکتەرانە بەهێز دەکات کە داکۆکی لە ناسنامەی ناسیۆنالیستیی عەلمانیانەی کوردی دەکەن[3]. ئایین سەنگی تایبەتیی خۆی لە درێژەدان بە گفتوگۆ کردن لەبارەی هەردوو

[1]. Entessar, Nader. 1992. *Kurdish Ethno-Nationalism*. Boulder: Lynn Reinner.
[2]. Houston, Christopher. 2001. *Islam, Kurds, and the Turkish Nation State*. Oxford: Berg.
[3]. Hyman, Anthony. 1988. "Elusive Kurdistan." *Conflict Studies* 214.

ناسنامەی توركی و كوردی هەیە. هەروەها فاكتەرگەلێكی ئـابووریی گـرنگ هـەن بـەردەوام كاریان لە ناسنامەی كورد و هەڕەشە ئەمنییەكانی كردووە. هەروەك "ئۆجەلان" ئێستا دانی پیادەنێـت، هـەژاركردن و لاوازكردنـی ئـابووری وایكـردووە یـەكگرتووبوون لەگـەڵ توركیـا كارێكی جەوهەری بێت لـەپێناوی مانـەوەی ئاینـدەی كـورد لـە چوارچێوەی توركیـادا. لـە لایەكی تریشەوە چوونە چاوەڕوانكراوەكەی توركیـا بـۆ نـاو یـەكێتیی ئـەوروپا، وا چـاوەڕوان دەكرێت شوێنەواری كاریگەری لەسـەر هەڕەشـەی كۆمـەڵگایی، كـە تووشـی كـورد دەبێـت، هەبێت. وەك هاوستۆن (Houston) هێمای بۆ دەكات (یەكخستن و یـەكگرتنی ناسـنامەی كوردی هاوچەرخ كـارێكی گرانـە بـەڵام لـە بـەردەم ململانێـی گـەلێك بانگەشـەدایە لەسـەر دەسـتورەكەیان)[1]. ئـەم ململانێیانـە لەسـەر ناسـنامەی كـوردی بـەو هەڕەشـە ئەمنییانـەدا دەردەكەون و دەسەلمێن كە لە لایەن داكۆكیكارانی ناسنامەكەوە دەستنیشان دەكرێن.

### دەرئەنجامەكان

لە دۆزی كورد و فەلەستینییەكاندا گۆڕانكاری و كۆمەڵێك رووداو گەلێك دەبینین كە بە هەڕەشە بۆ سـەر " كۆمـەڵگا" وێنـا دەكـرێن و دواجـار خزمـەت بـە بنیاتنـانی ناسـنامەی كۆمەڵگا و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەم ناسـنامەیە دەكـەن. هـەروەك "بـوزان" و "وایڤـەر" رایدەگەیەنن، ئەو نوێنەرانەی (هەڵسوڕاوانەی) دۆخـەكان بـە ئاسـایش دەكـەن، لـەو كاتـەدا هەڕەشـــەكانی ســـەر ناســـنامەیەكی كۆمـــەڵگایی دەستنیشـــان دەكـــەن، كـــە لـــە ڕووە كۆمەڵایەتییەكەیـەوە بەرجەسـتە بـووە، ئـەوان بـەو ئەندازەیـەی پـێ لەسـەر ئـەو هەڕەشـە ئەمنییانە دادەگرن كە بانگەشە شوناسییەكەی خۆیان پتەو دەكـەن، بـەو ئەندازەیـە تـەركیز ناكەنە سەر مەترسییە ئەمنییە بابەتییـەكان. بـەم چەشـنە ناسیۆنالیـستە عەلمانییـەكان لـە هەردوو دۆزەكەدا، ململانێی ئیـدیعا ناسیۆنالیـستییەكان، چ تـورك بێـت یـان عـەرەب، بـە مەترسـی لەسـەر ناسـنامەی كۆمەڵگاپێناسـە دەكـەن. ئەمـە وێـڕای ئـەوەی ناسیۆنالیـستە ئایینییەكان لە هـەردوو كۆمەڵگاكـەدا، ناسیۆنالیـستە عەلمانییـەكان بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر كۆمەڵگاكانیان لە قەڵەم دەدەن.

---

[1] . Houston, Christopher. 2001. *Islam, Kurds, and the Turkish Nation State*. Oxford: Berg.

بەرجەستەکردنی ناسنامەی کۆمەڵگایی کوردی و فەلەستینی لە ناسیۆنالیستی عەلمانیدا، بەئاشکرا پەردە بەسەر ئەو گفتوگۆ و مشتومڕە ناوخۆییە گرنگانەدا دەدات کە لە بارەی سروشتی ناسنامەی ئەم کۆمەڵگایانەوە هەن. هەروەها ڕەنگە سەرچاوەی سەرەکیی ناکۆکی و توندوتیژیی نێوان ئەم کۆمەڵگایانە بەلێڵی بەجێبهێڵرێت: توندوتیژی (پ ك ك) دژ بە دانیشتوانە کوردییە تورکییەکە و کوردە عێراقییەکان و هەروەها پێکهەڵپژانی بەردەوامی نێوان فەتح و حەماس.

لێرەدا لەسەر ئێمە پێویست نییە ئەم پرس و بابەتانە یەکلابکەینەوە: بەڵکو کاتێك ئەو گۆڕان و ڕوداوانە هەڵدەسەنگێنین کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بە هەڕەشە وێنا بکرێن و لە توانایاندایە ببنە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی توندوتیژ، ئەوا بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی ئاستێکی بەرزی شیکاریمان بۆ ئەو کارە پێدەبەخشێت. بەگەڕخستنی ئاسایشی کۆمەڵگایی دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن کۆچکردن،پەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆ و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەروەها زمانی پەروەردە و فێرکردن دەتوانن پشکدار بن لە ململانێ و ناکۆکی توندوتیژ لە نێوان کۆمەڵگاکاندا، یان لە نێوان دەوڵەتەکە و کۆمەڵگاکەیدا.

## سەرچاوەکان

●نووسەر (سکۆت واتسن) / کاندیدی دکتۆرا لە بەشی (زانستی سیاسیی) زانکۆی (کۆلۆمبیا) ی بەریتانی لە کەنەدا .

●وەرگێر (فەرهاد جلال) / خوێندکاری ماستەر لە کۆلێژی (زانستە سیاسییەکانی) زانکۆی (النهرین) لە بەغداد .

Anderson, Benedict. 1991. Imagined Communities. New York: Verso.

Bigo, Didier. 2001. "Migration and Security." in Controlling a New Migration World, edited by V. a. J. Guiradon, C. London: Routledge.

Bilgin, Pinar. 2003. "Individual and Societal Dimensions of Security." International Studies Review 5:203-222.

Booth, Ken. 1991. "Security and Emancipation." Review of International Studies 17:313-326.

Bozarslan, Hamit. 2003. "Some Remarks on Kurdish Historiographical Discourse in Turkey (1919-1980)." in Essays on the Origin of Kurdish Nationalism, edited by A. Vali. Costa Meza: Mazda Publishers.

Bull, Hedley. 1977. The Anarchical Society: A Study of Order in World Politics. New York: Columbia University Pres.

Buzan, B. 1998. "Societal Security, State Security and Internationalisation." in Security: A New Framework for Analysis, edited by B. Buzan, O. Waever, and J. de Wilde. Boulder: Lynn Reinner.

Buzan, B, O Waever, and J de Wilde. 1998. "Security: A New Framework for Analysis." Boulder: Lynne Reinner.

Buzan, Barry. 1991. People, States and Fear. Hemel Hempstead: Harvester Wheatsheaf.

Buzan, Barry and Ole Waever. 1997. "Slippery? Contradictory? Sociologically Untenable? the Copenhagen School Replies." Review of International Studies 23:241-250.

Doyle, Michael. 2001. "Kant, Liberal Legacies and Foreign Affairs." in Debating the Democratic Peace, edited by M. Brown, S. Lynn-Jones, and S. Miller. Cambridge: MIT Press.

Entessar, Nader. 1992. Kurdish Ethno-Nationalism. Boulder: Lynn Reinner.
Finnemore, Martha and Kathryn Sikkink. 1998. "International Norm Dynamics and Political Change." International Organization 52:887-917.

Gurr, Ted Robert. 2000. "Ethnic Conflict on the Wane." Foreign Affairs 79:52-64.

Gurr, Ted Robert and Monty Marshall. 2003. Peace and Conflict 2003: A Global Survey of Armed Conflicts, Self-Determination Movements and Democracy, Edited by C. f. I. D. a. C. Management. College Park: University of Maryland.

Herd, Graeme and Joan Lofgren. 2001. "Societal Security, the Baltic States and EU Integration." Cooperation and Conflict 36:273-296.

Hobsbawn, Eric and T. Ranger. 1983. The Invention of Tradition. New York: Cambridge University Press.

Houston, Christopher. 2001. Islam, Kurds, and the Turkish Nation State. Oxford: Berg.

Huntington, Samuel. 1997. The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order. New York: Touchstone.

Hyman, Anthony. 1988. "Elusive Kurdistan." Conflict Studies 214.

Jepperson, Ronald; Wendt, Alexander and Katzenstein, Peter. 1996. "Norms, Identity and Culture in National Security." in Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics, edited by P. Katzenstein. New York: Columbia University Press.

Kaufman, Stuart. 1996. "International Theory of Inter-Ethnic War." Review of International Studies 22:151.
—. 2001. Modern Hatreds: the Symbolic Politics of Ethnic War, Edited by R. Art, R. Jervis, and S. Walt. Ithaca: Cornell University Press.
Lapid, Yosef and Friedrich Kratochwil. 1996. "Revisiting the National: Toward an Identity Agenda in NeoRealism?" in The Return of Culture and Identity in IR Theory, edited by Y. Lapid and F. Kratochwil. Boulder: Lynn Reinner.
Lijphart, Arend. 1969. "Consociational Democracy." World Politics 21:207-225.
—. 1977. Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration. New Haven: Yale University Press.
Lustick, Ian. 1979. "Stability in Deeply Divided Societies: Consociationalism versus Control." World Politics 31:325-344.
Matthews, Jessica Tuchman. 1989. "Redefining Security." Foreign Affairs 68:171-177.
McDowell, David. 1996. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris.
McSweeney, Bill. 1996. "Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School." Review of International Studies 22:81-93.
—. 1998. "Durkheim and the Copenhagen School: A Response to Buzan and Waever." Review of International Studies 24:137-140.
Moynihan, Daniel. 1993. Ethnicity in International Politics. New York: Oxford University Press.
Nordlinger, Eric. 1977. Conflict Regulation in Divided Societies. New Haven: Yale University Press.
Owen, John. 2001. "How Liberalism Produces Democratic Peace." in Debating the Democratic Peace, edited by M. Brown, S. Lynn-Jones, and S. Miller. Cambridge: MIT Press.
Posen, Barry. 1993. "The Security Dilemma and Ethnic Conflict." Survival 35:28.
Price, Richard M. 1997. The Chemical Weapons Taboo. Ithaca: Cornell University Press.
Roe, Paul. 2002. "Misperception & Ethnic Conflict: Transylvania's Societal Security Dilemma." Review of International Studies 28:57-74.
Rudolph, Susan and L. Rudolph. 1993. "Modern Hate." The New Republic.
Theiler, Tobias. 2003. "Societal Security and Social Psychology." Review of International Studies 29:249-268.
Vali, Abbas. 2003. "Genealogies of the Kurds: Constructions of Nation and National Identity in Kurdish Historical Writing." in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, edited by A. Vali. Costa Mesa: Mazda Publishing.
van Bruinessen, Martin. 1992. Agha, Shaikh and State. London: Zed Books Ltd.
Waever, O.; Buzan, B; Kelstrup, M and Lemaitre, P. 1993. "Identity, Migration and the New Security Agenda in Europe." Copenhagen: Center for Peace and Conflict Research.
Waever, Ole. 1995. "Securitization and Desecuritization." in On Security, edited by R. Lipschutz. New York: Columbia University Press.
—. 1998. "Societal Security: The Concept." in Security: A New Framework for Analysis, edited by B. Buzan, O. Waever, and J. de Wilde. Boulder: Lynn Reinner.
Walt, Stephen. 1991. "The Renaissance of Security Studies." International Studies Quarterly 35:211-239.
Wendt, Alexander. 2000. Social Theory of International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.
Williams, Michael. 2003. "Words, Images, Enemies: Securitisation and International Politics." International Studies Quarterly 47:511-531.
http://www.cpsa-acsp.ca/papers-2005/watson.pdf

# کێشەی پەروەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان ڕەخنە و ئەلتەرناتیڤ

کاوە جەلال

## پێشەکی

لـە پرسـیاری پـەروەردەی فێرکاریـدا لـە کوردسـتان سـەرەتا دەکەوینـە بـەردەم کێـشەی "تێگەیـشتەیی"، چـونکە گەرچـی ئێمـە واژەکـانی پـەروەردە و فێرکـاری وەك دوو چـەمکی پەروەردەزانی (پێداگۆگیك) بەکاردەهێنین، بەڵام سەرباری ئەمـەش بـە وردبوونـەوەی هـزری لـە کێشەی پەروەردە بەو بڕیارە دەگەین، کە پەروەردە، وەك پێگەیانـدنێکی مرۆڤخوازانـەی تـاکی فێرخواز، لە کوردستان نییە، بەڵکو ئەو شێوازە سەروەرە خۆی دەنوێنێ، کە ئێمە لـەژێر نـاوی "خوێندنی ترادیسیۆنی" (کۆنباو) دا دیاریی دەکەین.

بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی فێربوون و فێرکاری هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بچینە نێو کێشەی خوێندنی ترادیسیۆنییەوە، لێرەشدا بە تاکە شێوازی وەرگرتنی زانـستەکان دەگـەین کە برێتییە لە "دەرخکردن". بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێو پرۆسەی وانـەدا هەمیـشە دوو تـەوەرەی مامۆستا و خوێندکارمان هەن، ئەوا هاوکات پێویست دەبێ لەنێو خەریکبوونە ڕەخنەییەکـەدا خودی "مامۆستا" بپشکنین، لێرەشدا چاکترین پنتی دەرچوون بۆ نێو ئەم کێشەیە برێتییـە لـە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن (بەکۆمەڵایەتیکردن)ی تاك لەنێو کۆمەڵدا. وەرگرتنی ئەم هەڵوێـستە بۆیە گونجاوە، چونکە سۆسیالیزاسیۆن، کە سەرەتا لەنێو خێزاندا بەگەڕ دەخرێ و پاشان، لـەپاڵ خێزاندا، لەنێو دامەزراوە فەرمییەکانی وەك خوێندنگە و زانکۆ بـەردەوامیی پێـدەدرێ، تـەنها منداڵ و گەنج ناگرێتەوە، بەڵکو، لە ڕووی سۆسیالپسکۆلۆژییەوە، کەسانی کامڵیش بەدرێژایی ژیانیان دەگرێتەوە. کەواتە مامۆستا خۆی بـەنێو ئـەم پرۆسـەیەدا ڕەت بـووە و هاوکـات خـۆی هێشتا لەنێویدا دەبینێتەوە. ئێمە لەم ڕێیەوە دەتوانین پەیوەندییـە بـەرەیی و ئالۆزێنراوەکـەی،

بــەڵێ تەنانــەت وشــكهەڵهێنراوەكەی نێــوان "مامۆســتا" و "خوێنــدكار" بــە چەشــنێك هەڵبووەشێنینەوە، كە لە ڕەوتیدا مامۆستا بخەینـەوە نێـو ئـەو دۆخـەی كـە ئـەو تێیـدا جـاریَ خوێندكار بووە و لەسەر هەمان دەستووری دەرخپێكردن "مت" كراوە.

بەڵام بەبێ دانوستانی "زمانی كوردی" ناتوانین بە پوختی لە وەڵامی كێشەكانی خوێنـدن لە كوردستان نزیك بكەوینەوە. ئێمە لێرەدا دەكەوینە بەردەم بەدحاڵەتێك: زمانی كوردی خـۆی بووە بە كێشەیەكی بەربەستی لە بەردەم فێربوون و ئـاوەڵابوونی هۆشـەكییانەی خوێندكارانـدا، ئەمەش لە لایەك بۆ دواكەوتوویی زمانی كوردی دەگەڕێتەوە، واتا بۆ ئەو هەقیقەتە كە زمانی كوردی دەرەقەتی زانستەكان نایەت، بەڵام لە لایـەكی دی بـۆ شـێوێنراویی زمانەكـە لـە لایـەن هزرڤانـانی قەدیمییــەوە، كــە لــە ڕەوتــی هزرینیانــدا بــە عــەرەبی و كاركردنیانــدا بــە كــوردی كەوتوونەتــە ســەر لێژگــەی زمانــەوانی لــە نێــوان زمــانی هۆشــەكییانەی عــەرەبی و زمــانی ناتوراليستيی كورديدا، لێرەشدا لەبەر ئەوەی بـەكوردی نـەهزریون، ئـەوا نـەیان توانیـوە واژە و چەمكە زانستییەكان هەڵبهێنجن، بەڵكو بە دۆشداماوی بۆ "شتێك" گەڕاون، تـاكو بـەكوردی بەرانبەر واژە عەرەبییەكە دابینێن.

بەڵام ئەم لێكۆڵینەوەیە، وەك چۆن ناونیشانەكەی ئامـاژەی پـێ كـردووە، تـەنها ڕەخنـەیی نییە، بەڵكو ئەلتەرناتیڤێك لە ڕوانگەیەكی دیالێكتیكییانەی فێركارییەوە دەهێنینە پێشەوە و لەژێر ناونیشانی "پەروەردەی فێركـاریی نـوێ"دا دیـاریی دەكـەین. لـە كاتێكـدا بـەخێوكردنی ترادیـسیۆنی واتـای متكردنـی كەسـێتیی منـداڵ [1] و هۆشـی خوێنـدكار دەگەیـەنێ، ئـەوا پەروەردەی نوێ هەوڵێكە بۆ پێگەیاندنی منداڵ (و گەنج) وەك مرۆڤ و فێرخواز، كە ئیتر بتوانێ خۆی بناسێ و هۆشی خۆی بۆ شكۆفەپێدانی نوێخوازی (فزوولییەت) ببزوێنێ. لەم ڕوانگەیـەوە پەروەردە، بە پێچەوانەی بەخێوكردن و دەرخپێكـردن، بریتییـە لـە ڕاهێنـانی لایەنـە مرۆیـی و هۆشەكییەكانی كەسی تاك. ڕاهێنانی مرۆیی لەوەدایە، كە هەوڵ دەدرێ فێرخـواز بـە توانـستە مرۆییــەكانی بناســێنرێ" ڕاهێنــانی هۆشــەكی لەوەدایــە، كــە دامــەزراوە فەرمییــەكانی وەك خوێندنگە و پەیمانگە و زانكۆ، بابەتەكانی وانە و شێوازی وانەبێـژی بـە ئامـانجی فێركارییـەوە ڕێكدەخەن.

لــەم نووســینەدا، بــەپێی پرســیارە تێماتیزەكراوەكــان، واژەكــانی مامۆســتا و فێركــار، خوێندكار و فێرخواز، خوێندنگە و فێرگە، بەكارهێنراون. ئەم بەكارهێنانە لە شێواویی هزر یان حــەزی گەمــەی زمانەوانییــەوە نــەهاتووە، بــەڵكو واژەكــان لــە جێــی بــە خــۆ تایبەتمەنــدی

نووسینەکەدا دەردەکەون و ئەمەش بە واتای ئەوان توخمی خەریکبوونە ڕەخنەییەکە پێکدەهێنن.

١- خوێندنی ترادیسیۆنی، یان: بەخێوکردن و دەرخپێکردن

بۆ ئەوەی لە کێشەی خوێندنی ترادیسیۆنی نزیک بکەوینەوە، ئەوا چاك دەکەین، گەر سەرەتا ڕوو بکەینە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن (بەکۆمەڵایەتیکردن)، واتا کێشەی خۆشەکردنی منداڵ بە مەبەستێکەوە، کە لە سەرەنجامدا ببێ بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵایەتی، ئینجا وەك ئەم کەسە چالاکە بتوانێ نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە ویستی ئازادی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە [٢]. لە بنەڕەتدا سەنتەری گۆڕانی کەسایەتیی منداڵ هەمیشە لەنێو ئەو پرۆسەیەی سۆسیالیزاسیۆندایە، کە سەرەتا لەنێو خێزاندا دێتە گۆڕێ، لێرەشدا بەندین بە جیهانبینیی دایك و باوك و شێوازی بەخێوکردنیان، کە پێکەوە کاریگەریی پسیکۆیی لەسەر منداڵ دەنوێنن. جیهانبینیی دایك و باوك کاریگەریی خۆی لە هەوڵەکانی سۆسیالیزاسیۆندا دەنوێنێ، ئەویش کاتێك ئەوان لە ڕوانگەی هزر و تێڕوانینی جیهانییانەوە هەوڵ دەدەن منداڵەکەیان بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵ بکەن" هەروەها لە جیهانبینیی تایبەتمەندی دایك و باوکەوە شێوازەکانی سۆسیالیزاسیۆن دەکەونەوە: خێزانێکی کراوە یان کۆنزەرڤاتیڤ، جا دەوڵەمەند بێ یان هەژار، شاریی بێ یان گوندی، لە هەبوونی خۆیەوە ڕۆڵێك دەنوێنێ و شێوازی خۆشەکردنی منداڵ ئاڕاستە دەکات، لێرەشەوە کاریگەر دەبێ لەسەر جۆری چێبوونی ئەو تاکە کە لە داهاتوودا وەك کردارنوێنێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ.

بەڵام سۆسیالیزاسیۆنی منداڵ، کە سەرەتا لەنێو خێزاندا دێتە گۆڕێ، لە تەمەنێکی تایبەتیی منداڵەوە لە لایەن دامەزراوی فەرمیی دەوڵەتیشەوە، واتا خوێندنگەکانەوە، لە ئەستۆ دەگیرێ. لە نێو ئەم پرۆسەیەی سۆسیالیزاسیۆندا نەك تەنها منداڵ، بەڵکو هاوکات کەسی سۆسیالیزەکار هەیە، واتا مامۆستا، کە ئەویش خۆی سەرەتا بەنێو پرۆسەیەکی سۆسیالیزاسیۆندا ڕەت بووە. بەڵام پرۆسەکە سەرباری جیاوازیی نەوەیی "نزیکەی" هاوشێوەیە، چونکە لە کۆمەڵی کۆنزەرڤاتیڤی کوردیدا دەرفەتی "گۆڕان"ی (التطور) کەسی نییە، بەڵکو لەم کۆمەڵەدا کەسێتیی سۆسیۆکولتووری هەتا ڕادەی شیان بەرهەم دەهێنرێتەوە[٣]. بۆیە بەردەوام ئەو کێشە کرۆکیانە لە بەردەماندان، کە لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ئارادا بوون: خۆشەکردن بۆ بەرهەمهێنانەوە، تێگەیشتن لە قۆناغبڕینی خوێندنگەیی وەك پێشکەوتنی خوێندکار و گەیشتن بە "بڕوانامەیەك"، کە دەشێ بڕوانامە بێ وەك "مۆڵەتی کارکردنی مامۆستایی".

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە تێکچڕینێکمان هەیە لە نێوان کەسێتیی ترادیسیۆنی لە لایەك، شێوازی وانەبێژی و ڕێکخستنی بابەتەکانی وانە لە لایەکی دی. لە سەرهەڵدانی کەسێتیی ترادیسیۆنیدا لە لایەك چەمکە ئەزەلییەکانی ئایین خۆنوێنن، واتا چەمکەکانی "گەورە" و "بچووکی"، "ئەجری دایك و باوك"، "کەس وەك کەرتێکی سەرجەم"، و هتد" بەڵام لە لایەکی دی وانەبێژی و دانانی بابەتەکانی وانە دەچڕژێنە نێو تەوەرەی کەسێتیی ترادیسیۆنییەوە، چونکە ئەوە کەسی خۆشەکراوە، کە وەك مامۆستا (یان پسپۆر) نەك تەنها وانە دەڵێتەوە، بەڵکو بابەتەکانی وانە هەڵدەبژێرێ و دەیان نووسێ، ئینجا دەوڵەت بەسەر خوێندکارانی خوێندنگەکانیدا دەبەشێتەوە. ئەم کەسێتییە، کە بەهۆی خۆشەکراوییە ترادیسیۆنییەکەیەوە ئاسۆیەکی (هۆریزۆنتێکی) سنووورداری هەیە، تەنها ئەوەی پێ دیاری دەکرێ و هەروەها دەخوازێ تەنها ئەوە بە نووسین دیاری بکات، کە لەنێو مەودای ئەو ئاسۆیەیدایە. گرنگترین کێشەی ئەم کەسێتییە بریتییە لە نەبوونی پێزانینێکی ڕەخنەیی سەبارەت بە ڕابووردووی کۆمەڵایەتی و شوێنەوارە سەردەمییەکەی، بۆیە دانانی بابەتەکانی وانە یان یەکلایەنی و کەلێندارە (بەتایبەتی لە وانە هۆشەکییەکانی وەك مێژوو و کۆمەڵناسی و هتد)، یان، پەیوەست بە هزرینی ئیسلامی-ڕۆژهەڵاتییەوە، بەزۆریی ڕێکخستنەوەی ئەو زانستانەیە، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە. پاشان ئەم بابەتانە، کە لە کتێبدا ڕێکخراون، بۆ کوردی وەردەگێڕدرێن. بێگومان ئەو کتێبە خوێندنگەییانەش، کە لە لایەن "مامۆستا یان پسپۆرانی شارەزای" کوردەوە دەنووسرێن، لەنێو هەمان شێوازی هزریندان، بە جیاوازییەکەوە، کە نووسراوە عەرەبییەکان دارشتنێکی زمانەوانییانەی پوختیان هەیە، بەڵام لە نووسراوە کوردییەکاندا بەدەگمەن پوختیی دارشتن دەردەکەوێ و نەك تەنها پڕن لە هەڵەی ڕێزمانی، بەڵکو پڕن لە هەڵەی تایپ، ئینجا لەم شێوەیەیاندا سووك و ئاسان دەدرێن بە خوێندکاران.

بەڵام ئەوە هەروەها کەسێتیی ترادیسیۆنییە، کە وەك "هەڵگر"ی وانەبێژی دەردەکەوێ. گرنگترین مۆرکی ئەم کەسێتییە لەوەدایە، کە ئەو بە شێوەیەکی مەبەستدار هەوڵی داوە بۆ ئەوەی پایەگایەك لەنێو بینای پرێستیژی کۆمەڵگەدا بباتەوە، بەڵام پایەگایەك، کە بەتایبەتی کۆمەڵایەتییانە دیاری کراوە. بێگومان نکۆڵی لەو هەقیقەتە ناکرێ، کە پایەگا سۆسیالەکان خاوەنی ئۆبژێکتیڤێتین" بەڵام کێشە کرۆکییەکەی مامۆستای ترادیسیۆنی لەوەدایە، کە ئەو "نزیکەی تەنها" لەم ڕووە ئۆبژێکتیڤییەوە پایەگاکە دەبینێ و هەوڵی "گرتنی" دەدات. نالەبارییی ئەم کێشەیە لەوەدایە، کە مامۆستا (جا گەر تەنانەت ئەو خواستی پایەگایەکی

بالاتری وەك ئەندازیاری یان پزیشكیی هەبوو بێ، بەلام بەهۆی ئاستی نمرەییەوە نەیتوانیبێ پێی بگات و لێرەشەوە بەناچاری پایەگای مامۆستایەتیی هەلبژاردبێ) هەمیشە وەك كەسێكی خۆژێرخەری بابەتەكانی "وانە" (لە زانكۆ یان پەیمانگای مامۆستایان) هەولی گەیشتن بە مەبەستەكەی دەدات، ئەم مەبەستەش لە بنەڕەتدا هەمیشە جووتەنییە: سەندنی پایەگای مامۆستایەتی و هەروەها ڕەزامەندیی كۆمەلایەتی. مامۆستا لێرەدا خۆی وەك "پیشەدار"ێك (خاوەنی میهنەیەك) دەبینێ، بەلام بە جیاوازییەكەوە لەتەك پیشەگەری دەستیدا، كە ئەو بە كاری سەر و دەست بەرهەم ناخاتەوە، بەلكو تەنها بابەتە نووسراوەكان بە خوێندكاران دەگەیەنێ و دەولەتیش بۆ ئەم كارەی مووچەی بڕیوەتەوە [٤].

بەرهەمهێنانەوەی ئەم شێوازە خوێندنگەییە هاوكات بەوەدا ڕوون دەبێتەوە، كە خوێندكار قۆناغبڕینی خوێندنگەیی وەك پێشكەوتن دەبینێ" ئەو تەنها یان بەزۆری خۆی بۆ ئێكزامنەكان هیلاك دەكات، بەلام نەك لەسەر بناغەی تێگەیشتن، بەلكو لەسەر بناغەی ئەو تاكە شێوازەی كە مامۆستا دەیناسێ و ئەوی پێناساندووە: دەرخكردن. مامۆستا ئەو كەسە دروست دەكات، كە گەرەكە لایەنی كەم لە كاتی خانەنشینبوونی خۆیدا جێی بگرێتەوە.

## ١-١ بەخێوكردن بۆ "خوێندن"

ئێمە لە كوردیدا واژەی بەخێوكردن چ بۆ مرۆڤی مندال و چ بۆ بالندە، بۆ نموونە مریشك، بەكاردەهێنین. بەخێوكردن بەزۆریی هەولدانی كاملەكانە بۆ تێركردن و پاراستن لە سەرما یان گەرما، هەروەها، پەیوەست بە مندالەوە، هەولی پاراستنە لە كارەساتەكانی ژیان. بەلام ئەو بەخێوكردنە لە هەردوو حالەتەكەدا بە مەبەستی بەرهەمخستنەوە ئەنجام دەدرێ: بەخێوكردن لە حالەتی مریشكدا بۆ مەبەستی هێلكەكەی یان گۆشتەكەیەتی، لە حالەتی مرۆڤی مندالدا، وەك خۆشەكردنێكی ترادیسیۆنی، بریتییە لە لاساییكردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەو نۆرم و بەهایانەی لە لای خێزان و كۆمەلگەی كۆنزەرڤاتیڤ سەروەرن. بەخێوكاران هەول دەدەن بەو ڕێیەوە نۆرم و بەهاكانیان، خوو و نەریتەكانیان، بپارێزن. بەلام لەبەر ئەوەی نۆرم و بەهاكان، خوو و نەریتەكان، دەرەكییانە پێناسە كراون و لێرەشەوە ئۆبژێكتیڤێتییەكی نزیكەی ڕەها یان لە هەندێك حالەتدا ڕەهایان وەرگرتووە، ئەوا كەسی تاك ناچار دەكرێ خۆی بخاتە ژێر ڕكێفیانەوە، تاكو ئەوەی لێ دەربچێ، كە بەخێوكەران دەیخوازن: كوڕێكی یان كچێكی پاشپاتكەرەوەی ئەو بەها و خو و نەریتانەی، كە كۆمەلی كۆنزەرڤاتیڤ لە پێناوی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی كۆمەلایەتیدا ڕایاندەگرێ [٥].

لەم جیهانبینییەوە نەك تەنها بابەتەکانی خوێندن دادەنرێن، بەڵکو هەروەها پێناسەی کارە زانستییەکان دەکرێن، ئەمەش بە چەشنێك، کە ئیتر هەروەك زانست برێتی بێ لە وشەی ڕیزکراوی نێو ڕستە، ئینجا ڕستەکانیش بوونێکی ڕەهای ئۆبـژێکتیڤییان هەبێ و ئەو زانستە نەشیاوی پرسیارلێکردن بێ، مرۆڤیش تەنها بتوانێ، بەهۆی ڕەهایەتییەکەی زانستەوە، ڕواڵەتییانە وەری بگرێ. لەم ڕوانگەیەوە بەخێوکردن لە بواری دامەزراوەییدا (خوێندنگە) بە چەشنێکە، کە کوڕان و کچان وەك خوێندکار دادەنرێن و بەزۆر خۆشە دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو شتانە بدەنەوە، کە مامۆستایانی بەخێوکەر وەك بابەتی نەشیاوی پرسیارلێکردن دەیان خزێننە مێشکیانەوە و بڕی خزێنراوییەکانیان لە ئێکزامندا دیاری دەکەن. کەواتە تێگەیشتی خوێندن بەرێکەوت نییە و ئاماژە بۆ شێوازێکی تایبەتمەندی هزرین دەدات. خوێندن، کە بۆ مەل یان مەلای قورئانخوێن و خوێندکار بەکار دەهێنرێ، دانەوەی کتومتی ئەو بابەتەیە کە وەك بنەمایەکی نەشیاوی پرسیارلێکردن دانراوە.

ئێمە لەم شێوازە باوەی بەخێوکردندا چەمکی "دەرخ" یان "حیفز"مان هەیە و بناغەکەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە [٦]. بەڵام دەبێ ئەم کێشەیە لە دوو ڕووەوە دیاری بکەین: یەکەمیان لە ڕووی ئایینییەوە، کە بابەتی ئەم نووسینەی ئێرە نییە، دووەم لە ڕووی مۆدێلی خوێندنەوە. شێوازی دەرخکردنی بابەتە نووسراوەکان تاکە مۆدێلی خوێندنە لە خوێندنگەکاندا. بەڵام بۆ ئەوەی لەم کێشە توخمییەی خوێندن نزیك بکەوینەوە، دەبێ بپرسین، کە چۆن و لەکوێوە بووە بە مۆدێلی خوێندن.

ئێمە لە سەرەوە لەتەك کێشەی سۆسیالیزاسیۆنی نەوەییدا، واتا هینی مامۆستا و خوێندکاردا، خەریك بووین. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە بەرەو پاش بۆ کاتەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە بگەڕێینەوە. ئێمە لێرەدا لە لایەك بڕینێکی قۆناغیمان لە شێوازی خوێندنی ئیسلامی بەگشتی و عوسمانی بەتایبەتی هەیە، بەڵام هاوکات درێژەپێدانی هەمان مۆدێلی خوێندنی خوێندنگەیی دەبینین. بۆ پتر نزیککەوتنەوە لەم کێشەیە دەبێ سەرەتا جەخت لەو هەقیقەتە بکەین، کە دەوڵەتی عێراق برێتی نەبوو لە دامەزراوی دانیشتوانەکەی ئەمڕۆی، بەڵکو زلهێزێکی مۆدێرنی دەرەکی دایمەزراند، کە نەك تەنها سیستەمە سیاسییەکەی، بەڵکو سیستەمی فێرکارییەکەی خۆیشی بە زانستە مۆدێرنەکانەوە، وەك سەروێنە بۆ دانا و ئینجا سەپاندی. کەواتە پێویست بوو خوێندنگەی نوێ بۆ منداڵانی هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتە نوێیە بکرێنەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی عوسمانیدا ژمارەی خوێندنگەکان زۆر کەم بوو، هەروەها لەم خوێندنگانەدا تەنها منداڵانی ئەفەندی و

فەرمانبەرانی حکومەت دەیانخوێند [٧]. گەر بەگشتی بڕوانین، ئەوا دەبینین کە مامۆستابوون تایبەتمەندیی ئەو کەسانە بوو، کە وەك شاگردی ئایینی لەسەر بنەمای دەرخکردن پێگەیشتبوون و پاشان پایەگای مامۆستای ئایینییان سەندبوو. کەواتە لە کوردستان "بەتایبەتی" تڕادیسیۆنێکی خوێندنگەیی ئایینی لە حوجرە و خانەقاکاندا سەروەر بوو، کە پاشان، لە ڕووی وەرگرتنی شێوازی بابەتەکانی فێربوونەوە، سووك و ئاسان لەنێو خوێندنگەی فەرمیی نوێدا درێژەی پێدرایەوە. لە هەردوو ڕووەوە، چ لە وەرگرتنی تێکستە ئایینییەکان و چ لە وانە خوێندنگەییەکاندا، "دەرخکردن"، "دەرخپێکردن" و "حیفزکردن" (یان بە زمانی گشتیی خەڵکان: "لەبەرکردن")، کە سێ وشەی جیاوازن بۆ یەك تاکە چەمك، بریتی بوون لە شێوازی "بڕینی" پلە دانراوەکانی خوێندن — "بڕین" نەك پێگەیشتن. ئەم شێوازە سەروەرە خوێندنگەییە هەتا ئەمڕۆ لە لایەن مامۆستایانەوە پارێزراوە و نەوە بەدووی نەوەدا بەرهەمی دەهێننەوە.

ئێمە لە پرۆسەی دەرخکردندا دوو تەوەرەمان هەیە: یەکەم نووسراوی سەر کاغەز، کە ڕەهایەتیی پێدەدرێ، دووەم خوێنەرەوەی چەندپاتکەرەوە. بەڵام کێشە کرۆکییەکەی ئەم ناپەیوەندییە، یان ئەم دوو تەوەرە، لەوەدایە، کە ئەوە خوێنەرەوەیە ڕەهایەتی بە نووسراوی سەر کاغەز دەدات (لە ڕووی خوێندنەوە گەرەکە پێی بدات!)، واتا خوێنەرەوە بکەرێکی هەمەلایەنی و ساغکەرەوە نییە، بەڵکو بەندەیەکە و خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی نووسراوەکەوە: چۆن پیاوی ئایین لە ناخەوە لە بەردەم قورئاندا دەچەمێتەوە و هێدی هێدی ئەو بابەتە، کە ئەو مەحاڵە بتوانێ بیخاتە ژێر پرسیارەوە، دەخزێنێتە نێو هۆشی خۆیەوە و دەرخی دەکات، بە هەمان شێوە خوێندکاری خوێندنگە مامەڵە لەتەك نووسراوە دانراوەکانی بەردەمیدا دەکات. خوێندکار لێرەدا کەسێکە، کە هەر نووسراوێك وەك وشەی تۆمارکراو، واتا لە ڕووی فیزیکییەوە بەدەر لە ڕووە سایکۆلۆژییەکەی[٨]، دادەنێ: دەیکات بە "شت"، ئینجا ئەرکی خۆی لە دەرخکردنیدا دەبینێتەوە، پرۆسەکەش بە چەشنێکە، کە ئەو ڕستە بەدووی ڕستەدا، ئینجا لە سەرەتاوە و لەتەك ڕستەیەکی پاش ئەواندا و هتد، ئەو شتە تۆمارکراوەی سەر کاغەز چەندپات دەکاتەوە و لەنێو هۆشی خۆیدا بەرجەستەی دەکات، لێرەشدا دەبێ هۆشی لە لای بێ، تاکو ئەو بابەتە لە پێزانینی دەرنەچێ و لەبیری بچێتەوە، بەڵام ئەمەی هەموو کات پێبەدینایەت، بۆیە، بەتایبەتی لە ساتەکانی پێش ئێکزامندا، نووسراوەکە بە پەشۆکاوی دەخوێنێتەوە، تاکو بەرپێیەوە هیچ نەبێ بتوانێ بڕێکی ڕستە بەرجەستێنراوەکانی نێو هۆشی

هەتا کاتی ئێکزامنەکەی لەنێو یادەوەریدا ڕابگرێ، کە ڕەنگە (!) بۆی ببێ بە بەردەبازی پەڕینەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتری خوێندن.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە فێرخوازمان نییە، واتا کەسێك، کە خوازیاری فێربوون بێ، بەڵکو خوێندکارمان هەیە، کە لەبەر ئەوەی نووسراوی نێو کتێبەکان وەك وشەی تۆمارکراو دادەنێ و ئەرکی خۆی لە دەرخکردنیاندا، واتا لە وەرگرتنی دوایەکییانەیاندا، دەبینێ، ئەوا ڕەخنەییانە ناکەوێتە پرسیار دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتە نووسراوەکان، یان دەربارەی ڕووە سایکۆلۆژییەکەی وشەی نووسراو. خوێندکار ناتوانێ هزرینێکی بەم چەشنە ئەنجام بدات، چونکە لە سەرەتاوە فێرنەکراوە. خوێندکار ئەوەی لەبیر براوەتەوە، کە وشەی تۆمارکراو لە پیت پێکدێ و پیت هێمای "فۆن" و "دەنگ"ـە، واتا هێنی ئەو فۆن و دەنگانەی کە ئەو خۆی وەك منداڵ دەری بڕیون و سەرەتا بۆ ئەو واتایان هەبووە. هەر بۆیە ئەو نە ڕێزی بۆ دەربڕینی خۆی هەیە و نە دەتوانێ لە دەربڕینی کەسانی دیکە ورد ببێتەوە" ئەو، تەنها وەك کوڕێك یان کچێك، سووك و ئاسان دەدوێ: بە هەولێری، سلێمانی، دهۆکی، هەڵەبجەیی یان پشدەری و هتد. ئەو گەر تەنانەت لە ئایندەدا، لە پلەیەکی بەرزی خوێندندا، هەڵوێستێکی توێژەریانە وەربگرێ، ئەوا لەسەر دەستووری هەمان ترادیسیۆن، کە دەستووری ڕەهایەتیدانە بە بابەتە نووسراوەکان، دەکەوێتە "نووسینی بەحسەکەی" [٩]" بەڵام ئەم کارە هەمیشە کورتهێن دەبێ، چونکە ڕەهایەتی بە بابەتەکانی دەدات، بەبێ ئەوەی ئەو بابەتانە هەرگیز شایانی ئەو ڕەهایەتییە بن، بەڵکو هەمیشە پەیوەندیدارن و بناغەی ئاڵۆز و هەمەلایەنی و هەتا ڕادەیەك نادیاریان هەیە، کە خوێندکار دەبێ بییان دۆزێتەوە و ئینجا لێیان بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەو هەرگیز ناتوانێ خۆی وەك کەسێتییەکی لێتوێژەرەوە هێمن بکاتەوە، ببێ بە بکەرێکی هەمەلایەنی، هەر وشەیەك لە ڕووی جیاوازەوە بگرێ، ئینجا ڕستە بەدووی ڕستەدا بکەوێتە دانوستاندنی ناوەڕۆکی ڕستەکانی، یان بڕگەئاسا بابەتەکان وەربگرێ و کرۆکەکانیان بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بپشکنێ، لێرەشەوە پرسیار هەڵبهێنجێ و پرسیارەکان ئاڕاستەی بابەتە نووسراوەکە و خودی خۆی بکاتەوە، پاشان بییان کات بە بابەتی دانوستاندن لەتەك "مامۆستا"دا. بەڵام گەر لەم لایەنەدا حاڵەتی شاز هەبێ و فێرخواز لەبریی خوێندکار کاریگەر بێ یان بکەرێکی زانستی لە زانکۆ دەربکەوێ، ئەوا ئەو هێشتا هەر ناوێرێ ڕێگەی فێربوونی خۆیی ئاوەڵا بکات، چونکە دەترسێ کە مامۆستا بیشکێنێ یان کینی لێ هەڵبگرێ و "دەری نەچێنێ". جەنابی مامۆستا خۆی لەسەر شێوازی دەرخپێکردن بەخێوکراوە و ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك لە ڕێگەی ترادیسیۆنیی خوێندنگەیی لا بدات.

لەنێو هەمان شێوازی خوێندنەوە مامۆستایانی نوێ "دێنە ئاراوە". ئەوان تەنها دەتوانن ئەو بابەتانە بە خوێندکاران بگەیەنن، کە لە "پەیمانگەی مامۆستایان" یان لە "کۆلێژی پەروەردەی زانکۆکان"دا وەك بابەت وەریان گرتوون، بەبێ ئەوەی هەرگیز بتوانن کەرەسەی وانە وەك کێشە ئاوەڵا بکەن. هۆیەکی ئەمە لەوەدایە، کە مامۆستایان خۆشەویستییان بۆ "پەیڤ" و هۆشی ئاوەڵاکراوی نێو تێکست نییە، بەڵکو مامۆستایەتی وەك پیشەیەکی مووچەمسۆگەر دەبینن، کە بەرپێیەوە پایەگایەکی کۆمەڵایەتییان بردۆتەوە" بۆیە ئەوان تەنها بەو بابەتانە کار دەکەن، کە وەك بابەتی وانە تەرخان کراون — ئەمە لە بنەڕەتدا پێناسەی چەمکی مامۆستایە. ئەو وەك پیشەگەرێك، کە مووچەیەکی مسۆگەری هەیە، کارێك ئەنجام دەدات، کە کۆمەڵایەتییانە دیاری کراوە و ئەویش خۆی وەك کەسێکی سۆسیۆکولتووری پێی قایلە، هەر بۆیە ئاسۆی زانینی سنووردارە و ناتوانێ لە خۆی وەك فێرکار تێبگات، ئینجا ببینێ کە وەك ئەم فێرکارە کەوتۆتە بەردەم زەروورەی فێرخوازیی خودی خۆی. ئەو بابەتەکانی وانە لەنێو ڕەهایەتییەکەیاندا، وەك شت، بە خوێندکاران دەگەیەنێ و هاوکات داوای بۆگەڕاندنەوەی ئەو بابەتە ڕەهایانەیان لێ دەکات.

## ١-٢ خۆشەکردنی ترادیسیۆنی و زمان

ئەرکی مامۆستا لە خۆشەکردنی ترادیسیۆنیدا تەنها گەیاندنی زانستە وەرگیراوەکانە و لەم ڕەوتەشدا خوێندکاران ناچار دەکات ئەو بابەتانە بخوێنن. ئێمە لێرەدا نەك تەنها کەسێتییە سۆسیۆکولتوورییەکەی مامۆستا و درێژەپێدانی شێوازی دەرخپێکردن دەبینین، بەڵکو هەروەها، لە ڕووی ئێستێتیکییەوە، "بێسەلیقەیی" مامۆستا بەرانبەر خۆدەربڕین و بابەتە بە وشە داڕێژراوەکانی سەر کاغەز. مامۆستا تەنها وەك کەسێکی ئاسایی نێو پەیوەندییە سەرجەمییە کۆمەڵایەتییەکان کردار دەنوێنێ، بەڵام لێرەشدا هەرگیز مۆرك و دیالێکتە ناوچەییەکەی لەدەست نادات. ئێمە لێرەدا لەنێو توخمیترین کێشەی خوێندنی خوێندنگەییداین، لێرەشدا ئیتر بەتەواوی ئەو هەقیقەتەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە کاری مامۆستایەتی، بەڵێ، لە سەرووی ئەمەشەوە، نووسینەوەی زانستە جیاوازەکان لەسەر کاغەز، جا ئەمە وەرگێڕانی پلانە خوێندنگەییە عەرەبییەکان بێ یان دانانی کتێبەکان بە کوردی، تەنها ئەنجامدانی ڕاسپاردەیەك یان "پیشەیەك"ـە. لێرەدا بەڕوونی ئەو بەدحاڵەتە دەردەکەوێ، کە نە پسپۆڕانی کتێب دانەر یان کتێب ئامادەکەر و نە مامۆستایان کەمترین چێژیان بۆ "پەیڤ" و هێماکانی پەیڤ، بۆ وشە و ڕستەی تۆمارکراو هەیە. بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا "هۆیەکی" سەرەکییە، کە بۆچی کێشە

توخمییەکانی زمانی کوردی هەتا ئەمڕۆ چارەسەر نەکراون. گەر بەلای ماموّستایانی زمانەوە، بەگشتی سەرجەم ماموّستایانی بەشە زانستییە جیاوازەکانەوە، ئەم کێشە توخمییە هیچ واتایەکی نەبێ، ئەویش چونکە نەکەوتوونەتە نێو نەسازییەکەوە لە نێوان داواکارییە هۆشەکی-زمانەوانییەکانی خۆیان لە لایەك و "کوردیی تۆمارکراو" لە لایەکی دیکەوە، ئەوا پێزانینێکیان بۆ کێشەکە و سەرەنجامەکانی نییە.

ئەم بەدحاڵەتە زمانییە لە خوێندندا بە شێوەیەك کەوتۆتەوە، کە "زمانی کوردی" خۆی بووە بە کێشە بەربەستییەکەی خوێندن و ئاوەڵابوونی هۆشی زانستیانەی خوێندکاران. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە لە دوو حاڵەت بڕوانین: یەکەم "کوردی" زمانێکی دواکەوتووە (١٠)، دووەم "کوردی" زمانێکی شێواوە، یان ڕاستتر بڵێین زمانێکی شێوێنراوە.

یەکەم دواکەوتوویی زمانی کوردی لەوەدایە، کە ئەم زمانە "بەدەگمەن" دەسوێژی هزرینی هزرڤانان (ی قەدیمی و قەدیمی ئەمڕۆ) بووە، بەڵکو ئەوان بە عەرەبی، کە زمانێکی دەوڵەمەند و بەگشتی بابەتپێکەرە، هزریون، ئینجا لە "هەستی نەتەوەییەوە" هەندێك کاری هۆشەکییانەیان بە کوردی ئەنجام داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هزرینەکەیان کوردی نەبووە، کە لە ڕەوتیدا واژە و چەمکەکان هەڵبهێنجرێن و لێرەشەوە بەرجەستە بکرێن، ئەوا لە ڕەوتی دارشتندا بە کوردی کەوتوونەتە سەر لێژگەیەکی زمانەوانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، لێرەشدا بەدەگمەن بۆیان لواوە چەمکێکی بەعەرەبی چەسپێنراو لە هەمان مەغزای قووڵدا بەکوردی بدەنەوە.

بێگومان ڕاستە، کە ئەم لێژگەیە تەنها هزری نییە، واتا تەنها کێشەیەکی سەبژێکتیڤیی هزرڤانی قەدیمی نەبووە، بەڵکو هاوکات ئۆبژێکتیڤییە: لەنێو خودی زمانەکانەوە دراوە. زمانی عەرەبی وەك زمانێکی "هۆشەکی" و زمانی کوردی وەك زمانێکی "ناتورالیستی" زۆر کەم شیاوی بەرەنگارکردنەوەی یەکترین، هاوکات ئەو هزرەی دەتوانێ لە "فهم"ەوە "مفهوم" بباتەوە، زۆر جیاوازە لەو چاوە زەقە دۆشداماوە، کە لە "فهم"ەوە ئاڕاستەی دەرەوە کراوە و ئینجا لە چمکی کراسی ژنانەوە "چەمك" وەردەگرێ!! بەڵگەیەکی دیکەی کاریگەرنەبوونی ئەقڵ لە هەڵهێنجانی واژە زانستییەکاندا برێتییە لە واژەی "بیرکاری"، کە بۆ ماتماتیك دانراوە. گەر ئەقڵ لەم حاڵەتەدا کاری بکردایە، ئەوا یەکسەر دەیزانی کە هەموو کارێکی هزری، جا فیزیکی بێ یان پزیشکی، ماتماتیکی بێ یان فەلسەفی و هتد، بیرکارییە، لێرەشەوە ئەو دەرەنجامە دەکەوتەوە، کە بیرکاری ماتماتیك نییە.

بەڵگە بۆ کێشە ئەقڵییەکانی قەدیمییەکان فرەن. ئەوان نەیان دەزانی "نوقتە" چییە" گەر ئەوەیان بزانیایە، ئەوسا هەرگیز پێیان نەدەکرا واتاکەی لە "خاڵ"ی سەر ڕوخساردا ببیننەوە"

ئەقڵی ئەوان هەر ئەوەندە بڕی دەکرد، کە "مناخ" (کلیما) بۆ "ئاو و هەوا"، "اخبار" بۆ "دەنگ و باس"، "شهرە" بۆ "ناو-بانگ"، و هتد وەربگێڕن. بەڵام ئەمە هەمان ئەو ئەقڵییەتەیە، کە بەلایەوە ئاساییە ببێژی: دەم-و-چاو، زگ-پڕ، گۆڕە-پان، ماست-ئاو، ئاو-دەست-خانە، کشت-و-کاڵ (لەبریی کشتیاری)، گەشت-و-گوزار (لەبریی گەشتیاری)" پاشان ئەم ئەقڵییەتە لە سەرەتای "هەشتاکان" بەدوواوە پتر دازنا، کە ئیتر مرۆڤ وای لێهات وشەی "نێرەکەر" بۆ پیاوی ئازا بەکاربهێنێ، هەروەها چیدی جگەرە نەکێشێ و ئاو نەخواتەوە، بنێشت نەجوێ و حەب قووت نەدات، بەڵکو "هەمویان" بە هەمان شێوەی نان بخوات!

هۆیەکی دیکە بۆ دواکەوتوویی زمانی کوردی لەوەدایە، کە ئەم زمانە زۆر کەم بۆ زمانەکانی "گریکیی کۆن" و "لاتینیی" [11]، کە هەناوی سەرجەم زمانە زانستییە ئەوروپییەکانن و تەنانەت ڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانی عەرەبی هەیە، کراوەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەر خەریکبوونێکی زانستی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم زانستی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، ئەوا لێرەدا بەزەرووره دانەوەی بڕێکی فرەی ئەو واژانە سەرهەڵدەدەن، کە بۆ کوردی نەشیاوی وەرگێڕانن" ئەمەش بۆیە ئەوهایە، چونکە ئەو واژانە لە ڕوویەکەوە واژەی تایبەتمەندی زانایەکن و خوێندکاریش گەرەکە بە هزری یان زانستی ئەو زانایە ئاشنا بکرێ، بەڵام ئەم کێشەیە لە ڕوویەکی دیکەوە بۆ دواکەوتوویی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، واتا بۆ ئەو نالەبارییە، کە ئەم زمانە توانستی گوزارشتکردنی لە زۆر حاڵەت و بابەت نییە.

بەم شێوەیە لە بەدکارییەکانی هزرڤانانی قەدیمییەوە دەگەین بە شێوێنراویی زمانی کوردی. ئێمە لێرەدا لە لایەك دەکەوینە بەردەم کەمیی واژەی بابەتگر و نەبوونی واژەی زانستیی چەسپێنراو، کە "بۆ هەمووان چوواندنیان هەبێ"، بەڵام لە لایەکی دی دەکەوینە بەردەم نەبوونی ڕێنووس و (خاڵبەندیی (!)) چەسپێنراو، کە ئەمیش لە بێتوانایی زانستیانەی قەدیمییەکانەوە سەری هەڵداوە — چونکە ئەوان بەردەوام لە ڕێزماندا کاریان دەکرد و لە خۆویستییانەوە نەیان دەتوانی لەسەر یەك دەستووری زمان ڕێك بکەون. سەرەنجامی ئەم شێوێنراوییەی زمانی کوردی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ نەشیاوە دوو کتێبی دوو نووسەری جیا، تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا دوو کتێبی یەك تاکە نووسەریش، ببینین، کە بە هەمان چەمکی زانستی، بە هەمان ڕێنوس و ڕەچاوکردنی هەمان (خاڵبەندی!) نووسرا بن [12].

بەڵام ئەم بەدحاڵەتانە ڕاستەخۆ کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر هۆشی خوێندکاران هەیە، چونکە بۆ ئەوان زمانێکی زانستی نییە، کە یاریدەیان بدات هۆشی خۆیان لە ڕەوتی کارکردنی زانستیدا ڕێکبخەن، بە واتایەکی دی کۆتایی بە شێواوییە هۆشەکییەکانی خۆیان بهێنن. ئەم کێشەیە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە، گەر بڕوانین، کە تەنانەت خوێندکارانی زانکۆکان (بێگومان

مامۆستایانیشیان) نازانن دوو ڕستەی ڕاست بە کوردی بنووسن، هاوکات هیچ دەربارەی کۆما و سیمیکۆلۆن، نوقتە و نیشانەی سەرسووڕمان و پرسیار نازانن. بەڵام ئەمە هاوکات ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە ئەوان ناتوانن بە پوختی لە هیچ زانستێکدا قووڵ ببنەوە، چونکە قووڵبوونەوەی زانستی بەبێ زمان ناشێ. زمانێکی پوخت لە لایەك بابەت و حاڵەتەکان هەتا ڕادەی شیان لەنێو چۆنبوونی خۆیاندا دیاری دەکات و لێرەشەوە بۆ تێگەیشتن ئاسانیان دەکات، بەڵام لە لایەکی دی ئەم زمانە پوختە دەبێ بە فاکتەری ئاوەڵاکەری هۆشی هزرڤان (خوێندکار)، ئەویش بەوە، کە ئەو دەتوانێ لە بابەت و حاڵەتە لێتێگەیشتووەکانەوە دەرەنجامی لۆجیکی دەربکێشێ و لێرەشەوە پەیوەندیی هۆشەکییانەی نوێ بهێنێتە ئاراوە[١٣].

بەڵام ئەم بەدحاڵەتە، کە خوێندکاران بەگشتی بەسەر زمانەکەی خۆیاندا سەروەر نین، تەنها لە ڕوویەکەوە بۆ خودی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە" ڕووەکەی دیکەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی خوێندنی خوێندنگەیی، واتا بۆ شێوازی دانانی بابەتەکانی "خوێندنی کوردی" و ئینجا شێوازی وانەبێژیی مامۆستا[١٤] شێوازی خوێندنی کوردی بەو چەشنەیە، کە، وەك لە سەرەوە لە حاڵەتی دەرخکردندا نیشان درا، خوێندکار تەنها فێر دەکرێ دەستوورەکانی ڕێزمان، یان یەکێك لە ڕێنووسەکان، ئینجا بڕێك لە ئەدەبی کوردی زۆر بە یەکلایەنی، وەربگرێ و ئەو بابەتە وەرگیراوانە لە ئێکزامنەکاندا بداتەوە. بەڵام لێرەدا مامۆستا فاکتەری سەرەکیی کێشەکەیە: ئەو، کە پەروەردەیەکی ترادیسیۆنیی هەیە، تەنها ئەرکە مامۆستایەتییەکەی ئەنجام دەدات، ئەویش کاتێك ڕێزمان و ڕێنووسێك، کەمێك ئەدەبی کوردی و هتد، بە خوێندکاران دەگەیەنێ، ئەمەش بێگومان وەك کەسێکی ناوچەیەکی دیاریکراو نەك وەك مامۆستایەکی کوردی بە زمانێکی ستاندارتەوە، کە بە حەوسەڵەوە لەتەك خوێندکاراندا ڕاهێنانی هزری و زمانەوانی ڕووەو فێربوونی ئاخافتنی دروستی کوردی ئەنجام بدات. مامۆستا، وەك کەسێکی ناوچەکەی خۆی، کە پایەگایەکی لە بواری ڕۆشنبیریدا (لە ڕووی دامەزراوەییەوە نەك هزرییەوە) گرتووە، بەبێ هیچ هەڵوێستێکی خۆبگۆڕ و خۆنوێکەرەوەی بکەریانە، درێژە بە شێوازی خوێندنی خوێندنگەیی دەدات، دەستوورەکانی زمان لەنێو ئۆبژێکتیڤێتییانەوە بە خوێندکاران دەگەیەنێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی لایەنە هزری-سەبژێکتیڤییەکەی زمان ناکات، چونکە ئەو خۆی پێداویستیی سەبژێکتیڤیی لە بواری هۆشدا نییە. بۆیە ڕاهێنانی هزری لەتەك خوێندکاراندا بە هیچ شێوەیەك وەك پرسیار لە بەردەمیدا زیت نابێتەوە.

## ٢- پەروەردەی فێرکاریی نوێ

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی فێرکاری دیاری بکەین، دەبێ جیاوازییەکەی لەتەك شێوازی دەرخکردندا دیاربهێنین. لە شێوازی دەرخکردندا، وەك لەسەرەوە بینیمان، ئۆبژێکتیڤێتییەکی ڕەها بە نووسراوی سەر کاغەز دەدرێ" لێرەدا خوێندکاری دەرخکەر خۆی بەناچاری دەخاتە ژێر ڕکێفی نووسراوەکەوە، ئینجا هەوڵ دەدات ئەو نووسراوە ڕستە بە ڕستە لەنێو هۆشی خۆیدا تۆمار بکات. بەڵام فێربوون بە پێچەوانەوە هەمیشە ڕاهێنانێکی هۆشەکییە و کەسی خوازیاری فێربوون هەڵوێستێکی چالاك بەرانبەر نووسراوی سەر کاغەز وەردەگرێ، لێرەشدا، لەبەر ئەوەی فێربوون لە ڕەوتی ناسینەوەی ناوەرۆکەوە شکۆفە دەکات، ئەوا کەسی فێرخواز ئەو نووسراوە چ لە ڕووی فیزیکی (وەك وشەی تۆمارکراوی سەر کاغەز) و چ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە (وەك ڕاگەیەنەری ڕووداو یان حاڵەت) دەناسێتەوە. لێرەدا نووسراو لەنێو وشکهەڵهێنراوییە فیزیکییەکەیەوە دەخرێتە بزووتن، بە واتایەکی دی، هۆشی پێزانی پێرسەپتکەر ئەو ناوەرۆکە ناسراوە دەبزوێنێ و لەتەك خۆیدا دەیخاتە پەیوەندییەوە.

مەرجێکی بنەڕەتی لە پەروەردەی فێرکاریدا ئەوەیە، کە سەرەتا منداڵ وەك خودی منداڵ بناسرێتەوە. ناسینەوەیەکی بەم چەشنە ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە پەروەردکار هەوڵ نادات جیهانی منداڵ لە پێزانینی کامڵی خۆیەوە دیاری بکات و بڕیاری بەسەردا بدات، بەڵکو ڕەچاوی جیهانە تایبەتمەندەکەی منداڵ دەکات و لەنێو هەبوونە تایبەتمەندەکەیدا دەیناسێتەوە، لێرەشدا پەروەردکار پێزانینێکی ڕوونی سەبارەت بەوە هەیە، کە جیهانی منداڵ هەتا ئەمڕۆ مەتەڵێکە و ڕەنگە هەرگیز هەڵنەهێنرێ. هۆی ئەمە بۆ ئەو هەقیقەتە دەگەڕێتەوە، کە لە هەموو هەوڵێکی بەو چەشنەدا هەمیشە بڕێك پێزانینی کامڵانە، کە لە ڕەوتنی تەمەندا گۆڕراوە و مرۆڤ تێیدا لە فونکسیۆنەکانی کات و شوێن بەئاگایە، دەخزێنرێتە نێو هەوڵی هەڵهێنانی ئەو جیهانەی منداڵییەوە. لە بنەڕەتدا پەروەردکار ئەوپەڕی دەتوانێ لەو جیهانەی منداڵ نزیك بکەوێتەوە، ئەویش کاتێك، گەر ئەو دەستبەرداری پێزانینی کامڵی خۆی ببێ، واتا لە هەڵوێستێکی پاسیڤەوە ڕێگەیەك ڕووەو ئەو جیهانە تایبەتمەندەی ئەو بکێشێ کە ئەو لەنێو خۆیەوە دروستی دەکات [١٥]: گەر ئەو لە ژوورەوە کورسییەك هەڵبگێڕێتەوە و بیکات بە ئۆتۆمبێل، ئینجا بیهاژوێ، ئەوا ئەو بەڕاستی بەنێو جادە و کۆڵانەکاندا ئۆتۆمبێل دەهاژوێ! ئەو دروستکەری جیهانەکەی خۆیەتی و لەنێویدا دەژی [١٦]. لە ناسینەوەیەکی بەم چەشنەدا چیدی ئەو هەوڵە ترادیسیۆنییە نەماوە، کە دەیەوێ بەزۆر منداڵ ئاقڵ بکات - کاتێك ئەو جارێ لە تەمەنی ئەقڵ زۆر دوورە [١٧].

لە بنەڕەتدا لەم تەمەنەدا یەکەم بەردی بناغەی فێرکاری دادەنرێ، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا نەك تەنها دەتوانێ ئەندێشەکانی بڕژێنێ و بە وشە دەریان ببڕێ، بەڵکو تەنانەت دەتوانێ خۆی بە فەلسەفاندن دەرببڕێ (١٨): ڕامانی ئەو لە دیاردە هۆشەکی و کولتوورییەکان، هەستێکی زیندووە، کە ئەو بە وشە سادە و پڕمەغزاکانی دەریان دەبڕێ. لێرەوە ئەو فێرخوازە وەك بکەر ئاوەڵا دەبێ، کە سەروەری خودی خۆیەتی و هەر لێرەشەوە هەر کارێکی خوازراوی خۆی ئەنجام دەدات.

پرسیارێکی کرۆکی، کە لە پەروەردەی فێرکاریدا سەرهەڵدەدات، بریتییە لە پرسیاری "بکەرێتیی فێرکار". ئێمە لەم حاڵەتەدا چیدی ئەو مامۆستایەمان نییە، کە لەنێو پۆلدا خوێندکارانی هەبێ و بەزۆر زانینی کۆکراوەیان بەسەردا بسەپێنێ، بەڵکو کەسێتییەکمان هەیە، کە شێوازی فێرکارییەکەی بە چەشنێك گۆڕان پێدەدات، کە فێرخوازان بۆ هزرین دەربارەی بابەتەکە ببزوێنێ و هەر ئەم بزوێنراوییەش وا بکات، کە پرۆسەی وانە بەرەو پێش بچێ. ئێمە لێرەدا ئیتر فێرکارمان وەك بکەرێکی نێو بکەران هەیە، کە بابەتی وانەکەی لەتەك فێرخوازاندا ئاوەڵا دەکات، ئەویش چونکە بابەتەکەی بە چەشنێك پەیوەست بە ئاستی گۆڕانی هۆشەکیی فێرخوازانەوە وردکراوەتەوە، کە فێرخوازانیش دەتوانن بە شێوەیەکی بکەری وەری بگرن و پاشان لە لای خۆیان هەوڵی تێگەیشتنی بدەن. فێرخوازان لەم پەیوەندییەدا زانینەکانی نێو هۆشیان ڕێکدەخەن، واتا خۆیان چالاك دەبن و بۆ وانەکەیان کەرەسەی دیکە وەردەگرن، لێرەشەوە تێڕوانین بۆ نێو ئەو پەیوەندییە کرۆکییانە دەهێننە گۆڕێ، کە لەنێو زانینەکاندا هەن: پشکنینی ڕەخنەیی خودی بابەتەکان و لێرەشەوە تێگەیشتن لێیان، نەك وەرگرتنی کوێرانە و دانەوەیان.

بەڵام ئەم تێڕوانینە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێ، کە فێرکار "زانستی تەواوکراوی" نییە و هەرگیز ناتوانی هەی بێ، بەڵکو ئەو کێشەکانی لە لایەك لە پەیوەندییە جووتلایەنییەکەی نێوان تێکست و پێزانینی خۆیەوە گۆڕان پێدەدات و بۆ تێگەیشتن شیتەڵیان دەکاتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکە ئەم گۆڕانەی ئێستا لەتەك فێرخوازانیدا دەخاتە پەیوەندییەوە و لێرەشەوە سەرلەنوێ پاڵهێز بۆ قووڵبوونەوەی خۆیی وەردەگرێتەوە. کەواتە فێرکار خۆی لەنێو پرۆسەیەکی بەردەوامی فێربووندا دەبینێتەوە. ئێستا فێرکار چیدی "مامۆستا" نییە، فێرخواز چیدی خوێندکار نییە، بەڵکو هەردوو لا یەکتری لەنێو پەیوەندییەکی نێوبکەریدا (ئینتەرسەبژێکتیڤ) تەواو دەکەن: فێرکار (کە چیدی مامۆستا نییە) فێرخواز پێش دەخات، فێرخواز (کە چیدی مامۆستایەکی بەسەر سەرەوە زیت نەبۆتەوە) بە بەشداریکردن و پرسیارە فزوولییەکانی فێرکار

پێش دەخات. ئیتر لێرەوە ئەوەش کۆتـایی هـاتووە، کـە فێرکـار سـەروەرێکی شـاناز بـێ و بـە روالّەتەکان پێناسەی خۆی بکات، بەڵکو کارەکەی بۆی دەبێ بە ڕێگەیـەکی نـەبڕاوە هـەتا ئـەو کاتەی ئەو خۆی لەنێو پرۆسەی فێرکاریدا ببینێتەوە.

## ٢-١ فێرکاری و مێتۆد

ئەمڕۆ زۆر لووتبەرزانە لە زانکۆکاندا باس لـە "مەنهـەج" دەکـرێ و لێـرەدا مەبەسـت لـە مێتۆدە. بەڵام نەشیاوە کەسێك بزانێ مێتۆد چییە، گەر خۆی لـە مرۆڤـی کۆمەڵایەتییـەوە بـە شێوەیەکی مێتۆدی نەکردبێ بە بکەرێکی (سەبژێکتێکی) زانستی. کەواتە کارکردنی مێتـۆدی برێتـی نییـە لـە ڕێکخسـتنی ئاقلاّنـەی بابەتـەکان، بـەڵکو سـەرەتا هزرینێکـی سـەبژێکتیڤیی ڕێکخراوە و هەر ئەم شێوازەی هزرینە کە لەتەك بابەتەکاندا، کاتێك دایان دەنێ و دەیـان کـات بە دانراو (ئۆبژێکت)، دەکەوێتە خەریکگەری. ئەمە ئەو مامۆستا زیرەکـە ناگرێتـەوە، کـە لـە ئەزموونی چەند ساڵانەی مامۆستایەتییەوە نزیکەی سەرجەم کایە زانستییەکەی خۆی، کـە بـە شـێوەیەکی سـنووردار و یەکلایـەنی و تـەواوکراو وەرگرتـووە، ئینجـا وەك ئـەم مامۆسـتا ئەزموونداره بەرجەستاندوویەتی، هـەموو سـاڵێك سـەرلەنوێ دەخاتـەوە بـەردەم خوێنـدکاران" ئەمە هەروەها ئەو خوێندکارە زیرەکە ناگرێتـەوە، کـە هـەموو سـاڵێك بـە یەکـەم دەردەچـێ و هەرگیز پرسیار دەربارەی پرۆسـەی هزرینـی خـۆی ناکـات، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە "شـتەکان" سووك و ئاسان وەردەگرێ.

ئێمـە پەیوەسـت بـەم کێـشەیەوە دەبـێ جیاوازییـەك بکـەین لـە نێـوان ئاڕاسـتەوەرگرتنی بکەرییانەی زانستی لـە لایـەك، هـەروەها دیـاریکردنی دەرەکییانـەی پایـەگای زانسـتەکان لـە لایەکی دییەوە. لە هزرینی مێتۆدیدا شێوازی هزرینی خۆیی، کە لە ترادیـسیۆنەوە گەیـەنراوە، دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، لەم هەڵوەشانگەرییەشدا ئەو پێزانینە زانستییە ڕێکدەخرێ، کە خودی خۆی بە کارکردنە سەبژێکتیڤییەکانی ریالیزە دەکات [١٩]. بەمەدا ڕوون دەبێتـەوە، کـە مێتـۆد لە ڕوویەکی زۆر لاوەکییەوە تەکنیکە بۆ فێربوونی کارکردنی زانستی، هـەروەها جیـاوازە لـەو خـشتە پوختانـە، کـە مامۆسـتا دەرخیـان دەکـات و بـەدووی ئەمـەدا دەیـان خاتـە بـەردەم خوێندکاران.

مێتۆد ڕێگە هزرینێکە، برێتییە لە هەڵوەشانگەری شیمانەکانی زانینی خـۆیی و هـەر لـە هەمان ڕەوتدا، ڕێکخـستنی ڕێگـە هزرینێکـی نـوێ. بـەدووی ئەمەدایـە کـە بکـەران دەتـوانن کارەکانیان مێتۆدییانە ئەنجام بدەن. ئێستا لەم جۆرە هزرینە مێتۆدییەدا ئەوە کۆتایی هـاتووە،

که کوڕەی ئاقڵ لە سەرەوە، لە لوتکەی زانینەکەیەوە، بەرەو خوار بڕوانێ [٢٠]. ئێمە لێرەدا کێشەیەکی شێوازی هزرینی کوردیمان بۆ روون دەبێتەوە: زانستەکان پلە بە پلە هەڵچنراون و بۆ خۆیان هەن، ئینجا ئاقڵترین کەسانیش ئەوانەن کە پلە بەرزترینەکان تەواو دەکەن! ئەمە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی کرۆکیی کۆمەڵگای ترادیسیۆنییە، کە "موهیمبوون" و "لوتکەکان"ی لە دەرەوە پێناسە کردووە. لە کۆمەڵی داخراوی کوردیدا بوونێکی رەها بە زانستەکان دەدرێ و لە دەرەوە دیاری دەکرێن.

بەڵام دەبێ هاوکات پرسیارێك بهێنینە نێو باسەکەمانەوە و بەبێ وەڵام بەجێی بهێڵین: ئایا هۆی تێنەگەیشتن لە مێتۆد بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە کەسانی کۆمەڵێك و کولتووری ئیسلامی خۆشەکراوێکی ئەوتۆی خودی ئەو کۆمەڵ و کولتوورە ئیسلامییەن، کە ئیتر ناتوانن گوڕان بە تێگەیشتی "مرۆڤ" بدەن؟ چونکە ئەوە ئاشکرایە، کە بکەری زانستی لە ناسینەوەی مرۆڤێتیی خۆ و دۆخە هۆشەکییە ناخییەکانەوە، ئینجا لە هەڵوەشانگەریی رەخنەییەوە لەگەڵیاندا، دەتوانێ ببێ بەو بکەرە زانستییە، کە مێتۆدییانە کار دەکات.

## ٢-٢ خەریکبوونی هۆشەکی لەتەك بابەتەکانی وانەدا

خوێندنی باوی ترادیسیۆنی "شتاندن"ی بابەتەکانی وانە ئەنجام دەدات، بەڵام فێربوون بە پێچەوانەوە پرۆسەییە و هۆشی فێرخواز بەنێویدا پەیوەست بە بابەتە فێرکارییەکانەوە رەت دەبێ. ئێمە پێویستە لەم پرۆسەیەدا پلەی جیاوازی فێربوون دیاری بکەین، تاکو بتوانین لە کۆتاییدا لە رووی هۆشەکییەوە بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بین، کە لە رەوتی فێربووندا کردوومانن بە بابەتی خەریکبوون. بۆ ئەوەی چاکتر بچینە نێو ئەم کێشەیەوە، حاڵەتی فێربوونی هەر تاکە بابەتی وانەیەك بەگشتی وەردەگرین [٢١].

لە حاڵەتی هەر وانەیەکدا هەمیشە و سەرەتا فێرخواز بە "بابەتی نوێ" دەگات. بۆیە لەم بەیەکگەیشتنەوە پەیوەندییەکی لێژگەیی بە سەرەنجامێکی جووتەنییەوە یان بە دوو سەرەنجامەوە دێتە ئاراوە: فێرخواز دەشێ رابمێنێ یان بسەڵمێتەوە، یان دەشێ هەردووکیان لەنێو هۆشیدا بێنە گۆڕێ.

گەر بتوانین لەم حاڵەتەشدا لێڕامان وەك یەکەم هەنگاو بۆ نێو هاتنەئارای زانین وەربگرین، ئەوا دەبینین کە بایەخ پێدان و نوێخوازی (فزوولیەت) لە لای فێرخوازی ڕاماو دێنە گۆڕێ. لێرەوە پەیوەندییە نێوبکەرییەکەی نێوان فێرکار و فێرخواز دەبێ بە پاڵهێزی پێشخستنی وانە، چونکە وانە وەك پرۆسە مێژوویەکی هەیە، ئەوەیش فێرکار و فێرخوازن کە پێکەوە لە

پەیوەندییــە نێویەکییەکەیانــەوە ڕێکخستی کاتییانــەی بابەتەکــە، پەیوەسـت بــە زانسـتی ئــەم مێژووەی وانەوە، ئەنجام دەدەن. تەنها ئەم چالاکییە نێوبکەرییە ئەتمۆسـفێرێکی زانسـتی لـەنێو پۆلدا دەهێنێتە ئاراوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە "سڵەمینەوە"، کە ڕووداوێکە لـە ڕەوتـی فێربـوونی نێـو دامـەزراوەدا سەرهەڵدەدات، چارەسەری پێویستە. ئەم چارەسەرە دەشێ پێکەوە لەتەك فێرکاردا بدۆزرێتەوە. فێرکار ناتوانێ ئەو فێرخوازانە وەلاوە بنێ، کە بەهۆی سڵەمینەوەیان لە بابەتێکی ئاڵۆز و نوێ تووشـی ڕەشـبینیی سـەبارەت بـە فێربـوون هـاتوون. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی سـڵەمینەوەکە لـە خوێندکاردا هاتۆتە گۆڕێ، ئەوا دەبێ ئەو خۆی سەرەتا هەوڵی چارەسەرکردنی بدات یـان خـۆی بۆ چارەسەرە پێشنیارکراوەکان و خەریکبوونی ڕەخنەیی لەتەکیاندا ئاوەڵا بکات.

گرنگترین چارەسەر لە لایەنی خوێندکارەوە ئەوەیە، کە ئەو "سەبارەت بـەو بابەتـە نوێیـە لێبهزرێ"، بەبێ ئەوەی هیچ تۆمارێـك، تەنانـەت هـیچ تێبینییـەکی نووسـراوی نێـو پـۆلیش، بەکاربهێنێ. دەشـێ ڕسـتەیەکی گرنگـی دەربـڕراویش بـۆ لێهزرینـی سـەبژێکتیڤی پرواتـا بـێ، چونکە ئەو تاکە ڕستە لێهزراوە دەبێ بە ئیدێیەك، کە بەدووی خۆیدا، بە یادهێنانەوە، ڕسـتەی دیکە بێـدار دەکاتـەوە و لەتـەك یەکتریـدا دەیـان خاتـە پەیوەندییـەوە. بـەدووی ئەمـەدا، وەك هەنگاوێکی نوێ، فێرخـواز دەتـوانێ کەرەسـە [٢٢] بـەکاربهێنی: بابەتـەکان بخوێنێتـەوە، تـاکو حاڵەتە دیاریکراوەکانی نێو هۆشی خۆی پتەو بکات. ئەوەی فێرخواز لـە پۆلـدا دەینووسـێتەوە یان لە لایەن فێرکارەوە پێی دەدرێ یان بە فەرمی وەك پرۆگرامی وانە دیاری کراوە، "شـتێکی تەواوکراو نییە"، بەڵکو تەنها کەرەسەیەکە" تەنانەت دەتوانین لە حاڵەتی کتێبە فێرگەییەکاندا بڵێین، کە ئەو کتێبانە پێشناری بناغەیین بـۆ ئـەوەی فێرخـواز بـەکاریانبهێنێ، بـەکارهێنانیش برێتییە لە خەریکبوونێکی هۆشەکییانەی پێزان لەتەك ئەو کەرەسەیەدا. فێرخـواز بـەم ڕێیـەوە پێزانینی (ئاگامەندیی) خۆی ڕێکدەخات و ئەمەش بەسەر بابەتەکەیدا سەروەری دەکات.

فێرخواز بەدووی ئەمەدا دەچێتە قۆناغی ساغکردنەوەی بابەتـەوە. سـاغکردنەوەی بابـەت سەرەتا برێتییە لە دەرهێنانی تێگەیشتەکانی ئەو بابەتـە بـە نووسـین، پاشـان گرتنـی پوختـەی کرۆکەکەی. فێرخواز بەبێ تێگەیـشتن لـە تێگەیـشتەکانی بابـەتێکی بـە نووسـین داڕێـژراو لـەو بابەتـە تێناگـات. لێـرەوە هۆشـی بزوێنـراوی فێرخـواز خـودی ئـەو ناچـار دەکـات، سەرچـاوە بەکاربهێنێ، سەرچاوەش دەشێ لە لایەن مامۆستاوە پێشنیار کرابێ، بەڵام ئەوە پـێش هـەموو شتێك ئەرکی فێرخواز خۆیەتی بەدووی سەرچاوەدا بگەڕێ، فێرکاریش گەرەکە هەر شـێوەیەکی بەکارهێنانی سەرچاوەی بە بابەت گونجاوی لێوەربگرێ. گەر فێرخواز بزانێ چ سەرچـاوەیەك بـۆ کێشەکەی ئەو گونجاوە، ئەوا ئەو لـە پلەیـەکی چوسـتی هۆشـەکیدایە" ئـەو خـاوەنی پێزانینـی

بزێوه، واتا چیدی له ئاستی هزرینی سەرەتاییدا نییه، بەڵکو دەزانێ چ شتێك ئەو لەم ئاستەوه بەرەو پێش دەبات. بەم پێیە ساغکردنەوەی بابەت بە یاریدەی سەرچاوه هێنراوەکـان بـەردەوام دەبێ. فێرخواز بەدووی ئەمەدا هەنگاو بۆ داڕشتنەوەی ئازادانەی ئەو کێشانە دەنێ، کە لـەنێو هۆشیدا گەڵاڵەبوون. فێرخواز بەم داڕشتنەوەیە، یان بەم نووسینەوەیەی ئیدێکانی، چۆتە دۆخـی بابەتاندنی، واتا نووسینەوەی کێشەکان یان پرسیارەکان لەسەر کاغەز. بێگومان پێدەچـێ، کـە جارێ شێوازی داڕشتن، پوختیی ڕستەکان و ڕێکخراوییان، هێندە گرنگ نەبێ، بەڵام ئەم لایەنـە لە کۆتاییدا هەر پێویستە، چونکە فێرخواز لە سەرەنجامدا هەر دەبێ بکەوێتە نووسینی بابەتی زانستی، ئەمەش بەبێ داڕشتنی پوخت و لۆجیکی ناشێ. بەڵام فێرخواز تـەنها کاتێـك ئەمـەی پێ بەدی دەهێنرێ، گەر ئەو بەسەر زمانی زگماگی خۆیدا سەروەر بێ و هەمیشە ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی بەرانبەر وەرگرتبێ – ئەمەش بەتایبەتی لە حاڵەتی زمانێکی شێواودا، کـە زۆر جـار کێشە ئۆبژێکتیڤییەکانی لە توانستی سەبژێکتیڤیی ئەو دەردەچن.

## پەراوێز:

١) نابێ ئەمە لەتەك پرسیاری ئەجوولی و بەدڕەفتاریدا تێكەڵ بكرێ.

٢) پەیوەست بە سۆسیالیزاسیۆنەوە دەبێ هاوكات سۆسیالیزاسیۆنی كەسی كامڵیش دیاری بكەین، چونكە ئەویش بە درێژایی ژیانی لەتەك شوێنەوارە كۆمەڵایەتییەكەیدا لە خەریكبووندایە: "ڕەفتاری، هزرینی، پلاندانان و كرداری، هەمیشە ئاڕاستەی ئەوانی دی كراونەتەوە، جا گەر تەنانەت ئەوان لەنێو ڕوودانگە دەرەكییەكەی ئەودا نەبن".

(Brocher, T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft, Oeffingen 1976, S. 7)

٣) ئێمە لە كۆمەڵگا ئیسلامییەكاندا ئەزموونی كۆیی (كۆلێكتیڤ) دەبینین، ئەمەش سەرباری سەرهەڵدانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و تەنینەوەی ڕێكخستنی نوێی ژیان. لەنێو ئەم كۆمەڵگایانەدا لە مرۆڤ وەك تاك (ئیندیڤید) ناڕوانرێ، بەڵكو تەنها وەك پیاو و ژن، كوڕ و كچ، باوك و دایك، نەنك و باپیر، پوور و خاڵ و مام و هتد، هەروەها وەك دۆست یان دوژمن و هتد. خۆئاوەڵابوونی تاك بە چەشنێكە، كە ئەو نۆرم و بەها كۆمەڵایەتییەكان لەتەك پەرەسەندنی تەمەنیدا وەردەگرێ و ئینجا پراكتیزەیان دەكات. بێگومان ئەمە واتایەكی ئەوتۆ ناگەیەنێ، كە ئەو شێوەیەكی ئازادیی نەبێ، بەڵام ئەم ئازادییە تاكی (ئیندیڤیدوێل) نییە، بەڵكو ئازادیی كردارە، كە لە لایەن كۆمەڵگەوە دەرفەتی پێدراوە. پێدەچێ بتوانین ئەم كێشەیە بەو ڕێیەوە ڕوون بكەینەوە، كە مرۆڤ لە شێوازی هزرینی ئیسلامیدا لەنێو سەرجەمێتیی كۆمەڵدا پێناسە دەكرێ. سەرەنجامی ئەمەیش ئەوەیە، كە "من" بە دەگمەن شكۆفە دەكات و بەزۆریی لەنێو چێوەی نێوچالاكیی كۆمەڵایەتیدا دەردەكەوێ، لێرەشدا لە پشتی كردارەكەوە دەمێنێتەوە. بۆیە دەكرێ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە ولاتانی ئیسلامیدا وەك "دۆخگۆڕی" (التغیر) نەك وەك گۆڕان (التگور) دیاری بكرێ. چونكە مەرجی گۆڕان برێتییە لە ئازادیی تاكی. هەتا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ وەك تاك دەست نانێتە نێو نۆرم و بەها سەرەوەرەكانەوە، بەڵكو تەنها بەپێی بەڕێوەبردنی ژیانی دۆخگۆڕیو، لەنێو كاتی دۆخگۆڕیودا، ڕۆڵێك بۆ دۆخگۆڕیی كۆمەڵگا دەگێڕێ، ئەوا ئەو نۆرم و بەها پێشەبووانە تەنها دۆخگۆڕییان بەسەردا دەهێنرێ، بەبێ ئەوەی لێرەدا ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی برینداربكرێ. بە پێچەوانەوە هەڵگەڕانەوە كۆمەڵایەتییە قووڵەكان هەمیشە سەرەنجامی دەستتێوەردانی تاك بوون لە كۆمەڵگای ترادیسیۆنی، چونكە مرۆڤ لێرەدا خۆی پێزانانە لە ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی پچڕاندووە و پاشان لەتەك ئەو ڕێكخراوەدا كەوتۆتە ناكۆكییەوە. نموونەكانی ئەم تێڕوانینە برێتین لە شۆڕشەكانی فەرەنسی و ڕوسی، یاخیبوونی فێرخوازە زانكۆییەكانی ( ١٩٦٨)ی ئەوروپا.

٤) بێگومان مامۆستای جیاواز لەم مۆركە دیاریكراوەی مامۆستای ترادیسیۆنی هەن، بەڵام ئەمە بەگشتی پیشەی مامۆستایەتییە. مامۆستا لێرەدا ڕۆشنبیریی گشتیی نییە، بەڵكو تەنها ئەوە دەزانێ، كە لە زانكۆ یان لە "پەیمانگای مامۆستایان" وەری گرتووە. لە بنەڕەتدا مامۆستا ڕۆشنبیرەكان، كە دەگمەنن، بەردەوام لە لایەن مامۆستایانی ناڕۆشنبیری زۆرینەوە لە هەر شێوەیەكدا بێ (موحارەبە) دەكرێن.

٥) بێگومان نەشیاو نییە، خوێنەرێك لێرەدا بپرسێ، کە ئەم هەموو بەرەلاّییەی ئەمڕۆ چۆن پێناسە دەکرێ. ئەم پرسیارە ڕەوایە، ئەمڕۆ بـە تایبـەتی لـەنێو شـارەکاندا لـەنێو برێکـی فـرەی گەنجانـدا زۆر شـێوەی ڕواڵەتخوازی و ملدانەبەر و هتد تەنیونەتەوە. بەڵام گەر بەدەر لە دیاردەکانی شەکخوازی و ڕواڵەتخوازی بڕوانین، ئەوا "هـەمان ئەقڵییـەت"ی بـاب و بـاپیران لـە لای ئـەو گەنجانـەش دەبینینـەوە. بێگومـان دەشـێ لـە ڕووی ڕواڵەتەوە جیاوازییان هەبێ، بۆ نموونە باوکان و باپیران هەتا زۆرترین ڕادە سادە و سـاویلکە بـوون، بـەڵام گـەر کوڕانیان (هەروەها هەتا ڕادەیەك کچانیان) لەنێو ژیانی تا ڕادەیەك ئاڵۆزێنراوی شارەکاندا کەمێك بزێویـشیان هەبێ، ئەوا ئەوان هێشتا هەر "حەزخوازی سادەن". ئێمە لێرەدا جیاوازییـەکی چـۆنێتییانە (کڤالیتـاتیڤ) لـە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیـەکی دیکـە نـابینین. ئـەم هەقیقەتـە بەتایبـەتی لـەکاتی دروسـتکردنی خێزانـدا بـەڕوونی دەردەکـەوێ: کـوڕە و کـچە لەسـەر هـەمان دەسـتووری ترادیـسیۆن (بـاب و باپیرانیـان، دایـك و نـەنکانیان) پەیوەندیی هاوسەریی دادەمەزرێنن و نزیکەی لەسەر هەمان دەسـتوور درێـژە بـە تێـڕوانین و شـێوازی ژیانیـان دەدەن.

٦) ڕاستە کە ئایینی ئیسلام ڕێگە بە تەفسیری قورئان دەدات، بەڵام دانانی پەیوەندییەك لـە نێـوان تێکست و هۆشی ڕەخنەییدا وەك "کوفر" تۆمەتبار دەکـات. هـۆی ئەمـە لەوەدایـە، کـە قورئـان دەبـێ، وەك نێرراوی خوا، لێرەبوونێکی / ئەکزیستێنسێکی ئەبسولوت (ڕەها)ی لە مرۆڤی بەندەی ئەزەلییەت هەبێ.

٧) بڕوانـە: عـەلی وەردی، لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر سروشـتی کۆمـەڵگای ئێـراق، وەرگێڕانـی لـە عەرەبییەوە: بەرزان ئەحمەد، ٢٠٠٥.

٨) ئەم واژانە لە "فێنۆمێنۆلۆژیی" هوسەرلدا بەکار دەهێنرێن. مەبەستی هوسەرل خودی کێشەی واژەیە (زاراوە)، کە ناسینەوەی لە ڕووە فیزیکی و سایکۆلۆژییەکەیەوە بۆ هزرڤانی سەر ڕێگەی فێنۆمێنۆلۆژی نەشیاوی دەستبەرداریییە. بێگومان ڕوانگەکەی ئێمە فێنۆمێنۆلۆژییانـە نییـە، بـەڵام سـەرباری ئەمـەیش ئـەم جۆرە دیاریکردنەی واژە پڕواتایە. ڕستەی "ئازاد بۆ بازاڕ دەڕوات" لـە لایـەك لـە ڕووی فیزیکییـەوە لـە چـوار وشەی تۆمارکراو پێکدێ، بەڵام چ وشەکان ناوەڕۆکێکیـان هەیـە و چ ڕسـتەکە حاڵـەتێکی بزێـوی (ڕۆیـشتنی) کەسـێك نیـشان دەدات، کـە ئێمـە پێرسـەپتمان کـردووە و بـە کەسـێکی دیکـەی ڕادەگەیـەنین. بـۆ کێـشەی فێنۆمێنۆلۆژییانەی واژە لە ڕووی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە بڕوانە:

Edmund Husserl, Logische Untersuchungen, Band II, 1, Hrsg. v. Ursula Panzer. Den Haag 1984, S. 37

٩) زۆرینەی هەرە گەورەی خوێندکاران لە چوارەمساڵی خوێندنی زانکۆییدا نازانن لێکۆڵینەوەکەیان لە بارەی چ بابەتێك بنووسن! ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان نزیکەی هیچ فێر نەبوون.

١٠) وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی سۆزدارانە نادرێتـەوە. لـە بنەڕەتـدا هەسـتی نەتـەوەیی لـەم کێشەیەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئـەوە ئەقڵـە، کـە سـەرەتا بـۆ خـاتری خۆدەربڕینـەکانی لەگەڵیـدا دەکەوێتـە نەسازییەوە و هەر لەم نەسازییەشەوە وەڵامەکان دەدۆزێتەوە.

١١) هەندێك جار ڕوو دەدات، کە ئەو نووسەرانەی لە وڵاتێکی ئەورووپیدا ژیاون، واژەی گریکیی کۆن یان لاتینی بەکار دەهێنن، بـەڵام بـە ئینگلیزەکـراوی، ئـەڵمانیزەکراوی یـان سـویدیزەکراوی و هتـد. ئەمـەیش بەدحاڵەتێکە، کە بۆ کاریگەریی هەر یەکەی ئەو زمانانە لەسەر کەسی بەکارهێنەر دەگەڕێتەوە، کە لە وڵاتـی

ئەو زمانەدا دەژی. بۆ نموونە واژەی لاتینیی ترادیسیۆن بە ئەڵمانی بریتییە لە ترادیتسیۆن، بە ئینگلیزی ترادەیشن، بە سویدی ترادیشون و هتد.

١٢) کێشەیەکی دیکەی کرۆکی، پەیوەست بە ڕێنووسەوە، بریتییە لە کێشەی تەکنیکی تایپکردن، واتا نەبوونی تایپیستی پێگەیەنراو. ئەم کێشەیە ڕواڵەتی نییە، چونکە خوێندنەوەی بێکێشەی نووسراو ئالۆز دەکات.

١٣) بێگومان زمانی پوخت هاوکات فاکتەرێکی سەرەکییە لە بەمەدەنیکردنی ڕەفتاری کەسدا، چونکە دەربڕینە پوختەکانی ڕاستەخۆ لەنێو پەیوەندییە نێوکەسییەکاندا کاریگەری دەنوێنن.

١٤) هەمان ئەم کێشەیە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش دەگرێتەوە. لە حاڵەتی زمانی ئینگلیزیدا چەند ساڵێکە کتێبی فێرکاریی نوێ ڕەچاو دەکرێن، بەڵام ئەمیش پەیوەست بە شێوازی کارکردنی مامۆستاوە نشوستی دەهێنێ" کێشەکە لە حاڵەتی زمانی عەرەبیدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردییە. بەڵام دەبێ لێرەدا پرسیارێك بکرێ: داخۆ ئەو شێوازەی گەیاندنی زمانی عەرەبی نەبێ، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر مامۆستا عەرەبیستەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ؟ ئەم پرسیارە دەشێ لەو ڕووەوە گونجاو بێ، کە کەسانی سۆسیۆکولتووریی وەك مامۆستا مامەڵەیەکی قەدیمی (نامۆدێرن) لەتەك زماندا دەکەن: ئەوان تەنها دەستوورەکانی ڕێزمان بە خوێندکاران دەرخ دەکەن، بەڵام بە کەمترین شێوە ڕەچاوی پەیڤینی ئەوان ناکەن. هۆی ئەمە لەوەدایە، کە ئەوان خۆیان ڕەچاوی پەیڤینی خۆیان ناکەن، تەنانەت شەرم دەکەن بە کوردییەکی ستادارد، کە هەمیشە سەبژێکتیڤییانە لەنێو کەلاوەخانەی زمانی کوردییەوە شیاوی گۆڕانپێدانە و بەبێ شیمانەی گومانیش بۆ هەمووان شیاوی لێتێگەیشتنە، بدوێن. بەڵام ئەو پرسیارەی سەرەوە لە ڕوویەکی دیکەوە نەگونجاوە، چونکە عەرەبەکان، تەنانەت بەدەوییەکانیان، لە ترادیسیۆنی خۆیانەوە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە زمان: بە شێوازی ئاخافتن و هەڵبژاردنی وشە بۆ ئاخافتن، دەدەن.

١٥) بڕوانە:

Hans Mogel: Psychologie des Kinderspiels. Heidelberg 1991, S. IX-X.

(هانز مۆگل) لە بارەی یاری وەك هەڵقوڵاوێکی تایبەتمەند لەنێو ناخی منداڵەوە دەدوێ، بەڵام ئەمیش ڕووداوێکە لەنێو جیهانە تایبەتمەندەکەی منداڵدا.

١٦) بڕوانە:

William Stern: Psychologie der frühen Kindheit. Leipzig 1914.

١٧) بڕوانە: کاوە جەلال: ژان-ژاك ڕوسۆ. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی.ن.ك.)، ٢٠٠٥، ل ١٢٥.

١٨) بڕوانە:

G. B. Matthews: Denkproben. Philosophische Ideen jünger Kinder. Berlin 1991.
(هەمان نووسەر): Philosophische Gespräche mit Kindern, Berlin 1989.

١٩) لەم پەیوەندییەدا ئاساییە گەر کەسێك نەیەوێ ببێ بە فێرخوازی بەشی کوردی لە زانکۆ، بەڵام نەشیاوە وەك بەشێکی نزم لێی بڕوانێ، چونکە ئەو لە هەر بەشێکی زانستی دیراسە بکات، هێشتا هەر ناتوانێ دەستبەرداری زمانی کوردی ببێ" لەم ڕوانگەیەوە ئەوە فێرخوازە کە بەشە زانستییەکەی خۆی دیاری دەکات، نەك پایەگا زانستییەکان لە دەرەوە هەڵچنرابن و کەسی کۆمەڵایەتیش ناچار بکرێ یان خۆی بخوازێ

بۆ خاتری سەندنی پرێستیژی کۆمەڵایەتی یەکێك لە "باڵاترین" (!) پایەگاکان بگرێ، بۆ نموونە بیبەوێ ببێ بە پزیشك یان ئەندازیار.

٢٠) بێگومان ئەوەش کۆتایی هاتووە، کە کەسێك باوەڕ بکات، دکتۆراکەی زانکۆی سلێمانی لە ئەوەی زانکۆی کۆیە، ئەوەی زانکۆی بەغدا لەوەی زانکۆی سلێمانی، ئەوەی زانکۆیەکی بوخارست لەوەی زانکۆی بەغدا و ئەوەی زانکۆی گوێتینگن لەوەی زانکۆکەی بوخارست باشترە! ڕاستە کە ئاستی زانستی لە ڕووی ئۆبژێکتیڤییەوە ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر لایەنی سەبژێکتیڤی پێوەرە: ئەوە هەر فێرخوازە کە لە ڕەوتی خەریکبوونە زانستییەکانیدا بەرهەمەکەی دەخاتەوە! ئایا کامیان لە ڕووی زانستییەوە گونجاوە، ئەو فێرخوازە، کە مێتۆدییانە لە زانکۆی سلێمانی توێژینەوەیەك ئەنجام دەدات یان ئەو فێرخوازە کە لە بەرلین وەك کوڕە ترادیسیۆنییەکەی سلێمانی لەژێر چاودێریی پرۆفیسۆرێکدا بە ئاقڵانە دکتۆراکەی (بێگومان خۆی بە تەنیا نەك بە یارمەتیی دەرەکی) تەواو دەکات، بەبێ ئەوەی توانیبێتی بە ئەڵمانی بهزرێ؟

٢١) ئەم شێوازەی خەریکبوونی هۆشەکی لەتەك بابەتەکانی وانەدا لە ڕەوتی کاری وانەبێژیی نووسەردا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە گۆڕانی پێدرا. بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بە ئەوە بدەین، کە وەرگرتنی خوێندکاران، وەك چۆن هەر بە واژەی خوێندکاردا دەردەکەوێ، لەسەر دەستووری قەدیمانەی دەرخکردن بوو. ئەوان، یان نزیکەی هەموویان، نەیان دەتوانی بکەونە خەریکبوونێکی سەبژێکتیڤی لەتەك بابەتەکەدا، جا گەرچی ئەم خەریکبوونە بەشێکی کرۆکیی وانەکە بوو. ئەم بەدحاڵەتە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەم خوێندکارانی زانکۆیی لە ڕەوتی دوازدە ساڵی متکردنی کەسێتییاندا خزێنراونەتە نێو دۆخێکەوە، کە ئەوان لە نێویدا بە شێوازە ترادیسیۆنییەکەی دەرخکردن "ڕاهاتوون"، واتا "دەسەڵاتی ڕاهاتن" بەسەریاندا سەروەرە" هۆکەی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان، بەگشتی، نەیان دەوێرا خۆیان بۆ کێشەکە ئاوەڵا بکەن، چونکە نزیکەی سەرجەم مامۆستایانی دیکە داوای دەرخکردنی بابەتەکانی وانەکانیان لێدەکردن. بۆیە ئەوانەش، کە مەبەستی فێربوونی دیداکتیکی نوێیان هەبوو (ئاخر ئەوان لە کۆلێژی پەروەردە بۆ کاری مامۆستایەتی پێدەگەیەنران!)، بە ڕاشکاوی دەیان درکاند، کە ئەم شێوازە فێرکارییە لە دۆخی خوێندکاریی ئەمڕۆی ئەواندا گونجاو نییە، چونکە مامۆستاکانیان دەریان ناچێنن و لێرەشەوە ئاییندەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢٢) دەبێ لە نێوان "کەرەسە" و "مەلزەمە"دا جیاوازی بکەین. ڕاستە کە دەشێ بابەتە ئامادەکراوەکانی مامۆستایەك، لە شێوەی "مەلزەمەدا"، لە لایەن فێرخوازەوە وەك کەرەسە ببینرێن، بەڵام ئەوە شێواز و داواکاریی مامۆستای وانەبێژە، کە بەهای ئەو بابەتە چاپکراوە دیاری دەکات. گەر ئەو لە هەموو حاڵەتێکدا داوای دەرخکردن لە خوێندکار بکات، ئەوا ئەو ناتوانێ لە مەلزەمەکە وەك کەرەسەیەك بۆ فێربوونی هەمەلایەنی بڕوانێ. کەرەسە، وەك بە واژەکەدا ڕوون دەبێتەوە، تەنها دەسوێژێکە بۆ ئەوەی فێرخواز بکەرییانە لەتەك کەرەسەی دیکەدا "شتێکی نوێی لێ دروست بکات".

# دام و دەزگای دەرەبەگیی بنەماڵەی وەزیرەکانی کوردستانی ئەردەڵان[1]

نووسینی د.عبدوڵڵا مەردۆخ

بە گشتی مێژووی ئابووری_کۆمەڵایەتیی کوردستان وکێشە تایبەتییەکانی، زۆر کەم کەوتوونەتە بەرباس و توێژینەوە، دیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە هەمەچەشنەکانی، لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێکی مێژوویی، ناتوانێ بنچینەی زانستی هەبێ.

ژیانی ئابووریی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان، لەسەر بناغەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ وەستاوە، یان بە واتایەکی تر کوردستان وڵاتێکی وەرزێری و ئاژەڵدارییەو پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی بەهێزی تێدابووە و هەتا ئیستاش لە بەشێکی زۆری کوردستاندا شوێنەواری ئەم پەیوەندییانە کەم و زۆر هەر ماوە . بەڵام بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوونی تا ڕادەیەك باو، سیستێمی ئابووریی شوانکارەیی و یا کشتوکاڵ بە تاقی تەنێ لە کوردستاندا، شێوەی سەرەکی و تاقانە نەبوون . لەو شوێنانە کە زەوییان بە پیت و بەرامە بووە کوردەکان زۆرتر بەکاری وەرزێرییەوە خەریك بوون. ئاژەڵداریش هەتا رادەی پێویست بەڕێوە دەچوو و لەو شوێنانەش کە بە کەڵکی چاندنی دەغڵودان نەهاتوون، ئابووریی شوانکارەیی زاڵ بووە. لە کوردستانی ئەردەڵانیش کە لایەنێکی دیاریکراوی، هەوێنی ئەم وتارەیە، هەر ئەم شێوە ئابوورییە، بە تایبەتمەندییەکانی ناوچەکەوە، بەڕێوە چووە.

میرنشینیی ئەردەڵان یەك لە میرنشینە بە دەسەڵاتەکانی کورد بووە کە کیانێکی کۆمەڵایەتیی- سیاسیی پێك هێنا و لەو بەشەی کە تێیدا فەرمانڕەوایی دەکرد، پارچەیەکی پتەو

---

١- ئەم وتارە کورتکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەرینە لەسەر چۆنیەتی کارگێڕی و هێرشی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی میرنشنی ئەردەڵان.

و یەکگرتووی ڕێکخست. شەرەف خانی بدلیسی باسی دەسەلاتدارانی ئەم میرنشینەی وا کردووە "فەرمانڕەوایانی گەورەی کوردستان، گەرچی سەربەخۆ بانگەشەی پادشاییان نەکردووە و ڕانەپەڕیون، بەلام لە هەندێ کاتدا خوتبە و سکەیان بە ناوی خۆیانەوە کردووە "مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکیش ئەم میرنشینەی لە ڕیزی ئەو چوارده بنەماڵەیە ژماردووە کە سەلاحیەتی دەسەلاتداریەتی شاهانەیان هەبووە.

میرانی ئەردەلان، لە دووا سالانی سەدەی دوازدەهەمەوە هەتا شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، فەرمانڕەواییان کردووە. ناوچەی فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینە بریتی بوو لەو هەرێمە کوردنشینەی کە بە ناوی ئەوانەوە ئەردەلانی ناو بوو، یەکەمین ناوچەی کوردی بوو کە بە ناوی کوردستان ناوبانگی دەرکرد.

هێندێك بڕوایان وایە کە "ئەم خاکە جێگەی دروستبوونی ڕەگەزی کوردە" یا "لانکی هەموو عەشیرەتەکانی کوردە" ماوەی حەوت سەد سال کوردی ئەردەلان یەك پارچە و لە چوارچێوەی میرنشینێکی سیاسیدا خۆی نواند. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەردەلان ببێتە یەکێ لە ناوەندەکانی کۆکردنەوەی ئێتنی (ڕەگەز) ی کورد. لە مێژووی ئەردەلاندا بەلگەی وا هەیە کە کوردەکانی ئەم ناوە هەست بەوە بکەن کە کۆمەلگاکەیان بەرز و پێشکەوتووە. ئەم هەستە وەها بووە کە کوردەکانی ئەم ناوەی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم خۆیان بە کۆمەلێکی پتەو لە قەلەم بدەن و تەنانەت خۆیان بە میللەتێکی تایبەتیش بزانن. دانیشتوانی کوردستانی ئەردەلان زۆربەی زۆریان نیشتەجێ بوون و لە مێژ بوو وازیان لە ژیانی کۆچەری هێنا بوو. کولتووری شارنشینی بە شێوەی سەردەم، دەمێك بوو لەو ناوەدا جێگیر ببوو و شاری سنەی پایتەختی ئەم میرنشینە، ببووە ناوەندێکی سیاسی و ئابووری و کولتووری.

بنیاتنەری ئەم میرنشینە، بابا ئەردەلان، ڕەنگە لە نێوان نیوەی دووەمی سەدەی یازدەیەم هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەیەم ژیابێ و فەرمانڕەوایی کردبێ. شەرەفخانی بدلیسی و کرۆنیکنووسە ناوچەییەکان لەسەر فەرمانڕەوایانی سەرەتای ئەم میرنشینە، زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نادەن. سەرەڕای نەبوونی بەلگە و کەرەسەی باوەڕپێکراو، ڕەنگە بتوانین هەندێ ڕاوبۆچوون سەبارەت بە چۆنیەتیی بنەچەکە و کاروباری یەکەم فەرمانڕەوایانی ئەردەلان دەربڕین.

پێکهێنەری میرنشینەکە و ڕەنگە پاش ئەویش، تیتری "بابا" یان هەبووە، ئەم تیترە لە ناوچەکەدا تایبەت بووە بۆ ڕابەر و پێشەوایانی ئاینی ئەهلی حەق (کاکەیی) هەروەها زۆریی تیتری دیکە وەك "پیر" "سولتان"، "سان" و "شازادە" و..... لە ناوچەکەدا، کە تیترە بۆ توێژە بەرزەکانی ئاینیی کاکەییەکان، ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات کە دەبێ خەلکی ئەم ناوچەیە هەروا کە (ك . ج. ریچ) و محەمەد ئەمین زەکی دەلێن گۆران بووبێتن و لە بارەی ئاینیشەوە ئەهلی حەق و

فەرمانڕەواکانیشیان لە هەمان کاتدا کە پێشەوای ئاینییان بوون، سەرکردایەتی سیاسیشیان بە دەستەوە بووە.

لەبەر نەبوونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ناکرێ چۆنیەتی بارودۆخی رێکخراوی سیاسی و ئابووریی- کۆمەڵایەتیی ئەم میرنشینەش لە سەرەتای پێکهاتنیەوە، بە وردی و رێکوپێکی بخرێنە بەرچاو، هەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە پێش سەردەمی سەفەوییەکان، دەسەڵاتدارانی ئەردەلان بە ناوی میر، حاکم حوکمڕان، فەرمانڕەوا و میرانی میراتگر ناو دەبران، میر خاوەن دەسەلاتی تەواو بووە و بە هۆی کاربەدەستان و دەست و پێوەندیەکانییەوە ولاتەکەی بەڕێوە بردووە. خانی ئەردەلان پێشەنگی لەشکرێکی بەهێز بووە کە بریتی بوو لە ژمارەیەك خێڵ و عەشیرەت و بە سەرۆکایەتیی مەزنەکانیان لە خزمەتی خاندا بوون، خانی ئەردەلانیش وەکو سەرۆکی میرنشینەکانی دیکە، بۆ پاراستنی خۆی و ولاتەکەی لە دەست داگیرکەران، ناچار بووە "لەسەر دوو پەت یاری بکات" جارێك لە پەنای عوسمانیەکاندا بێ و زەمانێکیش سەر بە ئێرانییەکان و زۆرجاریش نە رۆمی بوون و نە ئێرانی، سەربەخۆ، حکومەتیان دەکرد، و بەم چەشنە خۆیان پاراست هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئەم فەرمانڕەوایانە، لە کارەساتەکان و چارەنووسی ناوچەکەدا دەورێکی گرنگ و سەرەکییان هەبووە. لە سەردەمانی تایبەتیشدا مەزن و سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەم ناوە یا لە لاین خونکارانی رۆم یا پادشایانی ئێرانەوە، بە شەرتێ ئاگایان لە سنوور بێ و وەك خاوەن هێزی چەکدار لە خزمەتی حکومەتی ناوەندیدا بن، بوون بە خاوەن زەوی و زار پاشان گەورە دەرەبەگی ناوچەکە.

هەروا کە ئاماژەمان بۆ کرد، ژیانی ئابووریی- کۆمەڵایەتیی هەرێمەکەش لەسەر هەردوو شێوەی وەرزێری و ئاژەڵداری بە گوێرەی ناوچەکە وەستابوو، بۆ نموونە ناوچەی ئەسفەن ئاوا لە دەشتایی رۆژهەلاتی سنەوە، عەمباری دەغڵودانی هەرێمەکە و تەنانەت دەوروبەریش بوو، ناوچەی ساراڵ و تیلەکۆ و بانە و مەریوانیش، سەرچاوەی بنەڕەتی ئاژەڵداری بوون، ئەگەر بە وردی سەیری ئەم دیارییە بچووکەی فەرمانڕەوای ئەردەلان، سوبحانوێردی خان، بۆ نادر شای ئەفشار بکەین کە بریتی بوو لە چوارده هەزار مەن رۆن، بۆمان دەرئەکەوێ رادەی ئاژەڵداری لە چ ئاستێکدا بووە. خەڵکی هەرێمی ئەردەلان لە تەنیشت ئەم دوو شێوەیەی بەرهەم هێنانەوە لە کاری بێستانداریشدا خاوەن ئەزموون بوون، هەر بۆیە بە جووتیار و باخەوانی لێهاتوو ناوبانگیان دەرکردووە، بەلام بە گشتی ئابووریی کوردستانی خوارووی رۆژهەلات لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دامەزرابوو، بۆیە مەسەلەی زەوی و ئەو پەیوەندییانەی لە دەوری ئەودا پێکدەهاتن، مەسەلەیەکی سەرەکییە بۆ روونکردنەوەی ئابووریی میرنشینیی ئەردەلان.

لەبەرئــەوەی شــێوەی ڕەنێوهێنــانی زەوی لــەم هەرێمــەدا دەســتی بــاڵای هــەبووە، پێوەنــدیی دەرەبەگایەتیی زۆر گەیشتوو و ئاشکرا خۆی نیشان دەدا و چەوسانەوەی دەرەبەگایەتیی ڕەوشتی ئاشکرای هەبوو و ئەوەش جیاوازییەکی بنچینەیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەردەڵان دەردەخات بە پێچەوانەی ناوچە کوردنیشینەکانی تر کە زۆربەی کولتووری بەڕێوەبردنی ئابووری بریتی بووە لە شێوەی شوانکارەیی و کۆچەری. ئاشکرایی دابەشکردنی چینایەتی و پێگەیشتنی فۆرمی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتیی و پێوەندیی دەرەبەگایەتی، دیکتاتۆرییەتی چینایەتی چەسپاوتر دەکرد، جا لەبەرئەوەش لە ئەردەڵاندا پلەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر خۆی نیشان داوە و بە درێژایی نزیکەی حەوت سەدە بە تواناترین میرنشینی دەرەبەگی بەردەوام بووە.

خاوەن ملکیی، بنچینەی ئابووریی حکومەتی دەرەبەگی بوو، نزیک بوون لە حکومەت و دەوڵەت و بەرپرسایەتی و داگیرکردنی هەموو کارە گەورەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردن بوو بە هۆی پتەوبوونی حکومەت و نفووزی ئەم تاقمە. ئەوەبوو زۆربەی شارەکان بە تەواوی لە ژێر دەست وچاودێری ئەوانا بوو. ئەم تاقمە هیچ ئاگایان لە موڵکەکانیان نەبوو و ژیان و بارودۆخ و داهاتووی وەرزێرەکانیان خستبووە پشتگوێ. خاوەن زەوییەکان لە میرنشینی ئەردەڵاندا، زۆربەیان لە دێهاتەکانی خۆیاندا نەدەژیان، بەڵکو کارگێریی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەسەر کار یا خزمێکی خۆیان دەسپارد بە ناوی موباشیر، (زاوت و کوێخا )و خۆیان و دەست وپێوەندەکانیان لە شارەکاندا دەژیان و تاقمی حکومەتیان پێکدێنا. لە توانای ئەم خاوەن زەوییانەدا بوو، هەموو شتێك لە وەرزێر بستێنن و وەرزێریش مافی ئەوەی نەبووە بەرەنگارییان بکات. بە کورتی هەموو دەسەڵات لە دەستی ئاغا و خان و دەرەبەگدا بووە، وەرزێریش هەر زەوی کێڵانی بۆ مابوو و باج و پیتاکێکی زۆر، هیچ مافی تری نەبوو. دوکتۆر مەحەممەد موکری لە وتارێکدا بە ناوی "جۆری باج و پیتاکی نادەوڵەتی و ڕێوڕەسمی داسەپێنراوی هەندێ لە خاوەن موڵکەکان لە گوندەکانی کوردستاندا" ، ئاماژە بە سەد و حەڤدە جۆر باج لە کوردستاندا دەکا. یەکێ لەو باجانە کە ڕەنگە لە هیچ جێگایەکی تردا نەبووبێ باجی "دەرماڵانە" یا "خانە شمار" بوو، فەرمانڕەواکانی کوردستانی ئەردەڵان، ئەم باجەیان لە خەڵکی هەژار و دەستکورت وەردەگرت بەڵام ئەشراف و ئاعیان و خاوەن ملکەکانیان لەم باجە قوتار کردبوو. هەر ماڵ بە پێی ئەندامانی ماڵەکە و ژمارەی ئەو مریشك و کەڵەشێر و گوێدرێژ و مەڕ و مانگایە کە هەیبوو، دەبوو پارەیەك بدا بە

حکومەت. لە ساڵی ١٨٤٩/١٢٨٤ی کۆچیدا، فەرهاد میرزا موعتەد و دەولـە، مـامی ناسـردین شا و حاکمی ئەو کاتەی سنە، ئەم باجەی پووچ کردەوە[1].

وەرزێرەکان وەك پاشماوەی کۆیلەکان گرانایییەکی دیکەشییان لەسـەر شـان بـوو. جووتیارەکـان ناچار بوون لە پرۆژە گەورەکانی ئاودێری و دانـانی پـرد و ڕێگاوبانـدا و تەنانـەت ئـیش و کـار بـۆ ماڵی ئاغا بە بێگار کار بکەن. زانایەك لەم بارەوە دەڵێ هەرچـەندە ملکانـەی بـە شـتوومەك لـە هەمو شێوەکانی ملکانە زیاتر بلاوبۆتەوە، بەلام دیسان تا ڕادەیەك پاشماوەی شـێوەی کـۆن، واتـە ملکانەی بە کار یا بێگاریشی لەگەڵە، جا خاوەن ملك دەوڵەت بێ یـان یـەکێکی تـر مەسـەلەکە هەروەك خۆیەتی.

بە هۆی ئەم زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی دەرەبەگیی توند و تیژتر ئاراستەی گوندنـشین کرابـوو کە ژیانێکی کولە مەرگییان دەبـردە سـەر، هـەردەم لـەژێر مەترسـی پـەلاماردانی دەرەبەگەکانـدا دەژیان.

تایبەتمەندیی ئابووریی دەرەبـەگیی، پێکـەوە بەسـرانی خـاوەن ملکـی دەرەبـەگ لەگـەڵ دام و دەزگا بچووك و سەربەخۆکانی وەرزێران بووە و شەرتی پێویستی وەها دەزگایەك بەسـرانی وەرزێـر بووە بە خاوەن ملکەوە. ئەم دیاردەیـەش جێگـای سـەرنجە، پێویـست نـەبووە حەتمـەن دەرەبـەگێك خاوەن زەوی و ئاو بێ، بەڵکو لە سەردەمانی دیـاریکراو و بـە تایبـەت لـە سـەردەمی سـەرەتایی کۆمەڵگای دەرەبەگیدا، دەوڵەت، دەوڵەتێك کە لـە لایـەن دەرەبەگەکانـەوە سـەرکردایەتی دەکـرا، دەیتوانی خاوەن زەوی و ئاو بـێ . لـەم بـار و دۆخـەدا زەوییـەکانی دەولـەت ملـك و قەلـەمرەوی هاوبەشی چینی دەسەلاتدار بووە کە "باج و پیتاك " ی بـۆ دەزگـا دەوڵەتییـەکان لـە وەرزێرەکـان وەردەگرت. تایبەتمەنـدیی ملکداریی دەولـەت بەسـەر زەوییەکانـەوە ئەمەیـە کـە دەولـەت خـۆی ڕاستەوخۆ بە هۆی کارمەندانی باج و پیتاکیەوە ئەو وەرزێرانە کـە کـەڵکیان لـە زەوی وەردەگـرت واتە کۆمەڵە گوندنشینەکانی دەچەوساندەوە. پاشان باج و پیتاك پێکەوە خـڕ دەبوونـەوە و ئـەوەی کە دەوڵەت وەك "باج و پیتاك " کۆی دەکردەوە جا پارە بوایە یا شتومەك، بـە نـاوی مانگانـە و مەعاش و یارمەتی و بەخشش دیاری هتـد... لـە نـاو ئەنـدامانی چـینی دەسـەلاتداردا دابەشـی دەکرد. ڕێکخراوی خاوەن ملکیی زەوی بە پێ هیرارشی واتـە بـەرزو نزمیـی و هـەبوونی دەزگـای تاقمی چەکدار کە پێویستی بوو و لەبەر دەستیدا بوو، دەسەلات و حـوکمی ئـەعیان و نـەجیبزادە دەرەبەگەکانی بەسەر وەرزێرەکان و ڕەعیەتـە بـە زەویـەوە بەسـتراوەکاندا دابـین دەکـرد، چـۆنیەتیی خاوەن ملکی زەوی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ئەمە بوو کە ماڵێکی دەرەبەگ سەر بە چینێکی

١- بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە جگە لە سەرچاوەی ناوبراو، سەیری ئەم کتێبەش بکەن: ئەحمـەد خـودادادە، چارە ڕەشی وەرزێر، وەرگێڕ عەبدوڵلا مەردۆخ، پاریس ١٩٩٥

دەسەڵاتدار بوو کە لە چوارچێوەی سێنفیدا رێك و پێك کرابوون و ئەندامانی ئەم چینە (مالیکە دەرەبەگەکان) دەبوو خزمەتێکی سپایی یا مەدەنی تایبەت بە دەوڵەتی دەرەبەگ بکەن.

چینی دەرەبەگ لە ئەردەڵاندا لە سەدەی شازدەهەمەوە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەکرێن بە پێنج گرووپەوە:

١. بنەماڵە ناوچەییەکان، بنەماڵەی ئەردەڵان و وەکیل وەزیر و سانەکانی هەورامان و سوڵتانەکان و خانەکانی سەقز و بانە و مەریوان و جوانرۆ.

٢. سەرۆك و مەزنانی عێڵە کۆچەرەکان.

٣. پیاوە ئاینییە موسوڵمانەکان.

٤. وەرزێرە سەربەخۆکان.

٥. مووچەخۆر و کاربەدەستانی شا.

(برێك لەم زەویانە دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتووە و بناغەی زەوییە دەوڵەتییەکان لە کوردستان، ملکی ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ حکوومەت بە شەڕ هاتوون و لێیان داگیر کردوون و بە ناوی جۆربەجۆرەوە بە کارمەندەکانی خۆی دەیبەخشیّ).

لە هەر قۆناغێکی مێژوودا چارەنووسی ئەو گرووپانە بە شێوەی جۆربەجۆر دەگۆڕان سەرکردایەتی لەم دەستەیەوە دەکەوتە دەست دەستەیەکی دیکەوە.

مێژووی ئەردەڵانەکان، لە سەردەمی سەفەوییەکان و بە تایبەت لە زەمانی حکومەتی شا عەباس (١٠٣٩-٩٩٧/١٤٢٩-١٥٨٧) ەوە، رووناکایی پتری دەکەوێتە سەر.

شا عەباس کە حکومەتی بە دەستەوە گرت. لە زۆرانبازی و رەبەریّ نێوان تاقمی تورکی کۆچەر خێوەت نشین لە لایەك و ئەو دەستە و چینە دەرەبەگانە کە خوازیاری حکوومەتێکی ناوەندی و بە دەسەڵات بوون، واتە تاقمی مەدەنی کە زۆربەی زۆریان ئێرانی بوون، لایەنی ئەم دەستەی دواییەی گرت و بە تەواوی هێزییەوە کەوتە راوانی لایەنگرانی دەستەکەی تر، بە گشتی لە رۆژهەلاتی سەدە ناوەندەکاندا، ئەم دوو ستاندانسە واتە دوو بۆچوونی سیاسی زاڵ بووە دژایەتی لایەنگرانی حکومەتی ناوەندیی بە دەسەڵات، لەگەڵ تاقمی بلاوەخوازیی و پرش و بلاویی دەرەبەگیی.

شا عەباسیش وەکوو زۆربەی شا و دەسەڵاتدارانی سەفەوی لە هەمان کاتدا کە خۆی بڕوایەکی تەواوی بە دین نەبوو، بەلام لە باری سیاسییەوە بە رواڵەت رێزی لە داب و نەریتی سەفەوی دەنا و پشتیوانی لە شیعەکان دەکرد و سوننییەکانی راودەنا و ئەوانی بە لایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانی و خانەکانی ئۆزبەك دەژمارد، بەلام لەگەڵ فەلە و مەسیحییەکاندا ئاکارێکی هێمنانە و باشی هەبوو.

شا عەباس لە خەبات لـە دژی جیاوازیخوازانـدا، هیـوادار بـوو بتـوانیٚ چـۆك بـە سـەرۆکە بـە دەسەلاٚتەکانی کورد و بە تایبەت خانی ئەردەلاٚن، واتە هەلۆ خان، دابـدا. بەشـەڕ و لەشکرکێـشی شتێکی وای پێنەکرا. بە گوێرەی کرۆنیك نووسەرەکانی ناوچـە، جـارێکیش بـە خـۆی و سـپایەکی تێرو تەسەلەوە هێرشی کردە سەر هەلۆ خـان، بـەلاٚم ئـەم جـارەش سـەر نەکـەوت، راوێـژکارەکانی وایان بە باش زانی ئەم کێشەیە لە رێگای دیپلۆماسی و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێ، شـا عـەباس بەو شەرتە کە هەلۆ خان ئاگای لە ناوچەکە بیٚ و سنوور بە باشیی بپارێزیٚ باجی خۆی بدا و کوڕە گەورەکەی خان ئەحمەد خان بنێریٚ بۆ دەربارەی شا لە ئەسـفەهان، وازی لیٚ دێنـیٚ، شـەڕی لەگـەلٚ هەلۆ خاندا وەستاند.

هەلۆ خان، خان ئەحمەد خانی کوڕی نارده دەرباری شا و بۆ خۆشی پاش ماوەیەك، سـەری لـە ئەسفەهاندا. خان ئەحمەد خان، یەکەمین ئەمیرزادەی کورد بوو کە وەك بارمتە لە دەربـارەی شـادا گل درابووەوە، پاشان ئەمە بوو بە نەریتێك گەلیٚ جار دەسەلاٚتدارانی ئێرانـی بـۆ گـویٚ رایـەلێی و دلٚسۆزیی مەزنانی کوردستان سەبارەت بە حکومەتی ناوەندی، کـوڕ و بـرا و مـامی ئـەوانیان بـە بارمتە لە لای خۆیان رادەگرت، یا کچی خۆیانیان لیٚ مارە دەکردن.

خان ئەحمەد خان کە بە تەمـەن زۆر گـەنج بـوو و هێـشتا چـاو و دلٚـی تـالٚ و سـوێریی دنیـای نەچەشتبوو، کەوتە بەر کارتێکردنی بارودۆخی بریقـەداری دەربـار و زۆر زوو فێـری شـت بـوو، بـە هەلومەرجی ژیانی دەرباریی راهات و مەزاجی کـوردەواریی تێکـچوو. پـاش ئـەوە کـە دەبـیٚ بـە شـیعە. شـا خوشـکی خـۆی کـلاٚوزەڕ خـانمی[1] لیٚ مـارەکرد، فـەرمانی حکومـەتی کوردسـتانی ئەردەلاٚنیشی بۆ نووسی بەو شەرتە باوکی رازی بکا بێت بۆ ئێسفەهان.

خان ئەحمەد خـان، پـاش هـەولٚ و تێکۆشـانێکی زۆر، ئـەمری شـای جێبـەجێکرد و خـۆی لـە جێگای باوکی دانیشت. فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان، لـە کوردسـتانی خـواروودا، لاپەرەیـەکی

---

١- دیار نییە لەبەر چ هۆیەك، کلاٚوزەڕ خانم حەزی لە خان ئەحمەد خان نەکردووە. ماه شەرەف خانم دەنووسـیٚ " گەرچی لە مێژووەکاندا بە درێژیی نەنووسراوە بەلاٚم من لـە رابـردووانم بیـستووە کـلاٚوزەڕ خـانم نەیویـستووە بچێتە لای خان ئەحمەد خان" کلاٚوزەڕ خانم هەرچەند لە خان ئەحمەد خـان کـوڕێکی هـەبوو بـەلاٚم خیانـەتی بـە مێردەکەی کرد و لەگـەلٚ یوسـو یاسـکای شـاعیر و مۆسـیقاژەن و وەرگێـڕی دەربـارەی خـان ئەحمـەد خانـدا نێـوانی عاشقانەی هەبوو. شۆفارەکان کارەساتیان بۆ خان گێڕاوە بەلاٚم خان بڕوای پیٚ نەکردن، هەتاکوو شەوێك لـە کـۆڕێکی شەوانەی خاندا، یوسو یاسکا بە مەستی چەند شیعرێك لە هۆنراوەکانی کە باسی ئەویینداری خۆی و کـلاٚوزەڕ خـانمی دەکرد بە دەنگە خۆشەکەی بە گۆرانی دەچڕی، خان کـە گـوێی لـیٚ بـوو کارەساتەکەی بـۆ روون بـۆوە، فـەرمانی دا شاعیری عاشق بگرن و لە چینە (بنەڕەت)ی دیواری بنێن. بەم چەشنە یوسویان کوشت و کلاٚوزەڕ خانمیشیان ناردەوە بـۆ دەبـارەی شـا لـە ئیـسفەهان. لـە گـۆرانی فۆلکلـۆری ناوچـەی ئەردەلاٚنـدا ئێـستاش شـوێنەواری ئـەم چـیرۆکە خۆشەویستییە هەرماوە.

نوێی خستە سەر مێژووی ئەردەلانەکان، خان لە دوای ئەوە کە بوو بە شیعە و زاوای شا، تیتری "والی"[1] پێدرا. هەرچەند ئەم وشەیە، "تێرم"ێکی مەزهەبی شیعەیە، بەلام هەر بە واتای "واسال"[2]ە کە لە کۆمەڵگای ئەوروپای رۆژئاوای سەردەمی دەرەبەگی دەبینرێ. خانی ئەردەلان بە رەسمی بوو بە ژێر دەست (واسال) ی شای ئێران.

کە خاوەنی سەرجەمی ولات بوو. خانی ئەردەلان شەری بۆ شا دەکرد، راپەڕیوانی دمدمی بۆ سەرکوت کرد، تەنانەت مووسڵ و بەغداشی بۆ داگیرکرد و دیاری و باج و پیتاکی بۆ دەنارد. ئەمە یەکێ لە دیاردەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگیی پێشکەوتوو بوو کە خاوەن ملکیی زەوی بە گوێرەی هێرارشێك دابەش دەبوو واتە زەوییەك لە یەك کاتدا دوو یا چەند خاوەنی هەبووە و بە پێ بەرزیی و نزمییان، سەرۆك و بن دەستی یەکتر بوون.

بەلام لە هەمان کاتیشدا والی ئەردەلان خۆی لە شا کەمتر نەدەزانی، دەربار و بارەگای وای بۆ خۆی سازکرد بە قسەی مێژوونووسان هیچی لە شا کەمتر نەبوو، کاتێ جێنشینی شا عەباس، واتە شا سەفی، دەسەلاتی گرتە دەست، ئێرەیی بە دەسەلات و کۆشك و قەلای خانی ئەردەلان دەبرد، لێی کەوتە شك و چاوی کورەکەی خان ئەحمەد خان واتە زۆراو بەگ کە لە دەرباردا بە بارمتە راگیرابوو، هەلکۆلی، ئەم کارەساتە خان ئەحمەد خانی تووشی دەرد و

ئازارێکی زۆر کرد و لە داخان رووی لە دەوڵەتی ئێران وەرگێرا و بانگەشەی سەربەخۆیی کرد و خوتبە و سکەی بە ناوی خۆیەوە کرد.

دانەری کتێبی "تژکرە الملوك"، میرزا سەمیعا، کە کتێبەکەی لە سالی ١٧٢٥/١١٣٥ نووسیوە و زۆرتر باسی رێکخراوی کارگێریی دەولەتی سەفەوی دەکا، کاتێ دێتە سەر باسی میرەکانی ئێرانی سەردەمی سەفەوییەکان، دەنووسێ: "میرەکانی ئێران دوو بەشن: یەکەم ئەو میرانەن کە لە دەرباری شادا نین و لەوێ خزمەتێکیان پێ نەسپێردراوە پێیان دەلێن میرانی سەرسنوور. ئەم میرانەش، چوارن، یەکەمیان والییەکانن. لە هەموو ئێراندا چوار والی هەبوون کە بە گوێرەی دەسەلات و پلە و پایەی بەرزییان بریتی بوون لە: والی عەرەبستان کە لەبەر سەیید بوونیان و دلێری و زۆری عێل و عەشیرەتیان لە والییەکانی دیکە بەرزتر و رێزدارترن. پاشان والی

١- وتەیەك هەیە کە شا سێبەری خودایە لەسەر زەوی، شایەکانی سەفەوی خۆیان بە نوێنەری ئیمامی زەمان و هەموو حاکمە لەخۆ چکۆلەتریشیان بە نوێنەری خۆیان دادەنا.

٢- واسال وشەیەکی لاتینییە vassalus لە ئەوروپای رۆژئاوادا بە فیئۆدالێکیان دەگوت کە زەوییەکی بە ناوی ئیقتاعەوە (Feod) لە شایەك، میرێك یا فیئۆدالێکی لە خۆ گەورەتر وەردەگرت و لە باتی ئەوە دەبوو شان بە شانی ئەو لە شەر و لەشکرکێشییەکاندا بەشداری بکا و هەروەها هەندێ ئەرکی دیکەشی لەسەر شان بوو کە دەبوو بیانکات و پارەیەکی دیاری کراویشی پێبدا.

لوڕستانی فەیلییە کە لەبەر موسڵمان بوونی لە والی گورجستان بەڕێزترە ئینجا والییەکانی گورجستانی ملکی ئێرانن، کارتێل و کاخێت و تفلیس....... لە پاش والی گورجستان، والی کوردستانە کە جێگای دانیشتنیان سنەیە". شتێکە لێرەدا بە روونی دیار و زەقە ئەوەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی سەفەوی، والی کوردستان کە ببوو بە شیعەش و خەڵکی کورستانیان پێ موسڵمان نەبووە و لە پاش والی گورجستانەوە کە مەسیحی بوو ناویان هێناون. بازیل نیکیتین، دەنووسێ شایەکانی ئێرانی سەردەمی سەفەوی، بە بێ ئامادەبوونی ئەم والیانە لە دەربارردا، نەیاندەتوانی بچنە سەر تەختی شایی و تاج لەسەر بنێن.

کتێبەکەی میرزا سەمیعا کە بە پشتبەستن بە ئارشیف و کەرەسە و بەڵگەنامەی دەوڵەتی نووسراوە، تا رادەیەکی زۆر دەتوانێ چۆنیەتی کاروباری کارگێڕی سیاسی و ئابووریی کوردستانی ئەردەڵانیشمان بۆ روون بکاتەوە، لەم سەرچاوەیەدا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی والییەکان کە بە "ممالك سرحد" ناسرابوو، بە ملکی تایبەت بە ئەوان لە قەڵەم دەدرا، بوودجەی تایبەت بە خۆی هەبوو و شا و حکومەتی ناوەندی دەستی نەدەخستە ناو کاروباری ولاتەکەوە، هەندێ جار والی بە ناردنی برێك دیاری وەك رۆن و ئاژەڵ و بەرهەمی وا بۆ دەرباری شا و هەروەها ژمارەیەکی دیاری کراوی سەرباز و شەرکەر، مل کەچی خۆی نیشان دەدا. گەلێ جاریش ناردنی ئەم دیاری و سەربازانەش پشتگوێ دەخران و تەنانەت کاتێ شاش بە رەسمی داوای دەکرد، داخوازییەکەی بێ وەلام دەمایەوە.

یەکێك لەو باسانە کە لە مێژووی کوردستانی ئەردەڵاندا، زۆر کەم لێیکۆڵراوەتەوە، چۆنیەتیی هیرارشی چینی دەسەڵاتداری میرنشینەکەیە کە سەرجەمی حکومەتی سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆی ئەم ناوەی پێك هێنا.

لەناو رۆژهەڵاتناسەکاندا، (ی . ئی . ڤاسیلیەڤا)، وەرگێری شەرەفنامە و چەن کرۆنێکی ئەردەڵانی بۆ زمانی رووسی و پسپۆر لە مێژووی ئەردەڵاندا، تاقە کەسێکە بە چەشنێکی بەربلاو و زانستی ئەم باسەی خستوەتە بەر توێژینەوە و لێدوان. ناوبراو تێزی دوکتۆراکەی تەرخان کرد بۆ وەرگێڕانی کرۆنێکی خەسرەوی کوری محەمەد بە ناوی "تأريخ بنى أردلان" کە لەگەڵ سەرەتایەك و پەراوێزی وردی زانستییانەوە لە چاپیدا. هەروەها لە کتێبێکی دیکەشیدا بە ناوی "کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە — کورتە مێژوویەکی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان-" گەلێك زانیاریی تازە و راوبۆچوونی نوێی خستە سەر ئەم باسە. بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە، لە نووسینەکانی یای ی . ئی . ڤاسیلیەڤا کەڵکی زۆر وەرگیراوە.

والییەکانی ئەردەڵان لەدام و دەزگای حکومەتیی خۆیاندا لاسایی دەربارەکانی ئێران و هەندێ جار عوسمانییان دەکردەوە، بە تایبەت دەربارەی سەفەوی، بە هەندێ جیاوازی ناوچەییەوە.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی ئەردەڵانەوە، ئیش و کاری سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی و دەسەڵات لەناو چەند بنەماڵەی بە دەسەڵاتدا دابەشکرابوو. دانەری "حدیقە ناصریە" میرزا علی اکبر منشی و هەروەها شێخ مەحەمەد مەردوخ، نووسەری کتێبی "تـأریخ مـردوخ" باسی چەند بنەماڵەیەك دەکەن کە دیارە برێکیان هەر ئەو بنەماڵە خاوەن ملك و بە دەسەڵاتەن کە لە کۆنەوە لە کاری حکومەتدا بەشداربوون.

، شێخەلئیسلامی (بنەماڵەی شێخەلیسلام)[١]، ئیمام جومعە (بنەماڵەی مەردوخییەکان)، دیوان بەگی (بنەماڵەی رەزا عەلی دیوانبەگی) و.......زۆربەی ئەم بنەماڵانە لە رەوتی بەرەو پێش چوونیاندا، چینی خاوەن ملکی گەورە واتە دەرەبەگیان پێك هێنا و ئیتر پێوەندیی دەرەبەگیی لەم هەرێمەدا باڵی بەسەر خەڵکەکەیدا کێشا و دابەشیانی کرد بە دوو چینی– لە

سەرەکییەوە چینی چەوسێنەر – دەرەبەگ – چینی چەوساوە – گوندی، وەرزێر و کۆچەرەکان- چەوساوە و چەوسێنەر دوو هێزیان دروست کردبوو، دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە وەرزێرەکانی ژێر دەستیان.

ئەم بنەماڵانە خۆیان بە نەجیب دەزانی، زۆر کەم تێکەڵ بە جەماوەری خەڵك دەبوون و بە خەڵکیان دەگوت "بۆرە پیاو" خەڵکەکەش بە خاوەن ملکو دەسەڵاتیان دەگوت "ئەعیان". ژن و ژنخوازی بە قانوونی پتەوی نەنووسراو، لە نێوان بۆرە پیاوان و ئەعیانەکاندا، قەدەغە بوو. ئەعیانەکان لەناو کۆشك و قەڵا دیارەکانیاندا دەژیان. هەموو پلە و پایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی تایبەتی هی ئەوان بوو. نفوزی ئەم دەرەبەگانە وەك هەموو گەورەیەکی دیکە بەو ملکانەیە نەبوو کە دەستیان دەکەوت، بەڵکوو بە ژمارەی رەعیەتەکانیانەوە بوو و

---

١- لە شاری سنەدا دوو بنەماڵە بە شێخەلیسلامی بەناوبانگن، یەکەم ئەو شێخەلیسلامیانە کە بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر بنەماڵەی سەید مەحموود و سەید زەکی کوڕی. کە لە سەدەی شەشەمەوە هەتا سەدەی چواردەیەمی کۆچی تیتری شێخەلیسلامیان هەبووە. پاش کوژرانی سەید مەحموود و سەید زەکی، کار و ناوی شێخەلیسلامی لە دەستی ئەم بنەماڵەیە دەرچوو و کەوتە دەستی بنەماڵەی مەوالی. دووەم ئەو شێخەلیسلامیانە کە دەچنەوە سەر بنەماڵەی مەوالی ئەردەڵان. تیتری شێخەلیسلامی لەم بنەماڵەدا لە ساڵی ١١٦٠/١٧٥٠ پەیدا بووە کە درا بە مەلا مستەفای قازی (لە ساڵی ١١٦٣/١٧٥٣دا کوژرا) باوکی قازی شەریفی ئەردەلانی نووسەری (زبدە التواریخ). لەم بنەماڵەدا دوو مێژوو نووسی دیکە هەڵکەوتوون. یەکەمیان مەحەمەد ئیبراهیم کوڕی مەلا حوسێنی ئەردەلانی، خاوەنی یەکەم زەیلی شەرەفنامە لە کوردستانی ئەردەڵان بە ناوی "مێژووی ئەردەڵان" ئەویتر ئیسماعیل کوڕی مەلا حوسێنی ئەردەلانی، نووسەری "مێژووی ئەردەڵان". رەنگە ئەم دوو مێژوونووسە برا بووبێتن. یەك لە کەسایەتییە سیاسییە بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە مەلا لۆتفوڵڵا شێخەلیسلامە، مەلا لوتفوڵڵا، کوڕی مەلا فەتحوڵڵا قازی، زۆرتر پیاوی سیاسەت بوو تا دین، خاوەن ملك بوو لە دەستبەندی و ئاژاوەنانەوەدا دەستێکی باڵای هەبوو. زۆری دەخواردەوە و هەمیشە سەرخۆش بوو. نووسەری "تحفە ناصریە دەنووسێ: پیاوێکی دووربین و خاوەن بڕوا بوو. سەرەڕای ئەوە کە زۆر بە دەسەڵات بوو لە دەرکردنی حوکمی شەرعیدا گەلێك دووربین و لەسەرەخۆ بوو لە مەحکەمەکەیدا "ناسیخ و مەنسووخ" کەم دەبینرا. زۆر دلێر و بە ئەمەك و بێ باك بوو. لە کار و کردەوەیدا لە چوارچێوەی مەلایەتی دەرچووبوو و ژیانی وەك میرانی بە دەسەڵات مەلا لوتفوڵڵا لە ساڵی ١٣١٥/١٩٠٥ کۆچی دوایی کرد.

ئەوەش بۆ خۆی بە ژمارەی ئەو جووتیارانەوە بەسترابوو کە ملکی خۆیانیان هەبوو و سەرچاوەی دەسەلاتەکەیان تەنیا ئەو ملکانەیە نەبوو کە وەریان دەگرت بەلکوو فەرمانڕەوایی سیاسی و ئابوورییەکەیان بوو بەسەر جووتیارەکاندا. بەم چەشنە دەرەبەگ ئاغای هەموو مەلبەندەکەی بوو و ئاغایەتیی بەسەر جووتیارە سەربەخۆکان و خاوەن ملکە بچووکەکانیشدا دەکرد.

بە درێژایی مێژووی ئەم ناوە، ئەم بنەماڵە دەرەبەگانە لەسەر دەسەلات و نفووزی پتر، لە مشتومڕ و رقەبەریدا بوون. زۆرجار ناکۆکی و زۆرانبازی لەسەر دەسەلات دەبووە هۆی بەربەرەکانیێ جەنگی و سیاسی لە نێوان دەرەبەگ و خاوەن ملکەکاندا و تەنانەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان خیانەت بە ولات و بەرژەوەندییەکانی و هاوکاری لەگەلّ دوژمنیشدا رەوا بوو، تا وای لێهات لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دەسەلات لە دەست میرانی ئەردەلان دەرچوو کەوتە دەست قاجاریەکان.

ئاماژەمان بەوە کرد کە فەرمانڕەوایانی ئەردەلان لە بەڕێوەبردنی ولاتدا، لاسایی شایەکانی ئێرانیان دەکردەوە. والی ئەردەلان کە خۆی بە شا دەزانی، وەزیر و سەرلەشکر و قازی و مێژوونووس و نووسەری تایبەت و..هتد....ی هەبوو. لە هێرارشی بنەمالە خاوەن دەسەلاتەکانی هەرێمی ئەردەلان، لە پاش بنەمالەی والییەکان واتە ئەردەلانەکان، ئەو بنەمالانەن کە کاری وەزارەت و پێشکارییان بە دەست بوو. هەرچەند دەستنیشان کردنی پلە و ئەرکەکانیان بە تەواوی دیار نییە بەلام بە گشتی دەتوانین بلێین ئەمانە بەڕێوەبەر و یاسا دانەری ژیانی ئابووری سیاسیی ناوچەکە بوون. وەزیر و وەکیل هەردووکیان یاریدەدەری راستەوخۆی بەڕێوەبردنی میرنشینەکە بوون و وەکیل زیاتر راوێژکاری والی بوو. شێخ مەحەمەدی مەردۆخ لە باسی بنەمالەی شاوەیسییەکاندا دەنووسێ، سەر گەورەی بنەمالەی ناوبراو، کەسێك بووە بە ناوی ئیبراهیم بەگی وەزیر، کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە دەرباری ئەمیر حەسەنی ئەردەلان (١٣٧٤-١٣٣٦-٧٨٤-٧٤٦) بنیاتنەری قەلاّی حەسەناوادا، پلە و پایەی وەزارەتی هەبووە. پاشان یەکێك لە نەوەکانی ئەم ئیبراهیم بەگە بە ناوی ئیسماعیل بەگ لە سالّی ١٠٣٩/١٦٢٩ لە دەربارەی خان ئەحمەد خانی ئەردەلاندا وەزیر بووە. ئەم بنەمالەیە لە ئەسلّدا خەلکی شارباژێرن و لەوێوە بۆ هەرێمی ئەردەلان کۆچیان کردووە. بە داخەوە زانیاریی دیکەمان لەسەر ئەم بنەمالەیە بە دەستەوە نییە و دیارە لەمە زیاتریش ناتوانین باسیان لێوە بکەین. بەلام هەبوونی ئەم وەزیرانە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر لە سەرەتاوە حاکم و والییەکانی ئەردەلان دام و دەزگای وەزارەتیان هەبووە.

لە کرۆنیکە ناوچەییەکاندا هیچ ئاماژەیەك بەوە نەراوە کە چۆن کاری وەزارەت و تیتری وەزیر ئالوگۆری بەسەردا هاتووە و بووەتە وەکالەت و کاری وەزیری دەکەوێتە دەست بنەمالەی وەکیل.

ئـەم دوو پلەیـە، لـە قۆناغـە جۆربـەجۆرەکانی مێـژوودا جیـاواز بـوون، لـە دوا سـەدەی ژیـانی میرنشینیی ئەردەڵاندا بوون بە میراتگری. بە رواڵەت وا دیارە پلەی وەزارەت لە وەکالـەت بـەرزتر بووە. شایەکانی سەفەوی لە سەردەمی دەسەڵات و هێزیاندا لە هێز و دەسەڵاتی والییەکانیان کەم کردەوە و کردنیان بە نوێنەری خۆیان، جـا دیـارە دەبـوو والییـەکانیش وەزیرەکانیـان بـە نوێنـەری خۆیان دابنێن. ئیتر تیتری وەزیر لە جێگای خۆیـدا نـەبوو. والی نوێنـەری شـا بـوو و جاروبـاریش بیگلەربەگی بوو، وەکیلیش دیارە دەمڕاست و پیـاوی والی بـوو. هـەر کـە سـەفەوییەکان تووشـی کزیی و لاوازیی دەهاتن دیسان میرانی ئەردەڵان بیریان لە سەربەخۆیی جارانیان دەکـردەوە و نـاوی وەزیریش دیسان دەکەوتەوە گەڕ. بە وردبوونەوە لـە دوو وشـەی "وەزیـر" "وەکیـل" بـە درێـژایی مێژووی ئەردەڵان، رادەی دەسەڵات و بەهێزیی و کزیی و لاوازیی فـەرمانڕەوایانی ئـەردەڵانمان بـۆ دەردەکـەوێ. سـەبارەت بـە بنـچینەی بنەماڵـەی وەکیـل کـە کاروبـاری وەزارەت و پێـشکاریی والییەکانیان بـە دەسـتەوە بـوو، مـاە شـەرەف خـانم دەنووسـێ "بنەماڵـەی وەکیـل بـە رەچـەڵەك دەچنەوە سەر یەکێك لە کوڕەکانی زۆراو بـەگی ئـەردەڵان (١٥٨٩-١٥٥٩-٩٤٥-٩٧٥) بـەناوی خالید بەگی میری خۆشناو" . جا لەبەر ئەمە ئەم بنەماڵەیە خۆیـان بـە هاوتـەرازووی والییـەکان دەزانی و دیارە لـە بنەماڵـەکانی دیکـە بـە تایبـەت بنەماڵـەی وەزیـری پاشـتر، نـەجیبتر، مـیرزا عەبدوڵلای مونشی دەنووسێ ئەم بنەماڵەیە زۆرتر لە سێسەد ساڵە لە باوکەوە بۆ کوڕ بـە مـیرات و ماف ئیش و کاری گەورەی وەکالەتیان هەبووە و لە لای هەموو خەڵك خـاوەن رێـز و حورمـەت بوون.

لـە رەوتـی مێـژووی رقەبـەرێ و بەربـەرەکانێ خـاوەن موڵـك و دەرەبەگەکانـدا، کـە لـە دام و دەزگای حکومەتیشدا خاوەن دەسەڵات بوون، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ شەڕ و هـەرا رانـەدەگیرا. ئەم دەسەڵاتدارانە هەمیشە دژ بە یەك و لەسە بەرژەوەندی پـتر، ناکۆکییـان لـە نێوانـدا هـەبوو و لەبەرئەوە گیروگرفتەکان زۆرتر بە چەك چارەسـەردەکران بۆیـە ئـەمانیش گـەلێ جـار وەك دوژمـن دەکەوتنە گیانی یەکتر. زۆربەی زۆری ئەندامانی بنەماڵەی وەکیل لە رەوتی درێژخایـەنی نـاکۆکی و رقەبەریدا لەگەڵ بنەماڵەی وەزیر، کە پاشان دێنە کۆڕی خەباتەوە، بە فیتی ئەوان و بـە دەسـتی والییەکان کوژران و تەفروتوونا کران. جا بۆ ئەوە لە کاروباری بنەماڵەی وەزیـر کـە یـەکێ لـە دوا وەزیرەکانیان ناوەرۆکی سەرەکی ئەم وتارەیە، باشتر تێبگەین ناچارین هـەتا ئـەو رادەیـەی بۆمـان دەکرێ و سەرچاوەکان رێگامان بۆ خۆش دەکەن، لە پێشینەی هەردوو بنەماڵـەی وەکیـل و وەزیـر بکۆڵینەوە. بنەماڵەی وەکیل لە پێـشدا بـە بنەماڵـەی دەروێـش بـەگ دەناسـران، سـەر گـەورەیان خەسرەو بەگ کوڕی دەروێش بەگ کوڕی حوسێن بەگ کـوڕی خالیـد بـەگی بـەناوبانگ بـە مـیری خۆشناو بوو. خەسرەو بەگ میرشکار (سەرۆکی تـاقمی راو و نـچیروانان) ی ئەحمـەد خـانی کـوڕی

سوبحانویردی خانی ئەردەلان بووە. میری رەواندز — پاشا کوێرە — لە بنەچەکەی قەرە حەسەن بەگی برای خالید بەگ، بن ئامۆزای بنەماڵەی وەکیلی سنە بووە.

تیتری وەکیل کە بە واتای نوێنەر و جێنشین و یارمەتیدەرە، ئیش و کاری وەزارەت و پێشکاریی والی بووە هەروەها بەرپرسیی کۆکردنەوەی باج و پیتاك و راوێژکاریی پێی سپێردرابوو و پاش والی، دووەم کەسایەتی وڵات بووە، لە سەرچاوەکانی بەردەستدا، دیار نییە لە چ سەردەمێکەوە ئەم کارە دراوەتە دەستی ئەم بنەماڵەیە. میرزا شوکروڵلا سنەیی، دانەری کتێبی "تحفە ناصریە" بە شك و گومانەوە دەنووسێ تایفەی دەروێش بەگ، لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خان ئەحمەد خانەوە هاتوونەتە سنە و تیتری وەکیلیان پێدراوە، ئەم شك و گومانەی میرزا شوکروڵلا لە جێگای خۆیدا نییە لەوە دەچێ هەر لەو سەردەمەوە (سەردەمی خان ئەحمەد خان) کە خانی ئەردەلان دەبێتە والی ئەردەلان هەرواکە گوتمان وەزیریش دەبێ ببێتە وەکیل. قازی شەریفی ئەردەلانی ناوی دەروێش بەگی لە ریزی ئەو سەرکردە لەشکرییانەوە هێناوە کە شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی داوای لە فەرمانڕەوای ئەردەلان، عەباسقولی خان، کردبوو بۆی بنێرێ بۆ شەڕ لە دژی سەرهەڵداوانی ئەفغان. ئەم دەروێش بەگە دەبێ زۆر بە دەسەڵات و بەهێزی شەڕکەرەکانی پشت ئەستوور بووبێ کە لە پاش عەباسقولی خان، لە دژی جێگرەکەی ئەو واتە عەلیقولی خان راپەری. سەرچاوەی ناوبراو لە باسی فەرمانڕەوایی سوبحانویردی خانیشدا باسی مەحەمەد عەلی بەگی وەکیل دەکا کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و پیتاك بووە، کاتێ نادرشا باج و پیتاکێکی زۆری بەسەر خەڵکی ئەردەلاندا سەپاند و خەڵك لەبەر قورسیی باجەکان نەیانتوانی جێ بە جێی بکەن. نادر، مەحەمەد عەلی بەگی وەکیلی گرت، پێنج هەزار تمەنی (یەك ئەلفی نادری) لێ وەرگرت لە ماڵ و سامان هەرچییەکی هەبوو هەمووی داگیرکرد و لە ئاخریشدا هەردوو چاوی هەڵکۆڵی و کوێری کرد، بەڵام هەمووە ئەمانە بەشی پارەی باجەکەی نەکرد.

یەکەم کەس لەم بنەماڵەیەدا کە جارێ بە بەگ و جارێ بە وەکیل ناوی دەبرێ، ئیبراهیم بەگی کوڕی خەسرەو بەگە. ناوبراو وەکیل و پێشکاری ئەحمەد خانی کوڕی سوبحانویردی خان (١٧٤٥-١١٥٥) بووە. کاتێ خەڵکی سنە و دەوروبەر هەر لەم ساڵەدا تووشی قاتوقڕیی دەبن، ئەحمەد خان، عەمباری دەغڵودانی نادرشا دەکاتەوە و لە نێو خەڵکی برسی و هەژاردا دابەشی دەکا، کە نادر شا بەم کارەساتە دەزانێ، فەرمانی کوشتنی ئەحمەد خان دەردەکات، ئەحمەد خان پێشاوپێش لە فەرمانەکە ئاگادار دەبێ و بەرەو عوسمانی هەڵدێ. نادر شا دێتە سنە و چونکە دەستی بە ئەحمەد خان ناگا، دوازدە هەزار تمەن (پتر لە دوو ئەلفی نادری) لە ئیبراهیم بەگی وەکیل وەردەگرێ.

ئیبراهیم بەگی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حەسەنعەلی خاندا (١١٦١/١٧٥١) هەر وەکیل بووە. کاتێ سلێمان پاشا ئامۆزای میری بابان، سەلیم پاشا لە لای حەسەنعەلی خان دەبێتە پەنابەر، نێوانی ئەردەلاّن و بابان تووشی مەترسی و تەنگ و چەڵەمە دەبێ. سەلیم پاشا داوا لە حەسەنعەلی خان دەکا سلێمان پاشای بۆ بنێرێتەوە، بەلاّم حەسەنعەلی خان گوێی ناداتێ و شەڕ و هەلاّ ساز دەبێ. ئەم شەڕە لە مێژووی کوردستانی باباندا بە شەڕی "دوازدە سوارەی مەریوان" بەناوبانگە. میری ئەردەلاّن بەر لە شەڕەکە کۆڕێکی پرس و مەسلّەحەت پێکدێنێ. لەم کۆڕەدا شێخ وەسیمی مەردۆخی کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامە، مەلا مستەفای شێخەلیسلام باوکی قازی شەریفی ئەردەلاّنی نووسەری "زبده التواریخ"، ئیبراهیم بەگی وەکیل و شێخ جەمالەدین خەتیب مەردوخ، بەشداری دەکەن. ناوبراوان ئەم شەڕە بە باش نازانن و هیچ ئاکامێکی لێ بەدی ناکەن. حەسەنعەلی خان کە زۆر لە خۆی بایی ببوو، بە قسەی ئەمانیش ناکا و شەڕ دەست پێدەکا. ئیبراهیم بەگی وەکیل لە پەناوە خۆی لەگەڵ سەلیم پاشا رێك دەکا و دەبێتە هۆی شکانی حەسەنعەلی خان و لەشکری ئەردەلاّن.

شەڕی وردە دەرەبەگەکانی ئێرانی بۆ بەدەست هێنانی تەخت و تاجی پاشایەتی ئێران، بووە هۆی ئەوە میرنشینی ئەردەلاّنیش پشتی راست بکاتەوە، چونکە لە سەردەمی نادرشادا هەمو هێز و توانای سیاسی و ئابووری خۆی لە دەست دابوو. لەم سەروبەندەدا والی ئەردەلاّن خەسرەو خانی گەورە وا بەهێز دەبێ کە میرزا ئەحمەدی وەزیر پێی دەڵێ دژکار نەماوە و پێویستە بیر لە پادشایەتی ئێران بکاتەوە. خەسرەو خان نەك هەر بیری لە پاشایەتی ئێران نەکردەوە بەڵکوو قسەکەی میرزا ئەحمەدیشی لە بیرکرد و شێلمی کوردستانی لە پاشایەتی گشت ئێران پێ باشتر بوو، گەڕاوە بۆ سنە و رێگای پاشایەتی ئێرانی بۆ بنەماڵەی قاجار خۆش کرد.

ئیبراهیم بەگ، لە سەردەمی حکومەتی خەسرەو خانی گەورەشدا، خاوەن دەسەلاّتی سیاسی و ئابووری بووە. ناوبراو لە کاتی راودا بە دەستی رێگرێك دەکوژرێ. خەسرەو خان لە سەرەتای فەرمانڕەوایی خۆیدا دوو برازای ئیبراهیم بەگی وەکیل بە ناوی خەسرەو بەگ و مێهر عەلی سوڵتان، کە کاربەدەست و لە خاوەن ملّکە بەناوبانگەکانی سنە و زۆر بە دەسەلاّت بوون، کوشت و لە ماڵ و سامان چیان هەبوو داگیری کرد. ئەم دوو برایە حکومەتی خەسرەو خانیان پێخۆش نەبوو. ئەمە سەرەتای رقەبەرێ و نێوان ناخۆشیی هەر دوو بنەماڵەی ئەردەلاّن و وەکیل بوو و دەبێ دەستی بنەماڵەی میرزا ئەحمەدی وەزیریشی تێدا بێ. بەلاّم خەسرەو خان، پاش ئیبراهیم بەگ، کوڕەکەی واتە مەحەمەد رەشید بەگی کردە جێ نشینی بەلاّم مەحەمەد رەشید بەگ قەت کوشتنی خزمەکانی بە فیتی وەزیر و بە دەستی خەسرەو خان لە بیر نەکرد. لە دوای ماوەیەك نێوان خەسرەو خان و مەحەمەد رەشید بە بەگیش تێکدەچێ، ناوبراو ناچار دەبێ لەبەر دەستی

خەسرەو خاندا نەمێنێ و پەنا دەباتە بەر عێلّ و عەشیرەتی لوڕان و پاشان لە لای ئەلّلاّقوی خانی زەنگەنە یەکێ لە دژکارانی خەسرەو خان. لەم سەروبەندەدا، میرزا یوسف کوڕی میرزا عەبدوللاّی وەزیریش لە خزمەتی ئەلّلاّقولی خانی زەنگەنەدا بوو. وەکیل بە شەڕ و تێهەلّچوون هیچی پێنەکرا، لە کاتی شەڕدا دەیگرن و بۆ لای خەسرەو خانی دەبەن. خەسرەو خان لێدەبووری و پێی دەلّێ "وەکیل! کوێر بێ ئەو چاوە تۆ نەبینێ". لە دوای ئەمە کارەکەی جارانی پێدەداتەوە. کوڕەکەشی ئەحمەد بەگ کە گەورە و بەرپرسی عێلّ و عەشیرەتان بوو دەبێ بە حاکمی سونقوڕ. دژایەتی مەحەمەد رەشید بەگ لەگەلّ والی، بوو بە هۆی کزیی و بێ دەسەلاّتی بنەمالّەکەی و تەنانەت کوشتنی زۆربەی زۆری کاربەدەستەکانیان بە دەستی والییەکانی دیکە بە تایبەت ئەمانوللاّ خانی گەورە و رێخۆشکردن بۆ دەسەلاّتداریی بنەمالّەی وەزیری دژیان.

مەحەمەد رەشید بەگی وەکیل، لە سەردەمی دەسەلاّتداریدا، لەگەلّ بنەمالّەی جوامێر ئاغای بابانی، باپیرە هەرە گەورەی نووسەری "سیر الاکراد" عەبدولقادر کوڕی رۆسەمی بابانیدا، خزمایەتی پێکهێنابوو، خوشکی ئەحمەد بەگ کە بە ساحێبقەران بەناوبانگ بووە و لە کوردستانی باباندا بە کاری وەزیرییەوە سەری قالّ بووە، لە کوڕەکەی خۆی فەتحعەلی بەگی، مارە کرد. بەم چەشنە لەم هەرێمەی کوردستانیشدا ببووە خاوەن ناو و نفووز. لە سەردەمی عوسمان پاشادا (١٧٩٠/١٢٠٠) ئەحمەد بەگی ساحێبقەڕان، نێوانی لەگەلّ میری بابان تێکچوو و پەنای بۆ کوردستانی ئەردەلاّن هێنا و لە مالّی خوشکی لە سنە گیرسایەوە. بە گوێرەی نووسینەکانی نووسەری "سیر الاکراد" بنەمالّەی جوامێر ئاغا، لایەنگری دەولّەتی ئێران بە تایبەت شازادە عەباس وەلعەهد کوڕی فەتحعەلیشا، بوون.

کاتێ خەسرەو خان لە دەرباری ئاغا مەحەمەدخانی قاجاردا مالّئاوایی لە دنیا کرد یا بە وتەیەکی دیکە بە قاوەی قەجەری دەرمانخواردیان کرد، حکومەتی کوردستان لە لایەن ئاغا محەمەد خانەوە درا بە لوتفعەلی خانی مامی خەسرەو خان، کە لە خزمەتی شادا بوو، لە سەردەمی ئەم فەرمانڕەوا ئەردەلاّنییەدا، بنەمالّەی وەکیل لەوپەڕی دەسەلاّتداریدا بوون. کاروباری ولاّت هەموو لە دەستی مەحەمەد رەشید بەگدا بوو. لوتفعەلی خان (١٧٩٥/١٢٠٥) کچی خۆی لە مەحەمەد زەمان بەگی کوڕی بچووکی مەحەمەد رەشید بەگ کە لەگەلّ سێ براکەی دیکەیدا واتە فەتحعەلی بەگ، ئەحمەد بەگ و نەسروللاّ بەگ، دایکیان یەك نەبوو، مارە دەکا. میرزا ئەحمەدی وەزیریش کە پیاوێکی هەلپەرست و دووربین دەبێ، کچی خۆی عادلە خانم لە نەسروللاّ بەگی وەکیل، یەکێ تر لە کوڕەکانی مەحەمەد رەشید بەگ، مارە دەکا.

پاش لوتفعەلی خان، حەسەنعەلی خانی کوڕی جێگای گرتەوە. ناوبراو ئەوەندە خۆی بە کاری حکومەتەوە سەرقالّ نەدەکرد، زۆرتر بە نوێژ و رۆژوو راو و سەیرانەوە خەریك بوو، هەموو

دەسەلاتی دابوو بە دەستی مەحەمەد رەشید بەگ و کوڕەکانییەوە. نووسەری مێژووی ئەردەلان، مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا حوسێن، دەنووسێ: حەسەنعەلی خان دەسەلاتێکی زۆری دابوو بە مەحەمەد رەشید بەگ و خزم و کەس و کاری. میرزا ئەحمەدیش لە دەرباری شادا بوو و زۆر کەم دەهاتە کوردستان، بۆیە کاروباری ولات تێکچووبوو.

ئاغا مەحەمەد خانی قاجار شای ئێران (١٧٩٧-١٧٧٩) بە شەڕی داگیرکەرانەی قەلای شیشە لە گورجستانەوە سەری قال دەبێ. حەسەنعەلی خانی ئەردەلانیش لەم شەڕەدا، یارمەتیدەری شای ئێران بووە. شەوێك شای قەجەر بە دەست چەند کەس لە خزمەتکارەکانی خۆی، لە گورجستاندا دەکوژرێ، حەسەنعەلی خانیش لە کاتی شەڕدا بریندار دەبێ و پاش مردنی ئاغا مەحەمەد خان بە برینداری بەرەو شاری سنە دەگەڕێتەوە.

ئەمانوڵلا خانی کوڕی خەسرەو خانیش کە هەر بە منداڵی وەکوو بارمتە لە دەرباری ئاغا مەحەمەد خاندا دەژیا و هاوتەمەن و هاو کایەی بابا خان (پاشان فەتحعەلی شا) ی برازای شا بوو، لەگەڵ سوبحانوێردی خانی ئامۆزای وا دەزانێ حەسەنعەلی خان لە شەڕدا کوژراوە، روو لە شاری سنە دەکا بەشکوو ببێتە میراتگر و جێنشینی باوکی. مەحەمەد رەشید بەگی وەکیل لەم سەروبەندەدا نەخۆش بوو، لەگەڵ ئەمانوڵلا خاندا رێك ناکەوێ. لەو لاشەوە حەسەنعەلی خان بە برینداری دەگەڕێتەوە بۆ سنە، ئەمانوڵلا خان لە بەرانبەر حەسەنعەلی خاندا شتێکی وای پێناکرێ و ناچار پەنا بۆ عەبدولرەحمان پاشای بابان دەبا. میری بابان لەشکرێکی گەورە بە سەرۆکایەتیی سەلیم سێ تەنگە دەنێرێ بۆ یارمەتیدانی. بەلام والی بەغدا ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی دوڵەتی عوسمانیدا نازانێ تەگەرە دەخاتە ناو ئەم یارمەتیدانە. ئەمانوڵلا خان ناچار وازدێنێ و دەچێتەوە بۆ تاران، سوبحانوێردی خانیش داوای لێبووردن دەکا لە حەسەنعەلی خان و لە سنە دادەنیشێ.

پاش مردنی مەحەمەد رەشید بە، کوڕە گەورەکەی، فەتحعەلی بەگ کاروباری وەکالەت بە دەستەوە دەگرێ. حەسەنعەلی خان کە هاتە سەر دەور، مەحەمەد زەمان بەگ برا بچووکی فەتحعەلی بەگ و مێردی خوشکی دەکاتە وەکیل و پێشکاری ولات. هۆی ئەم گۆڕانکارییەشی وا دەردەخست چونکە مەحەمەد زەمان بەگ لە دایکەوە نەجیبە. ئەم رووداوە دەبێتە هۆی کێشە و هەرایەکی گەورە. فەتحعەلی بەگ و دوو براکەی دیکەی ئەحمەد بەگ و نەسروڵلا بەگ بۆ شکات لە حەسەنعەلی خان دەچن بۆ تاران. خەڵکێکی زۆریش لەگەڵ خۆیان دەخەن. میرزا ئەحمەدی وەزیر و میرزا یوسفی برای ئەم هەلە بە هەلکەوت دەزانن و دەبنە پشتیوانی خەڵکە ناڕازیەکە. ئەم کارەی حەسەنعەلی خان بوو بەهۆی لێخستنی خۆی و تەفروتوونا بوونی بنەماڵەی وەکیل بە دەستی ئەمانوڵلا خان.

فەتحعەلیشا کە دیتی خەڵکی کوردستان لە حەسەنعەلی خان نـاڕازین بـانگی کـردە تـاران بـۆ لێپرسینەوە. نووسەری "حدیقە ناصریە" دەنووسێ، حەسەنعەلی خانە بیست هـەزار تمـەن دەداتـە دەستی ئەمانوڵلا خان بیدا بە شا و تکـای بـەردەوامی حکومەتەکـەی بـۆ بکـا، ئـەمانوڵلا خـان دەچێتە لای میرزا ئەحمەدی وەزیر و کارەساتی بۆ دەگێڕێتەوە. مـیرزا ئەحمـەد پێـی دەڵـێ تـۆ بـۆ خۆت لە هەموو کەس زیاتر شیاوی حکومەتی کوردستانی، ئەم پارە بە ناوی خۆتەوە بـدە بـە شـا و حکومەت بۆ خۆت وەربگرە.

دۆستایەتی کۆن و بەرتیلی زۆر و پشتیوانی کردنی میرزا ئەحمەدی وەزیـر لـە ئـەمانوڵلا خـان هەروەها ناڕازی بوونی خەڵك لە حەسەنعەلی خـان، بوونـە هـۆی ئـەوە فەتحعەلیـشا، حەسـەنعەلی خان و زاواکەی (مـەحەمەد زەمان بەگی وەکیل) بە فیتی میرزا ئەحمـەدی وەزیـر، زینـدانی بکـا و ئەمانوڵلا خان بکات بە والی کوردستان. نووسەری مێـژووی ئـەردەلان، مـەلا ئیـسماعیل کـوڕی مەلا حوسێن، کە بە قسەی خۆی لە هـەموو کاتێکـدا لـە خزمـەتی ئـەمانوڵلا ئـەمانوڵلا خانـدا بووە، دەنووسێ: "هەر کە بوو بە والی کوردسـتان هـەموو کـاتی خـۆی تـەرخانی گـۆڕینی داب و نەریتی رابردوو دەکـرد و دەبـوو هـەموو کارەکـانی ولاَت بـۆ خـۆی جـێ بـەجێ بکـاو هـەر خـۆی وەلاَمدەری خەڵکیش بێ". بەلاَم والی بێ پرس و مەسڵەحەتی میرزا ئەحمەی وەزیر هیچ کـارێکی نەدەکرد.

بنەماڵەی وەکیل و لایەنگرەکانیان نەیاندەتوانی بچنە ژێر باری ئەم بارودۆخە و دەستیان کـرد بە دژایەتی. لەم کاتـەدا مـاڵی سـەید مـەحموودی شێخەلئیـسلام و سـەید زەکـی ببـووە ناوەنـدی دژکارانی ئەمانوڵلا خان، مەلا ئیسماعیلی نـاوبراو دەنووسـێ، پـاش ماوەیـەکی کـەم، کـەس لـە خزمەتی والیدا نەما، هەموو لەگەڵ کوڕانی مەحەمـەد رەشـید بـەگ کـەوتن. و داوای والییـەکی تازەیان دەکرد. میرزا ئەحمەدیش کە لەگەڵ والیدا بوو، لە خەڵك تۆرا و بۆ تاران رۆشـت. خـەڵکی شار وا بوون بە دژی والی تەنانەت کڕین و فرۆشتنیـشیان لێ قەدەغـە کـرد. ئـەم هەرایـە وا والی تووشی کێشە کرد گوڵێ خانمی دایکی کە بە گـوڵێ هـەورامی بـەناوبانگ بـوو، بـە قورئانێکـەوە دەنێرێتە ماڵی سەید مەحموودی شێخەلئیسلام و سوێند دەخوا و بەڵێن دەدا لەمەولا بە بێ پـرس و مەسڵەحەت لەگەڵ وەکیلەکان دەست بـە کارێکـەوە نـەدا. شێخەلئیـسلام و کوڕەکـەی و چـەند کەسێك لە نوێنەرانی خەڵك بۆ شکات دەچن بۆ تاران. بە دوای ئەواندا، ئـەمانوڵلا خـانیش چـەند کەسێك بە سەرۆکایەتی مەحەمەد ئاقای باپیری ماە شەرەف خانم "مستورە کردستانی" بە پـارە و دیارییەکی زۆرەوە دەنێرێتە دەرباری شا، پاش لێپرسینەوە و بگرە و بەردەیەکی زۆر، فەتحعـەلی شا، خەڵکە ناڕازییەکە دەداتەوە بە دەستی ئەمانوڵلا خان و پێی دەڵـێ بەشـکوو رازییـان بکـات.

ئەمانوڵلاَ خان لە پەناوە ئیزنی ئەوەشی وەرگرت کە بە قسەی خۆی دەبێ ئەم ئاژاوەچییانە ئەدەب بکا.

دژکاران دەیانزانی ئەمانوڵلاَ خان وا سووك و ئاسان وازیان لێ ناهێنێ، لەو لاشەوە دەربار بە باشیی دەمچەور کرابوو، ئیتر پشت و پەنایەکیان نەما بوو، هێندێکیان بڕیاریاندا نەگەڕێنەوە بۆ سنە و چوونە کرماشان. بەڵام شێخەلئیسلام و کوڕەکەی گەڕانەوە. ئەمانوڵلاَ خان هەردووکیانی کوشت. هۆی کوشتنەکەیانیشی وا بۆ دەوڵەت نووسی کە گوایە " ئەمانە لەبەر دەمارگیریی ئایینی، خوازیاری ئەوە بوون خەڵکی هەرێمی کوردستان لا بدەنە لای عوسمانییەکان". پاشان بیر لە کوشتنی برایانی وەکیل دەکاتەوە. بەڵام ناوێرێ لە لای کەس بیدرکێنێ. ئەم بڕیارەی تەنیا لە لای میرزا عەبدولکەریمی کوڕی میرزا یوسف (لە بنەماڵەی وەزیر) درکاندبوو. بەڵام بە رواڵەت فەتحعەلی بەگی کوڕی مەحەمەد رەشید بەگی کردە وەکیل و وەزارەتیشی دا بە میرزا عەبدوڵلای کوڕی میرزا ئەحمەدی وەزیر. ئاخری والی شەوێك بە ناوی یاری کردن و کۆبوونەوە، برایانی وەکیل بانگ دەکاتە لای خۆی و لەو لاشەوە بە پیاوکوژەکانی رادەسپێرێ لە هەلێکی دیاریکراودا هەر چوار براکانی وەکیل بگرن و بیانکوژن. بەم چەشنە لە ساڵی ١٨٠٧/١٢١٧دا، ئەمانۆڵلاَ خانی والی هەر چوار برایانی وەکیلی کوشت و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی وەکیل تووشی ئازار و مەینەتی زۆر دەکا، ماهرۆخ خانمی هاوسەری مەحەمەد رەشید بەگ ناچار دەبێ مجمعەیەکی پڕ لە زێڕ و شتی بە قیمەتی بایی پەنجا هەزار تمەنی ئەو کاتە و بیست هەزار تمەن ئەشرەفی لەگەڵ قورئانێکدا دەنێرێ بۆ ئەمانوڵلاَ خان و دەڵێ لەمە زیاتر شتێکمان نیە ئیتر وازمان لێ بێنە.

ئەمانوڵلاَ خان نامەیەکی بۆ میرزا ئەحمەدی وەزیر نووسی کە "وەکیل و براکانیم کوشت، ئەگەر جاران نەسروڵلاَ بەگ زاوت بوو، ئێستا خۆم جێگاکەیم گرتۆتەوە و کڕیاری کچەکەتم، بەرپرسیی و کاری گەورەش دەدەم بە کوڕەکانت. ئێستا ئەم کارەساتە قەوماوە و کوژراوەکان زیندوو نابنەوە، وا باشە لە خزمەت بەڕێوەبەرانی دەوڵەتدا بە باشیی چارەسەری بکەی". دوازدە هەزار ئەشرەفیش دەنێرێ کە پێشکەشی شای بکا.

عادلە خانم کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر، دەزگیرانی نەسروڵلاَ بەگی وەکیل بوو و هێشتا نەگواسترابووەوە، ئەمانوڵلاَ خانی والی نەسروڵلاَ بەگی کوشت و دەزگیرانەکەی واتە عادلە خانمی لە خۆی مارە کرد.[1] خەسرەو خانی ناکام کوڕی ئەو و ئەم عادلە خانمەیە.

١- ب. ئی . سۆن دەنووسێ عادیلە خانم، کچی ئەمانوڵلاَ خان بووە دیارە مەبەستی ئەمانوڵلاَ خانی والی ئەردەلانە. ی. ئی . ڤسیلیەڤاش، عادیلە خانمی هاوسەری پاشای جاف و عادیلە خانمی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر و ژنی ئەمانوڵلاَ خانی گەورە بە یەك دەزانێ. ئە قسەکەی سۆن و نە هی ڤاسیلیەڤا هیچیان راست نین. چونکە ئەمانوڵلاَ خانی والی و عوسمان پاشا هاوچەرخ نەبوون، عادێلە خانمی عوسمان پاشای جاف کچی ◄◄

له سەردەمی ئەمانوڵلاّ خانی گەورەدا کوڕەکانی میرزا ئەحمەدی وەزیر بوونە کاربەدەست و بەرپرس. کاری وەکالەتیش لە رەنگ و رواڵەت کەوت. نووسەری "سیر الاکراد" دەنووسێ (له سەردەمی ئەمانوڵلاّ خاندا) کاری وەکالەت درابوو بە دەستی مەحەمەد رەحیم بەگ یەکێ لە ئامۆزاکانی وەکیل (کوژراوەکان) بەلاّم ئەم کارە هەر بە ناو و رواڵەت بوو و بێ بناغە و بنچینە، وەکیلیش دەسەلاّتی هیچ کارێکی نەبوو و هەر لە کاتی کۆبوونەوەدا لە شوێنی وەکیلیی دادەنیشت، پاش یەك دوو ساڵ والی ئەویشی وەبەر شیردا.

نووسەری "تحفه ناصریه" دەنووسێ، لە ساڵی ١٢٢٢/١٨١٢، رەحیم بەگی وەکیل و چەند کەس لە خزمەکانی ئەمانوڵلاّ خان، پیلانێك دەگێڕن کە رۆژێك گەلەکۆمە لە خان بکەن و بیکوژن و تاوانی کارەکە بخەنە ئەستۆی ئەسکەندەر سوڵتانی هەورامی کە لە زیندانی عەمارەتی والیدا بوو. میرزا لوتفوڵلاّی برای میرزا ئەحمەدی وەزیر کوڕی میرزا عەبدوڵلاّی یەکەم و مامی دایکی ماه شەرەف خانم "مەستوورە ی کردستانی" بەم پیلانە دەزانێ و والی ئاگادار دەکا.

والی هەموویان دەگرێ و بەسەرهاتی کارەساتەکە بۆ دەرباری شای ئێران دەنووسێ، فەتحعەلی شا خان ئەحمەد خان ئەندامی بنەماڵەی ئەردەلاّن لە کوشتن رزگار دەکا و دەڵێ ئەم پیلانە دەبێ لە ژێر سەری مەحەمەد رەحیم بەگی وەکیلدا بێ. بە قسەی مەلا ئیسماعیلی ئەردەلاّنی والی، خان ئەحمەد خانی لە زیندان بەردا و ئەمری کرد مەحەمەد رەحیم بەگی وەکیل و هەموو خزمەکانی لەناوبەرن، لەم تایفە کە بە دەروێش بەگ بەناوبانگ بوون جگە لە منداڵەکانیان کە هیچ کارێکیان پێنەدەکرا، تاقە کەسیانی نەهێشت، ئەم کارەساتە بۆچوونەکەی گ. مارتینس رۆژهەلاّتناسی ئەڵمانی دێنێتەوە بیر کە دەڵێ بەهێزترین سەردار ناتوانێ گیان و ماڵی بپارێزێ، وەك خوارترین مرۆڤی کۆمەڵگا قەمچی کوژ دەکرێ، لەشی بریندار و نوقسان دەکەن، ژن و کچیشی دەبنە قوربانی دەسەلاّتدارانی لە خۆ گەورەتر.

مەلا ئیسماعیل دەنووسێ پاش لەناوبردنی ئەم ئاژاوەچیانە، ناوبانگ و دەسەلاّتی ئەمانوڵلاّ خانی گەورە بە چەشنێ بەرز و بلاّو ببوەوە کە سوڵتانی رۆم و قەڕاڵی فەرەنگ و پادشای هێند

---

عەبدولقادر کوڕی رۆسەمی بابانی نووسەری کتێبی سیر الاکراد. بەلاّم لە دایکەوە لە وەکیلەکانی سنەیە. لەبەرئەوە عادێله خانمی عوسمان پاشای جاف لە سنە هاتوەتە دنیاوە و لەوێ و لە ماڵی خاڵۆانی (وەکیلەکان) گەورە ببوو زۆرتر بە سنەیی دەناسرا و لە باری سیاسیشەوە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەرا و کێشەی سنووردا بەردەوام لایەنی دەوڵەتی ئێرانی دەگرت. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر عادێله خانم، سەیری کتێبەکانی مێجەرسۆن و س. ج. ئێدموندز بکەن.

نامەیان بۆدەنووسی[1]. ئێمە بە چاوی خۆمان دیمان کە لە چینەوە کاسەی چینیان دەهێنا، نەقش و نیگاری ئەمانۆڵڵا خانی والی پێوە بوو. لە ولاتی ئینگلتەراوە دەمانچە دەگەیشت، ناوی ئەمانۆڵڵا خانی گەورەی لەسەر هەڵکەندرابوو. ك. ج. ریچ و سێرجۆن مالکۆلم چاویان بە دەربار و بارەگای ئەمانۆڵڵا خان کەوتووە و لە بەرهەمەکانی خۆیاندا باسیان کردووە. هەر ئەم ئەمانۆڵڵا خانە بوو نوسخەیەکی شەرەفنامەی بە دیاری دا بە سێرجۆن مالکۆلم و بۆ یەکەم جار ئەوروپییەکان بوون بە ئاشنای شەرەفنامە.

کوڕەکانی میرزا ئەحمەد هەر کام بوون بە خاوەن کار و شوغلێك. میرزا عەبدولکەریم کوڕی میرزا یوسف کە برازای میرزا ئەحمەد بوو، بوو بە پیاوی والی هەتا ئەو رادەیە کە کەس لە بارەگای والیدا بە قەد ئەو بەڕێز و حورمەت نەبوو، والی زۆرتر رووی قسە و پرسیار وەلامی لە ئەو بوو.

ئەمانوڵڵا خان کچی فەتحعەلی شا، حوسنی جیهان خانمی بۆ کوڕەکەی خەسرەو خان کە لە مەحەمەد حەسەن خانی کوڕی تری بچووکتر بوو، خوازبێنی کرد. دایکی خەسرەو خان، کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر بوو بە بنچینە نەجیب و میرزا ئەحمەدیش چ لە بارەگای ئەمانوڵڵا خاندا و چ لە دەرباری شای ئێراندا خاوەن دەسەلات و نفووز بوو، بەلام دایکی مەحەمەد حەسەن خان ئافرەتێکی ئاسایی و لە بنەماڵەیەکی نەجیب نەبوو. مەحەمەد حەسەن خان باوکی ئاگادار کرد کە بە لای باوکەوە کوڕی بچووك لە کوڕی گەورە رێزدارتر نییە و ئەم خوازبێنییە منی لە هەستی باوکانە سەبارەت بە خۆم دڵسارد و نائومێد کردووە. هەرچی باوکی ئامۆژگاری و دڵخۆشیی کرد، تەنانەت لە لایەن دەوڵەتیشەوە نامەیان بۆ نووسی، هەر وازی نەهێنا و لە باوکی یاخی بوو. مەحەمەد حەسەن خان هۆی بنەڕەتیی ئەم بارودۆخەی لە خاڵوانی براکەی واتە بنەماڵەی وەزیر دەدی و دەیوت هەرچی لە خزمەت باوکمدا داوام کرد واز لە کوڕانی میرزا ئەحمەد بێنیّ، قبووڵی نەکرد، لەسەر خواستی ئەوان دەیەویست برا بچووکەکەم لە من رێزدارتر بیّ، هەتا کار بەم جێگایە گەیشت.

مەحەمەد حەسەن خان، هێزێکی لە خاڵوان و خزمانی دایکیی خۆی و هەرچی نەیاری باوکی بوو، کۆکردەوە و کەوتە تالانکردنی ماڵ و مڵکی باوکی و ماڵی تالانی لەناو هێزەکانیدا دابەش دەکرد. ئەمانوڵڵا خان کە دیتی کار لە کار ترازاوە، لەشکرێکی بۆ شەڕ لەگەڵ کوڕەکەی ئامادە کرد. لەو لاشەوە شازادە مەحەمەد عەلی میرزا، حاکمی کرماشان، رقەبەریّ و کۆنە قینی لە

[1] - میرزا مونشی دەقی نامەیەکی ئەکبەر شا، پادشای هیند بۆ ئەمانۆڵڵا خان، لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە، سەیری حدیقه امان اللهی، ل. ٤٩ بکەن.

ئەمانۆڵلا خان هەبوو، دەنەی مەحەمەد حەسەن خانی دەدا. شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەی ڕەوانسەر (گوندی نارواوێ) لە نێوان باوك و کوڕدا هەڵایسا. لەمبەر و لەوبەر کە زۆربەیان باوك و فرەزەند و خزمی یەکتر بوون، ژمارەیەکی زۆر کوژران. کەسایەتییە ناودارەکانی بنەماڵەی وەزیر کە زۆربەیان قەڵەم بە دەست بوون و سیاسەتمەدار، شیریان بە دەستەوە گرت و لە ریزی شەڕکەراندا شەڕیان کرد. میرزا عەبدوڵلا کوڕی میرزا ئەحمەد لەم شەڕەدا کوژرا، میرزا عەبدولکەریم و میرزا عەبدولکەریم و میرزا فەرەجوڵلای وەزیر کە هەردوو ئامۆزا بوون لە گەرمەی شەڕدا بوون، میرزا عەبدولکەریم بریندار دەبێ، میرزا لوتفوڵلای ئامۆزای گورج هەڵی دەگرێ و لە مەیدانی شەڕ دووری دەکاتەوە و چونکە شارەزای نەشتەرگەریی و برینپێچیی بووە، میرزا عەبدولکەریم لە مردن رزگار دەکا و بۆ تۆڵەکردنەوەی برینداریی و کوژرانی خزمەکانی لە پەنایەکەوە خۆی لە مەحەمەد حەسەن خان دادەگرێ و بە گولەیەك دەیپێکێ و برینداری دەکا، پاشان مەحەمەد حەسەن خان لەبەر قووڵی ئەم برینە کۆچی دوایی دەکا (١٨٢٥/١٢٣٥). ئەمانوڵلا خان پاش مردنی کوڕەکەی تووشی دەرد و ئازارێکی زۆر بوو و بۆ ماوەیەك بە تەواوی مێشکی تێکچوو.

ڕۆژێك لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا روو لە میرزا لوتفوڵلای ناوبراوا دەکا و پێیدەڵێ میرزا ئەم فوارە دەڵێ چی؟ ئەویش دەڵێ قوربان نازانم. ئەمانوڵلا خان دەڵێ ئەم فوارە بە زمانی بێ زمانیی دەڵێ ئاخ رۆڵە! ئاخ رۆڵە! میرزا لوتفوڵلا دەڵێ قوربان ئەمە چ فەرمایشتێکە دەیکەن، ئەگەر وا نەبووایە ئێستا ئەم فوارە دەیوت ئاخ والی! ئاخ والی! ئەمانوڵلا خان نەختێ بێدەنگ دەبێ پاشان دەڵێ قەحبە دایك هەستە لەبەر چاوم ونبە خوێنم قولپ ئەدا. میرزا لوتفوڵلا زوو تێدەگا و لە شاری سنەوە بەرەو سلێمانی هەڵدێ. هەرچی خزم و کەس و کاری هەولێیان بۆدا کەڵکی نەبوو. هەتا والی مابوو نەگەڕاوە بۆ سنە. لە سلێمانی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کاروبارێکی باشیان بۆ دابین کرد. ئەم میرزا لوتفوڵلایە کوڕی میرزا عەبدوڵلای دووەمی وەزیر بوو.

ئەمانۆڵلا خان لە پاش کارەساتی کوژرانی کوڕەکەی و نەخۆشیەکە خۆی، دەکەوێتە بیری نەخشەدانانی تۆڵە ئەستاندنەوە لە بنەماڵەی وەزیر. بە گوێرەی نووسینەکانی نووسەری "سیر الاکراد" خان دەیەویست کوڕەکانی میرزا ئەحمەد تەفروتوونا بکا بەلام مردن کارەکەی لێ تێك دا.

لە پاش ئەمانۆڵلا خان، کوڕەکەی خەسرەو خان جێگەی گرتەوە، هەروا کە ئاماژەمان پێکرد دایکی خەسرەو خان، عادلە خانم لە بنەماڵەی وەزیری بوو، شاعیرانی سەردەم بە شای کوردان ناویان بردووە، نووسەری "تحفه ناصریه" دەنووسێ لەناو خەڵکدا بە "قائان کوڕی جەنگیز" بەناوبانگ بووە. ماوەی فەرمانڕەوایی خەسرەو خان کورت بوو (دە ساڵ) لەم سەردەمەشدا برینی کوژرانی مەحەمەد حەسەن خان بە دەستی یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەی وەزیر، هێشتا سارێژ

نەبوو بنەماڵەی ناوبراو لە مەترسیی تۆڵە ئەستاندنەوەی ماڵی والیدا بوون. سەرەڕای ئەمانە، میرزا فەرجوڵڵای وەزیر کوڕی میرزا ئەحمەدی وەزیر، بەرپرس و کاربەدەستی وڵات بوو.

ماه شەرەف خانم "مستورە کوردستانی" سەبارەت بە خەسرەو خانی ناکام کە پاشان دەبێ بە هاوسەری، دەنووسێ، لە سەرەتای فەرمانڕەواییەکەیدا لەبەرئەوە گەنج و بێ ئەزموون بوو لەگەڵ برا و خزمەکانیدا ئاکارێکی باشی نەبوو. بۆ نموونە باپیر و باوك و مامەکانی منی بە بێ تاوان گرت و سی هەزار تمەنی جەریمە کردن. بنەماڵەی وەکیلیش تووشی زەخت و بێ دەرەتانیی دەبن.

لە کاتی شەڕەکانی رووسیا لە دژی ئێران کە پاسکێویچ سەرکردایەتی دەکرد، رووسەکان چەند ناوچەیەکی خاکی ئێرانیان داگیر کرد، ئەکبەر بەگ کوڕی مەحەمەد زەمان بەگی وەکیل کە شاعیر دەبێ و نازناوی شیعریی ئەکبەر بوو، و چەند کەسێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بڕیار دەدەن بچنە لای سەرکردەی رووس و ببن بە پەنابەر. لەناو ئەم چەند کەسەدا شاعیری بەناوبانگ حوسێنقولی خانی کوڕی ئەمانوڵڵا خان بە نازناوی حاوی و پورزای ماه شەرەف خانم کە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، لەو سەردەمەدا تازە لە حکومەتی ئەسفەن ئاوا وەلانرابوو، بەشدار بوو، شۆفارەکان والییان لە کارەسات ئاگادار کرد، والی هەموویان دەگرێ یەك لەوانە باوکی ماه شەرەف خانم. پاش ئەوە پارەیەکی زۆریان لێ وەردەگرێ لە مەڕ باوکی ماه شەرەف خانیشەوە، شەرتی بەردانی بە مارەکردنی ماه شەرەف خانم لە خۆی دەبەستێتەوە.

پاش خەسرەو خان، کوڕە گەورەکەی واتە رەزا قولی خان جێگای گرتەوە، لەبەر کەمتەمەنیی دایکی، حوسنی جیهان خانم، کە کچی فەتحعەلی شا، شای ئێران بوو بە ناوی کوڕەکە کاروباری حکومەتی بە دەستەوە گرت، والی کە گەورە دەبێ، دایکی، کچی شا عەباس میرزای وەلیعەهد و خوشکی مەحەمەد شای بۆ خوازبێنی دەکا، حوسنی جیهان خانم ئافرەتێکی دەسەڵاتخواز و زۆر بە دەعیە بوو، رازی نەبوو واز لە دەسەڵات بێنێ و کوڕەکەی سەربەخۆ خەریکی کاروباری حکومەت بێ، لەسەر ئەمە نێوان دایك و کوڕە تێك چوو، هەلپەرستان ئەم هەلەیان قۆستەوە، کۆمەڵێك لایەنی حوسنی جیهان خانمیان گرت و ژمارەیەکیش لە دەوری رەزا قولی خان کۆبوونەوە. لەم بگرە و بەردەیەدا میرزا ئایەتوڵڵای وەزیریش، لایەنی والیە واتە حوسنی جیهان خانمی گرت. وەزیری ناوبراو لە هەمان کاتدا شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووش بوو.

لە ساڵی (١٨٦٥/١٢٧٥) مەحموود پاشای بابان لەبەر کێشە و هەرای ناوخۆیی، خۆی و هەزار بنەماڵەی بابانی، پەنا بۆ رەزا قولی خان دێنێ. لە لایەن حکومەتی ناوەندیی ئێرانەوە بە رەزا قولی خان ئەمر دەکرێ یارمەتی مەحموود پاشا بدا و حکومەتەکەی بۆ وەرگرێتەوە. میرزا هەدایەتوڵڵا وەزیر بۆ تێکشکانی والی هەلی دەست دەکەوێ، عەبدوڵڵا پاشای میری بابان ئاگادار دەکا کە من چی شەڕکەر و دلێرە لە لشکری والی دوورم کردوەتەوە و بە هەموو شێوەیەك



٤

بنچینەی شکستی لەشکری والیم ئامادە کردووە تۆ چاوەڕوانی دەنگ و باسی ئێمە بە. ئەم خەیانەتە دەبێتە هۆی تێکشکانی والی رەزا قولی خان ناچار دەبێ میرزا عەبدولمەجید کوڕی میرزا لوتفوڵلا کوڕی میرزا عەبدوڵلای وەزیر کە شاعیرێکی بەناوبانگ بووە بە نازناوی شیعریی مەجید و لە خزمەتی خەسرەو خاندا زۆر بەڕێز بووە. پیاوێکی لێهاتوو و قسەزانیش بووە دەنێرێتە دەرباری شا بۆ باسی شەڕەکە و چۆنیەتیی شکانی لەشکری ئەردەڵان هەروەها داوای لێبووردن لە شا. بەڵام شا کە زۆر تووڕە بووە ئەمر دەکا میرزا عەبدولمەجید بێ لێپرسینەوە بکوژن (١٨٦٥/١٢٧٥).

پاش ئەم کارەساتە رەزا قولی خان وەلا دەنرێ و براکەی ئەمانوڵلا خان بەناوبانگ بە غولام شا خان جێگای دەگرێتەوە. ئیتر رقەبەرێ نێوان شازادە ئێرانییەکان لە لایەك و کەس و کاری والی لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی کزیی و لاوازی حکومەتی میرنشینی ئەردەڵان، لەم ناوەشدا بنەماڵەی وەکیل زۆرتر لایەنی رەزا قولی خان دەگرن و بنەماڵەی وەزیریش دەبنە لایەنگری غولام شا خان. ئەم بارودۆخە هەروا بەردەوام بوو هەتا حکومەتی ناوەندی تاران بڕیاری دا بە کۆتایی هاتنی بنەماڵەی ئەردەڵان لە میرنشینی ئەردەڵان (١٨٧٤-١٢٨٤).

هەروا کە لەم وتارەدا دیتمان دەوری وەزیر لە کارەساتەکانی میرنشینی ئەردەڵان یەکجار گرنگ و دیار بووە.

بنەماڵەی وەزیر، بە رەچەڵەك کورد نین و دەچنەوە سەر کەسێك بە ناوی خواجە ئیبراهیم کوڕی خواجە یوسفی بەزاز (کوتاڵ، قوماش فرۆش) کە لە ساڵی ١٠٢٢ دا هەڵۆ خان، لە ئێسفەهانەوە هێنایە قەڵای حەسەن ئاوا، ئەم بنەماڵەیە لە جووەکانی ئێسفەهان بوون، خواجە ئیبراهیم لەبەر شارەزایی لە نووسین و حیساب و بازرگانی و بە گشتی کارگێڕی و حیساباتی ماڵ و ملك، هەڵۆ خان لە دام و دەزگای خۆیدا دایمەزراند. پاشان لە سنە بوون بە خاوەن ملك، بۆ هەموو جێگایەك پەلیان هاویشت و بە هەر شێوەیەك خەیانەت بێ یا بە پولیتیك، توانییان هەموو دژەکانی خۆیان بنبڕ بکەن و بگەنە بەرزترین پلە و پایە و گەورەترین دەرەبەگی ناوچەکە. ئەمانە بە تەواوی هێزیانەوە هەوڵیان داوە بنە و بنەچەکەی خۆیان بشارنەوە و خۆیان بە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە، بە خەڵك بناسێنن، کاتێ میرزا عەبدوڵلا کە بە کۆڵەڕەق بەناوبانگ بوو، بوو بە خاوەنی گوندی "سوورازە" لە نزیك شاری سنەوە، ناوبانگی "سوورازەیی" یان بۆ خۆیان ساز کرد. بنەماڵەی وەزیر لە ڕێگای ژن و ژنخوازیشەوە لەگەڵ زۆربەی بنەماڵە رەسەن و کاربەدەستەکانی ناوچەدا بوون بە خزم و لەم ڕێگایەوە رادەی سنووری نفووز و دەسەڵاتی خۆیانیان بەرینتر کرد. یەکەم کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە نازناوی میرزایان هەبووە کە نازناوێکی رێزلێنانە بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندەوارییان هەیە، ئەم نازناوەیان هەتا ئەو سەردەمە

که باو بوو راگرت پاشان که ماڵ و مڵکیان زۆر بوو و چوونە ریزی دەرەبەگەکانەوە وازیان لێ هێنا و لە خۆیان کردەوە و بوون بە خاوەنی نازناوی خان.

سەردەمی گەشەکردنی کاروباریان لە زەمانی فەرمانڕەوایی ئەحمەد خانی ئەردەڵان (١١٥٣) ەوە دەست پێدەکات، لەم کاتەدا میرزا عەبدوڵڵای یەکەم، بە هۆی خوێندەواری و خەت خۆشی و لێهاتووییەوە، دەبێتە یەکێ لە کەسایەتییە پایە بەرزەکانی دەرباری خانی ئەردەڵان و لە سەردەمی خەسرەو خانی گەورەشدا دەبێتە وەزیر. ئەم سەردەمە لە مێژووی ئەردەڵاندا، سەردەمێکی یەکجار ئاڵۆز و سەیرە. ئەحمەد خانی ئەردەڵان لە ترسی نادر شا بەرەو وڵاتی عوسمانی هەڵات، ئیبراهیم بەگی وەکیل بە دەستی نادر شا ماڵ وێران بوو و سەروەت و سامانی لە کیس چوو، خەڵکی ناوچەکەش لە ژێر قورسایی باج و پیتاکی نەگونجاوی نادردا پشتیان چەمابووەوە و بە هەژاریی دەژیان، سوبحانوێردی خانیش کە لە دوای کوڕەکەی (ئەحمەد خان)، نادر شا دیسان کردیەوە بە میری ئەردەڵان، زۆر بە دەسەڵات و بە توانا نەبوو، کۆمەڵێك ئۆزبەك و ئەفغان لە سەرباز و دەست و پێوەندیەکانی نادرشا کە بە زۆرەملێی لە شاری سنەدا سەقامگیربوون دانیشتووانی شارەکەیان بە ئامان هێنابوو، بە گشتی بۆشاییەکی دەسەڵات پەیدا ببوو، میرزا عەبدوڵڵا بە لێهاتوویی خۆی توانی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و بەم چەشنە بنەماڵەکەی خستە سەر شاڕێگەی ناو و پلە و پایە.

یەك لە کەسایەتییە هەر بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە، حاجی میرزا ئەحمەد راوێژکار و کاربەدەستی سەردەمی خەسرەو خانی گەورە بوو. میرزا عەبدوڵڵای دووەمیش کوڕی میرزا ئەحمەد بوو. نووسەری "حدیقە امان اللهی" میرزا عەبدوڵڵا مونشی دەنووسێ" میرزا عەبدوڵڵا قسەزان و رەوانبێژ بوو و بە قۆزیی بەناوبانگ، لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیداپادشای ئێران، فەتحعەلی شای قاجار وەك نوێنەری تایبەت و باڵیۆز ناردی بۆ دەرباری قەیسەری رووس. میرزا عەبدوڵڵا ئەم ئیشەی بە سەربەرزی تێپەڕاند" . هەروا کە ئاماژەمان بۆ کرد میرزا عەبدوڵڵا لە شەڕی مەحەمەد حەسەن خانی کوڕی ئەمانوڵڵا خاندا کوژرا. لەم بنەماڵەیە گەلێك شاعیر و نووسەر دەرکەوتوون وەك میرزا فەتحوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر نازناوی شیعریی "خوڕەم" بووە. لە پێشدا لە خزمەتی ئاغا مەەمەد خانی قاجاردا بووە پاشان چوەتە لای لوتفعەلی خانی زەند و دەڵێن بە دنەدانی ئەو لوتفعەلی خان لەگەڵ ئاقا مەحەمەد خاندا بە شەڕ هاتووە، پاش شکانی خانی زەند، میرزا فەتحوڵڵا پەنای بردۆتە بەر مەرقەدی شاچرا لە شیراز، ئاقا مەحەمەد خان لێی قبووڵ نەکردووە و فەرمانی داوە هەردووچاوی هەڵکۆڵن، شاعیر ماوەی سی ساڵ بە کوێری هەر ژیا لە ساڵی ١٢٣٩/١٨٢٩دا مرد. قەسیدەیەکی بەرزی هەیە کە یەکەم تاکی مێژووی دەستپێکردنی بنای مزگەوتی دارلئیحسانە ئەویتر مێژووی تەواوبوونی. ئەم قەسیدەیە بە

ئەمری ئەمانوڵڵا خان لەسەر بەد هەڵیانکەندووە و ئێستا لە مزگەوتی ناوبراودا هەیە. هەروەها ئەفسەر، میرزا مورتەزا قولی کوڕی میرزا عەبدولکەریمی موعتەدوئەیالەیە. میرزا عەبدولباقی کوڕی میرزا مەحەمەد حوسێن کوڕی میرزا عەبدوڵلاش کە کوڕە پووری میرزا عەبدوڵلای مونشی نووسەری حدیقه امان اللهی و باوکی ماه شەرەف خانم بووە. (١٨٣٤/١٢٤٤) مردووە و نازناوی شەیدا بووە.

یەکێکی تر لە کەسایەتییە هەر بەناوبانگەکانی بنەماڵەی وەزیر، کە کار و کردەوەی و چۆنیەتیی ژیان و سەروەت و ماڵ و سیاسەت و بۆچوونی لە مەڕ کاروباری حکومەتی زۆر دیار و تایبەتییە، میرزا یوسف مشیر دیوانە. میرزا یوسف کوڕی میرزا مەحەمەد رەزای وەزیر بوو ئەم میرزا مەحەمەد رەزایە پیاوێکی لێهاتوو و بە دەسەلات و دووربین بوو. شێخ مەحەمەدی مەردۆخ دەنووسێ لە جەرگەی کەوتن و لێکەوتوویيدا هەمیشە رێگای سەرکەوتن و دەسەلاتی خۆش کرد. مشیر دیوان لە ساڵی ١٨١٨/١٢٢٨ی هەتاوی لە دایك بووە. لە سەردەمی حکومەتی ئیقبالولمولك بۆ جاری دووەم، میرزا یوسف نازناوی مشیر دیوانی پێ دراوە، دەسەلاتێکی تەواوی بوو بەسەر عەشایەری مەنمی، گەڵواخی، هەورامی، کولیایی، تیلەکۆیی و سەقزی و بانەیی و مەریوانی و تەنانەت مەحموود پاشای مەزنی عێڵی جافدا، کچی ئەمانوڵڵا خان (غولام شا خان) بە ناوی گەوهەر سولتان خانم ژنی هاوسەری بووە، نووسەری سیرالاکراد دەنووسێ بەلام هیچ کاتێ لە نێوان حاکم و وەزیردا خۆشیی و مێهرەبانیی نەبوو. میرزا یوسف حکومەتی ناوچەکانی کوردستانی لەناو خزمەکانی خۆیدا دابەشکردبوو، سەقزی دابوو بە نەواب خان، بانە بە میرزا حەسەن خان نازێمولئەیالە و عێل و عەشیرەتان بە ئاسەف دیوانی برای. مشیر دیوان ساڵ ١٩٢٥/١٣٣٥دا کۆچی دوایی کرد.

میرزا مووسا کەلامی لە زمانی باوکییەوە میرزا فەتتاح کە نۆکەری مشیر دیوان بووە، لەسەر نفووز و دەسەلاتی ئاغاکەی دەنووسێ "لە شاری سنە هەر شۆغل و تاقمێك، سەرۆك و بەرپرسێکی هەبووە و پێیان دەگوت باشی، بۆ نموونە خەیات باشی، بەقاڵ باشی، نەجار باشی، مێعمار باشی، نانەوا باشی، کەفاش باشی، ناڵبەند باشی، تاجر باشی وتەنانەت مەلا باشی. مشیر دیوان ئەگەر ویستبای کارێکی کردبا، باشییەکانی ئەسنافی بانگ دەکردو ئەمری پێدەکردن کارەکەی بۆ جێ بە جێ بکەن، بە مەزنانی عەشیرەت و سەر گەورەی شارەکانیش هەر بەم چەشنە.

زۆربەی حاکمانی شاری سنە یا شازادە بوون یا لە ئەندامانی بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئێران، هەر کە دەگەیشتنە سنە، دەبوو پرس و مەسڵەحەت بە مشیر دیوان بکەن. جاروبار هەڵدەکەوت حاکمێك لەبەر نفووز و دەسرۆشتوویی زۆری خۆی لە تاراندا، رێزێکی وای لە مشیردیوان نەدەنا،

بۆ مشیردیوان هەر ئەوەندە بەس بوو تلگرافێك بۆ تاران بنێرێ و حاکمەکە بگۆڕن، جا ئەگەر وەڵامی تلگرافەکە وە درەنگ کەوتبا، باشییەکانی بانگ دەکردە لای خۆی و تلگرافێکی پێ دەنووسین و بۆ تارانی رەوانە دەکرد،پاشان باشییەکان دوکان و بازاڕیان دادەخست و لە حەسار و دەوروبەری تلگرافخانەدا خێوەتیان هەڵدەدا و مانیان دەگرت، پارەی نان و خواردەمەنی و هەموو پێویستییەکان لە ئەستۆی مشیردیوان بوو. دەوڵەتی ناوەندی کە ئەم بارودۆخەی دەدیت بە بێ سێ و دوو حاکمەکەی لادەبرد".

میرزا فەتاح وەك گەورە نۆکەر و کارگێڕی بەشێك لە ملکەکانی مشیردیوان و نەواب خانی کوڕی لە دامودەزگای ئەم دوو خاوەن ملکە گەورەیە کاری کردووە، زۆر بە باشیی ئاگای لە چۆنییەتی ملکداری و خاوەن ملکەکانی شاری سنە بووە، دەرەبەگ و خاوەن ملکەکانی شاری سنە بەم چەشنەی خوارەوە دابەش دەکا:

خاوەن ملك دەکرێن بە سێ بەشی سەرەکییەوە

١. خاوەن ملکە هەرە گەورە و بە نفووزەکان واتە دەرەجە (پلە) یەك

٢. خاوەن ملکی دەرەجە (پلە) دوو

٣. خاوەن ملکی دەرەجە (پلە) سێ

خاوەن ملکە دەرەجە (پلە) یەکەکان بریتی بوون لە

بنەماڵەی میرزا بابا (مشیردیوان) مشیر وەزیری

بنەماڵەی عەلی نەقی ئاسەف دیوان (ئاسەف ئەعزەم) ئاسەف وەزیری

بنەماڵەی موعتەمەد و میر پەنج (موعتەمەد وەزیری)

بنەماڵەی ئێعزازولمولك (سادق وەزیری)

بنەماڵەی وەکیل و سوڵتان و وەکیلولمولك (وەکیل)

بنەماڵەی مەلا لوتفوڵلا شێخەلئیسلام (شێخەلئیسلامی) (١)

بنەماڵەی زەفەرلمولك (ئەردەلان)

خاوەن ملکە دەرەجە (پلە) دووەکان ئەمانەی خوارەوە بوون :

١. بنەماڵەی ئاغا حەبیبوڵلا کە کوڕەکانی بریتی بوون لە حاجی خان سەنەندەجی و سالار فاتح حەبیبی و سالار موفەخەم حەبیبی و سالار سەعید سەنەندەجی. ئەم بنەماڵە لە بنەماڵەی کێهزادی بەناوبانگ بوون و خەڵکی گوندی کێلانەن و لە سەرەتادا قوماش بوون و پاشان دەسەڵاتی ئابووریی زۆریان بە دەست هێنا و بوون بە خاوەن ملك .

٢. بنەماڵەی خانی خانان. حوسێن قولی خان ناسراو بە خانی خانان کوڕی ئەمانوڵلا خان بەناوبانگ بە غولام شا خان بوو.. پاش مردنی باوکی هەوڵێکی زۆر درا بیکەن بە جێنشینی،

بەلاّم سەری نەگرت و حكوومەتی ناوەندی ئێـران لـە سـالّی ١٢٨٤ دا كۆتـایی بـە فـەرمانڕەوایی بنەمالّەی ئەردەلاّن هێنا و ناسردین شا مامی خۆی حاجی فەرهاد میرزای موعتەمـەد و دەولـەی كرد بە حاكمی كوردستانی ئەردەلاّن.

٣. بنەمالّەی عەزیم خان
٤. بنەمالّەی مەلەكوتوجار
٥. بنەمالّەی شوجاع لەشكر (بەرپرسی تۆپخانەی حكوومەت بوون لە شاری سنە)
٦. بنەمالّەی نەسیر دیوان
٧. بنەمالّەی حێشمەتولمولك
٨. بنەمالّەی ئاغە عەلی ئاغە خواجە

خاوەن ملّكە دەرەجە (پلە) سێیەكان بریتی بوون لە دەست رۆشتووان و تازە دەولّەمەندانی ناو بازاڕ و تاجر و بازرگانەكان و ئاغـا و مـەلایانی بـە نفـووز و بـە دەسـەلاّت كـە چـەن گونـدێكیان كڕیبوو و خۆیانیان لە ریزی خاوەن ملّك دادەنا.

نۆكەر و رەعیەت و وەرزێر بە بێ ئیجازەی ئەم ئاغایانە نەیاندەتوانی كـچی خۆیـان بـە مێـرد بدەن یا ژن بۆ كوڕەكانیان بێنن. جووتیار بۆی نەبوو بە بێ ئیزنی ئاغا گوندی ئاغای خـۆی بـەجێ بێلّێ بچێت و ببێ بە رەعیەتی ئاغایەكی دیكە. ئەگەر جووتیارێك تووشی ئەم كارەسـاتە بوایـە، یەكەم ئاغای تازە رێگای پێ نەدەدا و دەیناردەوە بۆ شوێنەكەی خۆی، ئەگـەریش رایگرتبـا ئـەوە دیارە ئالۆزی و نێوان ناخۆشـی لـە بـەینی ئـەو دوو ئاغایـەدا هـەبووە، پاشـان، ئەگـەر رەعیـەت بیتوانیبا رابكا بە شەو رایدەكرد و لە شوێنی تازەدا لەو هەموو چەوسانەوە و زولّم و زۆرە كـە بـە سەریەوە بوو رزگار نەدەبوو ئەگەر بارودۆخەكەی خراپتر نەبایە هەر وەكوو جـاران دەبـوو. زۆرجـار بووە وەرزێر بە دزییەوە رایدەكرد، بەلاّم وا تووشی كوێرەوەری و مالّ وێرانی دەبوو كە ناچـار بێـت بگەڕێتەوە بۆ گوندەكەی خۆی. ئەم بارودۆخە وا لە ئێمە دەكات كـە بلّـێین جووتیـار بـە زەوییـەوە بەسترابووەوە، ئاغا دەیتوانی گوندەكـەی خـۆی بـە هـەموو دانیـشتوانییەوە بـە ئاغایـەكی دیكـە بفرۆشێ. یا لە یاری قوماردا بیدۆڕێنێ. بەرگریی لە هـەلاّتنی جووتیـاران دەبـووە كۆسـپ لەسـەر رێگای پێشكەوتنی دێهاتی كوردەواریدا چـونكە هێـزی كـار نەیـدەتوانی بـە سەربەسـتی هاتوچـۆ بكا.

میرزا فەتاح نۆكەر و خزمەتكارانی دامودەزگای مشیردیوان بەم چەشنە ریز دەكا:

١. قاپچی، واتە دەركـەوان، هـەر بیـست و چـوار سـەعات دوو كـەس لـە ژوورێـك تەنیـشت دەرگای حەوشەوە كە دالاّنی پـێ دەكـوترا، دەبـوو بـە شـەو و رۆژ بـە خەبـەر بـن و كێـشك بـدەن (ئێشك بگرن) و چاودێری هاتووچۆی مالّی ئاغا بن. ژمارەی ئەم دەركەوانانە چوار كەس بوو.

٢. دێباشی، ئەو کەسە بوو کە دەرکەوان لە ژێر چاودێری و فەرمانی ئەودا کاری دەکرد. ئـەم بەرپرسە لەبەر ئەوە ناوی دێباشی بوو چونکە بـەرپرس و شـارەزای کاروبـاری دێهـاتیش بـوو. جـا چونکە زۆربەی خزمەتکارەکان خەڵکی گوندەکانی ئاغا بوون دەبوو هەڵیان بژێرێ.

٣. فەڕاش، ئەو کەسانە بوون کە ئەرکی گەسك لێدان و پاککردنەوە و بەفر ماڵینی سەر بانان و کاری ناو ماڵیان پێ سپێردرابوو. ئەمانە سی کەس بوون.

٤ .فەڕاشباشی، سەرۆکی فەڕاشەکان بوو و خۆی و یارمەتیدەرەکەی فەرمانیان بە فەڕاشـەکان دەدا و کارەکانیان چاوەدێری دەکرد.

٥. میرئاو، بەرپرسی ئاو و حەوز و کانی ماڵی ئاغـا بـوو، خـۆی و سـێ کەسـی ژێـر دەسـتی کاروباری ئـاوی مـاڵی ئاغایـان جـێ بـەجێ دەکـرد. بەگـەڕ خـستنی ئـاوی حـەمامیش هـەر لـە چوارچێوەی کاری میرئاودا بوو.

٦. حەمامچی، بەرپرسی حەمام و توون و ناترەکـانی حـەمامی مـاڵی ئاغـا بـوو. ژمارەیـان پێنج کەس بوو.

٧. ئاودار، لێنانی چا و قاوە و شەربەتی ماڵی ئاغا بە دەستی ئەوان بوو. ئەمانـە دوو کـەس بوون. لە شاری سنە ئێستاش بنەماڵەیەك هەن کـە نـاوی کەرەکـەیان بووەتـە نـاو (شـوهرەت) ی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە، ئەمانە ناویان ئاوار واتە ئاوادارە.

٨. قلیاندار، بەرپرسی تێکردنی قلیـان واتـە قەننـەی ئاغـا و خانمـەکان بـە شـەو و رۆژ بـوو. ئەمانیش دوو کەس بوون. بنەماڵەی ئازادپوور لە شاری سـنە، لـە بنەچـەکەی فـەرەج قلیانـدارن، ناوبراو قلیانداری مشیردیوان بوو، باوکی مەنسوور لەشکر یەك لە خاوەن ملکـەکانی شـاری سـنە بوو. دێهاتی سرنجیانە، ئێلاق، کلکە و بەهمەن ئاوا ملکی ئەمان بوو

٩ .فەنەردار، پیاوێك بوو لە کاتی میوانیی شەودا، بە چرایەکەوە وە پێشی ئاغا دەکەوت بـۆ ئەوە بەری پێی ئاغا رووناك بێ. ئەو چرایەی کە بە دەستییەوە بوو پێیان دەگوت فەنەر، یەك لـەم فەنەردارانە ناوی میرزا عەبدوڵڵای فەنەدار بوو، ئەویش خـاوەن ملـك و ژمارەیـەکی زۆر نۆکـەر و دەسـت و پەیوەنـدی هـەبوو. یـەکێکی تـر مـەحموود سـوڵتانی نـاو بـوو، خـاوەن دوازدە گونـدی شەشدانگی بوو. یەکێ تر لەم فەنەردارانەدا میرزا مەحەمەد عەلی مـیرزا کـەریم خـاوەنی ئـاوایی گا، دۆلاو، ماچکە و کەمێز بوو. ئێقبال نیزام سالار ئەشرەف و ئەحمەد کەمانگەر سالار ئەرشـەد و ئەشرەف نیزام و ژێنێراڵ عەبدولمەجید کەمانگەر، کـوڕانی ئـەم مـیرزا مەحەمـەد عـەلی مـیرزا کەریمە بوون. دەروێش عەلی ئاغا، باوکی مەنسوور نیزام کە خاوەنی حەمامی ئاغە دەروێـش لـە گەڕکی جۆرئاوای شاری سنە بوو. یەکێکی تر لە فەنەدارەکانی مشیردیوان بوو.

١٠. لەلە، بەرپرسی بەخێوکردن و بارهێنانی منداڵانی ئاغا بوو، ئەڵبەت ئەو منداڵانە وا تەمەنیان لە پێنج ساڵ بەرەو ژوور بوو. ژمارەیان دوو کەس بوو.

١١. غوڵام بەچە، ئەو کوڕە کاڵ و کرچ و کەم تەمەنانە بوون کە هێشتا ریش و سمێڵیان نەبوو و تەمەنیان لە شازدە ساڵ تێنەپەڕیبوو. ئەمانە زۆرتر لە خزمەت خانمەکاندا دەست لەسەر سینگ (دەس نەزەر) رادەوەستان و کاتێ خانمەکان دەچوونە میوانی بۆخچەیەك لە شتومەکە پێویستییەکانی ئەوانیان لە بن هەنگڵ دەنا و زۆر بە ئەدەب لە پێشییانەوە سەبر سەبر دەرۆیشتن، ئەمانیش دوو کەس بوون. ئاغاش بۆ خۆی لەم کوڕ و کاڵ و کرچانە لە کوڕی مەی و مەیگێڕی و کاری دیکەدا کەڵکی وەردەگرت. خانمە خۆش زەوقەکانیش بێ میل نەبوون ئەم کوڕانە بۆ هەندێ کاریتر بەکار بێنن. ئەم ئاغا و دەسەلاتدارانە چەن کەسێکیان هەبوو کاری دەلاڵییان دەکرد. ئەمانە بە دێهات و تەنانەت ناو شاریشدا دەسووڕانەوە کچ و کوڕی جوانیان بۆ ماڵی ئاغا دەدۆزییەوە.

١٢. ئاشپەز، واتە چێشتکەر، ئەم کەسە بەرپرسی چێشت لێنان و ئامادەکردنی نانی بەیانی و نانی نیوەڕۆ و شێوی ماڵی ئاغا بوو لەگەڵ شاگردەتەکانیاندا چوار کەس بوون.

١٣. نازێر (چاوەدێر) کڕینی پێداویستییەکانی ماڵی ئاغا لە خواردەمەنییەوە هەتا کەل و پەل بە دەستی نازێر بوو، ژمارەیان دوو کەس بوو، ئەم کارە لە دەرباری والییەکانی ئەردەلاندا، کارێکی زۆر گرنگ بوو وەك وەرزێر و پێشکار وابوو، لە سەردەمی خەسرەو گەورە و ئەمانوڵلا خاندا، مەحەمەد ئاغای نازێر باپیری ماە شەرەف خانم "مستورە کوردستانی" راوێژکاری سیاسیی و لەشکریی خەسرەو خان ئەمانوڵلا خانی کوڕی بوو. ئەبولحەسەن بەگی کوڕیشی (باوکی ماە شەرەف خانم) یەك لە پیاوە گەورەکانی سەردەمی ئەمانوڵلا خان و خەسرەو خانی کوڕی بوو.

١٤. سەندوقدار، کەسێك بوو کە خەزنەداری ئاغا بوو، نازێر بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ماڵی ئاغا پارەی لەو وەردەگرت، ئەمانیش دوو کەس بوون. لە دەرباری والییەکاندا زۆرجار سەندوقدار نازێر یەك کەس بوو.

١٥. مۆنشی، دەفتەر و حیساب و داهات و خەرجی ماڵی ئاغای هەڵدەسووڕاند، ژمارەیان پێنج کەس بوو. لە دەرباری والییەکاندا بە کرونیك نووسەکانشییان دەوت "مونشی" وەك میرزا عەبدوڵلای مونشی مامی ماە شەرەف خانم، مونشی دەرباری رەزا قولی خان و ئەمانوڵلا خانی دووەم بوو، هەروەها کوڕەکەی میرزا عەلی ئەکبەر، نووسەری "حدیقە ناصریە" .

١٦ .پێشخزمەت، کەسانێك بوون هەمیشە دەست لەسەر سینگ لە خزمەتی ئاغادا چاو لە ئەمر و گوێ لە فەرمان رادەوەستان. ژمارەیان پێنج کەس بوو.

١٧. کەنیز یا کلّفەت، ئافرەتانی خزمەتکار بوون لە ماڵی ئاغادا، ئەمانیش هەمیشە دەست لەسەر سینگ لە خزمەتی خانمەکانی ئاغادا بوون. ژمارەیان پازدە کەس بوو.

١٨ .پۆپ چەرمگ واتە سەر سپی، ئەو ئافرەتە بە ساڵا چووانە بوون کە زۆر تێگەیشتوو و عاقڵ بوون، کەنیز و کلّفەتەکان لە ژێر چاودێری ئەواندا خزمەتیان دەکرد، هەروەها رازدار و راوێژکاری خانمەکانی ئاغا بوون. ئەمانە چوار کەس بوون. جاروبار ئەم "پۆپ چەرمگ" انە کاری دەلاڵیشییان دەکرد. واتە ئاغا چەن ژنی هەبوو، هیندێ لەم ژنانە بە زۆر مێردیان کردبوو یا ئاغا لە یاتی باج و پیتاکی پاشکەوتوو هێنابوونی، دیارە ئەم ژنانە ئاغایان خۆش نەدەویست بە هەموو شێوەیەك دژی ئاغا بوون، کەلوپەلی بایەخداریان بە دزیەوە بە "پۆپ چەرمگ" ەکاندا دەناردە دەرەوە و دەیانفرۆشت لە سنە بەم چەشنە کارەیان دەوت "نۆتە" . لە کاری دڵ و دڵداریشدا دەستیان هەبوو.

١٩. کلیلدار، ئەو ئافرەتە بڕوا پێکراوە بوو کە زێڕ و زیو و شتی بەنرخی خانمەکانی رادەگرت. یەك کەس بوو.

٢٠. نەدیمە، ئافرەتانی گەنج و سەر و زمان خۆش بوون و لە کاتی تایبەتدا نەقڵ و نوکتەی خۆشیان بۆ خانمەکان دەگێڕاو و هاوبەشی وتووێژیان بوون. چوار کەس.

٢١ دایان، ئەو ئافرەتە گەنجانە بوون کە دەیانتوانی شیر بدەن و منداڵە شیرخۆرەکان بەخێو بکەن، بە مێردەکانیشییان دەگوت تاتە ئەویش خزمەتێکی پێ سپێردرابوو، خۆی و ژنەکەی لە ماڵی ئاغادا دەژیان. چوار کەس بوو.

٢٢. باخەوان، بەرپرس و چاوەدێری گوڵ و باخچەی ماڵی ئاغا بوو، ژمارەیان چوار کەس بوو.

٢٣. باخەوانباشی، گەورە و بەرپرسی باخەوانەکان بوو. یەك کەس.

٢٤ میر ئاخوڕ، سەرۆکی مەیتەرەکان و بەرپرسی تەویلەی ئاغا بوو. سێ کەس.

٢٥. مەیتەر، ئەمانە بە گشتی لە ژێر چاوەدێری میرئاخوڕدا ئەسپەکانی ئاغایان تیمار دەکرد و بۆ ئەم چەشنە کارانە تەرخان کرابوون. شەش کەس بوون.

٢٦. جڵەودار، کەسێك بوو ئەسپی ئامادەی دەبردە پێش ئاغا و بۆی رادەگرت سواری بێ، ئەمان دوو کەس بوون.

٢٧. شاتر، پیاوانێ بوون گورج و گۆڵ بە جل و بەرگی تایبەت و دارێك (کوتەك) بە دەستەوە بۆ نیشاندانی گەورەیی و شکۆی ئاغا، لە پێش یا لەملا و لەو لایەوە بە پێی خۆیان دەرۆیشتن. شاترباشی سەرۆکیان بوو. ژمارەیان دە کەس بوو.

٢٨. قۆشچی، بەرپرس و چاوەدێر و بەخێوکەری بازەکانی ئاغا، هەمیشە بازێکی لەسەر دەست بوو. دوو کەس بوون.

۲۹. قاترچی، کەسانێك بوون بەرپرسیی قاترو هێستری قەتارخانەی ماڵی ئاغایان بە دەستبوو، هەر قەتارێك بریتی بوو لە بیست و پێنج هێستر. سەرجەمی ئەمانەش دەکەس بوون. هەندێ جار خاوەن ملْك بازرگانیشی دەکرد و لەم حاڵەدا بۆ خۆی هەموو بەرهەمێکی ئاژەڵداری و وەرزێری لە رەعیەتەکانی خۆی دەکڕی و لە شارەکاندا دەیانیفرۆشت. ئەمەیە زۆر کات لە کوردستاندا دەرەبەگ هەم سەرۆك عەشیرەتە و هەم شێخ و هەم بازرگانە و هەم دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوەیە، هۆی ئەو هەموو دەسەڵاتەی دەرەبەگی کوردیش هەر ئەمە بوو. پەیوەندی دەرەبەگایەتی کۆسپێك بوو لەسەر رێگای پێشکەوتنی بازرگانیدا. لە زۆربەی گوندەکانی کوردستاندا بە بێ ئیجازە خاوەن ملْك هیچ کەس نەیدەتوانی خەریکی بازرگانی بێ، تەنانەت میوە فرۆشی غەوارەش مافی ئەوەی نەبوو بچێتە دێ، بە تایبەت ئەگەر خاوەن ملْك بۆ خۆی باخی هەبوایە.

۳۰ .باوای قەتارخانە، سەرۆك و بەرپرسی قاترچییەکان بوو. ئەمانیش دوو کەس بوون.

۳۱ .میر شکار، واتە بەرپرسی راو. کاری ئەم پیاوە ئەوەبوو کاتێ ئاغا دەچوو بۆ راو دەبوو شتوومەکی پێویست ئامادە بکات. ژمارەیان دوو کەس بوو.

۳۲ .موباشیر یا زابیت، بە زاراوەی سنەیی قەیخا یا زاوت، ئەمانە نوێنەری ئاغا بوون لە گوندەکاندا و بە گوێرەی لێهاتوویی و زانایی بەرپرسیی چەن گوندیان پێ دەسپێردرا باج و بەرهەمەکان کۆبکەنەوە، ژمارەی ئەمانیش سی کەس بوو. بۆ هەر پێنج گوندیش سەر بە موباشیرێکیان هەڵدەبژارد و موباشیرەکانیان چاودێری دەکرد. ژمارەی ئەم سەر موباشیرانە دە کەس بوو. سەرەڕای گشت ئەمانە چل کەسێك لە پیاو ماقووڵان و نوێنەری بنەماڵە سەر بە دەرەوەکانی شار کە نۆکەری تایبەت بوون و نۆرەی موباشیرییان نەگەشتبوو هەمیشە لە خزمەتی ئاغادا بوون و هەر کات و سات بۆ خزمەتگوزاری ئامادە بوون.

ئاماژەمان پێکرد کە خاوەن ملْك لە گوندەکاندا دانەنیشتن و لە شارەکاندا دەژیان و موباشیریان هەبوو. موباشیرەکان وەرزێریان بێبەزەییانە دەچەوساندەوە، لە باج و پیتاك رادەی دیاریکراوی ئاغایان بۆ ئاغا هەڵدەگرت و پاشماوەکەی بۆ خۆیان بوو. ئەمانە بەم چەشنە پووڵ و پارەیەکی زۆیان پێکەوەنا ملْکی ئاغا لێکەوتووەکانیان کڕی و پاشان خۆیان بوون بە گەورە دەرەبەگ.

نۆکەرەکانی مشیردیوان هەر کامیان بۆ خۆیان ئاغایەك بوون و کەمتر لە دە نۆکەریان نەبوو. مسباح نووسەری "جوگرافی سنە و کوردستان" کە یەکێ لە کارمەندەکانی دەزگای مشیردیوان بوو باسی ئەوە دەکا کە نەوەد پارچە دێ ملْکی خۆی و تایفەکەیەتی.

## سەرچاوە بنەڕەتییەکان:

_الامیر شرف خان البدلیسی، شرفنامە، ساخکردنەوە و سەرەتا : محمد علی عونی، فرج الله ذکی، قاهرە.

_قاضی شریف اردلانی، زبده التواریخ، دەسنووس

_اسماعیل ابن ملا محمد حسین اردلانی، تاریخ اردلان، دەسنووس

_محمد ابراهیم ابن ملا حسین اردلانی، تاریخ اردلان، دەسنووس

_خسرو ابن محمد ابن منوچهر اردلان، لب تواریخ، ساخکردنەوەی علی اردلان و اسماعیل اردلان، لەبلاوکراوەکانی بنکەی بنەماڵەی ئەردەڵان ، تاران ٢٥٣٦

_خسرو بن محمد بنی اردلان ، تأریخ بنی اردلان، وەرگێراو بۆ زمانی رووسی و سەرەتا و لە چاپدان : ی . ئی . ڤاسیلیەڤا ، مسکۆ ، ١٩٨٤

_ماه شرف خانم (مستوره کردستانی )، تاریخ الاکراد ، دەسنووس

_میرزا عبدالله سنندجی "رونق" تذکره حدیقه امان اللهی، ساخکردنەوەی دکتۆر عبدالرسول خیامپور ، له بلاوکراوەکانی زانستگای تەورێز ١٣٧٧

_میرزا علی اکبر منشی وقایع نگار کردستانی "صادق الملك"، حدیقه ناصریه، دەسنووس

_میرزا علی اکبر منشی وقایع نگار کردستانی "صادق الملك" مرأت الظفر، دەسنووس

_میرزا شکرالله سنندجی "فخرالکتاب"، تحفه ناصریه، دەسنووس

_تذکرة الملوك ، وەرگێڕاو بۆ زمانی ئینگلیزی و لە چاپدان : و . و . مینورسکی ، لندن ١٩٤٣ (ماوەیەکی زۆر دیار نەبوو نووسەری ئەم بەرهەمە کێیە، بەلاّم ئێستا دەرکەوتووە کەسێك بووە بەناوی میرزا سمیعا )

_شرح ایلات و قبایل کردستان اردلان ، نووسەرەکەی نەناسراوە، دەسنووس

-عبدوالقادر بن رستم البابانی، سیرالاکراد، دەسنووس

_میرزا فتاح و میرزا موسی کلامی، خاطرات ، بەرگی ٣-٢ دەسنووس

_مەلا محمود بایزیدی، عادات و رسوماتنامه اکرادیە، وەرگێر و پەراوێز نووس و چاپ : م . ب . رودینکو ، موسکۆ ١٩٦٢

_میرزا رفیعا ، دستور الملوك، ساخکردنەوەی : محمد تقی دانش پژوه، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی ، ژمارە ٦-٥ ساڵی یانزدەهەم، امرداد ١٣٤٧

_ رضا علی دیوان بیگی، میرزا رضا علی دیوان بیگی از رجال عهد ناصری، فرهنگ ایران زمین ، جلد شش، دفتر های ٤-١، تهران ١٣٥٢

_ مصباح، جغرافیای سنندج و کردستان، فرهنگ ایران زمین، جلد ٢٨، تهران ١٣٦٨

_ دکتۆر محمد مکری، انواع عوارض و مالیات های غیر دولتی و مراسم تحمیلی عدەای از مالکین در دهات کردستان، مجله بغستان، شماره اول، سال اول ، تهران ماه ١٣٣١

_ شیخ محمد مردوخ کردستانی، تأریخ مردوخ ، جلد دوم، تهران ١٣٢٤

_ ای . پ . بگروشفسکی، کشاورزی و مناسبات ارضی در ایران عهد مغول، وەرگێر ، کریم کشاورز، جلد ٢-١ له بلاّو کراوەکانی "موسسه مطالعات و تحقیقات اجتماعی" دانشگاه تهران ١٣٤٧

_ م .آرونووا، ك . ز . اشرفیان، دولت شاه افشار، وەرگێر، حمید مومنی ، لـه بلاّوکراوەکـانی "موسسه مطلعات و تحقیقات اجتماعی" دانشگاه تهران ١٣٥٢

_ن . و . پیکولوفسکایا، آ . یو . یاکوبوفسکی، ای . پ . بگروشفسکی، تأریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هیجدهم میلادی، وەرگێر، کریم کشاررز، تهران پیام، ١٣٥٤

_ ن . آ . کوزنتسووا، اوضاح سیاسی و أجتماعی أقتصادی ایران در پایان سده هیجدهم تا نیمه نخست سده نوزدهم، وەرگێر، سیرۆس ایزدی، تهران نشر بین الملل ١٣٥٨

_ و. و. تروبتسکوی، نقش های اسکان یافته — کوچ نشین ایران در دوره نوین، وەرگێر، سیروس ایزدی، نشر بیگوند، تهران ١٣٥٨

_ م . س . ایوانف، تأریخ نوین ایران، وەرگێر، هوشنگ تیزابی، حسن قائم پناه، له بلاّوکراوەکانی حزب توده ایران ١٣٥٨

_ مەحەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کرد و کردستان، بەرگی دووەم، بەغدا١٩٣١

_ عەبدولرەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێر، عەبدوڵلا حەسەنزادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣

_ ئەحمەد خودادادە، چارە رەشیی وەرزێر، وەرگێر، عەبدوڵلا مەردوخ، پاریس١٩٩٥

# Refrences:

- B: Nikitine، Les Kurdes، Etude Sociologique et Historique، 1956
- A .K. S. Lambton،Landlord and Peasant in Persia ، A Study of Land Tenure and Land Revanue Administration، London 1953
- M. M. Van Bruinssen، Agha، Shaikh and State، On The Social and Politicalorgqnization of Kurdistan، Utrecht، 1978
- V. V. Minorsky، Senna، Encyclopédie d' Islam. Vol. 4، 1934
- C1. J. Rich، Narrative of Residence in Koordistan and On The Site of Ancient Nineveh، with Journal of a Voyage Down The Tigris to Bagdad and an Account of a Visit to Shirauz and Persepolis، vol.1-2، London 1836
- E. B. Soane To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise. With Historical Notices of Kurdish Tribes and the Chaldeans of Kurdistan. London 1926
- B. E. Soane، Report on The Sulaimania District of Kurdistan، Calcutta، 1910
- C. J. Edmonds، Kurds، Turks، and Arabs، Politics، Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919-1925، London 1957
- Abdollah Mardukh، Contribution à l' etude de l' Histoire des Kurd Sous la Dynasite Ardalan de X VIe Siécle au XIXe Siécle. Thése de Doctorat ، Paris 1988
- Abdollah Mardukh، Aux Sources de l' Historiographie Kurde، Studia Iranica، Tome 21- Paris، 1992
- I. P. Petrushevskii، Ocherrki po Istorii Feodalnikh Otnoshenii v Azerbaidjane I Armenii v XV- Nachale XIX B. Leningrad 1949
- E. I. Vassilieva، Yogo- Vostochnie Kurdistan v XVII- Nachale XIX vv. Moskva Nauka 1991
- E. I. Vassilieva، O jizni Mah Sharaf- Khanom Kurdistani (Mastura)، Moskva 1982
- I. M. Smilianskaya، Sotcialno-Ekonomicheskai Struktura Stran Bijnego Bostoka na Rubeje Novogo Vremeni (na materialakh Sirii Libana I Palestinie); Moskva 1979.

سلێمانی ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

# راگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (*)

جاسم محەمەد محمەد

## ١- چەمکی راگواستنی زۆرەملێ

راگواستنی زۆرەملێ واتە گۆرینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دانیشتوان لە لایەن هێزێکی دەسەلاتدارەوە (دەولەت)، لە رێگەی بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن یان لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە.[١] بێ ئەوەی دانیشتوانی راگوێزراو ئارەزوویان لەم کۆچکردنە هەبێت، یان رەزامەندبن لە سەری.[٢]

ئەم جۆرە راگواستنە بەزۆری لە ولاتە دیکتاتۆریەکاندا، لەپێناو سەرکوتکردنی گرووپێکی تایبەت لە دانیشتوان ئەنجام دەدرێت. نموونەی ئەم جۆرە راگواستنە لە مێژوودا زۆرە، بۆنموونە لە یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، لە سەردەمی (جۆزێف ستالین)دا، ملیۆنان کەس دووچاری راگواستن بوونەوە و لە کامپەکانی دەستبەسەریدا، لە ناوچەی سیبریا کۆکرانەوە.[٣] هەروەها لە سالانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، زیاتر لە ٣/٢ دوو لە سەر سێی دانیشتوانی ڤێتنامی باشوور، لە ١٦ هەزار گونددا لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە کۆکرانەوە.[٤]

---

* ئەم باسە بەشێکە لە کتێبێك بەناوی (رۆلی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا ) کە بەم نزیکانە لە لایەن( مەلبەندی کوردۆلۆجی لەهەرێمی کوردستان )ەوە بلاو دەکرێتەوە.

١- سلێمان عەبدولا ئیسماعیل، راگواستنی گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

٢- خليل أسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠١، ص٤.

٣-مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی دەسەلاتی بەعس دا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤.

٤- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب و تەبعیس، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٤١.

سیاسەتی ڕاگواستنی دانیشتوانی کوردی هەرێمی کوردستان، لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، بەشێوەیەکی زۆر گشتگیر و بەرفراوان پەیڕەو کراوە، بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبی بەعسی عەرەبیدا. وەك لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەدا، لە ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە، بڕیاردراوە کوردستانی عێراق وەك خاکێکی عەرەبی لە قەڵەم بدرێت، بەو بیانووەی بەشێك بووە لە دەوڵەتی عەرەبی (ئیسلامی) کە سەدان ساڵ لەمەوپێش دامەزراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی مافی کوردە لە خاك و نیشتمانی خۆیدا.[١]

تا ئێستا ئامارێکی ورد و زانستی لە بارەی شاڵاوەکانی ڕاگواستن ئەنجام نەدراوە کە ناوی گوندەکان وشارەکان و ژمارەی دانیشتوانیان، مێژووی ڕوخاندنیان و زانیاریەکانی دیکە لە خۆبگرێت، بەڵام چەند هەوڵێکی باش لە لایەن چەند نووسەرێکەوە دراوە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە کە گرنگترینیان کتێبێکی (ئەمین قادر مینە)یە بەناونیشانی (ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان) کە زانیاری لەبارەی گوندە خاپوور کراوەکان لە نێوان (١٩٧٥ — ١٩٨٦) لەخۆدەگرێت. بۆ زانیاری لەبارەی ئەو ساڵانە، ئەم کتێبە باشترین سەرچاوەیە و زۆربەی ئەو کەسانەی لەم بارەیەوە نووسیویانە، بەشێوەیەك لە شێوەکان، پشتیان پێبەستووە، بەڵام گرفتی ئەم کتێبە لەوەدایە کە تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٦) زانیاری لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا زۆربەی گوندەکانی کوردستان لە پاش ئەو ساڵەوە ڕوخێنراون. هەروەها زانیاری لەبارەی هەندێ ناوچەی تێدا نییە.[٢]

هەروەها نووسەر (شۆڕش ڕەسول) لە کتێبێکی ئاماریدا بەناونیشانی (وێرانکردنی ولاتێك) کە بەزمانی ئینگلیزی چاپ کراوە، زانیاری لەبارەی ٣٨٣٩ گوندی ڕوخێنراوی هەرێم کۆکردۆتەوە، بەیەکێك لە سەرچاوە باشەکانی ئەم بوارە دەژمێردرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکوڕی نییە، چونکە ژمارەی گوندە ڕوخێنراوەکانی هەرێم لە (٣٨٣٩) گوند زیاترن.[٣] هەروەها ئەگەر داتاکانی تایبەت بە پارێزگای سلێمانی بەهەند وەربگرین، دەبینین لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٧٧دا (١٨٧٧) گوند لە پارێزگاکەدا هەبوون و زۆربەی ڕەهایان ڕوخێنراون، بەڵام لەم سەرچاوەیەدا تەنها زانیاری لە سەر (١٥١٩) گوند هەیە، هەروەها بەشێك لە زانیاریەکانی لەگەڵ نووسینەکەی (مینە)دا یەکناگرنەوەو زانیاری لەبارەی ناحیەکانی (بازیان، ناوەندی

١- خليل أسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، مصدر سابق، ص٢.
٢- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧ — ٢٢٥.
٣- مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەدەمی دەسەڵاتی بەعسدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

شارباژێڕ، سیوەیل، سەیدسادق) تێدا نییە و تەنها ناوی (٢٠٪)ی گوندە روخێنراوەکانی قەزای رانیەی تێدا تۆمارکراوە.[١]

ئامارێکی دیکە کە دەکرێ وەك سەرچاوەیەك بەکار بهێنرێ، خشتەیەکی کاولکاریەکانە لە پارێزگای سلێمانیدا، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانیەوە ئامادەکراوە، بەڵام ئەم سەرچاوەیەش زۆر گشتگیرە و تەنها ژمارەی گوندەکانی یەکە کارگێڕیەکان باس دەکات کە روخێنراون و کاتی روخاندنی گوندەکان یان شارەکانی باس نەکردووە.[٢]

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەو سێ سەرچاوەیە بەستراوە لەگەڵ زانیاری و تێبینییە مەیدانیەکانی توێژەر، چونکە ناکرێ تەنها پشت بەیەك سەرچاوەیان ببەسترێ لەبەر کەموکوڕیەکانیان.

## ٢- راگواستنی دانیشتوانی گوندەکان

بۆ وردبینیی و زیاتر قۆناغەکانی راگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، دابەش دەکەین بۆ سێ قۆناغ. یەکەمیان لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە دەست پێدەکات پاش کۆتایی هاتنی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵی ١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٧٩، کە بەشێوەیەکی سەرەکی راگواستنی گوندەکانی ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکە دەگرێتەوە.

قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٨٠وە دەست پێدەکات، واتە لە ساڵی دەستپێکردنی شەڕی (عێراق ـ ئێران)ەوە، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦، چونکە شاڵاوەکانی راگواستن لەم قۆناغەدا پچڕپچڕ بوون و بەزۆری بەهۆی شەڕی عێراق ـ ئێران و شەڕی ناوخۆی شۆڕشی گەلی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند بووە. بەڵام قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٩٨٧ەوە دەست پێدەکات، کاتێك کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرنامەڕێژ، راگواستنی هەموو ئەو گوندانەی تا ئەوکاتە نەڕوخێنرابوون، دەستی پێکرد تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو.

---

1 Shorsh.M.Rasool,Destruction of anation (statistics of atrocities in Iraqi Kurdistan), U.S.A,1990,p89-166.

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە،(بڵاو نەکراوەتەوە).

## قۆناغی یەکەم (١٩٧٨ – ١٩٧٩)

بۆ یەکەم جار لە پارێزگای سلێمانیدا، لە نێوان سالأنی (١٩٧٨ – ١٩٧٩)، بە بەرنامە و پلانی پێشوەخت، راگواستنی دانیشتوانی گوندەکان دەستی پێکرد. رووخاندنی گوندەکان لەو سالأنەدا بەشێك بوو لە سیاسەتێکی درێژخایەن، کە لە لایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دارێژرابوو، لەپێناو لاوازکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و کپکردنەوەی یەکجارەکی شۆڕشەکەی.

ئەوەبوو لە پاش رێککەوتننامەی جەزائیری نێوان (عێراق و ئێران) لە سالّی ١٩٧٥ دا، حکومەتی عێراق بەرنامەیەکی دارِشت بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی سنووریی چۆڵکراو لە دانیشتوان بۆ ئەوەی هەموو جموجۆڵەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکان نەهێڵێت و کۆنترۆڵی بکات. بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بە پەلەی (لیژنەی بالأی کاروباری باکوور) کە لە ١٩٧٨/١/١٢دا ئاراستەی وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری، پیشەسازی و کانزاکاری، کشتوکالّی و ئاودێری، نیشتەجێکردن، تەندروستی، گواستنەوە و گەیاندن، ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزیی دەسەلأتی ئۆتۆنۆمی کراوە، تێیدا بڕیاردراوە تا (١٩٧٨/٦/١) واتە لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ دا، (١٩٠٢٢) خانووبەرە لە پارێزگای سلێمانی (٣٥٠٠) خانووبەرە لە پارێزگای هەولێر و (١٥٠٠) خانووبەرە لە پارێزگای دهۆك دروست بکرێن بۆ نیشتەجێکردنی ئەو خێزانانەی کە بڕیارە رابگوێزرێن، لە ناوچەکانی پشتێنەی سنوورییەوە، کە بەقولأیی (١٠ – ٢٠)کم بڕیارە دروست بکرێت.[١]

دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە راگواستنی ئەو گوندنشینانە بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە، چونکە گوندەکانیان دەکەوێتە ناوچە سەخت و شاخاوی و دوورەدەستەکان و ئەوان ناتوانن خزمەتگوزارییە هەنوکەیی و پێویستەکان بگەیەنن بەوناوچانە، بەلأم لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەم پرۆسەیە ئابووری و کۆمەلأیەتی نەبوو، بەلّکو ئامانجێکی سیاسی و سەربازی بوو، بۆئەوەی قولأیی نەتەوەیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دابڕن و هەموو جۆرە پەیوەندییەکان لە نێوانیاندا نەهێڵن. هەروەها بۆ ئەوەی هێزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان سوود لەو ناوچانە و لە دانیشتوانەکەی وەرنەگرن بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی شۆڕش، چونکە دانیشتوانی گوندەکان بە دابینکردنی خۆراك بێت یان بە پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەوە، فاکتەرێکی سەرەکی بەردەوامبوونی شۆڕش بوون وحکومەتی عێراقی نەیدەتوانی پایەکانی دەسەلأتی خۆی لەو

١- طه بابان، عالم الكرد المرعب، الكتاب الأول، مطبعة شڤان، ط٢، سليمانية، ص٢٦٣ – ٢٦٤.

ناوچانە بەهێز بکات، ئەویش بەهۆی سەختی و بەرزی و ئالۆزیی چیاکان و چڕی دارستانەکان و کەمی یان نەبوونی ڕێگاوبانی هاتووچۆ.[1]

بەڵام بە ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندە سنوورییەکان لە لایەکەوە پێشمەرگەی لەو هێزە مرۆییە گرنگە دابڕی و لە لایەکی ترەوە ئەو هێزە مرۆییەی بێکار کرد و لە ئۆردوگاکاندا کۆی کردنەوە، کە دەسەڵاتی سەربازی و کارگێڕی و سیاسیی تەواوی بەسەریاندا زاڵ کردبوو، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین کە هەموو ئۆردوگاکان لە نزیك شارەکان و لە سەر ڕێگاکان و لە ناوچە نزمەکاندا دروست کرابوون.

لە بەرئەوەی پارێزگای سلێمانی بە درێژی (٣٤٣)کم سنووری لەگەڵ ئێراندا هەیە[2]، ڕێژەی (٥٩,٣٪)ی گوندە سنووریە ڕاگوێزراوەکان کەوتوونەتە ئەم پارێزگایەوە.[3]

وەك لە خشتەی ژمارە (٢٨)دا دەردەکەوێت (٥٢٨) گوندی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لەم قۆناغەدا روخێنراون، کە (١٩٦٥٠) خێزان و (١١٣٤٤٨) کەسیان لەخۆدەگرت کە دەکاتە ڕێژەی (٢٩,٤٪)ی گوندە روخێنراوەکان و (٢٨,٢٪)ی گوندنشینە ڕاگوێزراوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە.

گوندەکانی قەزاکانی (هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر، دوکان، دەربەندیخان و ناوەندی سلێمانی) لەم قۆناغەدا بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتوون، ناوەندی سلێمانی لێدەرچێت کە روخاندنی گوندەکانی بە هۆی دروستکردنی پێگە و بارەگای سەربازی بووە، ئیدی ڕاگواستنی گوندنشینەکانی دیکە بە هۆی دروست کردنی پشتێنەی سنوورییەوە بووە.[4]

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت گوندەکانی (١٧) ناحیەی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لەم قۆناغەدا دووچاری شاڵاوی ڕاگواستن بوونەتەوە، بەڵام بە ڕادەی جیاجیا. هەموو گوندەکانی ناحیەی بیارە، هێرۆ وگەرمك، کە یەك لە دوای یەك ژمارەیان (١٩، ٣٤، ٧٦) گوند بوون، روخێنران و چۆڵکران لە دانیشتوان، بەڵام ژمارەی گوندە روخێنراوەکانی ناحیەکانی دیکە جیاوازن. بۆنموونە تەنها یەك گوندی ناحیەی سورداش لەم قۆناغەدا روخێنراوە، بەڵام (٧٣) گوندی ناحیەی سیروان و (٦٢) گوندی ناحیەی ناودەشت و (٤٩) گوندی ناحیەی ناوەندی پێنجوێن و (٤٨) گوندی ناوەندی پشدەر لەم قۆناغەدا روخێنراون، واتە بەپێی دوور و نزیکی لە سنوورەوە، ڕادە و ڕێژەی گوندە روخێنراوەکانی ناحیەکان دەگۆڕێن.

---

١- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

٢- شیروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیایی سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨ .

٣- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.

## قۆناغی دووەم (١٩٨٠ – ١٩٨٦)

لە پاش ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان، شالاوەکانی ڕاگواستن کەم بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە گوندنشینەکان بەر شالاوی ڕاگواستن کەوتوون. لە خشتەی ژمارە (٢٨)دا دەردەکەوێت (١٤٢) گوندی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە لەم قۆناغەدا روخێنراون. کەواتە ڕێژەی (٧,٩٪)ی کۆی گوندە روخێنراوەکان، (٨,٢٪)ی کۆی گوندنشینە ڕاگوێزراوەکان کە نزیکەی (٥٦٧٥) خێزان (٣٢٩١٤) کەسیان لەخۆگرتبوو لەم قۆناغەدا ڕاگوێزراون.

حکومەتی ناوەندیی عێراق بارودۆخی جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا بە هەلێکی لەبار زانی بۆ چۆڵکردنی ئەو گوندانەی، کە نزیك بوون لە بەرەکانی شەڕەوە. ئەوەبوو (٨) گوندی قەزای پێنجوێن، (٤٤) گوندی قەزای شارباژێڕ، (٢)گوندی قەزای هەڵەبجە، بەم بیانووەوە روخێنران.[١] بەڵام لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕەکە لە ساڵی ١٩٨٨دا، هیچ هەنگاوێك بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەیان نەنرا، واتە هۆکاری جەنگ تەنها بیانوویەك بوو بۆ روخاندنی ئەو گوندانە.

هۆکارێکی دیکەی ڕاگواستنی گوندنشینەکانی ئەم قۆناغە، لە دیدی حکومەتی ناوەندییەوە، هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و شۆڕش بوو.[٢] واتە لە هەر ناوچەیەکدا چالاکی پێشمەرگە ئەنجام بدرایە، دەستبەجێ هێرش دەکرایە سەر گوندەکانی دەوروبەری ڕووداوەکە، زۆرجار ئاگریان لە ماڵەکانی گوندەکە بەردەدا و دەیان سوتاند و دانیشتوانەکەشی ئاوارە و پەرتەوازەی شار و گوندەکانی دیکە دەبوون. (١٦) گوندی قەزای سلێمانی، (١٠) گوندی قەزای کەلار، (٥) گوندی قەزای هەڵەبجە، (١٤) گوندی قەزای شارباژێڕ، (٥) گوندی قەزای پشدەر، (٢٢) گوندی قەزای دوکان و (٩) گوندی قەزای چەمچەماڵ، بەهۆی چالاکی پێشمەرگەوە، یان ئەگەری ئەوەی چالاکی پێشمەرگە لە ناوچەکانیان ڕووبدات، روخێنراون و دانیشتوانەکانیشیان پەرتەوازە و ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی پارێزگاکە بوون.[٣]

لە هەندێ ناوچەی دیکەدا چالاکی پێشمەرگە ڕووی نەدابوو، بەڵام بەهۆی خۆپیشاندان و نارەزایی جەماوەرییەوە، دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی دەستیان کرد بە روخاندنی

---

١- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٩-٢٣١.
٢- جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
٣- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣-٣٣٥.

گونـدەكان، نموونـەی ڕاپـەڕینی ئۆردوگـای بنگـرد لـە ٢٦/٥/١٩٨٦، كـە لەبـەر كـەمی خزمەتگوزارییەكان و بێكاری و خراپی گوزەرانی دانیشتوان ئەنجام درا. لە بـری وەڵامدانـەوەی داوا ڕەواكـانی هاوڵاتیـان و بەدواداچـوونی كێـشەكانیان، دەزگاكـانی حكومـەتی ناوەنـدی ئۆردوگاكە و ناوەندی ناحیەكە و (٨) گوندی دەوروبەریان ڕووخاند.[١]

## قۆناغی سێیەم (١٩٨٧ — ١٩٩٠)

گەورەترین شاڵاوی ڕاگواستن و لەناوبردنی گونـدەكان و قڕكردنـی دانیـشتوان لـەم قۆناغـەدا ئەنجامدرا، بە شـێوەیەك كـە هـەموو ئـەو گوندانـەی تـا سـاڵی ١٩٨٧ نـەڕوخێنرابوون، خرانـە بەرنامە و پلانی ڕاگواستن و لەناوبردنەوە.

سـەرەتای شـاڵاوەكانی ئـەم قۆناغـە لـە دانـانی (عـەلی حەسـن مەجیـد) وەك لێپرسـراوی نووسـینگەی بـاكووری حیزبـی بەعـسی عـەرەبی دەسـت پێـدەكات لـە لایـەن ئەنجومـەنی سەركردایەتی شۆڕشەوە، بەبڕیاری ژمارە (١٦٠) لە ٢٩/٣/١٩٨٧، كـە تێیـدا دەسـەڵاتەكانی سەرەك كۆمار سپێردرا بە (ئەلمەجید) لەپێناو جێبەجێكردنی سیاسـەتەكانی حیـزب و دەوڵـەت لە باكوور، كە مەبەست لێی ناوچەكانی هەرێمی كوردستان بوو. (بڕوانە پاشكۆی ژمارە ٤ )

لـە یەكـەم مـانگی دەسـتەبەكاربوونیدا، ئەلمەجیـد هـەموو توانـا سـەربازی و ئـەمنی و كارگێڕییـەكانی خـستەگەڕ بـۆ لـەناوبردنی گونـدەكان، بـەپێی پلانێـك كـە لـە (٢٠/٤ — ٢٠/٦/١٩٨٨) بەردەوام بوو، هەموو ئەو گوندانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی حكومـەتی ناوەندیـدا بوون روخێنران*، كە بەزۆری گوندەكانی نزیك ڕێگاكان و ناوچـە نزمـەكان (دەشـتەكان) بـوون، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا، لە چوارچێوەی شـاڵاوەكانی ئەنفالـدا، هـەموو گونـدەكانی دیكە بەر شاڵاوی وێرانكردن و سووتان كەوتن.

---

١- طه بابان، عالم الكرد المرعب، مصدر سابق، ص٢٩١.

* لەمیانەی دادگاییكردنیدا لەسەر دۆسیەی ئەنفال، ئەلمەجید دانی بەوەدا نا، كە بڕیاری روخاندنی گونـدەكان وكۆكردنەوەی گوندنشینەكان لەئۆردوگا زۆرەملێكاندا، لەلایەن ئەوەوە دەرچووە.

خشتەی ژمارە (٢٨)

قۆناغەکانی ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە

لە سەر ئاستی ناحیە (١٩٧٧-١٩٩٠)

| ناحیە | قۆناغی یەکەم (١٩٧٨-١٩٧٩) | | | قۆناغی دووەم (١٩٨٠-١٩٨٦) | | | قۆناغی سێیەم (١٩٨٧-١٩٩٠) | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوند | خێزان | دانیشتوان | گوند | خێزان | دانیشتوان | گوند | خێزان | دانیشتوان | گوند | خێزان | دانیشتوان |
| تانجەرۆ | - | - | - | ٦ | ٢٠٩ | ١٢١٢ | ٦٨ | ٢٩٣٣ | ١٧٠١١ | ٧٤ | ٣١٤٢ | ١٨٢٢٣ |
| قەرەداغ | - | - | - | ٢ | ٣٥ | ٢٠٣ | ٧٥ | ٣٠٣٥ | ١٧٦٠٣ | ٧٧ | ٣٠٧٠ | ١٧٨٠٦ |
| بازیان | ٧ | ١٨١ | ١٠٥٠ | - | - | - | ٤٦ | ١٨٩٦ | ١٠٩٥٦ | ٥٣ | ٢٠٧٧ | ١٢٠٤٦ |
| سەرچنار | ٣ | ٨٢ | ٤٧٦ | ٨ | ٣٣٦ | ١٩٤٩ | ٧٠ | ٣٣٥٠ | ١٩٤٣٠ | ٨١ | ٣٧٦٨ | ٢١٨٥٥ |
| سیروان | ٧٣ | ٢٢٣٧ | ١٢٩٧٥ | - | - | - | ١٦ | ١٢٥٨ | ٧٢٩٦ | ٨٩ | ٣٤٩٥ | ٢٠٢٧١ |
| خورماڵ | ١٨ | ٨٤٨ | ٤٩١٨ | ٤ | ٣٦٥ | ٢١١٧ | ١٧ | ١٣٨٣ | ٨٠٢١ | ٣٩ | ٢٢٣١ | ١٢٩٣٩ |
| بیارە | ١٩ | ١٤٦١ | ٨٤٧٤ | - | - | - | - | - | - | ١٩ | ١٤٦١ | ٨٤٧٤ |
| شارەزوور | ١٤ | ٣٦٢ | ٢١٠٠ | ٣ | ١٦٥ | ٩٥٧ | ٤٥ | ٢٧٠١ | ١٥٦٦٨ | ٦٢ | ٢٢٢٨ | ١٨٧٢٢ |
| ن. پێنجوێن | ٤٩ | ١٢١٤ | ٧٠٤١ | ٨ | ١٨٩ | ١٠٩٦ | - | - | - | ٥٧ | ١٤٠٣ | ٨١٣٧ |
| گەرمك | ٧٦ | ١٨٨٤ | ١٠٩٢٧ | - | - | - | - | - | - | ٧٦ | ١٨٨٤ | ١٠٩٢٧ |
| ن.شارباژێر | ٤ | ٣٩٠ | ٢٢٦٢ | ٣٧ | ٨٧٤ | ٥٠٦٩ | ٣٩ | ١٨٣٩ | ١٠٦٦٨ | ٨٠ | ٣١٠٣ | ١٧٩٩٩ |
| سیوەیل | ٤٧ | ١٧٠٨ | ٩٩٠٦ | ٧ | ١٨٣ | ١٠٦١ | - | - | - | ٥٤ | ١٨١٩ | ١٠٩٦٧ |
| ماوەت | ٣٧ | ١٩٢٢ | ١١١٤٨ | ٦ | ٣٤٠ | ١٩٧٣ | ٣١ | ٧٥٩ | ٤٤٠٢ | ٧٤ | ٣٠٢١ | ١٧٥٢٣ |
| سروچك | - | - | - | ٨ | ٢٦٢ | ١٥٢٠ | ٤٩ | ٢١٨٤ | ١٢٦٦٦ | ٥٧ | ٢٤٤٦ | ١٤١٨٦ |
| ن .بشدەر | ٤٧ | ١٨٣٦ | ١٠٦٤٩ | ١ | ٤ | ٢٣ | ١٩ | ٣٨٢ | ٢٢١٥ | ٦٧ | ٢٢٢٢ | ١٢٨٨٧ |
| هێرۆ | ٣٤ | ١٢٩٨ | ٧٥٢٨ | - | - | - | - | - | - | ٣٤ | ١٢٨٩ | ٧٥٢٨ |
| ئاودەشت | ٦٢ | ١٤٦٠ | ٨٤٦٨ | ٣ | ٩٥ | ٥٥١ | ٢٥ | ٩٢٢ | ٥٣٤٨ | ٩٠ | ٢٤٧٧ | ١٤٣٦٧ |
| چوارقورنە | - | - | - | - | - | - | ٧٥ | ٢٤٦٥ | ١٤٣١٣ | ٧٥ | ٢٤٦٥ | ١٤٣١٣ |
| بێتواتە | - | - | - | - | - | - | ٢٨ | ١٩٤١ | ١١٢٥٧ | ٢٨ | ١٩٤١ | ١١٢٥٧ |
| سورداش | ١ | ٢٥ | ١٤٥ | ٩ | ٢٥٢ | ١٤٦٢ | ٦٣ | ٣٩٨٠ | ٢٣٠٨٧ | ٧٣ | ٤٢٥٧ | ٢٤٦٩٤ |
| چناران | - | - | - | ١٣ | ٦٠٦ | ٢٥١٥ | ٢٥ | ٨١١ | ٤٧٠٧ | ٣٨ | ١٤١٧ | ٨٢٢٢ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەرگە | ١٢ | ١١٣٠ | ٩٤٩٦ | ٨ | ٨٣١ | ٤٣٦١ | ٣٣ | ٣٣٣٦ | ١٣٤٩٤ | ٥٣ | ٢٤٤٦ | ١٩٩٨٧ |
| ن. دەیشتیفان | ٦٥ | ١٥٣٢ | ٨٨٨٥ | - | - | - | ٢٩ | ٤١٧ | ٢٣٩١ | ٥٤ | ١٩٤٤ | ١١٢٧٦ |
| ن. چەمچەماڵ | - | - | - | ٤ | ١٩٥ | ١١٣١ | ٦٠ | ١٤٩٩ | ٨٦٩٢ | ٦٤ | ١٦٩٤ | ٩٨٢٣ |
| ئاغجەلەر | - | - | - | ٤ | ٥٩٩ | ٣٤٧٤ | ٦١ | ١٧٥١ | ٧٢٥٥ | ٦٥ | ١٨٥٠ | ١٠٧٤٩ |
| سەنگاو | - | - | - | ١ | ٣٠ | ٦١٦ | ٨٨ | ١٤٩٨ | ٨٦٨٧ | ٨٩ | ١٥٨٨ | ٨٨٠٣ |
| ن. كەلار | - | - | - | ١ | ٢٥ | ١٤٥ | ٢٠ | ٢٤٠٤ | ١٣٩٤٤ | ٣٩ | ٢٤٢٩ | ١٤٠٨٩ |
| تیلەکۆ | - | - | - | ٨ | ٨٥ | ٤٩٣ | ٧٣ | ١٩٩٦ | ٦٤٧٥ | ٨١ | ١٢٠١ | ٦٩٦٨ |
| پێباز | - | - | - | ١ | ٩٥ | ٨٧ | ٦٩ | ١٦٨٣ | ٩٧٦٢ | ٧٠ | ١٩٩٨ | ٩٨٥٠ |
| كۆی گشتی | ٥٢٣ | ١٩٦٤٠ | ١١٣٤٤٨ | ١٤٣ | ٥٦٧٥ | ٣٢٩١٤ | ٩٩٢٤ | ٤٤٠٢٨ | ٢٤٤٣٤٦ | ١٧٩٤ | ٩٧٩٩٦ | ٣٩٤٨٩٧ |

سەرچاوە : توێژەر پشت بەست بەم سەرچاوانە:

Shorsh.M.Rasool,Destruction of A Nation (Statistics of Atrocities In Iraqi Kurdistan), U.S.A,1990.P.89 – 166.

٢-ئەمین قادر مینە، سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل تەعریب تەبعیس، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی ،٢٠٠٠، ل ٣٠٩-٣٣٦. ٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە،(بلاو نەکراوەتەوە)٤- خلیل اسماعیل محمد، المستوكنات الريفيه فی كردستان العراق بين التجميع والترحيل، مجله زانكو، المجله العلميه لجامعه صلاح الدين، المجلد ١، العدد ١، اربيل، ١٩٩٧، ص٢٢.

لــە خــشتەی ژمــارە (٢٨) دا دەرکــەوتووە (٦٢,٧٪)ی گونــدە روخێنراوەکــانی ناوچــەی لێکۆڵینەوەکە، لـەم قۆناغـەدا کـاول کـراون، کـە ژمارەیـان گەیـشتووەتە (١١٢٤) گونـد، ئـەم گوندانــە ( ٤٤٠٢٨ ) خێزانیــان لــەخۆگرتبوو، وکــۆی ژمــارەی گوندنــشینە راگوێزراوەکــان گەیشتووەتە ( ٢٥٥٣٤٦ ) کەس، کە (٦٣,٦٪) ی گوندنشینە راگوێزراوەکان دەکات. زۆربـەی گوندە روخێنراوەکانی ئەم قۆناغـە دەکەونـە قـەزاکانی باشـوور و رۆژئـاوا و بـاکووری ناوچـەی لێکۆڵینەوەکە، واتە لەو قەزایانەدا، کە دوورن لە سـنوورەوە و لـە قۆنـاغی یەکـەم و دووەمـدا کەمترین گوندیان روخێنراوە. (٢٥٩) گوندی قەزای ناوەندی سـلێمانی، (٢٠٩) گونـدی قـەزای چەمچەماڵ، (١٦٢) گوندی قـەزای کـەلار، (١٢٩) گونـدی قـەزای دووکـان و (١٠٣) گونـدی قەزای رانیە لەم قۆناغەدا روخێنراون.

ئــەو گوندنــشینانەی لــە ســاڵی ١٩٨٧دا راگــوێزراون، لــە کۆمەڵگــە زۆرەملێکانــدا نیشتەجێکران، کە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەیان دروست کرابـوون، گرنگترینیـان کۆمەڵگـەکانی (سمود، شۆڕش، پیرەمەگرون (سوسـێ)، حاجیـاوا و سەروچـاوە) بـوو، زۆربـەی خێزانـەکان بـڕی (١٥٠٠) دیناری عێراقی ئەو سەردەمە قەرەبوویان وەردەگرت، بەڵام ئەوانـەی لـە چوارچـێوەی شـاڵاوەکانی ئـەنفال، لـە (١٩٨٨)دا راگـوێزران، واتـە ئـەو کەسـانەی کـە دەسـتگیر نـەکران و دەربازبوون، یان پاش دەستگیر کردنیان ئـازاد کـران، هـیچ جـۆرە قەرەبوویـەکیان وەرنـەگرت و زۆربەی زۆریان زەوی نیشتەجێبونیان پێ نەدرا، بۆیە لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناهـەمواردا ژیانیان دەگوزەراند.


بە کۆتاییهاتنی ئەم قۆناغەی راگواستن، دێهاتی پارێزگای سلێمانی بەتەواوی لە دانیـشتوان چۆڵ کرا و لەلایەن حکومەتی ناوەندییە هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری (کـشتوکاڵی) تێـدا قەدەغــەکرا. هــەروەها هــەموو دەزگــا خزمەتگوزارییــەکان و پــرۆژە کــشتوکاڵییەکان و ئاودێرییەکان روخێنران و لە کارکەوتن. بە پێـی ئامارێـک (٤٤٢) قوتابخانـە و (١١٦) بنکـەی تەندروستیی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە روخێنراون.[1] دانیشتوانی گوندەکان، کـە پێـشتر سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵی بوون، لە کارەکانیان دوورخرانەوە و لە ئۆردوگاکاندا کۆکرانەوە.

سەرکەوتنی شاڵاوەکانی راگواستن، گەورەترین زیانی بە کـورد گەیانـد، چـونکە بـووە هـۆی کپکردنەوەی شۆڕشەکەی، کە لە (١٩٦١)ەوە، بەئامانجی بەدەستهێنانی مافـە نەتەوەییـەکانی بەرپای کردبوو، لەبەر ئەوەی بەم پرۆسەیە شۆڕش دووپایەی سەرەکی لە دەست دا، کە ئەوانیش

---

١- بەڕێوەبەرایــەتیی ئامــاری ســلێمانی، ئامارێــک بــەو وێرانکاریانــەی بەســەر کوردســتاندا هــاتووە، (بلاونەکرایەوە)، خشتەی ژمارە (١).

دابینکردنی هێز و خۆراکن. سەر ڕێگاکانی هاتووچۆی (سلێمانی ـ کەلار، سلێمانی ـ چەمچەماڵ، سلێمانی ـ رانیە)ی لێدەرچێت، هیچ کەسێکی مەدەنی بۆی نەبوو لە سنووری شارەوانی شارەکان و لە ئۆردوگا زۆرەملێکان دوور بکەوێتەوە. سزای ئەو کەسانەش کە لە (ناوچەی قەدەغەکراودا) دەستگیر دەکرێن، بەپێی بریاری ژمارە(٤٠٠٨)، لە سێدارەدان بوو.(بڕوانە پاشکۆی ـ٥ ـ)




نەخشەی ژمارە (٢٣)

ناوچە راگوێزراوەکانی پارێزگای سلێمانی بەپێی قۆناغەکان

**سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٢٨)**

### ٣- راگواستنی دانیشتوانی شارەکان

راگواستنی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستاندا، هەر بەگوندنشینەکانەوە نەوەستا، بەڵکو شارنشینەکانیشی گرتەوە، ئەمەش پڕوپاگەندەکانی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی ناوەندی بەدرۆدەخاتەوە، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، گوایە پرۆسەکانی راگوستن بۆ گەشەپێدانی گوندەکانە (**التنمية الريفية**) و ئۆردوگا زۆرەملێکانیان، بەگوندی هاوچەرخ وەسف دەکرد.

لە خشتەی ژمارە (٢٩) دا دەردەکەوێت (٢٤) ناوەندی شارنشینی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، لە نێوان سالأنی (١٩٧٨ — ١٩٩٠) لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندییەوە، روخێنراون و کاولکراون. لەوانە (٥) شاریان ناوەندی قەزا و (١٨) شاریان ناوەندی ناحیە و دانەیەکیان شارەدێ (قصبة) بوون. کۆی ژمارەی شارنشینە راگوێزراوەکانی ئەم شارانە گەیشتە (١٩٤١٣٨) کەس.

قەزای دەربەندیخانی لێدەرچێت، شارە راگوێزراوەکانی دیکە، بەسەر هەموو قەزاکاندا دابەشبوون، هەموو ناوەندە شارنشینەکانی قەزاکانی (هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێڕ، دوکان، پشدەر) لە نێوان سالأنی (١٩٧٨-١٩٩٠) دا روخێنران. قەزای دوکانی لێدەرچێت کە لە سنوورەکەیدا ئۆردوگای (سوسێ) پیرەمەگرون دروست کرا، چوار قەزاکەی دیکە، تا سەرەتای ساڵی (١٩٩٠)، هیچ جۆرە ئاوەدانییەکیان تێدا نەهێڵرا و بە ناوچەی سەربازی قەدەغەکراو لەقەڵەم درا.

لە سەرەتای قۆناغەکانی راگواستندا، حکومەتی ناوەندی بە دوای هۆکارێك یان بیانوویەکدا دەگەڕا بۆ راگواستنی شارنشینەکان، بۆ نموونە شارەکانی (هێرۆ، گەرمك، باسنێ) لە چوارچێوەی دروستکردنی پشتێنەی سنووریدا روخێنران. هەرچی شارەکانی (پێنجوێن، ناڵپارێز، تەوێڵە، بیارە، ماوەت، هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، سەیدسادق)ە، بەهۆی بارودۆخی شەڕی عێراق — ئێران و نزیکیان لە بەرەکانی شەڕەوە، یان بەهۆی هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئێرانەوە، بڕیاری روخاندن و راگواستنی دانیشتوانەکەی دراوە، بەلأم لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕەکە هیچ هەنگاوێك نەنرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارانە، واتە روخاندنیان بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە تەنها بیانوویەك بوو.

ناوەندی ناحیەکانی (قەرەداغ، بێتواتە، سەنگاو، ئاغجەلەر) لە شالأوی راگواستنی گوندەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٧دا روخێنران، بەلأم ناوەندەکانی (دوکان، خەلەکان، چوارتا، بەرزنجە) کە لە ساڵی ١٩٨٨دا روخێنران، هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ روخاندنیان، تەنها ئەوە نەبێت کە گوندەکانی سەر بە ئەو ناوەندانە روخێنرابوون و حکومەت گومانی ئەوەی هەبوو

پێشمەرگە سوودیان لێوەربگرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، چونکە دەکەونە ناوچەی شاخاوییەوە و کۆنترۆڵکردنیان لە رووی ئەمنی و سەربازییەوە کارێکی قورس و ئالۆز بوو بۆ حکومەتی ناوەند.

ئەوەی کە ئامانجی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکە ئاشکرا و روون کردەوە، راگواستنی ناوەندە شارنشینیەکانی قەزای پشدەر بوو لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٩دا، واتە پاش نزیکەی ساڵێك لەوەستانی شەڕی عێراق – ئێران و شالاوەکانی ئەنفال. لە کاتێکدا کە حکومەتی ناوەندی بەتەواوی دەسەلاتی سەربازی و سیاسی بەسەر خاکی کوردستاندا زاڵ ببوو.

بە پێی نووسراوی ژمارە (ق١/١٢م٨٠٨) لە ١٩٨٩/٨/٤دا، کە لە ئیستیخباراتی سلێمانییەوە ئاراستەی رێکخراوی ئیستیخباراتی ناوچەی رۆژهەلات کراوە، لە ١٣/ایار/١٩٨٩ دا، بەشێك لە دانیشتوانی قەلادزێ راگوێزراون بۆ ئۆردوگای (سدامییە بازیان)ی یەك و دوو، ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکان (٦٥٠٠) خێزان بووە، کە بریتی بوون لە (٣٣٤٥٦) کەس. هەر لە هەمان نووسراودا باس لەوە دەکات کە ئەو دوو ئۆردوگایە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و تەندروستی و رێگاوبانی تێدا نییە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧).

**خشتەی ژمارە (٢٩)**
**راگواستنی دانیشتوانی ناوەندە شارنشینیەکانی**
**پارێزگای سلێمانی (١٩٧٨–١٩٩٠)**


| قەزا | ناوی شار | ژمارەی خێزان | ژمارەی دانیشتوان | ساڵی رووخاندن | ئەو شوێنەی بۆی راگوێزراون |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵەبجە | هەڵەبجە | ٦٤٩١ | ٣٧٦٥١ | ١٩٨٨ | هەڵەبجەی تازە |
| | سەید سادق | ٤٥٨٩ | ٢٦٦١٨ | ١٩٨٨ | نەسر ـ برایەتی |
| | خورماڵ | ١٥٠٠ | ٧٨٧٥ | ١٩٨٨ | باینجان ـ<br>سوسێ نەسر وبرایەتی |
| | بیارە | ١٠٠٠ | ٥٢٥٠ | ١٩٨١ | نەسر برایەتی |
| | تەوێڵە | ٤٩٤ | ٢٨٦٤ | ١٩٨٠ | نەسر وبرایەتی |
| | سیروان | ٢٠٨٥ | ١٢٠٩٦ | ١٩٨٨ | بەحرکە ـ<br>باینجان نەسر برایەتی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێنجوێن | پێنجوێن | ٣٨٤٥ | ٢٠١٨٦ | ١٩٨٢- ١٩٨٣ | نەسر – برایەتی وسلێمانی |
| | گەرمك | ٢٧٥ | ١٤٤٤ | ١٩٧٨ | شـــانەدەری ناڵپـــارێز و پێنجوێن |
| | ناڵپارێز | ١٩٦٥ | ١٠٣١٦ | ١٩٨٣ | نەسر وبرایەتی |
| پشدەر | قەلادزێ | ٤٠٥٠ | ٢٣٤٨٨ | ١٩٨٩ | باینجان |
| | هێرۆ | ٤٥٨ | ٢٤٠٥ | ١٩٧٨ | پێماڵك |
| | سەنگەسەر | ٨١٧ | ٤٧٤١ | ١٩٨٩ | تـۆپزاوا کاورگۆســك خــەبات جدیدە (پارێزگای هەولێر) |
| دوکان | دوکان | ١٤٦١ | ٨٤٧٤ | ١٩٨٨ | پیرەمەگرون وسلێمانی |
| | سورداش | ٢٨٧ | ١٥٠٦ | ١٩٨٨ | سوسێ وباینجان |
| | خەلەکان | ٧٢٥ | ٤٢٠٦ | ١٩٨٨ | چوارقوڕنە رانیە وحاجیاوا |
| | بنگرد | ٥٠٠ | ٢٦٢٥ | ١٩٨٦ | چوار قوڕنەو حاجیاوا |
| شارباژێر | چوارتا | ٢٨٦ | ١٥٥٧ | ١٩٨٨ | سلێمانی |
| | سیوەیل | ٢١٩ | ١٢٧٠ | ١٩٧٨ | کەناروێ |
| | ماوەت | ٦٣٤ | ٣٦٨٠ | ١٩٨٦ | کارێزە وسلێمانی |
| | بەرزنجە | ٣٨٣ | ٢٢٢١ | ١٩٨٨ | سلێمانی وعەربەت |
| چەمچەماڵ | سەنگاو | ١٠٠٠ | ٥٢٥٠ | ١٩٨٧ | شۆڕش |
| | ئاغجەلەر | ١٠٤٢ | ٥٧٤١ | ١٩٨٧ | چەمچەماڵ وتەکیە |
| سلێمانی | قەرەداغ | ٣٢٣ | ١٨٧٦ | ١٩٨٧ | سلێمانی |
| رانیە | بێتواتە | ١٣٨ | ٧٩٨ | ١٩٨٧ | سەروچاوە |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ٣٤٥٦٧ | ١٩٤١٣٨ | | |

سەرچاوە: ١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە،(بڵاو نەکراوەتەوە) ٢- طە بابان، عالم الکرد المرعب، الکتاب الأول، مطبعة شفان، ط٢، سلیمانیة، ص٢٦٣ – ٢٦٤. Shorsh.M.Rasool,Destruction of A Nation (Statistics of Atrocities In Iraqi Kurdistan), U.S.A,1990.P.89 – 166 (٣).

نەخشەی ژمارە (٢٤)

شارە رووخێنراوەکان وئۆردوگا زۆرەملێکانی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە : هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە (٢٩) و(٣٠)

پاش کۆتاییهاتنی پرۆسەکانی راگواستنی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٩٠دا، دابەشبوونی دانیشتوان واقیعێکی مەترسیدار دەخاتەڕوو، چونکە دێهاتی هەموو پارێزگاکە لە دانیشتوان چۆڵ کران و لە سنووری کارگێڕیی قەزاکانی (هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر) هیچ جۆرە ئاوەدانی و نشینگەیەك نەهێڵرا. لە قەزاکانی دیکەشدا دانیشتوان تەنها لە سەر رێگاکانی هاتووچۆ و لە نزیك رێگاوبانەکان بڵاوبوونەوە، ئەویش لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا.

ئەگەر وێنەیەکی ناوچە ئاوەدانەکانی پارێزگاکە لە ساڵی ١٩٩٠دا باس بکەین، کە سەرجەم شاڵاوەکانی راگواستن ئەنجام درابوون، ئەوا لەم سێ تەوەرەدا کۆ ببونەوە:-

١- لە شاری سلێمانیەوە، لە دەوروبەری رێگای سەرەکی (سلێمانی ـ دەربەندیخان ـ کەلار، کە لە ناوەندی تانجەرۆ (عەربەت)ەوە دەستپێدەکات و کۆمەڵگەکانی نسر، برایەتی، زەڕایەن،

هەڵەبجەی تازە لە دەشتی شارەزووردا دەگرێتەوە، پاشان شاری دەربەندیخان و باوەنوور (ناوەندی پێباز) پاشان دوا ناوچەی ئاوەدانی شاری کەلار و ئۆردوگای سمود (رزگاری) بوو.

٢- لە شاری سلێمانییەوە بە ئاراستەی رۆژئاوا لە دەوروبەری رێگای سەرەکی سلێمانی — بازیان — چەمچەماڵ، کە کۆمەڵگەکانی ناحیەی سەرچنار و بازیان و ئۆردوگای تەکیە و شاری چەمچەماڵ و ئۆردوگای شۆڕش دەگرێتەوە.

٣- لە ئۆردوگای تاسلوجەوە، لە سەر رێگای سەرەکی (سلێمانی بازیان)ەوە دەست پێدەکات بە ئاراستەی باکوور لە سەر رێگای (سلێمانی — دوکان — رانیە)، لە دەشتی سورداشدا کۆمەڵگەی زۆرەملێی پیرەمەگرون (سوسێ) دروست کراوە، ئەمجار بەدرێژی زیاتر لە (١٠٠)کم رێگا، ناوچەی چۆڵەوانی دەستپێدەکات، پاشان لە دەشتی رانیەدا، ئۆردوگاکانی حاجیاوا، سەروچاوە، چوارقوڕنە، و شاری رانیە بەئاوەدانی ماونەتەوە.

بەم پێیە لە کۆی (٣٣) ناحیە لە ساڵی ١٩٧٧دا، تەنها لە ناحیەکانی (ناوەندی سلێمانی، سەرچنار، بازیان، تانجەرۆ، زەڕایەن، ناوەندی دەربەندیخان، پێباز، ناوەندی کەلار، ناوەندی چەمچەماڵ، سورداش، ناوەندی رانیە، چوارقوڕنە) دانیشتوان هەبووە، ئەویش لە شارەکان و ئۆردوگاکاندا و تەنها لە نزیك رێگاکانی هاتووچۆدا.

## ٤- ئۆردوگا (کۆمەڵگە) زۆرەملێکانی نیشتەجێبوون

مەبەست لە ئۆردوگا زۆرەملێکان ئەو کۆمەڵگانەی نیشتەجێبوونە کە حکومەتی ناوەندی عێراق، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥ — ١٩٩٠)، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا دروستی کردوون، بەمەبەستی کۆکردنەوە و دەستبەسەراگرتنی دانیشتوانی گوندەکان و شارەکان. لە سەرەتای دروستکردنی ئۆردوگاکان، حکومەتی عێراقی دەیویست فۆرمێکی زانستی (گەشەپێدانی) بەپرۆسەکانی دروست کردنی ئۆردوگاکان ببەخشێت. لە ساڵانی (١٩٧٣ — ١٩٧٧) شەش کۆنگرە، لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە بەستران، بە مەبەستی چەسپاندنی بیرۆکەی دروستکردنی ئۆردوگاکان.[1]

ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە، بیرۆکەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، چەند ئۆردوگایەك بەناوی گوندی هاوچەرخەوە، لە پارێزگای سلێمانیدا، نەخشەیان بۆکێشرا و دەست کرا بە دروستکردنیان، بەتایبەت لە سەر رێگای سەرەکی سلێمانی — کەرکوك، نموونەی ئۆردوگاکانی

١- ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروست کردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٤، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٤٣٨.

(تاسلوجه، ئەلاّیی، تەینالّ، گۆپالّە، تەکیە) هەرچەندە حکومەتی ناوەنـدی بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە ئـەم نـشینگانە (گونـدی هاوچـەرخ)ن و بـۆ مەبەسـتی گەشـەپێدان و پێـشکەوتنی شارستانی دروست کراون[1]، بەلاّم لە بنەڕەتدا بۆ نیشتەجێکردنی راگوێزراوانی ناوچەکانی دیکـە بەکارهێنران، بەتایبەت راگوێزراوانی پارێزگای کـەرکوك و قـەزای خانـەقین.[2] پـاش ئـەوەی لـە بـەهاری ١٩٧٥ گونـدە کوردنـشینەکانی قـەزای خانـەقین کۆچپێکران، بەشـێکی زۆریـان لـەو ئۆردوگایانەدا نیشتەجێ کران.

واتە مەبەست لە دروستکردنی ئۆردوگاکـانی ئـەم سـەردەمە گەشـەپێدانی گونـدەکان نـەبوو، لەبـەر دوو هۆکـار، یەکـەمیان گوندنـشینەکان هـیچ ئـارەزوو و رەزامەندیـەکیان لـە سـەر ئـەم راگواستنە نەبووە، دووەمیان گوندنشینەکان لە خـاك و ئـاوی خۆیـان دوورخرانـەوە و لێیـان زەوت کرا و دانیشتوانی عەرەب لە جێگایان نیشتەجێ کران.

لە نیوەی دووەمی سالّی ١٩٧٨دا، کاتێك کە بڕیاردرا، گونـدە سـنووریەکان بـۆ قـولاّیی (١٠ — ٢٠)کم بڕوخێنرێن، لە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکەدا، ئۆردوگای زۆرەملـێ دروسـت کـرا، بـۆ نیشتەجێکردنی راگوێزراوان، بەتایبەت لـە خـودی قـەزا سـنووریەکان. پێـنج ئۆردوگـا لـە قـەزای هەلّەبجە، چوار ئۆردوگا لە قەزای شـارباژێڕ، هـەمان ژمـارە لـە قـەزای پـشدەر، دوو ئۆردوگـا لـە قەزای پێنجوێن و ئۆردوگایەك لە قەزای دوکان و یەکێك لە قەزای دەربەندیخان و دووان لە قـەزای رانیە و پێنج ئۆردوگا لە قەزای کەلار، کە راگوێزراوانی کوردی قەزای خانـەقینی تێدا نیـشتەجێ کرا، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئۆردوگاکانی قەزای رانیـە و کـەلار و دەربەنـدیخانی لێدەرچێت، هەر (١٦) ئۆردوگاکەی قەزاکانی (هەلّەبجە، پێنجـوێن، شـارباژێڕ، دوکـان، پـشدەر)، کـە ژمـارەی دانیـشتوانیان لـە سـەروبەندی دروسـتکردنیان دا (١١٠٠١٤) کـەس دەبـوو(*)، لـە ماوەی نێوان سالاّنی (١٩٨٣ — ١٩٨٩) روخێنران و دانیشتوانەکانیان راگـوێزران بـۆ ناوچـەکانی دیکە. ئەمەش بەهۆی شەڕی عێراق ـ ئێران و شۆڕشی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی ناوەنـدی لەبارەی دانیـشتوانی ناوچـەکە. بـەم پێیـە راگـوێزراوانی قۆنـاغی یەکـەمی راگواسـتن (١٩٧٧ — ١٩٧٩) دوو جار دووچاری پرۆسەکانی راگواستن بوونەوە و زەرەرمەند بوون.

ئەو ئۆردوگایانەی لە نێوان سالاّنی (١٩٨٣ — ١٩٩٠) دروست کران بەژمارە کـەمن و تـەنها یازدە (١١) دانەن، بەلاّم بـە قـەبارەی دانیـشتوان گـەورەن و بـریتین لـە شـۆڕش، تەکیـە، نەسـر،

---

١- مـراد حـەکیم محەمـەد، ئاکامـە کۆمەلاّیەتیـەکانی سیاسـەتی راگواسـتنی کـورد لـەعێراق لەسـەردەمی دەسەلاّتی بەعسدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

٢- طه بابان، عالم الكرد المرعب، مصدر سابق،ص ٢٦٩.

* بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٠).

برایەتی، سمود، سوسێ (پیرەمەگرون)، سەروچاوە، حاجیاوا، هەڵەبجەی تازە، سەدامییەی بازیانی یەك و دوو (باینجان)، بێجگە لە (نەسر و برایەتی) ئەوانی دیکە لە نێوان (١٩٨٧ – ١٩٩٠) دروست کران، لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی راگواستنی بەرفراوانی گوندەکان و ناوەندە شارنشینیەکان. بەلاّم هەندێ لەو ئۆردوگایانە، بێجگە لە راگوێزراوانی ناوخۆی پارێزگاکە، راگوێزراوانی دەرەوەی پارێزگاشی تێدا نیشتەجێ کرا، بۆ نموونە لە ئۆردوگای (سمود)دا راگوێزراوانی قەزای کفری و لە ئۆردوگای شۆڕشدا راگوێزراوانی قەزای (دووز خورماتوو) و قەزای ناوەندی کەرکوك نیشتەجێ کران.

ئۆردوگای هەڵەبجەی تازە، کە ناوی (صدامیة حلبجة) ی لێنرا بوو، بۆ دەربازبووانی بۆردومانی کیمیایی سەر شاری هەڵەبجە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٨٩ دروست کرا، هەروەها صدامیەی بازیانی یەك و دوو (باینجان) بۆ راگوێزراوانی شاری قەلاّدزێ دروست کرا. زۆربەی لێقەوماوان و پاشماوەی کارەساتی ئەنفالیش لە ئۆردوگاکانی (سمود، شۆڕش، تەکیە، پیرەمەگرون، حاجیاوا و سەروچاوە) نیشتەجێ کران.

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٣٠ ) و (٤٣) ئۆردوگای زۆرەملێ لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥– ١٩٩٠) دا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا دروست کران، تا راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، (١٦) دانەیان روخێنران و (٢٧) دانەیان مابوونەوە، بەلاّم هەندێك لەوانەی کە روخێنرابوون، لە پاش راپەڕینەوە ئاوەدان کرانەوە، نموونەی ئۆردوگای ژاراوە کە کراوە بەناوەندی ناحیە ، ئۆردوگاکانی ناڵپارێز و سیروان، ئۆردوگای پێماڵك کە بووە بە بەشێك لە شاری قەلاّدزێ و راوگان کە بووە بە بەشێك لە شاری پێنجوێن. ئەوانەشی کە نەروخێنرابوون، لە پاش راپەڕین بەئاوەدانی مانەوە و هەندێکیان کران بەناوەندی ناحیە، وەك سەروچاوە کە کرا بە ناوەندی ناحیەی بێتواتە، پیرەمەگرون کرا بە ناوەندی ناحیەی سورداش، وسمود کرا بەناوەندی ناحیەی تیلەکۆ، هەندێکی تریان پلەی کارگێڕیان گۆڕدرا بۆ ناحیە وەك حاجیاوا، شۆڕش و تەکیە.

هەرچی ئۆردوگای هەڵەبجەی تازەیە، کرا بەناوەندی قەزای شارەزوور. هەموو ئەو ئۆردوگایانەش کە لە سنووری ناوەندە شارنشینەکاندا یان لە نزیکیان دروست کرابوون، بە هۆی فراوانبوونی شارەکانەوە کەوتنە سنووری شارەوانیەوە، وەك ئۆردوگاکانی (چەمچەماڵ و رانیە و کەلار و عەربەت و چوارقوڕنە و سەرچنار).

خشتەی ژمارە (٣٠)

کۆمەڵگە زۆرەملێکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانیدا

| قەزا | ناوی ئۆردوگا | ژمارەی خێزان | ژمارەی دانیشتوان | ساڵی دروستکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| شارباژێر | قەلا چوالان | ١٠٠٠ | ٥٨٠٠ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ روخێنرا |
| | کارێزە | ١٠٠٠ | ٥٨٠٠ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ روخێنرا |
| | سورە قەلات | ٥٠٠ | ٢٩٠٠ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ روخێنرا |
| | کەناروێ | ١٠٠٠ | ٥٨٠٠ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ روخێنرا |
| پشدەر | پێماڵك | ٢٢٩٣ | ١٣٢٩٩ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٩ روخێنرا |
| | ژاراوە | ٤٢٨ | ٢٤٨٢ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٩ روخێنرا |
| | بەستەستێن | ٨٨٠ | ٥١٠٤ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٩ روخێنرا |
| | تودسووران | ٨٨٠ | ٥١٠٤ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٩ روخێنرا |
| پێنجوێن | راوگان | ١٣٦٤ | ٧٩١١ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٣ روخێنرا |
| | ناڵپارێز | ١٣٦٤ | ٧٩١١ | ١٩٧٨ | کرا بەناوەندی ناحیە ولە ١٩٨٣ روخێنرا |
| رانیە | رانیە | ٦٠٩ | ٣٥٣٢ | ١٩٧٨ | بووە بەبشێك لە شاری رانیە |
| | چوار قورنە | ٧٣٠ | ٤٢٣٢ | ١٩٧٨ | بووە بەبەشێك لە شاری چوارقورنە |
| | سەروچاوە | ٢١٨٨ | ١٢١٥٤ | ١٩٨٧ | کراوە بەناوەندی ناحیەی بێتواتە |
| | حاجیاوە | ٥٦٥٦ | ٣٠٤٥٨ | ١٩٨٧ | ناحیەیەك بەو ناوە پێکهێنراو کرا بەناوەندی ناحیەکە |
| دووکان | بنگرد | ٥٠٠ | ٢٩٠٠ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٦ روخێنرا |
| | پیرەمەگرون | ٣١٢٥ | ١٧٩٢٠ | ١٩٨٧ | کراوە بەناوەندی ناحیەی سورداش |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵەبجە | سیروان | ١٠٥٦ | ٦١٢٥ | ١٩٧٨ | کرا بەناوەندی ناحیەی سیروان ولە ١٩٨٨ کیمیاباران و کاول کرا |
| | عەنەب | ١١٠٢ | ٦٣٩١ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ کیمیاباران و کاول کرا |
| | زەمەقی | ١١٧٢ | ٦٧٩٨ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ کیمیاباران و کاول کر |
| | خورماڵ | ١٠٧٩ | ٦٢٥٨ | ١٩٧٨ | لە ١٩٨٨ کیمیاباران و کاول کر |
| | شانەدەری | ٣٣٥٠ | ١٩٤٣٠ | ١٩٧٨ | لە ساڵی ١٩٨٨ روخێنرا |
| سلێمانی | عەربەت | ٧٠٠ | ٤٠٦٠ | ١٩٧٥ | بەشێکە لە شاری عەربەت |
| | نەسر | ٣١٠٢ | ١٧٩٩١ | ١٩٨٣ | راگوێزرانی قەزای پێنجوێنی تێدا نیشتەجێ کرا |
| | گۆپاڵە | ٢٣٥ | ١٣٦٣ | ١٩٧٨ | بەشێك لە راگوێزراوانی قەزای خانەقینی تێدا نیشتەجی کرا |
| | ئەلایی | ٤٠٤ | ٢٣٤٣ | ١٩٧٨ | بەشێك لە راگوێزراوانی قەزای خانەقینی تێدا نیشتەجی کرا |
| | تەیناڵ (بازیان) | ٢١٠ | ١٢١٨ | ١٩٧٨ | زۆربەی راگوێزراوانی قەزای خانەقینی تێدا نیشتەجی کرا |
| | تاسلوجە | ٤٠٤ | ٢٣٤٣ | ١٩٧٥ | |
| | قادسیە | ٤٠٤ | ٢٣٤٣ | ١٩٧٥ | بەزۆری فەرمانبەرانی تێدا نیشتەجێ کرا |
| | صدامیەیبازیان(١) | ٢٦٢٦٠ | ٤٧١٠ | ١٩٨٩ | راگوێزراوانی شاری قەڵادزێی تێدا نیشتەجێ کرا، بەڵام پاش راپەڕین چۆڵ کرا |
| | صدامیە بازیان (٢) | ٧١٦٩ | ١٧٩٠ | ١٩٨٩ | |
| چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | ٧٧٠ | ٤٤٦٦ | ١٩٧٨ | راگوێزۆراوانی پارێزگای کەرکوکی تێدا نیشتەجێ کرا |
| | تەکیەی کاکەمەند | ٣٧٠ | ٢١٤٦ | ١٩٧٨ | |
| | تەکیە | ٣٢٢٧ | ١٧٧٥٣ | ١٩٨٧-١٩٨٨ | ناحیەیەك بەو ناوە پێکهێنراو کراوە بەناوەندی ناحیەکە |
| | شۆڕش | ١٠٣٤٥ | ٦٠٠٠٠ | ١٩٨٧-١٩٨٨ | ناحیەیەك بەو ناوە پێکهێنراو کراوە بەناوەندی ناحیەکە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | بەردەسوور | ٣٥٠ | ٢٠٣٠ | ١٩٧٨ | راگـــــوێزراوانی قــــەزای خانەقینی تێدا نیشتەجی کرا |
| | گازینۆ | ٣٥٠ | ٢٠٣٠ | ١٩٧٨ | |
| | حەمەی کەریم | ٤٠٠ | ٢٣٢٠ | ١٩٧٨ | |
| | (٥٠٠) ماڵەکە | ٥٠٠ | ٢٩٠٠ | ١٩٧٨ | |
| | پێباز | ٥٠٠ | ٢٩٠٠ | ١٩٧٨ | |
| | سموود (رزگاری) | ٨٦٢١ | ٥٠٠٠٠ | ١٩٨٧ | کـراوە بەناوەنـدی ناحیـەی تیلەکۆ |
| دەربەندیخان | زەڕایەن | ٣٠٠ | ١٧٤٠ | ١٩٧٨ | کـراوە بەناوەنـدی ناحیـەی زەڕایەن |
| | برایەتی | ٤٥٣ | ٢٦٢٧ | ١٩٨٣ | راگوێزرانی قـەزای پێنجوێنی تێدا نیشتەجێ کرا |
| | هەلەبجەی تازە | ٥٦٦٠ | ٣٠٧٣٣ | ١٩٨٩ | بـۆ دەربـاز بـووانی شـاری هەڵەبجە دروست کرا وپاشان کـــرا بەناوەنـــدی قـــەزای شارەزوور |
| کۆی گشتی | ٤٣ | ١٠٢٠١٠ | ٣٩٨١١٥ | – | – |

**سەرچاوە :**

١- طه بابان، عالم الكرد المرعب، الكتاب الاول، مصدر سابق، ل٢٦١-٢٧١. ٢- ئازاد شێخانی، ئەنفال لە ناو چوارچێوەی قۆناغـەکانی دروست کردنـی ئۆردوگـا زۆرەملێیەکانـدا، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٤٣٨. ٣- .پاشکۆی ژمارە (٧). ٤- ئەمین قادر مینە، ئـەمنی سـتراتیجی عێـراق سێکوچکەی بەعـسیان، سەرچـاوەی پێشوو، ل٢٩٩-٢٣١.

Shorsh.M.Rasool,Destruction of A Nation (Statistics of Atrocities In Iraqi Kurdistan), U.S.A,1990.P.89 - 166

دروست کردنی ئەم ئۆردوگایانە و مانەوەی زۆربەیان بە ئـاوەدانی و گـۆڕینی خەسـڵەتی زۆربـەیان بۆشـار، کاریگەری نێگەتیڤی گەورەی لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەلآیەتی و سیاسی دانیشتوانی بەجێهێـشتووە، کـە لەم خالآنەدا کورتی دەکەینەوە:-

١- گۆڕانێکی ژینگەیی (سروشتی و مرۆیی) لە ژیانی گوندنشینەکاندا رووی دا، بۆیە دووچـاری چـەندین کێشەی کۆمـەلآیەتی و دەروونی بوونەوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ناوچەکانی پێشوویان بە تەواوی لێیان قەدەغە کرابوو و ئـازادیش نـەبوون لـە هەلـبـژاردنی شـوێنی نیـشتەجێبوون. بـەهۆی بلآوبوونـەوەی بێکـاری لـە نێـوان دانیشتوانی ئۆردوگاکاندا، بەشێکی زۆریان چوونە ریزەکانی (افواج **خفيفة**) جاشەکانەوە و لە هێزی پێـشمەرگە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دابڕان.[1]

٣- تاکە سەرچاوەی بژێوی خۆراکی دانیشتوان، یارمەتییە خۆراکییە مانگانـەکانی حکومـەت بـوو، واتـە دەسەلآت بە شێوەیەکی رەها کۆنترۆڵی بـاری گـوزەرانی دانیـشتوانی ئۆردوگاکـانی کردبـوو، ئـەم خالـەی وەك هێزێکی گوشار بەکار دەهێنا بۆ جێبەجێکردنی هەموو مەرامە شۆڤێنییەکانی.

٤- گـەورەترین کێـشەی خزمەتگوزارییـە هەنووکەییـەکانی وەك (ئـاو، کارەبـا، تەندروسـتی،پەروەردە، رێگاوبان) لە نێوان دانیشتوانی ئۆردوگاکاندا دروست بـووە، چـونکە دەسـەلآتی ناوەنـد لـە سـەردەمی خۆیـدا کـەمترین خزمـەتگوزاری پێـشکەش کـردوون. حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی هـەرێمیش وەك پێویـست بایەخیان بەئۆردوگاکان نەداوە.

٥- هـەموو ئۆردوگاکـان لـە سـەر خـاکی کـشتوکاڵیی بـەپێتی ناوچـەکە دروسـت کـراون، بـە تایبـەت ئۆردوگاکانی دەشتی شارەزوور و رانیە و سلێمانی و بازیان. واتە نەك هـەر دانیـشتوان لـە زەوی و زارەکانیـان دوورخرانەوە، بەڵکو لە سەر باشترین خاکی کشتوکاڵیش نیشتەجێ کران.

٦- دروستکردنی ئۆردوگاکان هۆکارێك بوو بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوانی پارێزگاکانی دیکـە لـە پارێزگـای سلێمانیدا، بەتایبەت لە هەردوو پارێزگای کەرکوك و دیالەوە، وەك هەوڵێك بۆ تەعریب کردنیان.

٧- هەموو ئۆردوگاکان لە دەشتەکان و لە نزیك شارە گەورەکان و لـە سـەر رێگاکـانی هاتووچـۆ دروسـت کراون، بۆ کۆنترۆڵ کردنی دانیشتوانەکەی لە کاتی روودانی هەر جۆرە خۆپیشاندان یان ڕاپەڕین و یان شـەڕێکی پێشمەرگەدا.

---

١ - مراد حەکیم محەمەد، ئاکامـە کۆمەلآیەتییـەکانی سیاسـەتی راگواسـتنی کـورد لـەعێراق لـە سـەردەمی دەسەلآتی بەعسدا، سەرچاوەی پێشوو،، ل١٨٩.

# پڕوپاگەندەو سیاسەتی بریتانیا لەهەمبەر شاری سلێمانیدا(*) ١٩٣٩- ١٩٤٥

د. ئاكۆ شوانی

بریتانیا لە نێوان ١٩٣٢- ١٩٣٩دا، واتە دووای بەئەندام وەرگرتنی عێراق لە كۆمەڵەی گەلاندا تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم ، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ كوردو پێشەواكانیدا نەرمی نەنواندووە، بەڵكو هەموو هەوڵێكی لە پێناوی ئەوەدا بوو كە كورد ناچار بكات لە چوارچێوەی عێراقدا بێ ئاژاوە دابنیشن و وەك ئەندامێكی ئەو ولاٌتە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێ ، لەم پێناوەشدا هەموو هاوكارییەكی حكومەتی عێراقی دەكرد.

ئەم هاوكێشەیە لەگەڵ هەلاٌیسانی جەنگی جیهانیی دووەمدا سیماكانی گۆڕانی تێدا هەست پێ دەكرا، چونكە رەوشی كوردەواری لەوپەڕی خراپیدا بوو، ئەگەری هەلاٌیسانی شۆڕشو راپەڕینی كوردیش لە ئارادابوو، هاوكات بریتانیا هەستی بەوەش كردبوو كەحكومەتی عێراق لەوەدا شكستی هێنابوو، كە بتوانێت چاكسازی بكات، یان بە شێوەیەكی شیاو مامەڵە لە ئاست كوردو داواكارییەكانیاندا بكات. هەر بەپێی وتەی بریتانییەكان خۆیان ئەو راستییەیان لا گەلاٌڵە ببوو، كە دۆخی كوردستان مایەی خۆشحاڵی نەبوو، جگە لەوەی كە بەڕاشكاوانە دانیان بەوەدا دەناو دەیانوت حكومەتی عێراق هەردەم هەڵوێستێكی نێگەتیڤی بەرامبەر بە كورد هەیەو ئەم بارەی كوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئاكامی سیاسەتی ناشیاوو گەندەڵی حكومەتی عێراقە، بە تایبەتی نەبوونی سیاسەتێكی ئابووریی پەیڕەوكراو لە ئاست كوردستاندا، هەروەها ئەو حكومەتە، هەرگیز هەوڵی نەداوە ئەو بارە لارەی كوردستان راست بكاتەوە.[1]

* ئەم باسە بەشێكە لە كتێبی (شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥) لێكۆڵینەوەیەكی (مێژوویی _ سیاسی) یە كە بەم زووانە لە لایەن (مەڵبەندی كوردۆلۆجی) یەوە بلاٌودەكرێتەوە.

لەو رۆژگارەدا ، بریتانیا راستەوخۆ هاتە نێو هاوكێشە سیاسییەكانی عێراقەوە.[٢] بە پلەی یەكەمیش گرنگیی بەپێشخستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیو زاڵكردنی بەسەر بەرژەوەندییەكانی عیراقدا دەدا ، بەم شێوەیە گرفتەكانی عیراق چوونە خانەی گرفتی پلە دووەوە ،[٣] هەرچەندە ( نووری سەعید) لەگەڵ هەڵایسانی جەنگدا بێ گوێدانە رەزامەندیی پەرلەمان، كەوتە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تەوەرو سانسۆری خستە سەر رۆژنامەو بڵاوكراوەو ئازادییە سیاسییەكان، بەمەش بارێكی نوێ عێراقی گرتەوە.[٤]

هەردوو حكومەتی بریتانیا و عێراق سامێكی گەورەیان لێ نیشتبوو، كە لەكوردستاندا بزووتنەوەیەك دروست ببێت یان لەگەڵ كوردەكانی رۆژهەڵاتدا لێك نزیك ببنەوە .[٥]

دووای تێپەڕبوونی تەنها مانگێك بە سەر دەستپێكی ئەو جەنگەداو لە یەكەم هەنگاودا لە رێكەوتی ٦/تشرینی یەكەمی/١٩٣٩دا، عەبدولئیلا بە سەردانێك، بەیاوەری هەر یەك لە (عومەر نەزمی) و (رەشید عالی گەیلانی) دەگاتە سلێمانی، كە ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق رووداوێكی دەگمەن بوو.[٦]

دیارە عێراقیش هاوشێوەی بریتانیا، دەیزانیو ترسیشی لەوە پەیداكردبوو، كەئەم جەنگە بیرۆكەی سەربەخۆیی و پێدانی مافەكانی كوردی هێناوەتەوە ئاراوە. ئەمە جگە لە بوونی ئەو هەست و سۆزەی كە لەناخی كورددا دروست بووە، زۆر لەپڕو پاگەندەی ئەو دەوڵەتانەش دەترسان كەباسی كوردیان دەكرد . بۆ نموونە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا رایگەیاند ئامادەیی تێدایە بۆ هەوڵدان لەپێناو بەخشینی خودموختاری بە گەلی كورد لەسایەی حوكمی توركیادا ،ئەڵمانیاش قسەی لەم شێوەیەی دەكرد، هەر بۆیە بریتانییەكان هەوڵیان دەدا خۆیان لە كورد نزیك بخەنەوەو پەیمانیان پێ دەدان كە مافەكانیان بۆ دەستەبەر بكەن .[٧] بێگومان ئەمە سەرلەنوێ لەخشتەبردنی كوردو گەڕانەوە بوو بۆ سیاسەتی فەندوفێڵاویانەی ساڵانی سییەكان دژ بەكورد.

بۆ نموونە: رەفیق چالاك تەواو گوزارشت لەم سیاسەتەی بریتانیا دەكات، كەچۆن دەم نادەمێ كوردی پێ هەڵدەخەڵەتێنێ و دەڵێت: "ئائەم ئینگلیزە بەحورمەتە، كە ئەكەوێتە باری ترسەوە، وەرە تەماشای كە! ئەوە قسەی خۆشەو باسی هەقی چارەنووس و دڵنەوایی و پرۆژە دانان و پارە هەڵڕشتن و ئێكس كیوزمی دەكات! بەڵێ بە لوتفەوە داگیركەر لێقەوماو دەستی پڕ لەپارەیە، دەم بەپێكەنینو بەڵێن بە( خەربار)!! كە تۆزێكیش دەستی بوو، دوژمنی ئیمانتان بێ ، هەڵئەگەڕێتەوەو روگرژ ئەكاو دەم ئەنوقێنێو پەشیمان لە هەموو قسەو وەعدو بەڵێن و پەیمان"[٨].

ئەوەی راستی بێت بریتانیا بۆ وەدیهاتنی مەبەستەکانیو بێدەنگکردنی کورد، کە تەنها مەبەستی بوو گەلی کورد وەك گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی ناوچەکە لەکاتی جەنگی جیهانیدا ئارامو بێگرفت و ئاژاوە دابنیشێت،[9] دوو رێگەی بۆ چەواشەکردنی گەلی کوردو پڕوپاگەندەکردن بۆ خۆی گرتەبەر ، یەکەمیان بریتی بوو لە:

## ١- پڕوپاگەندەی سیاسیی:

ئەم تەرزە هەڵوێستەی بریتانیا لەوەدا خۆی دەنواند کە دوای دەستپێکردنی جەنگ هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی لەکورد دەدا و بەڵێنی پێدەدان ، یان ناوبەناو باڵوێزی بریتانیا لەبەغدا سەرزەنشتی (عەبدولئیلا) و ( نووری سەعید)ی دەکرد، کە نازانن مامەڵە لەگەڵ کورددا بکەنو پێویستە وتوێژ لەگەڵ سەرانی کورددا بکرێت و گرفتەکان بەشێوەی چاکتر چارەسەر بکرێن، لەچاو پێشتردا کەمێك سۆز بەرامبەر داواکارییەکانی دەربڕن بەر لەوەی گرفتی کوردیش لە گرێژنە دەربچێت و ئاکامەکەی خراپ بێت، تەنانەت بالیۆز پێیان رادەگەیەنێت حکومەتی بریتانی بەدەنگتانەوە نایەت و لەرووی سەربازییەوە هیچ هاوکارییەکتان دژ بە کورد ناکات ، چونکە حکومەتی عێراقی لەئاکامی هەلسوکەوتە سەرەڕۆو سەرکێشەکانی خۆی لە کوردستاندا دوچاری ئەو دۆخە بووە ، هەر بۆیە سەرنجی راکیشابوون، کە دەبێ کێشەکە بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت،چونکە ئاسایشی کوردستان و ئارامیی هەرێمەکە تەنها خەمی حکومەتی عێراقی نییە، بەڵکو بەلای حکومەتی بریتانیاشەوە گرنگە .[10]

لەم پێناوەشدا ئەوە ناشارنەوە کەمەبەستیان بوو خۆیان لە خوێندەوارانی کورد بە گشتی و سلێمانی بەتایبەتی نزیك بخەنەوەو هەندێك پێشنیازی کرداری بخەنە بەردەمیان و دڵیان ئاسوودە بکەن، تا بە هیچ شێوەیەك پشتگیری شێخ مەحموود نەکەن، ئەرکی حکومەتی عێراقیشە کە بوار نەدات شێخ مەحموود بێتە پێشەوە. هەر بۆیە (کورنوالیس)ی باڵیۆزی بریتانیا لەعێراق لە برووسکەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوە، لە حوزەیرانی ١٩٤١دا، باس لەوە دەکات، کە بە وردی لە ئەگەری دانانی ژمارەیەکی زۆرتر لە کورد لە ڕیزەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەعیاندا دەکۆڵێتەوە.[11]

راستییەکەی بریتانییەکان تا ئەندازەیەك چاوپۆشییان لەو جموجۆڵە نەتەوەیی و سیاسییانە دەکرد، کە ئاراستەی نەتەوەیی، یان کۆمۆنیستییان هەبووایە، ئەگەر بچوونایەتە خانەی لایەنگریی بریتانیاو دژایەتیی ئەڵمانیاو ئەو عەرەبە ناسیۆنالیستانەوە، کە خۆیان بە هاوپەیمانی ئەڵمانیا دەزانی، ئیدی هێندە چاودێریی نەدەکردن.[12]

بریتانیا لەم سیاسەتەیدا هەوڵی دەدا کورد لە خۆی نزیك بخاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە هەستی کرد، ئەمەریکییەکان لەم بوارەدا جموجۆڵیان هەیە. ئەوەبوو ئەفسەرێکی ئەمەریکی بەناوی (ئەرشیبالد ڕوزفلت) کە یاریدەدەری مولحەقی سەربازیی کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا بوو لە عێراق، سەردانی سلێمانی دەکات و ماوەی هەفتەیەك لەشارەکەدا دەمێنێتەوەو بارودۆخی ناهەمواری سلێمانی سەرنجی رادەکێشیٚ و هەست دەکات خەڵك لەم شارەدا زۆر لە کردەوەکانی حکومەتی عێراقی نیگەرانن، باڵوێزی ئەمریکا لە راپۆرتەکەیدا باس لە هەنگاوە خراپەکانی ئەو حکومەتە سەبارەت بە کورد دەکات، کە چۆن رەشبگیر دەکرێن و لەسێدارە دەدرێن .[13] لێرەوە دەردەکەویٚ کە هەردوو حکومەتی بریتانیاو ئەمریکا ئاگاداری چۆنێتیی مامەڵەکردنی شۆڤێنیستانەی عێراق لەئاست گەلی کورددا بوون. جگەلەوە حکومەتی عێراق، لەبری هەموو چاکسازییەك لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا پێڕەوی (فتوة)یان بەسەر قوتابخانەکانی عێراقدا سەپاند، کە بێگومان سلێمانییش دەبووایە وەك (بەسرە) هەمان نیزام پەیڕەو بکات بیٚ گوێدانە تایبەتمەندییەکانی کوردستان. دەبووایە قوتابییان، هەموو بە جلی دیدەوانییەوە لەکاتی دەوامدا مەشقی سەربازی بکەن، وەك پێویستییەکی سەرشان، ئەم نیزامە لەپۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە پەیڕەو دەکرا تا بەرزترین ئاستی خوێندن. تەنانەت مامۆستایانی دەرچووی خانەی مامۆستایانیش هەر بەو شێوەیە دەبووایە جلی ئەفسەری لەبەر بکەن و بەپێی ساڵانی خزمەتی مامۆستاییان لەبری ئەستێرەی سەر شان خەتیان بۆ دادەندراو لەسەر شەقام و ناو بازاڕدا پۆلیس هەر وەك ئەفسەری ئاسایی سەلامی بۆ دەکردن ، دارو دیواری قوتابخانەکانی ناوشار بەم دەستەواژەیە رەش کرابووەوە "أخشوشنوا فان الترف يزيل النعم ".[14]

بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لێی، حکومەتی عێراقی، مستەفا قەرەداغی لەموتەسەریفی سلێمانی لاداو لە ١٢/ شوبات/ ١٩٤٤دا بەهائەدین نووری کرا بە موتەسەریف ، ناوبراو بەرەگەز کوردبوو ، لە یەکەم کاریدا هەوڵی دا پەیڕەوی سیاسەتی روژ (هەلپەرستانە) بکات . سەرەتا پیاوماقووڵانی سلێمانیو مەلا و شێخانی لەمزگەوتی گەورە کۆکردەوەو ئاگاداری کردن، کە " لەمەولا بەکوردی ئەخوێندریٚو کاروباری ئیداری گشت دامودەزگاو فەرمانگەیەك بە کوردی دەبێت، تەنانەت خوتبەی جومعەیش هەر بەکوردی دەبێت".[15]

لەلایەکی دیکەشەوە ( جۆنسۆن) کە لەسلێمانیدا ئەفسەری سیاسیی بریتانیا بوو ، لە شارەکەدا سەرقاڵی ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو ، بەتایبەت بەهاوکاری لەگەڵ سەرۆك هۆزو گەورە پیاوانی کورددا.[١٦]

هەنگاوێکی دیکەی بریتانیا ناونووسکردنی کوردبوو بۆ سوپای لیڤی* ، هەرچەندە سلێمانی سەربازی عەرەب و ئەرمەنیشی تێدابوو، بەڵام ئینگلیز بۆ ئەم مەبەستە خانوویەکیان لەگەڕەکی گۆیژە بەکرێ گرت، کە پێشترماڵی (میرزا ئەحمەدی بازیانی) بوو لەو ماڵەدا دەستیان بەناونووسکردنی گەنجی شارەکە کرد بۆ سوپای لیڤی[١٧]. ئەم بابەتە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٣دا بوو ، ژمارەی کورد لەم سوپایەدا کەم نەبووە ، بەڵکو لەهەشت هەزار تێپەڕیبوو ، تا کۆتایی جەنگ، ئەم ژمارەیە لەدە هەزاریشی تێپەڕاند.[١٨]

ئەو ڕۆژانە دانانی موتەسەڕیفی کورد بۆ شارە کوردییەکان سیاسەتێکی بریتانی بوو، کە لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرا. تەنانەت کاتێك لە ئابی١٩٤٤دا بەهائەدین نووری لە سلێمانی گوێزرایەوە، جارێکی دیکە کوردێکیان کرد بە موتەسەڕیفی سلێمانی، ئەویش (مارف چیاووك) بوو، کە کوردێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بوو،خەڵکی چاوەڕوانی هەنگاوی چاکیان لێ دەکرد، بەتایبەتی نیشتمانپەروەران و کورد خواهان ، بەڵام وا دەرنەچوو.[١٩]

شێوازێکی دیکەی مامەڵەی سیاسییانەی ئینگلیز لەگەڵ کورددا، سیاسەتی خەڵك خەریککردن بوو، بەتایبەتی سەرقاڵکردنی خەڵکی بەپشکنینی (تووتن) و خەملاندنی(تووتن)ەوە، بۆ ئەوەی خەڵك دەمکوت بن و ئاگایان لەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی نەمێنێت. ئەم بابەتە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەزەقی دەرکەوت و تەواو ترسیان لێ نیشت، کە ئەم ڕووداوە بۆ کوردستانی عێراق بتەنێتەوە، بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا بەربەستیی بکەنو بەڕاستو چەپدا پارەیان هەڵدەڕشت.[٢٠]

کاتێك تووتن دەپشکنرا دەکرا بە نیو دینار، پلەی تووتن دەکرا بە (یەکەم) و بەدینارێك دەیانکرد بە (نایاب ) ،[٢١] پیاوێکی بریتانی بە ناوی (سمیث) (شارەزا — خبیر) بوو، بەزۆر هەموو تووتنەکەی پێدەکردن بە (یەکەم) و( نایاب). ئەمەش تەنها بە مەبەستی ڕازیکردنی جووتیارو بازرگانی کورد بوو.[٢٢] ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٤٣ەوە پەیڕەوکراو بووە هۆی کەڵەکەبوونی پارە لەدەست خەڵکی کوردستاندا، تەنها مەبەستیشیان دورخستنەوەی جەماوەر بوو لە کاری کوردایەتیو سیاسەت.[٢٣] لە ئەنجامی ئەمەدا پارە هێندە لای جووتیاری لادێکان زۆرو بێ نرخ بوو بوو ، ئەگەر دەمەقاڵێیەك لەنێوان جووتیارێکی ناوچەی شارەزوورو چەرچییەکدا ڕوویبدایە، کە ئەوکات چەرچیو دەڵاڵ بە لادێکاندا بڵاوبووبوونەوە، لادێیەکە توڕەدەبوو، دەیووت:" گەماڵە بۆر بنێرم بۆ سلێمانی دوو هەزار دینار بێرێ".[٢٤]

ئەوکاتە خوێندەوارو رووناکبیرانی سلێمانی لەو ڕاستییە گەیشتبوون، کە حکومەت ئەم پارەیە بۆچی هەڵدەڕێژێ ، بەڵام کەس گوێی لێنەدەگرتن، ئەگەر شتێکیان بوتایە بە پلارو توانج، ئەوا بابای بازرگان خۆی تووڕە دەکردو دەیوت: " ئێوە حەقتان چییە بەسەرەوە! خۆ ئەم پارەیە لە کیسەی ئێوە دەرناچێ، حکومەت پارەی زۆرەو بۆ خاوەن تووتن دەبێ"[٢٥]

راستییەکەی هەروا دەرچوو هەر هێندەی کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕووخاو جەنگی جیهانیی کۆتایی هات، هەر ئەو ( سمیپ) ناوە بریتانیە نرخی تووتنی کەم دەکردەوەو بەتووتنی (خراپ) دەینووسی.[٢٦] ئەمە لە کاتێکدا کە پێش رووخانی کۆمار ، حکومەتی عێراقی مووچەی مەلاکان زیاد دەکاتو لە سلیمانی بەڕێوەبەری ئەوقاف سەرجەم مەلاکانی کۆکردەوەو باسی لوتفو سۆزی ئەو حکومەتەی بۆ کردنو داوای لێکردن سەرجەمیان برووسکەی سوپاس بۆ حکومەت بنێرن.[٢٧]

## ٢- پڕوپاگندەی ڕاگەیاندن:

ئەم بووارە لایەنێکی دیکەی گرنگی سیاسەتی خۆ نزیکخستنەوەی بریتانیا بوو لە کورد، دووای تێپەڕبوونی تەنها دوو مانگ و نیو بەسەر هەڵایسانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ماوەی پرۆگرامی کوردی لەوێستگەی بەغدا کرایەوەو هەر یەك لە (ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی) رۆلی بەرچاویان لەوێدا هەبوو، کە بە حەماسەوە هەوڵیان دەداو بەلای ئەوانەوە ئەم پرۆگرامە کوردییە دەچووە خانەی خزمەتی یەکێتیی نیشتیمانی و زمان وکولتووری کوردییەوە ،بەتایبەتی، کە لەو کاتەدا تەنها رۆژنامەی (ژیان)و (زبان) لە سلێمانی هەبوون، ئەوانیش تواناکانیان سنووردار بوو. ( ژیان ) بەهۆی گرانبوونی کاغەزو پێداویستیی چاپەوە، زۆر جار دووچاری گرفت دەبوو. لە کاتێکدا (زبان) کە زمانحاڵی نیمچە فەرمیی شارەوانیی سلێمانی بوو، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١ەوە وەستاو چیدی ژمارەی نوێی دەرنەچوو.[٢٨]

ئەوەی راستی بێت کردنەوەی ئەو رادیۆیە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە بریتانیا هەستی بە توندی راگەیاندنی ئەڵمانیاو دەوڵەتانی تەوەر دەکرد، بۆیە ئەو هەنگاوەی هەڵنا.[٢٩]

هەر لە روانگەی ئەم گرنگییەوە هێندەی نەبرد لە ئابی ١٩٤٢دا بریتانییەکان وێستگەی رادیۆی عەرەبی (خۆرهەلاتی نزیك)یان لە (یافا) بە مەبەستی بەرهەڵستیکردنی پڕۆپاگەندەی ئەڵمانیا دامەزراند. هەر لەو رادیۆیەدا بەشێکی کوردی بەنێوی (رادیۆی کوردستان)ەوە کرایەوە.[٣٠] لەو وێستگەیەدا (رەفیق چالاك) کاری دەکرد، تەنانەت کە بابەتی دیموکراتی لەلایەن ئینگلیزو رووسەوە ببووە مژدە و داواشیان لەکورد دەکرد (ژ. ك) بگۆڕن بەدیموکراتو

ئەو دەمە رەفيق چالاك لەو وێستگەيەدا دەيگووت ( بەيانيان كە مريشكەكانيشمان دەقـوقێنن هاوار دەكەن ديموكرات، ديموكرات).

بـۆ مەبەسـتى بـەڕێوەبردنى بەشـى كـوردى ئـەو راديۆيـە ، پـارتى هيـوا لەسـەر داواى بريتانييەكان چەند ناوێكى لە سلێمانى دەستنيشان كرد، وەك (نوورى شاوەيس ، ئەنوەرى مەلا حەمە ئاغا، ئيبراهيم گوردى ، رەفيق چالاك ) بەڵام لەبەر ئەوەى ئەو ناوانە (رەفيق چالاك)يان لىَ بترازىَ، بەهۆى كوردايەتى و سياسەتەوە شتيان لەسەر بـوو، رەزامەنـدى بۆچـوونيان نيـشان نەدرا ، تەنها رەفيق چالاك نەبێت، دواتر رەمزى قەزازو مامۆستا گۆرانى شـاعيريش لەگەڵيـدا چوون بۆ (يافا)و لەوىَ ستۆديۆ دادەمەزرێنن و وێستگەكە ناو دەنێن (كوردستان ) .[٣١]

بەراستى ئەم وێـستگەيە رۆڵێكـى ئێجگـار گرنگـى بـينى و بيـستەرو گـوێگرى زۆر بـوو، هەرچەندە لەپاڵ ئەميشدا خەڵك لە سلێمانى گوێيان لە راديۆى عەرەبى(بەرلين)يش دەگرت، كە (يونس بەحرى) بێژەرى بوو، دژى ئينگليز دەدوا.[٣٢]

وێستگەى (يافا) جگە لە خزمەتى سياسەتى بريتانيا، توانيى خزمەتێكى بەرچاوى زمان و ئەدەبو هونەرى كوردى بكات و دەيان سروودى نيشتيمانيى كوردى لەو وێستگەيە ئاوازى بـۆ دادەندراو پەخش دەكراو لەنێو گەورەو بچووكى سلێمانيدا دەوترايەوە، بەتايبەتى قوتابيـان لـە قوتابخانەكاندا دەيانوتەوە.[٣٣]

پێدەچێت ئەم وێستگەيە بە پێـشنيازى (ئەدمۆنـدز) دانرابێـت، چـونكە نـاوبراو شـارەزاى كوردو زمانى كوردى بوو.[٣٤] عەلائەدين سەجادى، لەم بارەيەوە دەڵێت: "لە ئـابى ١٩٤٢ دا، لە بەغدا، لەوەزارەتى ناوخۆ چاوم بە (ئەدمۆندز) كەوت لە ژوورەكەى خۆى، لێى پرسيم، وتى: ئەوا ئێمە لە يافا وێـستگەيەكمان دانـاوە بـەزمانى كـوردى بـۆ ئێـوە ، ديـارە ئـەم وێـستگەيە خزمەتى چاك ئەكا بەزمانى كوردى، بەتايبەتى ئەوانەى لەسەر وێستگەكەن، بڕوامـان پێيانـە، كە خزمەتێكى باش ئەكەن بەزمانەكەتان، بۆيە دەمەوێت دوو پرسـيارت لـىَ بكـەم، پرسـيارى يەكەم، راى خەڵك چۆنە بەرامبەر بەم وێستگەيە؟ منيش لە وەڵامدا پـێم ووت: ئـەم خەڵكـەى تۆ دەيبينى دووبەشن، بەشێكيان هەر لە هيچ تێناگەن، تەنها كاروبارى تايبەتى خۆيـان نـەبىَ، لە ( صاحب) بەولاوە هيچى تر نازانن ، بەشەكەى تريشيان كە دێنەلاى يەكێكى وەك جـەنابت ئەڵێن: ( صاحب) كە چوونە دەرەوە جوێنتان پێدەدەن، ووتى: باشـە راى خـۆتم پێبڵـىَ، منـيش لەوەڵامدا ووتم: تائيشتان هەيە ئـەم وێـستگەيە ئـيش دەكـات ، ئيـشتان نـەما وێـستگەكەش نامێنىَ ، ووتى مامۆستا چۆن شتى وائەبىَ؟ وتم وەڵڵا ئەمە باوەڕى منە!".[٣٥]

لە راستيشدا هەر وادەرچوو، چونكە عەلائەدين سەجادى باس لەوە دەكات كە چۆن دوواى سىَ ساڵ لە مايسى ١٩٤٥دا هەر لـەوەزارەتى نـاوخۆ لەسـەر پليكانـەكان چـاوى بـە ئـەدمۆنز

کەوتووەتەوە وپێش ئەوەی ئەو قسەبکات پێی دەڵێت هامیستەر نەموت رادیۆکە دادەخەن، ئەویش لەوەڵامدا، دەڵێت : "ئەی بێ قەزابی مامۆستا ئەمە سیاسەتە سیاسەت"(٣٦). ئەوکاتەش جەنگ وەستابوو، رەفیق چالاك و گۆران و رەمزی قەزاز گەڕابوونەوە کوردستانو وێستگە نەمابوو. بەلام لەسالانی جەنگدا بریتانییەکان هەر تەنها بەوێستگەی یافا و پرۆگرامی کوردیی وێستگەی بەغدا دەستبەردار نەبوون، بەڵکو لەناو سلێمانیشدا سەرقالی ئەم کارەبوون. دامودەزگەیەکیان لەسلێمانی دامەزراندبوو بەناوی خانەی پەیوەندییەکانی بریتانیا (دار العلاقات البريطانية)، ئەم دەزگایە کاری پڕوپاگەندەکردن بوو بۆ بریتانیا، خەڵکی روویان تێ دەکردو کتێب و رۆژنامەیان لێ دەخوێندەوە. هەرچی لەم کتێبخانەیەدا هەبوو لە خزمەتی پڕوپاگەندەی بریتانیاو هاوپەیمانانیدا بوو. دژی ئەڵمانیاو دەوڵەتانی تەوەر. هیچ کتێبێك لەم شوێنە نەدەفرۆشرا، تەنها بۆ خوێندنەوە بوو. لەگەڵ ئەم کتێبانەدا نامیلکەو پۆستەرو وێنەش بەخۆڕایی بەسەر خوێنەراندا دەبەخشرایەوە. (عەلی حاجی مەلا شەریف)سەرپەرشتیی ئەم شوێنەی دەکرد .(٣٧)

ناوبراو لە سەرەتای جەنگەکەوە سەرپەرشتیی ئەو وێستگە ناوخۆییەشی دەکرد، کە هاوکات بەسەرپەرشتیی بریتانییەکان دانرابوو، ئەمیش بریتی بوو لە دوو دوکان بەرامبەر چوار ڕێیانی سەرا. ئەم دوو دوکانە تا ئێوارە داخرابوون دوایی دەکرانەوەو دەست بە خوێندنەوەی دەنگ و باسی جەنگ دەکرا و گورانیشی تێدا دەوترا. عەلی حاجی مەلا شەریف وایەرێکی لە دوکانەکەوە بۆ سەر چەتری پۆلیسی چوار ڕێیانەکە راکێشابوو، چەند مایکرۆفۆنێکی پێوە قایم کردبوو، دەنگی دەگەیشتە ئەو سەری شار. جگە لەدەنگوباس و گۆرانی، جاربەجار چەند دەستەواژەیەکی لە بارەی ئازادی و ئازادیخوازیی بریتانیای مەزن تێکەڵ دەکرا .(٣٨)

هونەرمەند (کەریم کابان ) لەساڵی ١٩٤١دا لەو وێستگەیە کاری کردووە بە مانگانەی شەش دینار و قورئانی خوێندووەو گۆرانیی وتووە ، ، لەم بارەیەوە دەڵێت : "ئەم وێستگەیە وێستگەیەکی ناوچەیی بوو لە دوکانی حاجی عەلیی کەبابچی دانرابوو، بریتی بوو لە ئەمپری فایەرێك و مایکرۆفۆنێك و چەند بڵند گۆیەك ،ئەو بڵند گۆیانە بەسەر چایخانەکەی (حەمە تۆلە)و چایخانەکەی (حەمە رەق) لەگەڵ چایخانەی (حاجی عەول) دابەشکرا، چوار بڵندگۆشیان لەسەر چەتری پۆلیسی مرورەکە دانابوو، یەکێکیان رووی کردبووە گەڕەکی کانێسکان، یەکێك بۆ سەرشەقام، دانەیەك بۆ هەردوو گەڕەکی گۆیژەو سابوونکەران، دانەیەکیش بۆ گەڕەکی مەڵکەندی. خەڵکی دەهاتنە ئەو چایخانە گەورەیە ،ئەوانی دیکەش بەهۆی کەمیی رادیۆوە بۆ بیستنی دەنگوباسی دووەم جەنگی جیهانیی دەهاتنە دیار ئەو وێستگەیە."(٣٩)

دەستەیەك لە سلێمانی لەم وێستگەیەدا كاریان دەكرد، وەك (مەدحەت موبارەك) هەوالنێری وێستگە ، (ئەحمەد عارف) ناوێك وەك بێژەر ، لەگەڵ كەریم كابانـدا هەریەك لە كەریم شایەرو مەحموود تۆفیق شلك، گۆرانییان تێدا وتووە، كەسێكی دیانی نابیناش بەناوی (عەزرا وەردە) لەگەڵ ( شێخ رەزای گولانی) لەو وێستگەیە ناوچەییەدا مۆسیقا ژەن بوون، زۆر بابەتی دیكەش پێشكەش دەكراو خەڵك گوێی لێ دەگرتن.[٤٠]

ئەوەی راستی بێت سەرپەرشتیكردنی ئەم وێستگەیە لەلایەن ( عەلی مەلا شەریف )ەوە بە كارێكی عەیبەو نەنگ لەلایەن خەڵكییەوە تەماشا دەكراو خەڵك ناو براویان بەپیاوی بریتانیا لەقەڵەم دەدا.[٤١] هەرچەندە ناوبراو كەسایەتییەكی خراپ نەبووە، تەنها هێندە نەبێت كە باوەڕی بە بریتانیا بووەو پێی وابووە كورد لەسایەیدا بەمافی خۆی دەگات.

هاوكات، بریتانییەكان بۆ مەبەستی خزمەتكردنی سیاسەتی خۆیان بە شێوازێكی دیكەش پڕوپاگەندەیان بۆ خۆیان كردووە، ئەویش لە رێگەی سینەمای گەڕۆكەوە بوو، كە دەیان هێنایە سلێمانیو بە ئوتومبێل دەیانگێڕاو كەسێكی ئەرمەنی بە ناوی ( ئەنتەرانیك) سەرپەرشتیی دەكرد، بەهۆی ئەم سینەمایەوە فلیمی سەركەوتنی هاوپەیمانان پیشانی خەڵكی سلێمانی دەدرا.[٤٢] شێوەیەكی دیكەی ئەم سینەمایە هەبوو، بەلام گەڕۆك نەبوو، بەڵكو لە نێو گۆڕەپانی قوتابخانەكاندا چەسپێندراوەو فلیمی تێدا پیشاندراوە، بەلام هەندێك جار قوتابییان پەلاماریان داوەو دڕاندویانە، بۆ ئەوەی بریتانیا سوودی لێوەرنەگرێت.[٤٣]

لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا سوور بوو لەسەر ئەوەی بە هەموو شێوەو دەرفەتێك پڕوپاگەندە بۆ خۆی بكات. تەنانەت لە نێو دیوەخانو سەر دیواری دیوەخانەكانیش دروشمی دژ بەئەڵمانیایان هەڵدەواسی. بۆ نموونە دەیاننووسی: ئەڵمانیا دەیەوێت بتپەرستی جەرمانی كۆن بگێڕێتەوە.[٤٤] سەبارەت بە پڕوپاگەندەی نووسراویش، ئەوا گۆڤاری ( دەنگی گێتی تازە) كە لەبەغدا لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتی لە باڵوێزخانەی بریتانیا دەردەچوو ، بە زمانی كوردی هەواڵەكانی شەڕو سەركەوتنی بریتانیاو باری سیاسییو كۆمەڵایەتیی میللەتانی هاوپەیمانانو رۆڵی خراپی ئەڵمانیا لەو جەنگەدا نیشان دراوە . زۆربەی وتارەكانی لە لایەن ( تۆفیق وەهبیو حوزنی موكریانیو شێخ حەمەی شێخ حەمە مارف)ەوە نووسراونو ئامادەكراونو وەرگێڕراون.[٤٥]

( تۆفیق وەهبی) لە بارەی دەرچوونی دەنگی گێتی تازەوە، دەڵێت: "دەستم كرد بە بلاوكردنەوەی نەشرەیەكی دەوری ، لەو نەشرەیەدا باسی ئەوەم ئەكرد چۆن ئەڵمانیەكان لەم شەڕەدا دەشكێنو حلفا سەردەكەون ، ئینگلیزەكان ئەمەیان زۆر لاخۆش بوو ئەونەشرەیە بە ناوی (بەیانی حەقیقەت)ەوە دەرئەچوو ، ئینگلیزەكان پێیان ووتم بۆچی ئەم نەشرەیە ناكەی بە

گۆڤارێکی ڕێکو پێك ، منیش داوام لێکردن ئایا حکومەتی عێراق ڕێگەم ئەدا لەو مجلەیەدا هەرچیم بویَ دەربارەی مێژووی کوردو ئەدەبی کوردو زمانی کوردی بڵاوی بکەمەوە!؟ وتیان چی ئەنووسی بینوسە ، منیش دەستم کرد بەدەرهێنانی دەنگی گێتی تازە" کە حوسین حوزنی موکریانی بە مانگانە ئیشی تێدا دەکرد"[٤٦]

ژمارەکانی دەنگی گێتیی تازە دەگەیشتنە سلێمانیو خوێنەری هەبوو، بەڵام ئەندامانی (پارتی کۆمۆنیستی عێراق ) کۆیان دەکردنەوەو دەیان سووتاندن.[٤٧]

ئەم بارودۆخە لە سلێمانیدا بەردەوام بوو، تا کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و کەوتنی ئەڵمانیا لە ٣ / مایس/ ١٩٤٥داو دواتر سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە ڕێکەوتی ٨/ مایس / ١٩٤٥دا ، ئیدی خەڵکی وێڕای نەهامەتیو برسێتی دەبووایە خۆشی و شادی بنوێنن و سەرجەم قوتابخانەو فەرمانگەکانیش بەو بۆنەیەوە پشوویان ڕاگەیاند.

## ٣- ڕۆڵی ڕۆژنامەی (ژین) لەهەڵمەتی پڕوپاگەندەو لایەنگری کردنی بریتانیادا:

پیرەمێرد یەك لەو هۆنەرو نووسەرە کەم وێنانەبووە، کە تاکۆتایی ژیانی لەسەرکەرەوەیەکی ڕاستینەی نەتەوەکەی بووەو لەبەدەستهێنانی مافو سەربەخۆییدا تەقەلای بێ وچانی داوە، هاوکات یەکێك بووە لەو گرۆ کوردییەی کە هەمیشە پێیان وابووە دەبێت کورد سوود لە پاڵپشتی و هاوپەیمانێتی بریتانیای زلهێز وەربگرێت، چونکە تا ئەو دەمەو دووای بڕانەوەی جەنگیش، بریتانیا ڕۆڵێکی گەورەی لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی گەلانو نەخشەی سیاسیی جیهاندا هەبووە. هەر بۆیە لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، (ژین) لە بەشی هەرەزۆری ژمارەکانیدا نووسینو توانجو وتاری بڵاوکردووەتەوە ، کە سەرجەمیان دەچوونە خانەی بەرژەوەندیی بریتانیاوەو ناکرێت وەك پڕوپاگندە بۆ بریتانیا لە قەڵەمیان نەدەین.

دەشێت سەرەتایترین پڕوپاگەندە ئەوەبێت کە هەرگیز بریتانیا بە هۆکاری برسێتیی خەڵك نازانێت لەم جەنگەدا وبە بیری خەڵکی دێنێتیەوە، کە چۆن لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە بار گەنمو پێداویستیی هێناوەو ئەم خەڵکەی شاری سلێمانی لە مردن ڕزگارکردووە، بەڵام " ئێستا کە وەك ئەوسانیە، کەسمان لەبرسا لێنەمردووەو زەخیرەمان زەوت نەکراوەو چۆن ڕوومان بێ بەدرۆ گرانی بخەینە سەر ئەوان"[٤٨] ، جگە لەوەی کە بەئاشکرا بانگەوازی مرۆڤدۆستی بریتانیا دەکات، گوایە لە خەمی خەڵکی عێراقدایە و دەڵێت: "بریتانیا بڕیاریداوە چ پێویستیەکی عێراق هەیە لە گەنمو شەکرو چاو برنجو قاوە بینێرێ، جاریَ وا ( ١٠ ) هەزار تەن گەنم گەیشتۆتە عێراقو سلێمانی بەشی خۆی وەرگرتووە، لەکاتێکدا نازیەکان رووبکەنە هەر شارێك چیان هەبێت لێیان دەستێنن".[٤٩]

لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەمـدا، ئـەڵمانیا تـەواو لـە پێـشکەوتندا بـووەو زۆر شـوێنی گرتـووە، کەچـی ژیـن دەڵێـت: " نـازی کزبـووە هـەر نوزەیـەکی مـاوە کـاری تەواوە"،(٥٠) پێدەچێت ئەم نووسینەی ژین لە وەڵامی قسەی خەڵکیدا بووبێـت، کـە باسـیان لـە سەرکەوتنی ئەڵمانیا و شکستی بریتانیا کردوە. هەر بۆیە جارێکی دیکـە پیرەمێـرد لـە وەڵامـدا پێیان دەڵێت: "بریتانیـا پەلـەی نیـەو میللـەتی خـۆی بـەخێو دەکـاتو ئـەڵمانیا بـەدەردو داخـی برسیەتییەوە دەکوژێت".(٥١)

تەنانەت دەنگو باسی سەرکەوتنەکانی بەتالیۆنی هەشتەمی بریتانیا بڵاودەکاتەوەو بەڵێن بـە خەڵکی سلێمانی دەدات، کە بەو بۆنەیەوە لەگەڵ هـەموو سـەرکەوتنێکی بریتانیـاو هاوپەیمانانـدا لەبەر دەرکی سەرا، ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی سازبکات و سەرچۆپی کێش پیرەمێرد خۆی بێـتو بـە ئامــادەبوونی ( کــاپتن لایــن)و موتەســەریفی ســلێمانی، بــەدەهۆڵ و زوڕنــاوە ئاهــەنگی سازکردووە.(٥٢)

ئەمە جگە لەوەی کە زۆر بەشانو باهووی بریتانیادا هەڵدەداتو دەڵێت: "نیسبەت لەبـەینی دکتاتۆریو دیموکراتیدا ئاسمانو ڕێسانە، ئێمە ئەلحەمدولیلا بـە نیـسبەت عالەمـەوە لـەم وەختـی تەنگو چەڵەمەدا بەسایەی بریتانیاوە لەئـەمنو ڕەفـاهێکی تـەواوداین ، ئـیتر هەربـژی عێـراق ، هەربژی مەلیکی عێراق جەلالەتی مەلیك فەیـصەلی پـانیو هەربـژی سمـو وەصـی عەبـدولئیلا و هەربژی جەلالەتی مەلیك جۆرجی شەشەم، مەلیکی بریتانیای گەورە"(٥٣).

هەر سەبارەت بە سیاسەتی ئـابووری ئـەو دەمـەی بریتانیـا ، بەتایبـەتی لـە بـواری چـاندنی تووتن و پاشتر خەملاندنو دانانی نرخ بۆی، کە تاڕادەیەك جووتیـارانی تـووتن بووژابوونـەوە، کـە ئەمــەش راســتییەکەی لەلایــەن ئینگلیزەکانــەوە سیاســەتی هێورکردنــەوەو دڵڕاگـرتنی خـەڵکی سلێمانی بوو ، کەچی (ژین) لەم بارەیـەوە دەنووسێت: " دائـیرەی خەزینـە دەروو ژوور پڕبـوو لـە لادێی هەروا ئەهاتن پارەی تووتنیان وەرئەگرت ، بەئاشکرا ئـەبینرا کـە پارەیـان وەردەگـرت وەك گوڵ دەگەشانەوە چونکە لە عومری باوکی خۆیان ئەوەنـدە پـارەی نەقـدیان بەخۆیانـەوە نـەبنیوە ، ئەگەر ئەم پارەی تووتنە نەبوایە بەم گرانیە لادێی و زراع نە ئەژیان"(٥٤).

کــاتێکیش وێــستگەی یافــا دەکرێتــەوە ، (ژیــن) ئــەم هــەنگاوە بەشــادکردنی گیــانی" سەلاحەدین"لەقەڵەم دەداو باسی ئەوە دەکات. کە لە هیچ سەردەمێکدا ئەمـە بـۆ کـورد نـەکراوە. هەربۆیــە بــە بۆچـوونی (ژیـن) کـورد نەتەوەیـەکی بەئەمەکـەو نرخـی ئـەم هەڵوێـستە دەزانـێو خۆبەختکردنو خزمـەتگوزاریی خـۆی زیـاد دەکـات .(٥٥) دیـارە بێگومـان لێـرەدا مەبەسـتی بـە ئەمەکییە بەرامبەر بریتانیا، کە ئەو کارەی بۆ کورد کردووە.

هەروەها باسی هێنانی سینەمای گەڕۆك بۆ سلێمانی دەكات و دەڵێت: "بۆئەوەی خەڵك بزانێ كە بریتانیا چەندە بە هێزە"، ژین وەڵامی (یوونس بەحری) دەداتەوە تفی لێدەكات گوایە جوێن بە دایكی خۆی دەداتو دەیەوێت دنیا بەدرۆ فریوبدات، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە كە ( یوونس بەحری) عێراقییەو هێرش دەكاتە سەر عێراق.(٥٦)

پیرەمێرد لە ئایاری ١٩٤٣ دا، دووجار لە بەردەركی سەرا بە بۆنەی شكستی ( رۆمڵ ) لە ئەفریقیاو سەركەوتنی هاوپەیمانەكان، ئاهەنگ دەگێڕێت ، هەروەها بە بۆنەی رزگاركردنی (تونس)یشەوە ، لەم بۆنەیەدا شیرینی بەخشراوەتەوەو پیرەمێرد ( فەتحێكی) خوێندووەتەوە، هەر لەوێدا (مەدحەت موبارەك) چۆنێتیی سەركەوتنی هاوپەیمانانی بۆ خەڵك باس كردووە، ئینجا بە دەهۆڵو زوڕناوە بەناو سلێمانیدا گەڕاونو (رەشۆڵ) و یەك دووانێكی دیكە گۆرانییان بەم بۆنەیەوە وتووە.(٥٧)

(ژین) هەر بەوەندە ناوەستێت، كە ستایشی بریتانیاو عێراق دەكاتو ئاهەنگ بۆ سەركەوتنەكانیان دەگێڕێت، بەڵكو گاڵتە بەوانەش دەكات، كە لە نێو كۆمەڵەو رێكخراوە سیاسییەكاندا خەباتیان دژی بریتانیا كردوە و بەیاننامەیان بڵاوكردۆتەوە. هەربۆیە دەنووسێت: " كرۆكاڵی قوتابی منداڵ هەریەكە بەیاننامەیەكی قۆڕی نووسیوە، سەر لە گەل و پێشەواكەیان ئەشێوێننو كۆمەڵی ئاشكرایان بێ‌و رەئیو فكری خۆیان لەوێدا بەسەربەستی بنوێنن، ئەگەرنا ئەم وەزعیەتو غەرەزكاریە كە ئێستا دەستیان داوەتێ تەنهاسەر رشتەی ئیعتزار دانە دەست رەقیبەكانمانە"(٥٨)

لەكاتێكدا زۆر چاك زانیویەتی هەردوو حكومەتی بریتانیو عێراقی چۆن لە رێكخراوە نەیارەكانیان دەڕوانن‌و چ مامەڵەیەكیان لەگەڵدا دەكەن ، بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە كە(ژین) بڵاوكراوەیەكی سەربەخۆبووەو زمانحاڵی هیچ دامودزگایەك نەبووە لە سلێمانیدا، بەتایبەتی دووای ئەوەی لەكۆتایی سییەكانداو لەسەردەستی (مەجید یەعقوبی) گرێبەستی چاپخانەكەی شارەوانییان بۆ نوێ نەكردەوەو لەسەر گیرفانی خۆی‌و دووای ( رەهن) كردنی خانووەكەی ئینجا توانی چاپخانەیەك لە بەغدا بكڕێتو بهێنێتەوە سلێمانی و جارێكی تر دەست بداتەوە چاپكردنی رۆژنامەكەی، بەڵام مەجید یەعقوبی سەرلەنوێ بیانووی پێدەگرتو رێگەی بڵاوكردنەوەی رۆژنامەی لێدەگرێت. ئەمجارەش دوای هاتوو چۆیەكی زۆری بەغداو هەوڵێكی بێوچانی ( ئەمین زەكی بەگ) دەكرێت ( ژین) دەربكات ، ئیدی دەبێ (پیرەمێرد) قەرزاری چیی حكومەت بووبێ ، وابەو شێوەیە بانگەشەی بۆ كردوون . تەنانەت كاتێك هەواڵی كۆتاییهاتنی جەنگ بڵاودەكاتەوە، دڵخۆشی بەوە دەردەبڕێت كە ئەم موژدەیەی لە رۆژی لەدایكبوونی " مەلیك فەیسەڵی دووەمدا" پێگەیشتووە.(٥٩)

## پەراوێزەکان:

(١) د.برهان ياسين: س.پ ، ل ١٠٦.
(٢) چارلز ريب: صفحات من تاريخ العراق ، ترجمة ، زينة جابر أدريس ، بيروت ، ٢٠٠٦، ل١٦١.
(٣) عبدالوهاب حميد رشيد: العراق المعاصر، دمشق ، ٢٠٠٢، ل ٩٨.
(٤) عبدالغني الملاح : س. ث، ل ٢١٢.
(٥) وليد حمدي : س. ث ، ل ٣٢٣.
(٦) طالب مشتاق : أوراق أيامي ، بغداد والعراق والوطن العربي ، ١٩٠٠ — ١٩٥٨، ج١ ، بغداد ١٩٨٩ ، ل ٣٠٧ ، ٣٠٨.
(٧) حامد محمود عيسى: س .ث ، ل١٤٨.
(٨) رەفيق چالاك: بيرەوەريەكان ،دەست نووس،بەغداد، ١٩٧٢.(لای چالاك رەفيق چالاك دەست دەكەوێت).
(٩) نەوشيروان مستەفا ئەمين: حكومەتی كوردستان..، ل ٦٨.
(١٠) حامد محمود عيسى: س .پ ، ل١٦٩.
(١١) عزيز الحاج: س. ث ، ل ٨٩.
(١٢) الحزب الشيوعي العراقي: الانهيار : قبرص ، ١٩٨٤، ل ٣٧.
(١٣) برهان ياسين: س. پ ، ل ١١٧.
(١٤) أ ، ب هەوری: س. پ، ل٢٤٩.
(١٥) أ ، ب هەوری: س. پ، ل٢٥٨ " مەلانووری : س . پ ، ل ٢٨.
(١٦) غەفور ميرزا كەريم: كيۆماڵ ، ل ٢٢.
* ئەفسەری هەواڵگری سوپای بريتانيا ساڵی ١٩١٥ توانی بۆ يەكەم جار لەناوچەيەكی بيابانی باشووری عێراقدا ٤٠ سوارە لە خێڵە عەرەبييەكان كۆبكاتەوە لەناوچەی ناسرييە كە ئەمە سەرەتای بەكار هێنانی خەڵكی نێوچەكە بوو لە ڕێزی هێزەكانی بريتانيادا ئەم هێزە بەرەبەرە پەرەی سەند و فراوان بوو ، چەند جارێك ناوەكەی گۆڕدرا تا لەدواجاردا نێونرا ليڤی، لەساڵی ١٩٢٢ ژمارەی چەكدارەكانی گەيشتە ٦١٩٩ چەكدار، بەڵام لەساڵانی جەنگی جيهانی دووەمدا هێندە فراوان بوو بوو كە تەنها ژمارەی چەكدارانی كورد لە ڕيزەكانيدا گەيشتە دە هەزار چەكدار . (جی. كيلبرت براون : قوات الليفى العراقية، ت : د.مؤيد إبراهيم الونداوي ، السليمانية ٢٠٠٦ ، ل١٥ — ٣٩ ) .
(١٧) ژين: ژمارە ( ٦٨١) ، ٣/ ئەيلول / ١٩٤٢ " عەباس حافز ( وەستا عەباس): س . پ ، ل ٩٧
(١٨) دلزار: س. پ ، ب١-٢ ، ل ٤٦.
(١٩) أ ، ب هەوری : س. پ، ل ٢٥٩.
(٢٠) هاوار: كوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢١) ئومێد ئاشنا: ئيسماعيل حەقی شاوەيس ، ل ١٢٩.
(٢٢) هاوار: كوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢٣) جەمال فەتحوڵڵا تەيب: كۆيە ( لێكۆڵينەوەيەكی مێژوويی- سياسيی — كۆمەڵايەتييە)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٩، ١٤٠.
(٢٤) هاوار: كوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢٥) ئومێد ئاشنا: س.پ ،ل١٢٩.
(٢٦) هاوار: كوێرەوەری ، ل ٥٩.

(٢٧) هـ . س ، ل ٤٢.
(٢٨) كەمال ڕەئووف محەممەد : باقە دراسات ، ل ٣١.
(٢٩) هـ. س ، ل ٣٠.
(٣٠) كەمال رەئووف محەممەد : ئەدەبی نامەنوسی ، ج١ ، ل ١١٢.
(٣١) رەفیق چالاك: بیرەوەریەكان، دەست نووس، بەغداد ، ١٩٧٢.
(٣٢) غەفور میرزا كەریم: كلآفە ، ل ٦٢.
(٣٣) غەفور میرزا كەریم: كیۆماڵ ، ل ٢٥ " دلزار: س.پ ، ل ٦٠، ٦١.
(٣٤) كەمال رەئووف محەممەد: باقە دراسات ، ل ٣١، ٣٢.
(٣٥) عەلائەدین سەجادی : رشتەی مرواری ، ب٦، ل ٢٥٦.
(٣٦) هـ . س ، ل ٢٥٧.
(٣٧) مارف ناسراو : س . پ ، ل ٦٣.
(٣٨) سەعید ناكام :س. پ ، ل٥٩، ٦٠.
(٣٩) چاوپێكەوتنی هونەرمەند كەریم كابان.
(٤٠) هـ. س.
(٤١) سەعید ناكام : س. پ، ل٦٠.
(٤٢) پێشڕەو ئەحمەد: رەئیس مستەفا ..، ل ٧٠.
(٤٣) غەفورمیرزا كەریم: كیۆماڵ ، ل ٤٢.
(٤٤) مەلا نووری : س . پ.
(٤٥) د.شوكریە رەسول: گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، سەرهەڵدانو دەوری لەپێشخستنی زمان، هونەرەكانی ئەدەب لە وەرگێڕاندا ، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٣٠.
(٤٦) د. كەمال میراودەلی: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا وتارو بیرەوەریی هاوار، كەركوك ، ٢٠٠٧، ل ٤٢.
(٤٧) غەفورمیرزا كەریم: كیۆماڵ ، ل ٢٣.
(٤٨) ژین: ژمارە (٦٦٠) ، ٥/ ئازار/ ١٩٤٢.

# کوردستان لە سەدەکانی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا وەك لە سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی دا دەردەکەوێت

نووسینی: مارتین ڤان بروینسن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولکەریم عوزێری

نزیکەی ٦٠ ساڵێك دوای ئەوەی شەرەفخانی بتلیسی، شەرەفنامەی نووسییەوە، گەشتیاری تورکی بەناوبانگ ئەولیا چەلەبی بە چڕی بە کوردستاندا گەڕاوە. ئەو (١٠) بەرگە بە قەبارەی کتێبەکەی کە بەناوی سیاحەتنامەوە نووسیویە، بە کارێکی بێ وێنە دەژمێردرێت و لە بواری ئەدەبی گەشتیاریدا هاوتای کەمە. بە داخەوە، باسی گەشتەکانی کوردستانی هێشتا بە تەواوی لە چاپ نەدراون. لە کاتێکدا کە کتێبی عوسمانی چاپکراوی ئەم بەرگانە دەرچوو، نموونەی یەکەم ( دەستنووسە سەرچاوەییەکان، کە هەر لەمانەوە دەستنووسی تر وەك کۆپی کەوتنە کایەوە. ) کە بە دەستی ئەولیا خۆی نووسرابوەوە یان وتوویەتییەوە و کەسێکی تر نووسیویەتی، بەردەستی نووسەرانی وەکو نەجیب عاسم بەگ و مێژووناسی مەزن ئەحمەد جەودەت نەکەوتووە. سانسۆرەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (یان بەهۆی ترسی سانسۆرییەوە) گۆڕانکارییان لە دەقەکاندا کردووە کە بڵاویان کردوونەتەوە. تا ئێستا هەرچەند بەشێك لە یادنامەکانی ئەولیا لە بارەی کوردستانەوە، وەك کتێبێکی پەسەند[1]، بڵاوکراونەتەوە. بەشێکی زۆر گرنگی ئەم یادنامەیە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە و چاوەڕێی کتێبێك دەکات کە جێی رەخنە و هەڵسەنگاندن بێت.

١- هەر سێ بەرگ ( ڤۆلیۆم )ی یەکەم پێکهاتوون لە زنجیرە باسێك کە لە کتێبی سیاحەتنامەدا، لەلایەن ( E. J. Brill ) لە شاری لایدن بڵاوکراوەتەوە. چەند بەشێکی گەشتە کوردستانییەکانی ئەولیا دەگرێتە خۆی، هاوکات لەگەڵ بڵاوکراوەکانی (مارتین ڤان بروینسن) و (هیندریك بۆیشتۆن) بەناوی (ئەولیا لە دیاربەکر ) لە ١٩٨٨ دا هاتووە. هەروەها نووسینەکانی (رۆبرت دانکۆف) ( ئەولیا لە بەتلیس ١٩٩٠) و (ئەولیا لە گەشتەکانی ئەنادۆڵیادا) لە لایەن (کورکوت بۆغدای) لە ١٩٦٠ دا دەرچوو.

سیاحەتنامەکەی ئەولیا، لە راستیدا، لەگەڵ هیچ ژانرێکی چەسپاودا ناگونجێ و هەتا سەدەی بیستەم بە نەناسراوی ماوەتەوە. هاوسەردەمەکانی ئەولیا ئیشەکانی ئەمیان بەبێ سەروبەر سەیر دەکرد. لەوانەیە هۆکاری ئەم نکوڵیکردنە لە ئیشەکانی ئەولیا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە زەوقێك نووسیویەتی لەگەڵ شارستانیدا نەگونجاوە. بە وردی هەر ئەم بێزەوقییە بوو کە ئەولیای کرد بە سەرنجڕاکێشترین نووسەری عوسمانی لە نێو خوێندەوارانی کۆتایی سەدەی بیستدا. پۆستمۆدێرنەکان بە ئاسانی رۆحێکی سادە و کەم سەنگ لە نووسینەکانی ئەولیادا دەبینن بە تایبەتی لە تێکەڵکردن و لە پاڵ یەکتر خستنی ئەلەمێنتی نەگونجاودا. ئەولیا گاڵتەجاڕی و کاری ( جیدی ) لە یەك جیا نەکردۆتەوە. ئێمە دۆکۆمێنتی حکومەت و نوکتەی پۆخڵ و وەسفی دیزاینی مزگەوت و باسی خواردن و جلوبەرگی ناوچەکان و چیرۆکی بەسەرهاتی کەسانی بەناوبانگ و رووداوە سیاسییەکان، بە تێکەڵ و پێکەڵی دەدۆزینەوە. ئەمانە هەموو بوون بە تام و بەهارات و ئاوێتەی ( سەرکەش )ییەکانی ئەولیا بوون و کاریشیان کردۆتە سەر هەڵسەنگاندنی ئیشەکانی.

## گەشتەکانی ئەولیا لە کوردستاندا

ئەولیا سێ گەشتی گرنگی بە کوردستاندا کردووە.[1] سەردانی یەکەمی، لە بەرگی دووەمی (سیاحەتنامە) دا هاتووە و باسی چەمکێکی سنووری سەرەوەی کوردستان دەکات. گەشتەکەی لە ساڵی ١٦٤٦دا کردووە. کاتێك کە بە کارمەندی باجگر و مەلای ( بانگدەری ) مزگەوت لە لای والی و فەرمانداری سوپا ( دەفتەردار زادە محەمەد پاشا ) لە (ئەرزڕوم) دا دامەزرێنراوە. رێگەی (ئەناتۆلیای سەرووی) گرتۆتە بەر و بەرەو (ئەرزڕوم) رۆیشتووە و بە ( کێما و ئازربایجان ) دا تێپەڕیوە. هەر لە (ئەرزڕوم) ەوە سەفەری (ئازربایجان) و (جۆرجیا) ی کردووە. پێش ئەوەی بەرەو رۆژئاوا بگەڕێتەوە، بە (ئازربایجان) دا تێپەڕیوەتەوە. گەشتی دووەمی لە ساڵی ١٦٤٩-١٦٥٠ بووە، سەردانی (دیمەشق و حەڵەب و ئورفە و مەرعەش و قەیسەری و ئاکسەرایی و سیڤاسی) کردووە، لەوێشەوە چووە بۆ (عەرەبگیر، خارپوت، پیرتەك، پالو، گەنج، موش و شاخەکانی بنگوڵ) . بەشێکی شیاو لەسەر ئەم بابەتە لە ( بەرگی ٣ ) دا بڵاوکراوەتەوە و بۆ زمانی ئەڵمانیش وەرگێڕدراوە.

---

١- ئەو رێگایانەی کە ئەولیا گرتونیەتەبەر، بەکورتی و پوختی لە لایەن (دانکۆف وکرایزەرەوە) باسکراوە ١٩٩٢

گەشتی سێیەمی ئەولیا لە ١٦٥٥ و ١٦٥٦دا بووە، باسی ئەم گەشتە بۆتە تێمای سەرەکی ( بەرگی ٤ و سەرەتای بەرگی ٥ ). ئەولیا بۆ دیدەنی مامی چووە کە ناوی مەلیك (ئەحمەد پاشا) بوو، وەك حاکمی وان دامەزرابوو. ئەم گەشتەی ئەولیا بۆ وان بە رێگەی (دیاربەکر و بتلیس) دا بوو، ئەوەندەش کاتی لەم شوێنانەدا بردۆتە سەر هەتاکو بتوانێ بە وردی وەسفێکی زیندوویان بکات[1]. کاتێ کە زانی والی دیاربەکر ( فراری موستەفا پاشا) لە ناوچە شاخاوییەکانی شەنگار[2]، سەرقاڵی سەرکوتکردنی هۆزە عەرەبەکان و ئێزدییە کوردەکانە، ئەم هەلەی قۆستەوە و سەفەرێکی تریشی ساز کرد و ئەم جارە بوو بە میوانی گەورە رۆشنبیرێکی کورد بە ناوی ( عەبداڵ خان ) کە حاکمی بتلیس بوو. ئەولیا زۆر بە پێزانینەوە ستایشی ئەم پیاوە دەکات، بەڵام دواتر لەگەڵ سوپای تورکدا لە (وان)ەوە بەرەو (بتلیس) کەوتۆتەرێ. مەبەستی ئەم سوپایە تەمێکردنی (عەبداڵ خان) بووە. (عەبداڵ خان) لەسەر حوکم لابراوە و کوڕەکەی خراوەتە جێگەی. ئەولیا باسی لابردنی ئەم پیاوە دەکات، سێیەم جار، ساڵێك دواتر سەردانی ئەم شارە دەکاتەوەو دەبینێ (عەبداڵ خان) گەڕاوەتەوە سەر حوکم. ماوەی ساڵێك لای (عەبداڵ خان) وەك بارمتە دەمێنێتەوە. ئەم مانەوەیەی بووە بەسەرچاوەی نووسینی گرنگ لە بارەی ژیانی رۆژانەی خەڵکی و مەزنترین ئیمارەتی کوردی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەك کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا نەهاتووە. لەوەدەچێت ئەولیا هەندێ شتی لە بارەی ( شەرەفنامە) وە بیستبێت و زانیاری لە بارەی ناوەرۆکەکەیەوە پەیدا کردبێ، بەڵام لەوە ناچێ هەرگیز خوێندبێتییەوە. ئەولیا تەنها جارێك باسی ئەم کتێبە دەکات، ئەویش لە باسی تاڵانکردنی کتێبخانەکەی (عەبداڵ خان) دایە.

کاتێك ئەولیا لە (وان) جێگیر بوو کەڵکی لەم هەلەش وەرگرت، بەردەوامی بە گەشتەکانی دا. لێرەدا خۆمان بە قەرزاری ئەو تێبینییانەی دەزانین کە لە بابەت (هەکاری)یەوە نووسیونی، بەڵام بە داخەوە هێشتا نەکراوە بە کتێبێکی پەسەند کراو. مەلیك (ئەحمەد پاشا) متمانەی بە (ئەولیا چەلەبی) کردووە و خستویەتیە تەك شاندێکی دیبلۆماسیی بۆ ئێران. لەم بارەیەوە، ئەولیا، باسێکی دوور و درێژ ( بەڵام شڵەژاو )ی لەسەر رۆژئاوای ئێران نووسیوە. چەند بەشێك لەم باسە، لای گەلێك کەس، بوونەتە جێگەی گومان کە ئایا ئەولیا جارێك لە ژیانیدا ئێرانی

---

١- بڕوانە نووسینەکانی (بروینسن و بویشن) ١٩٨٨. دانکۆف، ١٩٩٠. وەسفی ئەولیا و رێزلێنانەکەی بۆ حاکمی کورد (عەبداڵ خان) کردووە کە بۆتە گەوهەری باسەکانی کۆهلەر، ١٩٢٨ ، ساکسیان ، ١٩٣٧ و بروینسن ، ١٩٧٨، ١٩٩٢.

٢- باسەکەی ئەولیا لەسەر ئێزدییەکانی (شەنگار) و تێکشکاندنیان بە دەستی (فراری پاشا) کە لەلایەن ( Menzel ) وەرگێڕدراوە و لە ساڵی ١٩١١دا چاپ کراوە.

دیبێت؟! بەهەرحاڵ لە سەرەتای ساڵی ١٦٥٦دا دەگاتە بەغدا و وردی باسەکەی شایەتە کە لەوێ بووە و سەردانی باشووری کردووە. باسێکی تریشی نووسیوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر نادیار بووە و دەقەکەش چاپ نەکراوە[1]، ئەولیا لە بەغداوە کەوتۆتەرێ بەرەو کوردستانی باشوور، بە (ئامێدی، جزیرە و حەسەن کەیف) دا گەڕاوە و بە (موسڵ) دا و بەرەو (بەغدا) رۆیشتۆتەوە. ئەم باسەش تەواو نەکراوە و لەوەدەچێ ئەولیا تا مردنی خەریکی ئەم نووسینەوەیە بوو بێت. چەند لاپەڕەیەك بە بەتاڵی بەجێهێڵراوە و هەندێکی تریش تەنها سەردێڕەکەیان لەسەر نووسراوەتەوە، لێرە بێ یاخود لەوێ، ئەولیا هەڵەی لە ڕیزبەندی ئەو شوێنانەدا کردووە کە بە قسەی خۆی سەردانی کردوون. هەرچۆنێ بێت تێبینییەکانی کە لەسەر ئەم گەشتەی نووسیونی — یەك لەسەر سێی- دەستنووسەکانی ( بەرگی ٤ ) دەگرنەوە و شایەنی چاپەمەنییەکی سوودبەخشە. شان بەشانی ئیشەکان و دۆکیومێنتەکانی عوسمانی و فارسییەکانی ئەو سەردەمە و ئیشەکانی خودی ئەولیا، هەموو بەیەکەوە ڕووناکی دەخەنە سەر بەشێکی کوردستان لە سەدەی (١٥) وە بۆ سەدەی (١٧)، ئێمەش زانیاریی زۆرمان لەو ڕووەوە نییە. ئەولیا سەردانی ئەم شوێنانەی کردووە: (هەواری، سینە، قزڵجە، هەولێر، کەرکوك، ناوچەی شارەزوور، نەینەوا، ئاکرێ، ئامێدی، جزیرە، حەسەن کەیف، نسێبین، ئەسکی موسڵ، موسڵ، تکریت، بەغدا).

ئەو زانیاریی چڕوپڕی خستۆتە ڕوو لە بارەی هەموو ئەو شوێنانەی کە کەوتوونەتە بەرچاوی، لەوەدواش دەیان ساڵی بردۆتە سەر تاکو سیاحەتنامەکەی نووسیوەتەوە[2]. ئازادانەش کەڵکی لە سەرچاوەی کەسانی ترەوە، لە دۆکیومێنتی فەرمییەوە و لەو کتێبانەی کە لە کاتی گەڕانەکانیدا یان دواتر خوێندونییەوە، وەرگرتووە. لەبەر ئەوەی وەختێکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر کاتی گەشتەکانیدا و لە کاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا، جاروبار لە ڕێکخستنی جیۆگرافیی ئەو شوێنانەی سەردانی کردوون سەرکەوتوو نەبووە ، هەندێ لە وەسفەکانی ئەوەندە نابەجێ و

١- لاله یالچین — هیکمان ( ٥٦- ١٩٩١ ) کە کتێبەکەی (ئوچدالی) لەسەر سیاحەتنامە بەکارهێناوە دەڵێت: ئەولیا جیاواز لە شەرەفخان و دۆکیومێنتەکانی (سەقگین)ی ساڵی ١٩٦٨ کە بە دۆکیومێنتی فەرمی عوسمانی لە قەڵەم دەدرێن، بە ئارەزوومەندی ئەنترۆپۆلۆجییەوە لەسەر هۆزەکانی هەکاری و سیاسەتی ئەو شوێنەوە نووسیویەتی.

٢ - مەشکور ئەوین ١٩٦٠ چەند سەرچاوەیەکی نووسراوەی دەستنیشان کردووە، کە گوایە ئەولیا کەڵکی لێ وەرگرتوون لە وەسفی شاری ئەستەنبوڵ دا. کە دەکەوێتە بەرگی یەکەمەوە. لە بواری مێژووەوە بە زمانی یۆنانی کەڵکی لە خوێندنەوەی پەرتووکەکانی کتێبفرۆشێکی مەسیحی وەرگرتووە. زانیاریی تری لەسەر بەرگەکانی تری نەزانراوە. بەڵام ئیشەکانی (ئەرین) ئاماژە بەو سەرچاوانە دەدەن کە ئەولیا لە بارەی مێژووی کوردەوە کەڵکی لێ وەرگرتوون.

چەواشەکەرن، دەتخەنە گومانەوە، کە ئایا لە راستیدا ئەولیا ئەو شوێنانەی دیبێت؟ نموونەی ئەمەش گەشتەکانیەتی لە ئێراندا. کە وەك نویٚ باسی ئیشی جیۆگرافیی کۆن دەکات کە قەزوین لە ژێر ( نوزهەتول قولوب ) نووسیویەتی. لێرەدا گرنگ ئەوەیە باسی کوردستانی بە سەر راستی نووسیوەتەوە هەرچەندە نارێکیش بێت.

## سروشتی سیاحەتنامە کاتێك لەگەڵ سەرچاوەی تردا بەراورد دەکریٚ

سیاحەتنامە چۆن وەك شەرەفنامە سیستماتیك نییە، بەلاّم دەوڵەمەندە لە ئاستی ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی لە کوردستاندا کە سەرچاوەکانی تر پشتگوێیان خستووە. یەکێکە لەو ئیشە دەگمەنانەی کە لەو سەردەمەدا باسی باری ئافرەتی کردووە (بروینسن ۱۹۹۳)، یان باسی ئاین و ئاینزا و سۆفیزم و رێزلێنان لە پیاوە ئایینییەکانی کردووە، بڕوانە (بروینسن و بۆیشتن ۱۹۸۸، بروینسن ۱۹۹۰). ئەولیا هاتۆتە سەر باسی کەمایەتییە ئایینییەکان و ئیتنیکییەکان، باسی زمانەکان و ئەدەبیاتەکان. ئیشی ئەولیا وەك فەرمییەکی یاوەری گەورە بەرپرسانی عوسمانی هەلی بۆ دەرەخساند کە لە نزیکەوە ئاگای لە پەیوەندیی نێوان هۆز و ئیمارەتەکان بێت لەگەڵ دەوڵەتدا[1].

ئیشێکی گرنگی تر کە لەوانەیە (سیاحەتنامە) ی لەگەڵدا بەراورد بکریٚ جیهاننامەکەی (خەتیب چەلەبی) یە کە بەکاری گرنگی جێوگرافیی عوسمانی دەژمێردرێت و چەند بەشێکی گەورەی باسی ناوچە کوردییەکان دەکات لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. (جیهاننامە) لە ساڵی ۱٦۲۹دا تەواو بووە[2]، واتە چەند ساڵێك پێش گەشتەکانی ئەولیا . (خەتیب) هەر لە سەرچاوەکان کەڵکی وەرنەگرتووە، بەڵکو هاوکات یاوەری وەزیر (خۆسرەو پاشا) ی کردووە لە هەڵمەتی داگیرکردنەوەی عێراق، بۆ جاری دووەم لە دەست ئێرانییەکان ۱٦۲۹ (جیهاننامە) وەسفی رێگە گرنگەکانی کاروان دەکات، لەگەڵ زانیارییەکی زۆری سەرنجڕاکێشدا لە بابەت ئەو شوێنانەی کە دەکەونە سەر ئەم رێگایانە. Charmoi(شارموا)ی، وەرگێڕی (شەرەفنانە)، لە

---

۱- دۆکیومێنتی زۆری عوسمانی هەن لە بارەی کردەوەی عوسمانییەکان بەرامبەری کورد ، بەلاّم کەمیان خراونەتە روو، توێژینەوەی (کونت)، خوێندنەوەیەکی گرنگە کە داکۆکی لە تێبینییەکانی ئەولیا دەکات لە بارەی حاکمی دیاربەکر، بڕوانە (کونت ، ۱۹۸۱ ).

۲ – ئەم جەنگەی عوسمانییەکان تاکو (۲۵) ساڵێك لە یاد نەچوو بوو، بۆیە (ئەولیا) لەوە دەدویٚ چۆن چەند شارێك خۆیان تەسلیم (خۆسرەو پاشا) کرد و لە سەفەوییەکان دابڕان. بۆ ئەم باسە بڕوانە نووسینەکانی (لونگریگ، ۱۹۲۵) لاپەڕە (٥٦- ٦٨).

باسەکەیدا کەڵکی لە (جیهاننامە) وەرگرتووە ، لە راستیدا بەشێکی گەورەی ئەتنۆگرافی و جیۆگرافیی لە چەند پەراگرافێك پێکهاتووە کە (خەتیب چەلەبی) لە ئیشەکەیدا نووسیویەتییەوە. بۆ ئەوەی باشتر ئیشەکانی ئەولیا رێکبخرێت، بێگومان (جیهاننامە) دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ ئەم کارە[١]. چونکە زیاتر لە (سیاحەتنامە) سیستماتیکترە، بەڵام زانیاریی کەمترە لەسەر ژیانی خەڵکی سادە.

لەم دوایییەدا، (سیاحەتنامە) یەکی تر کە زانیاری لەسەر کوردستان تێدایە بڵاو کراوەتەوە، ئەمەش کتێبی سیاحەتنامەی ((سنوور))ە . نووسەر لە ساڵی ١٨٤٨- ١٨٥٢ ئەندامی کۆمیسیۆنی سنوور بووە. سنووری نێوان ئێران و عوسمانی لە (بەسرەوە تاکو بایەزید) ی دەستنیشان کردووە. کتێبەکەشی بە سەرچاوەیەکی گرنگی جیۆگرافیی دادەنرێت کە وردە بابەتی ئاماریی تێدایە، لەوانە سەرنووسی دانیشتوانی گوندەکان و هۆزەکان. یەکێك لەوانەی کە ئەولیا لە مێژووناس و جیۆگرافیناسەکان جیا دەکاتەوە گوێنەدانیەتی بە وردە بابەتی بیرۆکراتی و ئیداری. گوێی نەداوەتە دەڤەر بە دەڤەر و ئیدارەی شوێنەکان، بەڵکو بە بەراوردێك یان بە چەند بەراوردێك بازی بەسەریاندا داوە. بێگومان هاوسەردەمەکانی ئەولیا زانیارییان لە بارەی ئاڵۆزیی ئیتنی هەموو ناوچەکان هەبووە، بەڵام وەکو ئەولیا بە وردی وەسفیان نەکردووە. ئەولیا حەزی بە گۆڕانکاری کردووە لەم رووەشەوە بە دەیان زمانی جیاواز و دیالێکتی تیرەی جیاواز جیاوازی بەکارهێناوە.

## ئەولیا لە بارەی کوردستان و ئەسڵی کوردەوە

لە توێژینەوەی فەرمی عوسمانیدا کوردستان ناوی ناوچەی ( eyalet ) ە و یەکەیەکی ئیداری بووە. بەلای ئەولیاوە کوردستان وشەیەکە بە مانای کاتیگۆرییەکی ئیتنی دێت بەبێ گوێدانە سنووری سیاسی یان ئیداری. ئەم زاراوەیەشی بە چەند شێوەیەك بەکارهێناوە، جارێك هەرێمێکی میوان رانەگری بەناوی ( کوردستان و تورکمانستان و سەنگستان ) واتە وڵاتی (کورد و تورکمان و بەرد ) وا دێنە بەرچاو کە خاوەنی شارستانێتییەکی تایبەت بن و خەڵکێکی سەختی

١- بەداخەوە تا ئێستا کتێبێکی ئەوتۆ لە بارەی جیهاننامە نییە، ئەوەی کە (ئیبراهیم موتەفەریقە) بڵاوی کردۆتەوە بە کەڵکە بەڵام لە رووی توێژینەوەی زانستییەوە کامڵ نییە. (جین لویس باکو گرامۆنت)، کە مێژووناسێکی ناودارە لە بابەت پەیوەندیی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکانەوە. دەڵێ: بە نیازە کە کتێبێکی بە کەڵك لەم بارەیەوە بنووسێت.

مەترسیداری شێوە لادێیی هەبێت. لە بەند و پەرەگرافی تردا وای نیشان داوە کە مەبەستی لە هەرێمێکی جیۆگرافیی دیاریکراو بووە کە سنووری هەرە سەرووی لە ئەرزرومەوە دەست پێدەکات، کە وان و هەکاری و ئامێدی و موسڵ و شارەزوور و حەریر و ئەردەڵان دەگرێتە خۆی تاکو (بەغداد) و بگرە تا (بەسرە) ش درێژ دەبێتەوە. گەشتی بەردەڵانی کوردستان (٧٠) رۆژی خایاندووە. ئەگەر شەش هەزار خێڵ و هۆز لەم شاخە بڵندانەدا نەژیانایە، قەڵایەکی بەرگری سەخت لە نێوان عەرەب و عوسمانییەکاندا دروست نەبوایە ئەو کاتە بەلای فارسەکانەوە کارێکی ئاسان دەبوو کە پەلاماری ئاسیای بچووکیان بدایە. کوردستان لە چاو درێژییەکەدا زۆر پان نییە، لە سنووری حەریر و ئەردەڵانەوە، لە سنووری فارسەکانەوە تا رۆژهەڵاتی دیمەشق و حەڵەب درێژ دەبێتەوە. ئەم مەسافەیەش ( ١٠ تا ٢٠ ) رۆژ گەشتی دەوێت. لەم هەرێمانەی ناوچەکەدا (٥) هەزار تفەنگ بەشانی موسڵمانی شافعی دەژین و خاوەنی (٧٧٦) قەڵای دەستکاری نەکراون[1].

ئەولیا لەم نووسینەیدا بە داکۆکییەوە جەخت لەسەر رۆڵی کوردستان، لە پاراستنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەکاتەوە. کوردستان هەرێمێکی بە ئارام و بێ ئاژاوە بووە. وا دەردەکەوێت ئەولیا هەمان مشتومڕی (ئیدریس بتلیسی و شەرەفنامە) دووبارە بکاتەوە کە تێیدا هاتووە، کوردستان بە هۆزەکانییەوە، ئەوەندەی خزمەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان کردبێ ئەوەندەش ( نیمچە ) سەربەخۆییان بەدەست هێناوە. ئەم مشتومڕە زۆر بە روونی لە (سیاحەتنامەکەی) (عەزیز ئەفەندی) دا کە ( Murphy ) لە ١٩٨٥ باسی کردووە، هاتووە. ئەو تێبینییەی کە دەڵێ کورد بە زۆری سونیی دڵسۆزن و شوێن ( یاسای مەزهەبیی توندوتیژی شافعی ) دەکەون، ئەم بڕگەیە بۆتە بنەمای مشتومڕ لە بارەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ کوردەکان بوونەتە لایەنێکی پتەو دژی شیعە سەفەوییەکانی ئێران. ئیدریسی و شەرەفخان، لەسەر ئەوە کۆکن کە کوردەکان ئەوەندە سۆزی سوننەیان هەیە بە رادەیەك کە عوسمانییەکان قایلکەن، کە دڵسۆزی ئیمپراتۆرییەکەیانن. لە گەلێ سەرچاوەی ترەوە و لە بەشەکانی تری (سیاحەتنامە) دا بۆمان دەردەکەوێت کە جگە لە ئێزدییەکان گەلێ تایەفەی لە ئایین وەرگەڕاو لە کوردستاندا ژیاون[2].

---

١ - بەغدات کوشکو. ٣٠٥، a٢١٩ fol.

٢- (ئەولیا) ئاماژە بە نیشتەجێی ئێزدییەکان دەکات، دەڵێ نەك هەر لە (شەنگار و وان) بەڵکو لە (بەتلیس و هەکاری) ژیاون بڕوانە ( Menzel 1911 ) وە ( D anxoff 1990 ) بڕوانە باسی مەزهەبەکانی کوردستان لە لایەن ( بریستۆن ١٩٩٧ ).

ئەو نووسەرەی کە ئەولیا گەلێ جار وەك سەرچاوەی مێژووناسینی کورد ئاماژەی پێکردووە، مێژووناسی ئەرمەنییە، کە بە (مەغدیش) ناوی هێناوە بەڵام ئەم مێژووناسە تا ئێستا نەناسراوە[١] و ( ئەولیا ئاماژەی بە چەند مێژووناسێکی تر داوە ). ئەو داستانانەی کە ئەولیا لە (مەغدیش) لەسەر رەگەزی کورد دەیانگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا مێژووی کورد دەبەستنەوە بە دوو داستانی ئاڵۆزی ترەوە، یەکێکیان چیرۆکی پێغەمبەرانە ( قصص الأنبیاء ) ئەوی تر ترادیسۆنی ئێرانی ناسراو بە ( شانامە ) یە. ئەوەی ئەولیا خستویەتییە پاڵ مێژووناس (مەغدیش) وای رادەگەیەنێت کە کوردی کۆنترین زمانە لە دوای لافاوەکەی (نوح) ەوە کە قسەی پێ کرابێت. " بەپێی هەمان مێژووناس یەکەم شاریش کە دوای لافاوەکە بونیادنرا بێت ناوی شاری (جودی) بووە، بە دوای ئەوەشدا قەڵاکانی (شەنگار و میفارقین)[٢] هاتوون. شاری جودی لەلایەن مەلیك ( کوردیم ) ەوە حوکمڕانی کراوە، ئەم مەلیکە لە کۆمەڵگای حەزرەتی (نوح) بووە. شەشسەد ساڵ ژیاوە و بە پانتایی کوردستاندا گەڕاوە. کاتێ کە هاتۆتە (میفارقین) بڕیاری داوە، لەبەر خۆشی کەشوهەوا، تێیدا بمێنێتەوە و لە قەڵایەکدا ژیاوە. رۆڵە و وەچەیەکی زۆری لێ کەوتۆتەوە. ئەو زمانەی کە پێی دوواون، نە عێبری، نە عەرەبی، نە فارسی نە دەری یان فارسی پەهلەوی بووە، بەڵکو زمانەکەیان تا ئێستا بە کوردیم ناسراوە و لە (میفارقین) لە دایك بووە و بەناوی ( شاهـ کوردیم ) ەوە ناو نراوە. کوردستان لە شاخی سەخت و بەرداوی پێکهاتووە، هەر لەبەر ئەمەشە دوانزە جۆر (زمانی) کوردی، بە فەرهەنگی جیاوازەوە بەکار دەهێنرێت و جاروبار لە نێوان خۆیاندا پێویستیان بە وەرگێڕ دەبێت[٣]."

١ - ناوی (مەغدیش) کە (ئەولیا) باسی دەکات ڕەنگە کە (مەکدیس) بێت، لەوە دەچێت ئەم نووسەرە جیروسالمی بەلاوە پیرۆز بوو بێت بۆ حەجکردن سەردانی کردبێت و لەوێ ژیا بێت. ئەمە هەمان مێژووناسی عەرەب واتە ( مقدیس ) نەبووە. ئەو چیرۆکانەی (ئەولیا) ش لە باسی مێژووی ئەرمەنییەکاندا نەهاتووە و لەوانەیە (ئەولیا) ئەم ناوەی بۆ پیاوی ئاینی ئەرمەنی بەکار هێنا بێت.

٢- (جودی) ناوی ئەو شاخەیە کە بەپێی قورئانی پیرۆز کەشتییەکەی (نوح) ی لەسەر گیراسەوەتەوە. ئێستا ئەم شاخە کە لە رۆژهەڵاتی جزیرەدایە بە هەمان ناو دەناسرێت. شاخی (شەنگار) یش لەگەڵ داستانی لافاوەکەدا ناوی هاتووە: کە کەشتییەکەی (نوح) زۆری نەمابوو تێکبشکێت کاتێ بەر لوتکەی شاخی (شەنگار) کەوت. (ئەم چیرۆکەش لە لایەن ئێزدییەکانی سەدەی بیستەمەوە پشتگیری لێدەکرێت. ( بڕوانە Wigram & Wigram لاپەڕە ٣٣٦ لە ١٩١٤). میفارقس ( هەروەها مای یافاقیس ) یش پایتەختی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای کورد بوون کە بە مەریڤانی ناسراون، لە سەدەی دە و یانزە دا حوکمیان کردووە ( بڕوانە الفاریقی ١٩٨٤ )

٣- بەرگی چوارەمی سیاحەتنامە، خاتوو بەغدات کوشکو، ل ٣٠٥، ٥١، ٢١٨ب — ٢١٩ ا. (ئەولیا) شێوازی تری بە هەمان چیرۆك داوە ( ٥١ ا — ٢١٢ ب )، کە لێرەدا مێژووی ئەم لافاوە دەخاتە (٤٤٩٠) ساڵ◀◀

له میانی نووسینەکانیدا لەسەر گەشتەکانی بە کوردستاندا، ئەولیا بە وردی نموونە لەسەر چەند شێوە زارێکی کوردی دەخاتە روو لەوانە: لیستی چەند وشەیەك کە ناوی لێناوە سۆرانی و لە (میفارقین) بەکارهێنراون، گۆرانییەکی ناوچەی جزیرە، هەڵبەستێکی دوور و درێژ بە شێوەی رۆژەکی (Rojiki ) کە لە راستیدا لە رووی رێزمانەوە لە تورکی دەچێ و وشەی ئەرمەنیی زۆریشی تێدا هاتووە، چەند گوزارێك بە دیالێکتی هەکاری و (قەسیدەیەك بە دیالێکتی ئامێدی[1]). شتێکی سروشتییە کە کەس ناتوانێ نە پشت بە (مەغدیش) یان (سەرچاوەکانی تری ئەولیا) ببەستێ و بیانکات بە بنەمایەك بۆ ئەوەی بزانی چی بە وردی لە رابردوودا، رووی داوە. بەڵام لەوە تێدەگات کە چۆن کوردەکان خۆیان ناسیوەتەوە و (چۆن دراوسێکانیان ناسیویانن) بە تایبەتی لە سەردەمی ئەولیادا. ئەولیا باسی ئەوەش دەکات کە لە پێش سەردەمی ئیسلامدا چەند خێزانێکی ئێرانی حوکمی کوردستانیان گرتۆتە دەست، بەڵام حوکمی ئەم بنەماڵانە هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە، بەرەبابی تریش هەبوون کە ناسراو بوون و هی تریش هەبوون کە پشتگوێ خراون. بە بۆچوونی ئەولیا ( کەپشتی بە مێژووناس مەغدیش بەستوە )، ناوی شارەزوور لە زوور ( Zur ) کوڕی پاشای ئەفسانەی ئێران (زوحاك) وەرگیراوە. هەروەها (کەرکوك) یش بەناوی وەچەیەکی تری (زوحاك) ەوە ناونراوە، ئەم وەچەیە ناوی (موگل کەرکوك) بووە. ئەم حاکمەش بەوە ناسراوە کە شارەزووری لە دەست حاکمی ئەمەوی سەندۆتەوە. ئەم حاکمە ناوی (مەروان حیمار) بووە، کاوەی ئاسنگەریش کە تەختی (زوحاك) ی تێکداوە، شاری (میر کاوە[2])ی بە ناوەوە نراوە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەزوورەوە و ئەم شارە بە (سنجاق) یش ناسراوە. بەڵام (فەرەیدون) کە لە شانامەدا ناوی هاتووە و گوایە لە دوای راپەڕینەکەی (کاوە) دا کراوە بە حوکمڕان، لە کوردستان هیچ شوێنێك بە ناویەوە نەهاتووە (لە چیرۆکی کوردی کاوە و زوحاکدا بە هیچ جۆرێك باسی فەرەیدون ناو نەکراوە ).

داگیرکردنی کوردستان، بە چەند شێوەیەکی جیاواز، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (عومەر، عەلی) و ئەمەوییەکان، بەڵام سەردەمی عەلی هەلی گونجاو زۆرتر بووە.

---

پێش پێغەمبەرایەتی (محەمەد) ەوە و ئاشکراشە کە مەلیك (کوردیم) لە کاتی ژیانی (نوح) دا حاکمی جودی بووە. برگەیەك لە ( ٥١ ا، ٢١٩ ا ) لەسەر ژماردنی زاراوەی ( دیالێکتی ) کوردییە کە (ئەولیا) لە نزیك میفارقین تۆماری کردووە. بڕوانە ( توێژینەوەی بروینسن ١٩٨٥ )

١ - بروینسن ١٩٨٥ — دانکۆف ١٩٩١ — ك ١٢٧ — ١٢٨.

٢ — بەغدات کوشکو ٣٠٥

ئەولیا وامان پێدەڵێت کە ئامێدی لە لایەن (عەلی)یەوە لە کاتی خەلافەتی خۆیدا داگیر کراوە. هەر چۆنێك بێت ناوی (ئامێدی) دەگەڕێتەوە بۆ حاکمێکی پێشوی کە ناوی (عیماد کوڕی ئەنو شیروان بووە) واتە کوڕی خەسرەوی ساسانی بووە. عەلی ئامۆزایەکی خۆی کە کوڕی عەباس بووە بە حاکمی ئامێدی داناوە. هەر لەوێشەوە حاکمەکانی ئامێدی، جزیرە و هەکاری، لە سەدەی حەڤدەدا، خۆیان بە عەباسی[1] لە قەڵەم داوە. ئەولیاش لە شوێنی تردا، سوڵتان (ئەوحەدوڵلاّ) بە کۆنترین وەچەی عەباسی کوردی داناوە و بە باپیرە گەورەی (عەبداڵ خانی بتلیس) و چەند گەورە پیاوێکی تری ناو ناوە[2].

## ئەو ئیمارەتە کوردییانەی کە ئەولیا سەردانی کردوون

وا دیارە ئەولیا یەکێك بووە لەو کەسایەتییە دەگمەنانەی عوسمانی کە سەردانی زیاتر لە یەك یان دوو ئیمارەتی کوردی کردبێت، ئەولیا زۆری کاتەکەی لە (بتلیس) بردۆتە سەر و لەسەری نووسیوە و (چونکە لەوێدا نووسینەکانی ئیدریسی بتلیسی و شەرەفخانی بتلیسی و شوکر بتلیسی و چەند نووسەرێکی نەناسراوی بەرچاو کەوتووە ) وایش دەردەکەوێت کە (بتلیس) لە هەموو ئیمارەتەکانی تر شارستانیتر بووبێت. هەروەها سەردانی گەورە ئیمارەتی تریشی کردووە وەك: ئامێدی، جزیرە، هەکاری و حەسەن کەیف جگە لەمەش ئیمارەتی بچکۆلەی وەکو چەمی کەزەك، ساگمان، پەرتەك، پالو چەرمەك، کێنچ و ئەتاق (شانامە بە بایەخەوە ئاماژە بە جیابوونەوەی یەکەم سێ میرنشین دەدات) ئەم میرنشینانە دەکەونە قەراغی سنووری سەرەوەی کوردستان لە وێدا کەوتوونەتە ژێر دەستی حوکمی عوسمانییەوە بە یەکەی ئیداری سنجاق ناسراون لە کوردستانی باشووردا -کە شەرەفنامە زانیاریی کەمی لەسەر داوە- ، ئەولیا زانیاریی وای داوە پێمان کە ناوچەی شارەزوور (وەك یەکەی ئیداری Eyalet بووە و پایتەختەکەی کەرکوك بووە) و پێکهاتووە لە (١٨) بەش کە هەر بەشەی بە سنجاقێك ناسراو بووە. لە پاڵ شارەزووریشدا دوو سنجاقی تر هەبوون کە حوکمی خۆماڵی

١- بەغدات ل ٣٠٥ ٥١ أ ٣٧٦ ب

٢ – بەغدات ١٩٨ ا ، ١٩٨ ب ، ٢٢١ ب ، ٢٢٤ ا ، ٢٢٥ ا ، ٢٢٦ ب ، ٢٢٣ ب. (ئەولیا) وا رادەگەیەنێت کە ناوی (ئەوحەدوڵلاّی عەبداڵ خان) ی لە بتلیس بیستبێت، بەڵام ئەم وەچەیە ناتوانرێ بە پشتاوپشت بگێڕیتەوە بۆ یەکێك لەو پاپیرانەی کە لە (شەرەفنامە) دا هاتوون، بڕوانە بروینسن و یۆنشتن ل ٢٢٤ ( ١٩٨٤ )

واتە (ئۆتۆنۆمی) یان هەبووە، ناویشیان گازیان و مەریوان بووە (٣٧٢ ب fol). ئەولیا سەردانی ئەم شوێنانەی نەکردووە و لە وەدەچێ زانیارییی لە کتێبی کۆن، قانوونامە وەرگرتبێت (لە کاتی گەشتەکانی ئەمدا ئەم کتێبە مردووە و کاری پێ نەکراوە). حەریر و ئەردەلان و سۆرانی وەك خاوەن ئۆتۆنۆمی و سەر بە شارەزوور ناسراون. ئەولیا چەند بۆشاییەکی لەسەر ئەم ویلایەتانە بەجێهێشتووە کە دوایی پڕی بکاتەوە بەلاّم مردن نەیهێشتووە. ( ٣٧٠ ب fol )

ئەولیا لە وەسفی شارۆچکە سەرەکییەکانی ئەم ئیمارەتەدا، هەمان شێوە باسی دەڕبڕیوە کە شار و شارۆچکەکانی شوێنانی تری پێ وەسف کردووە، بەلاّم لە رادەی وردە بابەتدا شوێن تا شوێن جیاوازیی پیشان داوە. بە زۆری، بە باسی مێژوویی دەست پێدەکات و دێتە سەر ئەوەی چۆن ئەم شارۆچکەیە کەوتۆتە ژێر دەستی عوسمانییەکانەوە. دواتر هاتۆتە سەر باسی حکومەت و لیستی فەرمانبەران، ئینجا دێتەسەر تەلارە سەرەکییەکان کە بە یەك شێوە باسی کردوون، لەوانە: قەلاّ و شوورەی شارەکان، مزگەوت و قوتابخانەکان، تەکییەی دەروێشەکان، نافوورەی ئاو و بازار، خانوبەرەی تایبەت و ئینجا هاتۆتە سەر باسی کولتوور و ترادیسۆن و هەڵسوکەوتی خەڵکی.

لەوانەیە پوختەترین کاری ئەولیا، وەسفی ئیمارەتی کوردی (بتلیس) بێت، ئەم وەسفە، پاش وەرگێڕانەکەی (کوێلەر و ساکسیان) ، بەتەواوی ناوبانگی پەیدا کرد. من لێرەدا وەکو کورتە باسێك وەسفەکەی شاری (پالۆ) بە نموونە دەهێنمەوە: "ئەمیری (پالۆ) ، خۆشبەختانە لەساڵی ١٥١٥ دا خۆی تەسلیمی (بایەکلی محەمەد) کرد، (بایەکلی) وەزیری سوڵتان سەلیمی یەکەم بووە. بەرانبەر بەمەش حوکمی ئۆتۆنۆمی هەتا هەتایی پێبەخشراوە. شێوەی دەستەلاّتەکەی بە حکومەت ناسراوە ، لەخۆیەوە بۆ خێزانەکەی ماوەتەوە. لە ئالۆگۆڕی فەرمیدا ئەم حاکمە بە جەم / جەناب ناوبراوە و سەرجەم داهاتی ناوچەکە بە موڵکی حاکم لە قەڵەم دراوە. هیچ گوندێك بۆ سەربازگە تەرخان نەکراوە. سوپای ناوەندی یان شێوەی تری هێزی سەربازی لەوێ جێگیر نەبووە. لە کاتی جەنگیشدا، ئەم حاکمە بە ٢٠٠٠ چەکداری خۆیەوە چووە بۆ شەڕ.

(پاڵو) بە کورسی ( قادی ) ناسراوە بە مووچەی (١٥٠) ئەقچەش[١]، بەڵام لـە موفتییـەوە نەقیبی شەرەفی پێ نەدراوە. بە هەرحاڵ لە (پاڵو) دا چاودێرێکی بازاڕ هەبووە کە پێـی وتـراوە ( موحتەسیب ) لەگەڵ باجگرێکدا کە پێی وتراوە ( شەهیر ڤوبوداشت[٢] ) کاری کردووە.

قەڵا، بنکەیەکی بچکۆلە و سەختە لەسەر بەردەڵانییەك لە قەراغ روباری فورات ( فـوراتی سەروو ) دروستکراوە. تەنانەت تەیموری لەنگیش لەبەر سـەختیی نـەیتوانیوە داگـیری بکـات. لەم قەڵایەدا تەنها (برایم بەگ) و سەربازەکانی ژیاون. ئەم شوێنە لەبەر سـەختیی بـە کـەڵکی ژیانی ئاسایی نەهاتووە. لەم قەڵایەدا تونێلێکی نهێنی هەیە بۆ ئاو هێنـان و دەچـێتەوە سـەر روبارەکە، لە پاڵ تونێلەکەشدا ئاوەڕۆی باران هەیە. شارەکەی خۆی کە لە دامێن قەڵاکەدایـە، لە هەزار خانوو پێکهاتووە ، سەربانەکانی بە قوڕ دروست کراون.

ئەو رێگایانەی کە (پاڵو) دەبەستن بە (ئێرگەنی و ئەگبل) لە رۆژئاوادا، رۆژەڕێیـەك دەبـن. لەلای سەریشەوە (خارپۆت) یش ئەوەنـدە دەبـێ، لـە لای خـوارەوە (دیاربـەکر) دێـت کـە دوو رۆژەڕێ دەبێـت. لـە پـشت (پـاڵو) ەوە گونـدێك هەیـە پێـی دەڵـێن (بـاغین) و لـە جوانیـدا بەهەشتێکە بۆ خۆی. (باغین) گوندی بەگزادەکانی (پاڵو) ە و لە کوردسـتاندا بـە سـەیرانگە و جێگەی حەسانەوە ناسراوە. ئەو ئاوەی بەم گوندەدا تێدەپەڕێ وەکو کریـستاڵ روون و بێگـەردە و یەکێکە لە سەرچاوەکانی ((فورات[٣]))

لەوانەیە ئەم زانیارییانە، لـە خۆیانـدا، زۆر سـەرنجراکێش نـەبن، بـەڵام ئەگـەر بخرێنـە پـاڵ سەرچاوەکانی تر ( بە تایبەتی شتوومەکە ئەرشـیفییەکانی کـە هێـشتا بـە تـەواوی پـەردەیان لەسەر لانەبراوە ) ئەوساکە ئـەم زانیارییانـەی ئـەولیا رەنـگ و ژیـان دەبەخـشن. توێژینـەوەی وردی کتێبەکانی ئەولیا لە بارەی ئێرانییەکانەوە دەبنـە شـێوازی رێکوپێـك بـۆ بـەراوردکردنی

---

١ - مووچە بەڵگەیەکی گرنگە لە بەشداربوونی کۆڕی دادگای قاویدا، قازی شـاری (دیاربـەکر)، وەك مووچـە ٥٠٠ ئەقچە وەردەگرێت.

٢ - موفتی و نەقیبی شەرەف بە زۆری لە مەرکەزەوە وەك پیاوانی ئایینی دامەزراون لەبەر ئەوە (نـەبوونیان) ئەوە دەبەخشێ کە (پـاڵو) لـە رووی دینیـشەوە لـە دەرەوەی بازنـەی عوسمـانی بـووە. بـەڵام قـازی لەوانەیـە و لەوانەش نییە لای میری (پاڵو) ەوە دامەزرا بێت، وەلێ باجگر میری بووە و لەوەدەچێ کە لایەن مـیر خۆیـەوە دامەزرابێ.

٣- بەغـدات کوشـکو. ٣٠٥، .fol ٨٤ب – ١٨٥ . بوغـدای ١٩٩٦: ٢٤٠ – ٢٤٣. لـە پـەراگرافی تـری (سیاحەتنامە) دا (ئەولیا) زانیاری زیاتری لەسەر (پاڵو) داوە.

ئیمارەتەکان. نموونەیەکی تری کارە بە پێزەکانی ئەولیا (هەر چەندە پەلـەکردنیان پێـوە دیـارە) ئەم بەشەی خوارەوەیە کە لەسەر (ئامێدی) نووسیویەتی بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە.

**ئەولیا لە ئامێدی**

لەوە دەچێت (ئامێدی) لە ئیمارەتە کوردییەکانی تـر سـەربەخۆتر و بـە هێزتـر بـوو بێـت. ئەولیا ئەوە رەچاو دەکات کە وەکو هەموو هەرێمەکانی تری عوسمانی بۆ چەند بەشـێکی جیـا جیا دابەش کرابێت، واتە بۆ چـەند یەکەیـەکی ئیـداری کـە هـەموو بەرپرسـەکانیان لـە لایـەن (خان)ی (ئامێدی) یەوە خرابنە سەرکار بەبێ دەستێوەرانی سوڵتان یان والـی بەغـدا، بـە واتـا ئامێدی تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، لەم ئیمارەتەدا هیچ بەرپرسێکی عوسمانی یان فەرمانـدەی سوپا نەبووە تاکو هێز بگرێتە دەستی خۆی، بگرە چەکداری عوسمانی تێدا نەبووە. لـە ئاسـتی راوێژکاریی سیاسیدا ( دیوان ) خانی ئامێدی راستەخۆ لە خواروو حاکمی (شارەزوور)ەوە بووە (کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە دەستنیشان کراوە) لە هەڵمەتی سەربازی عوسمانیدا لـە عێـراق لە دەست ئێرانییەکان — خان بەهێزی چەکداری خۆی بەشداری کردووە. لەم شـەڕەدا (ئامێـدی و شارەزوور) لە سەنگەری پێشەوە جـەنگاون، بـەڵام هێـزی (دیاربـەکر) لـە پـشت مەیدانـەوە ئامادە بووە. یەکە ئیدارییەکانی ناوچەی ئامێدی ( بادینان ) کە وەکو ئەولیا باسـیان دەکـات پێکهـاتوون لـە: (ئـاکرێ، شـیخۆی، زاخـۆ، دهـۆك، مـوزری و زێبـاری) ئـەم شـارانە هـەموو ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەبووە و حوکم بە ( وەرەسە ) کراوە وخانی ئامێدی جەختی لەسـەر هاتنـە سەر حوکمیان کردووە. لە پاڵ ئەمانەشدا سەرۆك هۆز هـەبوون کـە بـە فـەرمیی ناسـراو بـوون لەوانە سەرۆکی هۆز و تیرەکـانی سـندی و سـلیڤان لـە لایـەن حوکمـداری زاخـۆوە رێزیـان لـێ گیراوە.[١]

پایتەختی ئامێدی، کـە لـەوێ ئـەولیا وەك میـوان لای(خـان) ی سـەردەم (سـەعیدخان) ، چـەند کـاتێکی بردۆتەسـەر (مـوزاری) بـوو. ئـەولیا لای خـان و گـەورە پیـاوانی شـارەکە لـە کۆشکێکدا دەژیا، نزیك بە دەروازەی (موسڵ) . (موزاری) شـارێکی نموونـەیی بـوو، ئەوانـەی زۆر لەبەرچاو بوون، دەستودایەرە و نۆکەرەکانی خان و چەکدارەکانی سوپا بـوون. چـەکدارەکان بەرگی تایبەتی خۆیان هەبوو ( جیاواز لە هێزە عەشایەرەکان کە هەر لە کاتی جەنگدا بـەرگی

---

١- بەغدات کوشکو ٣٠٥

سەربازی (یونیفورم) یان لەبەر کردووە. لەوێش بازرگان هەبوون، بەڵام وەك بازرگانەکانی (دیاربەکر و بەغدا و موسڵ) بە توانا نەبوون و لەگەڵ شوێنی دوور چالاکییان کەم بوو. بە هەر حاڵ، بازرگانییان لەگەڵ (بەغدا) و شارەکانی کوردستاندا کردووە. چینی سێیەمی ئەم شارە پیشەساز و دوکاندارن، لە بابەت ئەمانەوە ئەولیا کەم دەدوێ — ئەوە نەبێ کە دەڵێ شاڵ و شەپکی خەت خەتیان لەبەر کردووە. ئەو چینەی کە زۆر سەرنجی ئەولیایان راکێشاوە (عولەما) بوون، ئەمانەش لە شارەکەدا زۆر بوون و هەمووشیان چەکدار بوون و خەنجەری گەورەیان کردووە بە (کەمەربەندەکانیاندا) و بۆ شەڕ چوون و جەنگاوەری ئازا و کۆڵنەدەر بوون.

یەکێك لەم عالمانە ناوی (مولا شەریفی) بووە، زانیاری لە بارەی کولتوور و ژیانی ئەوتۆوە داوە بە ئەولیا. ئەولیا لەوە ئاگادار بووە، کە ئامێدی ناوەندێکی مەزنی کولتووریی کورد بووە. لە پاش چەندوچونێکی زۆر و بەراوردکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەولیا زاراوەی (جزیرە و شیروان) ی پەسەند کردووە و لەوانی تری بە پاراوتر داناوە، بەڵام زمانی هەڵبەست و ئەدەبیات، بە لای ئەولیاوە، زمانی ئامێدییەکان بووە. ئەولیا ئاماژە بە قەسیدەیەکی ئەم شارە دەدات کە (مەلا رەمەزان ناوێکی) کورد دایناوە و ئەمەش چەند دێڕێکیەتی:

رێــی لــە ئاســیف دەکــەن وە لیــو حەیرانــە عیــشق
دەرســی ئارســنو دەدەن سەرخۆشــو ســەکرانە عیــشق
عــەقڵی کــول ئــەر بێنــەنیڤ مەکتــەبی عیــشقە دەمێــك
دی ببــێتن مەزهــەکی تــوفڵی هــەوەس خوانــە عیــشق[1]

نووسینەوەی ئەم چەند دێڕە شیعرە لە لایەن ئەولیاوە بۆتە وێنەیەکی هەرە کۆنی نووسراوی شیعری کوردی — کۆنترین نووسراوی شیعری کوردی کە من بزانم زۆر لە دوای ئەولیا هاتووە. بەپێی وتەی ئەولیا ئەمانە چەند بەیتێکن لە قەوارەی هەڵبەستی کوردی کە ئەو زانیاریی لە بارەیەوە هەبووە. ئاشکرایە کە هۆکاری گەورەی لەناوچوونی ئەم ئەدەبیاتە

١ - بەغدات کوشکو ٣٨٠ ب

دەگەڕێتەوە بۆ ئاژاوەی نێو دەڤەرەکە. سوپاس بۆ ئەولیاکـە لـەوەوە دەزانـین (مـەلای جزیـری) تاکە دیاردە نەبووە لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموویان باشـتر یـاد دەکرێتـەوە. لەوانەشـە لـە هەموویان باشتر بووبێت و خاوەنی گەورەترین بەرهەمی شیعری میتافیزیك بێت کە بە کوردی نووسرابێتەوە و بۆ کاتێکی درێژخایەن گەشەدار بووبێت.

**چۆنێتیی زیاتر قوڵبوونەوە لە مێژووی کورد**

(شەرەفنامە) بە تەنها گرنگترین سەرچـاوەی مێـژووی کـوردە کـە جێـی خـۆی کردۆتـەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بە تەواوی لەم مێژووە بگەین، دەبێ پەنابەرینە بەر هـەموو ئـەو سەرچـاوانەی کە لە سەردەمی (شەرەفنامە) دا هەبوون و دەست ئێمە کـەوتوون. ( جیهاننامـەکـەی خـەتیب چەلەبی و کتێبی پێشوتری مستەوفی قەزوینی (نوزهەتی ئەلقلوب) وەکو سەرچاوەی جیـۆگرافی ناتوانین پشتگوێی بخەین، بۆ دەقی مێژوویی، دەبێ (شەرەفنامە) لەگەڵ ئیشە گرنگە ئێرانی و عوسمانییەکان کە لە بارەی مێـژووەوە لـە هـەمان دەڤـەر و سـەردەمدا ئـەنجام دراون، بـەراورد بکرێن، بە تایبەتی (کتابی دیاربەکر لە لایەن تەهرانییـەوە)، کتـێبی (شەحـسەن تـەواریخ لـە لایەن حەسەن رۆملوەوە)، هەروەها کتێبەکانی (تەئریخی عالەم ئـارای عەباسـی لـە نووسـینی ئەسکەندەری مونشی یان ئەسکەندەر تورکمان مونشی و تەئریخ لە لایەن نەعیمەوە).

توێژینەوەی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) بە شـێوازی سیـستمی مێـژووی گـەلی کـورد نییە، مێژووی خێزانە حوکمڕانەکانی کوردە. دیمەنەکانی سـەرەوەمان نیـشانی دەدات، کـەمتر باسی ژیانی ئاسایی خەڵکی دەکات، بە تایبەتی ئافرەتان. ئەم راستییە لە هەموو کتێبـەکانی سەردەمی عوسمانی و ئێرانیدا بەرجەستە بوون. بۆ مێژووی کۆمـەڵایەتی و ئابووری گەرەکە بـە دوای سەرچاوەی تردا بگەڕێین. سیاحەتنامەکەی ئەولیا، کـەمتر باسـی خانەدانـەکانی گرتۆتـە خۆی، ئەم تایبەتمەندییە لە ئیشەکانی تری عوسمانی جیـا کردۆتـەوە و بۆتـە سەرچـاوەیەك بـۆ ژیانی رۆژانە لە سەدەی (١٧) دا. سەرچاوەی دەوڵەمەندی تر لە ئارشیفی عوسمانیدا هـەن کـە بەئاستەم دەستیان بۆ براون لەوانە بابەتی دیمۆگرافی و مێژووی ئابووری، هەنـدێك لەمانـە لـەم دواییەدا بڵاو کراونەتەوە ( بڕوانە بڵاوکراوەکانی بینارك، گویونچ، هەتەرون، ئیلهان، سەڤگین، ئونال و ینبناچ ).

جۆرێکی تری سەرچاوە کە مێژووناسە کوردەکان بەدەگمەن کەڵکیان لێ وەرگرتووون ئەوانەن کە مێژوونووسە مەسیحییەکانی دراوسێیان نووسیویانن. لەبەرئەوەی مەسیحییەکان لە ئاستی خۆیانەوە نووسیویانن، زیاتر سەیری دامێنی کۆمەڵیان کردووە، ئەم سەرنجە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا پشتگوێ خراوە. (شێرو ساغیان) لە ١٩١٥دا کەرەسەیەکی زۆریان خستۆتەروو کە بایەخیان لە مێژووی کورددا هەیە، لە کتێبە ئارامییەکان و ئەرمەنییەکاندا باسکراون هاوکاری لەگەڵ زانایانی ئەم زمانانەدا دەبێتە بەشداریی گرنگ لە نووسینەوەی هیستۆریۆگرافی کوردیدا.

# "کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد" لە بەڵگەنامە فەرەنسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەزارەتی جەنگی فەرەنسا ١٩٢٠-١٩٢٤

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجات عەبدوڵلا

## پێشبار

یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کوردییە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە دەرەوەی کوردستان دامەزرێندراوە. بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی تا ئێستە لەبەر دەستن وا پێدەچێ ئەو کۆمەڵە سیاسییە (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)* ، ڕاستەوخۆ دوای ئاگر بەست لە (قاهیرە) و ڕەنگە زۆر زووتریش دامەزرێندرابێت. سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، (سورەیا بەدرخان) بووە و (بازیل نیکیتین) لای وایە کە، (سورەیا) هەر ڕاستەوخۆ دوای ئاگر بەست ئەم ڕێکخراوەی دروستکردووە((١)) ، بۆیە شیمانەی بەهێز ئەوەیە ئەم کۆمەڵەیە لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ دامەزرا بێ. شایانی گوتنە ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو کۆمەڵەکانی دیکە چالاکتر بووە لەوەی یاداشتنامە و نامە بداتە هێزە هاوپەیمانەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، بەڵام بە هەموو پێوانەیەك وا پێناچێ کە، ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی ئەندام و بنکەی ڕێکخراوەییەوە خەڵکی بەدەورەوە بووبێ.

دووەم کۆمەڵەی کوردی کە پاش ئاگربەستی (مۆدرۆس) لە دایك بووبێ، (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)((٢)) بوو کە لە ١٧/ دیسەمبەر/ ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ لە لایەن (سەید عەبدوالقادر شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان و کامیران عالی بەگ) و چەند تێکۆشەرێکی دیکە دامەزرێندرا. سەرۆکی کۆمەڵە (سەید عەبدوالقادر شەمزینی) و جێگری یەکەمی کۆمەڵە (ئەمین عالی بەدرخان) و

---

* کرد استقلال قومیتەسی

[1] Basil Nikitine, Les Kurdes, étude sociologique et historique, 1ème édition Klinchsieck, Paris, 1956, 2ème éditions D'aujourd'hui, Paris, 1975, p.196

٢– بۆ باسێکی بە داوێن لەبارەی ئەم کۆمەڵەیە بڕوانە:
Ismaïl Goldaş, Kürdistan Teâli Cemiyeti, Doz yayinlari, Istanbul, 1991.

جێگری دووەمی سەرۆك (فەریق فوئاد پاشا) بوو. نووسەری گشتی: (فەریق حەمدی پاشا). ژمێریار: (سەید عەبدوڵڵا) . ئەندام: (محەمەد عەلی بەدرخان، محەمەد ئەمین بەگی سلێمانیەلی، مامۆستا عەلی ئەفەندی، شەفیق ئاراواسلی، شوکری بابان زادە، فوئاد بابان زادە، فەتحوڵڵا ئەفەندی و دکتۆر محەمەد شوکری سەگبان بوو)((١)). ڕاستییەکەی، ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرەتادا دوو ڕەوتی ناکۆکی لەخۆ گرتبوو: ڕەوتی سەربەخۆخواز (بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی بەدرخانەکان) و ڕەوتی کۆنسێرڤاتۆر (بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی شەمدینان) .

جەمعیەتی تەعالی کوردستان تا دوادواییەکەی نیسانی ١٩٢٠ وێڕای ئەوەی کە دەمێك بوولە ناوەوەی خۆیدا دوو باڵی جیاوازی تێدا ڕوابوو، کەچی هەر بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی ناوەندی ئەستەمبوڵی پاراست. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە بگوترێ لە بەڵگەنامەکاندا ئەم کۆمەڵەیە بەناوی (کلوبی کورد)، (کۆمیتەی کورد) و (کۆمەڵەی کورد) یش ناوی هاتووە. جەمعیەتی تەعالی کوردستان گۆڤاری (ژین) ی دەردەکرد و کۆمەڵێك کلوبی کوردیی لە شارەکانی کوردستانی باکووردا کردووەوە، هەروەها کۆمەڵەیەکی بۆ ژنانی کورد بە ناوی (جڤاتا پێشکەڤتنا ژنێن کورد) لە ئەستەمبوڵ پێك هێنا، کە بایەخی بە ڕەوشی ژنانی کورد، هەتیو و قوربانیانی ڕاگوێزراوە دەدا. یەك لە شانازییەکانی جەمعیەتی تەعالی کوردستان ئەوە بوو کە بە یەك دەنگ (شەریف پاشا) یان وەك نوێنەری کورد بۆ کۆنفرانسی ئاشتی دەستنیشان کرد. دواتر لە ئەنجامی ناکۆکی لە بارەی سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان دوو باڵەکەی ناو کۆمەڵە لە نیسانی١٩٢٠، کۆمەڵە بوو بە دوو کەرت و باڵی بەدرخانییەکان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی (کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد) دامەزراند کە لە سەرەتای ئایاری ١٩٢٠دا پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەکەیان پێشکەش بە وەزارەت کرد و (ئەمین عالی بەدرخان) وەك سەرۆکی کۆمەڵە و (مەمدوح سەلیم بەگ) وەکو سکرتێری گشتی کۆمەڵە دەستنیشان کران. هەرچی باڵی (شێخ عەبدوالقادری شەمزینی) ش بوو هەر بە ناوی کۆمەڵەی کورد و کوردستان درێژەیان بەکاری ڕێکخراوەیی خۆیان دا.

ئێمە لێرە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و دەستاوێژی تایبەت لەبارەی (کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد) بڵاودەکەینەوە کە ڕاستەوخۆ لەناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەزارەتی جەنگیی فەرەنسا وەرگیراون و ڕووناکییەکی زۆر دەخەنە سەر مێژووی ئەم کۆمەڵە کوردییە و بەو هیوایەی کە ئەم بەڵگەنامانە دواجار ببنە کەرەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان.

وەرگێڕ

---

٢- عبداللە بابکر حمە اغا، "ڕۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا لەسەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا"، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە، ٦٤، مایسی ١٩٨٨، لا: ٨٩

## بەڵگەنامەی ژمارە: ١

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ٦/ ئایار/١٩٢٠

بۆ بەڕێز جەنابی کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە، هتد.

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە جەنابتان لەوە ئاگادار بکەمەوە کە ئەو کەسانەی ناویان لەناو ئەم لیستەیەی خوارەوەدا هاتووە هەر تازە کۆمەڵەیەکی نوێی کوردییان بە ناوی " کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد" ەوە دامەزراندووە. بێگومان جەنابی بەڕێزتان لەوە بێ ئاگانین کەوا ماوەیەکە چەند سەرگەردانییەك لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی پێشووی کورددا لە نێوان لایەنگیرانی سەربەخۆخواز و ئەوانەی کە بە چارەسەری نیوە چڵ ڕازین دەبینرێ. رووناکبیران نەیانتوانی بەرگەی ئەم دوو دڵییە بگرن کە لەناو سیاسەتی ئەمڕۆدا خۆی دەسەپێنێ، بەو پێیەی کە بێ هوودە هەموو وەسیلەیەکی ئاشتەواییان تاقیکردەوە، بڕیاریان دا خۆیان لە کۆمەڵەی کۆن جیا بکەنەوە و دەستبەرداری ڕابووردووی کۆمەڵە بن. ئەوانە هەر ئێستە هاتوون ئەم کۆمەڵە نوێیەیان دامەزراندووە.

ئێمە هیواداریـن ئەم کۆمەڵەیە بەختی ئەوەی هەبێ ببێ بە جێگەی باوەڕی ئێوە و ئێمە پشتقایم بەم پاڵپشتییە هیواداریـن بتوانین وێڕای هەموو چەشنە تەگەرەیەك ئیدیالی نەتەوەییمان بەجێ بهێنین. بەو پێیە پێشەکی سوپاسی جەنابی بەڕێزتان دەکەین بۆ کۆمەگی گرانبەهاتان و ئەو بەخششانەی بە ئێمەتان بەخشی، من تکاکارم ڕێزلێنانی لە هەموان شایانترم قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتی
کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد
(ئیمزا) مەمدوح سەلیم بەگ

**

ئەمە لیستی ئەندامەکانی بیرۆی کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد-ە:

عەبدوڵڵا جەودەت بەگ (خارپووت)، پزیشك و ڕۆژنامەنووس

شوکری بەگی بەبە (سلێمانی)، سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەرجومان

شوکری محەمەد بەگ (دیاربەکر)، پزیشك

جەلادەت بەگ بەدرخان (دیاربەکر)، نووسەر

ئەکرەم جەمیل بەگ (دیاربەکر)، دیپلۆمی قوتابخانەی بەرزی مەلەکی
ئەمین عالی بەگ (دیاربەکر)، موفەتیشی پێشووی گشتیی داد.
حوسێن حامی بەگ (ئۆرفە)، پارێزەر
مەمدوح سەلیم بەگ (وان) نووسەری ڕۆژنامەی ژین
نەجمەددین حوسێن بەگ (کەرکوك) کۆنە مامۆستای ئایینی
بارەگەی کاتیی: نووسینگەی ڕۆژنامەی ژین،
شەقامی ابو سعود، نزیك بابیعالی
سەرچاوە:
ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، فایلی FO: 371/5069

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی تورکیا
(هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ٣٤٥ – ١٣/ ئایار/ ١٩٢٠
کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد La Ligue Sociale Kurde

کۆمەڵەیەکی نوێی کوردی

١٣/ئایار/١٩٢٠

ئەمین عالی، دکتۆر شوکری محەمەد، بابان زادە حوسەین شوکری و مەمدوح سەلیم بەگ هەر ئێستە ڕێکخراوێکی کوردییان بە ناوی کۆمەڵەی ئیجتماعی دامەزراندووە. پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم ڕێکخراوە نوێیە دراوە بە وەزارەتی ناوخۆ.

ڕۆژنامەی Le Moniteur Oriental

سەرچاوە:
ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فرانسا 20 N 168

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣** (کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ١٧/ حوزەیران/ ١٩٢٠

بۆ بەڕێز جەنابی

کۆمیسێریای باڵای بەریتانیای فەخیمە لە ناو شار

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە کە کۆپیەکی تێلێگرامێکی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد La Ligue Sociale Kurde تان بخەمە بەردەست کە بۆ بەڕێز ویلسن، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نووسراوە.

بەڕێز لەگەڵ ڕێزلێنانی زۆرمدا ڕێزی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد

مەمدوح سەلیم

(ئیمزا) مەمدوح سەلیم.

***

بەڕێز ویلسن،

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کۆشکی سپی، واشنگتۆن،

جەنابی بەڕێز،

گەلی کورد بەخۆشییەوە هەواڵی ئەوەی بیست کە بەڕێزتان بەگوێرەی چواردە خاڵەکەی مافی نەتەوەکان کە چارەنووسی نەتەوەکانی ئایندە دیاری دەکات ئەرکی دیاریکردنی سنووری نێوان کورد و ئەرمەنتان خستۆتە ئەستۆی خۆتان.

نەتەوەی کورد ئەوە لە بەڕێزتان چاوەڕوان دەکات کە بڕیاری دروستی ئێوە ئەم نەتەوەیە لە تۆقی هەموو لایەنەکان ڕزگار بکات. دوارۆژی تەواوی ئەم نەتەوەیە لەبەردەستی ئێوەیە و ئێمە هیوادەخوازین کە ویژدانتان ڕێنیشاندەرتان بێ لەو کارە ناسکەی کە مێژوو خستوویەتییە سەر شانی ئێوە.

( ئیمزا)

سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد سکرتێری گشتی

ئەمین عالی بەدرخان مەمدوح سەلیم.

سەرچاوە:

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، فایلی FO: 371/5069

## بەڵگە نامەی ژمارە:٤

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ١٧/حوزەیران/١٩٢٠

جەنابی بەڕێز،

ئێمە بە پەلەین لەوەی هەستی پێزانینی خۆمان بەرانبەر بە بڕگەکانی پەیماننامەی ئاشتی تورك دەربـبڕین لـە بـارەی دامەزرانـدنی کوردستانێکی سەربەخۆ لـە داهاتوویـەکی نزیکـدا، هەروەها بەگشتی رای خۆمان لە بارەی بە ڕەسمی ناسینی مافی بوونی کـورد دەردەبـڕین. رێگـە بە خۆمان دەدەین لەم دەرفەتەدا تکا لە بەڕێزتان بکەین ئەم سووکە تێبینییانەی ئێمـە کـە لـە دیدی گەلی کوردەوە زۆر گرنگن، بگەیەننـە حکومەتەکـەی خۆتـان تـا لـە کۆبوونـەوەی بـاڵای کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس تاوتوێ بکرێن.

١-وێرای ئەوەی کە لە برگەی (٦٢) ی پەیماننامەی تورکدا سنووری ڕۆژئـاوای کوردسـتان لە لای کەناری ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە دەستنیشان دەکات، بەڵام هەموو ئەودەر و ناوچـانەی کـە لـە ڕۆژئـاوای ڕووبـاری فوراتـەوە ماونەتـەوە وەك سـنجاقی مەلاتیـە، هـەموو هەرێمـەکانی قۆچگیری * و دەوروبەری تا ڕوفاییە، بە نزیکەیی هەموو دانیـشتوانەکانی کـوردن و چـەند لـە جیابوونەوە نەهاتوون لە نیشتمانی کورد.

٢-ناوچەکانی (جەزیرەی ئیبن عومـەر، مـاردین، ئورفـە و صـلاحیە) بـە گـوێرەی برگـەی (٢٧) ی پەیماننامەکە بۆ (سوریا) جێهێلـدراون. جـا بـەو پێیـەی ئـەم ناوچـانە بەشـێکی زۆر کوردیان تێدا دەژی و لە ڕووی ئیتنیکی، جوگرافیی و ئابوورییەوە خـاکی کوردسـتانن و لێـی جیانابنەوە.

بـە خـۆدا راپـەرموون لـە سـۆنگەی هەسـتی بەگزادانـە و دادپـەروەری و ئینـسافی زلهێـزە هاوپەیمانە سەرەکییەکان، ئێمە حەزدەکەین باوەڕ بەوە بکەین کە کۆمیسۆنی باڵا نایـەوێ ئـەم هـەموو پـشتوێنە* لـەم خاکـە هێنـدە زۆر کەونارایـەی کوردسـتان دابـبڕێ و ئەمـەش لـە بـەر هۆیەکی یەکجار سەرەکی، چـونکە دەیـەوێ کوردسـتانێکی سـەربەخۆ دروسـت بکـات کـە بـە پێویستییەوە پێویستی بە دەروویەك دەبێ بۆ سـەر زەریـا، بێگومـان ئـەم دەرووە لـە زەریـای سپی ناوەڕاست دەبێ ( لە سەر دەرووی ئایاس Ayas)** .

---

* Kodjkiri

* Bandellete

** ئایاسAyas کەوتۆتە سەر کەناری ڕۆژئاوای کەنداوی (ئەسکەندەروونە) . لـە دەسـتپێکی شـەڕی خـاچ پەرستەکاندا لە دوای تارس یا سانت سیمۆن دەرگەیەکی زەریـایی گـرینگ بـووە. لـە سـاڵی (١٢٥٠) ئایـاس

٣- ئێمه باوەڕمان وایه کەوا کۆمسیۆنی باڵا بە دادوەریی بەڕێز (ویلسن) ، چاودێری دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ئەرمەنستان دەکات لە ناوچەی ویلایەتەکانی (وان، بتلیس، ئەرزەرۆم) کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەقی ئێمه بەسەر ئەم زەوی و زارە تەواو کوردیانە لە بەرچاو دەگیرێ. بەم پێیه ئێمه هیواداری کەوا شێوەی بنچینەیی وەڵاتنامەییەکان، بە هەمان شێوە لێرەشدا بیانوویەك بۆ بوون بدۆزێتەوە.

٤- ئەحکامەکانی برگەی (٦٤) لەم تێرمە کورتکراوانەدا دارێژراوە: " ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵدا، گەلی کورد داوای لە کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان کرد بەوەی کە زۆرینەی خەڵکەکە دەخوازن لە تورکیا جیاببنەوە، ئەوا ئەمیان ( واتە تورکیا، وەرگێر) پەیمان دەدات دەستبەرداری هەموو ماف و ناوەکانی ئەو دەر و ناوچانە بێت. ئەگەر ئەم تەنازولە کرا، ئەوا هیچ نارەزاییەك لە لایەن زلهێزە هاوپەیمانەکان نابێت لە بەرامبەر پەیوەستبوونی کوردەکانی دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردستان کە تا ویلایەتی مووسڵ دەگرێتەوە بۆ چوونە ناو ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردەوە"[1]

بەو پەری دڵخۆشی و کامەرانییەوە گەلی کورد ڕایدەگەیەنێ کە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوە نابێ کەوا چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی زلهێزە هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانی جیابکاتەوە. کەوایە ئێمه قەناعەتمان وایە کە ئەم پرسە بە گوێرەی ڕۆحیەتی دادپەروەرانەی خۆی چارەسەر دەکرێ.

لێرەدا بە سەرنج ڕاکێشانی پایەبەرزتان بۆ کۆمسیۆنی باڵا لە بارەی دامەزراندنی ئەگەری کوردستانێکی سەربەخۆ، یەکگرتوو، ژیاو و بە دەر لە هەموو چەشنە دژواری و ئاژاوەگێرییەك، لێرەوەیە کە ئێمه بانگەواز بۆ هەستی دادپەروەرانەی گەورە زلهێزەکانی هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانیان دەکەین کە قوربانییەکی بێشوماریان داوە بۆ زامنکردنی ئاشتییەکی درێژخایەن بە رزگارکردنی نەتەوە چکۆڵەکانیشەوە.

ئێمه شەرەفی ئەوەمان هەیە داوا لە بەڕێزتان بکەین کە لای کومسیۆنی باڵا دەخالەت بکەن و چێترین هەستی پێزانینی بۆ ئەو هاوسۆزییەی لە بەرامبەر گەلی کورددا هەیەتی و

---

نوختە خاڵی سەرەکی پێکەوەبەستنی نێوان ڕۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاست و هەرێمەکانی ئاسیای ناوەڕاست بووە، وەرگێڕ.

[1] بێگومان بە بەراورد لەگەڵ تێکستە بنەرەتییەکانی پەیماننامەی سیڤەر ئەم پەرەگرافە وەرگێڕاوە جیاوازی لەگەڵ تێکستە بنەڕەتییەکە هەیە، بەڵام ئێمه زیاتر مەبەستمان پاراستنی نامە مێژوویەکانە وەکوو خۆی و هیچ دەستکارییەکمان نەکردووە، وەرگێڕ.

حکومەتی خۆی دڵنیا بکاتەوە کە ئێمە دڵسۆز دەبین بە ترادسیۆنی خۆمان بە ئاراستەی مەزنترین ئارمانجە مرۆڤایەتییەکانی زلهێزەکان.

جەنابی بەڕێز، ئەوپەری ڕێزلێنانمان قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتی، مەمدوح سەلیم

(ئیمزا)

سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد

ئەمین عالی بەدرخان

**سەرچاوە:**

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، فایلی FO: 371/5069

**بەڵگەنامەی ژمارە:٥**

کۆنستانتینۆپل، ٢٥/ حوزەیران/١٩٢٠

سێرڤیسی زانیاریی گەشتیاریی

تورکیا

ژمارە: ٢٢٠٥ ف-٤

پرسی کوردوپەیماننامەی ئاشتیی تورک

سەرۆکی "کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد" ی کۆنستانتینۆپل، نەجمەددین حوسێن بەگ*، بەم شێوەیەی خوارەوە بیروڕای خۆی لە بارەی ئەنجومەنی باڵای تایبەت بە ئاشتیی تورك دەربڕی:

" لە ڕووی پرەنسیپەوە کوردەکان زۆر ڕازین لەوەی بەشێکی مافەکانیان لە پەیماننامەکەدا لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نیگەران بوون لەوەی کە یەکیەتیی نەتەوایەتی و سنووری سروشتیی وڵاتەکەیان وەك ئەوەی خۆیان ئارەزووی بۆ دەکەن ڕێزی لێ نەگیراوە.

* لە هەموو بەڵگەنامەکانی پێشوو و هەم لە دوایین بەڵگەنامە کە لە (١٧) ی حوزەیراندا نووسراوە، (مەمدوح سەلیم) وەك سکرتێری گشتی "کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد" ناوی هاتووە کەچی لەم بەڵگەنامەیەدا کە هەمووی هەشت ڕۆژ دواتر نووسراوە دەبینین (نەجمەددین حوسێن بەگ) ، وەك سکرتێری کۆمەڵە ناوی هاتووە، وەرگێڕ.

" ئورفه و ماردین كه خراونەته ناو كەوشـەنی سـووریا و ئـەو ناوچـانەش كـه كێـشەیان لەسەره خراونەته بەردەم دادوەریی بەڕێز ویلسن دەكەونه ناو سنوورەكانی ئێمەوە. ڕاستیەكەی كۆنفرەنسی ئاشتی كه هیچ بڕیارێكی بۆ ناوچەكانی (وان و بتلیس) نەداوە بەڵگەی ئەوەیە كـه دان بە مافەكانی كورددا دەنێ.

" ئەوەی تایبەته بە كوردەكـانی میزۆپۆتامیـا، تـەنها دەتـوانین بـە برگـەی پەیماننامەكـه دڵخۆشبین كه مافی ئەوەیان پێدەدا له كۆتایی یەك ساڵدا بگەڕێنەوە سەر ناوچەكانی نیشتمانی دایك.

" ئەگەر زلهێزەكان لایان وایـه ئێمـه دەستەپاچـەین لـەوەی حكومـەتێك بـە سیـستمێكی مۆدێرن و شارستانی پێكەوە بنێین، ئێمه تەواو ئامادەین كۆنترۆڵی ئینگلیز قـەبووڵ دەكـەین. پێم وایه كه، ئەم كردەیه بەسه بۆ ئەوەی هەموو گومانێك وەلاوە بنێین لەوەی بیەوێ لـەبارەی نیاز پاكی و سەرڕاستیی نیازەكانی ئێمه بێته پێشەوە.

" ئەگەر ئەرمەنەكان دەوڵەتی خۆیان لـەناو سـنووری تـەواو نەتـەوەیی خۆیانـدا دروسـت بكەن، ئەوا ئێمه دەتوانین زۆر به ئاسانی لەگەڵیاندا ڕێك بكـەوین، بـەلام ئەگـەر بانگەشـه بـۆ سەر ئەو دەر و ناوچانه بكەن كەوا نەتەوەی كوردیان تێدا زۆرینەیه، لێرەدا ئێمه وەك هـەموو نەتەوەیەكی شارستانیخواز و نیشتمانپەروەر ڕەفتار دەكەین.

" دەڵێن ئەرمەنییەكان له كاروانی شارستانی و پێـشكەوتن لـه ئێمـه پێـشكەوتووترن و دەتوانن دەرفەت لەوە وەربگرن بۆ ئەوەی هەوڵبدەن ئێمه بەرێوە ببەن و بمانكەن به شارستانی. ڕاستییەكەی له هەندەران ژمارەیەك ڕوناكبیری كورد و ئەرمەنی هەن. بەلام ئەرمەنەكانی نـاو ولات له كوردەكان شارستانیتر نین. بەگوێرەی هەڵكەوتەی جوگرافیی و له سـایەی هاوپـشتیی هاوسـێ چـاكەكانی فـارس و عەرەبـەكانی میزۆپۆتامیـا، سـەختە ئەرمەنـەكان بتـوانن هـیچ سـەركەوتنێك بەسـەر ئێمـەدا تۆمـار بكـەن هـەتا ئەگـەر مـۆرالییش بـێ. ئەرمەنـەكان وەك ئەوروپاییەكان وەسـیلەی شارسـتانییان نییـە. ئـەوان تـەنها وەسـیلەی دواكـەوتوویی گـەلانی ڕۆژهەلاتیان هەیه.

" ئێمه بـۆ ئـەو كەمینـە نەتەوایەتیيانـەی نـاو ولاتەكـەمان هـەمان مـافی ئەساسـی كـه كوردەكان دەیان بێ بەوانیشی دەدەین. ئەرمێنیا كه بەشێوەیەكی سروشتی لـەناو چوارچێوەی سنورەكانی خۆیدا ژمارەیەك كوردی لێیه، دەبێ بەشێوەیەكی سروشتی چـاو لـه نموونـەی ئێمـه بكات و مافی یەكسان بۆ برایانی هاوڕەگەز و هاوزمانمان كه دەكەونـە ژێـر حـوكمڕانیی ئـەوان دابین بكات.

" ئێمە دەتوانین هەتا لە کاتێکدا کە ئەوە سەرنەگرێ، - من پێم وایە باشترین چارەسەر و پر قازانجترین ئەوەیە- کە دەبێ دەست بە کردەی گۆڕینەوەی دانیشتوان بکەین. من بە دوور و درێژی ئەم مەسەلەیەم بۆ بەڕێز (کران Cran ) لە کاتی هاتنی بۆ (کۆنستانتینۆپل) ڕوونکردەوە..."

ئەوە هەڵەیە کە کلوبی " کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد" دابخرێ کە بەمزوانە دامانمەزراندووە. جێگەی سەر سوڕمانە کە لە سایەی شارستانییەتدا، میللەتێك لە مافی پێکەوەنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بکرێ. ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ لەبەر ڕووناکیی یاسای پێکەوەنانی ڕێکخراوەکاندا بڕێك ڕەتکردنەوەی لەم بارەیەوە دەرکردووە. ئەگەرچی یاساش دژایەتیی بکات، پێویستە بەڕێز ڕاوێژکاری یاسایی دەست لە کردارەکەی خۆی هەڵبگرێ، چونکە ئەو یاسایانەی کە بۆ پێداویستی بەڕێوەبەرایەتی دەرکراون دەبێ لەگەڵ هەل و مەرج و ڕەوشی تازەدا بگونجێن. حاکمە ڕۆمانەکان هەمیشە هەولی ئەوەیان بوو تا یاسا کۆمارییەکان لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێنن، ئەو کەسانەی کە تێگەیشتنی مافی ئاوها بنچینەییان نییە بە بێ گومان ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە وڵات بەشێوەیەکی ڕەزامەندکارانە بەڕێوە ببەن.

ڕۆلان، مولازیمی کەشتیەوانی
سەرۆکی سێرڤیسی زانیاریی گەشتیاریی
ئیمزا
سەرچاوە:
ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فرانسا 20 N 166

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

نشینگەی کۆمیسێری باڵا بەغدا، ٤/ دیسەمبەر/ ١٩٢٤

نهێنی A هاوپێچی

نامەی جێنشینی کۆمیسێری باڵا لە بەغدا

بۆ سکرتێری کۆلۆنیال

کۆمەڵەی کورد

بنچینەی کۆمەڵەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨دا لە (کۆنستانتینۆپل) کاتێک مەشرووتەی تورکی بوو بە واقیع. سەرۆکی کۆمەڵە سەید (عەبدوالقادر) ی ئامۆزای* (سەید تەها) بوو. ئارمانجی کۆمەڵە لە سەرەتاوە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کوردستان بوو لەگەڵ ئارمانجی دوایی کە سەربەخۆیی بوو. ئەم کۆمەڵەیە بۆ ماوەی دوو ساڵ ژیاو و لەناو کوردی دانیشتووی (کۆنستانتینۆپل) کە نزیکەی (30, 000) کەس بوون پشتیوانییەکی بەهێزی هەبوو. کۆمەڵە دوو ئۆرگانی ڕەسمیی هەبوو:

ئا- ڕۆژی کورد**

بیّ- هەتاوی*** کورد

لە ساڵی ١٩١٠دا، (سەید عەبدوالقادر) ڕاگەیاندنێکی بۆ چاپەمەنی تورکی بڵاوکردەوە ڕایگەیاند کەوا گەلی کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکات. ئەم ڕاگەیاندنە پێشوازییەکی ئاوهای لێنەکرا، بە تایبەت لەناو گەنجانی کورددا ئەوانەی کە بیروباوەڕی زۆر نوێباوتر و پێشکەوتووتریان هەبوو. (لەبەر ئەوە قوتابییان کۆمەڵەیەکی دیکەی کوردییان بە ناوی "کۆمەڵەی هێڤی" (لە ناوچەی مووسڵ و باکوور) دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە هیچ ڕۆژنامەیەکی تایبەتیی دەرنەکرد و کۆمەڵە بە تەواوی جیا نەبوو لە کۆمەڵەی سەرەکی. کۆمەڵە هێشتا جێگەی هیوا لەسەر هەڵنانی خەڵکانی بەتەمەن بوو و پێوەندیگرتنەکان لەگەڵ کوردستان تەنها لە ڕێگەی کۆمەڵەی کۆن بوو وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵەی نوێ بەرفراوان بوو و هێزی زیاتر بوو، بەڵام دەستکەوتەکانی تا ساڵی ١٩١٨ کەمبوو تا ئەوکاتەی کە ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی "جەمعیەتی تەعالی کوردستان" لەم ناوانەی خوارەوە پێکهات:

-سورەیا بەدرخان

---

* ڕاستییەکەی (سەید عەبدوالقادر) مامی (سەید تەها) بوو، نەك ئامۆزا، وەرگێڕ.

** ڕۆژی کورد ئۆرگانی جەمعیەتی تەعاون و تەرەقیی کورد نەبوو، بەڵکۆ ئۆرگانی کۆمەڵەی هیڤیی قوتابیانی کورد بوو، وەرگێڕ.

*** بە هەڵە نووسراوە Hala-i kurd

-ماردین عارف پاشا

- زەینی پاشای بابان (کۆنە والی حیجاز)

-ئیبن عەلی بەگ بەدرخان

-نەجمەددین حوسێنی کەرکووکی

-دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەت

-خەلیل بەگ-بەڕێوەبەری پۆلیسی (کۆنستانتینۆپل).

ئەوانە ئەندامی بەرزی کۆمەڵەکە بوون، هەرچی (مەمدوح سەلیم) یشە کە ئێستە لە (بەیرووت) ە سکرتێری گشتی کۆمەڵەیە.

کۆمەڵە (شەریف پاشا) ی کردە نوێنەر بۆ ئامادەبوونی کۆنفرەنسی ئاشتی لە (پاریس) و دواتر (فەخری بەگ) ی بۆ یارمەتیدانی نارد. ئەوانە کۆمەڵێك یاداشتنامەی هەمەچەشنە و (نامەی جۆراوجۆ، وەرگێڕ) یان دایە هێزە ئەوروپاییەکان. کۆمەڵە یاداشتنامەیەکی دایە حکومەتی (فەرەنسا) و داوای مافی چارەنووسی دەکرد و خوازیار بوو کە کوردستان سەربەخۆیی خۆی لەژێر ئینتیدابی (بەریتانیا) بپارێزێ، بەو شێوەیە دەسەڵاتدارانی فەرەنسا نارازی بوون لەوەی کە بەریتانیاییەکان بەشێوەیەکی جیا ناویان هاتووە و یاداشتنامەکە چاوی پێدا خشێنرایەوە و تا وای تێدا هاتووە کە "لەژێر چاودێری هێزە هاوپەیمانەکانی ئەوروپا" و یاداشتنامەیەکی هاوشێوە درایە کۆنگرەی سان ڕیمۆ.

کۆمەڵەکە ئێستە بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی ئیجتماعیی کورد" لە (کۆنستانتینۆپل) بەرفراوان بووە و ئامانجی ئاشکرای سەربەخۆییە.پێوەندی لەگەڵ (١٣) لقی کۆمەڵە لە کوردستاندا گیراوە و لە (قاهیرە) بارەگایەکی بە بەڕێوەبەرایەتیی (سورەیا بەدرخان و ماردین عارف ئاغا) پێکهێناوە. کۆمەڵە دوو ڕۆژنامە بلاودەکاتەوە یەکێکیان لە ئەستەمبوڵ بەناوی "ژین" و ئەوی دیکە لە سلێمانی بەناوی "ژیانەوە". لەکاتی ئاگربەستدا تورکەکان ئەم کۆمەڵەیان داخست کاتێك بۆیان دەرکەوت کە کۆمەڵە پێوەندی لەگەڵ یۆنانییەکان هەیە و یارمەتی لەوان وەردەگرێ.

گەورەترین سەنگەری کۆمەڵە لە کوردستان لە ویلایەتی (دێرسیم) بوو. تا ئێستەکەش کوردەکانی ئەم ویلایەتە پابەندن بە ئارمانجەکانی کۆمەڵە. کاتێك کۆمەڵە لە (کۆنستانتینۆپل) هەڵوەشایەوە ئەندامەکانی بەشێوەیەکی گشتی بەناو ڕۆژهەلاتی (ولات)دا بلاوبوونەوە. تاقە لقی ڕێکخراوەکە، کە تا ئێستەش هەر ماوە، لقی (قاهیرە) یە. تا ئێستەش ئەندامەکانی کۆمەڵە نامە و نامەکاری دەگۆڕنەوە بەلام هیچ ڕێکخستنێك نییە کۆیان

بکاتەوە. کۆمەڵەیەکی نوێ لە (دێرسیم) دامەزراوە بەڵام هیچ زانیارییەکی لێ نەگەیشتۆتە (بەغدا). شایانی باسە کە، کۆمەڵە لە (بەغدا) بوونی نییە بەڵام حەماسی ئەندامە کۆنەکانی تا ئێستەش لەسەر ئاستی تاکەکەسی هەر ماوە و ئەوانە لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد ئامادە نییە بۆ سەربەخۆیی بۆیە ئێستە هەولدەدەن بۆ وەدەستخستنی ئۆتۆنۆمی.

**سەرچاوە:**

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، فایلی CO 730/63

FO 371/5069 139769
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

R 11



Copy Constantinople, le 17 juin 920.

Excellence, 81

Nous nous empressons d'exprimer nos sentiments de reconnaissance pour les clauses du Traité de paix turc concernant l'érection d'un Kurdistan indépendant, dans un proche avenir; et en général pour la reconnaissance des droits d'existence des Kurdes.

Nous nous permettons, à cette occasion, de prier Votre Excellence, de vouloir bien transmettre à son Gouvernement, nos modestes observations, très importantes au point de vue kurde, pour être communiquées au Conseil Supérieur de la Conférance de Paix à Paris.

1.- Bien que l'article 62 du Traité de Paix turc délimite la frontière d'oust du Kurdistan à partir de la rive orientale de l'Euphrate, les contrées restant à l'ouest du fleuve d'Euphrate, comme le sandjak Malatia, tous les districts de "Codjkiri" et les environs jusqu'à "Réphahié", étant peuplées presque totalement par les Kurdes, forment parties intégrantes du patrimoine kurde.

2.-Les régions de Djizire-ibn-Omer, Mardine, Ourfa et Slahié abandonnées à la Syrie d'après l'article 27 du Traité, étant habitées en grande partie par les Kurdes, constituent au point de vue ethnique, géographique et économique des territoires inséparables du Kurdistan. Encouragés par les nobles sentiments de justice et d'équité des Principales Puissances alliées, nous aimons à croire que le Conseil Supérieur voudra bien ne pas détacher toute cette bandelette de terre ci-haut mentionnée du Kurdistan, et cela à plus forte raison, puisqu'il envisage un Kurdistan indépendant qui aura nécessairement besoin d'un accès à la mer, bien naturellement, dans la Méditerranée (au port d'Ayas).

3.-.......

5371/5069 139764
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

RH
50

83

34

- 2 -

3.- Nous sommes convaincus que le Conseil Supérieur s'adressant à l'arbitrage de Monsieur Wilson, pour la détermination des frontières de l'Arménie dans les vilayets de Van, Bitlis et d'Erzeroum, a naturellement pris en considération nos droits sur ces territoires essentiellement kurdes. Par conséquent, nous espérons que la formule des pricipes des nationalités trouvera également ici sa raison d'être.

4.- Les dispositions de l'article 64 conçues en ces termes sommaires: "Si, dans le délai d'un an, la population kurde s'adresse au Conseil de la Société des Nations en démontrant qu'une majorité de la population désire être indépendante de la Turquie, celle ci s'engage à renoncer à tous droits et titres sur ces régions. Si ladite renonciation a lieu, aucune objection ne sera élevée par les Principales Puissances alliées à l'encontre de l'adhésion à cet Etat kurde independant, des Kurdes habitant la partie du Kurdistan comprise jusqu'à présent dans le vilayet de Moussoul", comblent de joie et d'enthousiasme le peuple kurde qui ne cesse pas de confier paisiblement son sort aux Grandes Puissances alliées et associées. Nous sommes donc persuadés que cette question sera résolue conformément à leur esprit de justice.

C'est à l'intention d'attirer l'attention bienveillante du Conseil Supérieur sur la création eventuelle d'un Kurdistan indépendant, uni, viable et défavorable à toute

espéce......

/5069 139769
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

[redacted]

2H

84

30

- 3 -

espéce de complication et de dissension que nous faisons appel aux sentiments de justice des Grandes Puissances alliées et associées, qui ont fait des sacrifices innombrables pour assurer une paix durable en affranchissant les petites nations.

Nous avons l'honneur de prier Votre Excellence, de vouloir bien être l'interprète auprès du Conseil Supérieur, de nos meilleurs sentiments de gratitude pour la sympathie qu'il a témoignée à l'égard du peuple kurde, et d'assurer son Gouvernement, qu nous resterons fidèles à nos traditions dans le sens des intentions humanitaires des principales Puissances

Veuillez bien agréer, Excellence, l'assurance de nos hommages les plus respectueux.

| | | |
|---|---|---|
| | Président de la Ligue Sociale kurde, | Secrétaire général |
| (Signed) | Emine Ali Bédirhani. | Memdouh Sélim. |

# كتێبخانەی كوردۆلۆجی

## كورد لە ئەرشیفی رووسیا و سۆڤێتدا

ئامادەكردن و وەرگێڕانی
د. ئەفراسیاو هەورامی
دەزگای توێژینەوەی موكریان لەساڵی ٢٠٠٦ چاپی كردووە

### ئامانجی وەرگێڕ

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە كەڕووسەكان لەشەڕی (قرم)دا بەسەر عوسمانییەكاندا سەركەوتن و بۆماوەیەكی درێژ بەشێكی باكووری كوردستان كە بەدەست عوسمانییەكانەوە بوو دەكەوێتە دەست رووسەكان و لێرەوە كوردو رووس پەیوەندی دروستدەكەن و رووسیش دەبێتە بەشێك لەو هاوكێشە سیاسییەی كەكورد لەگەڵ هەردوو دوژمنیدا عوسمانی و قاجارەكاندا دروستیكردووە. وەرگێڕی ئەم بەڵگەنامانە لەڕێگەی ئەم كتێبەوە پەیوەندی كوردو رووس لەسەرەتاوە تا هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی دەخاتەڕوو ئەوەمان پێدەڵێت كەهەرگیز رووسەكان لەبەرامبەر كورددا نیاز پاك نەبوون و تەنیا وەك كارت كوردییان بەكارهێناوە.

ریزبەندی ئەم كتێبە:

وەرگێڕ بۆ ئەوەی تووشی بەشبەشكردنی كتێبەكەی نەبێت هاتووە بەڵگەنامەكانی ڕۆژهەڵاتناسیو بڵاوكردنەوەی ئایینی مەسیحییەوە لە سەدەی هەژدە بەدواوە

## كتێبخانەی كوردۆلۆجی

بەپێی مێژوو یەك بەدوای یەكدا ریزكردووەو ئەمەش یارمەتیی خوێنەر دەدات كە لە مێژووەكان بگاتو بەدەستیانەوە ماندوو نەبێت. بۆیە كتێبەكە ئەكرێ وەك یەك بەش لێی بڕوانین.

جەنگی یەكەمی جیهانی دەرگای زۆری بەڕووی كورددا والاكرد تابچێتە سەر تەختەی شانۆو خۆی لە تیری زۆرداری هەردوو زلهێزی ناوچەكە قاجارە فارسەكانو عوسمانییە توركەكان رزگار بكات. وەك چۆن عەرەبەكان قەوارەی سیاسیی خۆیان دامەزراند كوردیش قەوارەیەكی بۆ خۆی دامەزراندایە. جەنگی جیهانی بەهۆی هەڵپەی تەواوی زلهێزەكانی جیهانەوە دەرگای خێرو بەرەكەتی لەسەر زۆر نەتەوەی بەدبەختی دنیا كردەوە و لە زۆرداری قوتاری كردن. كەچی بۆ كورد خێرێكی نەدایەوە، جا ئەمە پەیوەندیی بە نەزانی كورد و زانایی دوژمنانییەوە هەبووە یان شتیتر دەكرێ خۆمان وەڵامی پرسەكان بدەینەوە. وڵاتە گەورەكانو خاوەن بڕیارەكانی ئەو دەمە كە تا ئێستایش كاریگەریی تەواویان بەسەر دنیاوە هەیە بە تایبەت رووسیاو بەریتانیا بەردەوام لەڕێی گەڕیدەو سیخوڕەكانی خۆیانەوە كە بەناوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە ڕوویان كردۆتە ناوچەكەو خاكی كوردستانیان بینیوەو تێیدا گەڕاون دەوڵەمەندیو بەپیتی خاكەكەیان لە ڕووی كانزاو سامانە سروشتییەكانەوە بۆ دەركەوتووە، بەڵام هاوكات دواكەوتوویيو نەخوێندەواریی ئەم كۆمەڵگەیەشیان بۆ دەركەوتووە، هەر لەوێوە ئەوان حسابی خۆیان لەسەر كوردستانو خاكەكەی كردووەو خەڵكەكەیشی كەیفی خۆیەتی. ئەو ڕۆژهەڵاتناسو گەڕیدەو دواتر سیخوڕانە بیروڕای خۆیان لەدووتوێی چەندین ڕاپۆرتدا داوەتە حكومەتەكەی خۆیانو ئیتر حكومەتەكانیشیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانە مامەڵەی سیاسییان لەگەڵ كورد كردووە. ڕەنگە ناسراوترینی ئەو ڕاپۆرتنووسو بەناو گەڕیدەو سیخوڕانە هەردوو ڕاپۆرتی (مستەر ریچ)ی بەریتانیاییو (مینۆرسكی) ڕوس بن. بەتایبەت (مینۆرسكی) كارگەلێكی زۆری لەسەر كوردو ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسیی كورد كردووە.

بەدرێژایی ماوەی شەڕی یەكەمی جیهانیو ساڵانی دواتریش لەتەواوی كوردستانی گەورەدا چەند سەرهەڵدانو شۆڕش بۆ دەستخستنی مافی كوردو

دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیو سەربەخۆ بۆ کورد بەرپابووە، بەڵام هیچیان ئاکامێکیان نەبووەو دواتر بە کۆتایی هاتنی گیانی شۆڕشگێڕەکانی کۆتاییان هاتووە. لەلایەن ڕێبەرایەتی سێ گەورەترین سەرهەڵدانیشیانەوە واتا ئەوەی (شێخ مەحمود)ی نەمر لەباشووری کوردستانو هەم ئەوەی (سمکۆی شکاك) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەم ئەوەی (شێخ سەعیدی پیران) لە باکووری کوردستان هەوڵی پەیوەندی دروستکرن لەگەڵ ئەو براوەو زلهێزانەی جەنگی یەکەمی جیهان دراوە بە تایبەت لەگەڵ رووسیای کۆمۆنیستی کەمانیفێستی رزگاری گەلانی چەوساوەو ژێردەستەی بەگوێی دنیادا دابوو. بەڵام هیچ کام لەو زلهێزانە کوردیان نەخوێندۆتەوەو نەیانویستووە کارێکی بۆ بکەن ئەمەش دیارە بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە کە دیارترینیان نەبوونی فشار بووە لە لایەن کوردەوە، سەرباری ئەوەش کورد دیپلۆماتکاری کارامەی نەبووە لەو دەمەداو لەهەمووشی گرنگتر بەرژەوەندی ئەو زلهێزانە کەمتر لەگەڵ کورددا هاتۆتەوەو زیاتر لەگەڵ داگیرکەرانی خاکی کورددا هاتۆتەوە. هەر چەند بەپێی بەڵگە نامەکانی ئەم کتێبە واتا(کورد لە ئەرشیفی رووسیاو سۆڤێت)دا کە دوکتۆر (ئەفراسیاو هەورامی) لە ئەرشیفی رووسیا کۆی کردوونەتەوەو کردونی بە کوردی ئاماژە بەوە دراوە لە لایەن رووسەکانەوە کە داهاتووی رووسیا لەگەڵ کورد دەبێت نەك لەگەڵ تورك، بەڵام وەك بینیمان کۆتاییەکان ئەو پێشبینییەی ئەوانیان نەهێنایە دیو ئێمەی کورد بەدەست بەتاڵی گەڕاینەوە. ئەوەی لەم بەڵگەنامانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد کە تەواویان لە بنەماڵە ئایینییە ناودارەکانی کوردستان بوون بە هەموو هەستو نەستی ئایینیی خۆیانەوە ویستوویانە لەگەڵ رووسیادا رێککەونو شتێك بۆ کورد بکەن. لە هەردوو سەردەمی قەراڵەکانو کۆمۆنیستەکانیشدا واتا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو چارەکی یەکەمی سەدەی بیستیشدا. ئەم بۆچوونە رەنگە لای ئێمەی کورد جێگەی بڕوا نەبێت چونکە ئێمە واتێگەیشتووین کە سووچی سەرکردەکانمانە بەوەی هەستی ئایینیان پێش هەستی نەتەوەیی خستووەو دەستیان نەخستۆتە ناو دەستی ئەو وڵاتە نائیسلامییانە و هەر موریدی سوڵتانی عوسمانیی خەلیفەی ئیسلام بوون کەلەخوێن زیاتر دیارییەکیان بۆ کورد پێنەبووە.

لەم کتێبەدا ئەو نامەیەی (شێخ مەحمود)ی نەمر خراوەتە روو کە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستدا بۆ (ڤلادمێر لینین)ی سەرۆکی شورەوی ناردووەو تێیدا داوای کردووە کە کۆمەکی کورد بکەنو لەژێر

سایەی خۆیاندا کورد پەنابدەنو وەك چۆن پرۆلیتاریا مژدەی بەتەواوی نەتەوە چەوساوەکاندا لە زۆرداری قوتارییان کات بە هانای کوردیشەوە بێنو لە زوڵمو زۆری تورکو فارس رزگاریان بکەن. ئێمە تا ئێستایش پێمان وایە شێخی نەمر لە روانگەیەکی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکان چووە بۆیە کورد هیچی بۆ نەکراوەو هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە شێخی نەمر لەکاتی تەوقەکردن لەگەڵ حاکمی ئینگلیز لەسلێمانی خاولی لەدەستی پێچاوە بەخاتر ئەوەی گڵاو نەبێت. چونکە لە روانگەی ئیسلامەوە ئەوەی ئیسلام نەبێت گڵاوەو شێخیش ئینگلیزی بەگڵاو زانیوە. چەندین نامەی سەرکردەکانی ئەوودەمی کوردیش لێرەدا هەن کە ویستویانە لەرێگەی رووسەکانەوە کورد بگەیەننە ئامانجەکانی، تەنانەت (کامیل بەگ) وەك یەکێك لەبنەماڵەی بەدرخانەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بەردەوام لەهەوڵدا بووە بۆ ئەوەی قەناعەت بەرووسەکان بکات کورد بکەنە خاوەنی دەوڵەتێك، تا دواجار وای لێدێ لەدەستی رووسەکان هەڵدێتو دەچێتە وڵاتێکی تری ئەوروپا. گەر بەوردی لەم بەڵگەنامانە بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوە نەزانی سەرکردەکانی خۆمان و زانایی دوژمنەکانمان نەبوو کە ئێمەی بێ پشت و پەنا و دەوڵەت هێشتەوە لە سەدەی بیستدا، بە تایبەت لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەڵکو ئەوە گۆڕانی خێرای هاوکێشە نێو دەوڵەتییەکان بوو کە کوردییان بەو دەردە بردووە. گەر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە خەلافەتی عوسمانیو شای قاجارەکان وەك پێشترو کاتی جەنگەکە دەسەڵاتییان بەدەستەوە بمایە پێدەچوو کورد شتێکی بەرکەوێت بەخاتری ئەوەی کارتێکی گوشار بێت بۆ سەر هەردوو دەوڵەتی مەزهەبی ناوچەکە. بەڵام خێرا رووخانی هەردوو دەسەڵاتەکە لەماوەی پێنجساڵدا واتا لە ساڵی ١٩٢٠-١٩٢٥ جارێکیتر زلهێزەکانی دنیای ناچارکرد هاوکێشەکان بگۆڕنو سیاسەتێکی نوێ لە ناوچەکە پەیڕەو بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا یەك بگرێتەوە. لەوێشدا بووە کێبڕکێ کە ئایا کام زلهێزی دنیا بتوانێ خۆی لە کۆماری تورکیای عەلمانی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) و حکوومەتە شانشینە تازەکەی (رەزاخانی پەهلەوی) نزیك کاتەوەو زۆرترین بەشە نەوتی بەرکەوێت کەتازە بۆنی گەیشتبووە بەرلوتی ئەو دەوڵەتە بڕیار بەدەستانە. ئیتر لەو ناوەشدا کورد وەك پۆڕی خوراو جێماو هیچی بەرنەکەوتو بەدەستی بەتاڵ هاتەوە.

### سەرنج

ئەم بەڵگەنامانە یەك راستیمان بۆ دەسەلمێنن، ئەویش ئەوەیە کەکورد لەنیوەی

دووەمی سەدەی نۆزدەوە واتا لەسەر دەمی بەدرخانییەکانەوە لەهەولّی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدابووە جا بە هەر نرخێك و بەپشتگیری هەر دەولّەتێك بوویێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەلّێت کە هەستی ئایینی لای ئەو سەرکردانەی کورد هەمیشە لەدوای هەستی نەتەوەییەوە بووە کەئێمە بەپێچەوانەوە لەمە تێگەیشتووین و پێمان وابووە بۆیە هیچمان بۆ نەکراوە چونکە سەرکردەکانمان ئایینیان پێش نەتەوە و نیشتمان خستووە، بەلاّم ئەم بەلّگەنامانە ئەو تێگەیشتنە هەلّەیەی ئێمە هەلّدەوشێننەوە. جێگەی سەرنجە ئەم بەلّگەنامانە دەبنە سەرچاوەیەکی زۆر زانستی و دەولّەمەند بۆ هەر لێکۆلّەرەوەیەك کە بیەوێ مێژووی پەیوەندیی کورد و رووس بنووسێتەوە یاخود بۆ ئامادەکردنی هەر لێکۆلّینەوەیەك لەسەر پەیوەندیی کورد و رووسیا.

## هاو نەتەوەیی قەومی مادو کورد

**نووسەر: حەبیبوڵلای تابانی**

**وەرگێڕ: جەلیل گادانی**

**شوێنی چاپکردن: خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بەدوو بەرگ لەسالّی٢٠٠٦، ٢٠٠٥ چاپکراوە**

ئامانجی نووسەر

نووسەر لەم کتێبەدا کە لێکۆلّینەوەیەکی دوور و درێژە لەسەر مادەکان و ئەو دەولّەتەی لەم ناوچەیەدا و دووهەزار و حەوسەد سالّ ئێش ئەمڕۆ دایانمەزراندووە. دەیەوێ ئەوەمان بۆ ساغ بکاتەوە کە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان هەردوو نەتەوەی کوردی ئێستا و میدییەکانی دوو هەزار حەوسەد و چەند سالّێك پێش ئێستادا هەیە و هەبووە و ئەم پەیوەندییەش لە زۆر لایەندا دەردەکەوێت بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی و شارستانیدا.

ئەوەی لەسەر رەچەلّەکی کوردی نووسیبێت دەبێت گەڕابێتەوە سەر (ماد) ەکان واتا ئەو دەولّەت یا ئیمپراتۆرەی کە لە پێنج سەدی پێش زایینەوە بۆ ماوەی دوو سەد و پەنجا سالّ حوکمی ئەم ناوچەیەی ئێستایان کردووە بە تایبەت تەواوی ئێران و پایتەختەکەیشیان (ئەکباتان) واتا (هەمەدان) ی ئەمڕۆ بووە. تاقە شانازی ئێمەی کوردیش ئەوەیە کە خۆمان بە نەوەی ئەو مادانە دەزانین کە خاوەنی درەوشاوەترین شارستانییەتی ئەو دەم بوون. (هاو

نەتەوەیی قەومی مادو کورد) ئەو کتێبەیە کە دەمانەوێ کەمێك قسەی لەسەر بکەین. نووسەری ئەم کتێبە (حەبیبوڵڵای تابانیی) ە کە خۆی فارسە و گەلێك لێکۆڵینەوەی بە بڕشت و بێلایەنانەی لەسەر کورد و مێژووەکەی هەیە.

### بەشەکانی کتێبەکە

ئەم کتێبە دوو بەرگە. هەردوو بەرگەکە یازدە بەشەو هەر بەشێك بە چڕوپڕی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی دواوە. بەرگی یەکەمی لە پێنج بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمیدا باسێکی دوورو درێژ و چڕوپڕی لەسەر جوگرافیای خاکی کوردستانی گەورە کردووە و بەوردی تەواوی جوگرافیای کوردستانی دیاریکردووە و لەسەر زەویوزار قسەی کردووە و زنجیرە چیا گەورەکانی کوردستانی دەست نیشانکردووە و دواتریش بە گشتی لەسەر دەریاچە و چەم و ئاوە زۆرەکانی کوردستان دواوەو هەرچی دەریاچەیەك لەخاکی کوردستانی گەورەوە هەڵدەقوڵێ دەستنیشانی کردووە و لێیدواوە. لە بەشی دووەمدا لە ریشەی کوردی کۆڵیوەتەوە و بردوێتییەوە سەر لۆلۆ و گۆتی یاکوتییەکان و کاسیەکان و سوباری و نایریو کاردۆخ یاخود کۆردۆئینەکان. بە پێچەوانەی مێژونووسە شۆڤێنییەکانی هەرسێ نەتەوەی سەردەستی کورد کە رەچەڵەکی کورد دەبەنەوە سەر دێوو درنجو خەڵکی کێوی.

بەشی سێیەمی تەرخانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە مانا کلاسیکییەکەی لای کورد، یاخود قەوارەیەکی سیاسی کە کورد خۆی جڵەوی دەسەڵاتەکەی بە دەستەوە بووە. یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە پێش زایینەوە دەوڵەتی (مانا) بووە، دواتر مادەکان دێن و لە پێنج سەدی پێش زایینەوە دەوڵەتی (ماد) دادەمەزرێنن. پاشان باسی دۆخی شارستانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردی کردووە لە سەردەمی مادەکانا کە ئەو کات نووسینیان هەبووەو بایەخی زۆریشیان بە هونەرە جوانەکان داوە. هەر لەم بەشەدا باس لە گەنجینەکانی (زیوە و تەپۆلکەی حەسەن لو دەکات) کە شوێنەواری زۆریان تێدابووە و زۆریان لە ئێستادا لە مۆزەخانەکانی دنیادان بەتایبەت لە مۆزەکانی ئێراندا کە هەندێکیان لە مۆزەیەکی شاری (سنە)ی رۆژهەڵاتی کوردستان پارێزراون و ئاماژەن بۆ زیندوویی و شارستانییەتی خەڵکی کورد و زۆری تریش لەو میراتە مێژووییەی کورد ماوە بدۆزرێتەوە.

2

بەرگی دووەم شەش بەشە و باسێکی دوورو درێژە لە چەند بەشێکدا لەبارەی رۆشنبیری و کلتوور و هونەر و پیشەسازی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەیی و تائیفی لەسەر ئەم خاکەی ئێستا ناوی کوردستانە. نووسەری ئەم کتێبە ئەیەوێ لە دووتوێی ئەم کتێبەوە ئەوە دەرخات کە نەتەوەی کوردیش خاوەنی شارستانی و رۆشنبیری و هونەرە و لەم سەرزەمینەدا شارستانییەتێکی دێرینو رەسەنی هەبووە و ئەوە داگیرکەرانن نەیان هێشتووە و یا بۆ خۆیان دزیوە یا وێرانیان کردووە. دەیەوێ بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنێ کە هۆی نەبوونی دەوڵەتی کورد پەیوەندی بەوەوە نییە کە کورد بێ کلتوورو شارستانییەتە بەڵکو ئەو شتانەی هەیە بەڵام نەتەوە سەردەستەکانی دەوروپشتی لێ نەگەڕاون سەر بەرزکاتەوە و هەمیشە سەرکوتیان کردووە و شارستانییەت و فەرهەنگیان تاڵانکردووە. نووسەر بە وردی لە رۆشنبیری و هونەرو کلتووری کورد دواوە لە سەدەکانی بەراییەوە تا ئەمڕۆو شارەزایانە لەو ئاینو ئاینزایانە دواوە کە لە کوردستاندا و لە لایەن خەڵکی کوردەوە بەزۆربێت یان بە خوایشتی خۆیان پەیڕەو کراوە و تا ئێستایش هەندێکیان لە کوردستان ماون وەك ئێزدی و سابیئەی مەندائیو ئەهلی حەق و ئیتریش. لە یەکێك لە بەشەکاندا باسی مۆزیکی کوردی دەکات بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەچەند دەوڵەمەندبووە و فارسەکان بەزیرەکی خۆیان هەموویان بۆ خۆیان بردووەو لەکوردیان وەرگرتۆتەوە. تەنانەت قسەیەکی (محەمەد رەزا شەجەریان) بەنموونە دەهێنێتەوە کە لە دیدارێکی رادیۆی ئەڵماندا وتوێتی لەتەواوی ئێران تاقە کەسێك کە دەنگی لە من بەرزترو خۆشتربووە کەسێکە بەناوی (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) کە بەداخەوە من نەمبینیوە و ئەو کەسەش کوردبووە.

## سەرنج

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە کورد لەڕووی شارستانییەت و رۆڵی لەمێژوودا زۆر گەورە بووە و بەهێندەی گەورەیی خۆی داگیرکەران هەوڵی بچووککردنەوەیان داوەو نەیانهێشتووە سەر بەرز بکاتەوەو سوود لە گەورەیی خۆی وەرگرێت. ئێمە وەکو کورد نەمانتوانیوە وەك فارسو عەرەبو تورك ریشەی خۆمان بدۆزینەوە و بیکەینە خاڵی وەرچەرخان لەمێژوومان‌دا. عەرەبەکان شانازی بە سەردەمی جاهلی خۆشیانەوە دەکەن، تورکەکان چوار پێنج سەدەی خوێناوی عوسمانییەکان بەمێژووی خۆیان دەزانن و فارسەکانیش لەچەند هەزار ساڵێك پێش ئێستاوە ریشەی خۆیان هێناوەو لەم ناوەدا

هەر کورد ئەوەی نەکردووە و هەر کوردیش لە کاروان جێماوە. ئەوەی ماوە بوترێ وەرگێڕانی ئــەم کتێبــە بــەزمانێکی زۆر بــاش کــراوە و خوێنــەر دەتوانێــت لەســەر خوێندنــەوەی بەردەوام بێت.

# مینۆرسکی دیارترین رۆژهەلاتناس و کوردناس

جەبار سابیر

گەر بەدوای مێژووی کورد و ناسینی کورددا بگەڕێین رەنگە باشترین سەرچاوە بۆ گەرانەکانمان کاری رۆژهەلاتناس و کوردناسەکان بێت، چون هەر ئەوان توانیویانە دوور لە دەمارگیری و لایەنگیری، مێژوویەکی راست و دروستی ئێمە تۆمارکەن و بینووسنەوە. لەناو ئەوانەدا (ڤلادیمێر مینۆرسکی) رۆژهەلاتناس و زانای رووس باشترینیانە و زانستییانەترین کاری لەسەر کورد و دیرۆکەکەی کردووە و یەکێکە لە باشترین کوردناسەکان تائێستایش. (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی) یەکێکە لە کتێبە پڕ بایەخەکانی ئەم زانایە و لەم دواییەدا (دوکتۆر نەجاتی عەبدوللا) لە زمانی فەرەنسییەوە کردوویەتیە کوردی و (مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) چاپیکردووە. ئامانجی وەرگێر وەرگێر لەپێشەکییەکەیدا بۆ ئەم کتێبە ئەوە رووندەکاتەوە کە هاندەر بۆ وەرگێرانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە (ڤلادیمێر مینۆرسکی) دیارترین رۆژهەلاتناس و ئێرانیناس و کوردناسە و زانستیترین کاری لەسەر بنەچەی کورد و دیرۆکی کورد کردووە، بە تایبەت لەسەر شار و شارۆچکە کوردییەکان و ئاین و ئاینزا لەم ولاتەی ئێمەدا و کارەکانیشی زۆر بێلایەنانە کردووە و دەکرێ متمانەپێکراوترین سەرچاوەبن لەسەر مێژووی کورد. لێرەدا دەکرێ هەندێك قسە لەسەر ئەم کتێبە بکەین. کتێبەکە لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشەکانی کتێبەکەبەشی یەکەم بەشی یەکەمیان وتاری (بنچینەکانی کوردە) کە لە بیستەمین کۆنگرەی نێودەولەتی رۆژهەلاتناسان لە ٥-١٠/ ئەیلول/ ١٩٣٨ لەبرۆکسلی پایتەختی بەلجیکا سازکراوە و لەوێدا مینۆرسکی ئەم وتارەی خوێندۆتەوە. لەم وتارەدا مینۆرسکی باسێکی چڕو پڕو تێرو تەسەلی لەسەر بنەچەی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە نووسیوە تادەرکەوتنی تورك و عەرەب لەناوچەکەدا. ئەوپێی وایە و بە بەلگەشەوە ساغی کردۆتەوە کەکوردەکان نەوەی (کاردۆخی)ەکانن کە(هیرۆدۆت) لەمێژووەکەیدا باسیکردوون و (گەزنەفۆن)یش لەگەشتەکەیدا تووشیان هاتووە. ئەمەش بەدرۆ خستنەوەیەکی تەواوە لەبەرامبەر ئەو مێژووەی عەرەبەکان بۆ ئێمەیان

نووسيوەتەوەو دەمانبەنەوە سەر دێــوو درنــجو پاشماوەی شێخو عەشرەتە کۆنــەکانی خۆیــان. مینۆرسـکی دەنووسـێت (بــۆ ماوەیــەکی زۆر دوورو درێژ تیۆری باو لەبارەی بنچینەی کورد تیۆرییـــــەکی زۆر ســــــادەو ســــــاکاربوو. لەرۆژهــەڵاتی رووبــاری کەنترینــە گەزنــەفۆن چاوی بەکاردۆخییە بەنێوبانگــەکان دەکــەوێ، ئەم رووبارە هەمان ناوچــەی بۆهتــانی(بۆتــان) Bothanی ئەمرۆ دەگرێتــەوە کەزەوییــەکانی دەوروبــەری کوردەکــانی تێــدادەژین، کەوایــە کوردەکــــان نــــەوەی کاردۆخییــــەکانن. Karoovxoiپرسەکە بەم ئاسانییە چارەســەر ناکرێ. لەوشەی کــاردۆخی(هــەروەك لەوشــەی تــاوخوا Taoxoi)  دا دوا برگــەی یۆنــانی وشەکە بەئامرازی کــۆی ئەرمــەنی(خــی =X) کۆتــایی هــاتووەو وشــەکە لەوکاتــەوە بــڵاو بۆتــەوە کەسـوپا دە هەزارییەکــەی گەزنــەفۆن ناوەکــــەیان لـــــەزاری چــــەند وەرگێرێکــــی ئەرمەنییــەوە بیـستووە.) دواتــر بەبەڵگــەوە دەیسەلمێنێ کە میدییــەکان بــاپیرەی کــوردنو لــــەوێوە کــــورد تــــەواو کۆبۆتــــەوە و وەك نەتەوەیــەك لەناوچــەکەدا دەرکــەوتووە. ئــەم وتــارەی مینۆرسـکی بــۆ ئــەو رۆژگــارە و بــۆ ئێـستایش ئازایەتییــەکی زۆری پێــوە دیــارە، چون هەمیشە داگیرکــەرانی خــاکی کــورد لای ئــەوروپایی و خۆرئاواییــەکان کوردیــان وەك نەتەوەیـــــەکی زۆر ناشارســــــتانیو کێــــوی وەسفکردووە و وایان تێگەیانــدوون کــە کــورد شــایانی هــیچ بایــەخ پێــدان و بەتەنگــەوە چوونێك نییە، چون خۆیان بەو ژیانە دوور لــە شارسـتانییە راهــاتوون. بەشــی دووەم بەشــی دووەمــی ئــەم کتێبــە چــەند کورتــە بــاس و وتارێکــە لەســـەر ژمارەیـــەکی زۆر شــــارو شارۆچــکە و ناوچــەی کوردســتان، بەتایبــەت هەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵات کە ئێـستا و وەك بەرئەنجامێکی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشــانەوەی ئێمپراتۆرییــەتی عوسمــانی بــەر ئێــرانو عێــراق کــەوتوون. لــەم بەشــەدا بەتایبەت باسی هەردوو شــاری ســەرەکی ئــەو دوو پارچــەیەی کوردســتان (ســنەو سلێمانی) کـــراوە. لـــەدەورانی هـــەردوو دەســـەڵاتی عوسمانییەکان لە تورکیا و ســەفەوی و دواتــر قاجارەکــان لــە ئێرانــدا. مینۆرسـکی ســەرەتا لەناوی هەردوو شارەوە پێیدا هاتووە و دواتــر باســی ئــایین و داب ونــەریت و دانیــشتوانی شارەکەیش دەکات و سەرژمێرێکی وردی ئەو کاتەی دانیشتوانی هەردوو شاری نووسیوە کە ئــەوکات چــەند کــورد و چــەند جــوو چــەند ئەرمەنیو ئاسووری لێبــووە و دواتــر لــەرووی دیانــەت و ئاینزاشــەوە ئــەو ئامــارەی داوە بەدەستەوە. لەباسکردنی شــارو شارۆچکە و ناوچــەکانی تــری کوردســتاندا ئــەم زانایــە ئەوەندە وردو بەبایەخ کاری کردووە و ئەوەندە زانیاریی نوێ و وردی داوە بەدەسـتەوە مـرۆڤ تووشی سەرسـوڕمان دەکــاتو وای لێــدەکات لەخۆی بپرسێت کەئێمەی کورد ئاوهــا بــووین

2

بۆچـی نەبووینەتـە هـیچ.؟ ڕۆڵـی کـورد وەك نەتەوەیەك لـەم ناوچـەیەدا بەدرێـژایی مێـژوو لـەڕۆڵی تـورك و عـەرەب و فـارس کـەمتر نەبووە کەچی ئەوان بوونەتە شت و سـەرداری ئێمەیش و ئێمـەیش تـا ئێستا وەك وشـترمر (نعامـە) سـەرمان لـەزەوی چـەقاندووە و ئاگامان لە ئاسمان براوە و پێمـان وایـە کـەس نامـان بـینی. جگـە لەمــەش جوگرافیـا و مێـژووی ئـەو دووشـارە و زۆر شارۆچـکە و ناوچـەی تـری ئـەو دوو بەشـەی کوردسـتانی خـستۆتە ڕوو کـە بەڕاسـتی جێگـەی لـێ وردبوونـەوە و بایەخـە بـۆ ئێمـەیش کـە زۆر زانیـاریی وردی تێدایـە تائێـستایش ئێمـەی کورد بێئاگاین لێی. هەر لـەم بەشـەدا باسـی ئەو ئایینو ئاینزایانە کـراوە کـە لەکوردسـتان لەلایەن خەڵکی کوردو ناکوردەوە پەیڕەوکراون بەتایبـەت لەسـەر ئـایینی (ئـەهلی هـەق) وتـاریکی زۆر سەرنجڕاکێـشی نووسـیوە کـەدەهێنێ لێکۆڵینـەوەی زیـاتری لەلایـەن خۆمانەوە لەسەر بکرێ. وتارێکی تری لەسەر (شەبەك) نووسیوە وەك تائیفەیـەکی ئـایینی کوردی لـە ناوچـەی شـاری نەینـەوا و بـەپێی هەنـدێك سەرچـاوە کەمینۆرسـکی سـوودی لێوەرگرتووە ئەودەمـە شـەبەکەکان ژمارەیـان گەیـشتۆتە (دە هـەزار) کـەس و لەلایـەن موسـوڵمانە توندڕەوەکانیـشەوە بـە تایبـەت عەرەبـەکانی عێـراق بـە(شـەل)و خیانـەتکار ناویـان بـراوە. دواتـر دوو وتـاری نووسـیوە لەسەر کتێبی قوتابخانە بە کوردی و یەکەمین تێکـست بـە کـوردی. مینۆرسـکی ئـەوە باسـدەکات کـە دوای لکانـدنی باشـووری کوردستان کە ئەو کات ناوی ویلایەتی موسڵ بـووە بـە عێراقـەوە و بـەهۆی بڕیارەکـانی کۆمەڵـەی گەلانـەوە کـورد لـەم پارچـەیەدا توانییان سوود لـەو بڕیـارە وەرگـرن و کتـێبی قوتابخانـەکان بکەنـە کـوردی و بـە زمـانی خۆیان بخوێنن، بەڵام گرفتی ئەم کتێبانە ئەوە بووە کە لـە بەغـداد چاپکراون و کوردسـتان چـاپخانەی تێـدا نـەبووە و بـەو هۆیەشـەوە زۆرتـرین هەڵـەی چاپییان تێدایـە. هـەر لـەم وتـارەدا باسـی ئـەو کتێبانـەی کـردووە کـە یەکـەمین جـار خوێنـدراون و زۆرینـەیان لـە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراون و لە بنەڕەتـدا بۆ قوتابی عەرەب ئامادەکراون و نووسراون و دواتـر باسـی ئامادەکـاران و وەرگێـڕی ئـەو کتێبانە دەکات کە زۆرینـەیان لـە ڕۆشـنبیر و خوێندەوارانی ئـەودەمی سلێمانی بـوون. لـە وتاری یەکەمین تێکستی کـوردی بـاس لـەوە دەکـات کـە یەکـەمین تێکـست بـە زمـانی کوردی دەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی دەسـەڵاتی میدییەکان و لە لایەن پرۆفیسۆر (شـانادزی) لەسـەری نووسـراوە و سـاغکراوەتەوە و تێـستەکەیش دەسـتپێکی نوێژێکـە بـەزمانی میـدی نووسـراوە و وەك پێـشتر وتمـان میدییـەکانیش بـاپیرانی ئێمـەی کـوردن، ئەمەش دەستنووسەکەیە:( پاکژ خودێ، پاکژ

زەخـم، پاکـژ ڤێمـەرگ، کوهـاتی خاچـێ عەسکەرمە، رەحمەتێ مە) کەدیارە ئەمە بـە تیپـی لاتـینی نوسـراوە و وەرگێـڕی کـوردی هێناویەتییە سەر تیپە عەرەبییەکە. ئامـانجی نووسـەرئامانجی مینۆرسـکی وەك رۆژهـەڵاتناس و نووسـەرێك لـەم کتێبـەدا ئەوەیـە کـە هـەموو دنیـا بزانـێ کـورد نەتەوەیەکـە لەسـەر لاپـەڕەکانی مێـژوو بەدرێـژایی سـەردەم و قۆناغـەکان هـەبووە و بـوونی خـۆی پاراسـتووە و نەتەوەیـەکی رەسەنیشە و ئەوە داگیرکەرانی خـاکی کـوردن کە ژیانی پێ ڕەوانابینن و بوونی بە نارەسـەن دەدەنـە قەڵـەم و دەیانـەوێ مێژوویـەکی درۆینـەی بـەدڵی خۆیـان کـە لـە ئاسـت داگیرکارییەکانیانـدا بێـت بـۆ دابتاشـن. ئـەم زانایە بە بەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنێ کـە پـێش هـەموو نەتـەوەکانی ناوچـەکە بـە تایبـەت تورك‌و عەرەب کورد لەسەر ئەم خاکە هەبووە و لـە هـەموو سـەردەمەکاندا زوڵـم لـە کـورد کراوە بە تایبەت لـە سـەردەمی تـازە و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە دەبـوو کـوردیش بە دەوڵەتێکی سەربەخۆوە لەو جەنگـە بیـێتە دەرەوە. ئەم زانایە بە درێژایی هەردوو جەنگە گەورەکـەی جیهـان و دواتـریش بـەردەوام سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوەی بـە پێزبـووە لەسـەر کـورد و سـاغکردنەوەی رەگ و ریـشەکانی. مینۆرسکی پەرۆشی ئەوە بووە کـە کـوردیش وەك نەتـەوەکانی ناوچـەکە وەك بەرئـەنجامی ئـەو دوو جەنگـە شـتێکی بەرکـەوێت و بـە دەسـت بـەتاڵی نەگەڕێتـەوە. سـەرنج خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەر لە هەر کـەس بـۆ ئێمەی کورد پێویستییەکی هەنووکەییە، چون باشتر لە ڕەگ و ریـشەی خۆمـان ئاگادارمـان دەکاتـەوە و بەڵگـەمان دەداتـێ بـۆ ئـەوەی بتـوانین لەسـەر پێـی خۆمـان بوەسـتین. ئـەو مێـژووەی ئێمـە تـا ئێـستا زانیومانـە و خوێندومانەتـەوە زۆرینـەی سـاختە و دروستکراوبووە و خەڵکانی لایەنگیری نەتەوە سەردەسـتەکانی کـورد و مێژوونووسـانی عـەرەب و فـارس و تـورك بۆیـان نووسـیوینەتەوە و بـە ئـارەزووی خۆیـان دەستیان تێـوەرداوە و کوردییـان بـە تـورکی کێوی و ئێرانی و نـەوەی دێـو و درنـج نـادێر کـردووە، کـە لـە ڕاسـتیدا وانییـە. ئـەوەشمان پێـدەڵێت کـە سـەردەمانێك ئێمـە لـە خـەوی غەفڵەتـدابووین و نەمانـدەزانی چـۆن ڕووداوەکـانی دنیـا بخوێنینـەوە و بـە سـوودی خۆمان بیشکێنینەوە. ئەم زانایە بـە خـۆی و دۆسـێکانییەوە وڵات بـە وڵات و کـۆنگرە بـە کۆنگرە دەگەڕاو بە دەنگی بـەرز بـە وڵاتـانی خـاوەن بڕیـاری دەوت ئەمـە کـوردە کـە مـن پیـشانتانی دەدەم.! نـەك ئـەوەی کـە وڵاتـە داگیرکـەرەکانی خـاکی کـورد پیـشانی ئێوەیانداوە.

# ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی

**نووسەر: نادر ئینتیسار**
**وەرگێڕ: عەتا قەرەداغی**
**شوێنی چاپ: خانەی وەرگێڕانی سەربە وەزارەتی رۆشنبیری**
**ساڵی چاپ: ٢٠٠٤**

ئامانجی نووسەر

نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێ دەستنیشانی سەرەتاکانی رسکانی هەستی نەتەوەی کورد بکات لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا. ئەو دەنووسێ: مەبەستی ئەم کتێبە شیکردنەوەی پێوانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی یەکگرتنی کوردە بۆ رارەوی سەرەکی ژیانی سیۆسیۆسیاسی لەئێرانو عێراقو تورکیا. تێزی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کەخەباتی ئیتیکی گەورەترین لەڕوودا وەستان بەرامبەر بەسیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم سەردەمە پێکدێنێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## بەشەکانی کتیبەکە

ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکدێت کە هەموویان دەچنە خزمەتی یەك ئامانجەوە ئەوەیش دیاریکردنی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردییە لە تەواوی کوردستاندا. بەشی یەکەم باسێکە بەناوی (نەتەوایەتیی کورد) نووسەر لە دوای جەنگی ساردەوە لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی کورد کردووە. بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کورد لە رۆژهەڵاتدا واتا بن دەستی ئێران کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە فەرمی پێوەی لکێنراوە. بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەیە لەسەر باشووری کوردستان و بارودۆخی کورد بە دەست رژێمەکانی عێراقەوە کە نووسەر زیاتر لەسەر بەعس قسەی کردووە. بەشی چوارەم باسێکە لەسەر باکووری کوردستان ئەو بەشەی خاك و خەڵکی کورد کە لەژێر دەستی تورکیادایە. لە بەشی پێنجەمدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕی لەسەر بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد کردووە لەوێدا ئەوە باس دەکات کە خەباتی نەتەوەیی کورد وەك جاران لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس ناکرێت و ئێستا سنوورە هەرێمایەتیو نێوە دەوڵەتییەکانی بەزاندووە

و بۆتە کێشەیەکی فراوان لەسەر ئاستی دنیا. لەبەشی شەشەمیشدا کە بەشی کۆتاییە نووسەر باس لە ئاسۆکانی پرسی کورد دەکات بەتایبەت لە سەدەی بیست و یەکدا کە دەکرێ کورد لەجاران باشتر بێتەوە مەیدان بۆ رزگاربوون لەژێر دەستەیی.

گەورەترین گرفتو ئاستەنگی بەردەم دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی کوردی هەر لەدێرەوە تا ئەمڕۆ نەبوونو نەڕسکانی هەستی نەتەوەییە لەناو کورددا، بەکۆتایی هاتنی تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاستو دەرکەوتنی رێنیسانس وەك قۆناغێکی رووناکی ژیانی بەشەرییەت لەئەوروپادا ئیتر نەتەوەکانی رۆژهەلاتیش لەژێرکاریگەری و بەلاساییکردنەوەی نەتەوەکانی ئەوروپا کەوتنە دامەزراندنی ئیمپراتۆرو شانشینی خۆیانو هەولّی کۆنترۆلکردنی نەتەوەکانی تریانداو خۆیان دەبوونە سەرداری خۆیانو خەلّکی تریش. عەرەبەکان بەهۆی سەرهەلّدانی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەیان چەندین سەدە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچووك و ناوەڕاست و بەشێکی ئەوروپایشیان بەڕێوەبرد و دواتر لەگەلّ سەرهەلّدانی رێنیسانس لە ئەوروپا دەسەلاتی عەرەبیش لەتەواوی دنیادا کۆتایی دێت و ئیتر لەم ناوچەیەی ئێمە واتا ئەو شوێنانەی پێشتر عەرەب حوکمی هەمووی دەکردن، ئیمپراتۆری گەورە سەری هەلّدا، لەسالّی ١٤٥١دا (محەمەد فاتح) بەردی بناغەی ئیمپراتۆرییەتی خەلافەتی عوسمانی دانا و لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەشدا (اسماعیلی کوڕی جونێدی سەفەوی)ی فارس بەردی بناغەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، لەسەر دارو پەردووی شانشینەکانی پێشووی فارس دانا، بەلاّم بەبەرگێکی ئایینی شیعە مەزهەبەوە. عوسمانییەکان سوننە بوونو فارسەکانیش شیعە مەزهەب. فارسەکان واتا سەفەوییەکان دەسەلاتەکەیان دەستاودەستی کرد لە نێوان بنەمالّەکاندا، بەلاّم عوسمانییەکان تا کاتی روخانی یەکجارییان واتا سالّی١٩٢٣ هەر وەك خۆیان مانەوە و یەك بنەمالّە جلّەوی حوکمی بەدەستەوەبوو. بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە واتا لەسالّی١٤٥١- ١٩٢٣ کوردو نیشتمانەکەی لەنێوان ئەو دوو زلهێزەی ناوچەکەدا دەستا و دەستیان پێکراوە و بەتوندترین چەکی سەردەمەکە لێیدراوە، کەچی کورد هەر نەیتوانیوە هەستی نەتەوەیی بخاتە سەرو هەستی عەشرەتگەری و ناوچەگەری و بنەمالّە گەرییەوە.

(ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی) کتێبێکی قەوارە گەورەی نووسەری فارس (نادر ئینتیسار)ە ئەم کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە و تەواوی سەرچاوەکانیشی ئینگلیزین، زیاتر لە شێوەی لێکۆلّینەوەدایە و تایبەتە بەسەرهەلّدانی بیر یاهەستی نەتەوەیی لەناو کوردو شۆڕشەکانیدا. سەرەتا

2

و، بەر لەهەرشت دەکرێ بڵێین بەپێزیی ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەرەکەی کورد نییەو فارسە. ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەداتە خوێنەر تا لەوە تێبگات کە نووسەری کتێبەکە پێویستی بەلایەنگیری هیچ سەرکردەو شۆڕشێکی کورد نەبووەو دوورو نزیك نەشیناسیون تا بە قازانجی ئەو سەرکردەیەو شۆڕشەکەی بنووسێت. یەکێك لەخەسڵەتە باشەکانی لێکۆڵینەوەی مێژووییش نەبوونی لایەنگرییە بۆ هەر کەس و لایەنێك. هەمیشە ئەو مێژووەی خەڵکانی بەشداری شۆڕش‌و رووداوەکان دەینووسن کاڵ‌و کرچی‌و بێسەروبەری‌و لایەنگیریی پێوەدیارە و ئەوەندەی بۆیان بکرێت بەقازانجی خۆیان دەینووسن. نووسەری ئەم کتێبە بەچڕوپڕی و زۆر وریایانە تەواوی سەدەی بیستی روپێوکردووە، ئەو سەدەیەی گەورەترین شۆڕش‌و راپەڕینەکانی کوردی تێدا رووداو کوردیش بەدەست بەتاڵی لێی هاتە دەرەوە. نووسەر لەسەر سێ پارچەی کوردستان تورکیاو ئێرانو عێراق واتا ئەو بەشە خاکانەی کوردستان کەبەر ئەو وڵاتە داگیرکەرانە کەوتوون لێکۆڵینەوەی کردووە، تەواوی وێستگە گرنگە مێژووییەکانی کوردی بەسەر کردۆتەوە و ئەوەندەی بۆشی کرابێت رەخنەی لە شۆڕشەکان گرتووە و هۆی شکستی دەرخستوون.

نووسەر بە وردی باسی لەوە کردووە هەر سێ وڵاتی تورکیا ئێران عێراق لە تەواوی قۆناغە جیاوازەکانی سەدەی بیستدا بەهەموو شێوەیەك کوردیان سەرکوتکردووە و تەنانەت لە تورکیا بە کورد دەڵێن (تورکی چیایی) و لێناگەڕێن زمانی دایك بەکاربهێنن، لە کاتێکدا لە هەردوو وڵاتی ئێرانو عێراق بەپێی دەستووری وڵاتەکانیان کورد وەك کەمەنەتەوە ناوی هاتووەو لەعێراقیشدا بە زمانی رەسمی خۆیان دەخوێننو دەنووسن. کەچی لە تورکیا ئەو مافە نەدراوە بە کورد و نکۆڵی لە بوونیشی کراوە، هەر بۆیە شۆڕشی کوردیش لەو بەشەی کوردستاندا زۆر توندوتیژتر لە بەشەکانی تر هەڵیکردووە و گەورەترین داواکاریشی هەیە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە و لەڕوانگەی نووسەریشەوە ئەو داوایە زۆر گەورە و مەترسیدارە بۆ ئەو وڵاتانە و بە توندی دژی دەوەستنەوە. هەر لێرەدا خاڵێکی ورد سەرنجی دراوەتێ ئەویش هاوکاری و کۆمەکی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردە لە کاتی پێویستدا و بۆ سەرکوتکردنی کورد و شۆڕشەکانی. ئەو وڵاتانە چەندە دوژمنی سەرسەختی یەکترین کەچی هەر کاتێك پێویست بوو دەست دەخەنە ناودەستی یەکترییەوە. هەموو ئەو رێککەوتنە مێژووییانە لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو کە ئەم وڵاتانە پێشتریش لە سەردەمی هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی

ئیمزایـــانکردووە دژی شۆڕشـــەکانی کـــورد. بـــەناوبانگترین ڕێککەوتننامـــەی وڵاتـــە داگیرکـــەرەکانی کـــوردیش ڕێککەوتننامـــەی جەزائیری مانگی ئایاری ساڵی١٩٧٥، دژی شۆڕشـی کـورد کـە هـەردوو وڵاتـی ئێـران و عێـــراق لەســـەری ڕێککـــەوتن و شۆڕشـــی کوردیان لەبەین بـرد. سـەرباری ئـەوەش ئـەم وڵاتانـــە هەمیـــشە ڕێککەوتننامەیـــەکی ســـتراتیژییان هەیـــە بـــەوەی لـــە کـــاتی سـەرهەڵدانی بـەهێزی کوردانـدا بـە قـووڵایی بیست کیلۆمەتر لە هەندێك کاتدا زیـاتریش، بـــچنە خـــاکی یـــەکترەوە بـــۆ ڕاوەدوونـــانی شۆڕشـــگێڕە کوردەکـان. دوای ئـــەوەی باســـی شۆڕش و سـەرهەڵدان و بـارودۆخی کـورد لـە هەر سـێ پارچـەی کوردسـتان واتـا تورکیـا و ســـوریا و ئێـــران دەکـــات و بـــە وردی شیکردنەوەی خۆی لەسـەریان نووسـیوە و زۆر بێلایەنانە قسەی کردووە، لەکۆتاییدا بـە دوو بەشـی چـڕوپڕ باسـی سـیاقە نێودەوڵـەتی و هەرێمایەتییـەکانی پرسـی کـوردی کـردووە و لەوێـشدا بـەوردی ڕسـكانی ناسـیۆنالیزمی کوردی شیکردۆتەوە کە ئـیتر نـاکرێ لەلایـەن دەوڵـــەتانی داگیرکـــەر و بڕیـــار بەدەســـتانی جیهانەوە پشتگوێ خرێ. دواتـر لـەژێر نـاوی کوردسـتان بـەرەو کـوێ باسـی دروشمـی مـافی بڕیاردانی چارەنووس دەکات کەبۆتـە دروشمـی ســەرەکی بزووتنـــەوەی کـــورد و لەدنیاشـــدا ڕەواجی هەیە و دەکـرێ لـە سـایەی نەخشەی نـوێی جیهـان لەسـەدەی بیسـتو یەکـدا و بەهاوکاری وڵاتـانی ئـەوروپا ئـەو دروشمـە بـۆ کورد بکرێـتە واقـع و کـورد ببێـتە خـاوەنی کیـانی سیاسـی خـۆیو لـە تـیری زۆرداری داگیرکەرانی ڕزگاری بێت.

### سەرنج

ئەم کتێبـە لەسـەردەمی تـازەدا یەکێکـە لـــەو کتێبـــە زانـــستییانەی لەســـەر کـــورد نووســـراوە، خەســـڵەتی باشـــی ئـــەم کتێبـــە لەوەدایە کە نووسەرەکەی سەر بە نەتەوەیەکە کە دەسەڵاتدارەکانی خاكو خـەڵکی کوردیـان ژێـــر دەســـتە کـــردووە و، نووســـەریش زۆر بێلایەنانـــە قـــسەی خـــۆی کـــردووە و بۆچوونەکانیـــشی جێگـــەی ســـەرنجو پـــشت پێبەستنن، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە لـە ڕۆژگارێکـدا دەژیـــن کـــەم کـــەس بـــەرگریمان لێـدەکات، بـە تایبـەت لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی نەتـەوە سەردەسـتەکانەوە کـە نووسـەری ئـەم کتێبە یەکێکە لەوان.

# داستانی مەمێ ئالان

**ئامادەکردن و وەرگێڕان و پێشەکی : ڕۆژێ لیسکۆ**
**پێشەکی : کەندال نەزان . زنجیرەی کتێبی گزنگی گەلان**
**گالیمار .١٩٩٩**

MaméAlan, Épopée kurd.
Texte établi , Traduit Du Kurde et Présenté Par Roger Lescot.
Préface de Kendal Nezan . Nrf , L´auble des Peuples . Gallimar. 1999.

ئەم کتێبە بریتییە لە تێکستی فۆلکلۆری داستانی یان بەیتی مەمێ ئالان ، کە لە لایەن کوردناس ڕۆژێ لیسکۆ ئامادەکراوە و پێشەکیی بۆ نووسراوە، دوای خۆی وەك دەستنووس لە لایەن خێزانەکەی پارێزراوە، پاشان بۆ جاری یەکەم ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن دەزگای ناسراوی گالیماری فەرەنسەیی چاپکراوە.

کتێبەکە بریتییە لە تێکستێکی ئامادەکراو لە بەر ڕۆشنایی چەندان تێکستی دیکەی فۆلکلۆری کە (لیسکۆ) لە چلەکانی سەدەی رابردوو لە (سوریا) ئامادەی کردووە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی . نووسەر پێشەکییەکی دوور و درێژی لە بارەی چۆنیەتیی بە دەستهێنان و کۆکردنەوەی دەستنووسەکان و ئینجا ساغ کردنەوە و بەراوردکردنی دێڕ بە دێڕی بەیتەکە و پاشان وەرگێڕانیان بۆ فەڕەنسی نووسیووە ، وێڕایی پیشاندانی هەندێ جیاوازیی بەر چاو لە نێوان تێکستەکان بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو. لە هەمان پێشەکیدا (لیسکۆ) باس لە داستان و فۆلکلۆر دەکا لە ناو ئەدەبیاتی کوردی نووسراو و نەنووسراو کە مێژوویەکی ئاڵۆز و کۆنی هەیە. بۆ ئەم چاپە فەرەنسییە کە لە لایەن (کەندال نەزان)ەوە سەرپەرشتی کراوە، پێشەکییەکی دوور و درێژ نووسراوە لەگەڵ نەخشەیەکی کوردستان، پێشەکییەکەی (کەندال نەزان) زیاتر هەڵکەوتێکی مێژوویی هەیە ئینجا ئەدەبی و فەرهەنگی. دەتوانین بە یەکێ لەو کتێبە جوانانەی دابنێین کە لە فەرەنسا ساڵی (١٩٩٩)، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

**Memé Alan , Avesta . 1997, Istanbul .**

**مەمێ ئالان ، بڵاوکراوەی دەزگای ئاڤێستا ، ئیستەنبول ، ١٩٩٧**

ئەم کتێبە هەمان ئەو کتێبەی (ڕۆژێ لیسکۆی) ە بەڵام تێکستە کوردییەکەیەتی ، واتە ئەو تێکستە ئامادەکراوەی کوردی کە پێشتر بۆ وەرگێڕانی فەرەنسی لە لایەن (لیسکۆ) ئامادەکرا بوو. وەرگێڕ (مەزهەر گونبەت) پێشەکی کتێبەکەی(لیسکۆ) ی

وەكو خۆی وەرگێڕاوەتە سەر كرمانجی، سەرەنجام لەگەڵ تێكستەكە بە یەكەوە لە لایەن دەزگای ئاڤێستاوە چاپكراوە

- Boris JAMES . Saladin et les kurdes . Perception dún Groupe an Temps des Croisades . Ètude Kurde . Revue Semestríelle de Reherches . n°hors série ll , Mars 2006 . Institut Kurde de Paris , L´harmattan . 2006 .

–بۆریس جیمس، سەلاحەدین و كورد. تێبینی و هێزی گرووپێك لە سەردەمی خاچپەرستەكان. ژمارەی تایبەتی گۆڤاری Etude Kurdes – لێكۆڵینەوەی كوردی، كە لە لایەن (ئەنستیتۆی كوردی پاریس و دەزگای ئارماتان) ەوە چاپكراوە. ژمارە (١١- ٢٠٠٦) . (٢٢٨) لاپەرە.

ئەم كتێبە كە لە بنچینەدا تێزی دكتۆرای (بۆریس جیمس)ە كە وەك كوردۆلۆگێكی لاو بەم كتێبە، زۆر بەهێز و بە تواناوە هاتۆتە ناوەندی كوردۆلۆژی. ساڵی پار نووسەر راستەوخۆ لە هەولێر بەشداری لێكۆڵینەوە كوردۆلۆژییەكان بوو كە لە لایەن زانكۆی سەلاحەدین و ئەنستیتۆی كورد لە هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەسترا.

نووسەر لە فەسڵی یەكەم باس لە سەلاحەدین و كورد دەكا، سەرهەڵدان و گەشەسەندن و بەهێزبوونی بنەماڵەی ئەییووبی لە كوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست. باس لە رۆڵی خێڵ دەكا لە سەدەكانی ناوەراستدا. نەخشەی شارستانی و پێكهاتەی كورد لە رووی دانیشتوانی خێڵ و هۆزەكان، كۆچ كردن، ئەییووبییەكان وەك ناوكێكی بە دەسەڵاتی كوردی لە نێوان خێڵ و هۆزە كوردەكان لە سەدەكانی ناوەراست. خێڵەكانی بەشنەوی، شارەزووری ، حومەیدییە ، زەرزارییە ، هەكارییە و هەزبانییەكان .

بەشی دووەم تایبەتە بە وێنە و ناسنامەی كورد لە سەدەكانی ناوەراست، پێناسە و چەمكی ئیتنۆگرافی و سەرهەڵدانی نوێنەرایەتی كۆمەڵایەتی و سیاسی . شوێنی كورد وەك كارێكتەر و ستراتیژی ئیتنیكی . پێوەرەكانی كوردایەتی، چۆن كورد لەو سەردەمە ناسرێتەوە، ئینجا رۆڵی كورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەلاحەدین، دەزگا سوپاییەكانی كورد لەو سەردەمە، ناكۆكییەكان و پێكهاتەی سوپای كوردی سەلاحەدین. بەرپرسیاریی هێزە كوردییەكان كە وەك بنچینە بوونە لەو دەسەڵاتەی سەلاحەدین. پەیوەندی كورد و مەملووكەكان، كورد و توركەكان وەك فاكتەرێكی تازە، كاریگەریی كورد لە ناو سوپای سەلاحەدین، ئەو چەوساندنەوانەی بەرامبەر كورد كراون. میرە كوردەكان و رۆڵ و پێناسەیان لەو سەردەمە. كەسایەتییە

کوردییە سەرەکییەکان لە ناو سوپای دەوڵەتی ئەییووبی. ئینجا نوخبەی قەزایی و سیاسی و مەدەنی. لە کۆتایی بابەتەکەی دوای ئەنجام و بیبلۆگرافیا، نووسەر بیبلۆگرافیایەکی تێر و تەسەلی لە بارەی تەواوی ئەو سەرچاوانە ئامادەکردووە کە پەیوەندییان بە کورد و ئەییووبی و دەوڵەتی ئەییووبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست و سەلاحەدینەوە هەیە، وێڕای سەرچاوە رۆژئاواییەکان لەم بارەیەوە و سەرەڕای نەخشە و خشتەی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەییووبییەکان

2

* ئەم باسە بەشێکە لە کتێبی (شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥) لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی _ سیاسی) یە کە بەم زووانە لە لایەن (مەڵبەندی کوردۆلۆجی) یەوە بڵاودەکرێتەوە.
(١) د.برهان یاسین: س.پ ، ل ١٠٦.
(٢) چارلز ریب: صفحات من تاریخ العراق ، ترجمة ، زینة جابر أدریس ، بیروت ، ٢٠٠٦، ل١٦١.
(٣) عبدالوهاب حمید رشید: العراق المعاصر، دمشق ، ٢٠٠٢، ل ٩٨.
(٤) عبدالغني الملاح : س. ث، ل ٢١٢.
(٥) ولید حمدي : س. ث ، ل ٣٢٣.
(٦) طالب مشتاق : أوراق أیامي ، بغداد والعراق والوطن العربي ، ١٩٠٠ — ١٩٥٨، ج١ ، بغداد ١٩٨٩ ، ل ٣٠٧ ، ٣٠٨.
(٧) حامد محمود عیسی: س .ث ، ل١٤٨.
(٨) رەفیق چالاك: بیرەوەریەکان ،دەست نووس،بەغداد، ١٩٧٢.(لای چالاك رەفیق چالاك دەست دەکەوێت).
(٩) نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان..، ل ٦٨.
(١٠) حامد محمود عیسی: س .پ ، ل١٦٩.
(١١) عزیز الحاج: س. ث ، ل ٨٩.
(١٢) الحزب الشیوعي العراقي: الانهیار : قبرص ، ١٩٨٤، ل ٣٧.
(١٣) برهان یاسین: س. پ ، ل ١١٧.
(١٤) أ ، ب هەوری: س. پ، ل٢٤٩.
(١٥) أ ، ب هەوری: س. پ، ل٢٥٨ " مەلانووری : س . پ ، ل ٢٨.
(١٦) غەفور میرزا کەریم: کیۆماڵ ، ل ٢٢.
※ ئەفسەری هەواڵگری سوپای بریتانیا ساڵی ١٩١٥ توانی بۆ یەکەم جار لەناوچەیەکی بیابانی باشووری عێراقدا ٤٠ سوارە لە خێڵە عەرەبییەکان کۆبکاتەوە لەناوچەی ناسرییە کە ئەمە سەرەتای بەکار هێنانی خەڵکی نێوچەکە بوو لە ڕیزی هێزەکانی بریتانیادا ئەم هێزە بەرەبەرە پەرەی سەند و فراوان بوو ، چەند جارێك ناوەکەی گۆڕدرا تا لەدواجاردا نێونرا لیڤی، لەساڵی ١٩٢٢ ژمارەی چەکدارەکانی گەیشتە ٦١٩٩ چەکدار، بەلاّم لەساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا هێندە فراوان بوو بوو کە تەنها ژمارەی چەکدارانی کورد لە ریزەکانیدا گەیشتە دە هەزار چەکدار . (جی. کیلبرت براون : قوات اللیفی العراقیة، ت : د.مؤید إبراهیم الونداوي ، السلیمانیة ٢٠٠٦ ، ل١٥ — ٣٩ ) .
(١٧) ژین: ژمارە ( ٦٨١) ، ٣/ ئەیلول / ١٩٤٢ " عەباس حافز ( وەستا عەباس): س . پ ، ل ٩٧
(١٨) دلزار: س. پ ، ب١-٢ ، ل ٤٦.
(١٩) أ ، ب هەوری : س. پ، ل ٢٥٩.
(٢٠) هاوار: کوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢١) ئومێد ئاشنا: ئیسماعیل حەقی شاوەیس ، ل ١٢٩.
(٢٢) هاوار: کوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢٣) جەمال فەتحوڵلا تەیب: کۆیە ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیی — کۆمەڵایەتییە)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٣٩، ١٤٠.
(٢٤) هاوار: کوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢٥) ئومێد ئاشنا: س.پ ،ل١٢٩.

(٢٦) هاوار: کوێرەوەری ، ل ٥٩.
(٢٧) هـ . س ، ل ٤٢.
(٢٨) کەمال ڕەئووف محەممەد : باقە دراسات ، ل ٣١.
(٢٩) هـ. س ، ل ٣٠.
(٣٠) کەمال رەئووف محەممەد : ئەدەبی نامەنوسی ، ج١ ، ل ١١٢.
(٣١) رەفیق چالاك: بیرەوەریەکان، دەست نووس، بەغداد ، ١٩٧٢.
(٣٢) غەفور میرزا کەریم: کلاّفە ، ل ٦٢.
(٣٣) غەفور میرزا کەریم: کیۆماڵ ، ل ٢٥ " دلّزار: س.پ ، ل ٦٠، ٦١.
(٣٤) کەمال رەئووف محەممەد: باقە دراسات ، ل ٣١، ٣٢.
(٣٥) عەلائەدین سەجادی : رشتەی مرواری ، ب٦، ل ٢٥٦.
(٣٦) هـ . س ، ل ٢٥٧.
(٣٧) مارف ناسراو : س . پ ، ل ٦٣.
(٣٨) سەعید ناکام :س. پ ، ل٥٩، ٦٠.
(٣٩) چاوپێکەوتنی هونەرمەند کەریم کابان.
(٤٠) هـ. س.
(٤١) سەعید ناکام : س. پ، ل٦٠.
(٤٢) پێشڕەو ئەحمەد: رەئیس مستەفا ..، ل ٧٠.
(٤٣) غەفورمیرزا کەریم: کیۆماڵ ، ل ٤٢.
(٤٤) مەلا نووری : س . پ.
(٤٥) د.شوکریە رەسول: گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، سەرهەڵدانو دەوری لەپێشخستنی زمان، هونەرەکانی ئەدەب لە وەرگێڕاندا ، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٣٠.
(٤٦) د. کەمال میراودەلی: لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا وتارو بیرەوەریی هاوار، کەرکوك ، ٢٠٠٧، ل ٤٢.
(٤٧) غەفورمیرزا کەریم: کیۆماڵ ، ل ٢٣.
(٤٨) ژین: ژمارە (٦٦٠) ، ٥/ ئازار/ ١٩٤٢.
(٤٩) ژین: ژمارە (٦٦٤) ، ٢/ نیسان/ ١٩٤٢
(٥٠) ژین: ژمارە (٦٦١) ، ١٢/ ئازار/ ١٩٤٢.
(٥١) ژین: ژمارە (٧٣٤) ،٢٠/ کانوونی دووەم/ ١٩٤٣.
(٥٢) ژین: ژمارە (٦٨٩) ، ١٢/ تشرینی دووەمی/ ١٩٤٢ " ژمارە (٦٩٠) ، ١٩/ تشرینی دووەمی/ ١٩٤٢
(٥٣) ژین: ژمارە (٦٧٢) ، ١٨/ حزەیران/ ١٩٤٢.
(٥٤) ژین: ژمارە (٦٥٠) ، ١٧/ کانوونی یەکەمی/ ١٩٤١.
(٥٥) ژین: ژمارە (٦٨٤) ، ١/ تشرینی یەکەم/ ١٩٤٢.
(٥٦) ژین: ژمارە (٦٥٦) ، ٥/ شوبات/ ١٩٤٢.
(٥٧) ژین: ژمارە (٦٦٨) ، ١٤/ مایس/ ١٩٤٢.
(٥٨) ژین: ژمارە (٧٠٧) ، ١٣/ أیار/ ١٩٤٣.
(٥٩) ژین: ژمارە (٧٨٥) ، ١٠/ مایس/ ١٩٤

# كتێبخانەی كوردۆلۆجی

## ١- بڵاوكراوەكانی كوردۆلۆجی

ناوی كتێب :

**فەرهەنگی زەویزانی**

(ئینگلیزی- عەرەبی- كوردی)

نووسەر : جەمال عەبدول

ژمارەی سپاردن: ٣٢٤ی ساڵی ٢٠٠٧.

بڵاوكراوەی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

ئەم كتێبە بە گشتی ناساندنی هەموو ئەو زاراوە و وشانەیە كە تایبەتن بە زانستی جیۆلۆجی.

نووسەر لەم كتێبەدا باس لەوە دەكات ئەم زانستە لە سەرەتاوە تایبەت بوو بە مادە رەقە نائەندامییەكان و ئەو سروشتەوە كە مرۆڤی تێدا دەژی و ئەم مادە رەقانەی ئەو بەشەی توێكڵی زەوی پێك دەهێنێت، كە راستەوخۆ لەبەر دەستی بینەردایە و بەرگێكی رەقە و ئەستوورییەكەی لە چەند دە كیلۆمەترێك تێ ناپەڕێت و دەوری گۆی زەوی داوە.

نووسەر ئاماژەش بەوە دەكات كە، كاتێ مرۆڤ لەسەر رووی ئەم زەوییە (توێكڵە) دەژیا، زەویزانی زانستێك بوو كە لە خوێندن و لێكۆڵینەوەی بەشی ژووررووی ئەم توێكڵە ئەدوا، بەڵام پێكهاتنەكانی زەوی ئەو شێوانەن كە تۆپەڵە بەردەكان هەیانە و دەشێ لە لێكدانەوەی پێكهاتنی هەڵەت و بەرز و نزمییەكانی رووی زەوی، وەك شاخ و دۆڵ و دەشتەكان بەشداری بكات.

ئەم فەرهەنگە تا رادەیەكی باش زۆرترین وشەی لە مەڕ ئەم بابەتە، چ بە كوردی، عەرەبی و ئینگلیزی لە خۆ گرتووە.

دەكرێت بە گشتی بەشە كلاسیكییەكانی زەویزانی بكرێت بە چوار كۆمەڵەوە وەك لەم كتێبەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەو كۆمەڵە زانستییانەش ئەمانەن:

یەكەم: ئەو زانستانەی تایبەتمەندن بە پێكهێنەكانی توێكڵی زەوییەوە:

ئەو زانستانەن كە پشت بە كیمیازانی ئەبەستن ، بایەخ بە خوێندنی ئەو توخمانە ئەدەن كە مادەكانیان لێ پێك دێت ئەو زانستانەش كە تایبەتمەندن بە خوێندنی پێكهێنەكانی توێكڵی زەوییەوە ئەمانەن:

١. بلوورزانی (Crystallography)
٢. کانزانی (Mineralogy)
٣. کەڤر زانی (Petrology)

دووەم: ئەو زانستانەی کە تایبەتمەندن بەو پێکهاتە جیۆلۆجیانەوە کە توێکڵی زەوییان لیّ پێك دێت:

١. زانستی پێکهاتە زەویزانی (Structural geology)
٢. زانستی جوڵە زەمینییەکان (Geodynamics)

سێیەم: ئەو زانستانەی تایبەتن بە مێژووی گەشەی توێکڵی زەوییەوە. ئەو زانستانەن کە پشت بە بەردینەزانی دەبەستن .

گرینگترین ئەو زانستانەش ئەمانەن:

١. چینزانی (Geology)
٢. کۆنە ژینگەزانی ( Ancient Ecology)
٣. کۆنە جوگرافیازانی ( Ancient Geography)
٤. مێژووە زەویزانی ( Historical Geology)

چوارەم: ئەو زانستانەن کە تایبەتن بە خوێندنی هەڵەت و بەرزی و نزمییەکانی رووی ەوی.

ئەم زانستانە تایبەتن بە زانینی هۆی پەیدابوونی ئەو بەرزی و نزمیانە و زۆربەیان لە جوگرافیازانییەوە نزیکن. ئەو زانستانەش ئەمانەن:

١. شێوە و بەرز و نزمی زەویزانی (Geomorphology)
٢. رووپێوزانی ( Science of Survey)
٣. سروشتە زەویزانی (Geophysics)

ئەمانە و چەندین زاراوە و پێکهاتەی تری تایبەت بە زەویزانی لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم بەرهەمە هەوڵێکی جیدی تری مامۆستایە لە بواری دانانی فەرهەنگی زانستیدا.

ناوی کتێب :

**فەرهەنگی رێزمانی کوردی**

نووسەر: د. کەمال میراودەلی

ژمارەی سپاردن : ٣٢٦ ی ساڵی ٢٠٠٧

مەبەستی نووسەر لە نوسینی ئەم فەرهەنگە لەو روانگەیەوە خۆی دەبینێتەوە کە:

فەرهەنگێکی بەسوودە کە تایبەتە بە بابەتی زمانەوانی کوردی، فەرهەنگێکە کە زۆربەی ئەو زاراوە و وشە ناولێنان و پێناسانە دەگرێتەوە کە لە پرۆژەی نووسینەوە و باسکردنی رێزماندا پێویستە. واتە ئەمە خۆی لە خۆی رێزمان نییە تەنیا فەرهەنگی رێزمانە و لەسەر مۆدێلی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ رێزمانی ئینگلیزی بەرهەم هێنراوە.

نووسەر ئاماژەش بەوە دەکا کە بە هیچ جۆرێك هەوڵی نەداوە زاراوە یان ناوێکی ئینگلیزی یان عەرەبی وەك وشە بگۆڕێ بۆ وشەیەکی کوردی، بەڵکو هەوڵی داوە بە تەواوەتی ئەو ئەرکیایی (وەزیفە) و مانا ناوەوەییە تێ بگات کە زاراوەکە لە پرۆسەی ڕێزماندا دەری دەبڕی. ئەوسا وشەیەکی کوردی بدۆزینەوە کە هاوتای ئەو مانا و ئەرکیایی ڕێزمانییە بێ. ئەم کارەی د. کەمال دەستپێشخەرییەکی گرنگە لە بواری ڕێزمانی کوردیدا شایەنی ئەوەیە زانایانی زمانی کوردی بە سەرنج و تێبینییەکانیان بە پیێزتری بکەن.

ناوی کتێب:

**یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا**

نووسەر: م. ئە. حەسرەتیان

وەرگێڕ: د. دلێر ئەحمەد (لە ڕووسییەوە)

ساڵ و ژمارەی سپاردن: (١٠٣٢) / ٢٠٠٧

مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە وەك نووسەر لە پێشەکی دا ئاماژەی پێداوە باس لە سیاسەتی شۆڤێنیستیانەی دەوڵەتیی تورکیا دەکات کە بەردەوام مافەکانی گەلی کوردی پشتگوێ خستووە و هەمیشە ڕێگر بووە لە بەردەم هیوا و ئامانجەکانیدا.

نووسەر هەوڵ دەدات بێ لایەنانە باسی ئەو یاسا دەستوورییانە بکات کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە بڕیار دراون. بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی کۆماری دەسەڵاتدارانی تورکیا هەوڵیان داوە نەك هەر دان بە بوونی کێشەی کورددا نەنێن، بەڵکو بە یاسا و دەستوور نکوڵییان لە بوونی نەتەوەی کوردیش لە وڵاتەکەدا کردووە.

نووسەر ئاماژە بەوەش دەکا کە ئاماری تورکیا هیچ کات وێنەیەکی ڕاستەقینەی پێکهاتەی نەتەوەی وڵاتەکە نادات بە دەستەوە، بۆ نموونە لە فۆڕمی ناونووسیندا پەیوەنداری (ئینتیما) ی نەتەوەیی تێدا نانووسرێ، بەڵکو لە جیاتی ئەمە زمانی دایك تۆمار دەکرێت. ئاشکرایە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی تورکیاوە خەڵکی زۆرجار پێوەنداریتی نەتەوەیی خۆیان دەشارنەوە، لەبەرئەوە هەموو ئەوانە فاکت و بەڵگەن و بۆ ئەوەی بڵێین ژمارەی نەتەوە ناتورکەکان لە وڵاتدا گەلێ زۆرە.

نووسەر لە چەند دێڕێکی تردا ئاماژە بەوەش دەکات کە لە ساڵانی بیستەکاندا لە زۆربەی ناوچەکاندا تورك کەمایەتی بوون، کە کەمە نەتەوایەتییەکان لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ڕێژەی لە (١٥,٣٪) یان پێك دەهێنا و کوردیش لە

(٤٧٪) ی ناوچەکەی پێك دەهێنا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەواهی ئەوە دەدات کە کورد لەو ناوچانەدا بە شێوەیەکی چڕ دەژیان. بەڵام تا ساڵی (١٩٢٥) کوردەکان لەو ناوچانە زۆرینە بوون، لە دوای شکانی راپەرینەکەی شێخ سەعیدی پیران دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆرینەی کوردەکانیان بۆ رۆژئاوای تورکیا راگواستەوە بەمەش ژمارەیان کەم بۆوە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە وەك لە ناوەرۆکەکەیدا دەردەکەوێ بە گشتی لە سێ بەش پێك هاتووە کە ئەمانەن:

بەشی یەکەم : کە باس لە یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و رەوشی کورد لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا دەکات.

بەشی دووەم : باس لە یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد دەکات لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم.

بەشی سێیەم و کۆتایی باس لە یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد دەکات دوای کودەتای میللیتاری ساڵی (١٩٨٠).

لە ئەنجامدا لەم کتێبەوە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتدارانی تورکیا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کورد دووچاری چەوساندنەوە و چارەنووسێکی نادیار بکەن چونکە لە جوگرافیای سیاسیی تورکیادا فاکتەری نەتەوەیی هیچ رۆڵێکی نییە بۆ نموونە بەشی هەرە زۆری هاوولاتیانی تورکیا بە رەگەز کوردن، لە رۆژئاوای ولات دەژین، زۆربەیان لە (ئەستەمبوڵ) نیشتەجێ بوون بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە کەمینە ئەژمار دەکرێن.

ئەم کتێبە لە لایەن د. رەفیق سابیرەوە پێشەکی بۆ نووسراوە.

ناوی کتێب:

**سلێمانی (ناوچەیەك لە کوردستان)**

نووسەر: ئی. بی. سۆن

وەرگێڕ: مینە (لە ئینگلیزییەوە)

ژمارەی سپاردن: ١٠٦٤ی ساڵی ٢٠٠٧

بلاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ئەم کتێبە بە گشتی باس لە گەشتەکەی مەیجەرسۆن ئەکات کە بە فەرمانی دەوڵەتی بەریتانیا وەك نوێنەر و گەڕۆك و گەشتیار هاتە کوردستان و لە ناوچەی سلێمانیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر مایەوە. لەسەر خواستی دەوڵەتەکەی و بە مەبەستی تێگەیشتن لەم ناوچەیە، لە رووی باری سەربازی و سیاسی و بارودۆخی ناوچەکە و شێوەی ئەو میللەتانەی لێرەدا دەژین، هەروەها لە رووی کولتوور و زمان و بیروبۆچوون و پەیوەندیی کۆمەلایەتی و ئاستی شارستانی و رۆشنبیری و ئاین و زۆر لایەنی ترەوە، دەست بەکار بوو، تا ساڵی ١٩١٠ بە زۆریش لە ناوچەی سلێمانیدا

ماوەتەوە و بە تایبەتی لە شاری سلێمانیدا تەواو شارەزای لایەنە جۆربەجۆرەکان بووە.

بۆیە ئەم کتێبە کراوە بە راپۆرتێك بۆ حکومەتی بەریتانیا دوای ئەوەی مەیجەرسۆن لە کارەکەی دەبێتەوە و کۆتایی بەو ماوە دیاریکراوە دێت بۆ مانەوەی لە ناوچەکەدا.

وەرگێڕ لە نووسینی پێشەکیدا ئاماژەش بەوە دەکات کە راپۆرتەکەی مەیجەرسۆن، وەك کلاۆرۆژنەیەك وەهایە لە روانگەیەکی زۆر بەرزەوە لە واقیع و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان دەکۆڵێتەوە و لە کوێدا ستەمی بەدی کردبێ باسی لێوە کردووە، کەواتە لای ئەو مەسەلەکان بە گشتی وەرگیراوە و نەهاتووە تەنیا تیشك بخاتە سەر ئەو لایەنەی خۆی یان دەوڵەتەکەی مەبەستییەتی. بەڵکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو سەردەمە و راستەقینەی مەسەلەکان و جوانی و ناوێزەیی نەخشاندووە، هەروەها لە میانەی نووسینەکەیدا هەندێ پرسیاریشی ئاراستەی بەرپرسانی خۆی دەکات، کە بۆچی میللەتێکی وەکو میللەتی کورد نابێ سەربەخۆ بێ؟

بە گشتی کتێبەکەی مەیجەرسۆن لە چوار بەش پێك هاتووە:

لە بەشی یەکەمدا زۆر بە وردی و روونی باس لە سنوورەکانی کوردستان و دانیشتوان و تۆبۆگرافیای ناوچەکان و هەروەها باس لە زمان و کولتوور و پەیوەندییەکانیان دەکات.

لە بەشی دووەمدا بە گشتی باس لە هەموو خێڵەکانی سەر سنووری کوردستان دەکات.

بەشی سێیەم تایبەتە بە مێژوو جوگرافیای سنووری کوردستان و مێژووی کۆمەڵانی هۆز و تیرەکانی ئەو سەردەمە.

بەشی چوارەم و کۆتایی زیاتر بەشێکی هەمە چەشنەیە کە باس لە ئیدارەی تورکیا و وڵاتی ئێران و باس لە هێزی سەربازی و تورك دەکات لە ناوچەکەدا وە لایەنی بازرگانی و کشتوکاڵیش یەکێکی ترە لە باسەکانی ئەم بەشە.

جگە لەوانەش پاشکۆیەکی گرنگیشی نووسیوە لەسەر هەموو بنەماڵە و شێخەکانی باشووری کوردستان، لە هەمان کاتدا نەخشەیەکیشی بۆ روونکردنەوەی هەموو بابەتەکان کێشاوە و لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا بلاۆکراوەتەوە.

ناوی کتێب :

**کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم**

نووسەر : حوسێن یڵدرم

وەرگێڕ : کاوە ئەمین (لە سوێدییەوە)

ژمارەی سپاردن: **٣٢٧**ی ساڵی **٢٠٠٧**

بلاۆکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ئەم کتێبە بە گشتی باس لە ناوچەی دەرسیم دەکات کە یەکێکە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان .

دانیشتوانی دەرسیم زۆربەیان بە زاراوەی زازاکی دەپەیڤن و خەڵکەکەشی سەر بە مەزهەبی (عەلەوین) کە نزیکە لە مەزهەبی شیعەوە. ئەم ناوچەیە وەك هەریەك لە ناوچەکانی تری کوردستان دووچاری شەڕ و کوشتار و زەبری داگیرکەران بۆتەوە، ئەم کتێبە ئەو فۆڕمەی وەریگرتووە، داستانێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو نووسەر پشتی بە رووداوێکی راستەقینە بەستووە، ئێما (ئەو ژنەی کە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە) تەنها منداڵێك بووە کە لە یەکێك لەو کۆمەڵکوژییانەی کە سوپای تورکیا لە باکوری کوردستاندا ئەنجامی داوە، رزگاری بووە، ئەم درامایە بۆ هەتاهەتایە کاریگەری لەسەر ئێما بەجێ هێشتووە.

حوسێن یڵدرم نووسەری کتێبەکە ماوەی سیانزە ساڵ وەکو پارێزەر کاری کردووە هەتا لە ساڵی ١٩٨١دا دەگیرێت. دوای ئەوەی کە بوێرانە لە دادگای شەڕدا، داکۆکی لە زیندانییەکان دەکات. هەمانکات بە زیندانەکانی رژێمی ئانکارا، ئاشنا دەبێت، بە هۆی فشاری رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی و کۆمسیۆنی پارێزەرانی نێودەوڵەتیی بۆ سەر تورکیا، پاش یانزە مانگ ئازاد دەکرێت، پێش ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێ، داوا لە ئێما دەکات ئەو گێڕانەوانەی کە راستەوخۆ لە بە ساڵاچووەکانیەوە بیستوویەتی بۆ بگێڕێتەوە، ئەو هیچ کاتێك بڕوای بە کەس نەکردووە. ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە ئەو مێژووەیە. حوسێن یڵدرم لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە وەکو پەنابەرێکی سیاسی لە وڵاتی سوێد دەژی.

بە کورتی حوسێن یڵدرم بەم جۆرە باس لە کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم دەکات.

رژێمی تورکیا دوای ئەوەی یەك لە دوا یەك ولایەتەکانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و سەرکوتیکردن، ئینجا توانی خۆی لە کێشەی دەرسیم بدات. لە ٤ی گولانی ١٩٣٧دا ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا بە دزیەوە بڕیارێکی دەرکرد تا هەموو دانیشتوانی دەرسیم راگوێزرێت بۆ رۆژئاوای تورکیا ئەم ئۆپراسیۆنە (هێرشە) وەك لێدانێك لەسەرهەڵدانە هەرێمییەکان بە دژی قانوونە سیکۆلارییەکانی دەوڵەت، ناوزەد کرا، سوپای تورکیا پەنای بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەکی شەڕ، بە فڕۆکەشەوە برد تا کوردەکانی ئەو ناوچەیە راو بنێت و پاکتاوییان بکات.

حوسێن یڵدرم کە خۆی خەڵکی ئەو پارێزگایەیە، لە گێڕانەوە زیندووەکانیدا، سەر لە نوێ شێوەی بیرکردنەوە، بیروباوەڕە دینییەکان، عادات و تەقالیدەکان و کۆدەکانی شەرەف، هەروەها هونەری ژیان و مردن لەو کۆمەڵگایەدا زیندوو دەکاتەوە.

لەم پەیوەندییەشدا، ئێمە هۆکارێکی تا بڵێی بە کەڵکە تا کورد مێژوویەکەیان و بیرەوەرییە ناکۆکییەکانی لێوە بناسیت، ئەم کتێبە کەڵکی ئەوەی هەیە کە بۆ زمانەوانی رۆژئاوایی وەربگێڕدرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ ئەو خوێنەرانەی ئارەزوویانە لەسەر کورد و تورك زانیارییان هەبێت وەکو تریش بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئاشنا بوون بە مێژووی خەباتی گەل و بیرکردنەوەیان.

ناوی کتێب:

**جەنگی عێراق**

نووسەر: لۆرانس کاپلان و ویلیام کریستۆڵ

وەرگێڕ: عەبدولکەریم عوزێری (لە ئینگلیزییەوە)

ژمارەی سپاردن: ٢٠٠٧/٣٢٥

بلاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

کتێبی جەنگی عێراق لە هەموو دۆکیۆمێنتێکی تر زیاتر کێشەی سەرۆك بۆش دژی سەدام روون دەکاتەوە، ئەم کتێبە وەلامدانەوەی گەلێك پرسیاری سەرسورهێنەری خەڵکی کوردستان و عێراقە. لەوانە سەدام چۆن هات و چۆن هێنرایە سەر حوکم؟ کێ ئەم هەموو دەسەلاتەی پێ بەخشی؟ چۆن ئەم هەموو کالاً و ئامێر و تەکنەلۆژیای چەکی کۆمەڵکوژەی لە هەر چوارگۆشەی جیهانەوە بۆ کۆکرایەوە؟ بۆچی بە لای کەسەوە گرنگ نەبوو، چی لە دانیشتوانی عێراق بە تایبەتی (کورد و شیعە) دەکات؟ بۆچی رێکخراوە بە سۆزەکانی مرۆڤایەتی و ئاینی و ژینگە و ئاژەڵ، هەموو لە ئاستی تاوانە بێ وێنەکانی سەدام بەرانبەر بە مرۆڤ و ژیان و ژینگە و سروشت و جوانی و پرینسیپی رەوشتبەرزی بێ هەڵوێست بوون؟

ئەم کتێبە باس لە هەموو ئەو پرسیارە بێ وەلامانە دەکات و وەك سەرەتایەکیش باشترین نووسینە لەسەر مشتومڕە چڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمریکا نیازی چیە؟ ئەم پێکدادانە لە بابەت چییەوە؟

ئەوەی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە لە بێبەزەیی سەدام دڵی دەتۆقێت، لە لاوازی رێگەچارەی ئیدارەی ئەمریکا و وەلامدانەوەی لە ئاستی هەڕەشەی عێراق رق ئەستوور دەبێت و دەگاتە ئاستی ئەوەی کە ئەم جارەیان دەبێت گۆڕانکاری بکرێت. نووسەران لە نووسینی ئەم کتێبەدا بە بێ ماندووناسین بە دوای راستیدا گەڕاون زانیاری ورد و بەرفراوانیان لەسەر رژێم و خودی سەدام خۆی کۆکردۆتەوە، لێزانانە سەرجەم تاوانەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییان لە ناوەوە و

دەرەوەی عێراق دا خستۆتەڕوو بە چڕ و پڕیش باسی ئەوە دەکەن کە ئەم رژێمە خاوەنی هیچ جۆرە بەهایەکی رەوشتبەرزی و بەڵێن بردنە سەر نەبووە، لەوەشی ئاگاداربوون کە ئەم تاقمە بە هیچ شێوەیەك خۆشەویستی خاك و گەلیان تیا نەبووە. جەنگی عێراق ئەو وانانە دەبەخشێت کە گرنگیی تایبەتی هەیە بۆ رزگارکردنی عێراق و لەناوبردنی ئەو مەترسییەی کە عێراق دەیخاتە سەر ئێمەش.

کتێبی جەنگی عێراق بە گشتی لە سێ بەشی سەرەکی و نۆ بەشی لاوەکی پێك هاتووە:

* ستەمکاری سەدام: ئەویش لە سێ بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: ستەمکاری ناوخۆ.

بەشی دووەم: شەڕەنگێزیی دەرەوەی وڵات.

بەشی سێیەم: چەکی کۆمەڵکوژ.

* وەڵامدانەوەی ئەمریکی:

بەشی چوارەم: تەسکە ریالیزمی (بۆش) ی یەکەم

بەشی پێنجەم: خوازیاری لیبرالیزم (کلینتۆن)

بەشی شەشەم: مەزهەبی جیاوازی نێودەوڵەتی ئەمریکا (بۆشی دووەم)

*پەیامی ئەمریکی:

بەشی حەوتەم : لە پەلوپۆخستنەوە بۆ پەلاماری دەستبەجێ.

بەشی هەشتەم : لە (ئیحتیوا) وە بۆ گۆڕینی رژێم.

بەشی نۆیەم : لە ئیزدیواجیەتەوە بۆ پێشڕەوی.

ئەڤین عوسمان

ناوی کتێب:

**حركات الخوارج في بلاد ألكورد وما جاورها**

(٤١-٢١٨/٦٦١-٨٣٣م)

نووسەر: د. عەتا عەبدولرەحمان محێدین

ژمارەی سپاردن: ٢٠٠٧/١٠٣٣

بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ئەم کتێبە لە بارەی بزووتنەوە و راپەڕینی (خەوارج)ەکان لە ولاتی (کوردستان) و دەوروبەری ئەدوێ، کتێبەکە لە سێ بەش پێکهاتووە.

ولاتی کوردنشین لەم کتێبەدا سێ هەرێم دەگرێتەوە (رۆژئاوای هەرێمی شاخەکان و شارەزوور و دوورگەی فورات).

* بەشی یەکەم لە رووی جیۆگرافییەوە باسی ئەم سێ هەرێمە دەکات کە ناو و سنووری جیۆگرافیای هەرێمەکان و رووی زەوی و کەشوهەوا و پێکهاتەی دانیشتوان لە خۆ دەگرێت. ئەم هەرێمانەش بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشکراون و هەر ناوچەیەکیش لە چەند شارێك و چەند دێیەك پێك هاتوون .

* له بەشی دووەمـدا نووسـەر باسـی بـاری سیاسی و ئاینی هەر سێ هەرێمەکە دەکات تا کۆتـایی سـەردەمی ساسـانییەکان. پـێش دەرکـەوتنی ئیـسلام زۆربـەی دانیـشتوانی ئـەم ناوچەیە سەر بـە ئـاینی زەردەشـتی بـوون. لـە هەمان کاتـدا چـەندین گرووپـی تـری سـەر بـە ئاینی مانی، مەزدەکی، مەسیحی و جوولەکـە هەبوون. له رووی سیاسییەوە ئەم بەشـە باسـی ئەو جەنگانە دەکات کە دەوڵـەتی ساسـانی لـە کۆتایی سەردەمی خۆیدا لەگەڵ رومی بێزەنتی کردوویەتی و بە شێوەیەکی گشتی بۆتـە هـۆی لاوازبـــوونی توانـــای ئـــابووریی و مرۆیـــی هەردوولا. دوای ئەوە نووسەر باسـی فتوحـاتی ئیسلامی دەکات له هـەر سـێ هەرێمەکـەدا و ئـــەو تەوەرانـــەی کـــە ســـوپای ئیـــسلامی ئەیانگرێتـە بـەر لـە کـاتی داگیرکردنـی ئـەو شارانەی کە سەر بەم هەرێمە بوون.

بابـەتی دووەمـی ئـەم بەشـە بـاس لـە (خەوارج)ەکان ئەکات بـە گـشتی و چـۆنییەتی دروسـت بـوونی زاراوەی (خـەوارج) و ئـەو راوبۆچوونانەی لەو بارەیەوە هەن و ئاماژە بـەو قـسە و باسـانە دەکـات کـە لـە بـارەی (خەوارج)ەکانەوە وتراون.

دوای ئەوە نووسەر باس لەو هۆیانە دەکـات کە هانی (خـەوارج)ەکـانی داوە رووبکەنـە ئـەم سـێ هەرێمـە، لەوانـە هـۆی جیـۆگرافیی کـە پێکهاتـــەی رووی زەوی و کەشـــوهەوا و رووبارەکـان دەگرێتـەوە، لەگـەڵ ئـەو قـەڵا و شورانەی لەوێدا هەبوون، هۆی ئابووری چـونکە لـەو ناوچـانەدا چـالاکیی کـشتوکاڵی و پیـشەسازی و بازرگـانی و بـەروبوومی کشتوکاڵی هەبووە.

هـەروەها نووسـەر لـەم بەشـەدا بـاس لـەو هۆکارانە دەکات کە هانی دانیشتوانی ئەم سێ ناوچەیەی داوە تا پەیوەندی بەم بزووتنەوەیـەوە بکـەن، لەوانـە هۆکـاری ئـاینی، سیاسـی، ئابووری و خێڵایەتی.

* بەشـی سـێیەم بـاس لـە بزووتنـەوەی خەوارجەکان دەکات لـە سـاڵانی (٤١-٢١٨ھ) و چۆن ئەم بزووتنەوەیە بۆتە مایـەی دڵـەڕاوکێ و فاکتـەرێکی سـەرەکی بـۆ دروسـت بـوونی ئاژاوە و پشێوی لە ناوچەکەدا و چـەند جارێـك سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، بـەڵام بـەهۆی بەهێزی و توانای هەردوو خەلافەتی ئومەوی و عەباسی توانییان ئەم بزووتنەوەیـە لاواز بکـەن و لەناوی بەرن.

مژدە ئەحمەد حەسەن

## ٢ – بڵاوکراوەی تر

### کورد لە ئەرشیفی رووسیا و سۆڤیێتدا

ئامادەکردنو وەرگێڕانی

د. ئەفراسیاو هەورامی

دەزگـای توێژینـەوەی موکریـان لەسـاڵی ٢٠٠٦ چاپی کردووە

لەنیوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە بـەدواوە کەرووسـەکان لەشـەڕی (قـرم)دا بەسـەر عوسمانییەکاندا سەرکەوتنو بۆماوەیەکی درێژ بەشـێکی بـاکووری کوردسـتان کـە بەدەست عوسمانییەکانـەوە بـوو دەکەوێتـە دەست رووسـەکانو لێـرەوە کـوردو رووس پەیوەنـدی دروستدەکەنو رووسیش دەبێـتە بەشـێك لـەو هاوکێشە سیاسییەی کەکورد لەگـەڵ هـەردوو دوژمنیـدا عوسمـانیو قاجارەکانـدا دروستیکردووە. وەرگێـڕی ئـەم بەڵگەنامانـە لەرێگەی ئەم کتێبەوە پەیوەندی کوردو رووس لەسـەرەتاوە تـا هەڵگیرسـاندنی جـەنگی دووەمـی جیهـانی دەخاتـەڕوو ئـەوەمان پێـدەڵێت کەهـەرگیز رووسـەکان لەبەرامبـەر کورددا نیاز پـاك نـەبوونو تـەنیا وەك کـارت کوردییان بەکارهێناوە.

ریزبەندی ئەم کتێبە:

وەرگێر بۆ ئـەوەی تووشـی بەشبەشـکردنی کتێبەکـەی نـەبێت هـاتووە بەڵگەنامـەکانی بەپێی مێژوو یەك بەدوای یەکدا ریزکـردووەو ئەمـەش یارمـەتیی خوێنـەر دەدات کـە لـە مێـژووەکان بگـاتو بەدەسـتیانەوە مانـدوو نەبێت. بۆیە کتێبەکە ئەکرێ وەك یـەك بـەش لێی بڕوانین.

جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دەرگـای زۆری بـەڕووی کـورددا واڵاکـرد تابـچێتە سـەر تەختەی شانۆو خۆی لە تیری زۆرداری هەردوو زلهێـزی ناوچـەکە قاجـارە فارسـەکانو عوسمانییە تورکەکان رزگار بکات. وەك چۆن عەرەبـەکان قـەوارەی سیاسـیی خۆیـان دامەزرانـد کـوردیش قەوارەیـەکی بـۆ خـۆی دامەزراندایـە. جـەنگی جیهـانی بـەهۆی هەڵپەی تەواوی زلهێزەکانی جیهانەوە دەرگای خێـرو بەرەکـەتی لەسـەر زۆر نەتـەوەی بەدبەختی دنیا کردەوە و لە زۆرداری قوتـاری کردن. کەچی بۆ کورد خێرێکی نەدایەوە، جـا ئەمە پەیوەنـدیی بـە نـەزانی کـورد و زانـایی دوژمنانییـەوە هـەبووە یـان شـتیتر دەکـرێ خۆمـان وەڵامـی پرسـەکان بدەینـەوە. وڵاتـە گەورەکانو خاوەن بڕیارەکانی ئەو دەمە کە تا ئێستایش کاریگەریی تەواویان بەسەر دنیـاوە هەیە بە تایبەت رووسیاو بـەریتانیا بـەردەوام لـەرێی گەڕیـدەو سیخوڕەکانی خۆیانـەوە کـە بەناوی رۆژهەڵاتناسیو بڵاوکردنەوەی ئـاییـنی مەسـیحییەوە لـە سـەدەی هـەژدە بـەدواوە روویان کردۆتە ناوچەکەو خاکی کوردستانیان بینیوەو تێیدا گەڕاون دەوڵەمەنـدیو بـەپیتی خاکەکـەیان لـە ڕووی کـانزاو سـامانە سروشـتییەکانەوە بـۆ دەرکـەوتووە، بـەڵام

هاوكات دواكـەوتوویی‌و نەخوێنـدەواریی ئـەم كۆمەڵگەیەشیان بۆ دەركەوتووە، هەر لـەوێوە ئـەوان حـسابی خۆیـان لەسـەر كوردسـتان‌و خاكەكـەی كـردووەو خەڵكەكەیـشی كـەیفی خۆیەتی. ئەو رۆژهـەڵاتناس‌و گەڕیـدەو دواتـر سیخوڕانە بیروڕای خۆیان لەدووتوێی چەندین راپۆرتدا داوەتە حكومەتەكـەی خۆیـان‌و ئـیتر حكومەتەكانیـشیان لەبـەر رۆشـنایی ئـەو راپۆرتانە مامەڵـەی سیاسییان لەگـەڵ كـورد كـردووە. رەنگـە ناسـراوترینی ئـەو راپۆرتنـووس‌و بـەناو گەڕیـدەو سـیخوڕانە هـەردوو راپـۆرتی (مـستەر ریـچ)ی بـەریتانیایی‌و (مینۆرسـكی) روس بـن. بەتایبـەت (مینۆرسـكی) كارگـەلێكی زۆری لەسەر كوردو ژیـانی كۆمەڵایـەتی‌و سیاسیی كورد كردووە.

بەدرێـژایی مـاوەی شـەڕی یەكـەمی جیهـانی‌و سـاڵانی دواتـریش لەتـەواوی كوردسـتانی گـەورەدا چـەند سـەرهەڵدان‌و شـۆڕش بـۆ دەستخـستنی مـافی كـوردو دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسـی‌و سـەربەخۆ بـۆ كـورد بـەرپابووە، بـەڵام هیـچیان ئاكامێكیان نەبووەو دواتر بە كۆتایی هـاتنی گیـانی شۆڕشـگێڕەكانی كۆتاییـان هـاتووە. لەلایـەن رێبەرایـەتی سـێ گـەورەترین سەرهەڵدانیـشیانەوە واتـا ئـەوەی (شـێخ مەحمود)ی نەمر لەباشووری كوردستان‌و هـەم ئـەوەی (سمكـۆی شـكاك) لـە رۆژهـەڵاتی كوردسـتان‌و هـەم ئـەوەی (شـێخ سـەعیدی پـیران) لـە بـاكووری كوردسـتان هـەوڵی پەیوەنـدی دروسـتكرن لەگـەڵ ئـەو بـراوەو زلهێزانەی جەنگی یەكـەمی جیهـان دراوە بـە تایبـەت لەگـەڵ رووسـیای كۆمۆنیـستی كەمانیفێـستی رزگـاری گـەلانی چەوسـاوەو ژێردەستەی بەگوێی دنیادا دابوو. بـەڵام هـیچ كـام لـەو زلهێزانـە كوردیـان نەخوێندۆتـەوەو نەیانویستووە كارێكی بۆ بكەن ئەمەش دیارە بـۆ زۆر هۆكـار دەگەڕێتـەوە كـە دیارترینیـان نـەبوونی فـشار بـووە لـە لایـەن كـوردەوە، سـەرباری ئـەوەش كـورد دیپلۆماتكـاری كارامەی نـەبووە لـەو دەمـەداو لەهەمووشـی گـرنگتر بەرژەوەنـدی ئـەو زلهێزانـە كـەمتر لەگـەڵ كـورددا هاتۆتـەوەو زیـاتر لەگـەڵ داگیركەرانی خـاكی كورددا هاتۆتـەوە. هـەر چـەند بـەپێی بەڵگـە نامـەكانی ئـەم كتێبـە واتا(كورد لە ئەرشیفی رووسیاو سـۆڤێت)دا كـە دوكتـۆر (ئەفراسـیاو هـەورامی) لـە ئەرشیفی رووسیا كۆی كردوونەتەوەو كردونـی بـە كـوردی ئامـاژە بـەوە دراوە لـە لایـەن رووسـەكانەوە كـە داهـاتووی رووسـیا لەگـەڵ كورد دەبێـت نـەك لەگـەڵ تـورك، بـەڵام وەك بینیمـان كۆتاییـەكان ئـەو پێـشبینییەی ئەوانیان نەهێنایە دی‌و ئێمەی كورد بەدەست بەتاڵی گەڕاینەوە. ئەوەی لـەم بەڵگەنامانـەدا تێبـینی دەكرێـت ئەوەیـە كـە سـەركردە كلاسـیكییەكانی كـورد كـە تـەواویان لـە

بنەماڵە ئایینییە ناودارەکانی کوردستان بوون بە هەموو هەستو نەستی ئایینیی خۆیانـەوە ویـــستوویانە لەگـــەڵ رووســـیادا رێککـــەونو شتێك بۆ کورد بکەن. لە هـەردوو سـەردەمی قەراڵـــەکانو کۆمۆنیستەکانیـــشدا واتـــا لـــە نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی نـــۆزدەو چـــارەکی یەکـەمی سـەدەی بیستیـشدا. ئـەم بۆچـوونە رەنگە لای ئێمەی کورد جێگـەی بـڕوا نـەبێت چـونکە ئێمـە واتێگەیـشتووین کـە سووچـی سەرکردەکانمانە بەوەی هەستی ئایینیان پـێش هەســـتی نەتـــەوەیی خـــستووەو دەســـتیان نەخـــستۆتە نـــاو دەســـتی ئـــەو وڵاتـــە نائیـــسلامییانە و هـــەر موریـــدی ســـوڵتانی عوسمانیی خەلیفەی ئیـسلام بـوون کەلـەخوێن زیاتر دیارییەکیان بۆ کورد پێنەبووە.

لـــەم کتێبـــەدا ئـــەو نامەیـــەی (شـــێخ مەحمود)ی نەمر خراوەتە روو کە لە سەرەتای بیـستەکانی سـەدەی بیـستدا بـۆ (ڤلادمێـر لیـنین)ی سـەرۆکی شـورەوی نـاردووەو تێیـدا داوای کـردووە کـە کۆمـەکی کـورد بکـەنو لەژێر سـایەی خۆیانـدا کـورد پەنابـدەنو وەك چـۆن پڕۆلیتاریـا مـژدەی بەتـەواوی نەتـەوە چەوساوەکاندا لە زۆرداری قوتارییان کات بـە هانـای کوردیـشەوە بـێنو لـە زوڵـمو زۆری تـوركو فـارس رزگاریـان بکـەن. ئێمـە تـا ئێـستایش پێمـان وایـە شـێخی نـەمر لـە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکان چووە بۆیە کورد هیچی بۆ نەکراوەو هەمیشە ئـەوە دووبارە دەکەینەوە کە شـێخی نـەمر لـەکاتی تەوقەکردن لەگەڵ حاکمی ئینگلیز لەسلێمانی خاولی لەدەستی پێچاوە بەخاتر ئـەوەی گـڵاو نەبێت. چونکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەوەی ئیـسلام نـەبێت گـڵاوەو شـیخیش ئینگلیـزی بەگڵاو زانیوە. چەندین نامەی سـەرکردەکانی ئەودەمی کوردیش لێرەدا هەن کە ویـستویانە لەڕێگـــەی رووســـەکانەوە کـــورد بگەیەننـــە ئامانجـەکانی، تەنانـەت (کامیـل بـەگ) وەك یـەکێك لەبنەماڵـەی بەدرخانـەکان لـەنیوەی دووەمی سەدەی نـۆزدەوە بـەردەوام لەهەوڵـدا بووە بۆ ئەوەی قەناعەت بەڕووسـەکان بکـات کورد بکەنـە خـاوەنی دەوڵـەتێك، تـا دواجـار وای لێـدێ لەدەسـتی رووسـەکان هەڵـدێتو دەچێـتە وڵاتێکی تری ئەوروپا. گـەر بـەوردی لـەم بەڵگەنامانـە بکۆڵینـەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێت کە ئەوە نـەزانی سـەرکردەکانی خۆمـان و زانـایی دوژمنـەکانمان نـەبوو کـە ئێمەی بێ پشت و پەنا و دەوڵـەت هێـشتەوە لـە سـەدەی بیـستدا، بـە تایبـەت لـەدوای جـەنگی یەکـەمی جیهانییـەوە بـەڵکو ئـەوە گۆڕانی خێـرای هاوکێـشە نێـو دەوڵەتییـەکان بـوو کـە کوردییـان بـەو دەردە بـردووە. گـەر لـــەدوای جـــەنگی یەکـــەمی جیهانییـــەوە خەلافـەتی عوسمـانیو شـای قاجارەکـان وەك پێـــشترو کـــاتی جەنگەکـــە دەســـەڵاتییان بەدەسـتەوە بمایـە پێدەچـوو کـورد شـتێکی بەرکەوێت بەخاتری ئـەوەی کـارتێکی گوشـار

بێت بۆ سەر هەردوو دەوڵەتی مەزهەبی ناوچەکە. بەڵام خێرا رووخانی هەردوو دەسەڵاتەکە لەماوەی پێنج ساڵدا واتا لە ساڵی ١٩٢٠-١٩٢٥ جارێکیتر زلهێزەکانی دنیای ناچارکرد هاوکێشەکان بگۆڕنو سیاسەتێکی نوێ لە ناوچەکە پەیڕەو بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا یەك بگرێتەوە. لەوێشدا بووە کێبڕکێ کە ئایا کام زلهێزی دنیا بتوانێ خۆی لە کۆماری تورکیای عەلمانی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) و حکوومەتە شانشینە تازەکەی (رەزاخانی پەهلەوی) نزیك کاتەوەو زۆرترین بەشە نەوتی بەرکەوێت کەتازە بۆنی گەیشتبووە بەرلوتی ئەو دەوڵەتە بریار بەدەستانە. ئیتر لەو ناوەشدا کورد وەك پۆڕی خوراو جێماو هیچی بەرنەکەوتو بەدەستی بەتاڵ هاتەوە.

**سەرنج**

ئەم بەڵگەنامانە یەك راستیمان بۆ دەسەلمێنن، ئەویش ئەوەیە کەکورد لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە واتا لەسەر دەمی بەدرخانییەکانەوە لەهەوڵی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدابووە جا بە هەر نرخێك و بەپشتگیری هەر دەوڵەتێك بوبێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە هەستی ئایینی لای ئەو سەرکردانەی کورد هەمیشە لەدوای هەستی نەتەوەییەوە بووە کەئێمە بەپێچەوانەوە لەمە تێگەیشتووینو پێمان وابووە بۆیە هیچمان بۆ نەکراوە چونکە سەرکردەکانمان ئایینیان پێش نەتەوە و نیشتمان خستووە، بەڵام ئەم بەڵگەنامانە ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی ئێمە هەڵدەوشێننەوە. جێگەی سەرنجە ئەم بەڵگەنامانە دەبنە سەرچاوەیەکی زۆر زانستی و دەوڵەمەند بۆ هەر لێکۆڵەرەوەیەك کە بیەوێ مێژووی پەیوەندیی کورد و رووس بنووسێتەوە یاخود بۆ ئامادەکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پەیوەندیی کورد و رووسیا.

## هاو نەتەوەیی قەومی مادو کورد

نووسەر: حەبیبوڵڵای تابانی

وەرگێڕ: جەلیل گادانی

شوێنی چاپکردن: خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بەدوو بەرگ لەساڵی٢٠٠٦،٢٠٠٥ چاپکراوە

نووسەر لەم کتێبەدا کە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژە لەسەر مادەکان و ئەو دەوڵەتەی لەم ناوچەیەدا و دووهەزار و حەوسەد ساڵ ئێش ئەمڕۆ دایانمەزراندووە. دەیەوێ ئەوەمان بۆ ساغ بکاتەوە کە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان هەردوو نەتەوەی کوردی ئێستا و میدییەکانی دوو هەزار حەوسەد و چەند ساڵێك پێش ئێستادا هەیە و هەبووە و ئەم پەیوەندییەش لە زۆر لایەندا

دەردەکەوێت بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی و شارستانیدا.

ئەوەی لەسەر رەچەڵەکی کوردی نووسیبێت دەبێت گەڕابێتەوە سەر (ماد) ەکان واتا ئەو دەوڵەت یا ئیمپراتۆرەی کە لە پێنج سەدی پێش زایینەوە بۆ ماوەی دوو سەد و پەنجا ساڵ حوکمی ئەم ناوچەیەی ئێستایان کردووە بە تایبەت تەواوی ئێران و پایتەختەکەیشیان (ئەکباتان) واتا (هەمەدان) ی ئەمڕۆ بووە. تاقە شانازی ئێمەی کوردیش ئەوەیە کە خۆمان بە نەوەی ئەو مادانە دەزانین کە خاوەنی درەوشاوەترین شارستانییەتی ئەو دەم بوون. (هاو نەتەوەیی قەومی مادو کورد) ئەو کتێبەیە کە دەمانەوێ کەمێك قسەی لەسەر بکەین. نووسەری ئەم کتێبە (حەبیبوڵلای تابانیی) ە کە خۆی فارسە و گەلێك لێکۆڵینەوەی بە برشت و بێلایەنانەی لەسەر کورد و مێژووەکەی هەیە.

**بەشەکانی کتێبەکە**

ئەم کتێبە دوو بەرگە. هەردوو بەرگەکە یازدە بەشەو هەر بەشێك بە چڕوپڕی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی دواوە. بەرگی یەکەمی لە پێنج بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمیدا باسێکی دوورو درێژ و چڕوپڕی لەسەر جوگرافیای خاکی کوردستانی گەورە کردووە و بەوردی تەواوی جوگرافیای کوردستانی دیاریکردووە و لەسەر زەوی‌وزار قسەی کردووە و زنجیرە چیا گەورەکانی کوردستانی دەست نیشانکردووە و دواتریش بە گشتی لەسەر دەریاچە و چەم و ئاوە زۆرەکانی کوردستان دواوەو هەرچی دەریاچەیەك لەخاکی کوردستانی گەورەوە هەڵدەقوڵێ دەستنیشانی کردووە و لێیدواوە. لە بەشی دووەمدا لە ریشەی کوردی کۆڵیوەتەوە و بردوێتییەوە سەر لۆلۆ و گۆتی یاکوتییەکان و کاسیەکان و سوباری و نایری‌و کاردۆخ یاخود کۆردۆئینەکان. بە پێچەوانەی مێژونووسە شۆڤێنییەکانی هەرسێ نەتەوەی سەردەستی کورد کە رەچەڵەکی کورد دەبەنەوە سەر دێوو درنج‌و خەڵکی کێوی.

بەشی سێیەمی تەرخانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە مانا کلاسیکییەکەی لای کورد، یاخود قەوارەیەکی سیاسی کە کورد خۆی جڵەوی دەسەڵاتەکەی بە دەستەوە بووە. یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە پێش زایینەوە دەوڵەتی (مانا) بووە، دواتر مادەکان دێن و لە پێنج سەدی پێش زایینەوە دەوڵەتی (ماد) دادەمەزرێنن. پاشان باسی دۆخی شارستانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردی کردووە لە سەردەمی مادەکانا کە ئەو کات نووسینیان هەبووەو بایەخی زۆریشیان بە هونەرە جوانەکان داوە. هەر لەم بەشەدا باس لە گەنجینەکانی (زیوە و تەپۆلکەی

حەسەن لـو دەکـات) کـە شـوێنەواری زۆریـان تێـــدابووە و زۆریـــان لـــە ئێـــستادا لـــە مۆزەخانـــەکانی دنیـــادان بەتایبـــەت لـــە مۆزەکـــانی ئێرانـــدا کـــە هەنـــدێکیان لـــە مۆزەیـــەکی شـــاری (ســـنە)ی ڕۆژهـــەلاتی کوردستان پارێزراون و ئاماژەن بـۆ زینـدوویی و شارستانییەتی خەڵکی کورد و زۆری تریش لـــەو میراتـــە مێژووییـــەی کـــورد مـــاوە بدۆزرێتەوە.

بـــەرگی دووەم شـــەش بەشـــە و باسـێکی دوورو درێــژە لــە چــەند بەشـێکدا لــەبارەی ڕۆشنبیری و کلتوور و هونەر و پیـشەسازی و ژیانی کۆمەڵایـەتی و ئـاییـنی و نەتـەوەیی و تـــائیفی لەســـەر ئـــەم خاکـــەی ئێـــستا نـــاوی کوردستانە. نووسەری ئەم کتێبە ئەیـەوێ لـە دووتـوێی ئـەم کتێبـەوە ئـەوە دەرخـات کـە نەتـــەوەی کـــوردیش خـــاوەنی شارســـتانی و ڕۆشـــنبیری و هونـــەرە و لـــەم ســـەرزەمینەدا شارستانییەتێکی دێرینو ڕەسـەنی هـەبووە و ئـەوە داگیرکـەرانن نـەیان هێـشتووە و یـا بـۆ خۆیان دزیوە یا وێرانیان کردووە. دەیـەوێ بـە بەڵگـەوە ئـەوە بـسەلمێنێ کـە هـۆی نـەبوونی دەوڵـەتی کـورد پەیوەنـدی بـەوەوە نییـە کـە کورد بێ کلتوورو شارسـتانییەتە بـەڵکو ئـەو شتانەی هەیـە بـەڵام نەتـەوە سەردەسـتەکانی دەوروپشتی لێ نەگـەڕاون سـەر بەرزکاتـەوە و هەمیشە سەرکوتیان کردووە و شارسـتانییەت و فەرهەنگیان تاڵانکردووە. نووسەر بـە وردی لە ڕۆشنبیری و هونەرو کلتـووری کـورد دواوە لە سەدەکانی بەراییەوە تا ئەمڕۆو شارەزایانە لەو ئاینو ئاینزایانە دواوە کە لە کوردسـتاندا و لە لایەن خەڵکی کوردەوە بەزۆربێت یان بـە خوایشتی خۆیان پەیڕەو کراوە و تا ئێستایش هەندێکیان لە کوردستان ماون وەك ئێـزدی و سابیئەی مەندائیو ئەهلی حـەق و ئـیتریش. لـە یـەکێك لـە بەشـەکاندا باسـی مـۆزیکی کـوردی دەکـات بەتایبـەت لـە ڕۆژهـەلاتی کوردســـــتان کەچـــــەند دەوڵەمەنـــــدبووە و فارسـەکان بـەزیرەکی خۆیـان هـەموویان بـۆ خۆیـــان بـــردووەو لـــەکوردیان وەرگرتۆتـــەوە. تەنانەت قسەیەکی (محەمەد ڕەزا شـەجەریان) بەنموونە دەهێنێتەوە کە لە دیدارێکی ڕادیـۆی ئەڵماندا وتوێتی لەتەواوی ئێران تاقە کەسێك کـە دەنگـی لـە مـن بـەرزترو خۆشـتربووە کەسـێکە بـەناوی (سـەید عـەلی ئەسـغەری کوردستانی) کە بەداخـەوە مـن نـەمبینیوە و ئەو کەسەش کوردبووە.

سەرنج

بەخوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە ئـەوەت بـۆ دەردەکەوێت کە کورد لەڕووی شارسـتانییەت و ڕۆڵـــی لەمێـــژوودا زۆر گـــەورە بـــووە و بەهێندەی گەورەیی خۆی داگیرکـەران هـەوڵی بـچووککردنەوەیان داوەو نەیانهێـشتووە سـەر بـەرز بکاتـەوەو سـوود لـە گـەورەیی خـۆی وەرگرێت. ئێمە وەکو کورد نەمانتوانیوە وەك فـارسو عـەرەبو تـورك ڕیـشەی خۆمـان

بدۆزینــەوە و بیکەینــە خــاڵی وەرچــەرخان لەمێژوومانــدا. عەرەبــەکان شــانازی بــە ســەردەمی جــاهلی خۆشــیانەوە دەکــەن، تورکــەکان چــوار پێــنج ســەدەی خوێنــاوی عوسمانییــەکان بەمێــژووی خۆیــان دەزانــن و فارســەکانیش لەچــەند هــەزار ســاڵێك پــێش ئێستاوە ریشەی خۆیـان هێنـاوەو لـەم نـاوەدا هەر کورد ئەوەی نەکردووە و هەر کوردیش لە کاروان جێماوە. ئەوەی ماوە بوترێ وەرگێڕانی ئــەم کتێبــە بــەزمانێکی زۆر بــاش کــراوە و خوێنــەر دەتوانێــت لەســەر خوێندنــەوەی بەردەوام بێت.

## مینۆرسکی دیارترین رۆژهەڵاتناس‌و کوردناس

گــەر بــەدوای مێــژووی کــورد و ناسـینی کورددا بگەڕێین رەنگە باشـترین سەرچاوە بـۆ گەڕانــــەکانمان کــــاری رۆژهــــەڵاتناس‌و کوردناسەکان بێت، چون هەر ئەوان توانیویانە دوور لــە دەمــارگیری و لایــەنگیری، مێژوویەکی راست‌و دروستی ئێمە تۆمارکەن‌و بینووســنەوە. لــەناو ئەوانــەدا (ڤلادیمێــر مینۆرســکی) رۆژهــەڵاتناس‌و زانــای رووس باشـترینیانەو زانـستییانەترین کـاری لەسـەر کـورد و دیرۆکەکـەی کـردووە و یەکێکـە لـە باشــــترین کوردناســــەکان تائێــــستایش. (بنــــچینەکانی کــــورد و چــــەند وتــــارێکی کوردناسی) یەکێکە لە کتێبە پڕ بایەخـەکانی ئەم زانایە و لـەم دواییـەدا (دوکتـۆر نـەجاتی عەبــدوڵڵا) لــە زمــانی فەرەنــسییەوە کردوویەتیــە کــوردی و (مەکتــەبی بــیر و هۆشـیاری (ی.ن.ك) چـاپیکردووە. ئامـانجی وەرگێـر وەرگێـر لەپێـشەکییەکەیدا بـۆ ئـەم کتێبــە ئــەوە روونەکاتــەوە کــە هانــدەر بــۆ وەرگێڕانی ئـەم کتێبـە ئەوەیـە کـە (ڤلادیمێـر مینۆرســکی) دیــارترین رۆژهــەڵاتناس و ئێرانیناس و کوردناسـە و زانستیترین کـاری لەسەر بنەچەی کورد و دیرۆکی کورد کردووە، بــە تایبــەت لەســەر شــار و شارۆچــکە کوردییــەکان و ئــایین و ئـاینزا لـەم وڵاتـەی ئێمەدا و کارەکانیشی زۆر بێلایەنانە کردووە و دەکــرێ متمانــەپێکراوترین سەرچــاوەبن لەسەر مێژووی کورد. لێرەدا دەکرێ هەنـدێك قـسە لەسـەر ئـەم کتێبـە بکـەین. کتێبەکـە لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت.

بەشــی یەکــەمیان وتــاری (بنــچینەکانی کــوردە) کــە لــە بیــستەمین کــۆنگرەی نێودەوڵــەتی رۆژهەڵاتناســان لــە ٥- ١٠/ ئــەیلول/ ١٩٣٨ لەبرۆکــسلی پایتــەختی بەلجیکا سازکراوە و لەوێـدا مینۆرسـکی ئـەم وتارەی خوێندۆتەوە. لەم وتارەدا مینۆرسـکی باسـێکی چـڕو پـڕو تێـرو تەسـەلی لەسـەر بنەچــەی کــورد لــە بەرەبــەیانی مێــژووەوە نووســیوە تادەرکــەوتنی تــورك‌و عــەرەب لەناوچەکەدا. ئەو پێی وایە و بـە بەڵگەشـەوە

ساغی کردۆتەوە کەکوردەکان نەوەی (کاردۆخی)ەکانن کە(هیرۆدۆت) لەمێژووەکەیدا باسیکردوون و (گەزنەفۆن)یش لەگەشتەکەیدا تووشیان هاتووە. ئەمەش بەدرۆخستنەوەیەکی تەواوە لەبەرامبەر ئەو مێژووەی عەرەبەکان بۆ ئێمەیان نووسیوەتەوەو دەمانبەنەوە سەر دێوو درنجو پاشماوەی شێخو عەشرەتە کۆنەکانی خۆیان. مینۆرسکی دەنووسێت (بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ تیۆری باو لەبارەی بنچینەی کورد تیۆرییەکی زۆر سادەو ساکاربوو. لەرۆژهەڵاتی رووباری کەنترینە، گەزنەفۆن چاوی بەکاردۆخییە بەنێوبانگەکان دەکەوێ، ئەم رووبارە هەمان ناوچەی بۆهتانی(بۆتان) Bothanی ئەمڕۆ دەگرێتەوە کەزەوییەکانی دەوروبەری کوردەکانی تێدادەژین، کەوایە کوردەکان نەوەی کاردۆخییەکانن. Karoovxoi پرسەکە بەم ئاسانییە چارەسەر ناکرێ. لەوشەی کاردۆخی(هەروەك لەوشەی تاوخوا Taoxoi) دا دوا بڕگەی یۆنانی وشەکە بەئامرازی کۆی ئەرمەنی(خی =X) کۆتایی هاتووەو وشەکە لەوکاتەوە بڵاو بۆتەوە کەسوپا دە هەزارییەکەی گەزنەفۆن ناوەکەیان لەزاری چەند وەرگێڕێکی ئەرمەنییەوە بیستووە.) دواتر بەبەڵگەوە دەیسەڵمێنێ کە میدییەکان باپیرەی کوردنو لەوێوە کورد تەواو کۆبۆتەوە و وەك نەتەوەیەك لەناوچەکەدا دەرکەوتووە. ئەم وتارەی مینۆرسکی بۆ ئەو رۆژگارە و بۆ ئێستایش ئازایەتییەکی زۆری پێوە دیارە، چون هەمیشە داگیرکەرانی خاکی کورد لای ئەوروپایی و خۆرئاواییەکان کوردیان وەك نەتەوەیەکی زۆر ناشارستانیو کێوی وەسفکردووە و وایان تێگەیاندوون کە کورد شایانی هیچ بایەخ پێدان و بەتەنگەوە چوونێك نییە، چون خۆیان بەو ژیانە دوور لە شارستانییە راهاتوون.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە چەند کورتە باس و وتارێکە لەسەر ژمارەیەکی زۆر شارو شارۆچکە و ناوچەی کوردستان، بەتایبەت هەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵات کە ئێستا و وەك بەرئەنجامێکی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەر ئێرانو عێراق کەوتوون. لەم بەشەدا بەتایبەت باسی هەردوو شاری سەرەکی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان (سنەو سلێمانی) کراوە. لەدەورانی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە تورکیا و سەفەوی و دواتر قاجارەکان لە ئێراندا. مینۆرسکی سەرەتا لەناوی هەردوو شارەوە پێیدا هاتووە و دواتر باسی ئایین و داب ونەریت و دانیشتوانی شارەکەیش دەکات و سەرژمێرێکی وردی ئەو کاتەی دانیشتوانی هەردوو شاری نووسیوە کە ئەوکات چەند کورد و چەند جوو چەند ئەرمەنیو ئاسووری لێبووە و دواتر لەڕووی دیانەت و ئاینزاشەوە ئەو ئامارەی داوە

بەدەستەوە. لەباسکردنی شارو شارۆچکە و ناوچەکانی تری کوردستاندا ئەم زانایە ئەوەندە وردو بەبایەخ کاری کردووە و ئەوەندە زانیاریی نوێ و وردی داوە بەدەستەوە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکاتو وای لێدەکات لەخۆی بپرسێت کەئێمەی کورد ئاوها بووین بۆچی نەبووینەتە هیچ.؟ رۆڵی کورد وەك نەتەوەیەك لەم ناوچەیەدا بەدرێژایی مێژوو لەرۆڵی تورك و عەرەب و فارس کەمتر نەبووە کەچی ئەوان بوونەتە شت و سەرداری ئێمەیش و ئێمەیش تا ئێستا وەك وشترمر (نعامە) سەرمان لەزەوی چەقاندووە و ئاگامان لە ئاسمان براوە و پێمان وایە کەس نامان بینی. جگە لەمەش جوگرافیا و مێژووی ئەو دووشارە و زۆر شارۆچکە و ناوچەی تری ئەو دوو بەشەی کوردستانی خستۆتە روو کە بەراستی جێگەی لێ وردبوونەوە و بایەخە بۆ ئێمەیش کە زۆر زانیاریی وردی تێدایە تائێستایش ئێمەی کورد بێئاگاین لێی. هەر لەم بەشەدا باسی ئەو ئایینو ئاینزایانە کراوە کە لەکوردستان لەلایەن خەڵکی کوردو ناکوردەوە پەیڕەوکراون بەتایبەت لەسەر ئایینی (ئەهلی هەق) وتارێکی زۆر سەرنجڕاکێشی نووسیوە کەدەهێنێ لێکۆڵینەوەی زیاتری لەلایەن خۆمانەوە لەسەر بکرێ. وتارێکی تری لەسەر (شەبەك) نووسیوە وەك تائیفەیەکی ئایینی کوردی لە ناوچەی شاری نەینەوا و بەپێی هەندێك سەرچاوە کەمینۆرسکی سوودی لێوەرگرتووە ئەودەمە شەبەکەکان ژمارەیان گەیشتۆتە (دە هەزار) کەس و لەلایەن موسوڵمانە توندڕەوەکانیشەوە بە تایبەت عەرەبەکانی عێراق بە(شەل)و خیانەتکار ناویان براوە. دواتر دوو وتاری نووسیوە لەسەر کتێبی قوتابخانە بە کوردی و یەکەمین تێکست بە کوردی. مینۆرسکی ئەوە باسدەکات کە دوای لکاندنی باشووری کوردستان کە ئەو کات ناوی ویلایەتی موسڵ بووە بە عێراقەوە و بەهۆی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانەوە کورد لەم پارچەیەدا توانییان سوود لەو بڕیارە وەرگرن و کتێبی قوتابخانەکان بکەنە کوردی و بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام گرفتی ئەم کتێبانە ئەوە بووە کە لە بەغداد چاپکراون و کوردستان چاپخانەی تێدا نەبووە و بەو هۆیەشەوە زۆرترین هەڵەی چاپییان تێدایە. هەر لەم وتارەدا باسی ئەو کتێبانەی کردووە کە یەکەمین جار خوێندراون و زۆرینەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراون و لە بنەڕەتدا بۆ قوتابی عەرەب ئامادەکراون و نووسراون و دواتر باسی ئامادەکاران و وەرگێڕی ئەو کتێبانە دەکات کە زۆرینەیان لە رۆشنبیر و خوێندەوارانی ئەودەمی سلێمانی بوون. لە وتاری یەکەمین تێکستی کوردی باس لەوە دەکات کە یەکەمین تێکست بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی

میدیییەکان و لە لایەن پرۆفیسۆر (شانادزی) لەسەری نووسراوە و ساغکراوەتەوە و تێستەکەیش دەستپێکی نوێژێکە بەزمانی میدی نووسراوە و وەك پێشتر وتمان میدیییەکانیش باپیرانی ئێمەی کوردن، ئەمەش دەستنووسەکەیە:( پاکژ خودیّ، پاکژ زەخم، پاکژ ڤێمەرگ، کوهاتی خاچیّ عەسکەرمە، رەحمەتیّ مە) کەدیارە ئەمە بە تیپی لاتینی نوسراوە و وەرگێڕی کوردی هێناویەتییە سەر تیپە عەرەبییەکە. ئامانجی نووسەرئامانجی مینۆرسکی وەك رۆژهەلاتناس و نووسەرێك لەم کتێبەدا ئەوەیە کە هەموو دنیا بزانیّ کورد نەتەوەیەکە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بەدرێژایی سەردەم و قۆناغەکان هەبووە و بوونی خۆی پاراستووە و نەتەوەیەکی رەسەنیشە و ئەوە داگیرکەرانی خاکی کوردن کە ژیانی پیّ ڕەوانابینن و بوونی بە نارەسەن دەدەنە قەڵەم و دەیانەویّ مێژوویەکی درۆینەی بەدڵی خۆیان کە لە ئاست داگیرکارییەکانیاندا بێت بۆ دابتاشن. ئەم زانایە بە بەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنیّ کە پێش هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە بە تایبەت تورکو عەرەب کورد لەسەر ئەم خاکە هەبووە و لە هەموو سەردەمەکاندا زوڵم لە کورد کراوە بە تایبەت لە سەردەمی تازە و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە دەبوو کوردیش بە دەوڵەتێکی سەربەخۆوە لەو جەنگە بێتە دەرەوە. ئەم زانایە بە درێژایی هەردوو جەنگە گەورەکەی جیهان و دواتریش بەردەوام سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی بە پێزبووە لەسەر کورد و ساغکردنەوەی رەگ و ریشەکانی. مینۆرسکی پەرۆشی ئەوە بووە کە کوردیش وەك نەتەوەکانی ناوچەکە وەك بەرئەنجامی ئەو دوو جەنگە شتێکی بەرکەوێت و بە دەست بەتاڵی نەگەڕێتەوە. سەرنج خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەر لە هەر کەس بۆ ئێمەی کورد پێویستییەکی هەنووکەییە، چون باشتر لە ڕەگ و ریشەی خۆمان ئاگادارمان دەکاتەوە و بەڵگەمان دەداتیّ بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین. ئەو مێژووەی ئێمە تا ئێستا زانیومانە و خوێندومانەتەوە زۆرینەی ساختە و دروستکراوبووە و خەڵکانی لایەنگیری نەتەوە سەردەستەکانی کورد و مێژوونووسانی عەرەب و فارس و تورك بۆیان نووسیوینەتەوە و بە ئارەزووی خۆیان دەستیان تێوەرداوە و کوردییان بە تورکی کێوی و ئێرانی و نەوەی دێو و درنج نادێر کردووە، کە لە ڕاستیدا وانییە. ئەوەشمان پێدەڵێت کە سەردەمانێك ئێمە لە خەوی غەفڵەتدابووین و نەمانەدەزانی چۆن ڕووداوەکانی دنیا بخوێنینەوە و بە سوودی خۆمان بیشکێنینەوە. ئەم زانایە بە خۆی و دۆسێکانییەوە وڵات بە وڵات و کۆنگرە بە کۆنگرە دەگەڕاو بە دەنگی بەرز بە وڵاتانی

خاوەن بڕیاری دەوت ئەمە کوردە کە من پیشانتانی دەدەم.! نەك ئەوەی کە وڵاتە داگیرکەرەکانی خاکی کورد پیشانی ئێوەیانداوە.

**ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی**

نووسەر: نادر ئینتیسار

وەرگێڕ: عەتا قەرەداغی

شوێنی چاپ: خانەی وەرگێڕانی سەربە وەزارەتی رۆشنبیری

ساڵی چاپ: ٢٠٠٤

ئامانجی نووسەر

نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێ دەستنیشانی سەرەتاکانی رسکانی هەستی نەتەوەی کورد بکات لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا. ئەو دەنووسیێ: مەبەستی ئەم کتێبە شیکردنەوەی پێوانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی یەکگرتنی کوردە بۆ رابەوی سەرەکی ژیانی سیۆسیۆسیاسی لەئێرانو عێراقو تورکیا. تێزی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کەخەباتی ئیتیکی گەورەترین لەڕوودا وەستان بەرامبەر بەسیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم سەردەمە پێکدێنێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەشەکانی کتیبەکە

ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکدێت کە هەموویان دەچنە خزمەتی یەك ئامانجەوە ئەوەیش دیاریکردنی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردییە لە تەواوی کوردستاندا. بەشی یەکەم باسێکە بەناوی (نەتەوایەتیی کورد) نووسەر لە دوای جەنگی ساردەوە لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی کورد کردووە. بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کورد لە رۆژهەڵاتدا واتا بن دەستی ئێران کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە فەرمی پێوەی لکێنراوە. بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەیە لەسەر باشووری کوردستان و بارودۆخی کورد بە دەست رژێمەکانی عێراقەوە کە نووسەر زیاتر لەسەر بەعس قسەی کردووە. بەشی چوارەم باسێکە لەسەر باکووری کوردستان ئەو بەشەی خاك و خەڵکی کورد کە لەژێر دەستی تورکیادایە. لە بەشی پێنجەمدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕی لەسەر بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد کردووە لەوێدا ئەوە باس دەکات کە خەباتی نەتەوەیی کورد وەك جاران لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس ناکرێت و ئێستا سنوورە هەرێمایەتیو نێوە دەوڵەتییەکانی بەزاندووە و بۆتە کێشەیەکی فراوان لەسەر ئاستی دنیا. لەبەشی شەشەمیشدا کە بەشی کۆتاییە نووسەر باس لە ئاسۆکانی پرسی کورد دەکات بەتایبەت لە سەدەی بیست و یەکدا کە دەکرێ کورد لەجاران باشتر بێتەوە مەیدان بۆ رزگاربوون لەژێر دەستەیی.

گەورەترین گرفتو ئاستەنگی بەردەم دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی کوردی هەر لەدێرەوە تا ئەمڕۆ نەبوونو نەڕسکانی هەستی نەتەوەییە لەناو کورددا، بەکۆتایی هاتنی تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاستو دەرکەوتنی ڕێنیسانس وەك قۆناغێکی ڕووناکی ژیانی بەشەرییەت لەئەوروپادا ئیتر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەژێرکاریگەریو بەلاساییکردنەوەی نەتەوەکانی ئەوروپا کەوتنە دامەزراندنی ئیمپراتۆرو شانشینی خۆیانو هەوڵی کۆنترۆڵکردنی نەتەوەکانی تریانداو خۆیان دەبوونە سەرداری خۆیانو خەڵکی تریش. عەرەبەکان بەهۆی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەیان چەندین سەدە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچووك و ناوەڕاست و بەشێکی ئەوروپایشیان بەڕێوەبرد و دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنیسانس لە ئەوروپا دەسەڵاتی عەرەبیش لەتەواوی دنیادا کۆتایی دێت و ئیتر لەم ناوچەیەی ئێمە واتا ئەو شوێنانەی پێشتر عەرەب حوکمی هەمووی دەکردن، ئیمپراتۆری گەورە سەری هەڵدا، لەساڵی ١٤٥١دا (محەمەد فاتح) بەردی بناغەی ئیمپراتۆرییەتی خەلافەتی عوسمانی دانا و لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەشدا (اسماعیلی کوڕی جونێدی سەفەوی)ی فارس بەردی بناغەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، لەسەر دارو پەردووی شانشینەکانی پێشووی فارس دانا، بەڵام بەبەرگێکی ئایینی شیعە مەزهەبەوە. عوسمانییەکان سوننە بوونو فارسەکانیش شیعە مەزهەب. فارسەکان واتا سەفەوییەکان دەسەڵاتەکەیان دەستاودەستی کرد لە نێوان بنەماڵەکاندا، بەڵام عوسمانییەکان تا کاتی ڕوخانی یەکجارییان واتا ساڵی١٩٢٣ هەر وەك خۆیان مانەوە و یەك بنەماڵە جڵەوی حوکمی بەدەستەوەبوو. بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە واتا لەساڵی١٤٥١- ١٩٢٣ کوردو نیشتمانەکەی لەنێوان ئەو دوو زلهێزەی ناوچەکەدا دەستا و دەستیان پێکراوە و بەتوندترین چەکی سەردەمەکە لێیدراوە، کەچی کورد هەر نەیتوانیوە هەستی نەتەوەیی بخاتە سەرو هەستی عەشرەتگەری و ناوچە گەریو بنەماڵە گەرییەوە.

(ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی) کتێبێکی قەوارە گەورەی نووسەری فارس (نادر ئینتیسار)ە ئەم کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و تەواوی سەرچاوەکانیشی ئینگلیزین، زیاتر لە شێوەی لێکۆڵینەوەدایە و تایبەتە بەسەرهەڵدانی بیر یاهەستی نەتەوەیی لەناو کوردو شۆڕشەکانیدا. سەرەتا و، بەر لەهەرشت دەکرێ بڵێین بەپێزیی ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەرەکەی کورد نییەو فارسە. ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەداتە خوێنەر تا لەوە تێبگات کە نووسەری کتێبەکە پێویستی بەلایەنگیری هیچ سەرکردەو شۆڕشێکی کورد نەبووەو دوورو

نزیــك نەشیناســیون تــا بــە قــازانجی ئــەو سەرکردەیەو شۆڕشــەکەی بنووسێت. یــەکێك لەخەســـڵەتە باشـــەکانی لێکۆڵینـــەوەی مێژووییش نەبوونی لایەنگرییە بۆ هەر کــەس و لایەنێك. هەمیشە ئەو مێژووەی خــەڵکانی بەشــداری شــۆڕشو رووداوەکــان دەینووســن کــاڵو کرچــیو بێــسەروبەریو لایــەنگیریی پێوەدیارە و ئەوەندەی بۆیان بکرێت بەقازانجی خۆیــان دەینووســن. نووســەری ئــەم کتێبــە بەچــڕوپڕی و زۆر وریایانــە تــەواوی ســەدەی بیـــستی روپێـــوکردووە، ئـــەو ســـەدەیەی گەورەترین شۆڕشو راپەڕینەکانی کوردی تێدا رووداو کوردیش بەدەست بــەتاڵی لێــی هاتــە دەرەوە. نووســـەر لەســـەر ســـێ پارچـــەی کوردستان تورکیــاو ئێــرانو عێــراق واتــا ئــەو بەشە خاکانەی کوردســتان کەبــەر ئــەو وڵاتــە داگیرکەرانە کەوتوون لێکۆڵینــەوەی کــردووە، تەواوی وێستگە گرنگە مێژووییەکانی کــوردی بەسەر کردۆتەوە و ئەوەنــدەی بۆشــی کرابێــت رەخنـــەی لـــە شۆڕشـــەکان گرتـــووە و هـــۆی شکستی دەرخستوون.

نووسەر بە وردی باسی لــەوە کــردووە هــەر سێ وڵاتی تورکیــا ئێــران عێــراق لــە تــەواوی قۆناغە جیاوازەکانی سەدەی بیستدا بەهەموو شێوەیەك کوردیان سەرکوتکردووە و تەنانــەت لە تورکیا بە کورد دەڵێن (تــورکی چیایی) و لێناگــەڕێن زمــانی دایــك بــەکاربهێنن، لــە کاتێکــدا لــە هــەردوو وڵاتــی ئێــرانو عێــراق بــەپێی دەســتووری وڵاتــەکانیان کــورد وەك کەمەنەتەوە ناوی هــاتووەو لەعێراقیــشدا بــە زمــانی رەسمــی خۆیــان دەخــوێننو دەنووســن. کەچی لە تورکیا ئەو مافە نەدراوە بە کورد و نکۆڵی لە بوونیشی کراوە، هەر بۆیە شۆڕشــی کـــوردیش لـــەو بەشـــەی کوردســـتاندا زۆر توندوتیژتر لــە بەشــەکانی تــر هــەڵیکردووە و گەورەترین داواکاریشی هەیە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە و لەڕوانگەی نووسەریشەوە ئەو داوایە زۆر گەورە و مەترسیدارە بــۆ ئــەو وڵاتانە و بــە تونــدی دژی دەوەســتنەوە. هــەر لێرەدا خاڵێکی ورد سەرنجی دراوەتــێ ئــەویش هاوکــاری و کۆمــەکی وڵاتــە داگیرکــەرەکانی کوردە لە کاتی پێویستدا و بۆ سەرکوتکردنی کــورد و شۆڕشــەکانی. ئــەو وڵاتانــە چــەندە دوژمــنی سەرســەختی یــەکترین کەچــی هــەر کاتێك پێویست بوو دەست دەخەنە ناودەستی یەکتریـــیەوە. هـــەموو ئـــەو رێککەوتنـــە مێژووییانە لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو کــە ئــەم وڵاتانــە پێــشتریش لــە ســەردەمی هــەردوو ئیمپراتـــۆری ســـەفەوی و عوسمـــانی ئیمزایـــانکردووە دژی شۆڕشـــەکانی کـــورد. بـــەناوبانگترین رێککەوتنامـــەی وڵاتـــە داگیرکــەرەکانی کــوردیش رێککەوتننامــەی جەزائیری مانگی ئایــاری ســاڵی١٩٧٥، دژی شۆڕشــی کــورد کــە هــەردوو وڵاتــی ئێــران و عێــراق لەســـەری رێککـــەوتن و شۆڕشـــی کوردیان لەبەین بــرد. ســەرباری ئــەوەش ئــەم

ولاتانــه هەمیـــشه ڕێککەوتننامەیـــەکی ســـتراتیژییان هەیـــە بـــەوەی لـــە کـــاتی ســەرهەڵدانی بــەهێزی کوردانــدا بــە قــووڵایی بیست کیلۆمەتر لە هەندێك كاتدا زیـاتریش، بـــچنە خـــاکی یـــەکترەوە بـــۆ ڕاوەدوونـــانی شۆڕشـگێڕە کوردەکـان. دوای ئـەوەی باسـی شۆڕش و سـەرهەڵدان و بـارودۆخی کـورد لـە هەر سـێ پارچـەی کوردسـتان واتـا تورکیـا و ســـوریا و ئێـــران دەکـــات و بـــە وردی شیکردنەوەی خۆی لەسـەریان نووسـیوە و زۆر بێلایەنانە قسەی کردووە، لەکۆتاییدا بـە دوو بەشـی چـڕوپڕ باسـی سـیاقە نێودەوڵـەتی و هەرێمایەتییـەکانی پرسـی کـوردی کـردووە و لەوێـشدا بـەوردی ڕسـکانی ناسـیۆنالیزمی کوردی شیکردۆتەوە کە ئـیتر نـاکرێ لەلایـەن دەوڵـەتانی داگیرکـەر و بڕیـار بەدەسـتانی جیهانەوە پشتگوێ خرێ. دواتـر لـەژێر نـاوی کوردسـتان بـەرەو کـوێ باسـی دروشـمی مـافی بڕیاردانی چارەنووس دەکات کەبۆتـە دروشـمی ســـەرەکی بزووتنـــەوەی کـــورد و لەدنیاشـــدا ڕەواجی هەیە و دەکـرێ لـە سـایەی نەخـشەی نـــوێی جیهـــان لەســـەدەی بیـــستو یەکـــدا و بەهاوکاری ولاتـانی ئـەوروپا ئـەو دروشـمە بـۆ کورد بکرێـتە واقـع و کـورد ببێـتە خـاوەنی کیـــانی سیاســـی خـــۆیو لـــە تـــیری زۆرداری داگیرکەرانی ڕزگاری بێت.

**سەرنج**

ئەم کتێبە لەسەردەمی تازەدا یەکێکە لەو کتێبە زانستییانەی لەسـەر کـورد نووسـراوە، خەسـڵەتی باشـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە کـە نووســـەرەکەی ســـەر بـــە نەتەوەیەکـــە کـــە دەسەلاتدارەکانی خاكو خەڵکی کوردیان ژێـر دەستە کردووە و نووسەریش بێلایەنانە قسەی خـۆی کـردووە و بۆچوونەکانیـشی جێگـەی سەرنجن.

جەبار سابیر

## داستانی مەمێ ئالان

ئامادەکردن و وەرگێڕان و پێشەکی : ڕۆژێ لیسکۆ

پێشەکی : زنجیرەی کتێبی گرنگی گەلان

گالیمار ١٩٩٩

MaméAlan, Épopée kurd.

Texte établi , Traduit Du Kurde et Présenté Par Roger Lescot.

Préface de Kendal Nezan . Nrf , L´auble des Peuples . Gallimar. 1999.

ئەم کتێبە بریتییە لە تێکستی فۆلکلۆری داستانی یـان بـەیتی مـەمێ ئـالان ، کـە لـە لایەن کوردناس ڕۆژێ لیسکۆ ئامـادەکراوە و پێـــشەکیی بـــۆ نووســـراوە، دوای خـــۆی وەك دەستنووس لە لایـەن خێزانەکـەی پـارێزراوە، پاشان بۆ جاری یەکەم ساڵی **١٩٩٩** لە لایـەن دەزگـــای ناســـراوی گالیمـــاری فەرەنـــسەیی چاپکراوە.

کتێبەکە بریتییە لە تێکستێکی ئامادەکراو لە بەر ڕۆشنایی چەندان تێکستی دیکەی فۆلکلۆری کە (لیسکۆ) لە چلەکانی سەدەی رابردوو لە (سوریا) ئامادەی کردووە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی . نووسەر پێشەکییەکی دوور و درێژی لە بارەی چۆنیەتیی بە دەستهێنان و کۆکردنەوەی دەستنووسەکان و ئینجا ساغ کردنەوە و بەراوردکردنی دێڕ بە دێڕی بەیتەکە و پاشان وەرگێڕانیان بۆ فەرەنسی نووسیووە ، وێرایی پیشاندانی هەندێ جیاوازیی بەر چاو لە نێوان تێکستەکان بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو. لە هەمان پێشەکیدا (لیسکۆ) باس لە داستان و فۆلکلۆر دەکا لە ناو ئەدەبیاتی کوردی نووسراو و نەنووسراو کە مێژوویەکی ئالۆز و کۆنی هەیە. بۆ ئەم چاپە فەرەنسییە کە لە لایەن (کەندال نەزان)ەوە سەرپەرشتی کراوە، پێشەکییەکی دوور و درێژ نووسراوە لەگەڵ نەخشەیەکی کوردستان، پێشەکییەکەی (کەندال نەزان) زیاتر هەڵکەوتێکی مێژوویی هەیە ئینجا ئەدەبی و فەرهەنگی. دەتوانین بە یەکێ لەو کتێبە جوانانەی دابنێین کە لە فەرەنسا ساڵی (١٩٩٩)، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

Memé Alan , Avesta . 1997, Istanbul .

**مەمێ ئالان ، بڵاوکراوەی دەزگای ئاڤێستا ، ئیستەنبول ، ١٩٩٧**

ئەم کتێبە هەمان ئەو کتێبەی (ڕۆژێ لیسکۆی) ە بەڵام تێکستە کوردییەکەیەتی ، واتە ئەو تێکستە ئامادەکراوەی کوردی کە پێشتر بۆ وەرگێڕانی فەرەنسی لە لایەن (لیسکۆ) ئامادەکرا بوو. وەرگێڕ (مەزهەر گونبەت) پێشەکی کتێبەکەی(لیسکۆ) ی وەکو خۆی وەرگێڕاوەتە سەر کرمانجی، سەرەنجام لەگەڵ تێکستەکە بە یەکەوە لە لایەن دەزگای ئاڤێستاوە چاپکراوە

- Boris JAMES . Saladin et les kurdes .
Perception dún Groupe an Temps des Croisades .
Ètude Kurde . Revue Semestríelle de Reherches .
n°hors série ll , Mars 2006 . Institut Kurde de Paris , L´harmattan . 2006 .

بۆریس جیمس، سەلاحەدین و کورد. تێبینی و هێزی گرووپێك لە سەردەمی خاچپەرستەکان. ژمارەی تایبەتی گۆڤاری Etude Kurdes - لێکۆڵینەوەی کوردی، کە لە لایەن (ئەنستیتۆی کوردی پاریس و دەزگای ئارماتان) ەوە چاپکراوە. ژمارە (١١- ٢٠٠٦) . (٢٢٨) لاپەڕە.

ئەم کتێبە کە لە بنچینەدا تێزی دکتۆرای (بۆریس جیمس)ە کە وەك کوردۆلۆگێکی لاو بەم کتێبە، زۆر بەهێز و بە تواناوە هاتۆتە ناوەندی کوردۆلۆژی. ساڵی پار نووسەر راستەوخۆ لە هەولێر بەشداری لێکۆڵینەوە کوردۆلۆژییەکان بوو کە لە لایەن زانکۆی

سەلاحەدین و ئەنستیتۆی کورد لە هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەسترا.

نووسەر لە فەسڵی یەکەم باس لە سەلاحەدین و کورد دەکا، سەرهەڵدان و گەشەسەندن و بەهێزبوونی بنەماڵەی ئەییووبی لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست. باس لە رۆڵی خێڵ دەکا لە سەدەکانی ناوەراستدا. نەخشەی شارستانی و پێکهاتەی کورد لە رووی دانیشتوانی خێڵ و هۆزەکان، کۆچ کردن، ئەییووبییەکان وەك ناوکێکی بە دەسەڵاتی کوردی لە نێوان خێڵ و هۆزە کوردەکان لە سەدەکانی ناوەراست. خێڵەکانی بەشنەوی، شارەزووری ، حومەیدییە ، زەرزارییە ، هەکارییە و هەزبانییەکان .

بەشی دووەم تایبەتە بە وێنە و ناسنامەی کورد لە سەدەکانی ناوەراست، پێناسە و چەمکی ئیتنۆگرافی و سەرهەڵدانی نوێنەرایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی . شوێنی کورد وەك کارێکتەر و ستراتیژی ئیتنیکی . پێوەرەکانی کوردایەتی، چۆن کورد لەو سەردەمە ناسرێتەوە، ئ ینجا رۆڵی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەلاحەدین، دەزگا سوپاییەکانی کورد لەو سەردەمە، ناکۆکییەکان و پێکهاتەی سوپای کوردی سەلاحەدین. بەرپرسیاریی هێزە کوردییەکان کە وەك بنچینە بوونە لەو دەسەڵاتەی سەلاحەدین. پەیوەندی کورد و مەملووکەکان، کورد و تورکەکان وەك فاکتەرێکی تازە، کاریگەریی کورد لە ناو سوپای سەلاحەدین، ئەو چەوساندنەوانەی بەرامبەر کورد کراون. میرە کوردەکان و رۆڵ و پێناسەیان لەو سەردەمە. کەسایەتییە کوردییە سەرەکییەکان لە ناو سوپای دەوڵەتی ئەییووبی. ئینجا نوخبەی قەزایی و سیاسی و مەدەنی. لە کۆتایی بابەتەکەی دوای ئەنجام و بیبلۆگرافیا، نووسەر بیبلۆگرافیایەکی تێر و تەسەلی لە بارەی تەواوی ئەو سەرچاوانە ئامادەکردووە کە پەیوەندییان بە کورد و ئەییووبی و دەوڵەتی ئەییووبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست و سەلاحەدینەوە هەیە، وێڕای سەرچاوە رۆژئاواییەکان لەم بارەیەوە و سەرەڕای نەخشە و خشتەی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەییووبییەکان.

هاوڕێ

## Editorial

We are proud to present this new journal, which as the official journal of the Kurdology Centre is exclusively for publishing academic research and analysis in Kurdish matters.

Our Centre is an institute for academic research situated in the Kurdish region and seeking to promote the advance of Kurdish science and culture. We pride ourselves on having our own personal, moral identity with our own free budget; we have independence of management and we have our own direct links to the Kurdish region's Council of Ministers.

Arising from a desire to promote studies in Kurdish issues, our Kurdology Centre has been launched to perform academic and scientific research in different fields including language, literature, history, geography, economics, sociology, education and other more traditional aspects of our national heritage and identity. The centre provides a key role in the planning and logistical support for projects within these key research areas. We are very much concerned with the quality of work that is being promoted through the Centre; we pay special attention to the production of new and innovative research with modern thinking, to scientific approaches to the writing of Kurdish history and above all else, to giving primacy to the Kurdish language.

As an academic institute for research, this Centre publishes a remarkable number of books, articles, letter collections and other relevant translated works belonging to Kurdologists from both inside and outside Southern Kurdistan, particularly those works that are in line with our goal of promoting academic study on Kurdish issues. Our Centre also holds conferences and seminars on Kurdish culture, history and linguistics.

From this perspective, we are ready and willing to co-operate with Kurdish universities, academies and other institutions at home and abroad. We would also like to invite all scholars and researchers, who are involved in similar translation and analysis projects, to partner with us in a spirit of cooperation.

## Phonology In Kurdish Language.

Aurahman H. Marif

Regardful before this magazine could be printed, Prof.Dr. Marif died. With deepest grief and sorrow, we, the staff of the Kurdology magazine, express our heart-felt condolences to Marif's family, friends and students. Aurahman's death in a big loss to the Kurdish University and education establishment.

Coming to the article, Prof. Marif has chosen a very important linguistic topic in which he takes up phonetics, phonemics and divergents in the Kurdish language such topics are, often, very particular and concern a single language especially the way letter and words sound are produced by the native people.

This subject is relatively new in the Kurdish language Dr. Marif , as an expert, tells us how vowels and consonants sound and how they differ from place to place in Kurdistan, or are omitted and dropped in some Kurdish dialect.

From the article, we understand that the Kurdish language needs a special alphabet in which every letter and word sound the way Kurdish people to express themselves.

**Kurdish Literature language and Alphabets**

***By:*** **Dr. Rafiq Sabir**

This article is composed of two main sections. The first section focuses on the unified Kurdish literary language as found in the dialect used in Southern and Eastern Kurdistan (where for almost two centuries Kurdish history, politics and culture have been suitably and efficiently flourishing). For more than one hundred years, the same language has been used for writing and issuing newspapers and scientific books. For this reason, this dialect has become an official language of all the governments established in these two parts of Kurdistan. Thus, in practice, this dialect has become a Kurdish standard. Apart from this, Badinan (Kirmanji) and Zaza are used in Northern Kurdistan as the language for literature and writing. Considering this unique phenomenon of two main dialects, the article addresses the following question: to what extent will this phenomenon effect the unification of Kurdish culture and language?

The second part of the article gives its attention to the current alphabets being used. Developing over the past four centuries Kurdish is now being written using a Persian-variant and Latin alphabets; the latter being introduced forcefully by the Turkish Nationalists in 1924 and is now used by every nationality in Turkey including the Kurds. From this event, the Kurds of Northern Kurdistan have been cut off from their historical roots as well as isolating them from the culture, ideology and literature of all the other Kurdish regions. In conclusion, the article offers a proposal aimed at applying methods to rescue the Kurdish language from its' current chaotic situation and suggests following necessary rules produced by accredited linguistic institutions.

**Jaba's Kurdish- French dictionary**

**By: Dr. Muhsin Omer**

Dr.Omer, who seems to be a French language expert, presents this interesting dictionary which is written by a Polish auther, sponsored & published by Russian Imperial Academy of Science in the French Language.This dictionary was printed in 1879 in St.Petersburg.Dr.Omer pays a great attention to two main points.

Firstly: the reasons and circumstances that justified issuing such a dictionary. He considers this scientific work as a part of Europian inclination to learn much about other nations and other lands for diffirent purposes. Actually this was an element of their renaissance.

Secondly: in the introduction of the dictionary written by Ferdinand Justi.Justi says that August Jaba was a Polish diplomat who worke in the Russian consulate in Kurdistan, Eastern Turky. There he met Mulla Mahmood Bayazdi who offered valuable helps concerning the Kurdish culture,traditions and language. Justi realized that Jaba's knowledge of German & French helped him to write and pronounce Kurdish letter.

Together, Jabas and Bayazdi, worked hard to write a book known as ( Recueil de Notices et Recits Kourdes) that includes 56 Kurdish stories and other texts translated to French. These two men employed their knowledge of other regional languages, including Armenian, Persian and Arabic to enrich their works.

**About the methods of Sufism in Kurdistan**

*By:* **Dr. Jaafer Ali**

Sufism is a spiritual and social movement-phenomenon within Islam. As such, it has left its effect on the political, social, spiritual and literary spheres of life as well as on the life of different strata of society. After the decline of the local ruling heritage within Kurdish regions during the second half of the nineteenth Century, Sufi movements and their pioneers found a suitable chance to fill this power vacuum in Kurdistan.

This research consists of the abstract, three main sections, an outcome and the summary of the research including a list of references. The first main section contains a definition of Sufism and its' different meanings and forms found in Kurdistan – in particular the Al-Qadri and Naqshbandi forms. The second section deals with the effect of the Kurdish liberation movement on these Sufi movements during the reign of Sultan Abdul-Hammed. In the third section light is shed on the historical, political and educational effect of the 'Itihad al-Tariqi's' society and its' attitude towards Sufism in Kurdistan as well as discussing the important roles of Sheikh Abdul Salam Barzani in the Southern Kurdistan and other Sheikhs. The final section is devoted to the struggle of the Sufi Sheikhs after the First World War up until the revolt under Sheikh Sayeed Pieran in 1925.

**Cosmogony and Kurdish Truth Worshippers**

*By*: **Dr. Muhammed Mukry**
**Trans. From French by: Dr. Muhsin Omer**

The truth worshipper are all Kurds, they live in eastern Kurdistan in Iran. They have a particular belief concerning the creation of the universe "cosmogony". This religion syncretizes with the ideas of Old Iranian beliefs and also with todays Shiite Islamic Sect: this is probably to ease their relations with Iranian fanatics, because they are not allowed to practice their rituals in open.

Truth followers believe that God had contemplated and thought very deeply before creating the universe. They think that got, like a drop of rain came down, embraced by shell and lived as a seed inside this oyster then he created a pearl. He exploded the pearl that caused the water of the ocean to gush out.

From the vapor of the water, the sky was created, and from the foam the earth was created, then he created all other living creatures.

These worshippers have a special respect for water & pearls and to calmness which was needed to create everything. Women are also respected as important elements of creation.

## Yezidism Religion A Better Understand

***By*: Dr. Kalil Jundi**

Until mid seventies of the last century, scholars couldn't get much information about this important religion in Kurdistan. For the first time in 1970s some yezidi Kurds had graduated from Baghdad University. They started writing and publishing books about their religion.

Yezidi Kurds, along with other citizens took part in the 1991 Kurdish upraising against the Baath regime. Shortly after Lalish centers for yezidism education were opened in Kurdistan & Germany. Yezidi Kurds can today practice their rituals, talk about their religion and take part in social, political and economic activities in the librated areas of Kurdistan.

Dr. Jundi gives several evidences to prove that Yezidis have a unique religion which is not a sect of any other religion. He also took part in authoring many books about Yezidism. This religion is also known as "The Cult of Peacock Angel"

## Librating Movement and diplomatic Effort of The Kurdish Nation After WW1

***By*: Aram Ali**

Mr. Ali goes back in time to the first quarter of the 20th century; the turning point of crucial change that happened in the Middle East, many nations have received their freedom and their own state.

The Kurds were not united; they weren't capable to persuade the big power of that time to establish a Kurdish state in pan Kurdistan or in any part of their land, the Kurdish region which was under Ottman's rule, saw changes, one time a part of Kurdistan was under the control of the strong Russian army, while the eastern and southern parts were under the British, French. Italian & Greek armies.

As for their part, the Kurdish leaders had tried both military and diplomatic means to reach their objectives. Both Smael Khani Smko in the east and Mahmood Hafeed in the south established semi state which collapsed under the strikes of stronger enemies.

The diplomatic effort of Gen. Sharif Pasha persuaded the Victorians power of the war to sign the "Severs" treaty in 1920 that granted the Kurds many basic rights. This treaty came under the pressure of Russian & Turkey and was and replaced by the Lausanne treaty that canse the achievements of the Kurds.

## The factors of relationship between Kurdistan region and Turkey

***By:* Herish A. Hama Kareem**

The events that happened during 1990 have had great importance in shaping modern world history. There have been two main changes in the geopolitical landscape at that time. The first major change was that following the collapse of the former Soviet Union the longstanding Cold War (1945 – 1990) ceased which effectively ended the polarization of the world into two main blocks. The other main change was the invasion of Kuwait by Iraqi forces, which paved the way for the USA to display its

newfound status as the winning power in the Cold War.

In these circumstances, international politics has faced great changes. Within the Middle East, as one of the regions that faced these same changes, it is argued that Southern Kurdistan and Turkey have faced the lion's share of these changes. The main aim of this study is to describe the history of the relationship between these two political entities through analyzing the main events of this period, the unchangeable political factors, and the effect of the global and regional factors on this relationship.

This study consists of four chapters. The first chapter explores the nature of the ties between the Kurdistan region and Turkey has been described from a geopolitical perspective. The second chapter of the study deals with the period of the events, reconciliation and co-operation between Iraq and Turkey, their relations established during 1991-1992 and the multilateral co-operation that developed in 1992-1994. The third chapter deals with the effects of global relationships on the ties between Kurdistan region and Turkey. Here Iraq, Syria and Iran as a regional states and the USA as sole world superpower were involved co-operative efforts with both Turkey and Kurdistan region.

## Societal security: Applying the concept to the process (of Building a Kurdish Identity)

**By: Scott Wattson**
**Trans. by: Farhad Jalal**

This article sheds light on the changes after the end of the cold war when many new ethnic, religious, political and societal questions appeared. These questions along with the national identities drew the attention of scholars like Barry Buzan & Ole Waever who studied the present & future factors that threatens the societal security and identy of a Community.

Buzan & Waever delt with national & ethnic conflicts which took place in several countries, especially those with ethnic problems & conflicts of Regulation in divided societies. The article debates on the position of groups that cannot tolerate the presence of other groups.

As Kurds are concerned, their problem in Turkey is studied, where their presence is ignored and their basic rights are denied .They are removed from their homeland and replaced by Turks from other areas. The Kurds are taken to cities with a majority Turkish population in an attempt to undermind their national identity. The same methods are used in Iraq & Syria, in Iran where they also being deprived of their national identity.

## The Teaching & Education System In Kurdistan Critique & Alternatives

*By*: **Kawa Jalal**

This precious article studies the schooling, upbringing & teaching system. The article deals with the concerned parties: Family, society and teaching establishments. Our society is a conservative one; our families can not open a wide horizon of upbringing. The simply like to force their children to learn school subjects, pass the exam and get paid posts. The schools stick to old styles of teaching, which forces the pupils and students to learn everything by heart without getting essence of the materials. (Learning by rote).

The main teaching elements are school books and teachers; there is no room for ratinly in learning and the pupils. The books are often out of date. They are rather theoretical not practical.

The teachers follow the same old style of teaching that they have received during their own school time as if they prepare alternatives to replace them when they retire.

Mr. Jalal describes our native language as insufficient for teaching of poor in technical forms and idioms. Beside this the teacher uses many Arabic terms that are misunderstood by the pupils who do not learn Arabic intensively.

Eventually the writer suggests new methods for teaching & upbringing.

## The Basis and Origins of the Feudal Families of Ministers in the Ardalan region of Kurdistan

*By:* **Dr. Abdullah Mardokh**

In the past, the majority of the inhabitants of Kurdistan have depended on agriculture and animal husbandry for their livelihood. This lifestyle has given rise to a strong feudalistic system among them: the impact of which is still noticeable today in Kurdish society. These two economic factors have often been seen side-by-side and are relative to each other. When conditions for agriculture are strong, there is less focus on rearing animals. However conversely, where there are weaker conditions for agriculture, there will be greater emphasis on animal husbandry.

In the past, the same lifestyle prevailed in the Ardalan region of Kurdistan. Ardalan, however, was one of the regions of Kurdistan where a strong Emirate developed, and a special social and political system was also established.

In this article we have a description and explanation of the historical perspectives for this together with a description of the level of sophistication of the Emirate, the special roles of the ministers who had been taken from the Ardalanian families and the then existing feudalistic system. The article also discusses the influence that this emirate-style rule had on its’ own region in particular and more widely, on the whole of Kurdistan.

## Forced displacement of inhabitants in the Sulemany Governorate

*By:* **Jasim Muhammed Ali**

Expulsion is defined as forcing people to change their permanent place of residence against their will. Such a process is usually carried out by state forces, using means to terrify the population and / or forcing them to leave their homes at gunpoint. Such expulsions have often been practised by dictatorial regimes aiming at oppressing particular population groups within their own country. History shows many examples. During Joseph Stalin's rule in the Soviet Union, millions of people were displaced and forced to live in collective camps in Siberia. In the 1960's, the occupying American military forces forced two-thirds of the Vietnamese population to live in 16,000 specified villages.

Successive governments of Baghdad have followed this same policy towards the Kurds. During the Ba'ath Party's rule and according to the Party's conference in 1979, Kurdistan was regarded as a part of the Pan-Arab territory. For this reason, wide operations of displacement were practised against the Kurdish population and their lands were considered as part of the Islamic Arab state established several hundred years ago. In this way there was a grave violation the Kurdish right of living in the homeland of their forefathers. In this article we have an excellent summary of the history of expulsions of inhabitants from the Sulemany Governorate and the impact that this had.

## The Propaganda and Policies of Britain in Sulemany (1939-1945).

*By:* **Dr. Ako Shwani**

From 1932 to 1939, that is from the date that Iraq was accepted as a member of the 'League of Nations' until the outbreak of World War Two, Britain showed no friendly attitude whatsoever to the Kurdish nation or its leaders. Her efforts concentrated rather on pacifying and keeping the Kurds forcefully within the Iraqi nation and helping the Iraqi government to keep the Kurds as a pacified people.

This situation changed during World War Two. The British government realised that the situation in Kurdistan was severe and was likely to create a Kurdish revolution. They also noticed that Iraqi authority had failed to bring changes about in Kurdistan or to meet the requirements of the Kurds.

The main points of this article concern the British use of propaganda in Sulemany City which was both through using political occasions as well as the media. It is demonstrated that although the propaganda showed the Kurds were benefiting from the events happening in Iraq, the propaganda was mainly serving British interests. In the mean time, some Britons were deceiving the nation by giving money to educated pro-British Kurdish elements in order to consolidate the defacto situation within Iraq and to make them forget having their own state.

**Kurdistan In The 16th & 17th Centuries**
**AS described in Avlia Chalabi's Syahatnama ***

**By: Martin V. Bruinssin**
**Trans. by: Abdulkarim Uzeri**

In the History of the Ottman Empir and the modern Turkish Rule,ther are only tow writers who wrote about the Kurds without denying their existencet, the first is Avlia Chalabi who lived in the 17th Century,and the second is Ismael Beshkchi, who spends most of his time in todays Turkish Jail only because he tells the facts that concerns the Kurdish nation.

Chalabi,in his ten-volumes Syahatnama, had wrote what he had seen in Kurdistan and about the nature tradition and the culture of the kurds. Unfortunately Sultan Abdulhamid and the rulers who came after him have practiced many distortions of the facts which were mentioned in mentioned in Chalabi's manuscripts. Nevertheless, Prof. Bruinssin and his kurdologist colleagues have worked hard to find and rewrite the facts taken up by Chalabi. They especially wrote about the revolution by Abdal Khan Badlisi, who as the governer of Badlis asked for fair treatment. But the Ottman Army responded by demolishing the city massacring it's inhabitants and burning up Abdal's great Library.

*Syahatnama means travel journals.

**"Kurdish Social Assembly"**

**Documents from the French Defense Ministry and British Foreign Ministry "French Language" 1920-1924**

**Trans. by : Najat Abdulla**

This six important documents have been translated from French to Kurdish by Mr. Abdulla. Five of them are written by Kurdish Social Assembly, and the sixth document is a report by the French newspaper "le Moniteur Oriental".

These documents are letters sent by the Assembly to the British High Commission in Istanbul or in Baghdad. They are all explaining the Kurdish situation after the First World War, demanding the rights of the self determiners for the Kurds and establishing their own state.

This assembly was found as a split from "Tea'ali" organization and started its own activity in 1920. most of the letters are signed by Mamduh Saleem Beg. later on, the assembly chose Sharif Pasha to negotiate with the super powers to grant the Kurds their natural rights. The French newspaper article reported on the establishment of this organization in Istanbul

٣٠٢
٥٠

# KURDOLOGY

A Journal of Kurdology Centre

1
2008